Klawrojna

مێژووی هاوچەرخ
ئەوروپا

لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

خالید هەرکی

وەزارەتی ڕۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوی کتێب: مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی
زنجیرەی کتێب: ١٩٧
وەرگێڕانی: خالید هەرکی
نەخشەسازی: ئەژین عەبدوڵا
نەخشەسازی بەرگ: بەرزین قاسم
چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان / ژمارەی سپاردنی (٦٧٩) ساڵی ٢٠٠٩ ی پێدراوە
چاپ: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ هەولێر

• مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و خاوەنی کتێبەکە
• ئەم کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە
www.Kurdchap.Com

مێژووی هاوچەرخ

ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی

د. عبدالعزیز سلیمان نەوار

د.عبدالمجید نەعنەعی

وەرگێرانی لە عەرەبییەوە

خالید هەرکی

وةزارةتي رؤشنبيري
بةريَوةبةرايةتي طشتيي رؤذنامةنووسي و ضاث و بلآوكردنةوة

ناوي كتيَب: ميَذووى هاوضةرخ ئةوروثا لة شؤرشي فةرةنسييةوة تا جةنطى دووةمى جيهانى
زنجيرةى كتيَب: 497
وةرطيَرانى : خاليد هةركى
نةخشةسازي: ئةذين عةبدوللاَ
نةخشةسازى بةرط: بةرزين قاسم
ضاث: ضاثي يةكةم
تيراذ: 500 دانة
نرخ: 4000 دينار
لة بةريَوةبةرايةتى طشتى كتيَبخانة طشتييةكان/ ذمارةى سثاردنى (679) سالى (2009)ى ثيَدراوة
ضاث: ضاثخانةى وةزارةتى رؤشنبيرى ـ هةوليَر

مافي ضاثكردني ثاريَزراوة بؤ وةزارةتي رؤشنبيري و خاوةني كتيَبةكة *

ئةم كتيَبةو كتيَبةكاني وةزارةتي رؤشنبيري لةسةر ئةم سايتة بخويَنةوة *

www.Kurdchap.Com

پێشەکیی وەرگێڕ

خوێنەری ئازیز ئەم پەرتوکەی لەبەر دەستت دایە لە دانانی بەڕێزان د. عبدالعزیز سلیمان و د. عبدالمجید نعنعی یە باس لە مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا دەکات لە ماوە شۆڕشی فەرەنسیەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی، بەڕای من بایەخی ئەم کتێبە بۆ خوێنەر لەوەدایە کە شارەزایی و ئاشنایەتی لەگەڵ فرت و فێڵە دیپلۆماتی ویاساکانی ئەوسای داراستان و پیادەکراوی ئێستا پەیدا دەکات، لە ماهیەت و بێ بنەمایی زاراوە بریەقدارەکانی ئێستای وولاتە زل هێزەکان دەگات، لە بنەوانی مەبەستی بڕیارەکانیان دەگات کاتێک بڕیارێک لە بەرژەوەندی ئەواندا بێت چۆن ڕشد دەبن لە سەری، بەڵام ئەگەر لە بەرژەوەندی گەلانی بن دەست دابێ ئەوا خۆیان دەدەن لە داوی گێلی تەنانەت بەر پێشیان نابینن ئەوکاتەی میللەتە بێ کیانەکان دەکەونە بەر قاچیان گوێشیان لە هاواریان نابێ.

بەم پێوەرە هەموو بڕیارەکانیان دوو سەرەن یا خەنیت دەکەن یا گەنیت دەکەن، مافی چارەی خۆنوسین بۆ ئێمە مافی چارەڕەشی بوە، هێڵە سورەکانی ئەم سەردەمە کە پاراستنی یەک پارچەیی خاکی وڵاتە بە فەرمی ناسراوەکانە و دەستکاری نەکردنی ناوە سەپێنراوەکان و ناسنامە شوومەکانی ئەوانە، ئەم پیرۆز مەندیە گەر مەبەستیان بێ زۆر بەئاسانی لەژێر ناوی دەستکرد دەستکاری دەکەن بێ ئەوەی کەسێک ورتەی لێوە بێت،

هەندێک جار کودەتا سەربازیەکان دەبنە کودەتای سەربازیی ناڕەوا هەندێک جاریش دەبنە ئیرادەی گەل، ئەمانە دوو دیمەنی دوو سەرەن.

پادشاو ئیمپڕاتۆرەکان کە بە پارێزەری خاک و گەل و وڵات خۆیان دڤاساند دەبینین لە نێو خۆیاندا لەترسی گەلە کانیان هاوپەیمانی دەبەستن، هەندێک جار گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پیلانیان دژی میلەتەکانیان داناوەو هێرشی بەربڵاوی هاوبەشیان لە پێناوی مانەوەی ڕژێمەکانیان کردۆتە سەر میلەتێک. بەڵام ئەم شێوە هاوکاری و پەیوەندیە لە نێو میلەتە بن دەستەکان بۆتە خیانەتی گەورەو بەهۆیەوە سەرکردەکانیان گەیشتونەتە پەتی سێدارە.

وەکو هەموو مێژوو نوس و زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە مێژوو دوبارە دەبێتەوە، شارەزابوون لە ڕابردو کارئاسانیە بۆ ئێستا و دورکەوتنەوەیە لە هەڵە، کارئاسانی ئێستاش ئامادە باشیە بۆ داهاتوو و نزیک بونەوەیە لە سەرکەوتن، کەوایە ڕابردوو کلیلی داهاتوە، لەم ڕوانگەیەوە هەلوەستەو ورد بونەوە لە سەر مێژووی ناوچەیەکی ئەم جیهانە ئاشنا بوونە بە مێژووی ناوچەکانی دیکە چونکە هەموو ناوچەکان بە تۆڕێکی پتەوو بە یەکەوە بەستراونەتەوە کارو کاردانەوەیان بە یەکەوەیەو چالاکی و ڕەنگدانەوەشیان هەروا، ئێمەش ئەمڕۆ لە هەموو ناوچەکانی دونیا زیاتر پێویستیمان بە تێگەیشتن لە گۆڕانی کۆن و نوێدا هەیە، بۆیە ماندوو بون و شەو نخونی ئەو 900 کاتژمێرەی بە وەرگێڕانی ئەم پەرتوکەم بردۆتەسەر لە شوێنی خۆیدادەبینم، هیوا دەخوازم تۆش خوێنەری بەرێز سود لەم خزمەتۆکەم وەربگریت. دیارە هیچ کارێکیش بێ کەم و کوڕی نابێت بۆیە داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم لە هەر کەم و کوڕیەکی زمانەوانی و وەرگێڕان بم بورێ زۆریش دڵخۆش دەبم گەر لە ڕێگەی ئەدرێسی ئیمەیلەکەم یا مالپەرەکەمەوە ئاگادارم بکاو بە زانیاریەکانی دەوڵەمەندم بکات، بۆ من مایەی دڵ خۆشی یەو بەو پەڕی دل فراوانیش پێشوازی لە هەر ڕەخنەیەکی بنیادنەر دەکەم.

خالید هەرکی.....
9 ی تەموزی 2008
ئارنهێم/ هۆڵەندا
www.serben.com
khalidherki@chello.nl

پێشکەشە بە دایکم وهەموو ئەو دایکانەی وەک ئەون.

سوپاس..

بۆ طشت ئةو بةرِيَزانةي كة يارمةتيان دام. لة بة ضاث طةياندني ئةم ثةرتوكة **و كارمەندانی چاپخانەی وه زاره تی رۆشنبیری كه ئه‌ركی دیزاین وپێداچونه‌وه‌و چاپیان كێشاوه.**

پێشەکیی دانەران

مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئەوروپا، تەوەرێکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی توێژینەوەی مێژووی جیهانی ئەمرۆمان، بەر لە ئێستا یەکێک لە دانەرانی ئەم پەرتوکە بە هاوکاری دکتۆر عبدالحمید البطریق (مێژوی ئەوروپای نوێ)ی نوسیوەتەوە کە ماوەی نێوان چەرخی ڕێنیسانسی ئەوروپا لە سەرەتای سەدەی پانزە هەمەوە تا کۆنگرەی ڤیەننا لە 1815ی لە خۆ گرتبو، بۆ تەواو کردنی ئەو هەوڵو تەقەڵایانە، ئەم توێژینەوە مێژووییەمان ئامادە کردوە کە مێژووی ئەوروپای هاوچەرخە لە شۆڕشی فەرەنسی یەوە تا هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی.

ئێمە لەم پەرتوکەماندا جەختمان لەسەر ئەو بابەتانە کردۆتەوە کە کاریگەریان هەبوە لەسەر مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا و پێشکەوتنەکانی، بە دەستپێکی شۆڕشی فەرەنسی و شەڕەکانی ناپۆلیۆن و قەیرانەکانی ئەوروپا کە لەو ماوەیە لە نێوان کۆنگرەی ڤیەننا تا شۆڕشەکانی 1848 تووشی بوە، ئەو ماوەیە بەوە دەناسرا کە نەتەوەکان بۆ کێشەی نەتەوایەتیان بەدوای ڕێگە چارەیەک دا دەگەڕان بۆگەیشتن بە ئاواتە نەتەوایەتی یەکانیان، ئەوەبو لەو سەردەم لە کاتێکا هەموو بزوتنەوە شۆڕشگێرە ڕزگاریخوازەکانی ئەوروپی شکستیان خوارد بوو، تەنها یۆنان و بەلژیک سەرکەوتنی نەتاوەیەتیان بەدەست هێنا بوو، بەڵام ئەمە بوو بە دەسپێک بۆ سەردەمێکی نوێ،کە تێیدا جارێکی تر فرانسا دوای ڕووخانی خانەوادەی ئۆرلیان بوبە ناپۆلیۆنی بەم شێوەیەش بزوتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان بۆ گەیشتن بە یەکیەتی و سەربەخۆیی زیاتر ڕێگایان بۆ ڕۆشن بوو،

لێرەدا (بیدمۆنت) بۆ خۆدەرخستن لە مەیدانی سیاسەتە باڵاکانی ئەوروپا جەنگی (قرم)ی بە هەل زانی بۆ ئەوەی هاوپەیمانیەک لەگەڵ ناپۆلیۆنی سێهەم وەدەست بێنێ و لە و ڕێگایەشەوە بەشی هەرەگەورەی یەکێتیەکەی وەدەست بێنێ.

هەرچی بروسیایە لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم توانیی بە هێز دژی نەمسا و دانیمارک و فرانسا ڕێگە ببڕێ و وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بەسەر ئەوروپا دا بێنێ:

1_ بەدە کەوتنی ئەڵمانیایەکی زەبەلاح لە تەک فرانسا.

2_ بەدەرکەوتنی ئیتالیای یەکگرتوو، کە هەوڵی دەدا ببێتە وڵاتێکی زل هێز.

3_نەمسا _ ئەگەر بە تیۆریش بێت_ بوو بە وڵاتێکی هاوشان بە وڵاتە پاشکۆپێشینە کەی (هەنگاریا مەجەر)، پێی ووترا وڵاتی دووقولی (نەمسا و هەنگاریا) لە 1867 ەوە ئیمپراتۆری نەمسا دەستی بە نازناوەکەیەوە گرت بوو.

ئەم بارو دۆخانە بونە مایەی ئەوەی سیمای هاوسەنگی نێودەوڵەتی ڕون نەبێت، دوای ئەو قەیران و تەنگەشەیەی بەهۆی ناکۆکیەکانی بڕوسیاو فرانسا، دونیا تێی کەوت بوو، دەبوایە دۆخێکی نوێ لە هاوسەنگەکان بێتە کایەوە. فرانسا دژی ئەڵمانیای زەبەلاح بەدوای هاوپەیمانێکی نوێ دا دەگەڕا، ئەڵمانیاش ڕێگەی لەم هاوپەیمانێتیە دەگرت. بسمارک هەوڵی ڕازی کردنی هەریەک لە ڕوسیاو نەمسای دەدا بۆ

ئەوەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ فرانسا نەبەستن، بەڵام هەوڵەکان بێ سوود بوون لەئەنجام کارەکان لە بەرژەوەندیی نەمسادا تەواو بوون، بۆیە ئاسایی بوو فرانسا هاو پەیمانێتی لەگەڵ ڕوسیا ببەستێ.

ئەم ئاڵ وگۆڕانەش دیسان وایان کرد کە پارسەنگەکان بەلای وولاتە هێزدارەکاندا بشکێنەوە کە ئەڵمانیا و نەمسا بوون، بوە هۆی ئەوەی روو بەروو بونەوە لە نێوان ئەڵمانیاو بریتانیا روبدات، بوە ئەگەری ئەوەی بریتانیا بکەوێتەبەرەی فرانساو ڕوسیا، ئەمە دوای ئەوە هات کە بریتانیا لە بەدەست هێنانی سۆزی ئەڵمانیا بێ ئومێد دەبێ، دوای بەستنی ویفاقی فەڕەنسی - بەریتانی کە لە 1904 ئەنجام درا، (ویفاق)ی بەریتانی - روسیی لە 1907 بە ئەنجام گەیشت بەم شێوەیە وولاتانی ویفاق باڵا دەست بوون.

دوای ئەم گۆڕانکاریانە نیشانەکانی بەرپا بوونی جەنگ لە ئەوروپا وەدەر کەوتن، بەڵام بەرلە بەرپا بوونی جەنگ ئەوروپا تووشی زنجیرەیەک قەیرانی نێودەوڵەتی بوو کە بەرەو لێواری جەنگی دەبرد، زۆربەیان لە ناوچەکانی بەلکان دەبن، هەرواش دەرچوو چەخماخەی یەکەمی ئەو جەنگە لە بەلکانەوە بوو.

بۆ ئەوەی ئەو بارو دۆخانە رون و ئاشکرابن کە بونە مایەی هەڵگیرسانی شەڕ و گۆڕانە سیاسی و سەربازیەکان، توشی ئەو هێزانە بوین کە بەر لە رودانی جەنگی جیهانی کاریگەریان بەسەر ئەوروپاوە هەبو، جگە لە ئەمەریکا کە لە پەرتوکێکی تایبەتی و بە وردی تیشک خراوەتە سەری، ئەم پەرتوکە لە ژێر ناونیشانی (مێژووی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکای نوێ) کە لە ناوەڕۆکیدا ڕۆلی تەواوی ئەمەریکامان لەم شەڕانە خستۆتە روو.

ئەمەو کۆنگرەی ئاشتەوایی و ئەنجامەکانی گۆڕانی بنەڕەتیان بەسەر نەخشەی ئەوروپادا هێنا بۆیە ناچار بوین توێژینەوە یەک ئەنجام بدەین بۆ ئەو کۆنگرەیەو ئەو کەسایەتیانەی کە بەسەرکەش و هەواکەدا زاڵ بون و بۆچونەکانی خۆیان بەسەردا سەپاند بوو چ وڵاتە شکست خواردوەکان چ ئەو وڵاتانەی کە شان بەشانی هاوپەیمانان بەشداریی جەنگیان کردبوو،بۆیە دەبوو باس لەو ئەنجامە ئابوری وکۆمەڵایەتیانە بکرێت کە لە ئەنجامی ئەو جەنگەوە هاتونەتە ئاراوە.

ئەوگۆڕانە مەزنەی کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئەوروپا توشی هات، تیوری دەوڵەتی تۆتالیتاری بووو بە هەموو شێوەکانیەوە.

_ دەوڵە تی تۆتالیتاریی سۆڤیەتی.

_ دەوڵەتی ئیتالیای فاشیست.

_ دەوڵەتی ئەڵمانیای نازی.

ئێمە بە وردی لەسەر هەر یەک لە رژێمی ئەو وڵاتانە دواوین کە ئەوروپا یان ڕوبەڕوی ئەو ناکۆکی و قەیرانانە کردۆتەوە کە گرنگترینیان:-

_ قە یرانی ئیتالیا_ حەبەشە.

_جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا.

ڕاستە ئەم گۆڕاناکاریانە ئەوروپایان بەرەو جەنگێکی فراوان نەبرد بەڵام فراوانخوازی ئەڵمانیای نازی لەسەردەستی هیتلەر یەکلاکەرەوەی سەرەتای جەنگ بوو، لە ڕاستیدا هیتلەر دەیەویست یەکیەتیی ئەڵمانیا بە ئەنجام بگەیەنێ و ئەو خاک وخەڵکە بگەڕێنێتەوە باوەشی ئەڵمانیا کە بە زۆر خرابونە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسی و دانیمارکی و پۆلۆنیی و چیکەکان، بەڵام یەکگرتنی ئەڵمانیا واتا جارێکی تر سەرهەڵدانەوەی ئەڵمانیای زل هێز لەتەک فرانسا وبە شێوەیەک کە هەڕەشە لە ئیمپراتۆریەتی فراوانخوازیی بریتانیا بکات، بۆیە هەوڵەکانی هیتلەر بۆ یەکگرتنی ئەڵمانیا سەریان نەگرت، بەڵکو بون بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانیی. کە تێیدا هەرسێ دیکتاتۆریەتی (ئەڵمانی،ئیتالی، ژاپۆنی) بون بە هاوپەیمان.

دیراسەکردنی ئەوروپا لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی ودوای جەنگ پێویستیی بە چارەسەریەکی تایبەت هەیە، ئێمە لەم دیراسەیەدا بەوە کۆتاییمان هێنا کە دیراسە لەسەر مێژووی ئەوروپای هاوچەرخ ئامادە بکەین لە شۆڕشی فەرەنسیەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی.

سەرکەوتن هەر لەلایەن خواوە دێت...

دانەران

بەیروت جەنیوەری 1973

پێڕست

پێشەکیی وەرگێر..3-4

پێشکەش...5

سوپاس و پێ زانین..7

پێشەکی دانە ر... 9-12

پێڕست..13-18

بەشی یەکەم..19-81

شۆڕشی فەرەنسی

_ فرانسا بەر لە شۆڕش

_ ئەنجومەنی نیشتمانی

_ ئەنجومەنی یاسا دانان

_ کۆنگرەی نیشتمانی
_ حکومەتی بەڕێوەبردن
بەشی دووەم...83-153
ناپۆلیۆن بۆناپارت و ئیمپراتوریەتی فەڕەنسی
_ ناپۆلیۆن بۆناپارت
_ کۆنسۆلخانە
_ چاکسازیە ناوەخۆییەکانی بۆناپارت
_ ئیمپراتوریەتی فەڕەنسی
_ جەنگی ئیسپانی
_ ڕوخانی ئیمپراتوریەتی فەڕەنسی
بەشی سێیەم..155-247
ئەوروپا لە کۆنگرەی ڤیەنناوە تا شۆڕشەکانی 1848.
_ کۆنگرەی ڤیەننا
_ ڕژێمی مەترنیخ و سیاسەتی کۆنگرەکان
_ شۆڕش لە فرانسا لە 1830 وشۆڕشەکانی ئەوروپی
_ شۆڕشی بەلژیکا
_ شۆڕشی پۆلەندا
_ شۆڕشەکان لە ئیتالیا
_ ڕوداوەکانی سویسرا وئینگلتەرا
_ شەڕە ناوەخۆییەکان لە ئیسپانیاو پۆرتوگال
_ شۆڕشی فەڕەنسیی 1848 و شۆڕشەکانی ئەوروپا
_ شۆڕشی نەمسا و هەنگاریا
_ شۆڕشەکانی ئیتالیا
_ شۆڕشەکان لە ئەڵمانیا
بەشی چوارەم..249-263
پرسی ڕۆژهەلاتی وجەنگی قەڕم
_ پەیوەندیەکانی روسی _ عوسمانی
_ پرسی شوێنە پیرۆزەکان
_ ئەرکی منتشیکۆف
_ داگیرکردنی هەردوو کەرتی دانوب
_ هەڵوێستی ئەوروپا لە کێشەکە

_ ئۆپەراسیۆنە جەنگیەکان
_ بەشداربونی سەردینیا لە جەنگ
_ ناوبژیوانێتی نەمسا
_ کۆتایی جەنگ و پەیماننامەی پاریس 1856
_ ئەنجامەکانی جەنگی قەڕم

بەشی پێنجەم...288-265
یەکێتیی ئیتالی
_ کافور
_ کۆبونەوەی بلۆمبیر
_ شەڕی نێوان نەمسا وئیتالیا
_ یەکێتیی ئیتالیای باکور
_ یەکخستنی شانشینە سقلیەکان لەگەڵ سەردینیا
_ لکاندنی زەویەکانی پاپایی
_ ڕزگار کردنی بندقیە
_ ڕۆما پایتەختی ئیتالیا
بەشی شەشەم...**314-289**
یەکێتی ئەڵمانیا
_ بسمارک
_ دۆزی شلزویچ وهۆڵشتاین
_ دانوستانەکان
_ شەڕی نەمسا و بڕوسیا
_ ئاسەوار لە فرانسا
_ سیاسەتی بسمارک لە مەڕ فرانسا
_ پەیوەندیەکانی فرانسا وئەڵمانیا تا 1870
_ هەڵوێستی نێو دەوڵەتی لە 1870
_ هۆکارەکانی جەنگ
_ جەنگ
_ ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی
_ پەیماننامەی فرانکفۆرت
_ کۆماری سێیەمی فەڕەنسی
بەشی حەوتەم...**329-315**

کێشەی ڕۆژهەڵات و کۆنگرەی بەرلین 1878
_ سروشتی کێشەکە
_ شەڕی روسی _ عوسمانی و پەیماننامەی سان ئستیڤانۆ
_ کۆنگرەی بەرلین 1878
بەشی هەشتەم..**345-331**
پێشبڕکێی ئیمپریالیزم لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم
_ بوژانەوەی فراوانخوازی ئیمپریالیزم: هۆکارو دۆخەکانی
_ کۆنگرەی بەرلین 1884_ 1885
بەشی نۆیەم..**389-347**
هاوپەیمانی و دژە هاوپەیمانی ورێککەوتنەکان (ویفاقەکان)
1873_ 1907
_ هاوپەیمانیی سێ قۆڵی (1879 _ 1882
_ هاوپەیمانیی دوقۆڵی (1893
_ویفاقی بەریتانیی ژاپۆنی(1902
_ ویفاقی بەریتانیی فەڕەنسی(1904
_ ویفاقی بەریتانیی روسی(1907
بەشی دەیەم..**412-391**
ئەو قەیرانە نێودەوڵەتیانەی ڕێ خۆشکەر بون بۆ جەنگی یەکەمی جیهانی
_ قەیرانی بۆسنیا و هرسک(1908
_ قەیرانی ئەگادیر
_ شەڕکانی بەلکان
_ کوشتنی شازادەی نەمسا
_ وڵاتە بەشداربوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی
بەشی یانزەهەم..469-413
زل هێزە کاریگەرەکانی سەر ئەوروپای بەرلە جەنگ و لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا
_ بریتانیا
_ فرانسا
_ ڕوسیا
_ ئەڵمانیا
_ شانشینی دوقۆڵی (نەمسا_هەنگاریا
_ ئیتالیا

_ بەلکان و وڵاتەکانی
_ ژاپۆن
_ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا
_ دەوڵەتی عوسمانی
بەشی دوانزەهەم..**491-417**
گۆڕانەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی
_ قۆناغی یەکەم لە جەنگی یەکەمی جیهانی
_ خۆ وەدەستەوە دانی دەوڵەتانی ناوەڕاست
بەشی سیانزەهەم..**535-493**
ئەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی.
_ کۆنگرەی ئاشتەوایی
_ کۆمەڵەی نەتەوەکان
_ ئەنجامە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان
_ گەشەکردنی تیوری دەوڵەتی تۆتالیتاری

بەشی چواردەم..556-537
شۆڕشی کۆمۆنیستی و دەرکەوتنی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆشیالیستی..
_شۆڕش
_ کێشەناوەخۆییەکان
_سیستەم یحوکمرانی
بەشی پانزەهەم....... 584-557
بزوتنەوەی فاشیزم
_ ڕۆلی مۆسۆلینی
_ ڕژێمەکەی
_ فراوان بونە دەرەکیەکانی
بەشی شازدەهەم..**609-585**
ئەڵمانیا لە حکومەتی فیمارەوە تا نازیەکان
_ حکومەتی فیمار
_ بارودۆخی گەیشتنی هیتلەر بە دەسەڵات و چەسپانی
بەشی حەڤدەهەم..622-611
فرانسا و بریتانیا لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی دا
_ فرانسا
_ بریتانیا

بەشی هەژدەهەم...662-623
_ قەیرانە نێودەوڵەتیەکان بەر لە جەنگی دووەمی جیهانی
_ هێرشە کانی ئیمپڕیالیزمی ژاپۆنی بۆ سەر چین...
_ ئیمپڕیالیزمی ئیتالی لە حەبەشە(ئەسیوبیا)..
_ شەڕی ناوەخۆی ئیسپانیاو دکتاتۆریەتی فرانکۆ
_ هیتلەر و دوبارە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا
_ ئەنشیلۆس
_ لکاندنی چیک وسلۆڤاکیا
_ قەیرانی ئە ڵمانیا_ پۆڵۆنیا

بەشی یەکەم

شۆڕشی فەڕەنسی

فرانسا بەر لە شۆڕش

شۆڕشی فەڕەنسی تەنها بۆ فرانسا روداوێکی گرنگ نەبوو، بەڵکو لە بواری شارستانیەتی لەهەردوو سەدەکانی دواییدا لە روداوە هەرە دیارەکانی ئەوروپاو دونیا بوو.
چونکە هەربەڕاستی خاڵی وەرچەرخانی بنەڕەتی بوو لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئەوروپا، سنوری بۆ سیستەمی پادشایەتیی کۆن دانا کە لە سەر چەوساندنەوە بنیاد نرابوو لە دەسەڵاتدا پشتی بە مافی خودایی بەست بوو و دەرگای سیستەمی ئازادی و کۆماریی لەڕوی جەماوەردا خستە سەر پشت کە لەسەر بنەمای ئازادی گەلان ویەکسانی لە نێوان تاکەکانی دا سەرچاوەی گرتبوو، کە دەسەڵات لە هاوڵاتیەوە بێ و لە ژێر چاودێری ئەویشەوە بێ.
ئەوەی فرانسا و هەموو ئەوروپا بەدەستیەوە دەیان ناڵاند، بریتی بوو لە باڵادەستی خانەوادەی پادشایەتی و حوکمی رەهایان،چینی دەست ڕۆیشتوو دەستی بەسەر هەموو خێرو بێرێکی وڵاتە کە دا گرت بوو، لە لایەکی تریشەوە کلێساکان بە ناوی ئاینەوە خاوەنی هەموو ئیمتیازاتێک بون، لە هەموو خێرو بێرەکان سەرپشک بون، لە باج و هەموو ئەرکە کانی بەرامبەر بە وڵات بوردرا بون، سەبارەت بە تواناو چارەنوسی خۆی گەل خاوەنی هیچ جۆرە دەسەڵات و ڕاو بۆچونێک نەبوو، ئازادیە گشتیەکان تەنیا لە خەیاڵی ئازادیخوازان بوونیان هەبوو،گەل هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر سامان وچارەنوسی خۆیەوە نەبوو بۆیە شۆڕشی فرانسا بۆ چارەسەری ئەو دەردانە لەدایک بوو و هەوڵی دا چارەسەریەک بدۆزێتەوە کە بۆ فرانسا و بۆ ووڵاتانی دیکە گونجاو بێ.
روداوەکانی سەدەی نۆزدەهەم ئەوەیان سەلماند کە چۆن شۆڕش بۆ گەلانی ماف خوراوی ئەوروپا بۆتە خوێندنگاو پێشەنگ لە بواری ئازادیخوازیدا،، بۆ بەرپەرچ دانەوەی گەندەڵی و چاکسازی لە مەیدانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی دا کاری کردبوە سەر هەموو توێژێک.
فاکتەرە بنەڕەتیەکانی هەڵگیرسانی ئەو شۆڕشە ئەوەندە زۆرو تێک هەڵکێشراون کە لە ژماردن نایەن زۆربەی هۆکارەکان دەگەڕێنەوە بۆ بەر لە شۆڕش وتەنانەت هەندێکیان بۆ سەردەمی لویسی چوارده هه م، ئەو کاتەی فرانسا لەوپەڕی بوژانەوەو گەشەدا بوو.

لێره دەتوانین هۆكارەكان بگەڕێنینەوە بۆ:

سیستەمی پادشایەتی

لویسی چواردەهەم

لە سەروبەندی شۆڕش دا لە سەدەی هەژدەهەم ڕژێمی پادشایەتی لە فرانسا پشتی بە و بەندو بڕگانە دەبەست كە لویسی چواردەهەم و وەزیرەكەی (ریشیلیۆ) دایان ڕشتبوو، وواتە بە هێزو تواناو رەهاوەو بە بێ سانسۆرو هێڵی سور داڕێژرابوون، تا ئەو كاتە ش پادشا وا رەفتاری دەكرد كە فەرمانەكانی یەزدان جێ بەجێ دەكات، بەم پێوەرە پابەندی ئەوە نیە كارەكانی نمایشی هیچ كەسێك بكات، تەنها خوا نەبێ.
لەسەر ئەم بنەماو بیركردنەوەیە خۆی بە سەرچاوەی هەموو یاسایەک دەزانی رازیش نەبوو كەس لە دانان و جێبەجێ كردنی ئەم یاسایانە بەشداریی لەگەڵدا بكات، ئەو خۆی بە یەكەم ودوا سەرچاوە دەزانی و دەبوایە هەمیشە فەرمانەكانی جێبەجێ بكرێن، چەوساندنەوە یەكێك بوو لە مافە دان پێدانراوەكانی لە نەریتی سیاسەتی فرانسادا لەو نەریتانەش ئازادیە سیاسی و ئاینی وئازادیەكانی تاك بونیان نەبوو و دانیان پێدا نەنرابوو، خۆ ئەگەر لە كۆنیش دا سنورێک بۆ دەسەڵاتەكانی پادشا بوبێ، ئەوا لە سەردەمی ڕیشیلیۆ بوو كە بە شێوەیەكی روكە ش و بێ كاریگەر بوونی هەبوو..
هەر لە سەردەمی كۆنەوە دادگای باڵا (پەرلەمان) دەسەڵاتی چاودێری یاساكانی پادشا ی هەبوو، هەروەها دەسەڵاتی ئەوەشی هەبوو گفتوگۆ لەسەر یاساكان بكات ولە كارنامە فەرمیەكاندا تۆماریان بكات، بە هەرشێوەیەک ئەم یاسایانە كاریان پێ نەدەكرا تا لە پەرلەمان تۆمار نەكرابان، مەبەست لە دامەزراندنی ئەم دادگایانەش رێگرتن بوو لە دەركردنی یاسای توند وچەوسێنەر بەرامبەریان. بەڵام ریشیلیۆ دەسەڵاتی ئەم دادگایانەشی سنوردار و ئفلیج كرد بوو، بۆ ئەوەی توانای ئەوەیان نەبێ بڕیارێک یا یاسایەک كە پادشا دەری بكات ئەمان رەتی بكەنەوە. لەو كاتەوە دادگاكانیش بایەخ و گرنگیان لەدەست دا ئەوانیش رازی نەبون چیتر یاساكان لای خۆیان تۆمار كەن. بەڵام ئەو گفتوگۆیانەی بەر لە دەركردنی یاساكان دەكران كارێكی باش بوو چونكە گەندەڵی و سەرپێچیەكانی دەوڵەتیان پەردە لەسەر هەڵدە ماڵی. دیارە كە ئەم گفتو گۆیانەش ئەنجامی چاكیان هەبوو بەتایبەت لە سەردەمی لویسی شازدەهەم كە ئەندامی دادگاكان زۆربەیان

لە برجوازی و رۆشەنبیرەکان بوون، گفتو گۆو مشتومڕەکانی بەر لەدەرکردنی یاساکان دەبونە هۆی ئەوەی لایەنە خەراپ وکاردانەوەکانی سەر چینی سێیەم ئاشکرابکەن و بۆ هاوولاتیان رابگەیەنن.

ئیدارەیەکی حکومەت هەبوو کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو دواکەوتوو و کۆنە پەرست بون دەتوانین بڵێین درێژە پێدەری چەرخی ناوەڕاست بوون یاریدە دەری پادشا بوون لە سەرپەرشتی کردنی کاروباری فرانسا ئەمە مان درێژە پێدەری چەرخی ناوەڕاست بوون بە ئیمتیازاتەکانەوە کە لە سەدەی هەژدەهەم ئەم جۆرە ئیمتیازانە هیچ پاساوێکیان بوونی.

وڵات بەسەر چەند یەکەیەکی بەڕێوەبردن دا دابەش ببوو لەشێوەی دەرەبەگی کۆن دەچوو، دەسەڵاتی سەرکردەکانیان بۆتەختی پادشایەتی گواستبوەوە، بە هێشتنەوەی سنوری جوگرافی تا سەردەمی شۆڕش، زۆر جار ئەم دابەش بوونە رەچاوی دۆخی ئابوری وجوگرافی و کۆمەڵایەتیی دانیشتوانی نەدەکرد، هەر یەک لەم هەرێمانە ئەنجومەنێکی یاسادانان وئیمتیازاتی تایبەتی خۆی هەبوو کە گەڵێ جارلە روی (ئیمتیازات)ەوە لەگەڵ ئەنجومەنەکانی تر جیا بوون،هەروەها هەر یەک لەو هەرێمانە یاساو سیستەمی سەربەخۆی خۆیان بۆ باج وگومرگ وبودجە هەبوو کەئەمە گەڵێک جار رێگر بوون لەبەر دەم گەشە کردنی بازرگانی و پێشوەچونی لە نێوان هەرێمەکاندا لە لایەک و لە نێوان ئەوان ودەرەوەی هەرێمەکان لە لایەکی تر، ئەمە دەبوە رێگر بۆ یەکگرتنی ئابوری یەکی پتەوو کە هەموو هەرێمەکانی فرانسا لە خۆ بگرێ.

ئەوەی کارەکانی زیاتر لە باریەک بردبوو بریتی بوو لەوەی هەر هەرێمێک تەنها یەک فەرمانبەر(نوێنەری پادشا) سەرپەرشتیی یەکەی ئابوری و بازرگانیی دەکرد، ئەمە لە سەردەمی ریشیلیۆ بوو ئەم بریکارە ی پادشا دەسەڵاتێکی فراوانی پێ درابوو زۆربەی جارەکان ئەم دەسەڵاتەی تەنها بۆ کۆکردنەوەی باجەکان بۆ پادشاو حکومەتی مەرکەزی بەکار دەهێنا، ئەم رەفتارانەی بریکار ببونە مایەی ئەوەی نوێنەری پادشا لای خەڵک دزێو و نەخواستراو بێ بەتایبە لەلایەن جوتیارانەوە.

15 ساڵ بەر لە شۆڕش بۆربۆن لویس ی شازدەهەم دەسەڵاتی گرتە دەست، هەرچۆنێکی بێت ئەو بەم ئاستە خەراپ نەبوو کە بە تەنها باجی گەندەڵی و نادادپەروەریەکانی پادشاکانی پێش خۆی بدات.

لویسی شازدەهەم پیاوێکی چاکە خوازو ئاین پەروەرو رەوشت بەرز بوو بەڵام ئاستی وشیاریی بەرز نەبوو چونکە ڕاڕا و هەندێکیش لاواز و بێ توانا بوو، کەسێک بوو لە ئاست ئەوەدا نەبوو لە کاتی تەنگانەو قات و قڕی رابەرایەتی تەنگژەکانی فرانسا بکات، سەرباری ئەمەش شاژنی فرانسا ئەوکات (ماری ئەنتوانێت)ی کچی(ماریا تریزا) ئیمپراتۆری نەمسا بوو، کەسێکی توند و بە ئومێد بوو، بەهێزترین کەسایەتی بوو کە بە ئارەزوی خۆی و بە دوای بەرژەوەندیەکانیدا دەچوو بۆیە زۆر باجی هەڵەو رەفتارەکانی خۆی دا بەتایبەتیش چوونکە بە رەچەڵەک نەمسایی بوو بۆیە لای خەڵکی فرانسا خۆشەویست نەبوو.

بەهۆی ئەوەی لایەنگرانی لویسی شازدەهەم لە دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتیدا پشتیان تێی کردبوو بەدوای بەرژەوەندیە تایبە تیەکانی خۆیاندا دەگەڕان، زیانی زۆر بە خانەوادەی خاوەن تەخت و تەلاری پادشایەتی کەوت، تەنانەت چینی خانەدانیش لە ساڵەکانی بەر لە شۆڕش هەمان دلسۆزیان بۆ تەختی پادشا یەتی نەمابوو، ئەمە جگە لەوەی هەندێک لە ڕۆلەکانیان لە ڕێگەی خوێندن و زانستەوە هەستیان بە ئاستی گەندەڵی لە فرانسا کردبوو وئەو بڕوایەیان لا دروست ببون کە وڵات پێویستی بە گۆڕینی ریشەیی هەیە، لە هەر لایەکەوە بێت.

ریشیلیۆ

سیستەمی چینایەتی

ئەوەی تا ئەوکات فرانسای ناشیرن کرد بوو، ئەوە بو کە تا ئەوسا دەستی بە سیستەمی چینایەتی یەوە گرت بوو لەم سیستەمە تەنیا چەند کەسێک سودمەند بون و بەری رەنجی خەڵکیان دەخوارد. فەڕەنسیەکان بەو پێوەرە بەسەر سێ چین دا دابەش ببوون کە هەر چینەو جیاوازیەکی زۆریان لە نێوان بەدی دەکرا، دەربازبون لێیان ئاسان نەبوو.

أ/ شكۆدارەکان (الاشراف): ئەمانە لە چینە باڵاکانی کۆمەڵگای فەڕەنسی بوون و لە دەورو بەری پادشا دەبوون بەهەموو شێوەیەک بەرگریان لە پادشا و رژێمەکەی دەکرد بەهۆیەوە ژیانێکی ئەوپەڕی خۆشیان دەبردە سەرو هەمیشە سودمەندی پلە یەک بوون، بەشێک لەو ئیمتیازانە دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی دەرەبەگایەتی. شکۆدارەکان لە لادێ خاوەنی زەوی و زارێکی زۆربون، جوتیارو کۆیلەکان بە سەپانی بۆیان دەبردن بەڕێوە، ئەم زەویانە بەر لە شۆڕشی فەڕەنسی بە پێنج یەکی زەویەکانی فرانسا خەملێندرا بوون، دیسان تەنها شکۆدارەکان بۆیان هەبوو پلەو پایە بەرزەکانی سوپا و بەڕێوەبردن و دادوەری و دیبلۆماسی وەرگرن، بۆیان هەبو باج بەسەر ئەو جوتیارانە دا بسەپێنن کە وەکو سەپان لای ئەوان کاریان دەکرد، دەیان توانی زۆریان لێ بکەن تا باراشەکانیان لای شکۆدارەکان لە ئاش بکەن و زەیت لە کارگەکانیان وەبەرهەم بێنن، دیسان بۆیان هەبوو لە کێلگەکانی جوتیاران بە هەوەستی خۆیان راو بکەن و زۆرجار لە یەکلاکردنەوەی کێشەی نێوان جوتیاران خۆیان رۆڵی دادوەریان دەبینی، سەرباری ئەمە شکۆدارەکان لە گەڵێک لەو باجانە بوردرابون کە دەبوایە بیدەن بە دەوڵەت، ئەم چاوپۆشینەی شکۆدارەکان لە باب و باپیرانیانەوە لە چەرخی ناوەڕاست بۆیان مابوەوە. بەڵام لە سەدەی هەژدەهەم لەگەڵ گۆڕانی دۆخەکان و باری ئابوریی وڵات و سەرەتای دروستبوونی پیشەسازی وبڵاو بونەوەی بیری ئازادیی نوێ ئەم سیستەمە بوە بارێکی قورس بەسەر فەڕەنسی یەکانەوە.

ب/ پیاوانی ئاینی:

ئەمانیش لەتەک شکۆدارەکان چینێکی نایابیان پێک هێنابوو، خاوەنی پانتاییەکی سودمەند بوون لە روێکەوە پشتگیریەکی باشیان لێ دەکرا، لەڕووەکەی دیکە شەوە لە سەردەمی چەرخی ناوەڕاست هەندێک (ئیمتیاز)یان بۆ مابوەوە.

کلێساو قەشەکان کە لە سەرتاسەری فرانسا بڵاو ببونەوە خاوەنی زەوی و زارێکی زۆربوون نزیکەی بە پێنج یەکی زەویەکانی فرانسا دە خەملێندرا و بە هەزاران جوتیار لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردا کاریان تێدا دەکرد، ئەمەو کلێساکان داهاتێکی باشیان هەبوو کە ساڵانە کۆدەکرایەوە پێی دەوترا دەیەک ئەم دەیەکە وەکو باج ساڵانە لە سەرجەم فەڕەنسیەکان وەردەگیرا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم کۆی ئەم باجە گەیشتە دووسەد ملیۆن فڕەنک زێر. لەگەڵ ئەو داهاتەشیان کەلێساکان لە زۆربەی باجەکان بوردرابون، ئەوەی جێی نارەحەتی فەڕەنسیەکان بوو، ئەم داهاتە بۆ کاری مەبەست خەرج نەدەکرا، لە کاتێکا دەبوایە لە پێناو بەرژەوەندیە کانی کۆمەڵگای کریستی خەرج بکرابایە.

ج/ چینی سێیەم:

ئەوەی مابوەوە لە هاووڵاتیان، لە یەک چین دا رێک خرابون، بە چینی گشتی یا چینی سێیەم ناو دەبردران، ئەمانە بەرگەی هەموو نەهامەتیەکانی وڵاتیان لە باجی قورس و خزمەتی سەربازی وخزمەتی کەلێساو خزمەتی شکۆدارەکانیش دەگرت، بەکورتیەکەی ئەم چینە دەبوایە هەموو فەرمان و پێداویستیەکانی وڵات

جێبەجێ بکات لەبەرانبەریشیەوە باجی زۆر بداو مافی تەواویشی نەبوو لە ئازادیی رادەربڕین و یەکسانی لە بەرانبەر بە یاساو مافی دەستنیشان کردنی سیستەمی ئابوری وسیاسیی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی.

بەشێکی کەم لەم چینە بەجیا بونە خاوەن سامانێکی باش بەهۆیەوە پایەی تایبەت و رۆلی سەرەکیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی وڵات بینی پێیان دەگوترا بۆرجوازی، ئەم بەشە کەمە مێژووی دروست بونیان بۆ کۆتایی چەرخی دەرەبەگایەتی دەگەڕێتەوە کاتێک کەمینەیەک لە کۆیلەکان ووردە ووردە ئازادبون و بون بە خاوەنی زەویی خۆیان یا بون بە خاوەنی کاری بازرگانی وپیشەسازی ئەمەش رێ خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی ئەم چینە بواری پیشەسازی وبازرگانی کۆنترۆڵ بکەن تا گەیشتە ئەوەی خانەدانەکان دەستبەرداری ئەم پیشانە بن. کاریگەریەکی تری بەرزبونەوەی ئەم چینە ئەوە بوو کە دۆزینەوەی کێشوەری ئەمەریکاو هاتنی سەرمایەیەکی زۆر بۆ ئەوروپا دیسان بەرین بونی مەدای بازرگانی بوە هۆی ئەوەی سەرمایەیەکی باش بکەوێتە دەست ئەم چینە لەئەنجامدا نەوەکانیان توانیان بەشێکی زۆر لە زانستی وەدەست بهێنن چەندین زانا لە بواری پزیشکی و هونەری و ئەندازیاری و فەلسەفە و یاساناسیان لێ هەڵکەوێ. ئەوەندەی نەبرد وای لێهات ئەو نەوە رۆشەنبیر وچالاکە جێگە بە نەوەی خانەدانەکان لێژ بکا لە ناوەندە گەورەکانی دەوڵەتدا بە تایبەتی ئەوانەی کە پێویستیان بە زانست وبسپۆری هەبوو و لە کاتێکا ئەم بەهرەیە لە خانەدانەکاندا بەدی نەدەکرا، ئەمە بەتایبەت لەسەدەی هەژدەهەم نوسەرو زاناکانیان توانیان ماف و ئەرکەکانی هاوڵاتیان دەست نیشان بکەن و بۆیان شی بکەنەوە کە تا چەند لە تاریکی دەژین ومافەکانیان چۆن پێشێل دەکرێت.

ئەوەیئەرکی رۆشنبیرانی ئاسان کرد بوو، بەرنامەی خوێندنی ئەدەبیی رەها بوو بە تایبەت ئەدەبی یۆنانیی کۆن وەکو سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوو بوو لە سەرمایەی ئەدەبی وفەلسەفی دا.

ئەدەبی یۆنانیش بە ئەدەبێکی ئازادو کراوە دەناسرا و یۆنانیە کۆنەکان یەکگرتوو پابەندی دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز نەبون، ئەمەش گیانی شۆڕشگێڕیی خستە جەستەی فەرەنسیەکان لەم روانگەیەوە بەرنامەکانی خوێندن لە ناوەڕۆکدا هانی خەڵکی دەدا بۆ شۆڕش ودژایەتی کردنی بەرژەوەندیەکانی چینی دەوڵەمەندو دەرەبەگ کە دەستیان بەسەر هەموو پۆست و پلە و پایە سەربازی و سیاسیەکانی وڵات دا گرتبو، بۆرجوازەکان هەستیان بەوە دەکرد کە لە بارودۆخێکی نامۆدان چونکە خاوەنی زانست و شارەزایی ودارایی بون لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵات وجەماوەر لەدەست شکۆدارە(اشراف) کان دابوو کە لایەنگری بنەما کانی کۆنەپەرستی ودواکەوتویی بون،بۆیە لانی کەم دەبو سەرەتای شۆڕش دژی بەرژەوەندیەکانی شکۆدارو(اشراف) وپیاوانی ئاینی بێت لە جیات ئەوەی لە دژی رژێمی پادشا بێت ئەویش بەهۆی ئەو رۆلە بنەڕەتیەی کە چینی رۆشەنبیری بۆرجوازەکان دەیان گێڕا لە بەرپا کردنی شۆڕش وئاراستەکردنی رووداوەکانیدا.

له هەموی نا هەموار ترله بارو دۆخی فرانسا ئەوەبو كه هەمویان پێیان وابوو ئەوئیمتیازاتانه له لێبوردنی باج كاری دزێون و هەمویان مەبەستی لەناو بەردنیان هەیە، تەنانەت وەزیرەكان وزۆربەی دام و دەزگاكانی دەوڵەت ئەو راستیەیان دەزانی، هەندێک له وەزیرەكان هەوڵی چاككردنی ئەم دۆخه نالەبارەیان دا به بڕینی دەسكەوته ناشەرعیەكان تەنانەت پادشاش دەستی خسته ناو كاری چاكسازی بەڵام هەمویان بێ سوود بون، كار وای لێهات له بێ توانابیان له بەرانبەر چارەسەریدا دەستەوەستان مانەوە، له چاوەڕوانی چاك بونی خۆڕسكدا بوون. دواتر پادشا نەک تەنها بەرانبەر بەچاكسازی دەستەوەستان وەستا بەڵكو له بەرانبەر به چارەسەركردنی كێشه داراییه درێژخایەنەكانیش دا بێ دەسەڵات مایەوە كه هەموو فرانسا بەدەستیەوە دەی ناڵاند.

قەیرانی دارایی و ئابوری

فرانسا بەدەست بۆشاییەكی له مێژینەی گەنجینەكانیەوە دەی ناڵاند، ئەمەی هەر لەكۆنەوەو له سەردەمی لویسی چواردەهەمەوە بەهۆی شەڕەكان بۆی مابۆوە. لەو سەردەمەوە كەسێک دەست پێشخەری ئەوەی نەكردبو چارەسەریەكی ریشەیی بۆ بدۆزێتەوە. ئەم قەیرانه بەتەواوەتی ئەوكاته سەری هەڵدا كاتێک ئەمەریكا دژی ئیمپریالیزمی داگیركاری بەریتانی دەستی به شەڕی سەربەخۆیی كرد، ئەوەش تێچویەكی زۆری خسته سەر فرانسا له یارمەتی دانی ئەمەریكیەكان دژی ئیمپریالیزمی بەریتانی.

ئەوەی لەم مەسەلەیه سەرسوڕ هێنەرە،ئەوەبو ئەم قەیرانه له بنەڕەتدا بەهۆی بێ داهاتی فرانساوە نەبوو، بەڵكو به پێچەوانەوە ئەوكات فرانسا خاوەنی كشتوكاڵێكی گەشەكردو و پیشەسازیەكی پێشكەوتو وبازرگانیەكی دەرەكیی چالاک بوو، بەڵام ئەوەی راستی بێ ئەم قەیرانه له ئەنجامی بێ بەرنامەیی له بودجەو داهات و خەرجكردندا بوو هۆكارێكی تری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كه ئەو كەسانەی توانای دانی باجیان هەبو، ئامادە نەبون باجەكان بدەن، ئەم باجانەیان نەدەدان چونكه پێشتر خاوەنی ئیمتیازات بوون، كەوابێ كێشەكه له بودجه دابوو نەک له داهات،

بۆئەوەی له راستیی بارو دۆخی دارایی فرانسا بگەین ئەوەنده بەسه سەیرێكی حساباتی گەنجینەی فرانسا بكەین له ساڵی 1788 كه ساڵی بەر له شۆڕش بوو.

خەرجی وڵات لەو ساڵدا 629 ملیۆن لیره بوو له كاتێكدا داهاتی ووڵات له 503 ملیۆنی رەت نەدەكرد واته به كەمهێنانی 136 ملیۆن لیره كه دەكاته رێژەی 20% بودجەی گشتیی ووڵات. ناڕێكی ئەو بودجەیه له شێوازی دابەشكردنی خەرجیەكاندا بوو:

_ پتر له نیوەی بودجەكه كه دەكاته 318 ملیۆن لیرەی زێڕدەچوه گیرفانی بەخێوكەران كه بۆ دانەوەی قەرزەكۆنەكان بوو.

_ له 26% ی بودجەکەش کە دەکاتە 165 ملیۆن لیرە زێڕ بۆ سوپاو دەریاوانەکان بوو، لەم پارەیە 12 ملیۆن بۆ ئەفسەرەکان بوو کە هەمویان کوڕانی شکۆدارو بۆرجوازەکان بون،46 ملیۆنیش بۆ موچەی شکۆدارەکان خۆیان بوو،

_ لە 6%ی بودجەکەش بۆ خەرجی کۆشکی پادشایەتی و دەست وپەیوەندەکانی بوو.

_ کەمتر لە 2% ی بودجەکە بۆ خەرجی بەرنامەکانی خوێندن و زانکۆ و خزمەتگوزاریە گشتیە کانی تر دەمایەوە.

لە سەردەمی لویسی چواردەهەم، زۆر هەوڵدرا بۆ چاکسازی بارو دۆخی دارایی ووڵات، گرنگترینی ئەو هەوڵانە ئەوە بوو کە هەریەک لە وەزیران تیرگۆ و نیکەر پێی هەڵسان بەڵام ئەو هەوڵانە بەرامبەر بە ناچارکردنی چینی خانەدان(نبلاء) و ئەکلیرۆس شکستیان هێنا بۆ دەستبەردار بون لە بەشێک لە ئیمتیازاتەکانیان و دانەوەی ئەو باجە کەڵەکە بوەی سەریان، لە راستیدا بارودۆخی بودجەی فرانسا بەو شێوەیە خەراپ نەبوو کە ژمارەکان دەیان خستە ڕوو، چونکە وڵاتی فرانسا زۆر دەوڵەمەند بوو ئەگەر باجەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشکرابان ئەوا زۆر بەئاسانی بودجەی دەوڵەت و خەرجیەکانی ڕێک دەخران.

دوایین هەوڵی چاکسازی لە (1783-1787) لەلایەن وەزیر(کالۆن) درا. کالۆن لە بەرنامە چاکسازیەکەیدا هەوڵی دابو هەمو فەرەنسیەکان بەرامبەر بە دانی باج وئەرک وفەرمانەکان یەکسان بکا، بێ گوێدانە پلەی کۆمەڵایەتی، هەروەها لە بەرنامەکەیدا هاتبو هەموو سنورەکانی نێوان هەرێمەکان لە روی گومرگ و هەر بەربەستێکی تر تێک بشکێنرێ، بۆ چالاککردنی بازرگانی ناوەخۆیی وئاسانکاری بۆ گواستنەوەی کالاو شتومەکی لە ناوخۆی فرانسادا، بۆ رازی کردنی پیاوانی ئاینی و ئەکلیرۆس بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامە ریفۆرمیەکەی بەو پێیەی کە کارێکی پێویستە بۆ پاراستنی رژێم ووڵات، داوای دانیشتنی ئەنجومەنی پیرانی(پیاو ماقولان) کرد ئەم ئەنجومەنە ئەنجومەنی نوێنەرانی چینی ئەکلیرۆس و شکۆدارەکان بوو، بە دەگمەن ئەم ئەنجومەنە کۆ دەبۆوە لە ساڵی 1787 کۆببونەوە تیایدا باس لە دۆخی خەراپی فرانسا کراو بەرپرسیارێتیی روبەڕوبونەوەی بەرنامەی چاکسازیی خستە ئەستۆی ئەوان، سەرەڕای شکست هێنانی ئەو هەوڵانە کەچی ئەنجامەکانی بەرچاو بون، بەو پێیەی کە ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتەی لەبەردەم ئەنجومەنی ناوبراو خوێندرایەوە بەسەر فەرەنسیەکاندا بڵاوکرایەوە و بۆ یەکەم جار لەسە ر زاری وەزیرێکی بەرپرس درکیان بە ئاستی خەراپی بارودۆخی دارایی فرانساو هۆکارەکانی کرد.

لەو راپۆرتەی کە خرابوە بەردەم ئەنجومەن بەم شێوەیە کورت کرابۆوە:

(فرانسا لە چەند هەرێم و کەرتێکی پارچەکراوو ئیدارەی جۆراو جۆر پێک هاتوە، هەرێمەکان هیچ لەسەر یەکتری نازانن، کەسیان باری ئەوی تریان هەلناگرێ بەڵکو هەریەکە باری خۆی دەخاتە سەر پشتی ئەوی تریان، دەوڵەمەند ترین چینیان کەمترین باج دەدەن، دەسکەوتەکان بە نایەکسانی دابەش دەکرێن و ناتوانن

دەسەڵاتێکی چەسپاوو هەمیشەیی و ئیدارەیەکی هاوبەش پێک بهێنن، لاتان سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم لە کەم و کوڕی و گەندەلی دا نقوم بوە، بۆیە ناکرێ ئێستا حوکمێکی باشی لەسەر بدرێت). لەتەک دۆخی خەراپی دارایی وڵات کەمی لە داهاتی چینی کرێکار و خاوەن کەم دەرامەتەکاندا هەبوو بە شێوەیەک کە بۆ هیچ هەوڵێکی چاکسازی بۆ گەنجینەی ووڵات ناکرێ پشتی پێ ببەسترێ، لە میانەی نیوسەدەی بەرلە شۆڕش نرخەکان بە ڕێژەی لە 65% بەرز بونەوە کەچی ڕۆژانەی کرێکارەکان بە ڕێژەی لە 22% زیادی کرد بوو.

قەیرانی ئابوریی ساڵی 1788 کە بە پلە یەک چینی بۆرجوازیی گرتبوەوە بارودۆخی گشتی ودارایی خەراپتر کرد، هەروەها وەرزی بەرهەم هێنان بەتایبەت بەرهەمی گەنم کە ئەو ساڵ نەهات بو تا نزمترین ڕێژە دابەزی، ئەوکاتەی ساڵی 1789 بەهاری بەسەرداهات نرخی نان بەرز بۆوە جوتیار و کرێکارەکانی شارنشین زۆر بەئەستەم نانیان دەست دەکەوت، پەیماننامەی ئابوری لەگەڵ بریتانیا زیاتر قەیرانەکەی توندتر کردەوە چونکە ڕێگەی بە بازرگانان دابو گەنم هەناردەی بریتانیا بکەن بۆ وەدەستهێنانی قازانج، سەرەڕای پێویستیی زۆری فەرەنسیەکان بە گەنم. ئەوەبو رای گشتی داوای هەلوەشاندنەوەی ئەو پەیماننامەیە یان دەکرد کە ڕێگە بە هەندێک کەس دەدا گەنم و دانەوێڵە بۆ سودی تایبەتی خۆیان بنێرنە دەرەوەی فرانسا.

برسێتی بڵاوبۆوەو بێ ئومێدی شارو لادێکانی گرتەوە جوتیارەکان کەوتنە سواڵ کردن و بەمەش کەش وهەوای شۆڕش فرانسا ی گرتەوە.

ئەنجومەنی نیشتمانی

قەیرانی ئابوری لە فرانسا لە هاوینی 1788 بە ... وقات و ڕی لەهەندێک گوندو گەڕەکە هەژارو کرێکارنشینەکانی شارە ... ە ساڵی 1788 جارێکی تر داوای لێ کرابوو وەزارەتی دارایی بگرێتە ئە ... بوو لە بەرانبەر ئەم قەیرانە دەسەوەستان وەستا، بەتایبەت لەوکاتەدا ک ... بوو، هەرواش بوو

چونکە (کالون) وەزیری پێشوی دارایی لە 1787 لە راپۆرتێکیدا بۆ ئەنجومەنی پیران رایگەیاند بوو کە فرانسا بە گوژمەی چوار ملیار لیرەی زێڕ بە قەرزە کۆنەکانیشەوە کە بەهۆی شەڕەکانی رزگاری ئەمریکیەوە خراونەتە سەری، قەرزارە.

نیکەر

بەرانبەر بە و مەترسیە ئابوری وداراییانە (نیکەر)ی وەزیر پێشنیارێکی خستە بەردەم لویسی شازدەهەم کە لەرێگەی ئەنجومەنی چینەکانەوە ئەم کێشەیە بخاتە بەردەم نەتەوەی فرانسا، کە نوێنەرایەتیی هەمو گەلی فرانسای تیایە، ئەم ئەنجومەنە 175 ساڵ دەبو داوای دانیشتنی لێ نەکرابوو.

سەرەڕای مەترسی لەسەر رەنگدانەوەی ئەم پێشنیارە، بەڵام پادشا ئەم پێشنیارەی پەسند کرد. دیارە کە شانشین پێویستی بە پارە هەیە ئەمەش بە رەزامەندی هەموو نوێنەرانی گەل نەبێ ناکرێ.

لەسەر راسپاردەی پادشا، (نیکەر) سیستەمێکی نوێی بۆ هەڵبژاردنەکان دانا لەسەر ئەم بنەمایە هەڵبژاردنێکی گشتی لە سەرتاپای مەملیکەتەکە کرا، ئەم سیستەمە بوە جێی رەزامەندی چینی جەماوەر، بەو هیوایەی لە رێگەی ئەم ئەنجومەنەوە نان پەیدا بکەن، هەروەها بۆرجوازەکانیش بەم پێشنیارو سیستەمە رازی بون ئەوانیش بەو هیوایە لەرێگەی ئەم ئەنجومەنەوە بەشێکی تری ئازادیەکان وەدەست بێنن لە ئاکام بتوانن ئەو پۆستانە بگرنە دەست کە لە رێگەیەوە بەشداریەکی کاریگەرتر لە دەسەڵاتو حوکمڕان بکەن.

بەم شێوەیە هەموو چین و توێژەکان هەر یەکە بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەم بڕیارانە رازی بون کە هەنگاوی یەکەمی رێگەی شۆڕش بون.

ئەنجومەنەکە لە 1200 ئەندام پێک هات نیوەیان لە چینی گشتگیر نیوەکەی تر لە چینی شکۆدارو ئەکلیرۆسەکان بەیەکسانی پێک هات بوون، نەریتەکە وابوو هەر چینەو بەجیا کۆبونەوەی خۆی بکاو دەنگ

لەسەر بڕیارەکان بدات ئەوسا لەسەر ئاستی چین دەنگ بە پڕۆژەکان بدەن. دەنگدەران لە سەرتاسەری فەرەنسا سکاڵایان بەرز کردەوە (ئەمە نەریت و ڕێنماییەکی دەستوری کۆنی فرانسا بوو) داخوازی وداواکاریەکانیان بەم خالانە دیار کردبون:

1_ پاراستنی ئازادیە گشتیەکان، ڕێ لە دەست درێژی بگیرێ وتەنها بە پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

2_ (ئیمتیازاتە) کۆنەکان هەڵبوەشێنرێنەوەو هەمولایەک بەرانبەر بە یاسا یەکسان بن.

3_ هیچ باجێک بە بێ ڕەزامەندی گەل نە سەپێندرێت کە نوێنەریان ئەنجومەنی چینەکانە.

4_ ئەرکی باج دان بۆ هەموو کەسێک وەکو یەک بێت بە بێ گوێدانە جیاوازیی چینایەتیان.

ئەوەی لەم داواکاریانە بەدی دەکرا هیچ داخوازیەکی دژ بە رژێمی پادشایەتی یا هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری ریشەیی لە سیستەمی سیاسی وئابوری لەفرانسا لە خۆ نەگرتبو، دیارترینی ئەو داواکاریانە دووپات کردنەوەی دلسۆزی هاوڵاتیان بوو بۆ پادشایەتی و خۆشەویستیان بۆ پادشا کە هاندەر بێت بۆگۆڕینی فرانسا بۆ سیستەمی پادشایەتیی پەرلەمانیی دەستوری.

لە یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی چینەکان، کە لە 5 ی ئایار بەسترا وەزیری دارایی(نیکەر) تیایدا گوتارێکی خویندەوە کورتەیەکی راو پێشنیارەکانی بۆ چاکسازی کاروباری گەنجینەی خستە ڕوو، دورو نزیک ئاماژەی بە هەڵوێستەکانی حکومەت سەبارەت بە داخوازیەکانی هاوڵاتیانی نەدابو.

هەر لە سەرەتاوە رون و دیار بوو کە حکومەت هیچ بەرنامەیەکی بۆچاکسازی لەبەردەست دا نیە و هیچ وەڵامێکیشی بۆ داخوازیەکان پێ نیە کە لە رێگەی نوێنەرانی گەلی فرانساوە پێی گەیشت بون، دیسان حکومەت بۆ هەندێک مەسەلەی پەیوەست بە پەیرەوی ناوەخۆی ئەنجومەن هەڵوێستی ئاشکراش نەبوو.

لە هەمان دانیشتن دا نوێنەرانی چینی سێیەم پێیان لەسەر ئەو داخوازیە داگرت کە دەبێ دەنگدان لەسەر بنەمای تاکە کەس بێ نەک بنەمای چینایەتی. مەبەستیان وەدەست هێنانی زۆرینەی دەنگەکان بوو لە ئەنجومەن لە کاتی دەنگدان لەسەر یاساکان بەمەش جلەوی رێچونەکە دەکەوێتە دەست خۆیان.

لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەندامانی چینی سێیەم یەکسان بون لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی چینی شکۆدار و ئەکلیروسەکان،چونکە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەکلیرۆس وشکۆدارەکان مەیلی چینی سێیەمیان هەبوو، هەر دەنگدانێک بە ناو زۆرینە لە بەرژەوەندیی چینی سێیەم دا دەبێ.

بەڵام حکومەت بۆ ئەم پێشنیارەیان هیچ وەڵامێکی نەبوو بەڵکو هیچ ئەلتەرناتیفیشی نەبوو تەنها ئەوە نەبێ پادشا ئەم پێشنیارەی رەت کردەوە، بە پاساوی ئەوەی دەسکاری سیستەمی دەنگدان ناکرێ کار بە یاسا کۆنەکان دەکرێن کە دوو سەدەیە کاری پێوە دەکەن. بەم هەڵوێستەی، پادشا کارێکی گەوجانەی کرد، نوێنەرانی چینی سێیەمی لە تەختی پادشا (عەرش) دور خستەوە هەر چەندە خۆیان ئارەزوی ئەمەیان نەدەکرد، ئەمەش بوە مایەی ئەوەی شێوازێکی سەربەخۆ بگرنە بەر.

ئەنجومەنی نیشتمانی

گفتوگۆی ئەم بابەتە زۆری کێشا، پادشا و نوێنەرانی شکودارو جوامێرەکان سوربون لەسەرشێوازی دەنگدانی نەریتی، ئەمە وای لەچینی سێیەم کرد بەدوای شێوازێک دا بگەڕێ جلەوی کارەکان لەدەست حکومەت دەربێنێ بۆ ئەنجام دانی چاکسازیەکی سەرتاسەری لە دەستور، بە قبول کردنی پێشنیارەکانی سییاس کە قەشەیەکی روناکبیرو لە لایەنگرانی بړواکانی ئازاد بوو، لە لایەن چینی سێیەم و ئەکلیرۆسەوە ئەوانەی پشتگیری چینی سێیەمیان دەکرد، گۆڕانی بنەرەتی رویدا سییاس لە17ی حوزەیرانی 1789داوای دانیشتنێکی ئەمانی لە ئەنجومەنی یاسادانان کرد تا نوێنەرایەتی هەموو گەلی فرانسا بکات، بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانی،

سییاس

لە کۆبونەوەی دووەمیش کە لە 20ی حوزەیرانی هەمان ساڵ لە یاریگەی تێنس لە نزیک کۆشکی ڤێرسای بەسترا، ئەمان سوێندیان بۆ یەکتر خوارد کە کۆبونەوەکانیان بەردەوام بن تا دەستورێکی نوێ بۆ فرانسا دادەنێن تیایدا ماف و ئازادیی هەمو کەسێکی فەرەنسی پارێزراو بێ. بەم پێوەرە ئامانجی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی چینەکان لە سەپاندنی باجەوە گۆڕا بۆ دانانی دەستورێکی نوێ و ئەنجومەنە کەش بو بە ئەنجومەنی یاسا دانان کە داخوازیی هاوڵاتیان جێبەجێ بکات.

چونکە پادشا لەم هەنگاوەیان رازی نەبوو بۆیە لە 23 ی هەمان مانگ داوای کۆبونەوەیەکی لێ کردن، مەبەستی پادشا راگەیاندنی راکانی بو کە بریتی بوون لە:

1_ مانەوەی جیاوازیەکانی نێوان چینەکان.

2_ بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانیی رەت کردەوە کە لە شوێن ئەنجومەنی چینەکان دامەزرابوو.

دانیشتنەکان بەم دوو بڕیارە کۆتاییان پێهات بەو مەبەستەی رۆژی دواتر هەر چینەو بەجیا دانیشتنەکانی خۆیان ئەنجام بدەن بۆ تاوتوێ کردنی چۆنیەتی چاکسازی کردنی دۆخی دارایی وڵات، دواتر پادشا لە

هۆڵەکە وەدەر کەوت، لەدوای ئەویش ئەکلیرۆس وشکۆدارەکان چونە دەرەوە، چینی سێیەم وئەوانەی لە چینی ئەکلیرۆس مەیلی چینێ سێیەمیان هەبوو لە ناو هۆڵەکە مانەوە، تا فەرمانبەرێک لە کۆشکی پادشا داوای لێ کردن کە هۆڵەکە جێ بهێلن.

لەم کاتە کلپەی بزاوی شۆڕش سەری هەڵدا، یەکێک لە سەرکردە هەرە دیارەکانی (میرابو) بوو کە بە ووتە بەناوبانگەکەیەوە ناسرابوو کە دەی ووت: (ئێمە بە ئیرادەی گەل لێرەین لەسەر نوکی شمشێر نەبێ ناچینە دەرەوە)

میربو

میرابو لە سەردەمی یەکەم نوێنەرایەتیی ناسنامەی شۆڕشی دەکرد، ئەو دەیویست بە مانەوەی پادشا چاکسازی ئەنجام بدا، مەبەستی بوو جۆرێک لە بەشداری و هەماهەنگی لە نێوان گەل وپادشا لە دەسەڵات و پاراستنی سەروەریەکانی تەختی پادشایەتی هەبێ لەگەڵ زاڵ بون بەسەر زۆرداری تاکەکەسی دا، بێ گومان میرابۆ کەسێکی پادشاخوازی دەستوری بقو،هەربەم شێوەیەش مایەوە تا دوا ساتەکانی ژیانی. یەکەم سەرکەوتنی گەل ئەوە بوو کاتێک پادشا فەرمانی بە ئەندامانی ئەکلیرۆس وشکۆدارەکان دا بچنە ناو ئەنجومەنی نیشتمانی.

بەڵام ئەمە هەڵچونی نارەزاییەکانی رانەگرت، کاتێک جمو جۆڵ کەوتە شارەکان،پادشا درکی بە مەترسیەکان کرد، لە پاریسەوە بە هەموو لایەکەوە جولە پەرەی سەند، ئیتر پادشا ناچار بوو داوای کۆکردنەوەی هێز بکات، لە 12ی تەموز هەر بۆ دڵنیابون هێزی بردە کۆشکی ڤێرسای و(نیەکر) ی وەزیری لەسەر کار لاداو یەکێکی نزیک بنە ماڵە ی پادشایەتی لە شوێن دانا، دەبێ ئەم لادانەی لە بەر هۆکاری هزرە چاکسازیە کانی بێ.

روخانی باستیل

ئەم ئامادە باشی و لادانی وەزیرو دانانی یەکێکی نزیک لە بنەماڵە ی لەشوێن ئەوو بڵاوبونەوەی پڕۆپاگەندەی ئەوەی گوایە پادشا بەنیازە ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵوەشێنێتەوە ئەمانە هەمووی دڵە ڕاوکێیان خستە ناو گەلی فرانساو مقۆمقۆ دەستی پێ کرد.

ئەوەندەی نەبرد خۆپیشاندان پایتەختی فرانسای گرتەوە، لەم روەوە گوتارخوێنە رادیکالەکان رۆلی سەرەکیان دەبینی وەکو (مارادو یمولین)، دواتر خۆپیشاندەران دەستیان بەسەر تەلاری شارەوانی(کومۆن) لە پاریس داگرت و کردیانە سەنتەری بەرگریی دەسەڵات هەر لەوێش سەرپەرشتی کردنی پاسەوانیان بە مرکیز دی لافیت ی پاڵەوانی شەڕەکانی رزگاریی ئەمەریکا سپارد، دیارە مەبەستیش لەم رێکخستنەی بەرگری تەنها خۆپاراستن بوو لەو سوپایەی کە پادشا لە ڤێرسای کۆی کردبووەوە.

بۆ وەدەست هێنانی چەک وتفاق خۆپیشاندەران هێرشیان بردە سەر کۆگاکانی ئەنفالید وهەرچی چەک و تفاق هەیە تاڵانیان کرد وهێرشیان بردە سەر بەندیخانەی باستیل کە بە دیدی فەرەنسیەکان بە سونبولی ستەم و زۆرداری دە ناسرا، هەر لەم هەڵمەتە، بەندیخانەکەیان شکاند وهەرچی زیندانیی تیابو ئازادیان کردن، بەهۆی ئەوەی دەوڵەت ماوەیەک بوو ئەم شوێنەی وەکو بەندیخانە بەکار نەدەهێنا بۆیە ژمارەی ئازاد کراوەکان زۆر نەبون.

لە 14ی تەموز کە زیندانەکەیان شکاند ئەو رۆژە بە رۆژی ئازادی ناسرا هەموو ساڵێ لەو رۆژە یادی دەکەنەوە، ئەوەی لەم رۆژە رەنگی دایەوە بڵاو بونەوەی توندو تیژی و زۆرداری بوو کە ئەمە مەبەست وئامانجی شۆڕشەکە نەبوو، ئەوەی سودی لەم پەشێوی و توندو تیژیە وەرگرت چینی بورجوازی بوو، ئەوان لە ئەنجومەنی نیشتمانی زۆرینەی رەها بون. ترس و دڵە راوکێ لەناو جەماوەری فەرەنسی بڵاو بوەوە، دیارە ئەمەش باجی شۆڕشە، کە خەڵک حەزی لێ نەدەکرد.

روخانی باستیل لە زۆر روەوە رەنگی دایەوە یەکێک لەم رەنگدانەوانە پاریس کەوتە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێڕەکان و دەسەڵاتی شارەوانیش کەوتە دەست ئەندامە رەسەنەکانی ئەم شارە کە لە رێگەی پاسەوانە خۆجێیەکانەوە دەیان پاراست و بەڕێوەیان دەبرد، ئەم پاسەوانانە وەکو بناغەی سوپای شۆڕش وابون. لە دەرەوەی پاریسیش خەڵک ئەم روداوانەیان وەکو دەسپێکی قۆناغی رزگاری دەبینی، لە هەرێمەکان هەژارو جوتیارەکان هێرشیان بردە سەرکلێساو کۆشک وتەلاری شکۆدارەکان وهەندێکیشیان گڕ تێبەردان. هەموو رق و کینەیان دژ ئەو کەسانە بون کە کاربەدەستی باج وخاوەن ئیمتیازە کۆنەکان بون هێرشیان بردە سەر فەرمانگەی باجەکان و هەموو کارنامەو کۆنوسەکانیان سوتاندن، هەرچی داکومێنتێک هەبون کە رێگەی بە پیاوە ئاینی و شکۆدارەکان دەدا ببنە خاوەن ئیمتیازات هەموویان سوتاندو ئاگریان لە هەرچی داکۆمێنت هەیە بەردا، فەرمانبەرانی دەوڵەت وەکو تەماشا کەر بەدیار ئەم راپەرینە جەماوەریە وەستابون،لە ترسی ئەوەی نەبادا ئەوەی بەسەری پاسەوانانی بەندیخانەی باسیلیان هێنا بەسەر ئەوانیش

بێت، لە بەرامبەر بێ دەسەڵاتی دەوڵەت خەڵک لاسایی دانیشتوانی پاریسیان دە کردەوە لە دامەزراندنی سوپای شۆڕش وگرتنە ئەستۆی بەڕێوەبردنی کاروباری شارەوانی لە ڕێگەی خەڵکی ڕەسەنی ئەو شارەوە.

بەرامبەر بەم ئالۆزیە پادشا هەستی بە مەترسی کرد لەوە دڵنیا بوو کە جلەوەکە لەدەست ئەم نەماوەو کەوتۆتە دەست جەماوەر بۆیە ناچاربوو دەست بەرداری هەندێک دەسەڵات بێ، ژمارەیەک لە وەزیرەکانی لەسەر کار لابرد، وەزارەتی دارایی بە نیکەر سپاردەوە، ئالا سێ ڕەنگیەکەی شۆڕشی قەبول کرد.

بڕیارەکانی 4ی ئاب

ئەم هەڵوێستە میانڕەو و خۆ وەدەست دانەی پادشا کافی نەبوو بۆ دامرکاندنەوەی گڕی جەماوەر، بەڵکو چاوەڕوانی زیاتریان لە پادشا دەکرد بۆ ئەوەی جوتیارو هەژارە ڕاپەڕیوەکە ئارام کاتەوە.

ئێوارەی سێشەمە 4 ی ئاب ئەنجومەنی نیشتمانی کۆبونەوەیەکی سازدا بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ ڕاگرتنی شەپۆلی ناڕەزایی جەماوەری ڕاپەڕیو. لە دەسپێکی دانیشتنەکە (فیکۆنت دی نوای) کە یەکێکە لە سەرکردەی شکۆدارەکان، پێشنیاری کرد مافی دەرەبەگایەتی جوامێرەکان پوچەڵ بکرێنەوە.

لە کەش و هەوایەکی توندا ئەنجومەنی نیشتمانی زنجیرە بڕیارێکی دەرکرد بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی (ئیمتیازاتەکان) گرنگترین یان:

1_ پوچەڵ کردنی مافی دەرەبەگایەتیی شکۆدارەکان، بە مافە دادوەریە کانیشەوە.

2_ پوچەڵ کردنی هەمو کاری سوخرەو باجی سەپێندراو بەسەر ئاش ونانەواکان.

3_ پوچەڵ کردنی هەمو (ئیمتیازات) ەکانی بەخشراو بە کۆمەڵە هەرێمی و کەرتی یەکان.

4_ پوچەڵ کردنی باجی دەیەک کە بە کەلیساکان دەدرا.

5_ ڕاگەیاندنی یەکسانی لە نێوان هەمو هاوڵاتی یەک، بۆ بەدەست هێنانی کار و فەرمانبەرێتیە گشتیەکان.

6_ چاکسازی لە دام و دەزگای دادوەری، بە شێوەیەک کە هەموو کەس لە بەرامبەر مافەکان دا یەکسان بن.

ئەم بڕیارانە سەدایەکی باشی هەبوو کاردانەوەیان باش بون بەتایبەت لە نێو توێژی جوتیارو گوند نشینەکاندا، چونکە بەم بڕیارانە هەموو جیاوازیەکانی نێوان جوتیارو دەرەبەگ وەلا دەنرێن، لە بەرامبەر یاساش هەمویان یەکسان دەبن، ئەمە نیشانەیەکی نەمانی دیاردەی دەرەبەگایەتیە.

لەگەڵ ئەوەی بڕیارەکان بە دڵێکی خۆشەوە پێشوازیان لێوە کرا بەڵام لە ماوەیەکی کورت ڕەنگدانەوەی خەراپیان لێ وەدەر کەوتن، ئەمیش بەهۆی ئەوەی نیوەی داهاتیووڵات لە وەرگرتنی باجەکانەوە بوو باجەکانیش نەمان.

هەر چەندە میرابو پێشبینی ئەمەی دەکرد وپێشتریش ئاماژەی پێ دابو ئەمە بە پشتبەستن بە فەرمانەکانی نیکەری وەزیری دارایی بون، داوای لە ئەنجومەنی نیشتمانی کردبو ڕێژەی لە 25% لە داهاتی ئەو

کەسانە وەربگیرێت کە داهاتیان لە 400 لیرە رەت دەکات. هەر چەندە ئەمە قەرەبوی ئەو زیانانە ناکاتەوە کە دەوڵەت لە ئەنجامی پوچەڵکردنەوەی ئەو هەمو بڕیارانە لێ دەکەوێت، بەهەر حاڵ ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی فرانسا بڕیاری لەم چەشنە دەدرێت کە بەر لە هەژارو جوتیارەکان، دەوڵەمەندەکان زەرەرمەند دەبن، دەبێ ئەمە یەکەم بەرهەمی شۆڕش بێت ؟

جاڕدانی مافی مرۆڤ وهاووڵاتی

لە 26 ئاب ئەنجومەنی نیشتمانی پەیمانی مافی مرۆڤی راگەیاند کەتیایدا بەتەواوەتی ئەو مافانەیان دەست نیشان کردبون کە هاوولاتی لەسەر دەوڵەتی هەیە:

1_ مرۆڤ بەئازادی لە دایک دەبێ وبە ئازادیش دەمێنێتەوەو لە مافەکان دا یەکسانن.

2_ مەبەست لە حکومەتەکان ئەوەیە، دەستەبەر کردنی مافە سروشتیەکانی مرۆڤ وپاراستنی بگرێتە ئەستۆ: ئازادی مولک دارێتی، پاراستنی گیان و ماڵ، مافی نە هێشتنی ستەم و زۆرداری.

3_ کەس نە زیندانی دەکرێ، نە دەست بەسەر دەکرێ، تەنها لەو حاڵەتانە نەبێ کە یاسا دیاریان دەکات.

لەم راگەیاندنە زۆر لەگیانی تەبایی و بڕواکانی جان جاک رۆسۆی پێوە دیارە، هەر وەها رەنگدانەوەو کاریگەری راگەیاندنی رزگاری ئەمەریکاشی پێوە دیار بوو، ئەمە نیشانەی ئەوەیە، هەموو تاکێکی فەرەنسی تینوی ئازادی و سەربەستی یە.

ئەم راگەیاندنە وەکو پێشەکی یەک بۆ دەستوری 1791بڵاو کرایەوە.

روداوەکانی ئۆکتۆبەر

بڕیارەکانی 4و 26ی ئاب لە چاوەڕوانی ئیمزای پادشادا بون بۆ ئەوەی بکەونە مەیدانی پراکتیکەوە، چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا وا بەئاسانی ئەم بڕیارانە ئیمزایان لەسەر بکرێت،چونکە بە پیادەکردن و جێ بەجێ کردنی بڕیارەکان دەسەڵاتیکی زۆر لە پادشا دەسێنرایەوە، دەسەڵاتەکان هەمویان دەکەوتنە دەست جەماوەر، ئەوەبو هەر وەکو مەزەندە دەکرا واشی لێ هات، پادشا بڕیارەکانی رەت کردنەوەو ئیمزای لەسەر نەکردن. ئیتر دۆخەکان پشێویان تێکەوت و ئالۆزیش کەوتە پاریس.

لە هەمان کات داوای تیپی فلاندرز کرا بۆ پاراستنی ڤێرسای، پڕۆپاگەندە لە پاریس بڵاو بوەوە،گوایە لە ڤێرسای کاتی ئاهەنگ گێڕان سوکایەتی بە ئاڵای شۆڕش کراوە، نەمانی نان لە بازاڕەکان لەگەڵ ئەم روداوانە بە هەڵکەوت کەوتنە یەک کات و سات، خەڵك لە پادشای خواست کە بچێتە پایتەخت.

لە 5ی ئۆکتوبەر خۆپیشاندانێکی مەزن رێکخرا ژنەکان لە ریزی پێشەوە بون بەرەو ڤێرسای رێکەوتن داوایان دەکرد پادشا بگەڕێتەوە پاریس، بە مەزندەی ئەوان بە گەڕانەوەی پادشا بۆ پاریس خەڵک دڵنیا دەبێ بە ناچاری گەنم و دانەوێڵەکان دەکەونە بازاڕ.

میان ڕەوەکان کاردانەوەی ئەم لێشاوەیان دەزانی بۆیە مەترسیان لێ نیشت ئەوە بو پاسەوانانی نیشتمانی بەدوایان کەوتن، لافاییت کە لە ڤێرسای فەرماندەی پاسەوانەکان بوو بە ناوی شارەوانی داوای لە پادشا کرد بگەڕێتەوە پاریس.

لە 6ی ئۆکتۆبەر پادشا خۆی و خێزانەکەی بە یاوەری پاسەوانەکانی نیشتمانی گەیشتنەوە پاریس، پادشا هێمای شۆڕشی لەسەر سنگ هەلواسی بوو، هەر هەمان کات ئیمزاشی لە سەر بڕیارەکانی 4 و 26ی ئاب کرد.

بەم شێوەیە پادشا خۆی وخانەوادەی لە کۆشکی(تویلری) نیشتەجێ بون بە پاراستنی پاسەوانانی نیشتمانی، دەتوانین بڵێین لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دابون ئەگەر نەڵێین دیلی بەر دەستی ئەوان بوو.

بە گواستنەوەی پادشا بۆ پاریس، ئەنجومەنی نیشتمانیش دەستی بە گواستنەوە بۆ پاریس کرد بۆ ئەنجام دانی ئەرک و کارەکانی کە داڕشتنەوەی دەستور بوو، بە هاتنی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ پاریس دیارە ئەمیش دەکەوێتە ژێر دلۆڤانی شۆڕش بە تایبەت توند ڕەوەکان، داڕشتنەوەی دەستور لەم کەش و هەوایە بە کاریگەری ئەوان دادەڕێژرێتەوە کە پڕ دەبێ لە سیمای توندو تیژی و توندڕەوی.

کۆچ بەرەکان

لە هاوینی 1789 لەگەڵ سوتاندنی کۆشک و کێلگەکانی زۆر لە شکۆدارەکان و لەگەڵ دەرکردنی یاسای پوچەڵ کردنەوەی (ئیمتیازات)ە کۆنەکان، گەڵێک لە جوامێر و ئەکلیرۆسەکان درکیان بەو مەترسیە کرد کە ئیتر ڕێککەوتن لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانی مەحاڵە، داهاتوی ڕەشی خۆیان لە فرانسا بەدی دەکرد، ئەمە وایکرد یا پۆل پۆل یا بەتاک لە وولات وەدەر کەون، هەندێکیان کۆچیان دەکرد تا بەدوای کڕینی چەک دا بگەڕێن و ڕادەستی بێگانەکانی کەن تا دژی شۆڕشگڕەکان بەکار بهێنن، هەندێکیشیان تەنها بۆ مەبەستی دەرباز کردنی گیانی خۆیان و خانەوادەیان کۆچیان دەکرد، هەندێکی تریشیان لە نائارامی وولات ترسیان هەبوو وەدەر دەکەوتن بەو نیازەی ماوەیەکی تر وڵات ئارام دەبێتەوەو ئەوان بگەڕێنەوە.

ڕێژەیەکی کەم هەستیان بە گرنگی ڕوداوەکان دەکرد، لەوە بێ خەبەر بون کە ڕەوڕەوەی مێژوو ئیتر بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، بە هەر حاڵ کۆچبەرەکان زۆربەیان ڕویان لە وڵاتی بەلژیک کردو لێی گیرسابونەوە، بۆ پیلان گێران دژی شۆرەشگێرەکان لە سنوری فرانسا دور نەدەکەوتنەوە، شاری کۆبلینزیان کردبوە بنکەی چالاکیەکانیان، ئەم ئاژاوە گێرانە گەڵێک دەردەسەریان بۆ فرانساو سیستەمە نوێکەی دروست کردبو، لە سەروی هەمویانەوە کونت دارتوان براکەی پادشا کە ببوە مایەی سەرئێشەو پیلان گێران و دەست کیسی بۆ بێگانە و یارمەتی دانی تێکدەران بۆ شێواندنی دۆخەکە، ئەرکی ئەم بوو.

شۆڕش و کەلیسا

دوای ئەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە پادشا دەسەندرێنەوە، ئەنجومەنی نیشتمانی دەبێتە تاکە دەزگای دەسەڵات بەدەست بۆ کاروباری ووڵات، ئەمە دوای ئەوەی گەلی فرانسا بڕواو متمانەی خۆیان بە نوێنەرەکانیان بەخشی، لەم ڕوانگەیەوە لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ئەنجومەن، چارەسەری قەیرانی دارایی وڵات بو کە هۆکاری ڕاستەوخۆی هەڵگیرساندنی شۆڕش بوو، بەتایبەت ئەوکات خەزینەی وڵات خاڵی بوو دەبوایە ئەنجومەنی نیشتمانی هەنگاوێک بنێ بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە، ئەوە بو ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی ڕەبەن تالیران پیشنیارێکی بە ئەنجومەن دا تیایدا داوای دەست بەسەرداگرتنی سامانی (مومتەلەکات) کەلیسا کرد، کە بە 2 تا 3 ملیار لیرە مەزندە دەکرا، بێ لێکۆلینەوەو بەدوادا چون ڕاستەوخۆ ئەم پێشنیارە دژوارە لە 2 ی نۆڤەمبەری 1789 پەسند کرا. هەر زوو حکومەت دەستی بەسەر هەموو مولکەکانی کەلیسادا گرت ودەستی بە دەرکردنی بەلگەنامە کرد بۆ خەزینە، کەدەست بەرداری مولکە کانی کەلیسا بن،بەو نیازەی دواتر بە زیادەوە قەرەبویان بکاتەوە. بەڵام ئەم بەلگەنامە مولکیانە چارەسەری کێشەکانیان نەکرد و لای خەڵکیش نەبونە جێی بڕواو متمانە بۆیە کیشەکان خەستتر بوون، بە هۆیەوە نیکەر لە 1790 دەستی لە پۆستی وەزارەت کێشایەوەو بۆ سویسرا کۆچی کرد. کەم وکوڕیش لە خەزنەی دەوڵەت بۆ هەمو حکومەتەکانی شۆڕش وەک خۆی مایەوە.

بەهۆی ئەوەی کەلیساکان لە مومتەلەکات بێبەش بوون لەسەر دەوڵەت بو بودجەیەک بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری پیاوە ئاینیەکان دابین بکات بە تایبەتی موچەو بژێویان، بەم ئەگەرەوە لە تەموزی 1790 ئەنجومەنی نیشتمانی دەستورێکی سڤیلیی بۆ ئەکلیرۆس دەرکرد، ئەم دەستورە دەسەڵاتی بە گەل بەخشی کە ئەوان دەتوانن ئەسقوفەکان دابمەزرێنن، لە کاتێکا پێشتر ئەمە دەسەڵاتی پادشا بوو، دواتر ئەسقفەکان موچەیان لە خەزینەی دەوڵەت وەردەگرت بەم شێوەیە ئەوان بون بە فەرمانبەر لە خزمەت گەلدا، لە ڕاستیش دا ئەم بڕیارە بڕیارێکی خەتەرناک بوو چونکە لەم حاڵەتە پیاوە ئاینیەکان بونە کرێگرتەو لە بەرامبەر کرێ و ڕۆژانەیان کارەکانیان ئەنجام دەدا، لە کاتێک ئەمە بە پێچەوانەی نەریتی کەلیسایە، کاتی خۆشی وەکو ئەنجام دەری پەیامێکی ئاسمانی سەیری کارەکانی پیاوە ئاینیەکان دەکرا نەک وەکو کرێگرتە، ئەستەم بوو کەلیسا ئەم بڕیارەی قەبول کا. لە بەرامبەر ڕەت کردنەوەی ئەم بڕیارە ئەنجومەنی نیشتمانی داوای لە قەشەکان کرد سوێند بخۆن، دلسۆزی گەل و پادشاو دەستوری سڤیلی نوێ وئەکلیرۆس بن، زۆریان ئەم داوایەیان ڕەت کردەوەو لە فرانسا وەدەر کەوتن.

ئەم هەڵوێستەی ئەنجومەن بوە هۆی ڕەنجاندنی پاپاو لەدەست دانی پشتگیری ئەو، ئەمە زیانێکی زۆری بە شۆڕش گەیاند بە تایبەت کاتێک پاپا فەرمانی قەبول کردنی ئەم دەستورە نوێ یەی بە حەرام دەرکرد. لویسی شازدەهەم یەکەم کەس بو کە بەم بڕیارەی پاپا زۆر پەشیمان بوو، چونکە ئەم خۆی ئیمزای لەسەر

کرد بو و لە ناخیشا گەڵێک ئاین پەروەر بوو هەر بۆیە بەدوای کەلێنێک دا دەگەرا لێی دەرچێ و لە بڕیارەکەی پەشیمان ببێتەوە.



لویسی شازدەهەم و شاژن: ماری ئەنتوانێت

راکردنی پادشا

سەرەڕای ئەوەی پادشا زۆربەی بڕیارەکانی شۆڕشی ئیمزا دەکرد و قەبولی بوو لە زۆربەی بۆنەکانیش پابەندی خۆیان بۆ داخوازیەکانیان نیشان دەدا،بەڵام پادشا و خانەوادەکەی هەردەم بە چاوێکی قینەوە سەیر دەکران، ئەوان لە پەیوەندی بەردەوام دا بون لەگەڵ پادشاکانی ئەوروپا بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەو بە فریا هاتنیان، لەگەڵ کۆچبەرانیش لە پەیوەندیدا بون بۆ پیلان گێران دژی شۆڕشگێرەکان، تا ئەوکاتیش بێ ئومێد نەبون لەوەی جارێکی تر ببوژێنەوەو دەسەڵاتی پادشایەتیان بۆ دۆخی جاران بگەڕێتەوەو بەسەر شۆڕشگێرەکاندا زاڵ بن.

بەڵام فشاری کۆچبەران لە لایەک و دەستگرتنی توندڕەوەکان بەسەر بڕیارو کارەکانی شۆڕش لە لایەکی تر ئارامیان لە پادشا بڕی بوو، لە دوایین جاریش دەستوری ئەکلیرۆس کە پاپای لێ زویر کرد هاتە پاڵ فشارەکان ئەمانە هەموویان بونە خاڵی ناکۆک لەگەڵ ناخی پادشا لە کاتێکدا ئەم پیاوێکی بڕواداری کریستی بوو.

ئەوەی راستی بێ تەنها پادشا بەتەنیا لەم کارانە پەست و ناڕەحەت نەبوو، پیاوەکانی دەورو بەریشی توشی تاروکەیی ببون لەوانە میرابۆ کە پێشتر باسمان لێیەوە کرد پیاوێک بوو بڕوای بە پادشایەتی دەستوری هەبوو بە فەراهام کردنی ئازادیە سیاسیەکانی هاوڵاتیانەوە.

میرابۆ بۆ بەرەنگار بونەوەی توندڕەوان هەوڵی دا هاوکاری لەگەڵ میانڕەوان بکا بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی مەرکەزیی بەهێز کە بتوانێ بەرپەرچی ئاژاوە گێران بداتەوە و لە ناویان بەرێ بۆ ئەم مەبەستە فشاری خستبوە سەر ئەنجومەنی نیستمانی.

بۆ هەمان مەبەست داوایەکی ئاراستەی پادشا کرد کە هاوکاریی بکات تا بتوانێ کار بکاتە سەر ئەنجومەن وسەروەری رژێمی فرانسا بگەڕێنرێتەوە. بەڵام بە مردنی لەناکاوی میرابۆ لە نیسانی 1791پادشایەتی دەستوری پشتگیری یەکی بەهێزی لەدەست دا، دەکرێ بڵێین ئەگەر وا نەبوایە درێژە بە داخوازیەکەی دەدرا.

هەر چەند کارەکان بەدوا دەکەوتن پەیوەندی لەگەڵ کۆچبەران توندتر دەبون بە تایبەت لەگەڵ شازادە، ئەویش لە رێگەی وەزیری سوێدی (فرسن) کە لە پەیوەندیەکی گەرم دا بوو بۆ وەدەرنانیان لە فرانسا، بە دیدی ئەمان لە دەرەوی فرانساوە باشتر کار بۆ رزگار کردنی فرانسا دەکرێت. وەزیری سوێدی کاری بۆئەوە کرد پادشا و خانەوادەی لە فرانسا وەدەر نێت.

پادشاو خانەوادەی بە داشقەیەکی داخراو بەنهێنی لە پایتەختەوە بەرەو سنوری باکوری رۆژهەلاتی وڵات رایان کرد لە 21ی حوزەیران گەیشتنە فارین کە شارێکی بچووکە لە نزیک سنور. بەڵام کارەکەیان لێ ئاشکرا دەبێ و بە زۆر رۆژی دواتر لەژێر پاسەوانێتیەکی توند دەیان گەڕێننەوە پاریس.

ئەوەی راستی بێ راکردنی پادشا هەموو پەردەکانی نێوان خۆی و میانڕەوەکان روخاندن کە پشتگیریان لە مانەوەی کورسی و تەلاری پادشا دەکرد بە حکومەتێکی باڵا دەسەڵاتەوە لەگەڵ بەردەوام بونی شۆڕش. جگە لەمەش کاردانەوەی راکردنی پادشا لەسەر لایەنگر وبانگخوازانی پادشایەتی دەستوری هەبوو، سەرەڕای توندڕەوە کۆماریەکان کە بانگەوازیان بۆ بیری ئازادی دەکرد دەرفەتیان بۆ رەخسا فراوانتر کار لەسەر بیرۆکە کانیان بکەن، چونکە بەم ڕاکردنەی پادشا ماکی خیانەت بە خۆی و خانەوادەکەیەوە لکا، بەوەی هاوکاری کۆچبەرانی دەکردو دەستی لەگەڵ وڵاتە بێگانەکان تێکەل کردبو بۆ لەناو بردنی شۆڕشگێڕەکان، ئەوەی کارەکانی زیاتر ئاڵۆز کرد ئەو راگەیاندنەی پادشا بوو کە بەر لە راکردنی رایگەیاند بوو دەلێ:

(ئەو بڕیارانەی لە دانیشتنی 23ی حوزەیران داومە پوچەڵیان دەکەمەوە چونکە لەژێر فشار ئیمزام کردون) ئەمە بە راشکاوانە ئەوە دەگەیەنێ کە پادشا هەموو دەسکەوتەکانی شۆرش رەت دەکاتەوە.

هەر لەوکاتەی پادشا گەڕایەوە پاریس چارەنوسی پادشاو خانەوادەو کورسیەکەی جێی مشتومڕانێ بوو بەتایبەت لە نێوەندی توندڕەو وخاوەن دەنگەکان دا، بە ئاشکرا بانگەشەی رژێمی کۆماریان دەکرد. بەڵام کەسە میانڕەوەکان لە لادانی پادشا دەترسان لەوەی لە ئەنجامی نەمانی دەسەڵاتی پادشا ئاژاوە و پەشێوی لە وڵات بڵاو بێتەوە، بۆیە پشتگیریان لە کارا کردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کرد تا کار بۆ ئەوە بکەن پادشا بگەڕێننەوە سەر تەختی پادشایەتی و دەسەڵاتەکانی سنوردارکەن. ئەوەبو ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیارێکی لەم شێوە دەرکرد کە بە ناوەڕۆک وسیما کۆماری بوو، بۆ گەلی فرانساشی ئاشکرا کرد کە پادشا بە زۆر لە کۆشک وەدەر نراوەو روەو سنور دورخراوەتەوە، بۆیە پادشا لەم راکردنەی بەرپرسیار نیە.

بەڵام کۆماری خوازو توندڕەوەکان ئەم بڕیارەی ئەنجومەنیان رەت کردەوەو لە 17ی تەموز خۆپیشاندانێکی مەزنیان رێکخست مەبەستیان تۆقاندنی ئەنجومەنی نیشتمانی بوو بەمەش جلەو یان لە دەست میانڕەوان دەرکرد، پاسەوانی نیشتمانی خۆیان تێ هەلقورتاند، بەرگریان لە مانەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی وبەردەوامی شەرعیەتی دەسەڵاتی وڵات کرد، بۆ ئەم مەسەلەیەش ئەنجومەن چەند هەنگاوێکی خۆپاراستنی نا، بۆ رازی کردنی جەماوەری توڕەش بڕیارێکی دەرکرد کە دەسەڵاتەکانی پادشا بوەستێنرێت تا ئەوکاتەی دەستورێکی نوێ بۆ وڵات دادەنرێت، بە هێشتنەوەی مافی پادشایەتی..

راگەیاندنی بلنیتز

تا هاوینی 1791هەموو هەوڵەکانی کۆچبەران بۆ راکێشانی وڵاتە ئەوروپییەکان بۆ ناو شەڕ دژی فرانسا لە پێناو رزگار کردنی رژێمی پادشایەتی هەرەسیان هێنا، هەروەها هەوڵەکانی پادشا لەلایەن ئیمپڕاتۆریەتی نەمساو گفتەکانی کە بە ئینگلیزی دابون بە پێدانی هەندێک لە موستەعمەرەکانی هیچیان سەرنەکەوتن، نەمسا و ئیمپڕاتۆریەکەی بە کێشە ناوەخۆییە کانیانەوە گیریان خواردبوو و ئینگلیزیش خەریکی مشوری بازرگانیەکانی دەرەوەیان بون کاتی ئەوەیان نەبوو خۆیان خەریکی کێشەکانی فرانسا بکەن.
بەڵام بڕیارەکەی ئەنجومەنی نیشتمانی کە بەهۆی راکردنیەوە پادشایان لەدەسەڵات دور خستبۆوە سەرنجی پادشاکانی ئەوروپایان بۆ خۆ راکێشا و پێی ناڕەحەت بوون، ئەوەبوو لە 21 ئابی 1791 لە پلینتز کۆبونەوەیەک بۆ دوان و لێکۆلینەوە لەسەر ئەو گۆڕانانەی لە فرانسا رویان داوە لە نێوان ئیمپڕاتۆری نەمساو پادشای بڕوسیا رێک خرا، لەم کۆبونەوەیە راگەیاندنێکی هاوبەش راگەیەندرا تیایدا وهاتبو:
پشتگیری کردن لە پاراستنی سەلامەتی و مانەوەی تەختی پادشای فرانسا ئەرکی هەمو پادشاکانی ئەوروپایە، ئامادەیی خۆشیان خستە رو ئەگەر پادشاکانی ئەوروپا بە پیر بانگەوازە کەیانەوە بێن ئەوا ئامادەن یارمەتی پادشای فرانسا بدەن، ئەمە وای لێ بەدی دەکرێ کە ئەوان ئامادەن هاوکاری پادشای فرانسا بکەن ئەگەر هەمو پادشاکانی ئەوروپا رازی بن، ئەمەش مەحاڵە بکرێت! راگەیاندنەکە بە زمانێکی دبلۆماسی و زیرەکانە داڕشترابوو، نەک وەکو داڕشتنی شۆڕشگێڕەکان و جەماوەری فەرەنسی، لەگەڵ ئەوەش بەیاننامەکە بە هەڵە لێکدرایەوە، لێکدانەوەکە دەڵێ نەمساو بڕوسیا لەوپەڕی ئامادە باشی دان بۆ دەست تێوەردانی کاروباری فرانسا، لە روێک لاوازی پادشای فرانسای دەگەیاند لە روێکیشەوە شۆڕشگرەکان وا لێی تێگەیشتن کە پادشا دەستی لەگەڵ بێگانەکان تێکەل کردوە، ئەمەش هەڵوێستی پادشا لاواز دەکاو ورەی جەماوەرو شۆڕشگرەکانیش بەرز دەکاتەوە.

یانەکان

سەردەمی ئەنجومەنی نیشتمانی چەند یانەیەکی سیاسیی بەخۆوە بینی کە سیاسەت مەدارو بیرمەندەکان و سەرکردە شۆڕشگرەکان هامشۆ یان دەکردن ومشتومڕی سیاسی و ئالو گۆڕی راو بۆچونەکانیان لێ ئەنجام

دەدا. ئەم یانانە ڕۆلێکی پڕ بایەخ وگرنگیان دەگێرا، هەمو ئەوانەی لە سەردەمی شۆڕش دەهاتنە سەر حوکم لە ناودارانی ئەم یانانە بون دواتر بە پەرەسەندن وگەشەکردنیان ئەم یانانە بونە نیمچە حزب، لە وڵات زۆربەی گۆڕانەکان لە ژێر کاریگەری ئەم یانانە رودران، لە مێژووی فرانسای نوێ بەناوبانگ ترین یانەکان سێ یانە بوون:

1_ یانەی کۆردلێیر: بارەگاکەی لە کۆنە دێرێکی باوکە فەرەنسیسکانەکاندا بوو. پێشەنگانی ئەم یانەیە نوێنەرانی چینی کرێکارو هەژاران بوون. بە ڕونتر بڵێین پێشەنگانی ئەم یانە بەدوای چارەسەریەکی ریشەیی بۆ فرانسا دەگەڕان، ئەوان سیستەمێکی دیموکراتیان مەبەست بوو هەندێک جار لە روی کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە سیمای توندڕەوی لە سەرکردەکان بەدی دەکرا، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیان بە خاوەندارێتی و رۆژانەو دادپەروەریی کۆمەڵایەتیەوە هەبو، (مارا) لە سەرکردە هەرە ناسراوەکانیان بو (مارا) پزیشک بوو دواتر بوو بە رۆژنامە نوس، رۆژنامەی (لامی دو پاولە) ی دەردەکرد بەهۆی بوێری و نەترسی سەرنوسەرەکەیەوە لە رۆژنامە هەرە بەربڵاوەکان بوو، ئەم پیاوە هەردەم لە سەر دۆزی هەژار و نەدارانی دەنوسی ئەم کاری بۆ پەیداکردنی نان بۆ هەژاران دەکرد و بۆ ئەو رۆژەی سامانی دەوڵەمەندان بەسەر هەژاراندا دابە ش بکرێت کاری دەکرد.

دیمۆلین، یەکێکی تر بوو لە سەرکردەکانی ئەم یانەیە، ئەمیش رۆژنامە نوس بوو بە بیرە توندڕەوەکانیەوە ناسرابوو، لە ناو شۆڕشگێڕەکان یەکەم کەس بو بانگەشەی بۆ کۆماری دەکرد، دانترۆن وروبسبیر بەردەوام سەردانیان دەکرد.

2_ یانەی یاقوبیەکان لە راستیدا ئەم یانەیە لە هەندێک ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی ئەوانەی بەردەوام سەردانی کەلیسای یاقوبیان دەکردن کە لە تەنیشت ئەنجومەنەوە بو پێک هاتبوو، بەم هۆیەوە ئەم ناوەی لە خۆ گرت دەنا ناوە ڕەسەنەکەیان(کۆمەڵەی دۆستانی دەستور) بوو ئامانجی ئەم کۆمەڵەیەش چەسپاندنی دەسکەوتەکانی شۆڕش بوو، پشتگیری کردن لە رژێمی پادشایەتیی دەستوری، لەم روانگەیەوە سیمای میانڕەویی پێوە دیار بوو، سەرچاوە و پاشخانی ئەو یانانە بوون کە لە سەرتاسەری وڵات بڵاو ببونەوە، بە هەوڵ و تەقەڵای رۆژنامە بەربڵاوەکەیان بوو کە لە داهاتو بوو بە دیار ترین سەنتەری سەرکردایەتیی فرانسا لەسەردەمی شۆڕش.

لە دیار ترین سەرکردەکانیشی (مارکیز دیلافییت) بوو ئەوەی سەرپەرشتی لە دامەزراندنی پاسەوانانی سڤیلی کرد، هەروەها میرابۆ ی گوتار خوێنیش هامشۆی دەکرد و رۆلی سەرکردایەتیی تیا گێڕا وێڕای هەریەک لە دانتۆن و ڕۆبسپێر.

سەرەڕای ئەوەی ئەم یانەیە نوێنەرایەتی باڵی میانڕەویی دەکرد بەڵام بەهۆی تێ کەوتنی کەسانی توندڕەوو روداوەکانی فرانساوە بەرەو توندڕەوی هەنگاوی دەنا، لەگەڵ ئەوەش سەرکردەکانی لە پیاوە برجوازەکان

بون، بەڵام دواتر ئەم یانەیە بوو بە بەرگریکاری مافی نەداران و چینی هەژاران، چونکە کەوتبوە ژێر کاریگەری توندڕەوان.

3_ یانەی جیرۆندیەکان: لە روی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە ئەم یانەیە نوێنەرایەتی باڵی راستی شۆڕشی دەکرد، لە روی سیاسیشەوە لە سەرەتای شۆڕشەوە پێشرەکانی نوێنەرایەتی توندڕەوانیان دەکرد و مەیلی کۆماریخوازیان هەبوو، ئامانجەکانیشیان بە گەرخستنەوەی پیشەسازی و بازرگانی و ئازادیی ئابوری و پاراستنی خاوەندارێتی مولکداران بوو، لەگەڵ هەنگاو نانی شۆڕش بەرەو توندڕەوی ئەمان پەیتا پەیتا لێی دور کەوتنەوە تا بەرر لە سێدارە دانی پادشا بەرگرییان لێی دەکرد، دواتر لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان کە کەوتبونە مەترسی یەوە مەبەستیان بوو سازش لەگەڵ ئوروستوکراتەکان، لە سەرکردە دیارەکانی ئەم یانەیە : خاتوو رۆلان و بریسۆ.

بە هەر حاڵ ئەم یانانە بون بە ت بنکەیەک بۆ بەیەک گەیشتنی کەسانی خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەش و بیرو بۆچۆنی لەیەک نزیک، ئەوە نەبون کە ببنە پارتی رێکخراو وەک ئەوانەی ئەمرۆ دەیان بینین، زۆر لە سەرکردەکانی شۆڕش هامشۆی زۆربەی یانەکانیان دەکرد بێ جیاوازی لەم یانەوە بۆ یانەیەکی تر بێ مەرج وسانسۆر دەچون، لەوانە روبسپیر ودانتۆن کە هامشۆی زیاتر لە یەک یانەیان دەکرد.

دەستوریساڵی 1791

لە کۆتاییەکانی هاوینی 1791 ئەنجومەنی نیشتمانی کۆتایی بەو کارانەی خۆی هێنابو کە لە ساڵەکانی یەکەمی شۆڕش بەسەر خۆیدا سەپاند بو، بریتی بون لە بڕیاردانی دەستورێکی دیموکراتی بۆ گەلی فرانسا، تیایدا ئازادیە گشتیەکان و دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی تیا ئاماژە پێ کردبێ. هەر واش بوو لە 3 ی ئەیلول ی 1791 ئەم دەستورە کەوتە مەیدانی جێبەجێ کردن دوای ئەوەی لویسی شازدەهەم ئیمزای لەسەر کردو سوێندی لەسەر خوارد کە پابەندو دلسۆزی بێ.

تا رادەیەک ئەم دەستورە وەکو هیواو ئاواتەکانی گەلی فرانسا لە دایک بوو کە ساڵانێک بوو بە ئاواتیەوە بون بۆ بەدی هێنانی ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی. ئەمەو زۆر لە بڕواکانی نوسەرە پێشکەتوو خوازەکان، نمونەی رۆسۆ و مۆنتسکیۆ و ڤۆلتێر، لە بڕگەکانی ئەم دەستورە بون. بەڵام بە هەوڵی بەرهەڵستیی نوێنەرانی میانڕەو لە سەرکردەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی توانرا بە روی رەوتی توندڕەواندا بوەستن، تا دەست بە سیستەمی پادشایەتیەوە بگرن بە هێشتنەوەی دەستورێکی دیموکراس تیایدا دەسەڵاتە کانی پادشا سنوردار کرابن، وێرای پاراستنی ئازادیە گشتیەکان و مافی خاوەندارێتیی کەسێتی بەو پەڕی فراوانیەوە، لێرەشدا هەوڵ دەدەین کە هەندێک لە بڕگە کانی دەستور بخەینە روو:

1_ چاوکی سەروەری وولات گەلە، کە لە رێگای دەزگاو ئۆرگانە هەلبژێردراوە کان وپادشاوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

بەم پێوەرە دەستبەرداری شێوازە کۆنەکە بون کە دەیگوت : پادشا بەتەنیا چاوکی سەروەری دەوڵەتە و هەر خۆشی لە جێبەجێ کردنەکان بەرپرسە، گەلیش بۆی نیە لیپرسینەوە لەگەڵ پادشا بکات چونکە ئەم بڕیارەکانی خودا جێبەجێ دەکات، لە سەردەمی کۆنەوە کار بەم دەقەی سەرەوە دەکرا

لە دەستوری نوێ دەسەڵاتەکانی پادشا سنوردار بوون، وەزیرەکان لە جێبەجێکردنی یاسادا بە هاوشان لەگەڵ پادشا مافیان هەبوو، لە بەر دەمی ئەنجومەن نونەرایەتی ناکەن و لە دیباجەکانیش بەشدار نابن، دەسەڵاتی فەرماندارێتی سوپای دەریاو ئاسمان و زەمین و بەڕێوەبردن کاروباری دەرەوەیان پێ سپێردرا لەگەڵ مافی ڤیتۆ لەسەر ئەو یاساو بڕیارانەی ئەنجومەنی نیشتمانی دەریان دەکات، لەمەو دوا پادشا لە سەر تەختی پادشایەتی لە فرانسا بۆ خزمەتی فرانسا وگەلەکەی دەبێ، نەک وەکو پێشتر بۆ سەروەریان بێ، لە هەندێک بڕگەدا ئەوەش کرایە دەسەڵاتی گەل کە بۆی هەیە لە هەندێک حاڵەتدا پادشا دور بخرێتەوە یا دەسەڵاتەکانی لی بسەندرێتەوە.

دەسەڵاتی یاسا دانان

ئەم دەسەڵاتە بە ئەنجومەنی یاسا دانان درا کە هەر دوو ساڵ جارێک لەلایەن گەلەوە هەڵدە بژێردرێت، بە مەرجێ ئەندامی ئەنجومەن بۆی نەبێ جاری دووەم بۆ ئەنجومەن خۆی بپاڵێوێ تا سەدەیەکی بەسەر تێپەر نەبێ، بە هۆی ئەوەی ئەنجومەن نوێنەری گەلەو ئەم چاوکی سەروەری و دەسەڵاتە، تەنها ئەم بۆی هەیە کاتی نوێ کردنەوەی کابینەکان دیاری بکات، لە دەسەڵاتی پادشادا نیە ئەنجومەن هەلوەشێنێتەوە.

لە دەستوری نوێدا دیاری کرا کە ئەندام بە دوو پلە دیاری دەکرێت، چەند مەرجێکیش بۆ ئەندامان دیاری کران، کە دەبێ دەنگ دەر ڕۆژانەی سێ ڕۆژ بە خەزینەی دەوڵەت بدات، بە پێی ئەم بنەمایە لە کۆی 24 ملیۆن کەس تەنها 4300000 کەس چوار ملیۆن و سێسەد هەزار کەس بۆی هەیە دەنگ بدەن، لەگەڵ ئەوەی ئەم شێوازە هەڵبژاردنە یەکسانیی بۆ گەلی فەرەنسی دەستەبەر ناکات و زۆر کەس لێی بێبەش دەبن تەنها لەبەر ئەوەی هەژارن، کەچی شۆڕش بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەم هەڵبژاردنانە گشتین و بۆ هەمو کەسێکە، بەڵام هەرچۆنێکی بێ هەنگاوێکی مەزن بوو بەرەو دیموکراسیەت.

دەسەڵاتی فراوان بە ئەنجومەنی یاسا دانان دران بەتایبەت لە مەیدانی دانانی یاسادا، دیسان مافی دیاری کردن و بوردنی باج خرایە ژێر دەسەڵاتی ئەم ئەنجومەنە.

_ بڕوابون بە جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان، لە دەستوری نوێ بە تەواوەتی بڕیاری لەسەر درابوو، ئەرکەکانی فەرمانڕەوایی بە دەزگای سەربەخۆ سپاردران تا هەر یەکە بە جیا کارەکان ئەنجام بدا، کاری یاسا دانان، جێبەجێ کردن، دادوەری، لەیەک جیا کرانەوە.

هەموو ئەو بڕگانەی لە پەیماننامەی مافی مرۆڤ کە لە ئەنجومەنی نیشتمانی دەرکرابون، دەستور پەسندی کردو بۆی کرانە پێشەکی.

لە تەوا بونی هەمواركردنی دەستوری نوێ هەرچی سەروەری و شانازی ومێرخاسی هەبون لە دەستورەكە بڕیاری لەسەر درا، دواتر بونە مایەی سەریەشە بۆ فرانسا. ئەنجومەنی نیشتمانی مافی خۆ پاڵاوتن بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی یاسا دانانی لە ئەندامەكانی خۆی سەندەوە، بەو مەرجەی دە ساڵ بەسەر ئەندام بونی لە ئەنجومەنی نیشتمانی تێپەڕكا ئەوسا بۆی هەیە خۆی بۆ ئەنجومەنی یاسا دانان بپاڵێوێ. بەم شێوەیە ئەنجومەنی یاسادانان لە كەسە خاوەن ئەزموون و زانا كۆنەكانی فرانسا بێ بەش بوو هەموو ئەوانەی لەم ئەنجومەنە بوون بە ئەندام كەسانی گەنج وكەم ئەزموون بون شارەزایی كەمیان لە بەڕێوەبردنی ووڵات هەبوو، زۆربەیان كەسانی هەرزەكار وتوندڕوەو بون.

ئەنجومەنی یاسا دانان

لە سەرەتای مانگی ئۆكتۆبەری 1791 بەپێی دەسەڵاتەكانی دەستوری 1791، ئەنجومەنی یاسا دانان یەكەم كۆبونەوەی خۆی بەست. بەهۆی ئەوەی ئەنجومەنە نوێكە ئەندامانی بەتواناو خاوەن ئەزمونیان تێدا هەڵنەكەوتبو، چەند گەنجێك لە برجوازەكانی ناوچەی جیرۆندی باشوری رۆژئاوای فرانسا دەستیان بەسەر ئەنجومەنەكەدا گرتبوو، ئەم كۆمەڵە گەنجە خوێن گەرم بون بانگەشەی كۆماریيان دەكردو لە هەولی هەناردنی ڕێبازی شۆڕشەكەیان بوون بۆ دەرەوەی وڵات، بۆئەوەی ببێتە دیاری و سەركەوتن بۆ چینی چەوساوە.

هەر لەسەرەتاوە ئەنجومەن بەرامبەر بە سێ ئەركی گرنگ خۆی بەرپرسیار دەبینی:

1_ هەمو بڕگەكانی دەستوری نوێ بكەوێتە بواری جێبەجێ كردن و ریز لە بڕگەكانی بگیرێ و لە پێناو بە كارا كردنیشی شەو نخونی بكەن، بەم شێوەیە ئەم ئەنجومەنە دەبێتە خاوەنی دەسەڵاتێكی دیار، نەك وەكو ئەنجومەنی نیشتمانی كە تا ئێستا خاوەنی دەستورێك نیە كە دەسەڵاتەكانی دیار بن.

2_ بە پێی یاسای دەركراو لە ئەنجومەنی نیشتمانی كار بۆ پاراستنی دەسكەوتەكانی شۆڕشی فرانسا بكرێت.

3_ پاراستنی فرانسا لە مەترسیە دەرەكیەكان وچاودێری كردنی ئەو هەورە رەشەی خەریكە لە سەر ئاسمانی پەیوەندیەكانی فرانساو دراوسێكانی كۆ دەبێتەوە.

هەڵوێستی ئەوروپا لە شۆڕشی فرانسا

لەساڵی 1790وە لە ئەوروپا بە تایبەتی لە نێوەندی حکومی و گەلەری و سیاسی دا دیاردەی هەست کردن بە مەترسیەکانی بڵاو بونەوەی بڕواکانی شۆڕشی فەرەنسی لە وواڵاتە دراوسێکان پەرەی سەند، لە هەمان ساڵ دا شاری ئەڤینۆن ی سەر بە پاپا بۆ داخوازی مافی چارەی خۆنوسین چونە پاڵ فرانسا و یاخی بونی خۆیان راگەیاند، دواتر هەڵگرانی ئاڵای ئازادی و مژدە دەرانی داخوازیی مافی چارەی خۆ نوسین ئەوانەی لە دۆڵی راینی بەلژیک بڵاو ببونەوە پێشوازیان لێ کردن، ئەم کارانە ئاگاداریەک بون، بۆ ناساندنی هێزی پارێزەران بەتایبەت لە نەمساو بروسیا، بۆ ڕەواندنەوەی گومان لەسەر بانگەشەی کۆچبەران سەبارەت بە ئاسۆی راستەقینەی شۆڕشی فرانسا، لەئەنجام ئامۆژگاری و هەوڵەکانی کۆچبەران لە ئەوروپا زیاتر گوێیان لێ رادەگیرا.

ئەوەی راستی بێ رابردوی پەیوەندیەکانی فرانساو نەمسا هەر لە رۆژەکانی سەرەتای شۆڕشەوە پڕ بون لە ناکۆکی و کێشە. جگە لەمەش شۆڕش وڕێبازەکەی بوونە مەترسی لەسەر رژێمی پادشایەتی لە فەرەنساو ئەوروپا بەگشتی. چونکە بانگەوازی مافی چارەی خۆنوسینی گەلان لایەنێکی تری مەترسیەکانی چرتر کردبوەوە چوونکە وواڵاتی نەمسا لە گەلێک نەتەوە پێک هاتوە، پیادە کردنی ئەم ڕێبازەش چارە نوسی ئیمپراتۆریەت دەخاتە مەترسیەوە، دواتر سوکایەتیەکی زۆریش بە پادشای فرانساو شاژن دەکرا کە شاژن بەرەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی پادشاکانی نەمسا، کیشەیەکی تری میرە ئەڵمانیەکان لە ئەلزاس هەبوو، بە پێی پەیماننامەی وستگال لە 1648 لەو ناوچەیە مافی دەرەبەگایەتیان هەبوو. دواتر بڕیارەکانی 4 ی ئاب هاتن کە مافی خاوەنداریێتیان بەبێ بەرامبەر وقەرەبو لە میرە ئەڵمانیەکان سەندەوە. گلەیی و ناڕەزاییەکان ڕوبەڕوی سەر نەمسا کرانەوە چونکە میرەکان پەناهەندەی ئەو بون دەبوایە ئەم بەرگریان لێ بکات. دواتر کۆچبەرەکان لە سەر خاکی میر نشینی ترێڤس ی نەمسایی کۆبونەوە کە دوژمنایەتیەکی توندیان لەگەڵ شۆڕشی فرانسا هەبوو، سەرەڕای ئەم هەموو کێشمە کێشە ئیمپراتۆری نەمسا لیو بولد ترسی لە ئەنجامی شەڕ کردن لەگەڵ فرانسا هەبوو ئەم دەیزانی ئەم شەڕە گەلێک قورس و درێژخایەن دەبێ، بە مەبەستی دور کەوتنەوە لەم شەڕە زۆر لەبەر خوشکەکەی خۆی[1] پاڕایەوەو داوای هاوکاریی لێ کرد تا لەم کێشەیە هاوکاریی بکات ، دیسان خۆی لەبەردەم داخوازیەکانی کۆچبەران راگرت، ئەوان داوای هاوکاریان لە نەمسا دەکرد بۆ هێرش بردنە سەر فرانسا. ئەمەو داوای لەو پادشایانەی ئەوروپا کرد ئەوانەی ترسیان لە ڕێبازی شۆڕش و ناردنە دەرەوەی شۆڕش هەبو تا بە هەر شێوازێک بێت ڕێگە لەم شالاوەی فرانسا بگرن، لەوانە پادشاکانی روسیا وئیسپانیا.

---

[1] شاژنی فرانسابو.. و.

بەڵام مردنی ئیمپڕاتۆر لیوبولد وهاتنی فەرەنسیس ی کوڕەکەی بۆ سەر تەختی پادشایەتی، بەهۆی ئەوەی هەم توندڕەو وهەم بایەخی بە پڕۆسەی ئاشتەوایی نێوان فرانساو نەمسا نەدەدا، ئەم ئیمپڕاتۆرە نوێیە وڵاتی بەرەو شەڕ برد لەگەڵ فرانسا.

لە فرانساش کەشو هەوای شەڕخوازی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە پەرە سەندن دابوو، پادشاخوازەکان و شکۆدارەکان هانی ئەو کەش و هەوایەیان دەدا، بە بۆچونی ئەوان هەڵگیرسانی جەنگ، فرانسا بەرەو شکست دەبا، کە تەنها بە لاواز بونی فرانسا دەتوانن پادشایەتی بپارێزن و ئەوانیش لەسەر سودمەندێتی و (ئیمتیازاتە) کانیان بەردەوام بن، گوروپی جیرۆندیەکانیش کە لە ئەنجومەنی یاسا دانان باڵا دەست بون ئەوانیش بۆشەڕ تینو و هاوڕا بوون، چونکە بەبۆ چونی ئەوانیش سەرکەوتنیان مسۆگەرە، سەر باری بێ هێزی فرانساو هەژاری و نەبونیی. ئەوان رۆمانتیکی و ئەندیشەیی بیریان دەکردەوە، بیرکردنەوەیان لەواقیع دور بوو، لەو بڕوایە دابون ئەگەر شەڕ هەلگیرسا خەڵکی ئەوروپا هۆکارەکانی جەنگ دەخەنە پاڵ پادشاکان، بۆ لەناو بردنی رژێمی پادشاکانیش لە شۆڕش دە ئالێنەوە لە ئەنجام بڕواکانی یەکسانی و ئازادی و دادپەروەری سەردەکەوێ.

یەکەم نیشانەو هەنگاوەکانی جەنگ ئەو گەفە بوو کە فرانسا بە تریف ی میری نەمسای دا، فەرمانیان پێی دا ئەو کۆچبەرە فەرنسیانەی سەر خاکی نەمسا وەدەرنێت و چەکەکانیشیان رادەستی فرانسا بکاتەوە. لێرە هەندێک لە سەرکردە وشیارەکانی شۆڕش هەستیان بە مەترسیەکانی جەنگ دەکرد چونکە ئەوان لاوازی و بێ توانایی فرانسایان دەزانی کە ئەم شەڕە لە قازانجی ئەوان دا نیە، یەکێک لەوانە رۆبسپێر بڕوای وابوو ئەگەر فرانسا لەم شەڕە دۆرا دەسکەوتە ناشەرعیەکانی پادشا وچینی شکۆدارەکان دەگەڕێنەوە، بەڵام ژمارەی ئەم جۆرە سەرکردانە کەم بوون، نەیان دەتوانی ڕەوڕەوەی جەنگ راگرن.کاتێک فرەنسیس ئیمپڕاتۆری نەمسا ئاگاداری و پەندەکانی باوکی بە هەند وەرنەگرت، بەرەنگاریەکانی فرانسای قەبول کردو لەگەڵ بڕوسیا پەیماننامە یەکیان لە 7ی شوباتی 1792مۆر کرد، لە نیسانی هەمان ساڵیش دا نەمسا گەفێکی بۆ فرانسا نارد تیایدا داوای کرد:

_ مافی میرە ئەڵمانیە دەرەبەگەکانی خاکی ئەلزاس بۆیان بگێڕێتەوە.

_ کەرتی ئەڤینیۆن یش بۆ ژێر دەسەڵاتی پاپا بگێڕێتەوە.

_ چیتر کار بۆ بڵاو کردنەوەی بیرۆکەی شۆڕش لە ئەوروپا نەکات.

لەبەر ئەوەی جیرۆندیەکان ئەوکات زۆرینەی ئەنجومەنی یاسا دانان بون بەم مەرجانە رازی نەبون بە تایبەت سەرکردەی بەتوانا وەزیری دەرەوە یان جەنەرال دیموریێ، ئەم بە کەسێکی بە تواناو سەرکێش ناسرا بوو.

ئیتر لە20ی نیسانی *1792* بڕیاری جەنگیان دژی نەمسا راگەیاند، ئەو نەمسایەی ئێستا دوژمنی سەرسەختی فرانسایە و سوێند خۆری خانەوادەی پادشاکیەتی، لە راگەیاندنەکەی فرانسا دا هاتبوو، بە پاساوی بەرگری کردن لە ئازادی و سەروەریەکانی فرانسا ئەم بڕیارەمان داوە.

جەنگ لەگەڵ نەمسا و بڕوسیا

هەر لەسەرەتای جەنگەوە بێ توانایی سوپای پادشایەتی فرانسا لە بەرامبەر سوپای دوو لە بەهێزترین وولاتانی ئەوروپا دەرکەوت کە نەمساو بروسیا بوون. فرانسا ئەو سوپایەی کە ناردبوی بۆ داگیر کردنی بەلژیک هەر زوو بە تێکشکاوی گەڕایەوە، بەمەش فرانسا لەسەنگەری هێرش بردنەوە کەوتە سەنگەری بەرگری کردن لە هیرشەکانی لەشکری هاوپەیمانان دژی فرانسا.

لە مەزنترین نیشانەکانی دۆڕاندنی فرانسا،خەڵک لە پاریس کەوتبونە گەڕان بەدوای ئەو لایەنەی کە بەر پرسیارێتی جەنگی دەکەوێتە ئەستۆ و باجەکەی دەدات، دیارە کەس بە رەزامەندی خۆی ناچێتە بن باری سەرنەکەوتن و دۆڕان، بۆیە سەرنجەکان روەو پادشا دەچوون،پرسیار ئەوە بوو، ئایا چۆن کۆشک و پادشا وا بە ئاسانی بڕیاری هەڵگیرساندنی شەڕی لەگەڵ وولاتێک دا کە لە روی رەچەلەکەوە لە پادشاکەیەوە نزیکەو تا دوێنێش هەم دۆست و هەم هاوپەیمانی بوو؟ دیسان چۆن دەکرێ پادشایەک (لویسی شازدەهەم) کە ئێستا لە کۆشکی پاریسە خوازیارە دوژمنەکانی شۆڕش سەرکەون؟

هەواڵی سەرنەکەوتنەکان بۆ پادشا پاساوێکی باش بو تا وەزارەتی جیرۆندیەکان هەڵ بوەشێنێتەوەو لە شوێن ئەمان حکومەتێکی یەکیەتی نیشتمانی دابمەزرێنێ، تالەم حکومەتە هەموو یانەکان بەشدار بن.

ئەمەو پادشا پتر لە جارێک یاخی بوونی خۆی لە دژی ئەنجومەنی نیشتمانی ڕاگەیاند و لە ژێر بەژێریشەوە پەیوەندیی دەکرد بە سوپای نەمسا وبروسیەکان و ئەوانەی لە سەر سنورەکان مەلاسیان دابوو. پیاوە میانڕەوەکان چارەنوسی پادشاو رژێمەکەیان خستە ناو باس و لێکۆلینەوە بەتاییەت کە جیرۆندیەکان هیشتا خەونیان بە کۆماری یەوە دەبینی.

لە 20ی مانگی حوزەیرانی 1792 بە بۆنەی رۆژی (سوێندخواردنی یاریگای تەنس) خۆپیشاندانێکی مەزنیان سازدا خۆپیشاندەران گەمارۆی کۆشکی تویلەری یان دا کە شێن جێنیشی پادشا بوو، پادشا بە هۆی نواندنی نەرم و نیانی لە هەندێک داخوازیەکانیان توانیی بمینێتەوە، بەڵام شێوازی خۆپیشاندانەکە گۆڕدرا ئەو کاتەی لە 25ی تەموز فەرماندەی بروسی گەفێکی دایە خۆپیشاندەران ئەگەر پادشا هیچ زیانی لێ بکەوێ ئەوا پاریسیان بەسەر دا دەروخێنێ.

لەم سەرو بەندەی ڕوداوەکان کەسێک فەرمانداریێتی فرانسای گرتەدەست ئەویش (دانتۆن) بوو ئەم فەرماندەیە فرانسای بەرەو توندو تیژی هەلچون برد، هەر ئەو بوو لە 10ی مانگی ئاب ڕێبەرایەتی خۆپیشاندانە کانی گرتە ئەستۆ و روەو کۆشکی پادشا هەنگاوی نا پاسەوانە سویسریەکەی کوشت و پادشای بەدیل گرت، داوا شی لێ کرد کە سیستەمی کۆماری رابگەیەنێ و کوشتارێکی زۆریشی ئەنجامدا.

ئەنجومەنی یاسا دانان بەباشی زانی تەنها دەسەڵاتەکان لە پادشا بسێندرێنەوە، بۆ چارەنوسی پادشا ئەنجومەنێکی نیشتمانی هەلبژێردرێت بڕیارەکەش بدرێتە دەست ئەم. بە دەست بەسەر کردنی پادشا توندڕەوەکان لە سەروی هەمویانەوە (دانتۆن) رۆلیان لە بەڕێوە بردنی کاروبارە ئیداری وکاروباری بەرگری و وولات بینی، چەند لیژنەیەکی بەرگری بە هاوکاری شارەوانیی پاریس پێک هێنران.



دانتۆن

کاتێک هەواڵی لەدەست دانی شاری فردان گەیشتە پاریس خەڵکەکە شلەژا، لە 19ی ئاب هێزەکانی نەمسای و بڕوسیا سنوری فرانسایان بەزاندبو چەند پێگەیەکیان داگیر کرد، ئاژاوە لە پاریس پەرەی سەند دەستەی چەکداران هێرشیان بردە سەر زیندانەکان کە چەند پیاوی شکۆداری تیا گیرابو لەو کاتەی کە پادشا دەست بەسەر کرابو خۆپیشاندەران نزیکەی 1500 کەسێکیان لە لایەنگرانی پادشاو رژێمەکەی کوشت، دەتوانین بڵێین دانتۆن لەم کوشتارە بەرپرسیارە چونکە هەرنەبێ بێدەنگیەکەی نیشانەی رەزامەندیی بوو، ئەم رەفتارەی بۆ چاوترساندن وتۆقاندنی ناحەزانی شۆڕش بوو بۆ ئەوەی بە لانی کەم لە هەڵبژاردنەکان ببەنەوە.

پاساوەکانی دانتۆن بۆ تۆقاندن، کۆنترۆڵ کردنی بارو دۆخ و سەپاندنی یاسا بوو لەکاتێکدا وڵات بەرانبەر بە دوو سوپای بەهێزترین ووڵاتی ئەوروپا دەجەنگێ. دیارە بو هۆی قەیرانەکانی ئابوری وکەم بونی خۆراک لە بازارەکان کە کارتدانەوەی خەراپی بەسەر بەڕێکردنی جەنگ هەبوو بە هۆیەوە مەترسی لە دژە شۆڕش هەبوو، بۆیە ئامادە بو بەو بە ئاگر وئاسن وەڵامی هەر بزاڤێک بداتەوە، تەنها بۆ ئەوەی کەس بیر لە راپەرین و بەگژداچونەوە نەکات.

ڤالمی

لە بڕگەی پێشتر وتمان لە 19ی ئاب هێزەکانی بروسیا ونەمسا سنوری فرانسایان بەزاند بوو، لە گردۆلکەکانی ڤالمی لەگەڵ (دیمۆری) ی وەزیری پێشوی حکومەتی جیرۆندیەکان بەگژ یەکدا هاتن لە ئەنجام سوپای هاوپەیمانان پاشەکشەیان کرد، هۆکاری کشانەوەکە ئەوەبو لە رۆژهەلاتی ئەوروپا روسەکان کیشەی پۆلۆنیایان نابۆوە دیارە پۆلۆنیاش بۆ بروسیاو نەمسا بایەخی تایبەتیی هەیە بۆ ئەوەی کێشەکە روسیا بەتەنیایی دەستی تێوەرنەدات، خۆیان لە شەڕەکانی فرانسا کشاندەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی فەرەنسیەکان لە شەڕە بچوکەکان گرنگیان بە سەرکەوتن و بەزاندنی هێزی هێرش بەر دابو لەم سەرکەوتنەیان وورەی خەڵکیان پێ بەرز کردەوە، واش نیشاندرا کە توانای پاراستنی سنورەکانیان هەیە، لە راستیشدا شەڕەکانی ڤالمی هەستی نەتەوایەتی فرانسای بەرز کردەوە هەستێکی وای پێ بەخشین کە لە بەرامبەر مەترسیە دەرەکیەکاندا یەک جەستە و یەک گیان بەرگری بکەن، دیسان رەنگدانەوەی باشی لە سەر ناوەوەی فرانسا هەبوو، ئەم شەڕەی ڤالمی پاڵپشتیەکی باش بوو بۆ دایتۆن چونکە خۆ نیشاندانێک بو بە هەبونی توانای پاراستنی باری ئارامی وڵات کە ببێتە مایەی ئەوەی دەسەڵاتی ڕەهایان هەبێ لە دیاری کردنی چارەنوسی پادشا.

لەم کاتەدا بوو ئەنجومەنی یاسا دانان هەڵوەشایەوەو لە شوێن ئەم (کۆنگرەی نیشتمانی) هەلبژێردرا کە چارەنوسی رژێمی پادشایەتیی لە ئەستۆ گرت.

کۆنگرەی نیشتمانی

ئەندامانی کۆنگرەی نیشتمانی لە ژێر رێنماو مەرجی تازە هاتنە هەڵبژاردن، گرنگترین یان، جەخت کردن لەسەر دیموکراسی بە زیاد کردنی ژمارەی دەنگدەران لە رێگەی کەم کردنەوەی تەمەنی دەنگدەر و پوچەڵ کردنەوەی هەندێک لە مەرجەکانی هەڵبژاردن، بۆیە ئەنجومەنێکی توندڕەوو توندو تیژ لە روی شێوازی کار کردن هاتە هەڵبژاردن. لە راستیشدا چەندین ناکۆکیی لەخۆگرتبو، هەر لە کۆبونەوەی یەکەمی لە 21ی ئەیلول 1792 دەرکەوت کە زۆربەی ئەندامانی لایەنگری کۆماری بون، بۆیە لەو دانیشتنە یاندا بەبێ گرفت ئەو بڕیارانەیان دان کە مەبەستیان بون، ئەوانیش بە سەر سێ رەوت دابەش ببون :

1_ جیرۆندیەکان، ئەوانە لە سەرکورسیە کانی لای راستەوە دانیشتبون داوای کۆماری یان دەکرد بەڵام بە مەرج و داکۆکیەکی توندی دژ بە یاقوبیەکان کە نەگەڕێنەوە سەر سەکۆی دەسەڵات چونکە ئەوان (یاقوبیەکان) لە هەڵوێستە کانی کاتی خۆیان پەشیمان ببونەوە لە روی کۆمەڵایەتی و ئابوریشەوە روەو توند رەوی رۆیشتبون.

2_ یاقوبیەکان، ئەمانە ژمارەیان کەمتر بوو بەڵام بۆکارو باری سیاسەت و حوکم ران شارەزا ترو بە توانا تر بوون، پشتیان بە هەژارو جەماوەری کرێکارەوە ئەستور بوو، ئەوان لە کورسیەکانی چەپ و کورسیە بەرزەکان دانیشتبون بەم هۆیەوە خەڵک ناوینابوون (شاخاویەکان).

3_ لە نێوان هەردوو گروپ دا کۆمەڵێکی تر دانیشتبون کە هەڵوێستیان رون نەبوو، خەڵک ناوی نابوون لێپلاینە (ئاسانەکان).

لەگەڵ دەسپێکی سەردەمی کۆنگرەی نیشتمانی، فرانسا چەند سەرکەوتنێکی سەربازیی وەدەست هێنا، لە وانە شەڕەکانی ڤالمیٚ کاتێک فەرەنسیەکان پاشەکشەیان بە دوژمنان کردبوو بەوە نەوەستابون لە ماوەی نێوان 20ی ئەیلول تا 7ی نۆڤەمبەر لە چەند هێرشێکدا توانیان چەند پانتاییەک لە خاکی بەلژیک داگیر کەن لەگەڵ چەند هەرێمێک لە لێواری روباری راین. هەروەها دەستیان بەسەر نیس وساڤوای داگرت.

ئەم سەرکەوتنانە ورەی جەماوەری بەرز کردەوەو زیاتر بڕوایان بە شۆڕش و تواناکەیەوە هێنا لەوە دڵنیا بوون کە شۆڕش لە توانایدا هەیە کارەکان بەڕێوە بەرێت، ئەمە وایکرد کۆنگرەی نیشتمانی لە 19ی نۆڤەمبەر بڕیارێکی خەتەرناک دەربکات کە کاریگەری بەسەر پەیوەندیەکانی وولاتانی دراوسێوە هەبیٚ، تیایدا: ئامادەیی خۆی دەربڕی لە داننان بە سەربەخۆیی هەر نەتەوەیەک کە داوای بکات. بەم شێوەیە فرانسا بوو بە وولاتێکی پڕۆپاگەندە و نێرەری بڕواکانی شۆڕش لە خەسلەتەکانی ئەم کردارەش خۆتیٚ هەلقورتاندن لە کاروباری وولاتان بوو. ئەمە وای گەیاند کە فرانسا بە نیازە دژایەتیەکەی لەگەڵ پادشا ورژێمەکەی وهەموو چەمکە کۆنەکان بۆ دەرو دراوسێکانی بگوازێتەوە، ئەمە زەنگێکی خەتەر بوو بە ئەوروپا درا کە ئاراستە نوێکانی فرانسای بە ئەوروپیەکان ئاشنا کرد، لەگەڵ سوربوونیان لە دەستگرتن بە خاکە داگیرکراوەکانی بەلژیک و چەند هەرێمێک لە کەنارەکانی روباری راین، بۆ ئەوەی چێژی سەرکەوتن لەم داگیر کاریە بە خەڵکی فرانسا ببەخشن و لە بێزاری وترسەکانی هەڵچونی میللەت لە ئەنجامی خاڵی بونی خەزنەی وولات دور کاتەوە، ئەم پڕۆپاگەندە و هەڵوێستانەی رادەگەیاند، بەم شێوەیە فرانسا تەنها بە وولاتی رێکلام و پڕۆپاگەندە نەناسرا بەڵکو بوو بە وڵاتێکی داگیرکەر.

لە سێدارەدانی پادشا

ئەم زاراوە نویٚ و پڕ بەهایانە لە روی سیاسیەوە مەترسی لە دڵی میانڕەوان دا خوڵقاند، ئەوانەی وەکو کۆنە پارێز بیریان دەکردەوە، ناچاربون گروپ گروپ پێک بهێنن و لە روی توندڕەوی دا بوەستن چونکە هەستیان بە مەترسیە ناوەخۆیی ودەرەکیەکان دەکرد کە لە ئەنجامی ئەم کارە دەکەونەوە. ئەم کارە مەترسیەکانی یاقوبیەکانیشی وروژاند، هەڵوێستەکان لەسەر چارەنوسی کۆمار وەستان، بۆ تۆقاندنی دۆست

و لایەنگرانی پادشا بە زەروریان دەزانی پادشا لە سێدارە بدرێت تا ئەرکانەکانی حوکم بچەسپێن و لایەنگرانیش پێ بتۆقێنن.
یاقوبیەکان هەوڵی ئەوەیان دا کۆنگرەی نیشتمانی ناچار بکەن بڕیارێکی لەم شێوەیە بدا بەڵام جیرۆندیەکان بەرپەرچی هەوڵەکانیان دانەوە، وەکو کاردانەوەیەک بۆ لەمپەر خستنە بەر توند ڕەویان بۆ پاشگەز بونیان لەهەڵوێستی کۆماری کۆنیان، داوایان کرد پادشا بدرێتە دادگا، پادشا لەم دادگاییە بەرگریەکی زۆری لە خۆی کرد ئەوەندەی نەمابو دادوەرەکان بگەیەنێتە ئەو بڕوایە کە بێ گوناهە، ئەگەر ڕۆبسپێر خۆی تێ هەڵ نەقورتاندبایە، ئەو هەڕەشەیەی لە ئامادەبوان کرد بۆ ئەوەی کارەکان بە ئاراستەی بەرژەوەندیەکانی بن.
لە 7ی کانونی یەکەم ی 1793 بڕیاری لە سێدارەدانی پادشا دەرکراو لە 21ی هەمان مانگ جێبەجێ کرا.
ململانێ لەگەڵ ئینگلتەرا

ڕە وشەنبیرو شاعیرو بیرمەندانی بەریتانیا سەرەڕای دەربڕینی سۆز و هەستی خۆیان بەرامبەر بە شۆڕشی فەرەنسی، بەڵام تا ساڵی 1791 بریتانیا هەوڵی ئەوەی دا بە فەرمی خۆی لە روداو و گۆڕانەکانی فرانسا هەڵنە قورتێنێ و دور بخاتەوە بێلایەنانە چاودێری روداوەکانی دەکرد، بەڵام توندڕەوی شۆڕش گێرەکان وایان لە بریتانیا کرد لە قۆزاخی بێدەنگی وبێلایەنی بێتەدەر و هاوکاری لەگەڵ لایەنە کانی دژ بە شۆڕش بکات.
داگیر کردنی خاکی بەلژیک لەلایەن فرانساوەو هەڕەشەکانی فرانسا بۆ هۆڵەندا بە رادەیەک کاریان کردبوە سەر بەرژەوەندیە کانی بریتانیا چونکە ئەم دوو وڵاتە بۆبازرگانی بریتانیا شوێن بایەخ بون، بە دیدی بریتانیا داگیر کردنی ئەم دوو وڵاتە لە لایەن ووڵاتێکی مەزنی وەک فرانسا تەنگە بە بازرگانیەکەی هەڵدەچنێ چونکە ئەمان لە سەردەریاوە هاو سنور وهاو کاری بازرگانین بۆیە لە پێناو پاراستنی ئەم بەرژەوەندیانەی ئامادە بوو بەشداری لە شەڕەکان بکات. دواتر ڕاگەیاندنەکەی فرانسا کە تیایدا ئامادەیی خۆی دەربڕی بوو بۆ هاوکاری کردنی خەباتی گەلان لە رزگاری کە لەلایەن بریتانیا رەت کرایەوە، ئەم راگەیاندنە هاندانێکی راستەوخۆی موستەعمەری ئیرلەندا و موستەعمەرەکانی ترە تا بەگژ پادشای بریتانیادا بچێنەوەو لێی یاخی بێ.
لە سێدارەدانی پادشای فرانسا، بێزاریەکی زۆری لە نێو کۆمەڵگای بەریتانی لەسەر فەرەنسیەکان دروست کردبوو،چونکە بەریتانیەکان نیازی ئەوەیان نەبوو لە حاڵەتی لادانی پادشاکەیان لەسەر کورسیی حوکم، چارەنوسی بەم شێوە ئەنجامە بگەیەنن، لە کاردانەوەی ئەم کارە، حکومەتی بریتانیا داوای لە بالوێزی فرانسا کرد خاکی بریتانیا جێ بێلێ و پەیوەندیە دپلۆماسیەکانیشی لەگەڵ پچراندن.
یەکەم هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی

له 1ی شوباتی 1793 کۆنگرەی نیشتمانی بریاری شەڕی دژی بریتانیا راگەیاند، ئیتر بریتانیاش هەڵسا بە بەستنی کۆمەڵێک پەیماننامەو سۆزداری لەگەڵ وولاتە نەیارەکانی فرانسا، یا ئەوانەی لە ئەنجامی لەسێدارەدانی پادشا پەیوەندیان

لەگەڵی فرانسا پچراندبو. بەم شێوەیە هاوپەیمانیەک دژی فرانسا لە وولاتانی نەمسا، بروسیا، هۆڵەندا، سەردینیا، پورتوگال، ئیسپانیا،روسیا، ئینگلتەرا، پێک هات. بەرنامەو پیلانەکانی بریتانیا ئەوە بوو ئەم وڵاتانە بە سوپا بەشداری لە جەنگ نەکەن تەنها لە زەمینەوە هاوکاریە کان پێشکەش بکەن و کاری ڕووبەڕوو بونەوەش لە دەریاوە بۆ کەشتیگەلیەکان جێبێلن و گەمارۆدانی کەنارەکانی فرانسا بۆ دابڕاندنی ئابوریەکەشی، کاری بریتانیا بن.

بەرامبەر بەو هێزە زەبەلاحەی هێزی هاوپەیمانان دەبوایە شکست بە فرانسا بێنن. لە مانگی مارت نەمسا شکستی بە هێزەکانی دیمۆرێ هێناو ناچاری کرد بەلژیک جێ بێلێ، دیمۆریە بۆ پەردە پۆش کردنی شکستەکەی لە فرانسا لەگەڵ چەند لە لایەنگرانی پادشا هەوڵی دا دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێ و کۆماریەکان و حوکم رانەکان وەلانێ بەڵام لەم هەوڵەشی سەرکەوتو نە بوو، ئەویش بەهۆی رازی نەبونی سەربازەکانی. ناچار رای کرد بۆ دەرەوە بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ دوژمانی شۆڕش. ئەم هەڵوێستەی دیمۆریە جیرۆندیەکانی لەبەرامبەر یاقوبیەکان شەرمەزارو لاواز کردن چونکە ئەم یەکێک بوو لە سەرکردە جیرۆندیەکان.

لە دۆڵی راینیش فەرەنسیەکان لەسەردەستی بروسیەکان شکستیان خوارد و لە هەمو ئەو شوێنانەی کە پارساڵ داگیریان کردبو وەدەر نران، دیسان کەشتی گەلی بەریتانی گەمارۆی شاری تولۆنی دا وداگیری کرد، لە سەردەمی شۆڕش کاتێک بەهاری 1793 بەسەر فرانسا داهات زۆربەی خاکی فرانسا لە ژێر هەڕەشەو مەترسیی داگیر کەرانی بیگانە دابون.

کۆمیتەی رزگارکردنی گشتی

بەرامبەر بە هەڕەشەی وولاتانی بێگانە و بەهۆی هەڵوێستەکەی دیمۆرێ کۆنگرەی نیشتمانی بە پێویستی زانی دەسەڵات بە ئۆرگانێکی بچوک بدات کە لە توانای دابێ لەلایەک بارو دۆخەکە رابگرێ و لە مەترسیەکانی بپارێزێ بەتایبەت لە بەرهەلست کارە یاقوبیەکان، لەلایەکی تریش بەرپەرچی هێرشەکانی دەرەکی بداتەوە، بۆ ئەم مەبەستە کۆمیتەیەک بە دەسەڵاتێکی دکتاتۆرانە رێکخرا لە 9 کەس پێک هاتبو. لە کاتێکدا ئەمان لە توندڕەوە یاقوبیەکان دەبن، دەستیان بە تۆقاندن و راوەدونانی خەڵک کردبو بە تایبەت جیرۆندیەکان.

ئەم کۆمیتەیە نیازی ئەوە بوو وولات بۆ دەسەڵاتی میانڕەوان بگێرنەوەو خۆیان بە چاکسازیە ناوەخۆییەکانەوە خەریک کەن، چونکە نوێنەری بورجوازەکان بوون،بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە تێک هەڵچون و نائارامی دا نەدەبینی.

دواتر کۆمیتەیەکی تر دامەزرا بەناوی (کۆمیتەی دەستەبەری گشتی) بە پشتگیری دادگای شۆڕش ئەرکی پاراستنی ئارامی و ئاسایش و چاودێری کردنی گومان لێکراوان و کاروباری پۆلیسی دادگایی کردنی گومان لێکراوان و ناردنیان بۆ جێبەجێ کردنی سزای سەپێنراو بەسەریاندا، لە ئەستۆگرت.
کۆمیتەی دەستەبەری گشتی هەر زوو دەستی بە کارەکانی خۆی کرد، لە پێناو رزگار کردنی وولات لە ئاژاوە گێران رۆژانە چەندین گومان لێکراویان بە سزا دەگەیاند. ئەم کۆمیتەیە لە روی ناوەخۆوە ڕوبەڕووی چەند گرفتێک بۆوە، لەوانە قەیرانی دارایی، دابەزینی نرخی دراوی فەرەنسی، ڕوبەڕوو بونەوەیان لەگەڵ ئەکلیرۆس و کاسۆلیکەکان بوو کە دژایەتی شۆڕشیان دەکرد، رەنج وماندو بونی خەڵکی بەریتانی وڤاند یان بە هەل زانی بۆ ئەوەی خەڵکی پێ هان بدەن بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش لەو شوێنانە. ئەم کارە لابەلایانە ئەرکی کۆمیتەکەی قورس تر کرد (ریس) یان ناچار کرد هێز بۆ سەرکوت کردنی خەڵکە راپەڕیوەکە بنێرێت. بەهۆی ئەوەی سەرکردە جیرۆندیەکان لەگەڵ ڕاپەڕیوەکان لە پەیوەندیەکی توند دابوون، سەرۆکی کۆمیتەی رزگارکردنی گشتی (دانتون) لە 2ی حوزەیران چەند نوێنەرێکی جیرۆندیان لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی دەستگیر کرد و هەندێکیشیان لێ لەسێدارە دان و هەندێکیشیان رایان کردە ناوچەکەی خۆیان، خەڵکیان بۆ شۆڕش هاندەدا دژی یاقوبیەکان، بەم شێوەیە بزوتنەوەکانی راپەرین گەشەیان سەند بە رادەیەک هەموو ناوچەکانی خوارووی رۆژئاوای فرانسای گرتەوە، کە لایەنگری جیرۆندیەکان بون. هەندێک لە راپەڕیوەکانی ناوچەی تۆلۆن لە هاوکاری کردنی هێزەکانی بەریتانی زیادە رۆییان دەکرد بۆ ئەوەی بیان هێننە ناوچەکانیان، بەڵام هەوڵەکانی هێزی ئاسایش کاریگەریی ئەوتۆیان نەبوو تا هیزەکانی کۆماری توانیان گەمارۆی سەر شاری تۆلۆن بشکێنن و شارەکە بێننەوە باوەش فرانسا، ئەم سەرکەوتنە گورزێکی کوشندەو کاریگەر بوو بۆ یاخی بوەکان و بە تایبەتیش بۆ جیرۆندیەکان.
کۆماریەکان توانیان بەم سەرکەوتنەیان باقی ناوچەکانی تری فرانسا بخەنەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، ئەم ناوچەیەش ڕوبەڕووی شالاویکی توندو تیژی وتۆقاندن هات لە لایەن گروپی پارێزراوانی ئازادی و یەکپارچەیی فرانسا.
بەڵام کاروباری سیاسەتی دەرەوەی فرانسا و بەرگری کردن دژی وڵاتانی هاوپەیمانی یەکەم بە پیاوی یەکەمی کۆمیتەی رزگاریی گشتی دانتۆن سپێردرا، یاریدەدەرەکەشی(ل.کارنۆت)ی کۆنە ئەفسەر لە چەکی ئەندازیاری و پسپۆر لە بەڕێوەبردنی کاروباری لەشکر بوو، ناو براو دامەزرێنەری لەشکرێکی گەلەریی کۆماریە لە وێنەی میلیشیای ئەم سەردەمە. هەر زوو پەیوەندیی بە کارەکەیەوە کردو یەکەم بڕیار کە دەری کرد بانگەشەی گشتی بوو، لەم بانگەشەیە هەرچی فەرەنسیەک کە بتوانێ چەک هەلگرێ دەبوایە ئامادە بێت، هەموو تواناکانی مرۆیی وئابوریی وڵات بۆ خزمەت جەنگ تەرخان کران. بەم هەنگاوەی کارنۆت بلیمەتیەکی مەزنی نواند کە لە ماوەیەکی کورت دا فرانسا بوو بە خاوەنی سوپایەکی نزیک لە یەک ملیۆن سەرباز کە هەمویان بە بنەماکانی شۆڕش و خۆشەویستیان بۆ فرانساو کۆمارەکەی پەروەردە کرابون. هەر

لە پایزی 1793 وە هەڵوێست لە بەرەکان لە بەرژەوەندیی فرانسا گۆڕان، لە نیوەی یەکەمی 1794 هەرچی سوپای نەمسا وبڕوسیای سەرخاکی فرانسا هەبوو هەمویان وەدرنران. بەر لە تەواو بونی ساڵەکە فرانسا توانیی دوبارە بەلژیکا وهەرێمەکانی لای چەپی روباری راین وبەشێک لە خاکی هۆڵەندا داگیر بکات، بەم شێوەیە یەکەم چەرخی هاوپەیمانی کۆتایی هات، لە نوێوە هەریەک لە بڕوسیا و ئیسپانیا وهۆڵەندا لە 1795 پەیماننامەی ئاشتیان لەگەڵ فرانسا بەست.

چەرخی تۆقاندن

سەرەڕای ئەوەی کۆمیتەی رزگارکردنی گشتی دەسکەوتی زۆری بۆ فرانسا بەدەست هێنابو، بەڵام ئەوەی لەم سەردەمە گەشەی کرد تۆقاندن بوو، گەیشتبوە ئاستێک قەبول کردنی ئاستەم بوو. هەر لە هاوینی 1793 ئەوکاتەی رۆبسپێر بە ئەندامێتی کۆمیتەکە هەلبژێردرا بوو، بەهۆیەوە پیاوەکانی لە حوکم ران دەستەڕۆ بون، تا هاوینی 1794 تەنها ئەوانەی گیران و رەوانەی زیندان کران لە پاریس ژمارەیان گەیشتە 8000 کەس، ئەمە جگە لە زیندانە لابەلاکانی تری وولات کە بەوانەوە ژمارەیان زۆر لەمە زیاتر دەکرد، تا دەهات زیندانەکان جێگەیان بەر تەنگ دەبوو، دادگاکان بە دادگاییەکی سەرپێی خاڵیان دەکردن، دادگایی کردنەکەیان هیچ مەرج وسیمایەکی دادگای پێوە دیار نەبوو، تەنها ئەوانەی لەم ماوەیە لە پاریس رەوانەی سەربڕین کران گەیشتنە 3000 سێ هەزار کەس ئەوانەی لە دەرەوەی پاریسیش بە دەیان هەزار مەزەندە دەکران.

رۆبسپێرپێی وابوو کە تەنها بە لێدانی دوژمنەکانی دەتوانێ حکومەتی کۆماری بپارێزێ. ئەو تەنها ئەوکەسانەی بە دوژمنی حکومەتی کۆماری نەدەزانی کە بە ئاشکرا دوژمنداریێتی کۆماریان دەکرد، بەڵکو ئەوانەی بە دلسۆزیش کاریان بۆ نەکردبا یا بایەخیان پێی نەدابا ئەوانیشی بە دوژمن دەزانی. بۆیە سێدارە تەنها تایبەت نەبوو بە جوامێران (نبلاء) گەڵێ جار میوانەکانی سێدارە لەوانە بون کە سەردەمێک لایەنگری شۆڕش بون، تۆقاندن و کوشتن و بڕین گەیشتە ئاستێک لایەنگرانی شۆڕشی دەیان پرسی: بۆ بەم رێژەیە خەڵک بکوژرێت ؟ بەتایبەت ئەو کاتەی مەترسیەکانی ناوەکی و دەرەکی لەسەر فرانسا نەمابون، دانتۆن خۆشی گەڵێک جار لە پاساوی ئەم کوشتن و توندو تیژیەی دەپرسی، وای لێ هاتبو ئەویش ئەو خۆشەویستیەی بۆ شۆڕش نەمابو کە رۆژانێک هەی بوو. رۆبسپێر لە مشت و مڕو گفتو گۆکان دا زۆر توند بوو، بە رادەیەک هیچ کاتێک رای بەرامبەری قەبول نەبو، رەخنە گرتن لە شۆڕش رێگەی پێ نەدەدرا، ئەوەی دژی راو بۆچونەکانی بوایە سزای مردن بوو..هیچی تر نا. ئەم بە و پانتاییە جەماوەریەوە کە لە رێگەی گوتاری پاراو و دلسۆزیە بێ گەردیەکەیدا هەیبو، پێیەوە خورت بو و لە خۆی بایی ببو.

له ساڵی 1794 دووکەس لە مێرخازانی شۆڕش (دانتون) وبرادەرە کەی (دیمۆلین) سەریان کردە قوربانیی باجی کتابێک، ئەو کتابەی لە ژێر ناوی (کوردڵیە ی پیرەمێرد) یان نوسی بوو، تیایدا داوای میان رەوی و دلۆڤانیان کردبوو، ئەم پەرتوکەیان بوە مایەی گەیاندنیان بۆ بەردەم پەتی سێدارە،

دواتر رۆبسپێر لە ماوەی تەنها 6 حەفتەدا چەندین هەزار هاووڵاتیی رەوانەی سێدارە کرد لەو کەسانەی کە زاتی ئەوەیان کردبو رکابەرێتیی بکەن، لە 10ی حوزەیران 1794 یاسایەکی دەرکرد وەکو شمشێر بوو بەسەر ئەندامانی کۆنگرەی نیشتمانیەوە، ئەم یاسایە لە مافی پاراستنی پەرلەمانیی بێ بەش کردن،لەو رۆژە بەدواوە ئاسایی بوو هەر ئەندامێکی کۆنگرەی نیستمانی بەبێ پرسی کۆنگرە بدرێتە دادگاو بەسزای رەوای خۆی بگات، بەپێی ئەم یاسایەش دادگای شۆڕش بۆی نەبوو حوکمی زیندانی بۆ کەس دەر بکات، بۆیان هەبوو تەنها حوکم دان بە ئازاد کردن یا سێدارەدان دەربکەن. ئەمەش پێشێل کردنی بچوکترین بنەماکانی یاسای سزادانی فەرەنسیە، ئەم رەفتارانە ئەندامانی کۆنگرەی بێزار کرد لە سەروی هەمویانەوە باڕاس، ئەمیش بیری لەوە کردەوە کە کارێک بکات لەم مۆتەکەیە رزگاریان بێ، خەڵک لە دیمەنی داشقەکان بێزار ببو کە رۆژانە خەڵکی بێ گوناهیان لە زیندانەوە بەرەو سێدارە دەبردن.

(باڕاس) ولایەنگرانی بە نهێنی هێزەکانیان رێکخستن، لە دانیشتنی 27ی تەموزی 1794 واتە دوای ساڵێکی تەواو لە بەشداری لە کۆمیتەی رزگاریی گشتی، رۆبسپێر و هەڤالانیان دەستگیر کرد ولە خانوی شارەوانی زیندانیی کردن. بەیانیەکەی رۆژی دواتر خۆ پیشان دانێکی مەزن لە (لە بیلاتییر)ەوە کە گەرەکێکی مەزنی پاریسە جێی نیشتنی دەوڵەمەندو چەپرەوەکانە. هاتن خانوی شارەوانیان گەمارۆدا و رۆبسپێریان بەرەو پەتی سێدارە برد تا لەو ئاوە بنۆشێ کە بە زۆر کەسی نۆشی بوو.



رۆبسپێر

حکومەتی بەڕێوەبردن

بە روخانی ڕۆبسپێر سەردەمی مۆتەکە و ترس و تۆقاندن کۆتایی هات، هەر لە خۆیەوە خەڵک حەزی کوشتن وبڕین یان نەما، ڕێگەی لە سێدارەدان لە و هاوولاتیانەی ڕۆژانە دەبردران بۆ لە سێدارەدان بە چۆلی مایەوە، زۆربەی فەرەنسیەکان پشتگیریان لەهەڵوێستی ئەو میانڕەوانە کرد کە دوای سەردەمی خوێن و تۆقاندن دەسەڵاتیان گرتەدەست، پاش ئەوەی کۆمیتەی رزگارکردنی گشتی شارەوانیی (کۆمۆن) پاریسیان هەلوەشاندەوەو یانەی یاقوبیەکانیشیان داخست، لێبوردنێکی گشتیان بۆ سەرکردە جیرۆندیەکان دەرکرد و ڕێگەیان پێدان کاری سیاسی بکەن.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە فرانسا وولاتێکی شۆڕشگێڕ وکۆماری نەما، بە پێچەوانەوە لە 1795 بەولاوە فرانسا لە هەمو سەردەمێک کۆماری تر بو تەنانەت ئەوەی گۆڕا ئەوەبو سەردەمی تۆقاندن و توندڕەویەکەی جارانی فرانسا نەما، بەتایبەت دوای ئەوەی هیچ مەترسیەکی دەرەکی لەسەر فرانسا نەمان، دواتر لایەنگرانی ڕۆبسپێر تا ئەو کات خاوەن هێز و چەک بەدەست بون، لە ئامادە باشی دابون بۆ بەرگری کردن لە هەر بەرپەرچ دانەوە یەکی روەو پادشا یا ڕاستڕەوەکان.

کەش و هەواکان گۆڕان وا لەسەرکۆنگرەی نیشتمانی پێویست کرا دەسەڵاتێکی نوێ بە وولات ببەخشێ، سەروەریی شۆڕشگێری بۆ وولات مسۆگەر بکات.

لە کۆتاییەکانی ساڵی 1795 کۆنگرە ئەرکی خۆی بە ئەنجام گەیاند کە بریتی بوو لە دەرکردنی دەستورێکی نوێی و کەمێک ئالۆز کە بە (دەستوری کۆماریی گشتیی سێیەم یا دەستوری ساڵی 1795) ناسرا.

دەستوری ساڵی 1795

بە پێی ئەم دەستورە سێ ئۆرگان لە فرانسا حوکمڕان دەکەن:

1_ حکومەتی بەڕێوەبردن: لە 5 ئەندام پێک دێت، بە نۆرە هەر سێ مانگ یەکێکیان سەرۆکایەتی حکومەت دەکات، هەر ساڵێکیش یەکێکیان ئەندامێتی لەدەست دەدات، ئەم دەستەیە هەموو دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن و حوکم ڕانیان دەبێ، دوو بەڕێوەبەریش لە لایەن ئەنجومەنەکانی یاسادانان هەڵ دەبژێردرێن.

2_ ئەنجومەنی پێنج سەدکەسی: ئەم ئەنجومەنە لە 500 ئەندام پێک دێت، لەوانەی تەمەنیان لە 30 ساڵ رەت کردوە، هەر ساڵەی سێیەکی ئەنجومەنەکە ئەندامێتی لەدەست دەدات، دەسەڵاتی یاسا دانان بەم ئەنجومەنە دەسپێردرێت.

3_ ئەنجومەنی پیران: لە 250 ئەندام پێک دێت نابێ تەمەنیان لە40ساڵ کەمتر بێت ئەرکی ئەم ئەنجومەنە چاودێری کردنی کارەکانی ئەنجومەنی پینج سەد کەسییە.

تا رادەیەک ئەم دەستورە وەکو بەر پەرچدانەوەی ڕاستڕەوە میانڕەوەکانە، لەگەڵ ئەوەی ئەم دەستورە مافی دەنگدانی بەو کەسانە داوە کە دەتوانن بنوسن و بخوێننەوە بەڵام بۆ دەنگدەرانی پلەی دوو (بە حساب دەنگدەران بەسەر دوو پلە دابەش ببون) ئەوانەی تارادەیەک خاوەنی زەوی و زارن کە ژمارەیان دەگەیشتە 20000 بیست هەزار کەس ئەم ژمارەیەش گەڵێک لەو ژمارەیە ی ساڵی 1791 کەمتر بوو کە دەستور ڕێگەی پێ دابون دەنگ بدەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی بەرژەوەندیەکانی بورجوازیی مام ناوەندیە کە لە پێناو بەرگری کردن لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان پەنایان بۆ کاری تێکدان و توندو تیژی دەبرد.

لە ڕوێکی تریشەوە دەستوری نوێ توانیی ئەو دەسکەوتانە بپارێزێ کە شۆڕش بەدەستی هێنابون، وەکو سیستەمی کۆماری و ڕاگەیاندنی مافی مرۆڤ و نەهێشتن(ئیمتیازاتەکانی)چینی شکۆدار و ئەکلیرۆس

ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی 1795

زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی کۆنگرەی نیشتمانی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەو خۆ بەرپرسیار بون لە لە سێدارە دانی پادشا وهەمو روداوە توند وتیژیەکانی سەردەمی تۆقاندن،

بۆیە ترسیان لێ نیشتبو کە لە سایەی سیستەمی دیموکراتی ودەستوری نوێ چارەنوسیان بکەوێتە مەترسیەوە، لە بڕگەیەک دا دیار کرا کە سێیەکی پەرلەمانی نوێ لە ئەندامانی کۆنگرەی نیشتمانی بن. ئەم بڕیارە بێزاریی لە ناو ریزەکانی میانڕەوان و پادشاخوازان نایەوە، چونکە کەمێک خۆیان کۆ کردبۆوە بە مەبەستی ئەوەی بتوانن دەست بەسەر دەسەڵات دا بگرن.

بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە حەفتەی یەکەمی ئۆکتۆبەری 1795 خۆ پیشاندانێکی مەزنیان لە هەژار و کۆنەپارێز و پیاوە ئاینیەکانی پاریس ریک خست، هێرشیان بردە سەر بارەگای حکومەت و بەڕێوە بەرایەتیە نوێکەی.

باڕاس لە کەسە هەرە ناسراوە کانی حکومەت بوو کە نوێنەرایەتی هەموو لایەنێکی دەکرد، لە هەموو کەسیش زیاتر ئامادەیی تیا بوو کاری سیاسیانە بکاو بەرگریش لە دەسکەوتەکانی شۆڕش بکات. ئەم پیاوە ئەرکی لە ناوبردنی هەموو بزوتنەوە ڕاستڕەوە کانی گرتە ئەستۆ، بۆ سەرکەوتن لە کارەکەی دۆستێکی خۆی دەست نیشان کرد کە لە ئەفسەرەکانی هێزی تۆپ هاوێژی ئەو کاتە بوو، کە شاری تولۆن گەمارۆ درابو ئەرکی پاراستنی دەزگاکانی حکومەتی پێ سپاردرابوو، ئەم ئەفسەرە گەنجە ئەوکات هەر بە چەند گولە هاوەنێک توانیی بڵاوە بە خۆپیشاندەران بکات، ئەم دەرفەتە بۆ ئەفسەرە گەنجەکە هەلێکی باش بو کە بە پشتگیری (باڕاس)ەوە زوو پلە بە پلە بەرەو ژور بڕوات، ئەم ئەفسەرە گەنجەش (ناپۆلیۆن بۆناپرت) بوو دواتر هەر زوو بە هۆی باڕاس ەوە پۆستی فەرماندەی هێزەکانی ناوەخۆی پێ سپێردرا. دوای ساڵێک فەرماندارێتی هێزەکانی فرانسای لەئیتالیا کرد تا بەشداری لە جەنگی دژبە نەمسا بکات. هەر چەندە ئەم کارە بۆ حکومەتی بەڕێوەبردن بە خەراپ ڕەنگی دایەوە چونکە بەم هەڵوێستانەی حکومەت کەوتە ژێر دلۆڤانی وکاریگەری عەسکەرتارەکانەوە.

قەیرانی ساڵی 1797

حکومەتی بەڕێوەبردن لە ناو جەماوەری فەرەنسی رەگو ریشەی دانەکوتا بوو، دۆست ولایەنگری گەڵێک لە دوژمنانی کەمتر بوون. لە لای راستەوە لایەنگرانی پادشایەتی بە ئاشکرا لە پاریس و دەرەوە کارو چالاکیان دەنواندن و لە پەیوەندیی بەردەوام دا بون لە گەڵ لویسی هەژدەهەم ی برای لویسی شازدەهەم کە لە شاری ڤیرجینیای ئیتالی دەژیا لە هەوڵی بەردەوام دابوو بۆ گەڕانەوەی بۆ فرانسا بە پشت بەستن بەو بەو هاوکاری وکۆمەگانەی کە بریتانیا دەیدایێ، ئەمە سەرەڕای پشتگیریە سیاسیەکانی نەمسا.

سەبارەت لە لای چەپیشیەوە، پاشماوەی بزوتنەوە توندڕەوەکان بوون کە بە نهێنی لە جولەو چالاکیی بەردەوام دا بون. ئەمان کاریان بۆ گۆڕانێکی ریشەیی کۆمەڵگای فەرەنسی دەکرد لە روی رێکخستنی ئابوریەوە. رکەبەرایەتیەکەی ڕاستڕەو و چەپڕەوەکان کاری حکومەتیان پەک خستبو لە بەرامبەریاندا حکومەت دەستەوەستان وەستابو.

لەو هەڵبژاردنە ئازادەی لە وڵات کرا لە مانگی ئاداری 1797 بۆ نویێ کردنەوەی سێ یەکی ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنەکە، تیایدا زۆرینەی پادشایەتی دەستوری یەکان و لایەنگرانی، زۆرینەی رێژەی کورسیە کانیان وەدەست هێنا. بەمەش پارسەنگی کێشەکانی ناو ئەنجومەنی پێنج سەدی و دووسەدو پەنجایی لە بەرژەوەندی پارتە پادشاخوازەکان تەواو بوو ئەمەش کارێکە کە کۆماریخوازەکان پێی رازی نابن، دواتر لایەنی دووەم لەو هاوکێشەدا هەیە کە ناکرێ بۆ کارە چارەنوسسازەکان فەرامۆش بکرێت، ئەویش ناپلیۆن بۆناپرتە، کە فەرماندی شەرەکانی لە ئیتالیا دەکرد دژی نەمسا.

ناپۆلیۆن هەردەم شۆڕشگێر بوو لە لایەنگرانی کۆماریخوازەکان بوو هەرگیز ئەوەی قەبول نەبو پادشاخوازەکان بگەڕێنەوە سەر کورسیی حوکم چونکە ئەمان لە لایەنگرانی بەستنی پەیمانی ئاشتەوایی بوون لەگەڵ ئینگلتەرای دوژمنی فرانساو دۆستی نەمسا.

ناپلیۆن بۆ یارمەتی دانی باڕاس ی هاوڕێ و هاوپەیمانەکەی دەستپێشخەریەکی کرد، هیزێکی بە سەرپەرشتی یەکێک لە برادەرە ئەفسەرەکانی بە ناوی (ئۆجیرو) بە تیپێکی سەربازەوە بۆ هاوکاری کردنی باڕاس ی نارد بۆ ئەوەی پاسەوانی لە حکومەتی بەڕێوەبردن بکات، هەر چەندە ئەم کارەی لەگەڵ برگەکانی دەستور ناکۆک بوو،لە 4ی سەپتەمبەری 1797 سەربازەکانی ناپۆلیۆن ئەو ئەندامانەیان دەستگیر کردن کە گومانی دلسۆزیان بۆ کۆمارو حکومەتی بەڕێوەبردن لێ دەکرا، هەروەها چەند لیژنەیەکی سەربازی فەرمانی لە سێدارەدان و دورخستنەوەیان بۆ هەندێک لە گیراوەکان دەرکرد، ئەمەو ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیان لە 94 شار هەلوەشاندەوە.

دوای ئەم روداوانە باڕاس وکۆنە هەڤالە کۆماریخوازەکانی بێ باکانە دەستیان بەسەر دەسەڵات دا کێشا، بەڵام ئەم جارەیان بە پشتگیری و پاڵپشتی ناپۆلیۆن نەک جەماوەر کە مەیلی ڕێبازی کۆنەپارێزیان هەبوو هەوڵی گەڕانەوەی حوکمیان بۆ ئەو بیرۆکەیە دەدا، ئەم بۆچونانەیان بە رونی لە هەڵبژاردنەکانی 1797 بەدی دەکرا. پاساوی باڕاس بۆ ئەم هەڵوێستانەی، پشتگیری کردن بوو لە شۆڕش ورێگە گرتن لە گەڕانەوەی لویسی هەژدەهەم بۆ سەر کورسیی حوکم لە فرانسا. حکومەتی بەڕێوەبردن وێرای لاوازی و

لەدەست دانی پشتیوانیی جەماوەر درێژەی بە حوکم رانی دا تا ئەو کاتەی ناپۆلیۆن ئامادە و بە توانا بوو خۆی حوکم بگرێتە دەست لە 1799.

حکومەتی بەڕێوەبردن و ئەوروپا

حکومەتی بەڕێوەبردن لە روی سەربازیەوە دەسکەوت و سەرکەوتنی زۆری لە بەرەکانی جەنگ لە دەرەوەی فرانسا بەدەست هێنا، لەم روەوە هەڵوێستێکی سەربازیی درەوشاوەی هەبوو کە بوە هۆی ئەوەی بروسیا ناچار بێ لە نیسانی 1795بە تەنیایی پەیمانی ئاشتەوایی لەگەڵ فرانسا مۆر بکا دواتر ئیسپانیاش لە تەموزی هەمان ساڵ چاوی لێ کرد، لەم رێککەوتنەی ئەمان ئیسپانیا دەستی لە دورگەی سانتۆ دۆمینگۆ لە ئەمەریکای ناوەند هەڵگرت بۆ بەرژەوەندی فرانسا، هەروەها هۆڵەنداش لە ئەیاری 1795 پەیماننامەی ئاشتەوایی لەگەڵ مۆر کرد تیایدا پەیمانی ئەوەی دا کەشتی گەلیەکەی لە خزمەت فرانسا تەرخان بکات دژی ئینگلتەرا، ئەم سەرکەوتنانە لە هەڵوێستی سەربازی سوپای فرانسا سەرکردە فەرەنسیەکانی توشی لە خۆ بایی بون کرد، وای لێ کردن دوبارە بیر لە بنەما فراوان خوازیەکانیان بکەنەوە بە بیانوی بڵاو کردنەوەی بیرو باوەرەکانی شۆڕش لە ئەوروپا، تا رژێمی پادشایەتی لاوز ببێ و لە توانای دانەبێ جارێکی تر بگەڕێتەوە مەیدانی حوکم ڕانی لە ئەوروپا، لەم روانگەیەوە فرانسا هەوڵی دا کار بۆ ئەوە بکا تا ببێتە خاوەنی سنورێکی سروشتی، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ئەجندایە دەبێ بەلژیک وچەند هەرێمێکی ئەڵمانی وەکو سافوای وئەفینون لە روی چەپی روباری راین بکەونە ناو سنوری فرانساوە، بەم شێوەیە روباری راین دەبێتە سنوری هاوبەشی نێوان فرانسا وئەڵمانیا، چیای ئەلبیش دەبێتە سنورەی هاوبەشی فرانسا وئیتالیا، بەڵام ئەم راگەیاندنەی فرانسا لەسەر هەڵوێستی وولاتانی ئەوروپا رەنگدانەوەی خەتەرناکی لێ بەدی دەکرا، چونکە ئاسایی نەبوو ئەم ئەجندایە وا بە ئاسانی قەبول بکرێت لە کاتێکا دەبێتە هۆی گۆڕینی سنوری نێوان وڵاتەکان کە بەمەش پارسەنگی هێزەکان تێک دەچێ. بۆ وەرگرتنی رەزامەندی وڵاتانی ئەوروپا دەبوایە حکومەتی بەڕێوەبردن بەردەوامی بە جەنگەکانی دژ بە ئینگلتەراو نەمسا بدات کە ئەمەش پەیمانێکی ناپۆلیۆن بوو کاری بۆ بەئەنجام گەیاندنی دەکرد، ئەم سەرکەوتنانەشی لە ئیتالیا دژی لەشکرەکانی نەمسا بونە سەرەتای کۆتاییەکانی سەردەمی شۆڕش و سەرەتای سەردەمێکی نوێ لە فرانسا و ئەوروپا کە ناپلیۆن تیایدا رۆلی یەکەم و گرنگترینیان دەگێرێ.

بەشی دووەم

نـاپـۆلیۆن بۆنـاپـڕت

وئیمپـڕاتۆریـەتـی فرانسا

ناپۆلیۆن بۆناپڕت لە ساڵی 1769 ل ... ب بوە واتە

دوای یەک ساڵ لە دەست هەلگرتنی

ناپولېئون بوناپىرت

خانەوادەی ناپۆلیۆن بە ڕەچەلەک خە لکی ئیتالیا بون ژیانی مندالیتیی لەگەڵ مندالانی مێرخاسەکانی دورگە بەسەر بردوە، بۆناپارتی باوکی کاری پارێزەریی لە دورگەکە دەکرد ئەم ناردیە قوتابخانەی بریان ی سەربازی، دواتر پەیوەندیی بە قوتابخانەی سان سیری سەربازیی بە ناوبانگەوە کرد. لەم دوو قوتابخانەیە بە روونی پێیەوە دیاربوو کە نەک تەنها لە روی زانستی سەربازییەوە خاوەن بەهرەو لە پێشەوەی هەڤالانیەوەیە، بەڵکو لە رشتەی ئەدەب و مێژوو جوگرافیاش بلیمەت و زیرەک بوو. لە ماوەی خوێندنی دا ئاشنایەکی تەواوی لەگەڵ نوسینەکانی نوسەرە بەناوبانگەکانی سەدەی هەژدەهەمی کردبوو ئەو نوسەرانەی هەلگری بڕواکانی ئازادی بون، لە وانە پەرتوکەکانی فۆلتێرو مونتسکیۆ وکۆمەڵەی ئەنسکلۆبیدیا و رۆسۆ کە ئەمەیان نوسینەکانی لە هەمویان کاریگەر تر بوون بۆ سەر بیرکردنەوەکانی ئەفسەرە گەنجەکان.

لە 1785 کۆتایی بە خوێندنی هێنا و لە چەکی هاوەنی سەربە سوپای فەرەنسیی پادشایەتی دامەزرا، لە سەردەمی شۆڕش دا هامشۆی یانەی یاقوبیەکانی دەکرد و لە وێش ئاشنایی لەگەڵ هەندێک لە پێشەنگ وبیرمەندانی کرد، بەڵام راستەوخۆ بەشداریی لە رووداوەکانی شۆڕش نەکرد چونکە وەکو پابەند بون بە پرنسیپە سەربازیەکان دژی ئاژاوەو یاخی بون بوو، دسپلین و یاسای خۆش دەویست، زۆرجار رەخنەی لە هەڵس وکەوتی پیاوانی شۆڕش دەگرت بە تایبەتی هێرشەکانیان بۆ سەر کۆشکی توێلەری لە پاریس لە 1798، لەگەڵ ئەمەش وەکو دلسۆزێک بۆ بنەماکانی شۆڕش مایەوە و بڕوای بە ئازادی و بۆچونی فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەهەم هەبوو، زیرەکی وبلیمەتیەکەی کاتێک دەرکەوت کە لەگەڵ ئەفسەرە یاقوبیەکان وەکو سەربازێکی شەڕکەر لە سەردەمی حوکمی (کۆمیتەی رزگاری گشتی) بەشداریی لە وەدەر نانی ئینگلیزەکان کرد لە شاری تولون، لە ساڵی 1795 زیاتر توانا وبلیمەتیی بەدی کرا ئەو کاتەو توانیی حکومەتی بەڕێوەبردن پشت ئەستوربکات ولە چنگ خۆپیشاندەرە پادشاخوازو کۆنە پەرست و کۆنە پارێزەکان رزگار بکات کە مەبەستیان لەناوبردنی حکومەتی بەڕێوەبردن بوو، دیسان لە ساڵی 1797 توانیی بۆ جاری دووەم حکومەت لە مەترسیی هێرشی پادشاخوازە دەستوریەکان رزگار بکات، ئیتر لەو رۆژەوە ناپۆلیۆن بوو بە پاڵپشت و پاسەوانی راستەقینەی حکومەت و دەستوری ساڵی 1795.

هەڵمەتی ئیتالی

هەروەکو پێشتر باسمان کرد، دەبوایە حکومەتی بەڕێوەبردن درێژە بە شەڕەکانی دژی ئینگلیزو نەمسا بدات، دیارە کە بریتانیا لە پشتەوەی شەپۆلەکانی دەریاوە حەشاردرابو، کەشتیگەلی فرانساش ئەوکات لە توانای دانەبو بگاتە کەنارەکانی ئینگلیز، بۆیە هەوڵەکانی فرانسا بۆ شکست هێنان بە نەمساییەکان چڕتر بون بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان بە تەنیایی لە بازنەی جەنگ بهێڵنەوە و ئەوساش بتوانن بە سەریدا زاڵ بن، هەرێمە کانی ئیتالیا لە سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆو لایەنگرەکان ئەوەندە زۆر بون و هەموشیان بە هێزەکانی نەمسای خاوەن سوپایەکی زەبەلاح و پرچەک بەیەکەوە گرێ درابون، بۆیە لای فەرەنسیەکان وا زەرور بینرا کە مل ملانێکەیان لەگەڵ نەمساییەکان لە خاکی ئیتالیا بێ.

لە 1795 سەرکردایەتیی سەربازیی فرانسا بڕیاری دابە سێ لە شکر هێرش بکاتە سەر نەمسا:

- یەکەمیان بە فەرماندارێتی(گۆردان) بۆ هێرش بردنە سەر لەشکری نەمسا لە ئەڵمانیا.
- دووەمیان بە فەرماندارێتی (مۆرۆ) بۆ هێرش بردنە سەر دوژمنەکانیان لە ڤیەننا.
- لەشکری سێیەم کە بچوکتر و کەم بایەخ ترینیان بوو بۆ لێدانی نەمساویەکان بوو لە ئیتالیا ئەمیش بە فەرماندارێتی ناپۆلیۆن بۆناپرت بوو.

بۆناپرت لەشکرەکەی لەڕووی ژمارە کەمترین و لەڕووی چەک و تفاقەوە هەژارترینیان بوو بەڵام لەڕووی ووشیاری و بڕوابون بە بنەماکانی شۆڕشەوە دەوڵەمەند ترینیان بوو، ئەو لەشکرەی کە بڕوایان بە بڵاوکردنەوەی شۆڕش لە وڵاتە زۆرداره دراوسێکان هەبو، ئەم بڕوایە بۆناپرت خۆی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە روەو ئیتالیەکانی ئاراستە کردبوو تیایدا هاتبو: (ئەی گەلی ئیتالیا، سوپای فرانسا هات بۆ ئەوەی زۆردارەکانتان تێک بشکێنێ، نەتەوەی فەرەنسی دۆستی هەموو گەلێکە بە باوەرەوە پێشوازیمان لێ بکەن، مولک و ماڵتان پارێزراوە، نەریت وئاینتان پیرۆزمەندە، ئێمە جەنگێکی بە ئابڕو دەکەین، شەڕمان تەنها لەگەڵ ئەوانەیە کە دەتان چەوسێننەوە.)

لە نیسانی 1796 لە رێگە ئاویەکانی ئەلبەوە فەرەنسیەکان سنوری ئیتالیایان بەزاندو پەڕینەوە. نەخشەی فەرەنسیەکان لێدانی نەمسایی و هاوپەیمانانی بوو، لە یەکەم گەیشتنیان بە میرنشینی سەردینیا دەستیان لێ وەشاندن و شکستیان پێ هێنان ناچاریان کردن لە 1796 هاوپەیمانیەکیان لەگەڵ مۆر کەن تیایدا بۆ بەرژەوەندی فرانسا دەست لە (نیس و سافوای) هەڵگرن. دواتر راوەدوی نەمساییەکانیان نان تا کەرتی لمباردیا و شاری میلانۆی بەناوبانگ و هەروەها مانتوای لێ داگیر کردن و لەدەست نەمساییەکانی دەرهێنا، فرانسا لە هەڵمەتەکانی بەردەوام بوو بەرەو پێش هێرشی دەبرد، ئەوەندەی نەمابوو ڤیەنناش داگیر بکات ئیتر نەمساش ناچاربوو داوای مۆر کردنی پەیمانی ئاشتەوایی لەگەڵ بکات.

دواتر دەوڵەتی پاپاش خۆی دایە دەست هەرچەندە بەهۆی هەڵوێستە شۆڕشگێڕەکانی وەکو دوژمنێک سەیری دەکردن بەتایبەت هەڵوێستیان لە کەلیساو دەستورە سڤیلیەکەی ئەکلیرۆس، لە بەردەوامیی شەڕەکان دا لەشکری بۆناپرت توانیان خاکی کۆماری بندوقیەش داگیر کەن، دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین کە ئەو

لەشکرەی حکومەتی بەڕێوەبردن بۆ ئەڵمانیا و ڤیەنناى ناردبوون هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنابوو، ئەمە بووە مایەی ئەوەی ناپلیۆن ببێتە گەورەی مەیدانی روداو و بەرەکانی جەنگ لە نەمسا بە وواتایەکی تر بووە سەرکەوتوی یەکەم، دواتر حکومەتی بەڕێوەبردن لە رادە بەدەر لاوازو بێ توانا بوو،بەهۆی ئەم سەرکەوتنانەی ناپلیۆن و شکستەکانی دوو لەشکرەکەی ترو بەهۆی روداوەکەی ئۆکتۆبەری 1795ەوە حکومەت خۆی بە قەرزاری ناپلیۆن دەبینی، ئەم هۆکارانە وایان لەناپلیۆن کرد لەخۆ بایی بێ و بێ گەڕانەوە بۆ بڕیارەکانی دەوڵەت هەڵس و کەوت بکات، بۆیە دەبینین بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ حکومەت یەک لایەنە لە ئۆکتۆبەری 1797 لەگەڵ نەمسا رێککەوتنێکیان مۆرکرد، بەناوی رێککەوتنی ئاشتەوایی (کامبۆ فۆرمیۆ) تیایدا هاتبوو:

1_ میرنشینی سەردینیا بە سەربەخۆیی دەمێنێتەوە.

لە ئیتالیای باکور لەخاکی لمبادریا و هەندێک لە خاکی پاپا وڵاتێکی سەربەخۆ بەناوی (کۆماری سیسالپینە) دادەمەزرێت، بەڵام ئەم ووڵاتە وەکو پراکتیک راستەوخۆ سەر بە ناپۆلیۆنەوە دەبێ، خۆی (ناپلیۆن) فەرمانڕەواو کاربەدەستانی بۆ دادەمەزرێنێ و ئەرکی دانانی دەستوریش لە ئەستۆی خۆیدا دەبێ،لە شێوەی دەستوری فەرەنسیی بۆ دادەرێژێ، بە هەرحاڵ مەبەستی بوو ئەم وڵاتە وەکو قەڵایەکی پێشەوەی بەرەکانی بێ، بۆ بەرگری کردن لە خاکی فرانسا و بنکەیەکی فراوانخوازیی داهاتوی بێت.

2_ قەرەبووی نەمساش بە کۆماری بوندوقیە ی کەنارەکانی باکوری دەریای ئەدریاتیک بکاتەوە.

3_ فرانسا هەندێک لە دورگەکانی دەریای ئەیوانی دەبات.

4_ بە یەکجاری نەمسا دان بە یەک خستنی بەلژیک و ولایەتەکانی راین بۆ سەر فرانسا دابنێت.

ئەم پەیماننامەیە بۆ فرانسا لە زۆر روەوە مەزنترین سەرکەوتن بوو چونکە کۆنە پەرستترین وڵاتی ئەوروپا دانیان بە داگیرکاریەکانی فەرنساو سنورە سروشتیە ئارامەکەی نا، وێڕای دانانیان بەو کۆمارانەی کە بە شێوازی خۆی لە دەرەوەی فرانسا دروستی کردبوون. لە راستیشدا هەموو هەنگاوەکان لەگەڵ چاو بڕینەکانی ناپۆلیۆن هاتبوون بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی فرانسا. ئەمە ورەی ناپلیۆنی بەرز کردەوەو پانتایی جەماوەری و ناوبانگیشی لە ناو خەڵک پەرەی سەند کرد.

بۆ ئیتالیەکان ئەم هێرشەی فەرەنسیەکان ئاستی وشیاریی نەتەوایەتیان پێ بەرز بۆوە فەرەنسیەکان کەشو هەوایەکی ئازادیان لە ئیتالیا خولقاند، ئەمە لای ئیتالیەکان بووە مایەی بووژانەوەی گیانی نەتەوایەتی و سەرهەڵدانی رەوتی دوبارە یەک گرتنەوەی وڵات، دیسان بووە مایەی ئەوەی سۆزی نەمساییەکان تێک بشکێ و روەو هەنگاوی یەکەمی بنیادنانی وڵاتێکی نوێ هەنگاو بنێن، دواتر ئەو کۆمارەی سیسالپینە کە خۆی دای مەزراند بوو شەوو رۆژ کاری بۆ بڵاو کردنەوەی بنەماکانی ئازادی و یەکسانی دەکرد، ئەوانەی شۆڕشی فرانسا لەگەڵ خۆی دا هێنابوون دواتر بوونە هۆکاری گەشە کردنی هەستی نەتەوایەتی و ئەرکەکانی.

هەڵمەتی میسر

دوای کشانەوەی نەمسا لە جەنگ، بریتانیا بەتەنیایی لە ناو شەڕەکان بە رامبەر بە فرانسای شۆڕش مایەوە، خەڵکە میانڕەوەکەش لە هەردوو لا هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەریەکی ئاشتیانەیان بۆ کێشەکان دە دا.

ئینگلیزەکان شاندێکیان بۆ وتووێژ نارده شاری لەیل ی فەرەنسی، سەرۆکی شاندی فەرەنسیش (تالیری) ی وەزیری دەرەوەی حکومەتی بەڕێوەبردن بوو، ئەمە یەکەم جاربوو ئەکلیرۆسێک لە سەردەمی هەڵگیرساندنی شۆڕشەوە بچێتە ریزی شۆڕشگێڕەکان و ببێتە ئەندامی پەرلەمان و دواتریش وەزیری دەرەوە لە سەردەمی حکومەتی بەڕێوەبردن. ئەگەر بەهۆی رووداوەکانی 1797 نە بووایە کە لە پاریس رویان دان و تیایدا میانڕەوەکان دەسەڵاتیان لەدەستدا، ئەوا هەردوو لایەنی (فەرەنسی وئینگلیزی) گەیشتبوونە رێک کەوتنێک بەڵام کاتێک میانڕەوەکان دەسەڵات لەدەست دەدەن و گەڵێک لە سەرکردە کانیان پۆست و پایەکانیان نامێنێ لەوانە کارنۆ کە چاکەی زۆری بەسەر فرانساوە هەبوو لە ئازاد کردنی فرانسا لە چنگ داگیرکەرە بێگانەکان، لە سەردەمی کۆمیتەی رزگاریی گشتی دا، هەروەها خۆشی خاوەنی دامەزراندنی سوپای شۆڕشی نوێ بوو، دیسان برتلمی خاوەنی داهێنانی مۆرکردنی دانو ستانەکانی بروسیاو پەیمانامەی ئاشتەوایەکەی بوو، دوای دورکردنەوەی ئەم سەرکردانەو چەند سەرکردەیەکی تر باڕاس لەگەڵ چەند لە هەڤالانی بە لاوازی لە حوکم مانەوە، بەمەش فرانسا بۆ هەڵوێستە توندەکانی گەڕایەوەو پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێ چۆک بە بریتانیا بدا ئەمە وای کرد بگەڕێنەوە بۆ هەڵوێستە توندەکانیان، لە ئەنجام دانوستانەکان هەرەسیان هێنا و پەیوەندیەکانیان بەرەو ئالۆزی رۆیشتن، ئەوەبوو ئیتر هەر یەکە لە لای خۆیەوە هەوڵی خۆ ئامادەکردنی دابوو بۆ دوبارە بەرپا کردنی شەڕ.

فرانسا بۆ ئەم مەبەستە لەشکرێکی تایبەتیی پێک هێنا ناوی نا لەشکری ئینگلتەرا بنکەکانیان لە کەنارەکانی فرانسای باکور داکوتا. کەشتیەکیشی بۆ مەبەستی گواستنەوەی لەشکرەکە دروست کرد کە لە کەناری ئینگلیزەوە بیان گەیەنێتە شوێن مەبەست، ئەم لەشکرە بە ناپۆلیۆن سپێردرا تا هێرش بکاتە سەردورگەکانی ئینگلیزی، ناپۆلیۆن تازە بە سەرکەوتویی لە ئیتالیا گەرابۆوە دوای ئەوەی پەیماننامەی کامبۆ فۆرمیۆی ئیمزا کردبوو. ناپۆلیۆن وگەڵێک لە بسپۆرە سەربازیەکان رایەکی تریان هەبوو، ئەوان لەو بڕوایە دابوون کە بەم شێوەیە ناتوانن شکست بە ئینگلیز بێنن، ئەو ئینگلیزەی خاوەنی سوپایەکی زەبەلاح و چەک و تفاقێکی لەبن نەهاتوە، بە رای ئەوان دەبووایە لە هێلەکانی بازرگانی وهاتو چۆیان بدەن، بەڵێدانی ئەم هێلانە دەتوانن بازرگانی وسەرچاوە سامانیەکانیان پەک بخەن، دیسان ئەمیش لای ئەوان ئاسان ترو کاریگەرتر بوو، بۆ ئەم مەبەستە ناپۆلیۆن بۆ چەند مەرامێک میسری دەست نیشان کرد:

_ میسر دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکیی هاتوو چۆی هند، لە وێشەوە دەتوانن هاوکاری بزوتنەوە یاخی بووەکانی موستەعمەرەکانی ئینگلیز بکەن، هەروەها ئەو راپۆرتانەی لە میسرەوە دەهاتن ئاماژەیان بەوە دەدا کە رژێمی پادشاکانی میسر لەوپەڕی گەندەلی وستەمکاری دان، میللەت دەچەوسێننەوە، ئەمەش هاریکاریەکی باشە بۆ وەدەست هێنانی هاوکاری کردنی هاولاتیان و دەست گرتن بەسەر حوکم دا، بە دەستگرتن بەسەرمیسردا سەرکەوتنێکی مەزن بۆ فرانسا تۆمار دەکرێت. دەکرێ ئەوەش بڵێین ئالۆزی و گەندەڵیی حوکم لە پاریس وای دەویست کە ناپۆلیۆن لە وولات دور کەوێتەوە بۆ ئەوەی کاتێک دەگەڕێتەوە وڵات بە سەرکەوتوویی، بنکەی جەماوەریی فراوانتر دەبێ و ئەوساش دەتوانێ بە کودەتایەک رژێمی حوکم سەرنگون بکا، تالیری وەزیری دەرەوەی فرانسا بە زیرەکی و بلیمەتی خۆیەوە لەوە گەیشت کە مەرامی ناپلیۆن چیەو بەچی دەگات بۆیە چارەنوسی خۆی بە چارەنوسی ناپلیۆن بەستەوەو هانی حکومەتی بەڕێوەبردنی دا پشتگیری لە بۆچونەکانی ناپۆلیۆن بکەن و هەرچی ئیمکاناتە بخەنە ژێر دەستی بۆئەوەی لە ئەجنداکەیدا سەر کەوێ.

لە 19ی ئایاری 1798 بە نهێنی ناپۆلیۆن بەندەری تولونی فەرەنسیی جێهێشت و بەرەو دورگەی مالتا بەڕێ کەوت و داگیری کرد، هەر زووش گەیشتە میسرو لەشکرەکەی لە بەندەری (ئەبی قیر) ی رۆژهەلاتی ئەسکەندەریە دابەزاند و ئەوێشی داگیر کرد ئەمەش لە 1ی تەموز بوو، چەند کەمپێکی بچوکی سەربازیی لەوێ جێ هێشت و بەرەو پایتەخت رێ کەوت، لە بنکەی ئەهرامەکان بەسەر لەشکری مەمالیکەکان دا سەرکەوت و دواتر لە قاهیرە گیرسایەوە.

هەر لەورۆژەی کەشتیگەلی فەرەنسی لە بەندەرەکانیەوە بەڕێ دەکەوێ کەشتیگەلی بەریتانی بەدوایدا سور دەخوا، لە 1ی ئاب ئینگلیزەکان هێرشیان کردە سەر فەرەنسیەکان لە ئەبی قیرو بەسەریان دا زاڵ بوون، پەیوەندی لە نێوان کەشتیگەلی فرانساو وڵاتەکەی پچرا، بۆیە ناپۆلیۆن ناچار بوو لە رێگەی ئەو زاناو بسپۆرانەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی کارو باری میسر رێک بخەن لە سەر شێوازی ئەوروپی و فەرەنسی کارەکانیان فێرکەن و بۆیان بسازێنن.

لە کاتێکدا فەرەنسیەکان لە ناوەوە خەریکی بەڕێوە بردنی کاروبارە ناوخۆییە کانیان بوون ناپۆلیۆن هەواڵی پێ گەیشت کە ئینگلیزەکان لە ئاسیتانە تورکەکانیان رازی کردوە بۆ ئەوەی بەشداری لە جەنگ بکەن و لە دوو رێگاوە هەڵمەت بۆ میسر بێنن یەکیان لە وشکایی و ئەوی تریان دەریایی، بە یارمەتی کەشتیگەلی بەریتانی لە دەریای ناوەراستەوە هێرش بکەنە سەر لەشکری فەرەنسی و بەندەرەکان.

ناپۆلیۆن وای بەباش زانی لەم هەڵمەتە دەست پێشخەریەکە هی خۆی بێ، هەر زوو بڕیاری داگیر کردنی سوریاو فەلەستینی دا چونکە ئەمانە تاکە رێگەن کە لە زەویەوە بتوانن هێرشی بۆ بێنن، لە 1799 هێرشی کردە چەند شارێکی فەلەستینی، هەندێک سەرکەوتنی لێ بەدەست هێنا بەڵام لە پەرژینەکانی شاری عەکای فەلەستین گیرسایەوە. بۆماوەی چەند مانگێک ئەم شارە گەمارۆ درا بەڵام هیچ سودی نەبوو چونکە لە

ناوەوە احمد پاشا سەرکردایەتی هێزەکانی دەکرد باش خۆی و هێزەکانی قایم کردبوون دیسان کەشتیگەلی بەریتانی بە فەرماندارێتی سیدنی لە دەریای ناوەڕاستەوە هاوکاریی بەردەوامی دەکردن.

هەرکە گەمارۆکە درێژەی کێشا نەخۆشی تاعون لە ناو سەربازە فەرەنسیەکان بڵاو بۆوە، بە ناچاری هێزەکانی فرانسا بۆ میسر کشانەوە، لە ژیانی دا ئەمە یەکەم شکستی ناپۆلیۆن بوو، لە مانگی تەموز کاتێک هێزی دەریایی تورکەکان گەیشتنە بەندەری ئەبی قیر، لەگەڵ فەرەنسیەکان ڕوبەڕوو بوونەوە، دوای بەرپا بوونی شەڕێکی توند گورزێکی باشیان لە لەشکری تورک وەشاندو تەفرو تونایان کردن و لە ناویان بردن، ئەم سەرکەوتنەش بۆ ناپۆلیۆن قەرەبووی شکستەکەی عەکای کردەوەو ناوبانگیشی راست کردەوە.

لەوکاتەدا بارو دۆخەکان لە فرانسا بەرەو خەراپی دەرۆیشتن بەهۆی ناکۆکی و نەگونجانی سەرکردەکان لەگەڵ یەک و بڵاو بوونەوەی گەندەڵی وپیلانگێری لەسەر یەکتر. ئەمە لەسەرئاستی ناوەوە بەڵام لەسەر ئاستی دەرەوەی فرانسا، بریتانیا توانی بووی هاوپەیمانیەکی بەرفراوان دژی فرانسا پێک بێنێ و سەرکەوتنەکانی فەلەستینیش بۆ قازانجی خۆیان بقۆزنەوە.

لە یەک هەڵمەتی بچوکدا هاوپەیمانان لە 1799 توانیان هەموو ئەو خاکە داگیرکراوانەی کە ناپلیۆن لە ئیتالیا داگیری کردبوون لێی بسەننەوە. ئەم هاوپەیمانیە ناونرا بە هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دووەم کە هەریەک لە روسیای دڵ پڕ لە قین لە ناپلیۆن بەهۆی داگیر کردنی دورگەی مالتاوە، چونکە ئەوکات لە ژێر زێرەوانی روسیای قەیسەری دابوو، تورکیاش کە ناپلیۆن یەکێک لە موستەعمەرەکانی (میسر) داگیر کردبوو، تێیدا ئەندام بوون وێڕای هەریەک لە نامسا و ئینگلتەرا لێی ئەندام بوون، ئەوانە لە شکستەکانی ناپۆلیۆن چاوەڕوانی ئەوە بوون کە بتوانن ئەو خاکانەی لە ئیتالیا لەدەستیان داون بیان گەڕێننەوە.

هەر کە ناپلیۆن بەم هەواڵانەی زانی هەر زوو کەوتە خۆ تابگەڕێتەوە وڵات، ئەوەبوو لە ئابی 1799 سەربازەکانی بە فەرماندارێتی جەنەرال کلیبیر سپارد تا خۆیان کار بۆ دەرچونێکی سەربڵندانە بکەن لە میسر، لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ گەیشتەوە پاریس.

ئەم هەڵمەتەسەربازیە لەڕووی فەرهەنگی وشارستانیەوە سودێکی زۆری هەبوو، سەربازەکان لە میسر کاریان بۆ جولانەوەی رۆشنبیری کرد، زاناکانیان چەندین پەرتوکیان لەسەر ئەم ووڵاتە بە چاپ گەیاندن، دیسان یەکەم کۆری زانستی یان لە سەر ئاستی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دامەزراند، لە ئەوروپاشەوە ئامێری چاپی پێشکەوتویان بۆ بردن، دیسان چاکەو جوامێری بۆ ئەوانە دەگەڕێتەوە کە دەست پێشخەربوون لە بەستنی پەیوەندیەکانی شارستانێتی لە نێوان ئەوروپاو رۆژهەلاتدا.

کۆنسولگەری

لە 9ی ئۆکتۆبەری 1799 ناپۆلیۆن لە کەنارەکانی فرانسا دابەزی ولە 16ی هەمان مانگیش گەیشتە ناو پاریس، لە پێشوازیە بەسۆزەکەی جەماوەردا کە لە رێگاوە تا پاریس بۆی وەستابوون، بۆی دەرکەوت کە خەڵک وەکو قارەمان و پیاوی چاوەڕوان کراو سەیری دەکەن، شکستەکانی میسریش لەسەر ئەو نەبۆتە مال، ئەو لێی بەرپرسیار نیە بەڵکو سیاسەتمەدارانی نیشتەجێ لە پایتەخت لێی بەرپرسیارن. ئەوکاتە حکومەتی بەڕێوەبردن لە تەنگەتاودا دبوو، لە لای چەپیەوە لە ژێر هەڕەشەی یاقوبیەکانی چالاک و بەهێز لە ناو ریزەکانی هەژارو کرێکار وشوانەکان لە پاریس دا هەڕەشەی لێ دەکرا، لە راستیشیەوە فشارو هەڕەشەی پادشاخوازەکان کە هەرکاتەی هەلیان بۆ برەخسایا بە ئاشکرا کاریان بۆ ئەوە دەکر خانەوادەی پادشایەتی بۆربۆن بگەرێننەوە سەر کورسیی حوکم، سەرباری نالە باری دۆخی ئابووریی وولات و بێ کاری و بەرزبوونەوەی نرخی کالاو شتومەک و بڵاوبوونەوەی دزی و نەبوونی ئاسایش، هەموویان بۆ حکومەت لەمپەر و هۆکاری لاوازی بوون.

ئەوەی راستی بێ حکومەتی بەڕێوەبردن، لەگەڵ ئەوەی ماوەی 5 ساڵی لە تەمەنی بەڕێ کردبوو ئەوساش نەیتوانی بوو باری ئاسایش و ئارامی، چ لە ناوەوە چ لە دەرەوەی فرانسا بۆ یان فەراهەم بکات، بۆیە خەڵک لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێ دەستێکی بەهێز حوکم بگرێتە دەست کە لە توانایدابێ ئەم پێویستیانە بۆ خەڵکی فرانسا دابین بکات. ئەوکاتەی سەدەی هەژدەهەم دواساڵی بەڕێ دەکرد خەڵکی فرانسا کەسیان شک نەدەبرد ئەم مەرجانەی لێ بەدی بکرێ تەنها کەسایەتی ناپلیۆن نەبێ کە تازەکی وەکو خاوەنی سەرکەوتنەکان لە رۆژهەلات و رۆژئاوا ناسرا بوو.

هەندێک لە سیاسەتمەدارانی شۆڕش، ئەوانەی زیرەکیان پێش رودواوەکان دەکەوت لەو بڕوایە دابوون کە ئەمەتاقە رێگە یە وڵات لەم ئاستەنگە دەربازکا، بۆیە دەستیان لە هەموو بەرنامە تایبەتیەکانی خۆیان هەڵگرت و هەموو یان لەو کەلە پیاوە ئاڵانەوە و چارەنوسی خۆیان لەچارە نوسی ناپلیۆن بەستەوە، دیارە ناپلیۆنیش هەستی بەم بزاوانە کردوەو لەژێرەوە کاری بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەو بەرنامەکانی خۆی دەکرد، ناسراوترین کەسەکانیش (سیایاس، ئەو قەشەی لەسەردەمی شۆڕش جلی قەشایەتی داکەند و چوە ریز شۆڕش گێران بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندیە کانی چینی سێیەم دژی کەلیسا کارو خەباتی دەکرد، دواتر بوو بە بالوێزو پاشانیش ئەندامی حکومەتی بەڕێوەبردن، کەسە ناودارەکەی تر، تاللیران و فۆچیێ بوون، کە وەکو یاریدەدەرو نز

کودەتاکەی برۆمیر لە 9 ی نۆڤەمبەری 1799

لە کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی پیران کە زۆرینەیان پشتگیری سیایاس یان دەکرد، سیایاس داوای لە هەردو ئەنجومەن کرد بەیەکەوە کۆ ببنەوە. ڕۆژی دواتر بە بیانویەکی بێ بنەما ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی پێنج سەدی لە دەرەوەی پاریس لە لێواری(سان کلو) کۆبوونەوە بە بیانوی ئەوەی یاقوبیەکان نیازیانە دژی حوکمەتی بەڕێوەبردن کودەتا ئەنجام بدەن. کاتێک ئەنجومەنەکان لە کۆبونەوە دابوون لە پڕ لەلایەن چەند چەکدارێکەوە شوێنی کۆبوونەوەکە گەمارۆ درا، لوسیان برای ناپۆلیۆن و سەرۆکی ئەنجومەنی پێنجسەدی کە سیایاس لە پیلانەکە تێوە گلاندبوو، بەهێز بڵاوەی بە کۆبونەوە کە کرد.

لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆمەلێک لە نوێنەران داوای کۆبونەوەیان لە ئەنجومەنی پیران کرد، لەم کۆبونەوەیەدا بەزۆر پرۆژە یاسا یەکیان بە ئەندامان پەسند کرد، ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە سپاردنی دەسەڵاتی ووڵات بە سێ دەم ڕاست (کۆنسول) لەجیات حکومەتی بەڕێوەبردن. ئەنجومەنی پیران بە سوک و ئاسانی ناچاربوو ئەم پرۆژە یە پەسند بکات چونکە زۆرینەی ئەندامەکانی لایەنگری سیایاس بوون.

خەڵکەکە بە ئارامی وبێ کاردانەوە پێشوازیان لەم گۆڕانە کرد کە بە ناوی کودەتای برۆمیر ناسرا، بەهۆی ئەوەی خەڵک لە حکومەتی بەڕێوەبردن بێزار ببوون هیچ داخێکیان بۆی نەخوارد،، بوونی ناپۆلیۆن لە گەڵ ئەم پێکهاتەیە بووە هۆکاری ئەوەی زۆرینەی خەڵک لەم حکومەتە نوێیە چاوەڕوانی مژدە بن.

دەستوری 1799

بۆئەوەی سیمایەکی شەرعی بە کودەتاکە بدەن، دەبووایە دەستورێکی نوێ بۆ فرانسا دەربکەن،دەستورێک بێ لەگەڵ گۆڕانەکان بگونجێ و مەدایەکی فراوانتری دیموکراتی و ئازادی بۆ فەرەنسیەکان دابین بکات،

سیاسەت مەدارو بلیمەتی فەرەنسی سیایاس ئەم ئەرک و راسپاردەی گرتە ئەستۆ، دەستورێکی بۆ فرانسا دانا لە مێژووی فرانسا بە دەستوری 1799 ناسرا، زۆربەی دەق و برگەکانی، رەنگدانەوەی بیرکردنەوەکانی ناپۆلیۆن لەسەر بەرێوە بردنی دەسەڵات بوون. ناپۆلیۆن لە سەرەتای شۆڕشەوە لەگەڵ روداوەکانی دا هاتبوو و لە زۆربەشیان بەشداریەکی کاریگەری هەبوو لەم ماوەیەدا رۆلێکی گرنگی لە ژیانی وڵات دا هەبوو، لەم ماوە درێژە گۆرانێکی زۆر بەسەر بیر کردنەوەو شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ حوکمڕان و بەڕێوەبردن و دیموکراتی دا هاتبوو، دەبینین ناپۆلیۆن لەسەرەتای شۆڕش بڕوای زۆری بە بنەماکانی شۆڕش و شێوازی حوکم رانی هەبوو، کەچی لە دوایین کاتەکانی حکومەت بڕوای بە حوکمی تاکڕەو هەبوو بە بۆچونی ئەم بۆ رزگار کردنی ووڵات لەم گێرە شێوێن و ئاژاوە ی فرانسا تێی کەوتوە دەبێ بڕیاری تاکەکەس بڕیاری یەکەم و دوایین بێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دەست بەرداری شۆڕش بووبێ چونکە ناپۆلیۆن لە روداوی کودەتاکەی برۆمیر لاریی نەبوو، بە پاساوی ئەوەی تاکە رێگایە بۆ رزگار کردنی فرانسایەکی سەقامگیرو دابین کردنی دۆخێکی ئارام بۆ ووڵات، بۆئەوەی میلەت بتوانێ کاتەکانی خۆی بۆ بنیاد نان و بەرهەم هێنان تەرخان بکا کە ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی شۆڕش. ناپۆلیۆن بڕوای وابوو تەنها خۆی دەتوانێ ئەم ئەرکە جێبەجی بکات.

ئەوە بوو ئیتر ئەنجومەنی پیران بڕیاری دا دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی ووڵات بداتە دەست سێ دەم ڕاست (کونسۆلگەر) بۆ ماوەی 10 ساڵ، سەنتەری دەم ڕاستی(کۆنسۆلی) یەکەمیان بە ناپۆلیۆن سپارد و دەسەڵاتی راگەیاندنی جەنگ ومۆرکردنی گرێبەست و پەیماننامەکان و دەرکردنی یاسا و دامەزراندنی وەزیر و گەورە بەرپرسانی ووڵات و هەروەها بەڕێوە بردنی کارو باری سوپاو حکومەت و کاروباری دەرەوە شیان پێ سپارد. هەردوو کۆنسولەکەی تر وەکو یاریدەدەری دیاری کران، هەریەک لە لیبرۆن و کامبا سیریس بوون ئەویش خۆی دەست نیشانی کردبوون چونکە بەدیدی ئەم گوێڕایەڵ و دلسۆزی خۆی و رژێمەکەین، بەم شێوەیە هەموو دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن کەوتنە ژێر دەستی ناپۆلیۆن.
دانانی یاساکانیش بە سێ ئەنجومەن سپاردران :

1_ ئەنجومەنی پیران، ئەندامەکانیان بۆ یەکەم جار لەلایەن دەم ڕاستەکان (کۆنسۆلەکان)ەوە دێنە هەڵبژاردن بۆ ماوەی تا لە ژیان مابن.

2_ ئەنجومەنی تریبوونێت، لە 100 سەد ئەندام پێک دێت، هەر ساڵی 20یان مافی ئەندامێتی لەدەست دەدەن، ئەرک و دەسەڵاتی ئەمان تەنها دیراسە کردنی پڕۆژە یاساکانە ئەوانەی لەلایەن کۆنسۆلی یەکەمەوە بۆیان دێت، بێ ئەوەی مافی رەت کردنەوە یان رەزامەندیان لەسەر هەبێ.

3_ ئەنجومەنی یاسا دانان، لە 300 سێ سەد ئەندام پێک دێت، ئەرک و دەسەڵاتیان تەنها دەنگ دانە لەسەر ئەو پڕۆژە یاسایانەی لە ئەنجومەنی تریبۆنێتەوە بۆیان دێن.

کاتێک ئەم دەستورەیان بۆ گەلی فرانسا نمایش کرد، بەزۆرینەی رەهاوە دەنگیان بۆدا، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بەم دەستورە دیموکراتیەت بن چاڵ کرا هەموو دەسەڵاتەکان لە بن دەستی تاکە کەسێک کۆ کرانەوە، بە پێی ریزبەندی دەزگاکان دەسەڵاتەکان بۆ ئەنجومەنی یاسا دانان دەگەڕانەوە، بەڵام بڕوای فەرەنسیەکان وبلیمەتی و داهێنانەکانی سیاپاس وای کردبوو دەسەڵاتەکان بەڕێژەیەک بخرێنە بن دەستی کۆنسولی یەکەم کە لە هی لویسی شازدەهەم ی بەر لە شۆڕش زیاتر بن، دواتر متمانەکە بە ناپۆلیۆن درا نەک بە دەستور.

پەیماننامەی لۆنڤیل

وەکو دەم ڕاستی(کۆنسۆلی) یەکەم مەزنترین ئەرک کە ڕوبەڕووی ناپۆلیۆن بۆوە، بەدوادا چونی جەنگی وڵاتانی هاوپەیمانی دووەم بوو (ئینگلتەرا، نەمسا،تورکیا، روسیا). بەر لەوەی ناپلیۆن دەسەڵاتی فرانسا بگرێتە دەست، روسیا بە هۆی ناکۆکیەکانی سەر چۆنیەتی دابە ش کردنی هێزی دوو وڵاتەکە لە بەرەکانی شەڕدا بە کردار لە جەنگ کشا بووەوە. چونکە روسیا لە ئابی 1799 لە بەرەکانی باکوری ئیتالیا سەرکەوتنی باشی بەسەر لەشکری فرانسا وەدەست هێنابوو مەترسی لە لای نەمساییەکان دروست بوو کە لە دوارۆژدا روسەکان دەست بەسەر ئیتالیاوە بگرن چونکە نەمسا بە بە شێک لە خاکی خۆی دەزانی، بۆیە نەمسا داوای لە روسیا کرد بەرەکانی ئیتالیا بۆ خۆی جێ بهێڵێ و ئەم لە روی سویسراوە شەڕ لە گەل فرانسا بکات، ئەوە بوو لە کاتی گواستنەوەی هێزەکان لە ئۆکتوبەر فەرەنسیەکان دەستێکی کاریگەریان لە روسەکان وەشاند و تێکیان شکاندن، بووە هۆی ئەوەی روسەکان بەرەی جەنگ جێ بهێلن. لەسەر ناپۆلیۆن پێویست کرا شەڕ لەگەڵ نەمساو بریتانیا بکات، بۆیە بڕیاری دا یەکەم جار هێرش بکاتە سەر نەمسا کە جگە لە (جنۆی) بۆجاری دووەم ئیتالیایان داگیر کرد بوو.

ناپۆلیۆن لەشکرێکی ئامادە کرد و بەرەو ئیتالیا بەڕێ کەوت، لە چیاکانی ئەلب دە رباز بوو بەهەمان نەخشەو پلانی کۆنی هنیبگل، بەم هێرشە هەڕەشەی لە هێلەکانی هاتو چۆی نەمسای دەکرد، لە شەڕی مرنگۆ لە 14 ی حوزەیرانی 1800 لەگەڵ هێزەکانی نەمسا بەیەک گەیشتن وگورزێکی باشی لێ وەشاند و بەسەریان دا زاڵ بوو، ئەمە یەکەم سەرکەوتنی یەک لەدوای یەکەکانی ناپۆلیۆن بوو لە سەردەمی دەم ڕاستیەکەی (کۆنسۆلیە)کە دواتر دێینە سەر باسی. ئەم سەرکەوتنەی ناپۆلیۆن و سەدای پەڕینەوە قارەمانێتیەکەی لە ناو خەڵکی فرانسا دەنگۆیەکی باشی پەیدا کرد و نەمساییەکانیش هەر دوای ئەو شکستەیان شکستێکی تریان لە بەرەکانی شەڕ لە ئەڵمانیا خوارد ئەویش لەسەر دەستی فەرماندەی فەرەنسی (مۆرۆ) لە شەڕەکانی هۆهنلەندەن لە مانگی دێسەمبەر. ئەم سەرکەوتنانەی ناپۆلیۆن نەمسایان ناچار کرد داوای پەیماننامەی ئاشتەوایی بکات، لە ئاداری 1801هەردو شاند پەیماننامەیەکیان ئیمزا کرد، گرنگترین ئەو خالانەی لەم رێککەوتنەدا هاتبوون:

_ ئەمسا دان بە مافی فرانسا دەنێ لە داگیر کردنی هەموو ئەو خاکانەی ئەڵمانین، کە دەکەونە نێوان سنوری فرانسا و روباری راین، واتە هەموو کەنارەکانی چەپی راین.
_ ئەمسا لە هەموو خاکی ئیتالیا دەکشێتەوەو فرانسا دەست کراوە دەبێ لە چۆنیەتی بەڕێوە بردنی کاروبارەکەی، دان بەو کۆمارانە ش دەنێ کە ناپۆلیۆن لە سویسراو هۆڵەندا وئیتالیا لەسەر شێوەی کۆماری فرانسا دای مەزراندون و سەر بە فرانساشەوە دە بن.

پەیوەندیەکانی فەرەنسا_ئینگلیز

دوای سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی فرانسا بەسەر وڵاتانی هاوپەیمانی دووەم، تەنها ئینگلیزی لە بەردەم مایەوە، ئەویش بە رۆژگارێکی نالە باری سەختی ناوەخۆدا تێ دەپەری، ئەو سا هەردوو تیپی شەڕکەر کەوتنە ئەو بڕوایەی کە دەبێ سنورێک بۆ کۆتایی هاتنی ئەم جەنگە دابنێن ئەو کۆتاییەی کە ئەنجام و شێوەکەی رون و دیار نیە.

ناپۆلیۆن بەهۆی ئەوەی دەریاکان لەژێر پاسەوانی کەشتیگەلی بەریتانی دان بڕوای تەواوی هەبوو کە لەم سەردەمە لە توانایان دانیە ئەم بازنە بشکێنن، بۆیە کارێکی ئاستەمە بتوانێ دەست بەسەر بریتانیا دا بگرێ. لە م روانگەیەوەو بە هۆی ئەوەی ناپۆلیۆن پێویستیی بە ماوەیەکی ئارام و ئاشتیەکی کاتی هەبوو تا روو لە رەوشی ناوەوەی فرانسا بکات و سەقام گیریەک بە ئەنجام بگەیەنێ بەتایبەت لەو کاتە لە سەرتاسەری ئەوروپا باڵا دەستە دەکرێ سود لەم کەش وهەوایە وەرگرێ بۆ دوبارە بنیاد نانەوەی ژێرخانی ئابووری ووڵات.

لە ئینگلتەراش بارو دۆخی ناوەخۆی ووڵات وای دەسەپاند بەدوای پرۆسەی ئاشتەوایی لەگەڵ ناپۆلیۆن دا بگەرێن، خەرجیەکانی شەڕی هەردوو هاوپەیمان (یەکەم و دووەم) بەسەر خەڵکی ئینگلتەرای فەرز کردبوو باجی زیاتر بدەن، دیسان لەسەر خەزینەی دەوڵەت زۆر کەوتەوە هەر وەها ئیرلەندا لەژێر تاجی پادشای بەریتانی دایە شۆڕشی ئەوانیش خەریک بوو هەڕەشەی لە یەکپارچەیی نەتەوەی بریتانیا دەکرد، ئیرلەندیەکان دەمێک بوو لە رێگەی یاخی بوون و شێوازەکانی تردا داوای سەربەخۆییان دەکرد، هەرکاتێک هەلیان بۆ برەخسابا، بەتایبەت هەر کە بریتانیا لەگەڵ دەرو دراوسێکان دەیکردە شەڕ ئەمان ئەم هەڵەیان دەقۆستەوە وەکو ئەوەی ساڵی 1798پێی هەڵسان، داوای سەربەخۆییان دەکرد.

بۆئەوەی کەمێک هێورو کپ بکرێنەوەو بریتانیاش بە شەڕەکانی فرانساوە خەریک بێ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ولیەم بێت هەندێک بەپیر داخوزیە کانیانەوە چوو، لەوانە پادشای رازی کرد رێگە بەئیرلەندیەکان بدات نوێنەری خۆیان بنێرنە پەرلەمان تا لە مافە سیاسیەکانیان لەگەڵ ئینگلیزەکان یەکسان بن، ئەمە جێبەجێ کرا یەکەم کۆبونەوەی هاوبەش لە جەنیوەریی 1801 بەسترا. لەو کاتەوە ئینگلتەرا ناوی میرنشینە یەکگرتوەکانی هەڵگرت، بەڵام ئیرلەندیەکان بەمە نەوەستان داوای یەکسانیەکی تەواوەتیان

دەکرد، بەڵام پادشا ئەم داواکاریەیانی رەت کردەوە بە پاساوی ئەوەی نابێ ئیرلەندیە کاسۆلیکەکان لەگەڵ ئینگلیزە پرۆتستانەکان یەکسان بن. سەرۆک وەزیران ولیم بێت پێی خۆش بوو گوێی لە داواکاریەکەیان بگیرێ، بۆیە دبینین لە 5 ی شوباتی 1801 دەستی لەکار کێشایەوە کە لە 1783 وە ئەم پۆستەی گرتبووە ئەستۆ. دەکرێ مەزندەی ئەوە بکەین هۆکارەکانی دەست لە کار کێشانەوەی بۆ ئەوەش بگەڕێتەوە کە پێی باش بوو پەیمانی ئاشتەوایی لەگەڵ فرانسا مۆر بکرێ چونکە وڵات پێویستیی پییە بۆ ئەم مەبستەش دەبێ شوێن بۆ کەسێکی تر چۆل بکا بەم ئەرکە هەڵسێ دیارە خۆی ماوەی نزیکەی 10 ساڵ لەگەڵ فرانسا درێژەی بە پرۆسەی جەنگ دابوو، بەم ئەگەرەوە بۆ ئەم کارێکی قورسە هەمان پرۆژەی ئاشتەواییش بەڕێوە بەرێت.

سەرۆک وەزیرانی نوێی بەریتانی درێژەی بە دانو ستانەکان داو بەهۆی پێویستی هەر دوو لایەن بە پرۆسەی ئاشتەوایی،دانوستانەکان زوو کۆتاییان پێ هات، لە شاری ئامیان ی فەرەنسی لە 25ی ئاداری 1802 هەردوو شاندەکە لەسەر مەرجەکانی ئاشتبونەوە گەیشتنە رێککەوتنێک، دیار ترین ئەو دەقانەی لە ناو رێککەوتنەکە دا هاتبوون بریتی بوون لە :

1_ ئینگلتەرا دان بەسنوری سروشتیی فرانسا دەنێ کە بەلژیک وهۆڵەندا وهەندێک لە خاکی کەناری چەپی روباری راین دەگرێتە خۆ.

2_ ئینگلتەرا بە مانەوەی فرانسا لە ناو خاکی ئیتالیاو بوونی ئەو کۆمارانەی (کۆمارەکانی برا) لە سەر شێوەی سیستەمی فرانسا دروست کراون رازی دەبێ.

3_ بریتانیا گفتی ئەوە دەدات دورگەی مالتا بۆ خاوەنەکانی بگەرێنێتەوە کە سوارچاکانی مالتان کە روسیای قەیسەر چاودێری و پاسەوانیی دەکرد...دیسان گفتی ئەوەشی دەدا هەموو دەسکەوتە موستەعمەرەکانی فرانسا بگەرێنێتەوە وەکو هۆڵەندا وئیسپانیا، تەنها دەست بە دورگەی سیلان و دورگەی ترینیداد لە دورگەکانی هیندی رۆژئاوا دا بگرێ.

4_ فرانساش گفتی ئەوە دەدات لە میسر بکشێتەوەو بۆ تورکە عوسمانیەکان بگەرێنێتەوە، هەروەها لە ناپۆلی وخاکەکانی پاپاش.

ئەم پەیماننامەیە بە لوتکەی دەسکەوتەکانی ناپۆلیۆن لە سەردەمی دەمڕاستی دادەنرێن، چونکە بەم پێکهاتنە فرانسا ئەوەی دەستی کەوتبوو بریتی بوو لە : دان پیانانی ئینگلیز بە سنورە نوێکەی، رژێمی کۆماری، دەست بەرداربوونی رژێمی پادشایەتی و هەموو ئەو گۆڕانانەی لە دوای شۆڕشی فرانساوە رویان دابوو کە هەردەم ئینگلیزەکان ئەمانەیان رەت دەکردنەوە هەر لە دوای حوکمی لویسی چواردەمەوە چەندین جار لە پێناو رەتکردنەوەیان دا رێگەی شەڕو جەنگیان لەگەڵ فەرەنسیەکان گرتۆتەبەر. چونکە ئینگلیزەکان لایان گرنگ بوو ئاڵای هیچ وڵاتێکی مەزن لە کەنارەکانی بەرامبەر بە بریتانیا لە بەلژیک بەرز نەکرێتەوە.

هەروەها دانیان بە مافی فەرەنسیەکان نا لە ئیتالیای خاوەن کەناری پان و بەرینی پڕ بایەخ لە دەریای سپیی ناوەڕاست ئەمەش پێشان یەکێک لەو خالانە بوو کە ئینگلتەرا هەرگیز ئامادە نەبوو پێی رازی بێ چونکە فرانسا وڵاتێکی دەریاوانیی مەزنی دراوسێیە.

چاکسازیە ناوەخۆییەکانی بۆناپارت

ئەوەی لە حکومەتی بەڕێوەبردن بۆ ناپۆلیۆنلە ئەنجامی شەڕە دەرەکی و شۆڕشە ناوەخۆییەکاندا مابوەوە کۆمەلگایەکی فەرەنسیی ماندوو ژێرخانێکی لە بارچو بوو، بێ بڕواو ناسەقامگیری سیاسی و، خوێن رشتن و حەزە کەسیەکان، نائارامی و تۆقاندن و توندوتیژی باڵی بەسەر وڵات دا کێشابوو،کۆمەلگا هەموو بنەما کەلتوری و نەریتی و ئاینیەکانی لەدەست دابوو کەس حەزی لە باسکردنی رابردوو نەدەکرد، بۆیە رێگایەکی سەخت و دژوارو نالەبار لەبەر دەم ناپۆلیۆن دابوو.

دوای ئەوەی بە هەوڵو بلیمەتی خۆی توانیی سەروەریەکانی دەرەوەی فرانسا لەسەر هەموو خاک و سنوری سروشتی فرانسا بگەرینێتەوە، دەبووایە لە ناوەوەش سیستەمێکی سەقامگیر و ئارام بۆ خەڵکەکە دابین بکاو کار بۆ چەسپاندنی بنەما سیاسیە نوێکانی شۆڕش بکات.

ئەوەی لەم هەوڵە یاریدەدەری ناپۆلیۆن بوو ئەو متمانەو بڕوایەی خەڵکی فرانسا بوو کە پێیان بەخشی بوو. دەبینین لە 1800 لە هەڵبژاردنێکی جەماوەریی ئازاددا بە دەم ڕاستی یەکەمی فرانسا بۆ ماوەی 10 ساڵ هەڵ دەبژێردرێت. دواتر هەمان جەماوەر لە 1802 دوپاتی دلسۆزی و متمانەی خۆیان بۆ کردەوە، ئەم جارەیان بۆماوەی تالەژیان ماوە وەکو دەمڕاستی(کونسول) یەکەمی فرانسا هەڵی دەبژێرن. دیار ترین پاشکارەکانی ناپۆلیۆن لە بوواری رێکخستنی ناوەخۆو چاکسازی بریتن:

1_ چاکسازی بەڕێوەبردن

بەیاسایەک کە لە 17 ی شوبات ی 1800 دەریکرد توانیی ووڵات لە روی بەڕێوە بردن رێک بخات، بەپێی ئەم یاسایە ووڵات بەسەر چەند ناوچەیەکی بەڕێوەبردندا دابەش کرد، لە شێوەی بەڕێوەبردنی کۆن کە ئەنجومەنی نیشتمانی لە دەسپێکی شۆڕش دەری کردبوو. بەڵام بە پێویستی نەزانی فەرمانڕەواکان لەلایەن گەلەوە هەلبژێردرێن بەڵکو خۆی دای مەزراندن. لەم بڕیارەی دوو مەبەستی هەبوو یەکەمیان ئەم کاربەدەستانە لە ململانێی سیاسیی حزبەکان دور بخاتەوە، دووەمیشیان بۆ ئەوەی ئەم حاکم و فەرمانبەرە کاربەدەستانە ڕاستەو خۆ بە خۆیانەوە ببەستێتەوەو لەم رێگەیەوە دەسەڵاتێکی بەهێزی توند دابمەزرێنێ کە لە سەنتەرەوە کارەکان بەڕێوە ببردرێن، دیارە ئەمەش هەر بۆچونی ناپۆلیۆن خۆی بوو بۆ بەڕێوە بردنی حوکمڕانی. بە مەبەستی پیادە کردنی بنەما دیموکراتیەکان، لەتەک ئەم فەرمانڕەوایانەش بۆ هەر یەکەیان لیژنەیەکی هەلبژێردراو ی راوێژکاری دانرا کە گرنگی بە کارو باری دارایی و باجەکان بدات. بۆ داکۆکی

کردنیش لە مافی هاوڵاتیان وەکو ناوبژیوانێک لە یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان فەرمانڕەوایانی بەڕێوەبردن و هاوڵاتیان دادگایەکی بەڕێوەبردن دامەزرا تا لەکاتی پێویست هاوڵاتیان پەنای بۆ بەرن.
بە کورتیەکەی لەم سیستەم و پڕۆسەیە ناپۆلیۆن مەبەستی ئەوە بوو حوکمێک لە پاریس ببات بەڕێوە توانای کۆنترۆڵ کردن و دەسەڵاتی تەواوی هەبێ لە هەمان کات مافی هاوڵاتیش لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ پێ شێل نەکرێت.

ئەم رێکخستنە ئەگەر بکەوێتە بواری پراکتیکەوە جوانترین شێوازی حوکم و یەکسانی کۆمەڵایەتی و پەیدابوونی دەرفەتی کار بۆ هاوڵاتی دەرەخسێ، بەم سیستەمەش هەموو هاوڵاتیەکی فەرەنسی بەبێ جیاوازی ئاین یا چین پیادەی مافەکانی خۆیان دەکەن، بەم پێوەرە هەردەم کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دادەنرێت، لە بەر رۆشنایی ئەم بنەمایانە چەندین زاناو بلیمەت و بسپۆرو گەورە بەرپرس و فەرمانبەری زیرەک کە لە هەلبژاردەی پیاوانی ئەوروپای سەدەی نۆزدەهەم بوون لە دەوری ئەم پرۆژەیە کۆ بوونەوە.

کۆنکۆرداتۆ

ناپۆلیۆن پیاوێکی ئاینپەروەر نەبوو تەنانەت باوەرداری هیچ ئاینێکیش نەبوو، بەڵام ئەو کاریگەری ئاینی کریستیی لە سەر دەرونی جەماوەری فەرنسای دەزانی بە تایبەتی لە ناو ریزەکانی جوتیار و گوند نشینەکان هەستی بەو پابەندە نەریتە ئاینیەی ئەوانی دەکرد. ناپۆلیۆن بڕوای بە یەکگرتنی دەزگا کۆمەڵایەتیە کان هەبوو، ئەم لەو هەلوەشاندنەوە کۆمەڵایەتیە بێزار بوو کە لە سەردەمی شۆڕش کۆمەلگای فرانسا تێی کەوتبوو، بڕوای وابوو ئاین فاکتەری سەرەکیی ئەم یەکگرتنە کۆمەڵایەتیەیە هەردەم دەیگوت (ئاین نهێنی سیستەمی کۆمەڵایەتیە).

لەم روانگەیەوە ئەم دەیویست پەیوەندیە کانی نێوان دەوڵەت و کەلیسا خۆشکاتەوە، دوای ئەو دورکەوتنەوەیەی لە ئەنجامی یاسای ئەکلیرۆس رویدابوو، بۆئەوەی هەم سەروەریەکان بۆ ئەکلیرۆس بگێرێتەوەو هەم دەسکەوتەکانیش بۆ حکومەت بە زیندویی بهێلێتەوە، لە پشت ئەم هەنگاوەیدا مەرامێکی تریشی هەبوو ئەویش بە گەڕاندنەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ کەلیسا نەیارانی حکومەت وشۆڕش لاواز دەکات، ئەو وڵاتانەی کە دەخرێنە سەر فرانسا وەکو بەلژیک ئەوانیش دانیشتوانەکەی کریست و کاسۆلیکن ناکرێ ریز لە ئیرادەی ئەوانیش نەگیرێ، بۆیە هەر رێککەوتنێک لە نێوان ناپۆلیۆن و ئەکلیرۆس پێگەی ناپۆلیۆن باشتر دەچەسپێ، دواتر دەبێ ئەوە بزانین کە زۆربەی فەرەنسیەکان کاسۆلیکن، پەیوەندی کردنیان بە شۆڕشەوە ئەوە ناگەیەنێ دەست بەرداری ئاینەکەیان بوونە، بە دیدی ناپۆلیۆن گەڕانەوەی کەلیسا بۆ درێژەدان بە مەساجە کریستیەکەی رەزامەندی زۆربەی فەرەنسیەکان وەدەست دێنێ.

دوای دانوستانێکی چرو پڕلە سەرئێشە و گرفت لە سەردەمی پاپا بیۆس ی حەوتەم لە 16 ی تەموزی 1801هەردوو لا گەیشتنە ڕێککەوتنێک، لە لایەن کەلیساوە کەردینال کۆنسالڤی بە نوێنەرایەتی پاپا ڕێککەوتنی کۆنکۆرداتۆ ی لە شاری پاریس واژو کرد.

بە پێی ڕێککەوتنی کۆنکۆرداتۆ فرانسا دان بە سەروەری ڕۆحیی کەلیسای کاسۆلیک دەنێ وەکو ئاینیی زۆرینەی فەرەنسیەکان. ڕێگەش بە ئەکلیرۆس درا نەریتە ئاینیەکانی خۆیان لە سەرتاپای فرانسا بە ئاشکرا پیادە بکەن، بە پێدانی مافی دەوڵەت لە دەست تێوەردان بۆ پاراستنی باری ئارامی دۆخەکانی گشتیی وڵات.

لە بەرامبەریشی پاپا دان بە مافی فرانسا دەنێ بۆ فرۆشتنی ئەملاکی ئەکلیرۆس کە کاتی خۆی دەستی بەسەردا گیرابوو، بە مەرجێک دەوڵەت موچەی پیاوە ئاینیەکان دابین بکات و دەمڕاستی (کۆنسول) یەکەمیش قەشەو ئەسقوفەکان دادەمەزرێنێت پاش ئەوەی پاپا رابۆبانک.نلێیان رازی دەبێت.

کە بڕگەکانی ئەم ڕێککەوتنە پیادە کران کەلیسا لە فرانسا کەوتەوە کار کردن بەڵام نەک وەکو جاران، ئەم جارەیان سەربەخۆیی خۆی لەدەست دابوو جلەوەکان لەدەست دەسەڵاتی سڤیلی وڵات بوون.

بەهەر حاڵ ئەم ڕێککەوتنە ڕوبەڕووی ناڕەزایی یەکی زۆری چینی ڕۆشەنبیرو کۆنە بەرپرس و ئەفسەرەکانی فرانسا بووەوە، بە تایبەت ئەوانەی لە ژێر کاریگەری ڕەوتی ئازادی دابوون کە لە پەرتوکی سەدەی هەژدەهەم کەوتبوونەوە، بەڵام ناپۆلیۆن ئەم هەموو دژایەتیەی تێپەر کرد و بڕگەکان کەوتنە قۆناغی جێبەجێ کردن.

یاسای سڤیلی بۆ فەرەنسیەکان

ئەم دەسکەوتە یاساییە بە مەزنترین دەسکەوتە شارستانیەکانی ناپۆلیۆن دەژمێردرێت. حکومەتی شۆڕش پێش ناپۆلیۆن هەوڵی زۆری دابوو کە هەموو یاساو بڕیارە کۆن و نوێکان لە یەک چەمک کۆیان کاتەوە دیراسەیەکی روالەتیان بکا ئەوەی بەسەر چوە هەڵیان بووەشێنێتەوە، ئەوەی پێویستی بە هەموار کردن هەیە چاکیان بکا تا لەگەڵ بار و دۆخی ئێستا بگونجێن، بەڵام لەم کارەیان سەرکەوتو نەبوو. ئەمە ئەرکێکی مەزن بوو ناپۆلیۆن گرتیە ئەستوی، بۆ ئەم کارە لە ئابی 1800 لیژنەیەکی لە یاسازانە هەرەمەزنەکانی فرانسای ئەوکات پێک هێنا.

ئەم پڕۆژەیە لە لایەن ناپۆلیۆنەوە بایەخی زۆری پێدرا، زۆرجار لە دانیشتنی داڕشتنی دەقەکان بەشداریی دەکرد هەندێک جاریش لە دانیشتنی دیباجە کانیش بەشدار دەبوو و تیایدا هەڵوێستی دیاری وەردەگرت.

لە بڕگەکانی ئەم یاسایە زۆر لە ڕەنگدانەوەی بۆچونەکانی ناپۆلیۆنی پێوە دیاربوون وەکو جەخت کردن لەسەر دەسەڵاتی باوک سالاری بەسەر منداڵ و هاوسەر.

چونکە ناپۆلیۆن خێزانی بە پیرۆز دە بینی وەکو شانەیەکی بنەڕەتیی کۆمەڵی دەناسی، لە چوار چیوەی ماڵ و منداڵ وموڵکداری بڕوای بە باوک سالاری هەبوو، بۆ پاراستنی بێ گەردی خێزان منداڵە نا

شەرعیەکانی لە مافی میرات بێ بەش کردبوون، یاساکە دانی بە هاوسەرگیری مەدەنی هێنابوو کە لە یاساکانی شۆڕشی فەرەنسی دابوون، مافی تەلاقیشی هێشتبوەوە بەڵام زۆری بەرتەسک کردبوو، ئەویش دیسان لە پێناو پاراستنی شیرازەی خێزان بوو.

لە بوواری ئازادیە گشتیە کانیشدا ڕێگەی بە و ئازادیانە دابوو کە شۆڕش پێی دابوون : لەوانە ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی بیرکردنەوەو ئازادیی کارکردن، دیسان دادپەروەری و یەکسانی لە بەرامبەر یاسا بۆ فەرەنسیەکان دەستە بەرکرد لەگەڵ پاراستنی سیستەمی علمانیەت.

هەر چەندە یاسای مەدەنی مافی هەبوونی مولکیەتی ڕەهای بۆ هەمووکەس مسۆگەر کردبوو ئەمەش دیارە لە بەرژەوەندی بۆرجوازەکاندا بوو بەڵام ناپۆلیۆن شتێکی وای کرد کە مافی دەوڵەتیش لەم بەینە تێ نەچێ، لە بڕگەیەکدا مافی بەدەوڵەت دابوو کە هەموو ئەوشتەی لەژێر زەویە، مولکی دەوڵەتەو مافی ئەوەشی هەیە بە کاری بهێنێ و بۆ بەرژەوەندی گشتی دەتوانێ دەست بەسەر هەموو مولکێکدا بگرێت.

لە ساڵی 1804 ئەنجومەنەکانی یاسا دانان لە دیباجەی یاسای مەدەنی بۆ فەرەنسیەکان تەواو بوو. لە 21ی ئاداری 1804 بڕیاری لەسەر درا و لە ڕۆژنامە فەرمیەکان بڵاو کرایەوە. بەم شێوەیە لە سەردەمی یۆستیانۆسەوە تا ئەمرۆ فرانسابۆ یەکەم جار بوو بە خاوەنی باشترین کۆمەڵە یاسایەک، کە تیایدا نەریتە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکانی پارێزراو بێ، لەگەڵ یاساکانی علمانی بە دەوڵەمەند کردنی بە هەندێک یاسای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادیی هاوڵاتیان.

فێرکردن

ناپۆلیۆن دیراسەیەکی تایبەتیی باری فێرکردنی فەرنسای کرد کە ئەوسا بەقەدەر ئێستا ئاڵۆز و بە ئاستەنگ نەبوو، ڕێنماو شێوازی پەروەردەشی لە بیرو هزری خۆی سەرچاوەیان گرتبوو. بە هۆی گرانی باری فێربوونەوە ناپۆلیۆن ئەوەندە گرنگیی بە فێرکردنی سەرەتایی و ژنان نەدەدا، ئەوکاتیش هێشتا ڕای گشتیی ئەوروپا نەگەیشتبووە ئاستی ئەو تێگەیشتنە کە فێربون بە مافی سروشتیی هەموو هاوڵاتیەک بزانێ. ئەوە نیە کەڵە پیاوی ڕزگارکردنی ئەوروپا لە سەدەی هەژدەهەم فۆلتێر دەیوت فێر کردنی هەژاران تەنها ئاژاوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەبەرهەم دێنێ؟ لەم ڕووەوە، دوای ڕێککەوتنی کۆنکۆرداتۆ کەلیسا توانیی سود لەم هەڵە وەرگرێ منداڵ و کەم دەرامەتان فێری خوێندن بکات، لەم بووارە کۆمەڵەی برایانی قوتابخانەی کریستەکان ڕۆلی باشی دەگێرا. هەروەها دامەزراوە ڕەبەنیەکانی تر بایەخیان بە بوواری

فێرکردنی کچان ده دا سەرەڕای بەشداری کردنی کارای شارەوانیەکان لەم هەڵمەتە بۆ فێرکردنی خوێندنی سەرەتایی.

بۆ بوواری فێرکردنی خوێندنی دوا ناوەندیش،چەندین خویندنگای دوا ناوەندیان لەسەر بوودجەو ئەرکی دەوڵەت کردنەوە، کاریان بۆ ئامادە کردنی چەندین کادیری شارەزا کرد تا خزمەت بە دەوڵەت بکەن، سیستەمی خوێندنی خۆڕایی بەشێکی زۆر بە منداڵی ئەفسەرو فەرمانبەرانی دەوڵەت دران لە پای خزمەت کردنی باوکیان بە دامەزراوەکانی دەوڵەت، بە شێکیش لە خوێندنی خۆڕایی درا بە بەهرەداران، بوونی خوێندنگای دواناوەندی (لیسس) ی فەرمی ڕێگە لە بەردەوام بوونی خوێندنگا دواناوەندیە کانی تر ناگرێ ئەوانەی سەر بە دەزگا تایبەتیەکان بوون، بەڵکو ئەو خوێندنگایانەش خرانە ژێر چاودێری فەرمانگا فەرمیەکانی وڵات.

لە ساڵی 1808 بۆناپرت دانیشگایەکی دامەزراند کاری بڵاو کردنەوەی فەرهەنگی و ڕۆشەنبیری و زانستی باڵاو ڕێکخستی پێ سپارد. دەرماڵەو بوودجەکەشی لە گەنجینەی دەوڵەت دەردەکرد.

ئیمپراتۆریەتی فەرەنسی

ئاسان نیە لە نیازی سەرکردە فەرەنسی و ئینگلیزەکان بگەیت، ئەوانەی پەیماننامەی ئاشتەواییان مۆرکرد، ئاخۆ بۆ یەکتر چیان لە دڵە. ئایا بە ڕاستی مەبەستیان ئاشتیەکی هەمیشەییە لە نێوان هەردوو تیپی ناکۆک بۆ ئەوەی بارەی قورسی سەر ئەوروپا کەم کاتەوە؟ یا لایەنێک دەیەوێ بە ئاشتیەکی کاتی گیرو گرفتە ناوە خۆییەکانی چارەسەر کا ئەوسا دەرفەت لەوی تر وەرگرێ؟ ئەمە سەلمێنرا کە پرۆسەی ئاشتەوایی تەنها ئاگر بەستێکی کاتیە، تەمەنی لە ساڵێک ڕەت ناکات. ئەوەی مسۆگەر بوو، هەردوو لایەن بە گوێرەی بۆچون و بەرژەوەندیەکانی تایبەتیی خۆیان بڕگەکانی ئەم ڕێککەوتنە شی دەکەنەوە و مامەڵەیان لەگەڵ دەکا، ئەم دیاردەیە ئەوەی سەلماند کە گەڕانەوە بۆ مەیدانی شەڕو ڕووبەڕوو بوونەوە لێ دەرچونی بۆ نیە چ زوو چ درەنگ. ئەمە وای لە مێژوو نوسە بێ لایەنەکان کرد هەردوو لایەن بە لە ناو بردنی پرۆسەی ئاشتەوایی و گەڕانەوە بۆ جەنگ تاوانبار بکەن.

ئابووری

ئینگلتەرا ئومێدی بە پرۆسەی ئاشتەوایی هەبوو بەوەی بازاڕەکانی گەردونی ناپۆلیۆن کە کۆمەڵێک موستەعمەر و وڵاتانی ئەو دیو دەریا بوون بەڕوی بازاڕەکانی ئینگلتەرا بکرێنەوەو بۆ سودی خۆی قۆرخیان بکات.

دوای کۆتایی هاتن بە شەڕەکان بازاڕەکانی فرانسا پێویستی زیاتریان بە کالای بەریتانی هەبوون چونکە کارگەکانی فرەنسا بە دروست کردنی کەشتیەوە خەریک بوون بەهۆیەوە گەڵێك لە چالاکیە کانی تری بازاڕ

وەستابوون، بە جولە کەوتنی بازاڕی بەریتانی گەڵێک دەنگی ئۆپۆزسیۆن کپ بوون، بەتایبەت ئەوانەی بڕواو متمانەیان بە ناپۆلیۆن نەبوو درێژە بە ئاشتی بدات.

بەڵام ناپۆلیۆن لە بواری ئابووری بۆچونێکی تری هەبوو. ئەو دەیویست سود لە پرۆسەی ئاشتەوای وەرگرێ بە دابین کردنی سەرمایەیەکی باش و ئابووریەکی پتەو کە لە ماوەیەکی دوور ئامانجە ستراتیژیەکانی وڵات بە ئاکام بگەیەنێ و بێکاری کەم کاتەوە ئاژاوەچی و تێکدەرانیش بن بڕ کات، ناپۆلیۆن زیاتر گرنگی بە پیشەسازی دەدا چونکە بە دیدی ئەم لەلایەک کرێکاری هەڵدەمژی لە لایەکی تریش دابین کردنی کەلوپەلی ئیستهلاکی بۆ وڵاتە موستەعمەرەکانی دابین دەکات کە لەم رێگەیەوە پەیوەندیان لەگەڵ وڵاتی دایک باشتر دەبێ هەروەها یارمەتیی بەهێز کردنی ئامێرو پێداویستیەکانی جەنگیش بە بەردەوامی دەدات.

لە ساڵی 1800(بیرۆی ئامار)ی دایمەزراند و بایەخی زۆری پێدا بوو ئەرکی سەرژمێری تواناکانی فرانساو بەروبوومە کشتوکاڵیەکان و پیشەسازی و سەرژمێری دانیشتوانی پێ سپارد، وێڕای سەرژمێری داهاتە سروشتیەکان و بازاڕەکانی ناوەخۆ و دەرەوە ی ئێستاو دوا رۆژ.

لە دەست بەکار بوونیدا ئەنجامی باشی لێ وەدی دەکرا، بۆ ئەم بیرۆیە جەخت لەسەر کاری بەیەک بەستنەوەی هەرێمەکان کرا لە روی ئابووریەوە، هەر بە پەرە پێدانی پیشەسازیەکان نەوەستا بایەخیان بە کەماڵیاتیش دا کە ئینگلیزەکان بازاڕەکانی فرانسایان لێ پڕ کردبوو، ئەمە لای بەریتانیەکان بەنیازی خەراپی فەرەنسیەکان لێکدرایەوە، دواتر باجی زۆری خستە سەر کالاکانی بێگانە کە بۆ ناو فرانساو موستەعمەرەکانی دەهاتن، ئەم هەڵوێستەی فرانسا کاردانەوەی خەراپی لەسەر بازاڕەکانی بریتانیا کرد، چونکە ناپۆلیۆن نەخشەی بۆ ئەوە داڕشتبوو کە نەتەوەی فرانسا ببێتە نەتەوەیەکی پیشەسازیست و بازرگانیست، ئەم هەنگاوانەی ناپۆلیۆن پاساوی باشی دایە دەست ئینگلیزەکان تا پەیماننامەی ئاشتەوایی هەلوەشێننەوە.

ئیمپریالیزم

دوای مۆرکردنی پەیماننامەی ئاشتەوایی ناپۆلیۆن بایەخی زۆری بە موستەعمەرەکانی دا، لەشکرێکی ناردە سەر موستەعمەرەی سانتۆدمینگۆ بۆ دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشەی کە لەوێ بەرپا ببوو. بەڵام مەزنی هەڵمەتەکە لە روی سەربازیەوە لەگەڵ ئامانجەکە نەدە گونجا گەڵێک نابەرامبەر بوون گومانی لای بەریتانیەکان دروست کرد کە ناپۆلیۆن لەم هەڵمەتەی دا مەرامێکی شاراوەو لەوە مەزنتری لەودیو دەریاوە هەبێ، ئەوەی گومانەکانی کردنە بڕوا مانەوەی فەرەنسیەکان بوو لە موستەعمەرەی لویزیانای ئەمریکیی بە پیو بەرەکەت کە ئیسپانیا لە 1800 دەستی لێ هەڵگرت بوو.

ناردنی بەبەردەوام شاندی فەرنسی بۆ ئەستەنبوڵ ئینگیزی نارەحەت کردبوو، ئەم کارەی فەرەنسیەکان بە مەبەستی خۆ بەهێز کردن لە رۆژهەلات لێک دەدرایەوە، دواتر سەردانەکەی نێردراوی ناپۆلیۆن جەنەراڵ

سیبستیانی بۆ میسر و ئەو پێشوازیەگەرمەی لێی کرا کە رۆژنامەکانی فەرەنسی زۆر بەسەرکەوتویی ناویان دەبرد سەر باری هەموو ئەمانە بۆناپرت پەیماننامەیەکی دۆستایەتیی لەگەڵ هەریەک لە تەرابلس ی رۆژئاوا و تونس وجەزائیر مۆر کرد.

ئەم چالاکیانە بوونە بەلگەی تەواو لای ئینگلتەرا کە ئیتر فرانسا نیازی فراوان خوازیی هەیەو بەنیازە تەرازوی هێزەکان لە ئەوروپا لە بەرژەوەندی خۆی بگۆرێ. بۆیە بە باشی زانی چەند بیرکردنەوەیەک بۆ کاردانەوەی ئەم هەنگاوانەی فرانسا بکات، ئەوەبوو بە فرانسای راگەیاند کە : بە نیاز نیە دورگەی ماڵتا کە لە پەیماننامەکە دا هاتوە بەر لە 10 ساڵ چۆل بکات، پاشگەز بوونەوەی خۆی لەم خاڵە پێی راگەیاند، چونکە بە چولکردنی ئەم دورگەیە بە تەواوەتی کۆنترۆڵی دۆخەکەی لەدەست دەردەچێ و دەکەوێتە دەست فرانسا، دیارە فرانساش لەم ئان وساتە بریتانیای بە لاواز دەبینی پێی ئاسایی نەبوو سەر بۆ حەزو مەرجەکانی بریتانیا دانوێنێ.

ئەوروپا

ناپۆلیۆن لەوە گەیشت کە مۆرکردنی پەیماننامەی ئامیان لەگەڵ ئینگلیز مانای بەرز کردنی ئاڵای سپی وخۆ وەدەست دانە، دیسان دەست والاکردنی ئینگلیزە بە هەوەسەتی خۆی دەست لە ئەوروپا وەر بدات.

رازی بوونی بریتانیا بە بەرز کردنەوەی ئاڵای فرانسا لە سەر خاکی بەلژیکی بەرامبەربە کەنارەکانی، مەگەر نیشانەی لاوازی بریتانیا نەبوو؟ ئەمە ویستی ناپۆلیۆن بوو.

لە ئیتالیا بۆ بەرژەوەندیەکانی فرانسا چەند هەنگاوێک نران، هەموویان دژی بەرژەوەندیەکانی نەمساو بریتانیا بوون، کتو متیش دژی برگەکانی پەیماننامەی ئامیان بوون. بەم هەنگاوانە، فرانسا چەند پانتاییەکی خاکی بیامون لە باکوری ئیتالیا کە لە بەپیت ترین پارچە کانی خاکی ئیتالیابوو خستە ناو سنورەکانی خۆی، لەگەڵ مەزنترین روبەر لە میرنشینی سەردینیا و دورگەی ئەلبا، کۆماری سیزاڵبینێ شی لە سەر شێوازی نوێ دامەزراندو خۆی کردە سەرۆک بەسەریەوە.

زۆر بە زێدە رۆییەوە دەستی دەخستە ناو کارو باری سویسراوە، سەرەڕای بەرگریەکی زۆری سویسریەکان هەندێک لە خاکیشی داگیر کردن، ئەم پارچە خاکەی بە پەیماننامەیەکی بەرگری بە فرانسا بەستەوەو خۆی کردە حاکمی بەرزی کاروباری، هەروەها رازی نەبوو لە هۆڵەندا بکشێتەوە.

ئەڵمانیا

کاتی مۆر کردنی پەیماننامەی لۆنڤیل ناپۆلیۆن پەیمانی بە ئەمیرەکانی روی چەپی روباری راین دابوو ئەوانەی خاکیان بەر فرانسا کەوتبوو هەر کاتەی کاروبارەکانی بۆ رێک خستن قەرەبووی زیانەکانیان لە ئەڵمانیای ناوەڕاست بۆ بکاتەوە. ئەو کات ئەڵمانیا بەسەر چەندین دەوڵەت و میرنشین وشاری ئازاد وشاری قەشەیی دا دابەش ببوو.

هەر یەک لەم یەکانە وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ رەفتاریان دەکرد هەریەکەی سیستەم و دەستوری تایبەتی خۆی هەبوو، هەموو ئەو میرنشین و وڵاتانە لە ئیمپراتوریەتی رۆمانیی پیرۆزمەند ئەندام بوون کە ئیمپراتوری نەمسا سەرۆکایەتیی دەکردن. بە پێی رێکخستنە نوێکەی ناپۆلیۆن هەموو دەوڵەتۆکەو شانشینە ئاینیەکانی هەلوەشاندنەوەو خرانە سەر بروسیاو باڤاریاو نەمسا بەم بڕیارەی زیانێکی مادیی زۆری لە کەلیسا دا. ژمارەی شارە ئازادەکان 51 بوون هەمووی هەلوەشاندنەوە تەنها 6 یان نەبن.

لە رێگەی بەخشینی هەندێک لە خاکی ئەم شارانە بە ئەمیرو حاکمەکان دڵی ئەوانی رازی کرد، هەروەها پەیوەندی ئابووریی چاکی لەگەڵ هەندێک لە دەوڵەتانی ئەڵمانیا بەست کە بووە هۆی زویر بوون و نیگەرانی ئینگلیزەکان چونکە زیانی بە بەرژەوەندیەکانی سیاسی و ئابووریی دەگەیاندن.

لە رێکخستنە نوێکەیدا ناپۆلیۆن ژمارەی دەوڵەتانی ئەلمنیا بۆ 39 دەوڵەت کەم کردەوە لەم هەنگاوەی گەلێک لە مێژوونوسان رەخنەیان لە ناپۆلیۆن گرت بە لێکدانەوەی ئەمان هەنگاوێکە بۆ دروست بوونی ئەڵمانیایەکی یەکگرتوو، بەڵام مەبەستی ناپۆلیۆن لەم کارەیدا دروست کردنی یەکیەتیەکی سیاسیانەی بەهێز بوو کە بتوانێ لە لوتکەی هەر یەک لەم یەکانە حاکم و ئەمیرێک دابمەزرێنێ لە رێگەیەوە باشتر بتوانێ کارەکە ببات بەڕێوە و هەر خۆشی وەکو دادوەرێک سەرپەرشتی کێشەی نێوان دەوڵەتە نوێکان بکات، ئەم رێکخستنە نوێ یەی ئەڵمانیا بەلێکدانەوەی ئینگلیزەکان لە بەرژەوەندی ئەوان دا نەبوو، لەم گۆڕانە فرانسا دەیەوێ خۆی بەسەر ئەوروپادا بسەپێنێ. هەرچەندە ناپۆلیۆن روبەری خاکەکانی نەمسای بەرفراوان تر کردبوو بەڵام نەمسا لە نارەحەتیەکەی بریتانیا بەشدارە، نەمسا ئەم فراوان کردنەی بە دەست تێوەردان لە کارو باری ئیمپراتوریەت دەزانی.

ئەمانە هەمووی لە سەروەری ئینگلیز وەردەگیران، لە بەرامبەریشی دا ئینگلیزیش لە سەروەریی فرانسای وەرگرتبوو.. ئینگلیزەکانیش سستیان لە دانەوەی زۆر لە موستەعمەرەکانی هۆڵەندا دەنواند، هەروەها سەرەڕای ئاگادارکردنەوەیان لەلایەن فرانساوە درێغیی لە پێدانەوەی دورگەی ماڵتا دەکرد کە چەندین جار ناپۆلیۆن داوای کردبوو بیگەرێنێتەوە بۆ خاوەنەکانی کە سوارچاکانی ماڵتا بوون، ناپۆلیۆن بەبەردەوامی گلەیی لەو رۆژنامانە هەبوون کە لە بریتانیا هێرشیان دەکردە سەر فەرنساو ناپۆلیۆن وسیاسەتەکەی، دیسان لەندەن ببووە بنکەی ناحەز و ئۆپۆزسیۆن و کۆچبەرو پیلانگێرانی فەرەنسی ئەوانەی بەردەوام پیلانیان دژی فرانساو گیانی ناپۆلیۆن دەگێرا و پرۆپاگەندەیان دژی رژێمەکەی لە روپەڕی رۆژنامەکان بڵاو دەکردەوە، هەڵس و کەوتەکانی فرانسا رای گشتیی بریتانیای وروژاند، لەوە دڵنیا بوون کە ئەوەی

چاوەڕواندەکرێ لە پەیماننامەی ئامیان بەدی نایە، بەڵام فرانسا دەسکەوتی زۆری لێ وەدەست هێناوە. ناکۆکی کەوتە نێوانیان و خاڵی هاوبەشی ناکۆکیە کەش مەسەلەی ماڵتا بوو.
کاتێک لە شوباتی 1803 فرانسا داوای لە بریتانیا کرد لە دورگەی ماڵتا بکشێتەوە، بریتانیاش داوای لێ کرد لە هۆڵەندا وسویسرا و بیامۆن بکشێتەوە، ئەمە لە 26ی نیسانی 1803 بوو. دواتر بێ ڕاگەیاندنی بڕیاری شەڕ، بە پراکتیکی ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕ دەستیان پێکرد.

ناپۆلیۆن، تاجی ئیمپراتۆریەت لە سە ر دە نێت

یەک لەدوای یەک هاتنی ڕوداوەکان، لە ناوخو و دەرەوەی فرانسا، بە دیدی فەرەنسیەکان بووە مایەی فراوان بوونی دەسەڵاتی ناپۆلیۆن و بەرز بوونەوەی توانای پیلانە یەک لەدوای یەکەکانی دژی خودی ناپۆلیۆن، ڕای گشتی فەرەنسیی گەیاندە ئەو بڕوایە کە دەبێ سنورێک بۆ دوژمنانی گەلی فرانساو شۆڕش دا بنرێت جا ئەمانە چ لە چەپڕەوەکانی یاقوبیەکان بن یا لە ڕاستڕەوەکانی.
لە 1803 لە پاریس توانرا ڕێگە لە سەرکەوتنی پیلانێکی مکومی سەرۆکی گروپی پادشاخوازە توندڕەوەکان بگیرێ کە لە ئینگلتەرا نیشتەجێ بوو پەیوەندی باشی لەگەڵ نێوەندی حاکمەکانی بریتانیا هەبوو. مەبەست لەو پیلانە گرتن یا کوشتنی بۆناپرت بوو دواتر گەڕاندنەوەی ڕژێمی پادشایەتی بۆ فرانسا.
ئەم پیلانەش بووە بەلگەیەکی تر کە بەرپرسە مەزن و کاربەدەستانی نزیک لە دام ودەزگا ی حوکمڕانی ناپۆلیۆن لەم کارانە تێوەگلابوون نمونە(مۆرۆ و بیشیگرۆ) لە جەنەراڵە مەزنەکانی نزیک لە ناپۆلیۆن بوون کە لەو پیلانە بەشدار بوون، بەر لە پیلانەکە پیلانگێڕی مەزن کادۆدال بە دوو مانگ پێش ئەو ڕوداوە لە کەنارەکانی فرانسا دابەزیبوو دەستی بە بڵاو کردنەوەی پڕۆپاگەندە کردبوو، گوایە لەم زوانە دەسەڵاتی پادشایەتی دەگەڕێتەوە لە سەردەستی یەکێک لە ئەندامانی خانەوادەی پادشایەتی بۆربۆن، دوای سەرنەکەوتنی پیلانەکە پیلانگێڕی یەکەم کادۆدال لە پاریس دەستگیر دەکرێ.
ئەم پیلانە ڕقو کینی فەرەنسیەکانی لە خانەوادەی پادشاو ڕژێمەکەی و ئینگلیزەکانیش زیاتر کرد بەوەی واز لە کارو باری ناوە خۆی فرانسا ناهێنن، هەروەها خۆشەویستی و پابەندیان بۆ ناپۆلیۆن زیاتر بوو. فرانسا ئەم ڕوداوەی بە هەل زانی تا فەرەنسیەکان بگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە دوژمنان واز لە ئارامی فرانسا ناهێنێ، بۆ ئەوەی دوژمن لە گەڕانەوەی ڕژێمی پادشایەتی بێ ئومێد بێت باشترین چارە ئەوەیە حوکمڕانی لە فرانسا بکەینە (ویراسی).

ئەوەی ڕاستی بێ ناپۆلیۆن حەزی لەوە نەبوو ببێتە وارسی حوکمی بۆربۆن چونکە ئەم چاوی لە زیاتر بوو، خانەوادەی بۆربۆن تەنها حوکمڕانیان لە فرانسا دەکرد بەڵام ناپۆلیۆن چاوی لە حوکمڕانی سەرتاپای ئەوروپای رۆژئاوا هەبوو، بەڵکو خەونی بە زیاتریش دەبینی. بۆیە پێی باش بوو لە وێنەی شارلمان بکات نەک لویسی شازدەهەم، هەروەها نازناوی ئیمپڕاتوریی پێ باشتر بوو لە نازناوی پادشا.

لە نیسانی 1804 راپرسیەکیان ئەنجام دا بۆ وەرگرتنی رای خەڵک لەسەر ناو نانی ناپۆلیۆن بە ئیمپڕاتۆر لەئەنجام بەریژەی لە 99% دەنگەکانی وەدەست هێنا، دیارە بەر لە هەزار ساڵ شکۆی مەزن(حبر الاعزم) تاجی ئیمپڕاتۆریەتی لەسەری شارلمان ناوە بۆیە ناپۆلیۆنیش لەمە کەمتری قەبوول نەبوو،ئەوە بوو لە 2ی دێسەمبەری 1804 پاپا بیۆسی دوانزەهەمی لە پاریس ئامادەکرد بۆئەوەی هەمان رێورەسم لە کەلیسای نۆتردام بەرێ بەڕێوە.

هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی سێیەم

لەماوەی نێوان ساڵەکانی 1803-1804 شەڕەکان بریتی بوون تەنها لە داگیر کردنی چەند بەندەرێکی هۆڵەنداو ئیتالیاو کەنارەکانی هانۆڤەر لەلایەن لەشکری فرانساوە، ئەم بەندەرانە بۆ بازرگانی بریتانیا زۆر گرنگ بوون، بەریتانیەکان ترسی ئەوەیان لێ نیشتەوە کە رۆژێک لە خەو هەڵسن ببینن ئاڵا سێ رەنگیەکەی فرانسا لەسەر خاکی ئەوان هەڵدراوە، ناپۆلیۆن گەلێک جار دەیگوت پێویستی بە تەنها 6 کاتژمێر هەیە بۆ ئەوەی لەشکرەکەی دەست بەسەر دەریای مانش دا بگرێ، ئەوکاتیش سەبارەت بە بریتانیا هەموو شتێک کۆتایی دێت. فەرەنسیەکان هەڕەشەکانی ناپۆلیۆنیان بە هەند وەردەگرت بۆیە کارگەکانیان بەردەوام خەریکی دروست کردنی کەشتی و بەلەمی سەربازی بوون بۆ گواستنەوەی سەربازو تفاقی جەنگی لە دەریاوە، سەربازەکانی فەرەنسی لە کەنارەکانی مانشەوە خەریکی مەشق ومانۆری سەربازیی بەردەوام بوون، لە هەموو لایەکیشەوە هێزی وڵاتانی هاوکار لە هۆڵەنداو ئیتالیاو بەلژیک و ئەڵمانیا دەهاتن تا لە سوکایەتی پێکردنی ئینگلیزەکان بەشدار بن، لەم مانۆرە سەربازیانە بۆ بەرز کردنەوەی ورەی سەربازەکان ناپۆلیۆن خۆی ئامادە دەبوو، لە پێناو بووژاندنەوەو بەهێز کردنی ئەم ئۆپەراسیۆنە ناپۆلیۆن لە سازش کردن لەگەڵ ئەمەریکا دودڵی نەدە نواند، هەرزو لەبەرامبەر هاوکاریە کانی ئەمەریکا دەستی لە دورگەی لویزیانا هەڵگرت.

کاتێک ئامادە باشیەکانی لەشکری فرانسا گەیشتنە ئەوپەری لوتکە لە ئەفسەری بەتواناوە تا ژمارەی سەربازەکان کە گەیشتە 120هەزار سەرباز، بڕوای ئەوە لەناو خەڵک بڵاو بۆوە کە ئیتر لوت بەرزیەکەی ئینگلیز بەرەو شکانە، تەنانەت ئەوانەی لە تواناکانی فرانساش بەگومان بوون بڕوایان وابوو کە ئەم جارە فرانسا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ.

نەخشەی ناپۆلیۆن بۆ هێرشەکان، ناردنی کەشتی گەلی فەرەنسی بۆ هاوکاریی کەشتیەکانی ئیسپانیای هاوپەیمان بوو بۆ دورگەی ئەنتیل و گەمارۆدانی، بە بڕوای ناپۆلیۆن هێزەکانی ئینگلیز بەدوایان دەکەون ئەوساش هێزەکانی ئینگلیز لە مانش کەم دەبنەوە ئیتر ناپۆلیۆن بە ئاسانی دەتوانێ هێزەکانی خۆی لە مانش دابەزێنێ و دەست بەسەر کەنارەکانی ئینگلیز دا بگرێ، ئەم جۆرە هێرشە پێویستی بە زیرەکی یەکی کەم وێنەو گورجو گۆلی و کتوپڕی لە ئەنجام دان هەبوون، بەڵام ئەم خەسلەتانە لە جەنەرالی کەشتیگەلی فرانسا(ڤیلنۆڤ) دا نەبوون، ئۆپەراسیۆنەکەی بە دودڵی وسستی ئەنجام دا، بووە هۆی ئەوەی ئەمیرال نلسۆن لە 21ی ئۆکتۆبەر 1805 هێرشێکی کتو پڕ لە روی (ئاگەر)ی بەرامبەر بە کەنارەکانی ئیسپانیاوە بکاتە سەر هێزەکانی فرانسا دەستێکی کوشندەی لێ بووەشێنێ وشکست بە هێزەکانی بهێنێ و زۆربەی کەشتیەکانی لەناو بەرێ، بەم شێوەیە ئومێدەکانی ناپۆلیۆن هەرەسیان هێنا و سەروەریەکانی دەریاش بۆ ئنگلیزەکان مایەوە.

شەڕی ئاگەر وای بەسەر ناپۆلیۆن دا سەپاند کە نەخشەو پیلانەکانی بگۆڕێ، بریتانیا لە ئابی 1805 لە دژی فرانسا لە پێکهێنانی هاوپەیمانیەکی نێودەوڵەتیی نوێ دابوو، ئەم هاوپەیمانێتیە ناونرا (هاوپەیمانێتی نێو دەوڵەتیی سێیەم) هەر یەک لە بریتانیا و روسیاو نەمساو ئەسوەج تێیدا ئەندام بوون، هەریەک لەم وڵاتانە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە هەڵس و کەوتی ناپۆلیۆن نارەحەت بوون.

روسیا لە دەستێوەر دانەکانی ناپۆلیۆن لە کارو باری ئەڵمانی رازی نەبوو، نەمسا لە دێر زەمانەوە چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد دەرفەتێکی بۆ برەخسێ تا تۆلەی کۆنی لێ بکاتەوە، نەمسا زۆر لەو راگەیاندنەی فرانسا نارەحەت بوو کاتێک وەکو پادشای ئیتالیا خۆی ناساندو خاکەکەشی خستە سەر فرانساوە، دیسان سوێدیش لە رەفتارەکانی فرانسا نارەحەت بوو کە بەرامبەر بە ئەوروپای رۆژئاوای دەکرد. بریتانیا دەیزانی چۆن فاکتەری بزوێنەری هەستی هاوڵاتیانی ئەم وڵاتانە دەخاتە گەر بۆیە لە هاوینی 1805 دوای وەدەست هێنانی هاوکاریی وڵاتەکان بڕیاری جەنگی لەگەڵ فرانسا راگەیاند.

کاتێک ناپۆلیۆن هەستی بەم پیلان و ئامادەکاریەی کرد کە لە ئەوروپا دژی ئەو دەکرێ، ئەو لەشکرەی لە باکوری فرانسا بۆ هێرش بردنەسەر ئینگلیز ئامادەی کردبوو روی وەرگێرایە نەمسا تا گورزێکی لێ بووەشێنێ بەر لەوەی ئامادە باشیەکەیان تەواو بێ و روسیا بە هانایەوە بێ، ئەوساش رو لە بریتانیا بکات. سوپای فرانسا گەیشتە شاری ئۆلم لە کەنار روباری دانوب، لەشکری نەمسا لەوێ دابەزی بوو. هەر لە وێ لە 20 ئۆکتوبەری 1805 مەزنترین شەڕ لە نێوانیان روی دا لە ئەنجام هێزەکانی نەمسا شکستیان خوارد و

پاشەکشەیان کرد،نزیکەی 50000 پەنجا هەزار سەربازیشیان لێ بە دیل گیرا، پاشماوەی لەشکرەکەی نەمسا روەو رۆژهەلات رایان کرد بەرەو پیر لەشکری روسیا کە بەهانایەوە دەهات بۆ ئەوەی بەیەکەوە دژە هێرشێک بکەن، بەڵام لەشکری فرانسا بە دوایانەوە رۆیشت بەر لەوەی لەگەڵ روسەکان بەیەک بگەن لێیان بووە شەڕ،

نزیک ترین شوێن بۆ بەیەک گەیشتنی لەشکرەکان خاکی بڕوسیای بێ لایەن بوو ناپۆلیۆن ریزی تایبەتیی بۆ پادشاکەی هەبوو، بەڵام فەرەنسیەکان گوێیان بەم نەریتە نەدا بێ سل کردنەوە پیرۆزمەندی سنوری بڕوسیای بێ لایەنیان بەزاند، ئەمەش بووە مایەی تورە بوونی پادشای بڕوسیا، ناچا پەیوەندیی بە قەیسەرەوە کرد بە مەبەستی بەشداری کردن لە شەڕەکان دژی فرانسا، لە 2ی دێسەمبەر ی 1805 لە گردۆلەکانی ئوسترلیزی نەمسایی مەزنترین شەڕ لە مێژووی ئیمپراتوریەتی فرانسا لەگەڵ هێزەکانی هەریەک لە نەمسا وروسیا رویدا، لەم شەڕە هەردوو لەشکری روسیاو نەمسا شکستی گەورەیان خوارد ناپۆلیۆن دەرسێکی پێدان کە بڕوسیای پێ چاو شکاو کردبۆ ئەوەی جارێکی تر هەڵەی وانەکا لەگەڵ نەیارانی فرانسا بکەوێتە هاو پەیمانێتیەوە، هێزە شکست خواردوەکان لە دوای خۆیان 20000 بیست هەزار کوشتیاریان لێ جێ ما.

لە مەزنترین ئەنجامەکانی ئەم دوو سەرکەوتنە، هەر رۆژی دوای شەڕی ئۆسترلیتز پادشای نەمسا داوای چاوپێکەوتنی لە ناپۆلیۆن کرد..... بە یەکەوە وتووێژو دانوستانیان بۆ ئاشتەوایی دەست پێ کرد.

لە 16 ی دێسەمبەر ی 1805 پەیماننامەی برسبۆرگی بەناوبانگیان مۆر کرد، لەم پەیماننامەیە... نەمسای تیا رسوا کراو فرانساش لە ئیتالیاو خواروی ئەڵمانیا سەرفراز کرا. روسیاش بە کردار لە شەڕەکە کشایەوە بێ ئەوەی هیچ مۆر بکات.

سەبارەت بە بڕوسیا ناپۆلیۆن لەو هەڵوێستەی بێزار بوو کە دەیویست لە فرانسا هەلگەڕێتەوە و بکەوێتە گەر لایەنی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی سێیەمەوە بۆیە پەیماننامەیەکی شەرمەزاری بەسەردا سەپاند کە هیچ ئابڕوی بۆ بڕوسیا نەهێشت بۆوە، بە ناوی پەیمانی شۆنبرۆن، بە پێی ئەم پەیماننامەیە خاکەکانی کلیڤ و نیوشاتێل لە سەر روباری راینی لێ سەندو کردنی بە میرنشینێکی سەربەخۆ لە ژێر دەسەڵاتی فرانسا، هەروەها کەرتی ئەنسباخ ی لێ جیاکردەوەو خستیە سەر باڤاریا. کەرتی هانۆڤەریشی لە بەرامبەر ئەمانە دا بە بڕوسیا، ئەم کەرتە کەرتێکی بە پیت وبەرەکەت بوو بووە خاڵی ناکۆکی هەمیشەیی لە نێوان ئەمان و ئینگلیزەکان چونکە جێی بایەخی خانەوادەی پادشای ئینگلیزی کۆن بوو. پەیماننامەکەش لە 15 ی دێسەمبەری 1805 مۆر کرا.

ناپۆلیۆن بەمە نەوەستا کاتێک گەڕایەوە پاریس بە پێشوازیەکی کەم وێنەوە بە گول وگولزار پێشوازیی لێکرا، بەوەی توانی بووی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی سێیەم تێک بشکێنێ، لە کاردانەوەی ئەمەش یەکیەتی دەوڵەتۆکە کانی ئەڵمانیای دامەزراند بەناوی (یەکیەتیی راین) کە سەر بە خۆیەوە بێ و پەیمان دەدا

هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی چوارەم

کاتێک فرانسا لە 1805 سنوری بروسیای بەزاند دیمان کە بروسیا سەرەرای ترس و دلە راوکێی بە شداری خۆی لە شەڕ راگەیاند. بەڵام کە ناپۆلیۆن لە شەڕەکانی ئۆسترلینتزا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بروسیا بۆ خۆ پاراستن لە ئاگری شەڕ لە بریارەکەی پەشیمان بۆوە، لەگەڵ ناپۆلیۆن پەیماننامەی شونبرۆن ی بە شەرمەزاری مۆر کرد، هەر چەندە یەکیەتی راین دەسەڵاتەکانی لە ئەڵمانیا بە رادەیەک کەم دەکردنەوە کە توشی نامۆی سیاسی ببوو.

بەڵام کە هۆڵەندا کرایە میرنشینێکی سەر بە ناپۆلیۆن، لویسی برای خۆی کرد بە پادشا، بروسیا ناچار بۆ بیر لە شەڕ بکاتەوە. ئەوەی بروسیای نارەحەت کرد ئەوە بوو کە ناپۆلیۆن لەجیات ئەو خاکانەی کەلێی سەند بوون هەرێمی هانۆڤەری پێ دابوو ئەم دەیزانی لە پشتیەوە ناپۆلیۆن دانوستان لەگەڵ ئینگلیز دەکات و ئەم خاکانەی پێ دەدات کە لە بروسیای سەندۆتەوە، ئەمەش سوکایەتیەکی مەزنە بۆ بروسیا.

لەم روانگەیەوە بروسیا داوای لە ناپۆلیۆن کرد لە هەموو خاکەکانی ئەڵمانیا بکشێتەوە، ئەمە بووە هۆی سەرنەکەوتنی دانوستانەکانی ئاشتەوایی فرانسا لەگەڵ ئینگلیز و روسیا، بەم شێوەیە هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی چوارەم لە نێوان بروسیا و روسیا و ئینگلتەرا و سوێد بەسترا. بەر لەوەی هاوپەیمانەکان بکەونە خۆ، ناپۆلیۆن دەست پێشخەریی لە هەڵگیرساندنی شەڕ کرد.

لە ئۆکتۆبەری 1806 لە شاری یەینا بروسیەکان بەدەست فەرەنسیەکانەوە شکستیان خوارد، لەشکری بروسیەکان راونران تا بەرلینیشیان لەسەر دانا. بەهۆی شکستیان لەشکری بروسیا کە بە فەرماندایەتی پادشاکەی بوو روەو سنور رایان دەکرد تا لە بروسینا بە لەشکری روسیا بگەن کە بۆ کۆمەگ کردنیان دەهاتن، بەڵام ناپۆلیۆن لە هێرش بردن و راوەدونانی بەردەوام بوو تا لە مانگی شوباتی 1807لەشەڕی فریدلاند بەسەر هەردوکیان دا زاڵ بووزیانی زۆریشی پێ گەیاندن. ئیترهەر زووهەردوو وڵاتە هاوپەیمانەکە داوای ئاشتەواییان لە ناپۆلیۆن کرد.

ئاشتەوایی تلسیت

لە 25ی حوزەیرانی 1807 کۆبونەوەیەک لە نێوان قەیسەری روسیاو ناپۆلیۆن لە نا و بەلەمێکی بچوک لە روباری نیمن بەسترا، بە چەند خالێکی لێک تێگەیشتن کۆبونەوەکەیان کۆتایی هات. گرنگ ترین ئەوخالانەی کە لەسەری پێکهاتبوون بریتی بوون لە :

_ روسیا هیچ لە خاکی لەدەست نەدات و هەول بدرێت کە بەرژەوەندیەکانی روسیا لە فنلەندا مسۆگەر بکرێن.

_ لە بەرامبەریدا قەیسەر دان بە هەموو ئەو گۆڕانانە بنێت کە ناپۆلیۆن لە ئەوروپا کردویەتی و دەیکات، بەتاییەت ئەو پەیماننامەیەی لەگەڵ بروسیا مۆری کردوە دانی پیا بنێ.

_ قەیسەر لەگەڵ فرانسا لە جێبەجێ کردنی گەمارۆی سەر ئینگلتەرا یەک هەڵوێستبن.

لە 8ی تەموز پەیماننامەی ئاشتەوایی تلسیت مۆر کرا کە سزای قورسی بەسەر بروسیا دا سەپاندبوو لە وانە.

_ لە رۆژئاوای ئەڵمانیا ناپۆلیۆن میرنشینێکی دروست کرد بە ناوی وستگالیا براکەی خۆی جیرۆم ی کردە پادشای ئەوێ..
_ لە خاکی بڕوسیا لە پۆلۆنیا دەوڵەتێکی بە ناوی دۆقیە ڤێرسۆفیای دروست کرد ئەمیشی خستە سەر پادشای سەکسۆنیای هاوپەیمانی فرانسا.
_ سەرەڕای ئەم هەموو زیانانە باجێکی زۆری خستە سەر ئەڵمانیەکان بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی جەنگ.
_ ژمارەی سەربازەکانیشی سنوردار کرد.
_ سوپایەکی داگیرکاریشی لەسەر خاکەکەی دانا.
بەم شێوەیە هاوپەیمانی نیودەوڵەتیی چوارەم دواهەناسەی دا، لەبەردەم فرانسا شتێکی ئاوا نەمایەوە جێی مەترسی بێ تەنها ئینگلیز و سوێد نەبن دووەمیان دورەدەستە پێویست بە ترس ناکات، تەنها ئینگلیز نەبێ.

جەنگی ئیسپانی

ناپۆلیۆن لە 1807 دوای ئەوەی توانیی زیاتر لە جارێک سەر بە نەمساو بڕوسیا شۆر بکات و هاوپەیمانیش بەسەر روسیا دا بسەپێنێ گەیشتبووە لوتکەی نەش و نمای. ئیتالیاو سویسراشی ناچار کردن کلکایەتیی بۆ بکەن، خۆی بەسەر هەموو ئەوروپا دا سەپاند، بەهێزیەکەی بوو بە واقیعێک کە جگە لە ئینگلیز هیچ هێزێک نەما بەرویدا قیت بێتەوە، دوای ئەوەی ماوەی 10 ساڵ لە شەڕی بەردەوامدا لەگەڵ ئینگلیز نەیتوانی شکستی پێ بهێنێ، کەو تە ئەو بڕوای کە تاقە ئومێدی بۆ شکستهێنان بە ئینگلیز تەنها گەمارۆدانە، لە 1806 لە بەرلین رێو رەسم بەرێ چوو بۆ تەنگە هەڵچنین بە ئینگلتەرا و شکست پێ هێنانی، بە پێی ئەم رێورەسمە هیچ لە وڵاتێکی ئەوروپی بۆیان نیە بازرگانی لەگەڵ ئینگلیز بکەن هەروەها رێگە بە کەشتیە کانی ئینگلیز نادرێ لە کەنارو بەندەرەکانی فرانسا و وڵاتە هاوپەیمان و دۆستەکان بووەستێ، فەرمانیشی بە کەشتی گەلی فرانسا دا هەر کەشتیەکی ئەوروپی ئاڵای بریتانیا ی هەڵگرتبێ لە بەندەرەکانی فرانسا بووەستێ دەست بەسەر بارەکەیدا دەگیرێ، هەر کەشتیەک ئەم رێنمایانە پیادە نەکات بە کەشتیەکی دوژمن دێتە ئەژمار و رەگەزنامە رەسەنەکەی لەدەست دەدات، کەشتیگەل بۆی هەیە دەست بەسەر سەرپێچیکار دا بگرێ یا نقومی کا.
لە کاتێکدا ئینگلیز بۆ چاوکی ئابووریی هێزی سەربازی و سیاسیی پشتی بە بازرگانی ئەوروپا دەبەست، بۆیە لەم دەرگایەوە ناپۆلیۆن دەیویست گەمارۆی بدا و چۆک بە میلەتەکەی دا بدا، بازارەکەی کەساس وکاول بێ، ئەوەبوو هەر یەک لە نەمسا و روسیا و بڕوسیاو دانیمارک و ئەسوەج سەرەڕای نارەحەتیان لەم هەڵوێستەیان بەڵام پابەندی بڕیارو رێنماکان بوون هەموو بەندەرەکانیان بەروی کەشتیەکانی ئینگلتەرا داخستن.
لە پێناو سەرکەوتنی پڕۆسەی گەمارۆ پێویست بوو هەموو وڵاتە کانی کشوەر پابەندی بن، ناپۆلیۆن سەرەڕای بلیمەتی و زانایی درکی بەوە نەکرد بوو کە ئەم بڕیارە بڕیارێکی سەختە، خەڵکی ئەوروپا لەسەر رەواج کردنی کالاکانی بریتانیا را هاتبوون کارێکی ئاسان نەبوو ئەمەیان لێ قەدەغە بکرێت بۆیە

کەشتیەکانی بەریتانی بە نهێنیەوە کالاو کەلوپەلە کانیان لە بەندەرەکان دادەبەزاند لە ڕێگەی قاچاخیشەوە دەگەیەنرانە بازاڕەکانی ناو دەوڵەتە هاوپەیمانەکان هەر بەنهێنی.

زۆرترین بەندەرە یاخی بووەکانی ئەم گەمارۆیە بەندەرەکانی خاکی پاپاو بازاڕەکانی برتوگالی دۆستی دێرینی ئینگلتەرا بوون.

ناپۆلیۆن زۆر خەمخۆری پرۆسەی گەمارۆکە بوو، دەیوت کەمترین نیانی و سستی لە کارەکە، کاریگەریەکە لەدەست دەدات، هەر بۆیە رەچاوی هەستی کاسۆلیکە کانی خواروی ئەڵمانیا و بەلژیک و هەندێک لە ناوچەکانی فرانسای نەکرد، لەم پێناوەدا لە ئەیاری 1809 مولکەکانی پاپای خستە سەر خاکی فرانسا و پاپاشی دەستگیر کرد چونکە پابەندی پرۆسەی گەمارۆکە نەبوو و لەگەڵیشی ناکۆک بوو. بە تایبەت لە ئیتالیا کە پاپا سەرچاوەی هێزی تەنها لە پیرۆزمەندی و گەیاندنی پەیامی مەسیحەوە نەدەبینی، ئیتالیەکان وەکو سومبوولی نەتەوایەتی سەیریان دەکر، بۆیە ئەم کارەی ناپۆلیۆن بە بریندار کردنی هەستی ئیتالیەکان لێکدرایەوە.

ئینگلیزەکانیش بە پلە یەک لەم بریار و پرۆسانە زیان لێ کەوتو بوون لە ئاست ئەم کارە بۆ ئازاد کردنی کاری بازرگانی ودەریاکانیان دەبووایە هەڵوێست وەرگرن. کەشتی گەلی ئینگلتەراش لە بەرپەرچدانەوەی ئەم گەمارۆیە گەمارۆی خستە سەر هەموو بەندەرو موستەعمەرەکانی پابەند بە بڕیاری بەرلین تا هیچ پەیوەندیەک لەنێوانیاندا نەمێنێ. بڕیارەکانی فرانساو کاردانەوەکانی ئینگلیز سستی و خاویەکیان خستە ناو بازرگانی دەریاوە بازرگانی بەتەواوەتی پەکی کەوت هەموو وڵاتەکان لەم پرۆسەیە زیانیان لێ کەوت قەیرانی ئابووری سەری هەڵدا، وڵاتی زۆرترین زیان لێ کەوتو ئینگلتەرا و فرانسا بوون، لە کاتێکا پیشەسازی لە بووژانەوە دابوو ئەم دوو وڵاتە خەزنەیان قەلۆش بوون، کارگەکانیان وەستان بێ کاری زیادی کرد.

داگیر کردنی بورتوگال

هەموو هەوڵەکانی ناپۆلیۆن بێ سود بوون بۆوازهێنانی بورتوگال لە پەیوەندیەکانی ئابووری وسیاسی لەگەڵ ئینگلیز، بەهۆی ئەوەی بەندەرەکانی بورتوگال ببوونە بنکەی بەڕێکردنی کالاکانی ئینگلیز بە قاچاخی بۆ هەموو ئەوروپا، ناپۆلیۆن بڕیاری داگیر کردنی بورتوگالی دا. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا (گۆدی) کە لە کەمترین بنەماکانی ئابروو پیاوەتی بێ بەش بوو، دانیشتنێکی سازدا، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن ڕێگە بە سەر ... دا هێرش بەرنەسەر بورتوگال بەمەرجێ لە پاتار و دەسکەوتەکان بۆ ...



ژونۆت

ئەو لەشکرەی بەسەرۆکایەتی جەنەرال ژونۆت بۆ داگیر کردنی برتوگال نارد کە بە بێ تەگەرە وئاستەنگ بورتوگالی داگیرکرد. چونکە دەمێک بووفرانسا سامی خۆی بەسەربرتوگال دا سەپاندبوو بۆیە بورتوگالیەکان بیریان لە بەرگریش نەکردەوە، خانەوادەی پادشا لە 1807 ئەوێیان جێ هێشت و بۆبەرازیل رایان کرد.

داگیر کردنی ئیسپانیا

دوای داگیر کردنی بورتوگال فرانسا بە بیانوی بەرگری کردن لە کەنارەکانی بورتوگال هەندێک هێزی لە ئیسپانیا هێشتەوە، ناپۆلیۆن کە بینیی وابەئاسانی توانیی پرتوگال داگیر بکات، بێ گوێدانە هاوپەیمانێتی یا دۆستایەتی بیری لە داگیر کردنی ئیسپانیاش کردەوە، هاتنی سوپای فەرەنسی بۆ ئیسپانیا بەرەزامەندی خۆیان بوو و بەمەرجی ئەوەی هەر کاتەی بیەوێ پاشە کشە بکات، بەڵام ئەوەی زیاتر وای کرد فەرەنسیەکان چاویان لە مانەوە بێ دۆخی بەندەرەکانی ئیسپانیا بوو کە هەموویان لەگەڵ ئینگلیزەکان بە بازرگانێتی قاچاخەوە خەریک بوون چونکە بەهۆی لاوازیی حکومەتی ئیسپانیا ئەم کەنارو بەندەرانە کۆنترۆڵ نەدەکران.

بۆ جێ بەجێ کردنی مەرامەکانی، ناپۆلیۆن هێزێکی بە فەرماندارێتی جەنەرال مۆرای لە ئیسپانیا دامەزراند، ئەرکی داگیر کردنی تەواوی خاکی ئیسپانیاشی پێ سپارد، بەڵام بە شێنەیی ناپۆلیۆن بەم بڕیارەی دیسان هەڵەیەکی مەزنی کرد، مەزنتر لە هەڵەی داگیر کردنی زەویەکانی پاپاو دەستگیر کردنی، چونکە ئیسپانیەکان لە هەموو ئەوروپیەکان ئاین پەروەر تربون، لە هەموو ئەوروپیەکانیش کەمتر هەواداری بڕوا نوێ خوازیەکانی فرانسا بوون دیسان لە روی وشیاری سیاسیەوە لە هەموویان لە پاش تربون، ئەوان سەرەڕای ستەم و زۆرداریی پادشاکانیان و گەندەڵی و باری گوزەرانی خەراپیان هەستیان بە نالەباری خۆیان نەدەکردو دەسکەوت و گۆڕانەکانی فرانساش هیچ سەرنجێکی ئەوانی رانەدەکێشا، دواتر ئیسپانیا یەک ریزیی زۆر بەهێز بوو هەر لەسەردەمی شەڕەکانی موسولمانان دا ئەم یەک ریزیە لە ناو گەلی ئیسپانیا بایەخی پێدراوە، هیچ لەو وڵاتانەی کە ناپۆلیۆن شەڕی لەگەڵ کردبوون وەکو ئەڵمانیاو نەمسا و روسیاو ئیتالیا لە ناوەخۆیاندا وەکو ئیسپانیا یەک گرتوو نەبوون، بۆیە لە ئیسپانیا ڕوبەڕووی میلەتێکی یەک ریز و یەکگرتو بووەوە، ئەمەش کارێکی پڕ لە گرنگیە.

هەر لەسەرەتای داگیر کاریەوە ئیسپانیەکان لە روی داگیرکاران وەستان و بەرگریان کرد، لە نێو ریزی جوتیار وگوندنشینەکان تەگەرەو گیرو گرفتی زۆریان بۆ داگیرکەران دروست کرد، ئەوان هێرشیان دەبردە سەر عەمبارو کاروانە سەربازیەکان و زیانی زۆریان لێ دەدان، لە روەکەی ترەوە هێزەکانی داگیر کەر هەر لە زیاد بوون دابوون بۆ ئەوەی دەست بەسەر هەموو خاکی ئیسپانیا دا بگرن.

ئەو کاتەی پادشای ئیسپانیا بە نیازەکانی فرانسای زانی هەستی بە خەتەرناکی کرد بۆیە جێی حەوانەوەی خۆی گواستەوە لە پایتەختەوە بۆ بەندەری قادش تا لەو پەری ئامادەباشی دابێ ئەگەر کارگەیشتە ئاستی هەڕەشە لەسەر بوون ئەوسا بۆ ئەمەریکای خوارو خۆی و خانەوادەی رابکات.

خەڵکی ئیسپانی لەم رەفتارەی پادشا بێزار بوون، رەنگدانەوەی ناجەسوری و نابەرپرسیارێتی بوو، بۆیە پادشایان ناچار کرد واز لە تەختی پادشایەتی بهێنێ بۆ کورەکەی فەردیناندی حەوتەم.

بە پاساوی ئاژاوە دروست بوون لە پایتەخت میرا هێزەکانی بردە ناو پایتەخت و بۆ دەست گرتن بەسەر جلەوی کارەکان هێزەکانی خۆی هێشتەوەو داوای لە پادشاش کرد رانەکات و بێتەوە پایتەخت.... بەڵام ئەم نەیتوانی هاو تەباییەک لە نێوان پادشا هەلاتوە کۆنەکەو پادشا هەلبژێردراوە نوێکە دروست بکات، بۆیە (میرا) خانەوادەی پادشای بە تێکرا نارده بایۆن لە فرانسا.

لێرە ناپۆلیۆن هەرچی فێل و چەواشەکاریی هەبوو بەکاری هێنان تا هەردو پادشاکە دەست لە پادشایەتی هەڵگرن.

تاجی مەدریدی بە براکەی خۆی (جۆرج) سپارد کە پێشتر پادشای ناپۆلی بوو بەڵام پادشایەتی ناپۆلیی بە میرا ی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی فرانسا سپارد.

ئیسپانیەکان لەم گۆرانکاریە نەگەیشتن ئەوان هەر داوای پادشا نوێکەی خۆیان دەکردەوە، هەر ئەویشیان بە پادشا دەزانی جۆزیف بۆناپرت وەکو راخساری داگیرکاری و ستەمکاری سەیر دەکرا.

لەبەر ئەوەی پیاوە ئاینیەکان وەکو شۆڕشی فەرەنسی سەیری جۆزیف یان دەکرد ئەو شۆڕشەی سام وپیرۆزمەندی ئاینی مەسیحی پێشێل و رسوا کردبوو، وکو خوا نەناسێک دەیان بینی بۆیە خەڵکیان دژی ئەوان هاندەداو بۆ بەرەنگار بوونەوەو قوربانی دان دژی داگیرکاران میللەتیان جۆش دە دا و داوای زیاتر بەرگریان لێ دەکردن، ئەوان لە پاڵ ئەوەی پیاوی ئاین و خواپەرستی بوون پیاوی خەباتگێرو بەرخۆدان و بەرگریکەریش بوون و هەردەم لە ریزی پێشەوەی بەرگری کردن دابوون، دیسان ئەوان توانیان شکۆدارو خاوەن زەویەکان تێبگەیەنن کە مەبەستی شۆڕشی فرانسا لەم کردەوەیان چیەو ئەنجامەکەی بەچی دەگات و چیان لەدەست دەدات، دواتر پیاوە ئاینیەکان زیاتر کەوتنە خۆ لە خەڵک وشیار کردنەوە و بزاوتنی سۆزی ئاینیان بۆ هاندان و شەڕکردن دژی دوژمنانی مەسیح.

دوای ئەوەی کەس گوێی لە بانگەوازو مەساجی شۆڕشی فەرەنسیەکان نەگرت دەنگی پیاوە ئاینیەکان زیاتر گوێی لێ گیرا، جەماوەری ئیسپانیا بە تێکرا بەرگریان لە خاکی ئیسپانیا کرد بۆ دەرکردنی سەربازە داگیرکارەکان کە لە سە د و شەست هەزار سەربازی فرە ڕەگەز وفرە نەتەوە پێک هاتبوو.
بەرگری کردنی ئیسپانیەکان شێوەی پارتیزانیی وەرگرت. کەسانی ئەفسەری راکردو لە ریزەکانی سوپای ئیسپانی و شارەزاو دلسۆزانی ئیسپانی بە لێشاو چونە ریز ئەم پێکهاتە بەرگریانە وە، جوتیار وگوندنشین و دیسان ئەکلیرۆسەکان و شکۆدارە کانیش بە پارە و چەک و تەقەمەنی هاوکاریان دەکردن. ئەم شۆڕشە خەڵکی پورتوگالیشی هاندا کە ئەوانیش چەک دژی داگیرکەر هەڵگرن، بە هاوکاری ئینگلیز و فەرماندە بیەتی دوق وۆلیندفۆن سیز)دە هە زار کەس چەکیان هەڵگرت بۆ بەرگری کردن لە بورتوگال، لە ڕێگەی دەریاشەوە هاوکاریەکانی ئینگلیزیان پێ دەگەیشتن.
سەرکەوتنی ئیسپانیەکان لە ئەوروپا دەنگی دایەوە بەتایبەت لە نێو وڵاتە داگیرکراوەکاندا کە بووە هۆی ئەوەی ئەوانیش بیرێک لە ئازادی بکەنەوە.
ناپۆلیۆن درکی بە شکستەکانی فرانسا کرد بە تایبەت کاتێک لە شەڕی بایلن هێزەکانی ئیسپانیا فەرەنسیەکانیان تێکشکاند و لە پایتەخت وەدەریان نان، ئەوسا بە پێویستی زانی خۆی لە مەیدانی جەنگ ئامادە بێت.
بەر لە سەفەر کردنی بۆ ئیسپانیا لە شاری ئەرفۆرتی ئەڵمانی لەگەڵ قەیسەر دانیشت، لەم دانیشتنەدا بۆ رازی کردنی قەیسەر ناپۆلیۆن دەستی لە زۆر لە مافەکانی خۆی هەڵگرت لەوانە:
_ ناپۆلیۆن پەیمانی دا لە بروسیاو خاکی پۆلۆنیا بکشێتەوە.
_ هەروەها رازی بوو بە مانەوەی سوپای روسی لە میرنشینەکانی دانوب (مولداڤیاو فالاشیا) کە قەیسەر لەدەست ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیی دەرهێنابوون و داگیری کردبوون.
_ بەرامبەر بەم واز هێنانەی ناپۆلیۆن، روسیا گفتی ئەوەی دا ئارامی ئەوروپای رۆژهەلات. بپارێزێ.
_ روسیا رێگری لە هە ر جولە یە کی دوژمنکارانە ی نە مسا بگرێت کە دژی فرانسا بێ.
ئەم پەیماننامەیە لە ترسی ئەوە بەسترا تا نەمسا لەدەرفەتێکا هێرش نەکاتە سەر فرانسانا.
دوای ئەوەی ناپۆلیۆن لای رۆژهەلاتی بێ خەم کرد لە نۆڤەمبەری 1808 روی لە ئیسپانیا کرد و براکەی خۆی (جۆزێف)ی گەڕاندەوە سەر تەختی پادشایەتی، هەروەکو نەریتی خۆی لەسەر بنەمایەکی نوێ دەستی بە گۆڕینی شێوازی بەڕێوە بردنی وڵات کرد، هەندێک چاکسازیی بە ئەنجام گەیاندن لەگەڵ بنبڕ کردنی هەندێک لە شێوازە کۆنەکان، ئەمە لە وڵاتێکی دواکەوتو ی کۆنە پارێز ئەوەندە کاریگەر نیە، چونکە هیچی لە کاری پارتیزانەکان نەگۆڕی،ئەوان لە لێدانی سوپای فرانسا و دروست کردنی تەگەرەو گیروگرفت بەردەوام بوون لە هەرشوێنێکی بۆیان بلوابا رێگەیان بە داگیر کاران دەگرت و دەستیان لێ دەوەشاندن، لەم کردەو چاڵاکیانە شیاندا خەڵک و جەماوەر بەگشتی هاوکاریی دەکردن.

شەڕی نەمسا _ بڕوسیا لە ساڵی 1809

بۆ وڵاتێکی خاوەن شارستان ومێژوویێکی پڕ سەروەری وەکو نەمسا کارێکی چاوەڕوان کراو نەبوو لە شکستەکانی فرانسا دەرفەت وەرنەگرێ و نەتوانێ تۆلە وەرگرێتەوە دوای ئەوەی ماوەی 5 ساڵ لە 1805تا 1809 لە خۆئامادەکردن وپڕچەک کردن و بایەخ دان بە پیشەسازیی سەربازی دا بوو.

دیمان کە چۆن هێشتا ساڵێک بەسەر شکستەکەی ئۆسترلیتز دا تێنەپەری نەکردبوو،بۆ تۆلە سەندنەوە خەریک بوو لەگەڵ بڕوسیا دژی فرانسا بکەوێتە جەنگ، بەڵام سەرکەوتنەکانی فرانسا ئەم بیرۆکەی پێ دوا خست. دواتر سەرکەوتنەکانی ناپۆلیۆن کە لە سەرتاپای ئەوروپا دەنگیان دابووەوە، سوپا زەبەلاحەکەی مان بینی لە ئیسپانیا بەدەستی گەڵێکی هەژارو دواکەوتوی ئاین پەروەر چۆن شکستیان خوارد، تێکشکانە یەک لەدوا یەکەکانی ناپۆلیۆن دوای شکستەکەی بایلن کە 23 هەزار سەربازی بەدەست ئیسپانیەکان لێ بەدیل گیرا.

ئەم گۆڕانە کتو پڕانەی سەربازی چۆلکردنی مەیدانی جەنگ و چونی ناپۆلیۆن بۆ ئیسپانیا ئەمانە هەمووی بوونە فاکتەرو بەلگەی ورە بەرز بوونەوەی نەمساییەکان کە بڕوایان بە خەبات و رزگاری زیاتر بێ، بۆ ئەم مەبەستە نەمسا بەتەنیایی لە مەیدان دا نەبوو بەڵکو ئینگلیزەکان گفتی هاوکاریان پێ دابوون، لە ئەڵمانیاش لە نێو ریزی گەنجاندا هەستێکی ئازادی خوازانە پەرەی سەندبوو درکیان بە رزگار بوون لەچنگ فەرەنسیەکان دەکرد ئەمانە هەموو بۆ نەمسا بوونە هاندەرو پاڵپشت، ئومێدێکی بەوە هەبوو ئەگەر شەڕ دژوار بوو لە لایەن ئەڵمانیەکانیشەوە هاوکاری بکرێ... سەبارەت بە روسەکان، قەیسەر خۆی یەکلا کردەوە کە لە گفت وپەیمانەکانی لەگەڵ ناپۆلیۆن ڕاستگۆ نیە ئەم ناتوانێ روی رۆژهەلاتی بۆ بپارێزێ.

لە ساڵی 1809 نەمسا هێزێکی پڕ چەک و شارەزا بە ژمارەی 450 هەزار سەرباز بە سەرۆکایەتی بلیمەتترین ئەفسەری ئەرشیدۆق شارل کە لە باشترین ئەفسەرانی سەردەمی خۆی بوو بۆ رێک خستنی ئەم ئۆپەراسیۆنەی فەرماندارێتیی پێ سپارد، بۆ پڕ چەک کردن و دەوڵەمەند کردنی ئینگلیزەکان هاوکاریان کردن بە هاوکاری قەرزی هەندێک لایەن ئەم سوپایە ئامادەکرا، هەر کە فرانسا ئەو سوپایەی لە ئەڵمانیا هەیبوو بەرەو ئیسپانیای بەرێکرد ئیتر بێ راگەیاندن لە نیسانی 1809 نەمسا هێرشێکی توندو کتو پڕی کردە سەر فرانسا.

هەر لەسەرەتاوە ناپۆلیۆن درکی بە نیازەکانی نەمسا کردبوو بۆیە فەرمانی ئامادە باشیی بە هێزەکانی سەر سنور و بەتایبەتی دوقیە ڤەرسۆفیا و ئیتالیاو یەکیەتیی راین دابوو، دواتر هەر بەپەلە لە ئیتاليا گەڕایەوە هەڵمەتێکی بردە سەر هێزەکانی نەمسا لە ئیتالیاوە کۆمەڵێک شکستی بچوکی بە هیزەکانی نەمسا گەیاندن، پاشان لە 22ی نیسانی 1809 لە شەڕی ئەکمول گورزێکی مەزنی لە هێزەکانی نەمسا وەشاند، ناپۆلیۆن هەوڵی ئەوەی دا بەدوای هێزە بەزیوەکە ی ئەرشیدۆق شارل دا بڕوات تا ناو جەرگەی نەمسا بەڵام

سەرکەوتو نەبوو. ئەوەندە نەبێ کە لە روباری دانوب پەریەوەو زو ڤیەننای داگیر کرد. بەڵام ئەرشیدوق شارل ئەوەندەی بۆ مایەوە هێزەکانی خۆی و براکەی ئەرشیدوق جان کۆ بکاتەوە کە لە ئیتالیا دەجەنگان، بۆ رزگار کردنی ڤیەننای پایتەخت.

لەم سەرو بەندەدا چەند وردە بەگژیەک دا چونێک رویان دان نەمساییەکان پاڵەوانێتی زۆریان نواندن بەڵام دواتر لە شەڕی واگرام لە تەموزی 1809 فەرەنسیەکان بەسەر نەمساییەکاندا زاڵ بوون و دەستێکی کاریگەریان لی وەشاندن، بووە هۆکاری ئەوەی نەمساییەکان داوای ئاگربەست و ئاشتەوایی بکەن.

لەشکری ئینگلیز بۆ هاوکاری کردنی نەمسا لە هۆڵەندا بەرەیەکی تری جەنگی کردەوە، فشارەکان لە وێ کەم بوون بەهۆی بڵاو بوونەوەی نەخۆشیەکی کوشندە لە نێو ریزی سەربازەکاندا ئەنجامی بە بەزین تیاچون گەیاند ناچاردەبن کە بە دۆراوی بگەڕێنەوە دورگەکەیان. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین: ناپۆلیۆن بەسەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی پێنجەم دا سەرکەوت کە بە یارمەتی ئینگلیز دروست ببوو.

ناپۆلیۆن نیازی ئەوەی نەبوو دوای شکستەکانی هەڵس و کەوت لەگەڵ نەمسا وەکو جاران بە وشکی وتوندی بێ، بۆ کەم کردنەوەی رق و کینەی نەمساییەکان هەندێک نەرمیی لە مامەڵە کردن نواند بەڵام بوژانەوەی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی ئەڵمانی و بووژانەوەی بروسیای سەربازی و فکری هەڕەشەبوون لەسەر بارو دۆخەکان لە ئەڵمانیا، دواتر شکستەکانیان لە ئیسپانیا بەرەو ئەو بیرکردنەوەیە چون کە بە دەستێکی پۆلایین لە هەر یاخی بوونێک بدات، تا بۆ نەمسا ببێتە پەند. سیمای ئەم رەوشە بەسەر پەیماننامەی ڤیەننادا دیار بوو کە لە 9 ی ئۆکتۆبەری بەسەر ناحەزانیدا سەپاند 1809.

پەیماننامەی ڤیەننا سزایەکی زۆری بەسەر نەمساییەکاندا سەپاند:

_ 85 ملیۆن فرەنکی زێر.

_ لەڕووی سەربازیەوە نابێ بەهیچ شێوەیەک ژمارەی سەربازانی لە 150هەزار رەت بکات.

_ بە پانتایی روبەری دانیشتوانی 4 چوار ملیۆن کەس لە خاکی ئیمپراتۆریەتی نەمسا لێ بسەندرێتەوە.

_ زەویەکانی گالیسیای لێ سەندەوە و هەندێکی دا بە روسیا ی قەیسەری لە بەرامبەر دژایەتی نەکردنی فرانسا.

_ هەندیکیشی دا بە ڤێرسۆفیا لە بەرامبەر دلسۆزیی بۆ ناپلیۆن.

_ هەرێمی سلازبۆرگی دابە باڤاریا ی دۆستی و هاوپەیمانی ناپۆلیۆن.

مەزنترین زیانەکانی لە نەمسا کەوتن، لە دەست دانی کەنارەکانی ئەدریاتیک بوو ،بەو هۆیەوە نیشانەکانی دەوڵەتی لەسەر نەما چونکە نەیدەتوانی پەیوەندی ڕاستەخۆبە ئینگلیزەوە بکات.

دوای ئەم هاوپەیماننامەیە کتو پڕ ناپۆلیۆن و ماری لویز ی کچی ئیمپراتۆریەتی نەمسا ژیانی هاوسەری یان پێکەوە نا، پێشتریش جۆزیفین ی هاوسەری تەلاق دابوو، بۆ ئەم هاوسەرگیریە سیاسیە وەزیری دەرەوەی نەمسا میتەرنیخ دەستکایەتی بۆ کردبوو، بە دیدی ئەم چونکە لەتوانا دا نیە بەسەر ناپۆلیۆن دا زاڵ

بن باشتر ئەوەیە لێی نزیک ببنەوە تا ئەو کاتەی نەمسا دە بووژێتەوەو هێزە لەدەست دراوەکەی دە گێرێتەوە.

دەست تێوەردانی بریتانیا لە ئیسپانیا و بورتوگال

لە ڕاستیدا ئەنجامی گەمارۆکە بۆ ناپۆلیۆن سودمەندو پۆزەتیف نەبوو. چونکە ئەو هەموو کارانەی ناپۆلیۆن کردی بۆ کۆسپ نانەوە لەبەردەم چالاکیە بازرگانی وئابووریەکانی بریتانیا هیچ کاریان نەکردبووە سەری چونکە بریتانیا وکەشتیگەلی بەریتانی لە سەرتاسەری دەریا تاکە دەستەڕۆ بوو. دواتر لە دەریای باکورو مانش ودەریای سپیی ناوەڕاست دەستی بەسەر چەند دورگەیەکی بچوک دا گرتبوو، سودی لێ وەردەگرتن بۆ ئاودیو کردنی کالا کانی بۆ سەرتاسەری ئەوروپا، ئەمە و ئیمپڕاتوریەتی عوسمانی چەندین ئاسان کاریی بۆ کردبوون هەروەها ئاسانکاریی زۆری لە ئیسپانیاو بورتوگالەوە پێ گەیشتبوو کە هەموویان بوونە هۆکاری ئەوەی بریتانیا لە قەیرانەکانی ئابووری دەرباز بێ، بەم شێوەیە هەناردەکانی بازاڕی بریتانیا بەرەو سەر ڕۆیشتن لە ساڵی 1805 لە 100ەوە گەیشتە 130لە ساڵی 1809.

سەرەڕای ئەوەی بریتانیا لەو قەیرانە دەربازی ببوو بەڵام هێشتا ترسی سوپاکەی ناپۆلیۆنی هەر هەبوو، بۆیە بڕیاری دامەزراندنی سوپایەکی زەمینیی مەشقپێکراوی پڕچەکی بەتواناى دا، بە هەمئاهەنگی وڵاتە هاو حەزەکان، لەم ڕوانگەیەوە لە 1809سوپایەکی بەفەرماندەی دۆق لینگتۆن ناردە بورتوگال بۆ هاوکاری کردنیان، بۆئەوەی کەلەنێک لە جەستەی ئەوروپا بکاتەوە لەو ڕێگەیەوە لەشکری بریتانیا خۆی بخزێنتە ئەوروپا، لە کاتێکا بریتانیا لە ئەوروپا بەدوای دۆست دا دەگەرا، ئەم سوپایەی بەریتانی سەرئێشەی زۆری بۆ ئیسپانیاو بورتوگال دروست کرد.

ئینگلیزەکان لە ڕێگەی شۆڕشگێرە ئیسپانی و بورتوگال یەکانەوە سەرکەوتنی زۆریان بەسەر سوپاکانی فرانسا بەدەست هێنا. ئەوەی هۆکاری ئەم سەرکەوتنانە بوو ناکۆکیەکانی نێوان سوپای فەرەنسی بوو لە دورگەی ئەیبیریە و بێزاری سەربازەکانیان بەهۆی کەمی خۆراکەوە بوو، ساڵی 1811 نەهات بوو، ولینگتۆن بە هاوکاری دەیان هەزار لە شۆڕشگێرە نیشتمان پەروەرە کانی ئیسپانی توانیان بچنە ناو مەدریدی پایتەخت و لە ویشەوە بە ڕێگەی چیای ئەلبیر نیێ وە هەڕەشە لە ئیمپڕاتۆریەتی فەرەنسی بکەن.

روخانی ئیمپڕاتۆریەتی فەرەنسی

بۆ ناپۆلیۆن لە ئەوروپا شەڕەکانی ئیسپانیا ئەنجامی خراپی لێ کەوتەوە، سەرکەوتنەکانی ئیسپانیا و دەرکەوتنی نەتەوەکان وەکو هێزێکی کاریگەر دژی داگیرکاری فەرەنسی، ئومێدێکی بە خەڵک بەخشی کە لە چنگ ستەم و زۆرداری فەرەنسی رزگاریان بێ.

نمونەی ئازایەتی ئیسپانیەکان بووە هاندەرێک بۆ ئەڵمانی وتلیانی ونەمساییەکان تا بەرگری لە نیشتمانی خۆیان بکەن وای لێ هات هەموو هاوڵاتیەکی ئەوروپی بە ئەرکی خۆی بزانێ کار بۆ لادانی مۆتەکەی داگیرکاری بکات.

لە ئیتالیاو ئەڵمانیا گەڵێک بزوتنەوەی یاخی بوون سەریان هەڵدا و دژی رژێمی ناپۆلیۆن راپەرین،بەڵام هەموویان دامرکێنرانەوە لە فرانساش بە هۆی بەردەوامی شەڕ خەڵک توشی شۆک و بێتاقەتی بوو.

لەو کاتەی ئەم گۆڕانانە رویان دە دا پەیوەندیەکانی نێوان روسیاو فرانسا روەو خەراپی هەنگاویان دەنا، وا پێشبینی دەکرا ئەم هەنگاونانە ووڵاتەکانیان بەرەو کارەسات بەرێ.

لە 1809 لەو کاتەی پەیماننامەی تسلیت مۆردەکرا، روسیا درکی بەوە کرد کە لەم پەیماننامەیە هیچی لێ وەدەست ناکەوێ بەڵکو زیان بە بەرژەوەندیە کانی دەگەیەنێ، لەم روانگەیەوە کاری بە رێنما نوێیەکان کرد کە بریتی بوون لە دەست گرتن بە بەرژەوەندیەکانی نەتەوایەتی ی ووڵات.

بۆ گرتنە بەری ئەم سیاسەتە نوێیە پاساوی بە هێزی هەبوون کە دەبووایە ئەم رێچکەیە بگرێتە بەر، دیار ترینیان:

1_ لەسەر ئاستی سیاسەتی ئەوروپا، ئەوەی قەیسەری روسیا چاوەڕوانی دەکرد لە وەدەست هێنانی ئامانجەکانی هاوپەیمانێتیەکەی لەگەڵ فرانسا، ئەوە نەهاتە دی، لە کاتی کۆبونەوە دو قۆلیەکەی قەیسەر و ناپۆلیۆن لە ناو کەشتیەکە ناپۆلیۆن بەلێنی زۆری پێدابوو کەچی هیچیان نەهاتنە دی:

_ لەوانە هاوکاری کردنی قەیسەر لە جێ بەجێ کردنی مەرامەکانی لەگەڵ ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی.

_ هەروەها والا کردنی دەستی قەیسەر بۆ دەست گرتن بەسەر تەنگاوەکاندا.

_ دیسان دامەزراندنی دۆقیەی ڤێرسۆفیاو هەرێمی گالیسیای خستە سەری،کە بووە مایەی دروست بوونی ناوپڕچکێک لە نێوان روسیاو ئەوروپا کە هەردەم وەکو پردێک دەمێنێتەوە لە نێوان سنوری روسیا وفرانسا بۆ بەکار هێنانی.

_ بەهۆی هەڵوێستی فرانسا لە لایەنگیری کردنی ڤیرسۆفیا، کە وەکو دژایەتی بەرژەوەندیەکانی روسیا لێک دەدرێتەوە نیازە چاو تێبڕینەکانی فرانسا ئاشکرا دەکات. دیارە ئەسکەندەری یەکەم قەیسەری روسیا پێی خۆش بوو کە رۆلێکی سەرەکی لە سیاسەتەکانی ئەوروپا بگێرێ شایستەی ئاستی دێرین ترین خانەوادەی (خانەوادەی رۆمانۆ) پادشایەتی ئەوروپا بێ. بەڵام ئەو ناپۆلیۆنەی خۆی بەرەچەڵەک لە چینی بۆرجوازەکان بوو، رۆلی پادشاکانی لە ئەوروپا پەراویز کردبوو، بۆیە چینی ئورۆستوکراتەکانی روسیا دژایەتیەکی توندی ناپۆلیۆن و هزرو بۆچونە شۆڕشگێرەکانیان دەکرد. ئەم بۆچونانە گیانی نەتەوە پەرستیی لەلای قەیسەر توند تر دەکرد گومانی لە نیازەکانی ناپلیۆن هەبوو. بووە مایەی ئەوەی هانی هەلوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتیەکە بدات،

2_ سیاسەتی گەمارۆی سەر ئینگلیز لە بنیاد نانی قەیسەری روسیا بوو، لە سەرەتا زیانی زۆری بە ئینگلیزەکان گەیاند بەڵام دواتر ئەو زیانە بەو وڵاتانەش گەیشت کە مامەڵەیان لەگەڵ ئینگلیز دەکر.
روسیا دانەوێڵەو دارو کتانی بە ئینگلیز دەفرۆشت ئەمانەش بەشێکی گرنگی هەناردەی روسیایان پێک دەهێنا کە بۆ وڵاتانی دەرەوەی دەناردن، لە بەرامبەریشیەوە روسیا لە رێگەی بازرگانە ئینگلیزەکان گەلێ جۆر لە کالاو کەلو پەلی لێ هاوردە دەکرد.
بەرهەم هێنەرو بازرگانە روسەکان لە ئەنجامی ئەو بایکۆت کردنە لە هەموو توێژەکان زیاتر هەستیان بە وەستانی جولەی بازاڕ دەکرد، ئاستی بەرهەم هێنان وکرین و فرۆشتنی بەرهەمەکانیان بە رێژەیەکی بەرچاو دابەزی داهاتیان کەم کرایەوە، بازرگانەکان ئەم گلەییانەیان دەگەیاندنە قەیسەر.
قەیسەرلێرە ناچار کرا لە رێنماکانی گەمارۆ ئابووریە سەپێنراوەکەی سەر ئینگلیز دەرچێ.
لە 1811 رێگەی بە گەمیەی کەلوپەلی ئینگلیز دا لە بەندەرەکانی روسیا بێنە ژورەوە، ئەمە وێرای دەربرینی نارەزایی لەلایەن ناپۆلیۆنەوە بەڵام ئەمە هەر بەردەوام بوو، ناپۆلیۆن ئەم هەڵوێستەی روسیای بە دەرچون لە پەیماننامە ی تلسیت دایە قەلەم، بەم شێوەیە هاوپەیمانێتی روسیاو فرانسا بەرەو نەمان چوو.
3_ دروست بوونی کێشەیەکی خێزانی پەیوەندیەکانی نێوانیانی ئالۆزتر کرد، ئەوکاتەی ناپۆلیۆن دەستی لە جوزیفین ی هاوسەری هەڵگرتبوو، نیازی خواستنی خوشکی قەیسەری هەبوو، لە رێگەی چەند پەیوەندیەکی نافەرمیەوە ئەم خواستەی بە بنەماڵە گەیاند، بەڵام ئەم مەسەلەیە نارەزاییەکی زۆر لە ریزی کاربەدەستە فەرمیەکانی وڵات لێ کوتەوە.
باوکی ئەمیرە کە چاودێرو راسپاردەی فەرمیی کچە کەبوو، بە پێی رێنماکانی روسیا مافی ئەوەی هەبوو رەزامەندی لەسەر ئەم هاوسەر گیریە نەدات، لاری بوونی بۆ ناوبانگە زۆرداریەکەی ناپۆلیۆن دەگەڕایەوە.
هەروەها ئەروستوکراتەکانیش لەم کارە نارازی بوون، بە دیدی ئەوان نابێ یەکێک لە ئەمیرەکانی خانەوادەی رۆمانۆ شو بە پیاوێکی رەچەلەک نادیار ی وەکو ناپۆلیۆن بکات، دواتر رێگرێکی تری ئاینی کەوتە پێش ئەم هاوسەرگیریە ئەویش ئەمیرە ئەرسۆدۆکس بوو بەڵام ناپۆلیۆن هەر چەندە پیاوێکی ئاین پەروەر نەبوو بەڵام کاسۆلیک و سەرکردەی مەزنترین وڵاتی کاسۆلیکە لە ئەوروپا.
بە هۆی دودڵی و یەک رانەبوون داواکەی ناپۆلیۆن دوا کەوت، بۆیە ناپۆلیۆن لە وەڵامی ئەم هەڵوێستەیان داخوازیی ماری لویزی کچی ئیمپراتۆری نەمسای کرد، ئەم کارەی ناپۆلیۆن سوکایەتیەکی مەزن بوو بۆ خانەوادەی قەیسەر، چونکە بە پێی نەریت ورێنما پرۆتۆکۆلیەکان دەبووایە ناپۆلیۆن تا ئەو کاتەی بە فەرمی وەڵامی دەدرێتەوە چاوەڕوان بێت.
ناپۆلیۆن هەستی بەو گۆرانانە دەکرد کەبەسەر هەڵوێستەکانی روسیادا دێن کە وورده وورده قەیسەری لێ وەدور دەکەوێتەوە، ناپۆلیۆن بە زیرەکی و دبلۆماسی هەوڵی ئەوەی دا کە چەندی لە توانایە زیاتر وڵاتانی

ئەوروپا لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، یا هەر نەبێ لە کاتی دروست بوونی کێشە و شەڕلەگەڵ روسیا ئەمان بێ لایەن بووەستن. روسیاش هەمان هەوڵی دەدان بەڵام لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە فرانسا بە بارێکی قورس بەسەر ئەوروپاوە دەزانن.

دیارترین دیاردە لەم بووارە سەرهەڵدانی چاڵاک بوونی هەرەوەزیی نیشتمانی لە بروسیا و بزوتنەوە نەتەوایەتیەکان لە ئەڵمانیا بوون، دواتر بۆ دوبارە دامەزراندنەوەی سوپای بروسیا خزمەتی سەربازیی ئەو وڵاتە کرایە بە زۆر.

شازادەی سوید براندوت بەهۆی ناڕەزایی لە ناپۆلیۆن لە روسیا نزیک بۆوە. لەولا شەوە ئینگلیزەکان ئامادە بوون یارمەتی هەرکەسێک بدەن کە چەک بە روی ئیمپراتوریەتی فەرەنسی بەرز کاتەوە.

کاتێک لە 1812 ناکۆکیەکانی نێوان روسیا و فرانسا گەیشتبوونە لوتکەی گرژی،ئەوسا هێشتا هێچ لایەکیان بە تەواوەتی بەرەیەکی مکومی پێک نە هێنابوو بۆیە ململا نێکە تەنها لە نێوان هەردوو زەبەلاحەکە مایەوە.

هەڵمەتی روسیا

لە 12ی نیسانی 1812 قەیسەری روسیا هەموو ئامادە باشیەکی تەواو کردبوو ئەوسا گەفێکی بۆ ناپۆلیۆن نارد کە دەست لە رێکخستنەکانی لە ئەڵمانیا هەلگرێت و فەرمان بە لەشکرەکەی بدات لە بروسیا بکشێتەوە. بەڵام ناپۆلیۆن ماوەیەک بوو چاوەڕوانی ئەم هەڵوێستەی دەکرد دیسان ناپۆلیۆن لەو سەرکردانە نەبوو گوێ لەم گەفانە بگرێ، بۆیە بە فەرماندایەتی خۆی لەشکرێکی مەزنی پێک هاتو لە 700000 حەوت سەد هەزار شەڕکەری لە فرە نەتەوەکان ئامادە کرد و فەرنسای جێ هێشت. لە ناو ئەم لەشکرە، سەربازی فەرەنسی و ئەڵمانی وپۆلۆنی وتلیانی وئیسپانی و سویسری و پرتوگالی هەبوون ئەم فرە پیکهاتەیەش نیشانەی لاوازی و لەیەک نەچونی هێزەکە بوو، بە هۆی جیاوازی لە زمان وشێوازی ژیانەوە نەگونجان و لەیەک تێنەگەیشتنیان پێوە دیار بوو.

لە شکری روسیاش لە چوار یەک ملیۆن سەربازی هەلگری یەک بڕواو بۆچون و ئامانج پێک هاتبوون بە ئامانجی بەرگری لە خاک ونیشتمان هاتبوونە مەیدانی جەنگ. لەم شەڕە روسەکان سودیان لە ئەزمونی ئیسپانیەکان وەرگرتبوو خۆیان توشی شەڕێکی مەزنی یەکلا کەرەوە نەکرد، پیلانەکەیان بریتی بوو لە کشانەوەی پێ بە پێ بەرەو رۆژهەلات تا هێزەکانی فەرنسی لە بنکە کانیان دور کەونەوە و رێگەی هاتو چۆکردنیان بە ئاستەنگ بکەوێت.

لە مانگی ئاب یەکەم بە گژیەک دا چون لە شاری سمولنسک کە دەکەوێتە نێوان سنوری روسیاو مۆسکۆ رویدا، لەم شەڕە فەرەنسیەکان توانیان شارەکە داگیر کەن روسەکانیش بەرەو ناوەوەی روسیا پاشەکشەیان

کرد، ناپۆلیۆن بەدوایاندا هێرشی برد تا لە 14ی سەپتەمبەری 1812 مۆسکۆشی داگیر کرد، بەڵام کاتێک چوە ناو شار بینیی چۆل و هۆڵە.

لە ئێوارەی هەمان رۆژ فەرمانرەوای شار فەرمانی سوتاندنی شاری دا، ماوەی مانگێک ناپۆلیۆن لە دەرەوەی شار مایەوە لە چاوەروانی ئەوەی قەیسەر داوای رێککەوتن وئاشتەوایی لێ بکات. بەڵام قەیسەر هەموو شێوە رێککەوتنێکی لەگەڵ فەرەنسیەکان رەت کردەوە. لەترسی ئەوەی وولاتانی تری ئەوروپا هاوکاری روسیا نەبن و لە ترسی هەلگەرانەوەی خەڵک و ترسی بەرپا بوونی شۆرش لە ناوەوەی فرانسا، ناپۆلیۆن بریاری کشانەوەی لەشکری دا، لە رێگەی گەرانەوەیدا بە دەیان هەزار سەرباز لە برسان و لە سەرمان رەق بوونەوە، هەر لە گەرانەوەشیاندا کاروانەکەیان دەکەوتنە بەر دەست لێ وەشاندنی هاولاتیان بە تایبەت سوار چاکانی قەوقاز زیانی زۆریان لێدان، بەم شێوەیە ئەم لەشکرە تا گەیشتە سنوری بروسیا تەنها سەد هەزارێکی لێ مایەوە.

ئەوکاتەی ناپۆلیۆن گەیشتە بروسیا سوپاکەی لەوێ جێ هێشت و خۆی گەیاندەوە پاریس بۆئەوەی لە کاتی گەیشتنەوەی سوپاکەی هەوالی زیانەکان لە ناو خەڵک کە بلاو دەبنەوە نەبنە هۆی نانەوەی ئاژاوەو گێرەشێوێنی، بوونی خۆی لە پاریس بە هۆی ناوبانگی باشی دەتوانێ کۆنترۆلی دۆخەکان بکاو فەرامۆشی ئازارەکانی سەرنەکەوتنەکانیشی بکات.

لە جەنیوەری 1813 روسەکان راوی لەشکرە هێرشبەرەکەی فرانسایان نا، لە دژە هێرشێکدا توانیان بچنە ناو خاکی بروسیا و دۆقیەی ڤێرسۆفیا داگیر کەن. بەم شێوەیە روسەکان لە سەنگەری بەرگریەوە چونە سەنگەری هێرش بردن، لەم چونە پێشەوەیان دەرگای ئومێد لە بەردەم ئەوروپیەکان والا کرا، ئیتر ئەو کۆتە شکا کە پێشتر ئاستەم بوو شکست بە ناپۆلیۆن بهێنرێت.

هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی شەشەم

لە پەیماننامەی ئاشتەوایی (تلست)ەوە بروسیا کاتەکانی بۆ چاکسازی ناوەخۆ تەرخان کردبوو، ئەم پرۆسە چاکسازیەش بوواری بەرێوەبردن حکومەت وکاروباری دارایی و سوپا و کۆمەڵایەتیی گرتەوە لەسەر بنەمایەکی یەکسانی هەموو توێژەکانی کۆمەڵ بۆ ئەوەی هەموو کەسێک دژی داگیر کار بووەستیتەوە، ئیمتیازەکانی دەرەبەگی هەلوەشاندەوە بۆ ئەوەی لە مولکدارێتی وکرین و فرۆشتنی زەویەکان جوتیارەکانیش بەشدار بن، هەروەها جوتیارەکان لە خزمەت کردنی دەرەبەگەکان بووردران.

خزمەتی سەربازیش کرایە زۆر بۆ ئەوەی دەرگای پلەو پایە وەدەست هێنان لە بەردەم هەموو چینەکانی کۆمەڵ کراوەبن، وەرگرتنی ئەفسەرەکانیش لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەو شارەزایی و لێوەشاوەیی بن نەک لەسەر بنەمای چینایەتی وساماندارێتی.

کاتێک هەواڵی شکستەکانی ناپۆلیۆن گەیشتن خەڵکی بڕوسی ڕژانە سەر شەقام داوایان کرد بچنە پاڵ ڕوسیا، نەک بۆ مەبەستی ڕزگار بوون بەڵکو بەهۆی ئەو فشارە گەمارۆیەی خرابووە سەر ئابووریی وڵاتەکەیان.

لە 28ی شوباتی 1813 بڕوسیا و ڕوسیا هاوپەیمانێتیەکیان بەست لە 16ی ئادار بڕیاری شەڕیان دژی فرانسا ڕاگەیاند، سوپای بڕوسی دەوڵەتی ساکسۆنیای هاوپەیمانی فرانسای داگیر کردو بەرەو ڕۆژئاوا هەڵمەتی برد.

هەردو هاوپەیمان لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشدا ئاشکرایان کرد کە ئەم شەڕە شەڕی ڕزگاری نیشتمانی وخۆبەخت کردنێکی نەتەوایەتی یە دژی هەر داگیرکاریەکی بێگانەو لەسەر هەموو ئەڵمانیەک ئەرکە، ئەم بانگەوازە کاری کردە سەر هەستی ئەڵمانیەکان لە پێناو پاراستنی سەروەریەکانی ئەڵمانیا کەوتنە خۆ.

لە ئایاری 1813 بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزەکانی نەیارانی ناپۆلیۆن سوپایەکی مەزنی ڕێکخست و لە ڕووبەڕووبوونەوەکانیدا سەرکەوتنی باشی وەدەست هێنا، ساکسۆنیای گێرایەوەو بەشێکی زەویەکانی بڕوسیاشی داگیر کرد بەڵام ناپۆلیۆن پێی باش بوو بە سەرکەوتویی ڕێککەوتنێک مۆر بکا تا ئەو کاتەی هاوکاریەکان دەگەن. وڵاتە شەڕکەرەکان ئەم داخوازیەی ناپۆلیۆنیان قەبوولکرد لە 20ی تەموزی 1813 ئاگربەست ڕاگەیەندرا، تا 10ی ئاب درێژەی کێشا لە میانەی ئەم دانوستانانە دانیشتن و هەوڵی زۆر دران لە پێناو گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە هەموو لایەک ڕازی بکات لەم هەوڵانە مترنیخ ی وەزیری دەرەوەی نەمسا ڕۆڵی سەرەکیی دەگێرا لە لایەک بۆ گەیشتن بە خاڵێکی هاوبەش لەگەڵ فرانساو هاوپەیمانەکان لە لایەکی تریش بۆ گێرانەوەی لەدەست دراوەکانی نەمسا، هەروەها بۆ ئەوەی فرانسا لە نیازە فراوانخوازیەکانی دەست هەڵگرێ وبگەڕێتەوە سنورەکانی پێشوی، بە پێچەوانە ی ئەم داخوازیانە وڵاتەکەی بەشداری لە هاوپەیمانە نێودەوڵەتیەکە دەکات.

لە هەمان کات ئینگلیزەکان لە هەوڵی دبلۆماسیی چرو پڕدا بوون لەگەڵ هاوپەیمانان بۆ بەستنی پەیوەندیی دبلۆماسی لەگەڵ بڕوسیا و ڕاکێشانی نەمسا بۆ ناو شەڕەکان. کاتێک مترنیخ لە هەوڵەکانی سەرکەوتو نەبوو بڕیاری شەڕی دژی فرانسا دەرکرد ئەمیش چوە ریز هاوپەیمانانی ڕوسی وبڕوسی بەم شێوەیە هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی شەشەم لە ئەوروپا دژی ناپۆلیۆن ڕاگەیەندرا.

ئۆپەراسیۆنە جەنگیەکان تا دەست لە کار کێشانەوەی ناپۆلیۆن

سوپای فەرەنسی لە 450 هەزار شەڕکەر پێک هاتبوو کە زۆربەیان نێوجەوان بوون بە هۆی تەواو نەکردنی مەشق و ڕاهێنانە سەربازیەکان لەم بووارە بێ ئەزمون و نەشارەزا بوون.

سوپای ئەوروپاش لە نیو ملیۆن شەڕکەری مەشق پێکراوی بەتواناو بڕوای پۆلاینەوە پێک هاتبوون. سەرەڕای چەندین هێزی یەدەکی وڵاتانی بەشداربوو لە پشتەوەیان بۆ جێگرتنەوەی لەشکرەکان ئامادە بوون.

ناپۆلیۆن دەیەویست لەگەڵ هەر دەوڵەتەو بە جیا ڕووبەڕوو بێتەوە.

لەگەڵ لەشکری نەمسا لە شاری دریسدن بە گژ یەکدا چون.

فەرماندەکانی ناپۆلیۆن لە مانگی ئابی 1813 شکستی مەزنیان خوارد بوو، لە مەیدانی جەنگ بە بەزیوی روەو فرانسا رایان دەکرد، نزیکەی 150 هەزار شەڕکەریان لێ کوژراو لە سەنگەرو قەڵا کانی بڕوسیاش 120 هەزار شەڕکەریان لی جێ مابوو، کە ئەمە یەکەم جارە بەم ژمارەیە لەشکری ناپۆلیۆن بە دیلی بکەوێتە دەست نەیارانی.

لە لایبزگ دیسان شەڕ دامەزرا ماوەی 4 رۆژی خایاند، لەم شەڕە رێژەی سەربازەکانی فەرەنسی لەگەڵ دوژمنانی، یەک بە چوار بوون، لەم شەڕەشدا دوای ئەوەی خەڵکی ساکسۆنیاو باڤاریا لە کاتێکا هاوپەیمانی بوون، خیانەتیان لەگەڵ کرد بۆیە دیسان ناپۆلیۆن ژێر کەوت، ناچار بوو لەشکرەکەی بکشێنێتەوە، تا ئۆکتۆبەری 1813 لە روباری راین پەریەوە شوێن سەنگەرەکانی خۆیان لە سنوری سروشتیی فرانسا قایم کرد.

لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا لە رێگەی وەزیری دەرەوەی نەمساوە بە ناوی هاوپەیمانان پەیوەندی بە ناپۆلیۆنەوە کرا و داوای رێککەوتنیان لێ کرد بە مەرجێ بگەڕێتەوە هەمان سنوری پێشوی بەر لە شۆڕش، بە هۆی لە خۆ بایی بوونیەوە ناپۆلیۆن رازی نەبوو، بە بۆچونی ناپۆلیۆن بەم رێککەوتنە جڵەوی هەڵوێستەکانی لەدەست دەردەچێ کە بەدیدی خۆی جڵەوەکە ی لەدەست ماوە. دیارە ئاماژەکانی ئینگلیزیش وایان دەگەیاندن کە چیتر سازشی لەگەڵ نەکات چونکە کۆتاییەکەی نزیک بۆتەوە.

لەو کاتەدا هێزی هاوپەیمانان سنوری فرانسایان بەزاندبوو بە سەرکەوتویی هەڵمەتیان بەرەو پێش دەبرد تا لە 31ی ئاداری 1814 دەستیان بەسەر پاریس داگرت و چونە ناوەوەی.

ناپۆلیۆن بە نیاز بوو بەردەوامی بە شەڕەکان بدات، بانگی هەموو فەرماندەکانی کرد نیازەکانی خۆی پێ راگەیاندن، بەڵام ئەوان دۆخ و هەواڵەکانی وڵاتیان پێ راگەیاند، ووتیان: چونکە فەرەنسیەکان پابەندی ناپۆلیۆنن بۆیە حەزیان لە ئاشتیەو نەفرەت لە شەڕ دەکەن، ئەو شەڕەی چاوبرینی ئیمپراتۆرەکان لە فراوانخوازی تێر ناکات و فەرامۆشی بەرژەوەندیەکانی ووڵات دەکات.

سنور داخستنەکەی ناپۆلیۆن بەروی بازرگانە ئینگلیزەکان فرانسای نەگەیاندە کەناری ئاشتی و بووژاندنەوە، ئەوەی بەم هۆیەوە زیادی کرد قاتو قری و بێ کاری بوو. ئیتر ناپۆلیۆن دەستی لە کار

کێشایەوەو دەستبەرداری تەختی ئیمپراتۆریەت بوو، بەرەو دورگەی ئەلبا سەفەری کرد، هاوپەیمانان لە سەر بڕیاری دور کەوتنەوەی رازی بوون بە مانەوەی نازناوی ئیمپراتۆر.

پەیماننامەی یەکەمی پاریسی

دوای سەرکەوتنی هاوپەیمانان، پادشا و سەرۆکی وڵاتان لە کۆشکی (تالیران) کۆبونەوە،تالیران ماوەیەکی زۆر لەسەر دەمی ناپۆلیۆن وەزیری دەرەوە بوو دواتر لادرابوو.

ئامادە بووانی کۆبونەوەکە بانگەوازێکیان بۆ گەلی فرانسا بڵاو کردەوە تیایدا داوایان لە فەرەنسیەکان کرد شێوەی رژێم بۆ خۆیان دەست نیشان کەن، پێشنیاریشیان بۆ کردن کە رژێمی پادشایەتی بگەرێننەوە.

ئەنجومەنی پیران کۆبونەوەکەی خۆیان لە 2ی نیسانی 1814 بەست بڕیاری لادانی ناپۆلیۆن یان دا لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێی کاتی بە سەرۆکایەتی تالليران.

لەسەر پێشنیار وحەزی تالليران داوای لە لویسی هەژدەهەمی برای لویسی شازدەهەم کرد کە دەسەڵات بگرێتە دەست، بەم شێوەیە خانەوادەی بۆربۆن دوای 23 ساڵ کە شۆڕشی فەرەنسی دوری خستبوونەوە گەڕانەوە سەر حوکم.

حکومەتی کاتیی فرانسا کە لەژێر سێبەری داگیرکاری دوای لادانی ناپۆلیۆن دامەزرا وا بیری دەکردەوە کە بە گەڕانەوەی خانەوادەی بۆربۆن ئارامی وخۆشگوزەرانی بۆ ووڵات دەگەڕێتەوە.

لە 30 ی ئایاری 1814 پەیماننامەیەک لە نێوان فرانساو ووڵاتە سەرکەوتوە هاوپەیمانەکان مۆر کرا، ئەم پەیماننامەیە بە شێوازێکی میانڕەو و هۆشمەندانە لە لایەن ووڵاتانی ئەوروپاوە داڕشترابوو.

سەرکەوتوەکان فەرنسایان بۆ سنورە کۆنەکەی بەر لە شۆڕش گەڕاندەوە. کە هەندێک لە ناوچەکانی ئەلزاس و روێکی روباری راین وزۆربەی خاکی ساڤۆای وئەڤینون یان بۆ هێشتەوە، رێگەشیان پێدا کە موستەعمەرەکانی بگەرێنێتەوە بەردەستی خۆی جگە لە دورگەی ئەنتیل و هەندێک دورگەی تر لە زەریای هێمن، هیچ باجێکیشیان بەسەر فەرەنسیەکان دا نەسەپاند، سوپای داگیرکاریشیان لە ناو خاکی فرانسا نەهێشتەوە.

ئەم نەرم و نیانیە بۆ ئەوە کرا تا یارمەتیی فەرەنسیەکان بدەن ئەوانیش هزری شۆڕش لەسەریان وەدەر نێن و هاوکاریی پادشاش بکەن بۆ قایم کردنی پێگەی حوکمڕانیی.

لویسی هەژدەهەم

هەر دوای روخانی رژێمی ئیمپراتۆریەت، لویسی هەژدەهەم رایگەیاند کە ریز لەو بارو دۆخە دەگرێ کە حاڵی حازر لە ئەنجامی شۆڕش هاتۆتە کا. لە دەستورێکی نوێدا کە بە فەرەنسیەکانی بەخشی لە ژێر ناوی (دۆکیۆمێنتی چارت):

_ رازی نەبوو دان بە رژێمی حوکمڕانی کۆن دا بنێ، رایگەیاند کە ساڵی 1814 دەکاتە 19مین ساڵی حوکم رانیی.
_ بنەمای سەروەری نەتەوەیی هەلوەشاندەوە.
_ رایگەیاند کە خۆی بە پێی پەیامی خوا پادشایە.
_ بە پێی دەستور بۆ سەرپەرشتی کردن و جێبەجێ کردن دەسەڵاتی فراوانی بە پادشا بەخشی.
_ لەگەڵ بەرپرس نەبوون لەبەردەم دادگا، واتە بە پێی ئەم برگەیە کەس بۆی نیە لێپرسینەوەی لەگەڵ دا بکات بۆ هەر بریارێک.
_ دەسەڵاتی یاسا دانانی بە دوو ئەنجومەن بەخشی ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەران ئەمەیان لەلایەن گەلەوە دێتە هەڵبژاردن.
_ مافی دەنگ دانیشی بە ئاستی سامان و داراییەوە سنوردار کرد.
_ لە دەستور مافی ئازادی رۆژنامەنوس وئازادیی تاکەکەسیەکان و ئاین پەرستیی مسۆگەر کردن، هەر چەندە ئەم دەستورە زۆر لە مافەکانی گەلی فەرەنسیی پێشێل کردبوو، بەڵام چونکە دوای شکستەکان هاتبوو خەڵک قەبوولی بوو و زۆر بە ووشیاری و هۆش مەندانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد.وردە وردە پادشا بە عەقلیەتی کۆنەوە دەگەڕایەوە مەیدان، بە ماوەیەکی کورت وەکو ئەوەی لە رابردو هیچ روی نەدابێ و نەکرابێ هەموو روداو و بریارەکانی لە بیر خۆ بردنەوە و پەندی لە هیچ وەرنەگرت.
* هەر زوو مولک وسامانی بۆ هەندێک لە شکۆداران ونوبەلاکانی گەڕاندەوە بۆ ئەوانی تریش لە سامان و گەنجینەی دەوڵەت قەرەبوو کردنەوە.
* هەر بەشێنەیی بۆ رەفتارە ستەم و زۆرداریەکەی گەڕایەوە، چاودێری توندی لەسەر رۆژنامەکان دانا.
* هەزارەها ئەفسەری رەوتی کۆماریی لەسەر کار لابردن.
* پاسەوانی پادشای لە کور و نەوەکانی شکۆدارو جوامێرەکان (نوبەلا) دامەزراند بە بوودجەیەکی بەها خەملێنراو لە پارەی دەوڵەت و بە موچەیەکی نایابیشەوە.
*ئاڵا سێ رەنگەیکەی شۆڕشی هەلوەشاندەوەو لە شوێن ئەو ئاڵای خانەوادەی بۆربۆنی هێنایەوە کە لەرەنگی سپی وگولە شلێر و زەرد پیک هاتبوو، کردی بە سونبوولی وڵات.
* لە روی ئابووریشەوە نەیتوانی هیچ گۆڕانێکی چاکسازی بکات باری ئابووریی ووڵات لەوپەڕی خەراپی دابوو بێ کاری سەرتاپای ووڵاتی گرتبووەوە بە تایبەت لە ریز هەوادارانی ناپۆلیۆن ئەوانەی بەهیوای گەڕانەوەی بوون. ئەمە لە روی ناوەخۆ...

سەبارەت بە دەرەوەی فرانسا بەپێی ئەوەی لە پەیماننامەی پاریس هاتبوو ووڵاتانی شەڕکەر کۆنگرەیەکیان لە ڤیەننا بەست بۆ لێکۆلینەوە لە هەموو کێشەو گرفتەکانی پەیوەست بە ئەورووپا.

هەر زوو دەرکەوت کە لەسەر دەسکەوتەکانی شەڕ ناکۆکی لە نێوان روسیاو ئینگلیز هەیە هەروەها ناکۆکیی بنەڕەتی لە سەر ئاستی حەز و بەرژەوەندیەکانی تر هەن،کە لەیەک نزیک کردنەوەیان کارێکی ئاسان نیە.

هەر کە هەواڵی ئەم ناکۆکیانەو هەواڵەکانی تری ناوەخۆ لە بێزاربوونی خەڵک و حەزو داخوازیەکانیان بە گەڕانەوەی رژێمی کۆن، لەرێگەی میرای پادشای ناپۆلی ی فەرەنسی بە ناپۆلیۆن گەیەندران، ناپۆلیۆن بە بیستنی ئەم هەوالانە بریاری گەڕانەوەی بۆ پاریس دا.

لە دورگەی ئەلبا شوێنی دورخستنەوە کەی لە 26ی شوباتی 1815 رای کرد، بەنهێنی لە کەنارەکانی فرانسا لە نزیک شارێک دابەزی کە وەکو سەرکردەیەکی رزگارکار زۆربەگەرمی پێشوازیان لێ کرد و باوە شیان بۆ کردەوە هەموو شارەکانی فرانسایان بۆ خستنە سەر پشت، بە بڵاو بوونەوەی هەواڵی گەڕانەوەی ناپۆلیۆن لویسی هەژدەهەم بۆ بەلژیک رای کرد، سەرلە نوێ لە 20ی ئاداری 1815 ناپۆلیۆن هاتەوە ناو کۆشکی تویلری.

کاتێک ئامادە بووانی کۆنگرەی ڤیەننا بەمەیان زانی، بەیاننامەیەکیان دەرکرد بە ناوی فرانسا لە 13ی ئادار، تالليران بە ناوی فرانسا ئیمزای لەسەر کرد، تیایدا ناپۆلیۆنیان بە دوژمنی دونیای شارستان ناوبرد، داواشیان لە گەلانی ئەوروپا کرد شەڕی لەگەڵدا بکەن ولە ناوی بەرن.

حوکمڕانیی 100 رۆژی

ناپۆلیۆن دوای گەڕانەوەی، یەکەم کار کە بایەخی پێدا.

_ کۆکردنەوەی لایەنگر و پەیدا کردنی متمانە ی نەتەوەی فرانسا بوو.

_ هەروەها دەستورێکی ئیمپراتۆریی نوێی دەرکرد بە پێی ئەم دەستورە رێگەی بە فراوانترین پانتایی جەماوەری دا بەشداری لە بەڕێوە بردنی کاروباری دەوڵەت بکات.

_ لە پێنا وسنووردار کردنی دەسەڵاتی ئیمپراتۆر،ووڵاتی بە دوو ئەنجومەن سپارد، ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەران.

_ سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە، هەوڵی دا ووڵاتانی ئەوروپی بگەیەنێتە ئەو بڕوایە کە نیازی ئاشتی و دۆستایەتیی لەگەڵ دەورو بەر دا هەیە.

_ پەسند کردنی هەموو برگەکانی پەیماننامەی پاریس.

بەڵام ووڵاتە سەرکەوتوەکان هەموو مامەڵە کردنێکیان لەگەڵ رەت کردەوەو ئەم بانگەوازەشیان پشت گوێ خست جەختیشیان لەسەر دورخستنەوەی کرد. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکەش هەر دەوڵەتەی بە 150 هەزار سەرباز ئامادەیی خۆی نیشان دا..

ئەو کاتەی ناپۆلیۆن گومانی نەما کە ئیتر شەڕ بەڕێوەیە، بەر لەوەی ئەوان بکەونە خۆ ناپۆلیۆن لەشکرێکی نیو ملیۆنیی پێک هێنا و خۆی فەرماندایەتیی کرد. ئەوکات لەشکری ئینگلیز بە فەرماندایەتی شازادە ولنگتۆن لە بەلژیک پنگا بووەوە لەشکری بروسیۆاش بە فەرماندایەتی بلوخەر بوو، بەرلەوەی ئەوان دەرفەت وەرگرن ناپلیۆن پلانێکی سازدا بۆ هێرشێککردنە سەر هەردوکیان و لەناویان بەرێ. لە 16ی حوزەیرانی 1815 لەشکری فەرەنسی بە فەرماندایەتی ناپۆلیۆن دەستی لە لەشکری بلۆخەر وەشاند و بەسەریدا زاڵ بوو. فەرمانی بە(گروش) دا کە سەرکردەیەکی خۆی بوو بروسیەکان راوبنێت، خۆشی بەرەو بەرەکانی ئینگلیز رۆیشت لە واتەرلۆ، ئەگەر لەشکری بلوخەر کتوپڕ بە فریای لەشکری ئینگلیز نە کەوتبا ئەوا ناپۆلیۆن بە ئاسانی بەسەرئینگلیزەکاندا زاڵ دەبوو، لە 18ی حوزەیرانی 1815 بە هاتنی بلۆخەر شکستی بە ناپۆلیۆن هێنا و بەرەی جەنگی پێ چۆڵکرد لە دوای خۆی نزیکەی 30 هەزار شەڕکەری لێ جێ ما..

بە شکست خواردنی ناپۆلیۆن کۆتایی بە ململانێ دورو درێژەکەی نێوان شۆڕشی فەرەنسی و خانەوادەی پادشاکانی ئەوروپا هات، لە لایەکی تر ئەم ململانێ یە ماوەی 23 ساڵ بەر لە واتر لۆ لە شەڕی ڤالمی یەوە دەستی پێ کردبوو، واتەرلۆ کۆتایی بەچەرخی شۆڕشی فەرەنسیی هێنا، سەرەتای چەرخێکی نوێ دەستی پێکرد ئەویش گەڕانەوەی خانەوادەی بۆربۆن بوو.

ناپۆلیۆنیش کەشتیەکی بەریتانی باری کردو بۆ دورگەی هیلانەی پیرۆزی برد، وەکو زیندانی لەوێ مایەوە تا لە 21ی ئایار ی 1821. هەر لەوێ کۆچی دوایی دەکا.

پەیماننامەی دووەمی پاریس

لە 7ی تەموزی 1815 بۆ جاری دووەم نوێنەرانی هاوپەیمانەکان هاتنەوە ناو پاریس لەگەڵ خۆشیاندا لویسی هەژدەهەم یان هێنایەوە، پەیماننامەی پاریسی دووەمیان لە 20ی نۆڤەمبەر مۆر کرد ئەم جارەیان بە مەرجی توند تر:

_ 700 ملیۆن فرەنک زێر و 300 ملیۆن فرەنک وەکو قەرەبووی جەنگ بەسەر فرانسا سەپێندرا.

_ دەبێ فرانسا رازی بێ 150 هەزار سەربازی داگیرکار لە هەندێک لە هەرێمەکانی بمێننەوە بۆ ماوەی 5 ساڵ لەسەر خەرجی فرانسابە مەبەستیپاراستنیان.

_ فرانسا شیان گەڕاندەوە بۆ سنورەکانی لویسی شازدەهەم.

_ ڕێگەشیان پێ نەدا دەست بەو خاکانەوە بگرێ کە لە سەردەمی شۆڕش داگیری کردبوون تەنها شاری نیس و هەندێک لە خاکی ساخوای نەبێ.

ئەم پەیماننامەیە ڕێگەی بەو رق وکینە نەدا کە لە دڵی بڕوسیەکان و نەمساییەکاندا هەیە تا تۆڵەی رابردویان بکەنەوە، ئەمەو تا رادەیەک میانڕەوی و هۆشمەندی بە شێوەی داڕشتنی پەیماننامەکەوە دیار بوو، بۆ ئەم میانڕەویە مێرخاسیەکە بۆ ئینگلیزەکان دەگەڕێتەوە، ئەوان ڕێگەیان نەدا دەرگای تۆلە سەندنەوە بکەنەوە و ببێتە هۆی بێزاری وبیرکردنەوە لە کاردانەوەو یاخی بوون لە پادشا و گەڕانەوەی شەڕو جەنگ.

بەشی سێیەم

ئەوروپا لە کۆنگرەی ڤیەنناوە

تا شۆڕشەکانی 1848

کۆنگرەی ڤیەننا

ناپۆلیۆن مان بینی لە سەردەمی حوکم رانیی وەکو دیاردەیەکی نامۆ بوو، هی ئەوە نەبوو لە ئاستی دا بێدەنگی بنوێنرێ.

ناپۆلیۆن کاری لە گۆڕینی نەخشەی ئەورپای سیاسی کرد، خاکی فرانسا لە سەردەمی ناپۆلیۆن بە رێژەیەک فراوان بوو کە پێشتر وای بەخۆوە نە دیبوو. جگە لە خاکی خۆی بەلژیکا و هەموو زەویەکانی نێوان فرانساو روباری راین ی دەگرتە خۆ، دواتر کاری بۆ ئەوە کرد کەنارەکانی ئەڵمانیا تا دەریای

بەلتیکی رۆژئاوا بخاتە ژێر دەستی، لە ئیتالیا ش دەستی بەسەر هەموو کەنارەکانی ئیتالیاداگرت، لە سنوری فرانساوە تا رۆما، کوڕی خۆی کرد بە پادشای شاری پیرۆز، ژمارەی بەڕێوەبەرایەتیەکان لە 83 وە بۆ 130 بەڕێوەبەرایەتی بەرز بووەوە.

بە فراوان کردنی سنوری فرانسا نەوەستا بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆی هەوڵی گۆڕینی سیماکانی ئەوروپای دەدا، بۆ نمونە سویسرا هەر بە ناو کۆمارێکی سەربەخۆ بوو، بە روالەت سەربە فرانساوە بوو،لە پۆلۆنیا میرنشینی ڤێرسۆفیای لەناو دامەزراند و بە مەلیکی ساکسۆنیا بەخشی کە دۆستی خۆی بوو بێ گوێدانە بەرژەوەندی و مافەکانی بروسیاو نەمساو روسیا.

لە ئەڵمانیا لە نێوان ئەو خاکانەی بە فرانساوە ی لکاندبوون لەگەڵ هەندێک لە خاکەکانی بروسیاو نەمسا دەوڵەتێکی لە چەند دەوڵەتۆکە دروست کردبوو، ناوی نابوو یەکیەتیی راین، ئەم دەوڵەتەشی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆی. سەرەڕای هەموو ئەم رەفتارو کارە نارەوایانەی مافی خانەوادە پادشایەکانی ئەوروپای پشتگوێ خستبوو بەڵکو پێشێلیشی کردبوون، بۆ نمونە لەسەر حوکم لادانی خانەوادەی پادشاکانی، هۆڵەندا و ئیسپانیاو لویسی شازدەهەم و جیرۆم ستفالیا.

ناپۆلیی کردە دیاری بۆ کارۆلینای خوشکی و مۆرای مێردیشی کرد بە پادشای ئەوێ، هەروەها زۆربەی سامانەکانی پاپا و لۆمباردیا و بووندەقیە ی خستنە سەریەک و کردنیە میرنشینێک وخۆی کردە پادشای ئەوێش، بەڵام حوکم رانیەکەی بە جوزفین ی زر کوری سپارد، دواتر لە خۆی نەگرت کە کارێکی شایستە بە خاڵی خۆی بدات و کردی بە کاردینال.

لە رێگەی ئەم نەخشەیەوە دەبینین ئەوروپای سیاسی ی سەردەمی ناپۆلیۆن زۆر جیایە لە ئەوروپای بەر لە شۆڕش، ناپارسەنگی و خۆ سەپاندنی فرانسای بە رونی پێوە دیارە کە ئەمەش بە کتو متی لەگەڵ بەرژەوەندیە کانی وڵاتە زەبەلاحەکانی وەکو ئینگلتەراو روسیا نایەتەوە. ئەمە ئەو شەڕە دژوارەمان بۆ دەردەخات کە فرانسای شۆڕش لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا بە درێژایی 23 ساڵ دەجەنگین. ئەوەی ناپۆلیۆن لە وڵاتە مەزنەکان لەداوی خۆی هێشتەوە شوێنەوارێکی پڕ خەتەرناک و زیاتر مانەوەی مەدا کۆمەڵایەتی و ئابووری و هزریەکان بوو.

شالاوو داگیرکردنیەکانی ناپۆلیۆن دامەزراندنی حکومەتی نیشتمانی و دەستورێکی فرە ئازاد و دیموکراتی بە دواوە دەهات دەستورێکی نوێ ی ئاودراو بە بڕواکانی شۆڕشی فەرەنسی، تیایدا دەسەڵاتی دەوڵەت دیارو سنوردار بوون مافی هاوڵاتیان پارێزراو بوو.

لە قۆناغی سێیەم دەستی بە بزوتنەوەیەکی چاکسازی لە شێوەی چاکسازیەکەی شۆڕش لە وڵات ئەنجام دەدا. لەم روەوە دەتوانین ئیمپراتۆریەت بە میراتگری شۆڕش و پارێزەری بڕواکانی دابنێین.

چاکسازیەکانی دژی هەموو دەرەبەگەکان بوون، سیستەمی چینایەتیی نەهێشت هەموو خەڵکی لە ئەرک و ماف یەکسان کرد، دیسان جوامێرەکانی(نوبەلا) لە ئیمتیازاتەکان بێ بەش کردن لە هەموو ئەوروپا

دەبووایە ڕاستەو خۆ سەر بە ناپۆلیۆنەوە بن، کەلیساش هەندێک لە سامان و دەسەڵات و دەسکەوتە ناڕەواکانی لەدەست دان لەگەڵ لێ سەندنەوەو سنوردار کردنی دەسەڵاتی سیاسی و دادگاییەکانی کەلیسا، باجی دەیەکی هەلوەشاندەوە، بەرامبەر بەیاسا بڕوادار و بێ بڕوا کاسۆلیک و نا کاسۆلیک هەموویان یەکسان کران.

بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو وڵاتانەی کەوتنە ناو دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەت بنەما بنەڕەتیەکانی شۆڕشی فەرەنسیی لێ پیادە کردن، لە هەموو شوێنێک هەوادارو لایەنگرانی بڕواکانی ناپۆلیۆنت دەبینی ئەوانەی تینوی ئازادی بوون لە سەدەی هەژدەم. دواتر دەبینین کە ئاسەواری ئەم گۆڕان و چاکسازیانە لە ئیتالیاو خواروی ئەڵمانیا مانەوە و تیا نەچون.

تەنانەت ئەو وڵاتانەی نە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ناپۆلیۆنیش لە ژێر رەنگدانەوەی شۆڕشی فەرەنسی چەند گۆڕان و نوێ کاریەکیان لێ ئەنجام دران،

دوای روخانی ئیمپڕاتۆریەتی ناپۆلیۆن وڵاتە سەرکەوتوەکان دەبووایە کار بۆ گەڕاندنەوەی نەخشەی ئەوروپای سیاسی بکەن بۆ ئەوەی بیگێڕنەوە بۆ سەردەمی بەر لە شۆڕش یا هەر نەبێ لانی کەم لە گەڵ بەرژەوەندیەکانیان بگونجێنن و بەسەر هەموو بزوتنەوە نەتەوایەتی و پێشکەوتن خوازەکانی ئەو وڵاتانەدا زاڵ بن.

کارەکانی کۆنگرە

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە لە پەیماننامەی پاریسی یەکەم دا هاتبوو کە بۆ پرۆسەی ئاشتەوایی لە سەرتا سەری ئەوروپا و چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان کۆنگرەیەک لە ڤیەننا ببەسترێت.

هەڵبژاردنی شاری ڤیەننا بۆ ئەوە نەهاتبوو کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەوروپا، بەڵکو وەکو قەرەبوو یەک بۆ ئەو زیانانەی فرانسا لە نەمسای دابوون، لە زیانی مادی و سیاسی و دابڕاندنی خاک وسامانی دواتر چونە بن باری ئەو زیانانەی لە سەردەمی شۆڕشەوە کە لە هەموو وڵاتانی هاوپەیمان لێی کەوتبوو بۆیە هەموو لایەک رازی بوون شوێنی ئەو کۆنگرەیە ڤیەننا بێ.

ئەوە بوو لە سەپتەمبەری 1814ەوە پادشا وسەرۆک و وەزیرەکان رویان لەم شارە کرد بە مەبەستی بەستنی ئەم کۆنگرەیە، ژمارەی شاندەکان گەیشتنە 140 شاند، ئەو میرنشینانەی لە ئەنجامی داگیر کردنی میرنشینەکەیان و یەکخستنیان لەگەڵ میرنشینێکی تر ئەوانیش لەم کۆنگرەیە ئامادە بوون بە نیازی گێڕانەوەی مافەکانیان یا قەرەبوو کردنەوەیان.

ئەوەی ڕاستی بێ پایتەختی نەمسا ئەم چەند رۆژە لە خۆشترین سات و گوزەراندا دەژیا، بۆ نەمساییەکان شانازی بوو کە ئیمپڕاتۆرەکەیان فرانسوای یەکەم خاوەن شکۆیەکی وەکو قەیسەری روسیا ئەسکەندەری یەکەم خاوەنی بەهێزترین سوپای دونیاو پانترین ئیمپڕاتۆریەت و فریدریک گلیۆن ی سێیەم پادشای

بروسیا و و بەهێزترین فەرمانرەوای ئەلمانیەکان وو کالیسریی وەزیری دەرەوەی ئیتالیا بە یاوەری پالەوانی جەنگی ئیسپانیی دژی ناپۆلیۆن لەو کات داوەت بکاو لە پێشوازیان دا بێ، بەیەک گەیشتنی ئەم ژمارە کەسایەتیە پایە بەرزەی ئەوروپا بۆ وەزیری دەرەوەی نەمسا مترنیخ دەرفەتێکی باش بوو دبلۆماسیەتی خۆی لەم رۆژە دەر بخا، بەتایبەت بەحوکمی ئەوەی خۆی وەزیری دەرەوەی وڵاتی خاوەن میوانە مافی خۆیەتی سەرپەرشتی کۆنگرە بکاو بۆچونە پادشا خوازیەکانی خۆی وبیرە کۆنەپەرستیەکەی ورد کاتەوە تەنانەت بۆ دوای کۆنگرەش کاریگەریان هەبێ.

نەمساییەکان بەگشتی ومترنیخ بەتاییەتی هەوڵو تەقەلای زۆریان دا کە ئەم چەند رۆژەی نەمسا بۆ شاندی میوان رازاوەو پڕ لە خۆشی و رابواردن بێ کۆشکی ئیمپراتۆر رۆژانە پێشوازیی لەو هەموو پادشاو شاندی یاوەرو سەرکردە مەزنانە دەکر هەموو خەڵکی نەمسا و کاربەدەستانی لە پێشوازی و خزمەت میوانان دابوون رۆژانە بە چاوتێری ئەو سفرەو خوانانە دەرازندرانەوە سازدانی ئاهەنگ و جوانترین کچی ئەوروپا رۆژانە لە خزمەت میوانان دابوون.

باشترین تیپی مۆسیک وبە ناوبانگترین گۆرانی بێژو بە هێزترین شانۆگەری و خەرجیەکی کراوە رۆژانە بەردەوام بوون.

گورزەکانی ناپۆلیۆن بۆئیمپراتۆری نەمسا تەنها کاتی بوون لە توانایدا بوو هەموویان قەرەبوو بکاتەوە.

بەهۆی بۆچونی جیاو بەرژەوەندی جیاوە ئەم شاندە زۆرانە نەیانتوانی بگەنە هیچ رێککەوتنێک، بۆیە بڕیاریان دا چوار وڵاتە مەزنە سەرکەوتوەکە بە جیا (روسیا، بریتانیا، بروسیا و نەمسا) لە لیژنەیەکی چوار قۆلیدا کۆببنەوە و لە هەموو کێشەکان بکۆلنەوەو چارەسەریان بۆ دیاری بکەن و پێشکەشی خاوەنی پەیوەندی دار بکەن، ئەمە لە روی شکلیەوە بەڵام لە روی پراکتیکەوە وڵاتە مەزنەکان سوربوون لەسەر ئەوەی دەسکەوتەکان لە نێوان خۆیاندا دابەشکەن و نەخشەیەکی نوێش بۆ ئەوروپا دارێژن کە لە بەرژەوەندیە بنەڕەتیەکان یەک بێ. دەوڵەتە بچوکەکانیش ئەوەندەیان لەسەر بوو گوێڕایەلی بڕیارەکانی چواروڵاتە مەزنەکە بن.

سەرەتا فرانسا لە وڵاتە بچوکەکان بوو بەڵام بۆ قایم کردنی پێگەی لویسی هەژدەهەم لە روی ناحەزانیدا، فرانساش خرایە ناو لستی وڵاتە مەزنەکان، دەبێ ئەوە بڵێین زیرەکی وبلیمەتی تولیران بووە هۆی ئەوەی کار بکاتە سەر کۆنگرە تا فرانسا لە وڵاتە مەزنەکان ئەژمار بکرێت چونکە هەموو وڵاتە بچوکەکان داوایان دەکرد کە دانیشتنەکانی کۆنگرە بە ئاشکراو بە بەشداری هەموو وڵاتە بچوک و مەزنەکان بێ بەڵام ئەمەیان بۆ نەچوەسەر تەنها فرانسا کە سودی لەناکۆکیەکانی نێوان وڵاتە مەزنەکان وەرگرت توانیی شوێن خۆی لە لیژنە چوار قۆلیەکە بکاتەوە.

دەرکەوت کە گفتوگۆکان لە سەرەتا ئامانجەکانیان کردبوونە دوو بەش: گشتی و تایبەتی ، ئامانجە گشتیەکان هەموویان لەسەری ڕێک کەوتبوون کە لە سەراسەری ئەوروپا ئەنجام بدرێن، تایبەتیش هەر دەوڵەتەو بە جیا دەبێ، ئەمەیان ناکۆکیی لێ کەوتەوە.

ئامانجە هاوبەشەکانی نێوان هەموویان بریتی بوون لە:

بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی ی وڵاتە مەزنەکان:

_ زەرورە هەموو رژێمە شۆڕشگێرە کۆماریخوازەکان لە سەرتاسەری ئەوروپا لە ناو ببردرێن.

_ دەست گرتن بە بڕواو بنەماکانی گەڕاندنەوەی مافی هەموو کەس و فەرمانڕەوایەک کە ناپۆلیۆن دوری خستۆتەوە، لە هەر شوێنێک بێت.

_ کار کردن بە هەموو شێوازێک بۆ پاراستنی رژێم وسیستەمە کۆمەڵایەتیە کۆنە پارێزەکان و پاراستنی مافی تەختی حوکمڕانیەکانیان.

_ بڕوا نەکردن بە فەرەنسا، وەکو چاوکی ئاژاوەو گێرەشێوێن لە ئەوروپا سەیر بکرێت. بۆیە دەبێ لە روی سەربازی و سیاسیەوە لاواز بکرێت،پشتگیری لە رەوتە کۆنە پارێزەکان بکرێت و بەهێز بکرێن تا جارێکی تر بە ناوی شۆڕشەوە بیری ئاژاوەگێری لە ئەوروپا بڵاو نەکەنەوەو نارەحەتی لە ناوچەکە پەیدا نەکەن کە هەموویان دژی بەرژەوەندیەکانی وڵاتە مەزنەکانن.

لە تەک ئامانجە گشتیەکان هەر وڵاتەو ئەجندا و مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوو دەیویست بە ئەنجامی بگەیەنێ کە بوونە هۆی لەیەک هەڵوەزینەوەو بەیەک نەگەیشتن و هەڕەشەی جیابوونەوەی لە ئامادەبووانی کۆنگرە دەکرد، ئەنجامی ئەو نەگەیشتنە یەکە بوو کە ناپۆلیۆن لە شوێن دورخراوەیەکەیەوە بگەڕێتەوە پاریس و 100 رۆژی تر دەسەڵات بگرێتە دەست، لە خوارەوە بە کورتی بنەما کانی سیاسەتی هەر یەک لە وڵاتە مەزنەکان لە و کۆنگرە یە نمایش و ئاشکرا دەکەین.

ئامانجەکانی نەمسا

مترنیخ وتووێژکاری نەمسایی و سەرۆکی کۆنگرە دەیزانی کە شەبەق و تریسکەی سەرکەوتن و رازاندنەوەکانی ئاهەنگەکان هەموویان دەستکردن هیچیان ناگەنە پێگەی ئەو گورز و زیانانەی چەندین جار لە سەردەستی ناپۆلیۆن بە نەمسا گەیشتون، دواتر هەم ناتوانێ و هەم مافی ئەوەشی نیە داواکاری زۆرلە کۆنگرە بکات. سەرجەم ئەو ئومێدانەی کە چاوی لێبوون بریتی بوون لە :

_ گەڕاندنەوەی خاک وهەرێمە داگیرکراوەکان لە لایەن فرانساوە.

_ بەرژەوەندیە کۆنەکانی لە ئیتالیا بۆ بپارێزن.
_ روسیاش لە چارەنوسی پۆلۆنیا و دەستێوەردان لە کاروباری ئەڵمانیا سەرفراز نەکەن.
وا پێ دەچون کە داوایەکان رەوا بوون لە پێناو پاراستنی ئاسایش و یەکسانی لە ئەوروپاو پشتگیری کردن لە رژێمی پادشایەتی کۆن و رێگە نەدان بە دەوڵەتە مەزنەکان بوون کە دەست بەسەر ئەوروپاوە نەگرن.

ئامانجە کانی ئینگلیز

لە ڕاستیدا ئینگلیزەکان هیچ داواکاریەکی ئەو تۆیان لە کشوەری ئەوروپا نەبوو تەنها ئەوەی مەبەستیان بوو راگرتنی پارسەنگی هێزەکان لە نێوان وڵاتە ئەوروپیەکاندا بوو، بە شێوەیە هیچ لایەنێک نەتوانێ ئەویتریان پەراوێز بکا. لە رێگەی ئەم هاوسەنگیەش دەتوانێ ئارامی و ئاشتیەکی تەبا لە ئەوروپا بەرقەرار بێ و هەر لەم رێگەیەشەوە دەتوانرێ چاودێری فرانسا بکرێت بۆ ئەوەی جارێکی تر ئارامی لە وڵاتەکان نە شێوێنێ. لەم رێگەیەشەوە مەبەستی بوو سنورێک بۆ چاوبڕینەکانی روسیا دابنێ لە ئەوروپای رۆژهەلات و ئیپراتۆریەتی عوسمانی، لە دەرەوەی ئەوروپاش وەزیری دەرەوەی بریتانیا کاسلریە لەسەر قۆرخ کردنی دەریا پێی داگرت و رشت بوو بە هیچ شێوەیەک رازی نەبوو باس لەم بابەتە بکرێت سەروەریی دەریای بە مافی خۆیانی دەزانی. لە بەرامبەر ئەو بێ داوایەی بریتانیا لە کشوەری ئەوروپا، چاوی لەوە بوو کە :
_ هەندێک لە دورگەی بچوکی بە روبەر مەزن و ستراتیج و هەندێک لە موستەعمەرەکانی لەو بەری دەریاوە وەدەست بێنێ بە مەبەستی پێویستیی کەشتیگەلی بەریتانی.

ئامانجەکانی روسیا

قەیسەری روسیا زۆر بە بنە ماڵە دێرین و سوپاکەیەوە دەی نازی، ئەوکات بە هێز ترین سوپای ئەوروپا بوو، لەم روانگەیەوە بە مافی خۆی دەزانی رۆڵێکی سەرەکیی لە سیاسەتەکانی کشوەر هەبێ بەتایبەت کە بەشداریەکی کارای لە لەناوبردنی ئیمپراتۆریەتی فرانسا کردوە :
_ بۆ پیاراستنی باری ئارامیی کشوەر داوای هاوپەیمانێتیەکی لە نێوان وڵاتە مەزنەکان کرد بە سەرۆکایەتی خۆی.
_ لە وڵاتەکانی داوا دەکرد دان بە مافی دەستگرتن بە سەر فنلەنداو بیسارابیا دا بنێن کە لە ساڵی 1808 بە رێککەوتن لەگەڵ ناپۆلیۆن داگیری کردبوون.
_ چاویشی لە پۆلۆنیا هەبوو، ئەو وڵاتە داماوە کە لە بەدبەختی خۆی کەوتبووە نێوان سێ وڵاتی مەزنی: روسیا، فرانسا، نەمسا، لە سەدەی هەژدەهەم سێ جار لە نێوان ئەم سێ وڵاتە خاکەکەی دابە ش کرابوو دوایین جار وەکو قەوارەیەکی سیاسی بوونی نەبوو.

_ دیسان دەیویست دەست بە خاکەکانی میرنشینی ڤێرسۆفیا دا بگرێت کە ناپۆلیۆن لە ناو خاکی بڕوسیای پۆلۆنی دای مەزراندبوو بۆئەوەی ئەم وڵاتەو هەندێک لە خاکی پۆلۆنیا کە لە ژێر دەستی روسیایە یەکیان بخاو وڵاتێکی سەربەخۆیان لێ دروست بکات لە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

_ چاوی لە بەنداوەکانی تورکیش هەبوو.

ئامانجەکانی بڕوسیا

_ بڕوسیاش دەیەویست لەسەر خاکی ئەڵمانیا فراوانی بە سنورەکانی بدات بە تایبەتیش چاوی لە خاکەکانی ساکسۆنیا بوو گوایە لە سەردەمی ناپۆلیۆن پادشای ساکسۆنیا لایەنگری فرانسا بووەو زیانی زۆری بە بڕوسیا گەیاندوە نایەوێ فریدریکی سێیەم سزا بدات تەنها ئەوە نەبێ لە سەر تەختی پادشایەتیی دابەزێنێ و دەست بە خاکیە وە بگرێ، لە بەرامبەر رازی بوونی ئەم داوایەی دەکرێ لە داواکاریەکەی روسیا بە گرتنی دۆقیە ڤێرسۆفیا ی قەبوول بێ.

_ شاندی بڕوسی لەسەر ئاستی فەرمیی دەوڵەت هەندێک داواکاری تری قورسی هەبوون بریتی بوون لە دەست گرتن بەسەر هەرێمی ئەلزاس و لۆرین ی فەرەنسی.

_ لەنێوەندی گەلەری و رۆشەنبیرەکان داوای یەکخستنی هەموو دەوڵەتۆکەکانی ئەڵمانیایان لە ناو یەک دەوڵەتی مەزنی بەهێزدا دەکرد.

ئامانجەکانی فرانسا

هەڵوێستەکانی تالليرانی سەرۆکی شاندی فەرەنسی تابلێی لەروداماو بوون چونکە وەکو نوێنەری وڵاتێکی دۆڕاوی سەرسەختی بەترس سەیر دەکرا، وڵاتەکان ترسی ئەوەیان لێی هەبوو جارێکی تر ئاژاوەو سەریەشە بنێتەوە، بۆیە هەموویان دەیانەوێ وەکو وڵاتێکی لاوازی بێ هێز بمێنێتەوە،تالليران زۆر بە نیانی و دبلۆماسیانە رەفتاری دەکرد بۆ ئەوەی لەم کۆنگرەیە فرانسا لە نامۆیی وەدەر نێ، لەو پێناوە دا داواکانی سادەو واقعی بوون ئەویش بریتی بوو لە:

_ گەڕاندنەوەی پێگەی سیاسی فرانسا وەکو وڵاتێکی مەزن.

_ بۆ وەدەست هێنانی متمانەی وڵاتەکانیش رایگەیاند کە دەست لەو شوێنانە هەڵدەگرێ کە ناپۆلیۆن داگیری کردبوون.

_ رایگەیاند کە پشتگیری تەواوی بۆ سیستەمی بۆجێ ماوەی پادشایەتی دەکات ئەو سیستەمەی لای دڵی شاندی فرانسا ونەمسا خۆشەویستە،

_ تەنها ئەوەندە نەبێ کە زۆر بە کارامەیی وشاراوەیی و نیانی ئەوەی دەربڕی کە چاو بڕینەکانی نەمسا و هەوڵەکانی بۆ دەست بەسەر داگرتنی ئیتالیا بە پێی توانا سنوردار بکرێت.

چونکە بەرژەوەندیەکانی وڵاتە مەزنەکان لەم کۆنگرەیە دژی یەکتر نەبوون بۆیە کاری کۆنگرەکە درێژەی کێشا، لە ناوەڕاستی سەبتەمبەری 1814 تا ئاداری 1815 ی خایاند. لەم ماوەیە کارەکان لە رێگەی کۆبونەوە لاوەکی ونهێنیەکاندا لە نێوان وڵاتە مەزنەکان بەرێ دەچون، وڵاتە بچوکەکانیش رۆلی تەماشاکار و چەپلە لێدەریان دەبینی،

وروژێنەر ترین بابەتی ناکۆک لە نێوان وڵاتە مەزنەکاندا دۆسیەی پۆلۆنیا وساکسۆنیا بوو کە بووە هۆی دابەش بوونی وڵاتەکان بەسەر دوو گروپ دا : روسیاو بروسیا رێککەوتن کە یەکەمیان پۆلۆنیا بەرێ و دوەمیان ساکسۆنیا، بریتانیا ونەمسا دژی ئەم رایە وەستان چونکە:

یەکەم ئەگەر روسیا هەموو پۆلۆنیا بەرێ ئەوا بەسەر ئەوروپای ناوەڕاست دا زاڵ دەبێ و پارسەنگی هێزەکان لە ئەوروپا تێک دەچێ ئەمەش جێێ قەبوول کردن نیە.

دووەمیان ئەگەر بروسیا دەست بەسەر ساکسۆنیا دابگرێ ئەمەش بۆ ئەوان دەسکەوتێکی مەزنە وپێشینەی دەستێوەردانی ئەم وڵاتەیە بە کارو باری ئەڵمانیا.

بارو دۆخەکان ئالۆز بوون بووە هۆی ئەوەی تالليران کاتی زیاتر هەبێ تا شوێن پێی فرانسا لەم بەینە بکاتەوەو سود لە ناکۆکیەکان وەرگرێ بەو هۆیەوە توانیی فرانسا لە لیژنە چوار قۆلیەکە بکاتە ئەندام بۆ چارسەر کردنی ناکۆکیەکان ئیتر ئەم لیژنە یە بوون بە پێنج دەوڵەت دوای ئەوەی چوار دەوڵەتە مەزنەکە بوون، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی لەگەڵ نەمساو ئینگلتەرا هاوپەیمانیەک لە 3ی جەنیوەریی 1815 ببەستن بۆئەوەی لە بەردەم چاوبرینەکانی روسیاو بروسیا بووەستن پارسەنگیی کشوەرەکەش راگرن.

بەڵام گەڕانەوەی کتو پڕی ناپلیۆن لە دورخراویەکەی هانی وڵاتەکانی دا کە زیاتر لەیەک تێبگەن ویەک ریزیەک دروست کەن. دواجار لە 9 ی حوزەیرانی 1815 وڵاتەکان بریاری کۆتایی کۆنگرەکەیان ئامادە کرد بە سازش کردنی هەموو کێشەکان داواشیان لە وڵاتە بچوکەکان کرد کە ئیمزای لەسەر بکەن، دەتوانین بریارەکان بەم شێوەیە کورت کەینەوە:

بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەننا

1_ فرانسایان بۆ سنوری بەر لە شۆڕش گەڕاندەوە بەڵام رێگەیان پێدا شاری ئەڤینیۆن بە دانیشتوانەکەیەوە لە ژێر دەستی خۆی بهێڵێتەوە.

لە پێناو رێگە گرتن لە بەردەم شۆڕشگێرەکان تا بیرلە تۆلەی شکستیەکانی واتەرلۆ نەکەنەوە دەورەی فرانسایان بە چەند وڵاتێکی بەهێزی بێ لایەن دا. وەکو پەرژینێک لە نێوان فرانساو وڵاتە مەزنەکانی ئەوروپا، هۆڵەنداو بەلژیکایان لەیەک دەوڵەت کۆکردەوە حوکم رانیەکەشیان دایە خانەوادەی ئۆرنج سەربەخۆیی وڵاتە یەکگرتەوەکانی سویسرایان پاراست و پەیمانی بێ لایەنی وپاراستنی سنور یان بۆ دا،

باڤاریاو پلاتینیا یان لە یەک دەوڵەت کۆ کردەوە لە خوارەوەش خاکی نیس وساڤوای و بیامۆنت یان بە میرنشینی سەردینیا بەخشی.
2_ هەرێمی هانۆڤەریان بە بریتانیا بەخشی بە هۆی ئەوەی شوێن لەدایک بوونی پادشای بریتانیا یە. دان بە مافی ئینگلتەرا نکرا دەست بەسەر دورگەی هیلیفولاند دا بگرێ کە لە ساڵی 1807 لە دانیمارک ی سەندبوو، هەروەها ماڵتاش کە لە ساڵی 1797 داگیری کردبوو، دورگەی ئەیونیەش بکرێتە کۆمارێکی ژێر چاودێریی ئینگلیز، ئەمەو دورگەی سیلان وموستەعمەرەی سەر بە ئاسیاو دورگەی مۆریسی فەرەنسی وتوباگۆ وسانتالۆسی کە هەموویان موستەعمەرەی پێشوی فرانسا بوون.
3_ دان بە مافی روسیا نرا دەست بەسەر خاکی بیسارابیا دابگرێ کە لە عوسمانیەکانی سەندبوو و خاکەکانی فینلەنداش کە لە سوێدیەکانی سەند، خاکەکانی ڤێرسۆفیاش لەگەڵ خاکەکانی پۆلۆنیا کە لە ژێر دەستی روسیابوون لە یەک میرنشینی کۆکردنەوەو خستنیە ژێر حوکمی قەیسەری روسیا.
4_ بروسیا سێیەکی خاکی ساکسۆنیای برد لەگەڵ زەویەکانی بۆمیرانیا کە کاتی خۆی هی سوێد بوو، خاکەکانی بۆزنانی پۆلۆنیشی وەرگرتەوە و دەستیشی بەسەر خاکەکانی وستگالیاو رینانیا دا گرت.
5_ لە تۆلەی زیانەکانی بە نەمسا کەوتبوون، کە بەلژیکای لەدەست دابوو، چەند شوێنێکیان لە ئیتالیا پێ بەخشی، دەستی بەسەر زەویەکانی لمباردیاو بووندەقیەو میرنشینی ساڵز بۆرگ داگرت.
6_ میرنشینەکانی ئەڵمانیا کە ناپۆلیۆن دروستی کردبوون بۆ رەچەڵەکی خۆیان نەگەڕانەوە تەنها ژمارەیان کەم کرایەوە، بوون بە 38 دەوڵەت لە ناو یەکیەتیی ئەڵمانیا ئەمیش بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و سنورەکانیان بوو.
7_ سەبارەت بە ئیتالیا، مومتەلەکات و سامانەکانی پاپایان بۆ گێرایەوە و زۆربەی ئەمیرە ئیتالیەکان کە ناپۆلیۆن دوری خستبوونەوە بۆ میرنشینەکانی خۆیان گێرانەوە جگە لە و میرنشینانەی بە نەمساو سەردینیا درابوون.
8_ خاکەکانی نەرویج یان لە دانیمارک وەرگرتەوە و دایان بە سوێد لە قەرەبووی لەدەست دانی زەویەکانی فینلەندا.
پەیماننامەی پاریسی دووەم کە ئاماژەمان پێی دابوو هاوپێچی ئەم بڕیارانەیان کردبوون.
بەم شێوەیە دەبینین سەرکردە ئەوروپیەکان لە ساڵی 1815 نەخشەیەکی سیاسیی نوێیان لە سەر دوو بنەما بۆ ئەوروپا کێشابوو:
گەڕانەوە بۆ شەرعیەتی نەریتی کۆن، هەر کاتەی لە تواناادا بوو بکرێ، لە پێناو پاراستنی ڕاگرتنی پارسەنگی وڵاتانی کشوەر بەمەرجێ جارێکی ترنەگەڕێتەوە بۆ ئەزمونە تاڵەکەی ئیمپڕاتۆریەتی فرانسا. ئەوەی ڕاستی بێ ترس و خۆپاڕاستن لە دوبارە نە بوونەوەی ئەزمونەکەی فرانسا تەنانەت ئەگەر لەگەڵ ویست و ئارەزوەکانی نەتەوە پەرستەکانیش ناکۆک بن، فاکتەری سەرەکیی نەخشەی سیاسیی ئەوروپای ساڵی 1815 بوون.
لە پێناو دوبارە نەبوونەوەی شۆڕش وبەربەست دانان لەبەر دەم بڵاو بوونەوەی بیروراکانی ئازادی و لە پێناو سەلامەتیی رژێمە کۆنەکان وبەردەوام بوونیان، وڵاتە مەزنەکان بە پێویستیان زانی کۆمەڵێک هەنگاو بنێن کە لە بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەننادا هاتبوون. دیار ترینیان:

هاوپەیمانێتیی پیرۆز

قەیسەری روسیا بیرۆکەیەکی شاشی خستە بەر دەم کۆنگرە، داوای کرد کە هاوپەیمانێتیەکی نێو دەوڵەتی و ئەوروپی ببەسترێت بۆ رێکخستنی پەیوەندیە کانی نێوان وڵاتان بە پشت بەستن بە بنەما کریستیەکانەوە. پاساوی بۆ ئەم داوایەی ئەوە بوو کە زۆربەی گەلانی ئەوروپا بە ئاینی مەسیح بڕوادارن ئێمەش بە ئەرکی خۆمان دەزانین لە پەیوەندیەکانمان پابەندی مەساجی مەسیح بین ئەو مەساجەی پڕە لە خۆشەویستی وئاشتی. بە ڕونتر دەیەویست پەیوەندیەک لە سەر بنەمای خۆشەویستی و دادپەروەری دروست بکات کە شوێنی پەیوەندیە کۆنەکان بگرێتەوە ئەوەی لەسەر بنەمای هاوپەیمانێتیی سیاسیانەو سەربازیانە لە نێوان وڵاتاندا دەبەسترا. ئەمەو مەبەستیشی بوو کە ئاینی مەسیح بکاتە چاوکی ڕێنماکان کە هەموو وڵاتە ئەوروپیەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان بە گیانێکی کریستیانەوە پێیەوە پابەند بن.

بۆ دڵنیا بوون لە جێبەجێ کردنی ئەم پەیماننامەیەش بەباشی زانی پادشاکان خۆیان ئیمزای لەسەر بکەن چونکە ئەوان لە لایەن خواوە فەرمان و دەسەڵاتی حوکم رانی و پاراستنی ئاشتیان پێ دراوە. گوایە ئەو رژێم وچینایەتیەی کە ئێستا هەیە لە دەستکردی خوایە دەبێ ئەوانیش پابەندی پاراستنی ئەم دەستکردە بن، بەم شێوەیە قەیسەری روسی ئاشتیی ئەوروپای بە سیستەمی کۆن بەستەوە و پشتگیریی ئەوروپاشی کردە مەرجێکی پاراستنی مەساجی مەسیح.

لێرە نارێکیەک هاتە پێش، قەیسەر دەیەویست لە رێگەی مەسیحەوە رژێمی کۆنی پادشایەتی بپارێزێ، لە کاتێکا لە سیستەمی پادشایەتیی کۆن کۆمەڵێک نادادپەروەری و پێشێلکاری و کۆنەپەرستی و دواکەوتن هەبوون، لەگەڵ ئەوەی گومان لە ئاین پەروەریی قەیسەر ناکرێ ئەمە وەکو دەربڕینێکی ناخی قەیسەر بوو بۆ بیرۆکەی هاوپەیمانێتی، لە ڕاستیدا ئەم پێشنیارەی قەیسەر تەنها وەکو حەزێکی بۆ لە ناوبردنی هەموو بزوتنەوە دیموکراتی خواز و کۆماری خواز و ئازادی خوازەکان لە ئەوروپا دەبینرێت ئەگەر لە داهاتو سەریان هەڵدا.

ئەم بیرۆکەی هاوپەیمانێتیی پیرۆزە کۆنە بەڵام هەر وەکو ئەندێشە و دور لە پراکتیک دەبینرێ جگە لەمەش لەگەڵ ئومێد و ئاواتەکانی گەلی ئەوروپا ناکۆکن، سەرەڕای ئەمە هەڵوێستە کۆنەپەرستی و فراوانخوازیەکانی قەیسەر ئەم بیرۆکەیەی خستە گومانەوە چونکە لەگەڵ رەفتارەکانی قەیسەر ناگونجێن کە دورن لەو ئاشتی و خۆشەویستیەی مەسازی مەسیح بانگەوازی بۆ دەکات.

هەر لەسەرەتاوە وزیری دەرەوەی بریتانیا ئەم بیرۆکەی هاوپەیمانێتی لەسەر بنەمای ئاین رەت کردەوە، بە دیدی ئەوان ئەو گۆڕانە ڕاستەقینانەی شۆڕشی فرانسا لە ویژدانی ئەوروپیەکاندا دروستی کردون لە توانای هاوپەیمانێتیەکی لەم جۆرە دانیە کە ڕوبەڕووی ئەوروپای دوای 1815 ببێتەوە.

دواتر خۆی باش نیاز ومەرامەکانی قەیسەری دەزانی کە ئەم لە هەموویان کەمتر پابەندی ئیمزاکەی و فەرمانەکانی مەسیح دەبێ، بۆیە ئینگلتەرا رازی نەبوو بچێتە ناو ئەم هاوپەیمانیە، بە نەچونی ئینگلتەرا بۆ ناو ئەم هاوپەیمانیە هەر لەسەرەتاو بەر لە دایک بوونی ڕاست گۆیی وهێزی جێبەجێ کردنی لەدەست دا.
بەڵام نەمسا کە نەخشە کێش وسەرکردەی یەکەمی ئەوسای مەترنیخ بوو لە قەیسەر کەمتر حەزی لە پاراستنی رژێمە کۆنەکان نەبوو، هەر زو رەزامەندیی لەسەر چونەناو ئەم هاوپەیمانیە دا هەروەها پادشای بڕوسیاش رازی بوو،ئەم تەنها بۆ دل رازی کردنی قەیسەر بوو نەک بۆ بڕوا بوون بەم هاوپەیمانیە.
دواجار لە 26ی سەپتەمبەر ی 1815 هەرسێ وڵاتە مەزنەکە ئیمزایان لەسەر هاوپەیمانێتیە کەی پیرۆز کرد، فرانسا هیچ حەزێکی وەدەر نەخست کە چاوی لە مانەوەو پاراستنی رژێمە کۆنەکان بێ لە هەمان کات خۆشی لە بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکان بە دور بینی دواتر هۆڵەنداش چوە پاڵی.
ئەوەی ڕاستی بێ ئەم هاوپەیمانە بەهۆی بازوی پۆلایینی مترنیخ دەتوانێ گەروی ئازادی لە بزوتنەوەکان بگرێ بەتایبەت لە ئەڵمانیا کە دوای 1815 هزری ئازادی وشۆڕشی نوێ بۆ گۆڕان بڵاوەی کردبوو، توانرا دەنگی ئەو کەسانە کپ بکات لە ئیتالیا کە داوای دەستوری ئازادیان دەکرد لە چەشنی سەردەمی فەرەنسیەکان، هەروەها هەموو بانگەوازێکی یەکبوونی کپ کردن کە بۆ یەکگرتنی ئیتالیاو ئەڵمانیا بەرز دەبوونەوە، لە ئیسپانیاش پشتگیریەکی زۆری پادشاکەیانی کرد بەهۆی ئەوەی لە گۆمی ستەم وکۆنەپەرستیدا نقوم ببوو.

هاوپەیمانێتیی چوارقۆلی

ئیمزانەکردنی شاندی بەریتانی لەسەر هاوپەیمانێتیە نوێکە نیشانەی ئەوە نەبوو کە ئینگلتەرا بەرگری لە پاراستنی رژێمی کۆن ناکات، نەخێر سەرۆکی شاندی ئینگلیز وەزیری دەرەوەی کاسلری لە بەریتانیا لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە بەوە تاوانبار دەکرا کە دژایەتیی بیری ئازادیخواز دەکات، ئینگلیزەکان واقیعبینانە بیریان دەکردەوە ئەوان لە و بڕوایەدا نەبوون کە دوای ئەو گۆڕانەی کە لە ناخی ئەوروپیەکاندا دروست بووە پادشاکان بە حوکمی دوریان لە ئاین وئاینپەروەریەوە بتوانن بەم شێوازە ئاشتی وئارامی لە ئەوروپا بپارێزن، دواتر لە نیازەکانی قەیسەریش بەگومان بوون کە قەیسەر لە رێگەی زاڵبوونی بەسەر هاوپەیمانەکەوە هەوڵی دەست بەسەردا گرتنی ئەوروپا دەدات.
بۆ پشتگیری لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ڤیەننا ئینگلیز پێشنیارێکی تری خستە بەردەست وڵاتان، بریتی بوو لە هاوپەیمانێتیەکی نوێ لە هەر چوار دەوڵەت بۆ پشتگیری کردن لە بڕیارەکانی ڤیەننا و پاراستنی بارو دۆخی ئەوروپا تەنانەت ئەگەر بە هێزی سەربازیش بێت.

_ ماوەی هاوپەیمانێتیەکە 20 ساڵ بێت.
_ ڕێگە لە بڵاو بوونەوەی بیرو راکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی شۆڕشی فەرەنسی بگیرێت.
_ بۆ ئەنجام دانی مەبەستەکان دەبی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکان کۆبونەوەی دەوری بکەن دواتر لەسەر ئاستی بالوێزەکان کۆ ببنەوە، بۆ چارەسەر کردن ولێکۆلینەوە لە هەر روداوێکی کتو پڕی لە کشوەردا.
لە 20ی ئۆکتۆبەری 1815 هەر چوار وڵاتە مەزنەکە روسیا، نەمسا، بڕوسیا، ئینگلیز ئیمزایان لەسەر هاوپەیمانێتیەکەی چوار قۆڵی کرد، ئەم هاوپەیمانێتیە لە ئینگلتەرا نارەزاییەکی زۆری لێ کەوتەوە، بەوەی مترنیخ ی کۆنەپەرست را و بۆچونەکانی خۆی بەسەر بریتانیا دەسەپێنێت کە دەست لە کارو باری ئەوروپا وەربدات، ئەمەش بەریتانیەکان حەزیان لێی نەبوو.

رەخنەی یەکلاکەرەوە

دەتوانین بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەنناو پەیماننامە هاوپێچەکانی لە رۆژی ئاشتەوایی وستڤالیا لە 1648 ەوە تا ئەوکات بە مەزنترین رێککەوتنی دبلۆماسی لە ئەوروپا ئەژمار بکەین. ئەم بڕیارانە چەند لایەنێکی ئەرێنیان هەبوون :
_ فرانسا بە بڕیارەکانی ڤیەننا رازی بوو چونکە کەمترین زیانیان بە فرانسا گەیاند.
_ چارەسەریەکی سیاسیانەی بۆ کێشەی پۆلۆنیا دۆزیەوە کە بە درێژایی سەدەی هەژدەهەم جێی مشتو مری نێوان روسیا ونەمسا و بڕوسیا بوو. گرنگیی ئەو چارەسەریە لەوە دابوو کە مەزنترین هۆکاری ناکۆکیەکانی نێوان وڵاتە مەزنەکانی ئەوروپای ناوەڕاست و رۆژهەلات نەهێشت.
_ لە روێکی تر ئەم رێککەوتنە لەسەر ماف و سۆزی ملیۆنەها پۆلۆنی تەواو بوو ئەوانەی بوونی خۆیان وەکو وڵات و نەتەوە ون کرد بوو، لەئەڵمانیاش یەکلایی بوونەوەکان کەمتر بوون،هەرچەندە لە وێش لەسەر حسابی ئومێدەکانی ئەڵمانیەکان بوون، بە هۆی توندی ململانێکەوە کە ماوەی 50 ساڵ بوو لە نێوان نەمسا و بڕوسیا بۆ دەستگرتن بەسەر وڵاتەکانی ئەڵمانیا درێژەی هەبوو.
ئەم یەکلا کردنەوەیە بۆ ماوەی چەند ساڵێک پێگەکانی وڵاتانی ئەوروپای قایم کرد، بوونە پشتگیرو هاوکاری راگرتنی هاوسەنگی هێزە مەزنەکان لە کشوەری ئەوروپا.
_ بڕیارەکانی ڤیەننا دەستی بڕوسیای لە رۆژهەلاتی ئەوروپا والاکرد.
_ ئەڵمانیاو ئیتالیاشی خستە ژێر دەسەڵاتی نەمسا.
_ دەریاو زەریاکان وهاتوچۆی نێو ووڵاتان بۆ ئینگلتەرا قۆرخ کران. بۆ ئەوەی هیچ یەک لەم سێ وڵاتانە سنوری دیاری کراویان لە کۆنگرەی ڤیەننا نەبەزێنن.
دوو وڵاتیان وەکو دەمەوانەی ئەمانەت (صمام الامان)دەست نیشان کردن.
فرانسا هەردەم چاودێریی نەمسای دەکرد بۆ ئەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە ئیتالیا فراوان نەکات، بڕوسیاش هەردەم ئامادەیە لە رێگە گرتنی بڵاو بوونەوەی دەسەڵاتی روسیا لە ئەوروپای

رۆژهەلات ودەسەڵاتی نەمساش لە دونیای جرمانی. بە پێی ئەمە و ئەو ئینگلیز ڕاسپاردرا تا چاودێری لە سیاسەتەکانی ڕوسیای قەیسەر بکات بەرامبەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وهیچ گۆڕانێک لە دەریای ڕەش وبەنداوەکان نەکات کە ببێتە مایەی بە هێزبوونی ئمپراتۆریەت و لە ئەنجام دا پارسەنگی هێزەکانی ئەوروپا لەنگیان تێ بکەوێ.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم ڕژێمە وێڕای بوونی ناکۆکی و نا پاکیی، بۆ ئەوروپا تا نیوەی سەدەی نۆزدەهەم سود بەخش و پارێزەری ئاشتی بوو، گەشبین ترین کەس لە وانەی نەخشەی سیاسیی ئەوروپایان لە 1815 دارشت چاوەڕوانی ئەمەیان نەدەکرد. بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم لایەنە باشانەی بڕیارەکان هەندێک لایەنی خەراپیشی هەبوون، لەوانە:

هەڵگرانی بیری نەتەوایەتی وحوکمی دیموکراتی لە هەموو شوێنێکی ئەوروپا توشی شۆک هاتن، بۆ نمونە لە ئەڵمانیا وێڕای بوونی ڕەوتی نەتەوایەتی یەکی چاڵاک، ڕەسم کردنی سنوری دەوڵەتەکان بە پێی بەرژەوەندیەکان دارێژرایەوە بێ گوێدانە هەستی نەتەوایەتییان و بێ ئاگاداریی گەل.

_ ڕاستە کە ئەڵمانیا بۆ پارچە پارچە بوونەکەی جاران نەگەڕایەوە بەڵام بوو بە 39 وڵات، ئەم یەکلاکردنەوەیە زۆ شەرمەزارانە لە نێوان فەرمانڕەواکانی ئەڵمانیا و وڵاتە مەزنەکان ئەنجام درا. دواتر ئەو یەکیەتیەی لە نێوان ئەم وڵاتانە کرابوو وەهمی وئەندێشەیی بوون، بۆ نمونە ئەوەندە بەسە کە هەر وڵاتێک لەم وڵاتانە مافی ڤیتۆی هەبوو، واتە هەموو بڕیارەکان دەبێ بە کۆی دەنگ بدرێن ئەمەش نیشانەی شەلەل خستنە کارەکانە، لەم کارە داخوازیارانی یەکیەتیی ئەڵمانیا توشی بێ ئومێدی هاتن چونکە ئەوان دڵنیا بوون لەوەی ئەم ئەنجومەنەی یەکیەتی شانۆیەکە بۆ ململانێی هەرسێ زل هێزەکەی ئەڵمانیا،نەمسا وبڕوسیا، دیسان دەبێتە بەردی تەگەرەی بەر دەم هەموو بڕیارەکانی کە پادشا یا میر بیەوێ ڤیتۆ لەسەر بڕیارێکی ئەنجومەنی یەکیەتی بدات.

_ لە هۆڵەنداو بەلژیکا ترسیان لە فەرنسا لێ پەیدا بوو حەزیان لەوە بوو کە دەوری بە وڵاتێکی بەهێز بدرێت، بۆ ئەم مەبەستەیان دەوڵەتێکیان لە دو نەتەوەی جیاو دوو ڕەچەلەک و شارستان پێکهێنا کە هۆڵەنداو بەلژیک بوون، هەر زو ئەنجامی کارە هەڵەکەی ئەم دروست بوونە بەدیار کەوت.

_ لە ئیتالیاش دەسەڵاتی نەمسا گەڕایەوەو سامانی زۆربەی ئەمیرە ئیتالیە کانیان بۆ گەڕاندەوە، بەم شێوەیە ئەندامانی کۆنگرە لە ناحەزی ئیتالیەکان لە نەمسای دراوسێیان و پێشوازیی هێزەکانی بڕوا هێنەر بە شۆڕشی فەرەنسی وسیستەمە دەستوریە ئازادیەکەی لە ناو ریزی جەماوەری ئیتالیەکان، بێخەبەر بوون. دەوڵەتە مەزنەکان لەو گۆرانانە نەگەیشتن کە لە 20 سالەی دوای شۆڕس لە ئیتالیا ڕویان دا، چۆن خاکی ئیتالیا بە پێێ بەرژەوەندیە کان دابەشکرایەوە، بێ ئەوەی بگەڕێنەوە لای حەزو داخوازیەکانی جەماوەرو مافی چارە خۆ نوسیەکەیان.

تاقە شیکردنەوە بۆ ئەم هەڵوێستانە ئەوەیە کە ئەندامانی کۆنگرە لە ترسی ئەوەی جارێکی تر لە فرانسا یا هەر وڵاتێکی تر دوبارە شۆڕش هەل نە گیرسێتەوە هەڕەشە لە ئیمتیازو تەقلیدیە کەیان نەکاتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی هەر چەندی رەخنە روەو کۆنگرە بکرێت بەڵام لە کارە گرنگەکەی دا سەرکەوتو بوو کە دابین کردنی سەقامگیری وئارامی بۆ ئەوروپا بوو.

بە ڕاستیش ئەوروپا سودی لەم ئاشتی یە وەرگرت هیچ کارێک ریزەکانی تێک نەدا جگە لە چەند ووردە بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکی ساڵانی 1830 و 1848 نەبێ.

رژێمی مەترنیخ وسیاسەتی کۆنگرەکان |

ماوەی ساڵەکانی نێوان 1815 تا 1823 بە زاڵ بوونی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی بەسەر ئەوروپا ناسرا بوو، ئەو دەسەڵاتەی کە کۆنگرەی ڤیەننا پاراستنی رژێمی پادشایەتیی لاسایی کەرەوەی قەبوول کرد، ئەوسیستەمەی لە سەردەمی بەر لە شۆڕش ی فرانسا لە سەر حوکم بوو ئەم جارەیان بە شێوەیەکی کۆنە پەرستانە تر وستەمکارانە تری بەسەر ئەوروپا دا سەپاند.

ئەو بەرێزانەی لە کۆنگرەی ڤیەننا ئامادە ببوون نەک تەنها بڕیاریان دا رژێمە کۆنەپەرستەکان بگەڕێنەوەو بپارێزرێن بەڵکو کاریان بۆ ریشەکێش کردنی بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسی و دواتر ناپۆلیۆن و بەتایبەتیش بۆ بۆچونەکانی مافی گەلان لە بەشداری کردن لە چارەی خۆنوسینیان و سیستەمی بەرلەمانی ودەستورە کانی هەڵبژاردنی ئازاد وچاکسازیەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کرد. ئەم زاراوانە هەموویان بە مەترسی ناساندران و بڕیاریان دا لەناو ببردرێن ئەم زاراوانە هەموو وەکو فرت و فیلی جەماوەر وەسف کران چونکە بۆ دژی بەرژەوەندیە کانی وڵاتە مەزنەکانە و دواتر لەبەر ئەوەی ئەمانە بنەمای کارو چالاکیەکانی بەر لە شۆڕش بوون.

بۆ ئەم مەبەستە دەبووایە چاودێریی توند لەسەر هەموو رۆژنامەو وپەرتوک و بڵاوکراوە و کۆبونەوە جەماوەریەکان دابنرێت رێگە لە هەموو چالاکیەک بگیرێت کە بۆنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی و ئازادی خوازییان لێ دێت.

لوتکەی ئەم بۆچونە بۆگەنانە لە کەسی مەترنیخ وەزیری دەرەوەی نەمسا بەدی دەکران،مەترنیخ ئەوەی لە دوای ساڵی 1815 خەڵک بە پاڵەوانی پاراستنی رژێمی پادشایەتی و کۆنەپەرستی و دژمنی سەرسەختی گۆڕانکاری ناویان دەبرد، ئەوەی ڕاستیش بێ رۆلی ئەو پیاوە لە لەناو بردنی ناپۆلیۆن تا کۆنگرەی ڤیەننا وگێڕانی پارێزەری یەکەمی رژێمی پادشایەتی و روکەش کردنی بڕیارەکانی کۆنگرە بە بۆچونە کۆنەپەرستیانە کەی و بەردەوامیی لە بەڕێوە بردنی کاروبارەکانی نەمسا بوو تا ساڵی 1848 بە هۆی گێڕانی ئەم رۆلە گرنگانەی بوو بە درەوشاوەترین کەسی دبلۆماسیی ئەوروپا تا لاچونی لەسەر شانۆی سیاسیی ئەوروپا لە ناوەڕاستی

سەدەی نۆزدەهەم. مەترنیخ

مەترنیخ

لە ڕاستیدا ئەم پیاوە لە پیادە کردنی سیاسەتە کۆنەپرستانەکەی دا، دەستی بۆ بەرژەوەندیە کان پان نە کردەوە داوای هاوکاری ویارمەتیشی نەدەکرد، ئەمەی ڕەفتاری دەکرد ڕەنگدانەوەی پەروەردەو بیرە لاسایی کەرەوەکانی بوو کە بە دلسۆزی خزمەتی بەم ڕەوتە دەکرد.

مەترنیخ لە 3ی ئایاری 1773 لە دەوروبەرێکی دەرەبەگایەتی ولە خانەوادەی مەترنیخ لە نزیک شاری کۆبلنتز ی ئیمپراتۆریەتی نەمسایی لە خێزانی مەترنیخی کاسۆلیکی ی شکۆدار(نەبیل) لە دایک بووە. باوکی گەڵێک پۆستی بەرزی لە دەوڵەت وەرگرتوە دوابینیان وەزیری سەرفرازی نەمسا لە برۆکسل بوە. هەر لە منداڵیەوە لەسەر دلسۆزیی بۆ تاجی پادشایەتی ڕاهێنراوە، کە بۆتە گەنج چۆتە دانیشگای ستراسبوورگ کە تەنها منداڵە دەوڵەمەندو شکۆدارەکان بۆیان هەبوو لەم دانیشگایە بخوێنن. دەنگو باسە کانی فرانسا ئەم گەنجەیان بێزارو هەراسان کردبوو، پەرەسەندنی بیری شۆڕشگێڕ و گەیشتنی شالاوی

گەشە بوونی بۆستراسبۆرگ ئەمی ناچار کرد بۆ مایانس بگوازێتەوە، لەوێ دەستی لەگەڵ لایەنە کانی دژی شۆڕش تێکەلاو کرد و دەرسیشی لە دوو مامۆستا وەردەگرت (ڤۆگ و کۆتزبۆی شاعیر) کە بە ناحەزانی توندی رەوتی شۆڕش ناسرابوون.

مەترنیخ بە لە سێدارەدانی ماری ئەنتوانێتی نەوەی ماڵی پادشای نەمسا زۆر نارەحەت بوو، خۆشەویستی و ریزی بێ پایانی بۆی هەبوو، رق و کینی لە فەرەنسیەکان زیاتر بوو کاتێک لە 1794 دەستیان بەسەر مولک و سامانیان داگرت وبە پێخواسی ناردنیانەوە نەمسا ئەوسا هاوسەرگیریی لەگەڵ کچە هەژارێک کرد کە خانەوادەی کچەکە یارمەتیان دا ئەم بچێتە کاری دبلۆماسی و دواتر پلە بە پلە پۆستە گرنگ و پڕ بایەخەکان وەدەست بهێنێ وەکو وەزیری سەکسۆنیا لە 1801 دواتر بالوێز لە بەرلین لە ساڵی 1803 و بالوێز لە پاریس لە 1806 ئەو کات بوو کە لە نزیکەوە ناپۆلیۆنی ناسی لە ناخو دەرونی ئەم پیاوە گەیشت بۆیە زیاتر رقی بەرامبەر بە فرانسا هەستا هەر لە جەستەی ناپۆلیۆنیشەوە لە چۆنایەتیی شۆڕش گەیشت. دواتر وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی دەرەوەی نەمسا لە 1809 کە جلەوی کار وفەرمانەکان تا ناوەڕاستی سەدە لەدەست خۆی مایەوە.

لە ژیاننامە ی ئەم پیاوە بۆمان دەردەکەوێ کە هەر لە رۆژی لەدایک بوونی ومەزن بوونی لە کەش و هەوایەکی بۆرجوازیانەو پەروەردە بوونی بە بیری کۆنە پەرستانە و دلسۆزیی بۆ خانەوادەی پادشایەتی، ئەم پیاوە هەوڵی ئەوەی داوە کە سیاسەتێکی کۆنەپەرستانە بەسەر ئەوروپادا بسەپێنێ، بە رادەیەک بڕوای بە پادشایەتی و رژێمەکەی هەبوو کە بە دیدی ئەو دونیا یێکی نمونەیی و خۆشگوزەران و دادپەروەرو سەقامگیر ئەو کاتە دێتە دی کە نە گەل نە نەتەوە بوونی نەبێ، تەنها دەوڵەت ئەویش لە ژێر دلۆڤانیی پادشاکان بن هەر ئەوەندە ئازادیان هەبێ کە پادشاکان پێیان بەرەوا دەبینن ئەو پادشایانەی بە تواناو فەرمانی خوا حوکم رانی دەکەن. بڕواشی وابوو کە تەنها پادشایەتیی بێ سنور دەتوانێ دوارۆژێکی بەختەوەرو ئارام بۆ ئەوروپا دابین بکات. بەم عەقلیەت و بۆچونانە مەترنیخ نیو سەدە نەمسای حوکم کرد هەر ئەم بۆچونە کۆنەپەرست یانەش بوون کە لە بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەننا رەنگیان دابوونەوە، بەرادەیەک ناوی مەترنیخ بە ناوی کۆنگرەکەوە لکابوو هەندێک جار هەر بە بڕیارەکانی مەترنیخەوە ناویان دەبرد.

لە ڕاستیشدا بەقەدەر ئەوەی کە توانیی بەسەر بڕیارەکانی نەمسادا خۆی بسەپێنێ، ئەوەندەش بەسەر ئەوروپا خۆی سەپان، دەمێنێتەوە بپرسین ئایا تا چەند مەترنیخ توانیی دەنگی نارەزایی و بزوتنەوە شۆڕشگێرەکان کپ وریشە کێش بکات؟

لە روی سیاسەتی دەرەوەش تارادەیەک سەرکەوتو بوو لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەننا و راگرتنی ئارامی لە ئەوروپا تا نیوەی سەدەی نۆزدەهەم. ئەگەر هەندێک گۆڕانی بچوکیش لە نێوان سنورەکانی بەلژیک ویۆنان رویان دابن بەڵام ئەوانە ئەوەندە گرنگ نەبوون تا کارێکی وا بکەنە سەر رەوشەکە، دواتر ئەمانە بە رەزامەندی وڵاتە مەزنەکان ئەنجام دران.

بۆ پاراستنی بارو دۆخی نێودەوڵەتی لە ئەوروپا لەبەر قەیسەری روسیا دەپارایەوە بۆ یارمەتی دان و هاوکاری کردنی، ئەو قەیسەرەی کە تا سەرئێسقان لە بیری کۆنە پەرستی و دژایەتی کردنی دیموکراسی و بیری ئازادی خوازی نقوم ببوو، هەندێک جار بە بیانوی پەیماننامەی پیرۆزەوە دەستی دەخستە ناو کارو بارەکانی ئەوروپا، هەندێک جاریش بەهۆی بەستنی کۆبوونەوە خولی(دەوری) ەکانی کۆنگرەی هاوپەیمانێتیی چوار قۆڵی یەوە.

بەڵام لە روی ئازادیەکان ودیموکراسی وبیرە نوێکانەوە سەرکەوتنی مەترنیخ و کۆنەپەرستە لایەنگرەکانی لە کپ کردن و لە ناوبردنیان سەرکەوتو نەبوون، چونکە کارێکی ئاسان نەبوو وڵاتێک لە ئازادی و دیموکراسی بێبەش کەیت لە کاتێکا ماوەیەکی زۆر لێی پشکدار بوون، گەڕاندنەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو بۆ دواوە کارێکی ئاسان نیە کە مەترنیخ و گەورەکانی لە ڤیەننا دەیانەویست بیکەن، ئەوەی ڕاستی بێ ئاساننیە چونکە دەکرێ گەلێک هەر لەسەرەتاوە لە تامی ئازادی وسەربەستی ودیموکراسیی بێ بەش کەیت بەڵام ئەگەر ئەم گەلە تامی ئەم ئازادیەی چێشت دواتر لێی گیرایەوە جێی قەبوول کردن نیە بە ئاسانی.

هەر لە کاتی بەستنی هەردو کۆنگرەکەی ڤیەننا فەشەل هێنانی کارەکانی مەترنیخ لەم بووارە پێیەوە دیار بوو چونکە بە درێژایی ئەم ماوەیە هەندێک وڵات وەکو ئینگلتەرا سویسرا و فرانسا لە پیادە کردنی دیموکراسی و ئازادی درێغیان نەدەکرد. لەم وڵاتانە دەستورێکی بەهێز هەبوو کە بنەمای رێکخستنی سیاسی و رێکو پێک کردنی کاری بەڕێوە بردن بوو. نەک هەر ئەمەندە بەڵکو ئازادیە گشتیەکان لە دوای 1815 هەر وەکو خۆیان مانەوە، دەتوانین بڵێین باشترو بەرین تر بوون، بۆ نمونە دەرەبەگەکان بۆ هەتا هەتایی نەمان دیسانئیمتیازە کۆنەکان و نادادپەروەری و نایەکسانی بەرامبەر بەیاسا ئەوانیش نەگەڕانەوە.

تەنها بەردەوام بوونی بیری شۆڕش لە دام ودەزگا ئەوروپیەکان مەترسی دار نەبوو، بەڵکو گەلێک لە بیرمەند و زاناو فەیلەسوفەکانی فەرەنسی وئەڵمانی وئیتالی سەدەی هەژدەهەم و نوسەرە سیاسیەکانی جیرۆندی لە کۆماری ئازاد هەموویان بە زیندویی لە ویژدانی خەڵک دا مانەوە چاوکی هەڕەشەو مەترسی بوون بۆ ئەوروپا.

ئەم کارانە مایەی نارەحەتیی مەترنیخ و قەیسەری هاوپەیمانە کۆنە پەرستەکەی بوو کە دژی سیاسەت و بۆچونەکانیان بوون هەر جارەی بە بیانوی بەستنی کۆنگرە لەبەر یەک دەپارانەوە تا دەرفەتی دەستێوەردانیان لە کاروباری ئەوروپا هەبێ.

1_ کۆنگرەی ئەیکس لاشابیل سەپتەمبەری 1818

مەبەست لەم کۆنگرەیە کشاندنەوەی لەشکری بێگانە بوو لە خاکی فرانسا کە بە پێی پەیماننامەی ڤیەننا لە وێ بوو، بڕیاری بەستنی ئەم کۆنگرەیە لە پەیماننامەی ڤیەننا دا هاتبوو، بەشدار بووان لە لایەن نەمساو پادشاکەی بە یاوەری وەزیری دەرەوەی مەترنیخ ئامادە ببوو، لە روسیا قەیسەر، لە بڕوسیای خاوەن میوان

پادشاکەی فریدریک گەلیۆمی سێیەم،لە ئینگلتەراش بە وەزیری دەرەوەی کاسلریەو شازادە ولنگتون، لە فرانسا شەوە سەرۆکی وەزیران ریشیلیۆ دۆستی خودی قەیسەری روس ئامادە ببوون.

بە پشت بەستن بە پابەند بوونی فرانسا بە بڕیارەکانی ڤیەننا وحەز و ویستی لە پاراستنی ئارامی و ئاسایش لە ئەوروپا لە پێناو راگرتنی پارسەنگی هێزەکان و دوپات کردنەوەی پەیمانەکانی لە پابەند بوونی بە پاراستنی رژێمی کۆنی پادشایەتی، بە پشت بەستن بەم ڕاستیانە هەریەک لە ئینگلتەرا ونەمسا وروسیا وبڕوسیا بڕیاریان دا لەشکرەکانیان تا کۆتایی نۆڤەمبەری 1818 بە تەواوەتی لە خاکی فرانسا بکشێننەوە. لە بەرامبەریشیدا فرانسا پەیمانی ئەوە دەدات کە هەموو ئەو قەرزانەی لەسەریەتی هی قەرەبوو وزیانەکان کە لە کۆنگرەی ڤیەننا بڕیاریان لەسەر دراوە بیان داتەوە.

سەرەڕای دودڵیی ئینگلتەرا، چاکەو بلیمەتی ئەم بڕیارە بۆ قەیسەر دەگەڕێتەوە کە زۆر لەسەر گەڕاندنەوەی فرانسا بۆ ناو مەحافلی دەوڵەتی سور بوو تا ببێتە هاوپەیمانێکی بەهێز لە رۆژئاوای ئەوروپا، ئەمە هۆکارێک، هۆکاری دووەمیشی بۆ ئەو دۆستایەتیە بەتینەی نێوان قەیسەرو سەرۆک وەزیرانی فرانسا ریشیلیۆ دەگەڕێتەوە، دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین کە بەهۆی ترسی ئینگلتەرا لە گەڕانەوەی هەڕەشەو مەترسیەکانی فرانسا لەسەر کۆمەڵگای ئەوروپی نەبادا بگەڕێتەوە سەر دۆخە ئاژاوە گێریەکەی. لە ژێر بەژێرەوەو بە نهێنی پرۆتۆکۆلێکیان وەکو جەخت کردن لەسەر هاوپەیمانێتیی چوارقوڵی و بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەننا مۆر کرد.

لە ڕاستی دا جگە لە پشتگیریەکانی قەیسەر بۆ فرانسا بە گەڕاندنەوەی بۆ نێو ریزی وڵاتە ئەوروپیەکان و کشاندنەوەی پێشوەختی لەشکرەکانی هاوپەیمانان و گەڕاندنەوەی فرانسابۆ ریزی وڵاتە مەزنەکان و بەشداری پێ کردنیان لە کۆنگرەی پێنج قۆڵی، جگە لەمە هۆکاری رتیش هەبوون ئەویش باری ناوەخۆی فرانسا بوو، پادشا لویسی هەژدەهەم لە ملی ڕاستیەوە لە ژێر فشاری ڕاسترەوە توندڕەوەکانی لایەنگرانی پادشادا بوو لە لای چەپیشیەوە فشاری کرێکار ورۆشەنبیرو ئەوانەی پابەندانی بنەماکانی شۆڕشدا بوو، لەم روانگەیەوە لەسەر وڵاتە مەزنەکان بوو هاوکاریی میانڕەوەکان بکەن ئەوانەی لەسەر حوکم دان لە وێنەی ریشیلیۆ بۆ ئەوەی پێگەیان قایم کەن ولەبەر دەم ئەو رەوتە توندڕەوانە دا بووەستنەوە.

لە دانیشتنێکی تری کۆنگرەکەدا قەیسەر مەسەلەی دەستوری وروژاند کە چۆن لێرەو لەوێ هەندێک دەنگی بیری شۆڕشگێرانە دەبیسێ داوای گۆڕینی دەستور دەکەن بە تایبەت لە ئیتالیاو هەندێک جاریش لە ئەڵمانیا وئیسپانیا، دواتر پێشنیارێکی کرد کە کۆنگرە مافی ئەوە بدات دەست لە کارو باری وڵاتان وەربدرێت هەر کاتەی پێویستی کرد، بۆ ئەم پێشنیارەی مەترنیخ لە هەموویان بە پەرۆش تر بوو، چونکە ئەم بڕیارە دەستی والا دەکات بۆ لێدانی سەرهەڵدانی هەر بەرهەڵستکارێکی خانەوادەی پادشا لە ئیتالیاو ئەڵمانیا.

ئینگلیز دژی ئەم پێشنیارە وەستا چونکە بەدیدی ئەو دەبێتە پاساو بۆ دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتە بچوکەکان و لە ئەنجام ئاژاوەو کێشە دەخولقێن وپارسەنگی هێزیش لە ئەوروپا تێک دەچێ ئەمەش ئەوەیە کە لەسەرەتاوە ئینگلیز خۆی لێ بەدور دەخاتەوە.

ئێمە دیمان لە سەرەتای ئیمزا کردنی پەیماننامە چوارقۆڵی یەوە وەزیری دەرەوەی ئینگلیز کاسلریە چۆن ڕوبەڕووی ناڕەزایی ڕۆشەنبیران بووەوە بە لایەنگری کۆنە پەرست و ڕێگری دیموکراسی وئازادیی گەلانیان ناونا، تاکە پاساو کە بووە هۆی ئەوەی بریتانیا هاوپەیمانێتیی چوار قۆڵی قەبوول بکات ترسی گەڕانەوەی شۆڕشی فەرەنسی و گیانی فرەخوازی بوو.

ئینگلیزەکان تەنها بۆ ئەوە کۆنگرەکانیان حەز لێ بوو تا دەنگەکانی فرانسا کپ کەن و دواتر لەسەر ئاستی ئەوروپاش شتێکی ئەوتۆیان گەرەک نەبوو جگە لە پاراستن وپابەند بوون بە سنورەکانی وڵاتانی ئەوروپا کە لە کۆنگرەی ڤیەننا بریاریان لەسەر دراوە.

لە کۆنگرەی ئەیکس لاشبیل بەرونی ناکۆکیەکانی نێوان روسیاو نەمسا لەلایەک وئینگلیز لەلایەک سەبارەت بە ئامانجە ستراتیژیەکانی هاوپەیمانێتیی چوارقۆڵی دەرکەوتن، نیازەکانی روسیا بۆ وڵاتانی بەلقان و دەریای ڕەش بوون ئاواتەخوازیەکانی نەمساش بۆ دەست گرتن بەسەر ئیتالیاو ئەڵمانیا بوون، هۆکاری سەرەکیی ڕەتکردنەوەکەی ئینگلیز، بەهۆی ڕێگەدان بە دەست وەردان لە کاروباری وڵاتان دا بوو.

لە کۆتاییدا ئیرادەی بریتانیا سەرکەوت، ڕێنمایی تازە بۆ هاوپەیمانێتیی چوارقۆڵی دەرچون تیایدا ئەو حاڵەتانە دیاری کران کە وڵاتەکان دەتوانن دەست لە کاروباری وڵاتان وەربدەن. لەو کاتیشەوە هاوپەیمانێتیەکە بوو بە پێنج قۆڵی، ڕێنماکان دەڵێن مەرجی دەست وەردان لە کاروباری وڵاتان دەبێ سەرەتا وڵاتە مەزنەکان بۆ لێکۆلینەوە لە چارەسەریی کێشەکە کۆببنەوەو نوێنەری وڵاتی خاوەن کێشە ئامادە بێت ئەوسا بەتێکڕا بڕیاری چۆنیەتی دەستێوەردانەکە دیاری بکەن، ئەمە واتە دەقاودەق لەگەڵ بۆچونەکانی ئینگلیز هاتەوە، ڕێگەشی لە چاوتێبڕینەکانی روسیاو نەمسا گرت.

کۆنگرەی کارلسباد ساڵی 1819

دوای کۆنگرەی ڤیەننا هزرو بیرە ئازادەکان لە دەرونی ڕۆشەنبیرو نوسەرو خوێندکارانی زانکۆدا بە چالاکی مانەوە، لە بەرهەمەکانی شاعیرو ئەدیبانی ئەڵمانیەکان بیری شۆڕشی فەرەنسی رەنگیان دابووەوە لەوانە گانز(1798-1839) وشتراوس و هاین (1797-1856) ئەمانە تەنها کاریان بۆ بڵاو کردنەوەی بنەماکانی شۆڕش نەدەکرد بە لکو بانگەوازی یەکگرتنەوەی خاکی ئەڵمانیاو مێژوو زمانەکەشی دەکرد.

بزوتنەوەی نیشتمانیی ئەڵمانیا لە چالاکترین بزوتنەوەکانی ناو دانیشگاو نێوەندی خویندکاران بوون ئەم تویژە لە دانیشگا لە ساڵی 1817یەکەم کۆنگرەیان بۆ سەرتاسەری خوێندکارانی ئەڵمانیا بەست.

ئەم گۆڕانانە مێشکی مەترنیخ یان ئالۆز کردبوو تا لە 1819 دەرفەتی بۆ رەخسا سانسۆرو چاودێری بخاتە سەر ئازادیی بیرو بڵاوکردنەوە کان. لە ئاداری هە مان ساڵ خوێندکارەکان نوسەرێکی بڕوسیی کرێگرتەی قەیسەریان کوشت کە بە خۆفرۆشی وکرێگرتەیی بۆ حکومەتی بترسبوورگ ناسرا بوو.
مەترنیخ ئەم دەرفەتەی بە هەل زانی داوای لە ئەنجومەنی یەکیەتیی جرمان (دییت) لە کارسباد کرد کۆ ببێتەوە،لەم کۆبەنەوەیەدا بڕیاری دا سانسۆر و چاودێری بخاتە سەر هەموو ئازادیە گشتیەکان و چاپەمەنی و رۆژنامەو دانیشگاکان، ئەنجومەنی یەکیەتی بە شێوەیەکی ئاوەرتە لیژنەیەکی هەمیشەیی بۆ چاودێری کردن وسەرپەرشتی کردنی چالاکی وکارەکانی زانکۆکانی ئەڵمانیا دامەزراند.
کاتێک هەموو حکومەتە ئەڵمانیەکان چ لە ترسان چ لە بڕوا بوونەوە پابەندی ئەم بڕیارانە بوو ن جەماوەری ئەڵمانیا گەڕاندنەوەی ئەم کەش و هەوایە لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانێتیی پیرۆز بە گەڕانەوەی ستەم و زۆرداری دایە قەلەم.

کۆنگرەی ترۆپاو

رووداوەکانی دوای 1815 ئەوەیان سەلماند کە ئەو گۆڕانانەی لە بیست ساڵی دەسەڵاتی فەرەنسی کە لە وڵاتانی وەک ئیتالیا رویان دان گۆڕانی بنەڕەتی بوون حکومەتەکانی بەر لە مەترنیخ و دوای شۆڕش نەیان توانی چۆک بەو گۆڕانانە بدەن وبیان هێننەوە سەر دۆخی جارانی بەر لە شۆڕشی فەرەنسی. ئیتالیەکان لە پێناو وەدەست هێنانی ئازادی وحوکمی دیموکراتی بەرگری زۆریان کرد بە گژ ستەم وزۆرداری دا چونەوە، بە هۆی ئەوەی کاری سیاسی لە ئیتالیا قەدەغە بوو لە هەموو سوچێکی ئیتالیا رێکخراو پارتی سیاسی بە نهێنی کارو چالاکیەکانی خۆیان بە ئەنجام دەگەیاندن شێوازی کوشتن ولەناو بردن شێوازی خەباتیان بوو. بە ناوبانگ ترین ئەم رێکخراوانە کۆمەڵەی رەژوکەران بوو کە بڕیاردەرەکەی لە میرنشینی ناپۆلی بوو،لە وێوە بانگێشتەکانی ئازادی و رزگاربوون لە چنگ نەمساو بۆ یەکگرتنەوەی دەوڵەتە ئیتالیەکانیان دەکرد.
لە ساڵی 1820 کوشتن و برین لە میرنشینی ناپۆلی گەیشتە ئاستێکی بەرز، پادشای ناپۆلی فردینان ی یەکەم بە دەستێکی ئاسنین حوکم رانی دەکرد دژی هەموو بەها مرۆڤایەتی وئازادیەکان بوو بەو پەری کۆنە پەرستانە حوکمی دەگێرا دژی هەموو بیرێکی شۆڕشگێرانە دەوەستا، بەرهەڵست کارەکانی پادشا لە داواکانیان زۆر میانڕەوانە بوون ئەوان داوای حوکمێکی دیموکراتی ودەستورێکیان دەکرد کە بەرژەوەندیەکانی گەل و پادشا بپارێزرێت و ئەنجومەنەکان لە لایەن گەلەوە هەل بژێردرێن. بە رامبەر بە دل رەقی پادشاوە رۆشەنبیر وکۆنە ئەفسەرەکانی لەشکری دەستیان بە کاری توندو تیژی کرد، ئەم کارە

توندو تیژیانە گەشەیان سەند تا بووە شۆڕشێک سەرتاسەری ناپۆلیی گرتەوە، بەرامبەر بەم توندو تیژیە پادشا دل نەرمیی نواند و بەو دەستورە رازی بوو کە داوایان کردبوو.
ئەم رەفتارەی بۆ مەترنیخ باش نەبوو، لە کاتێکدا بوو کە ئەو ناوچە ئەلمانیانەی ژێر دەسەلاتی نەمسا لە ژێر سانسۆر ومەترسیدابون بەهۆی سەرهەلدانی بزوتنەوەی رزگاریخواز لێرەو لەوێ تا کار گەیشتە ئەو ئاستەی ئاگری شۆڕش بگاتە ناپۆلی و دواتر بۆ ئیتالیا پەریەوە، بە تایبەتیش بۆ بووندقیەو لمباردیا، بەرهەڵست کارو وکارە توندوتیژیەکان بۆ رزگار بون لە چنگ نەمساییەکان یەکیان گرتەوە، ئەوەی لە ناپۆلی پادشاکەی قەبوولی کرد مەترنیخ نەیدەتوانی لە نەمساو ناوچە ژێر دەسەڵاتەکەی قەبوولی بکات چونکە ئەگەر لە شوێنێک قەبوولی بکا ئەوا ورەو داخوازیی شۆڕشگێرەکان بەرز تر دەبووەوە بەمەش ئەوەی لە 1815 ەوە پێکی هێناوە کۆنترۆڵەکەی لەدەست دەردەچێ، دواتر ئەی لە نێوان نەمسا و پادشای ناپۆلی فەردینان پەیماننامەیەکی نهێنی نیە کە لە 12 ی حوزەیرانی 1812 مۆریان کردوە بە پێی ئەم پەیماننامەیە فەردینان هیچ هەنگاوێك لە وڵاتەکەی خۆی نانێت ئەگەر دژی بەرژەوەندی و نەریتەکانی پادشای نەمسا بێت ؟ بەرامبەر بەوەی لە ناپۆلی رو دەدات بە بیانوی پەیماننامەی پیرۆزەوە مەترنیخ ناچار بوو خۆی تێ هەلقورتێنێ، بۆیە خۆی بۆ پێکهێنانی لەشکرێک ئامادە کرد تا هێرش بکاتە سەر ئیتالیا،بەڵام فەرەنسیەکان کە لە گەشەکردنی دەسەڵاتی نەمساییەکان نارەحەت بوون لەم کردارەیان ناڕەزایی خۆیان دەربڕی، ئەم ناڕەزاییەی پشت ئەستورکرد بەو راگەیاندنەی کۆنگرەی ئەیکس لاشبیل کە دەڵێ ئەوکاتە دەتوانرێ وڵاتە مەزنەکان دەست لە وڵاتە بچوکەکان وەربدەن کە خۆیان داوایان لێ بکەن، بەڵام کە ئێستا کەس داوای لە نەمسا نەکردوە مەترنیخ بۆی نیە ئەم لەشکر کێشیە بکاتە سەر ئیتالیا.
ناڕەزاییەکانی فرانسا پیویستیی بە بەستنی کۆنگرەیەک بوو، لە شاری ترۆبۆ لە سیلیزیا لە ئۆکتۆبەری 1820ئەم کۆنگرەیە بەسترا، لە لایەن روسیاوە قەیسەر ئامادەی کۆنگرەکە بوو لەلایەن بروسیاش پادشاکەی و لە لایەن نەمساش ئیمپراتورەکەی ئامادە بوو، بەڵام ئینگلتەرا کە دەبینین لە 1818ەوە خۆی لە کۆنگرەکان دور دەخاتەوە بۆ ئەوەی دەست لە کارو باری وڵاتەکان وەرنەدرێت بۆیە لە بەشدار بوونی ئەم کۆنگرەیەش دوو دڵ بوو لە دوایی بالوێزی خۆی لە نەمسا بۆ ئامادە بوون لەم کۆنگرەیە بەرێ کرد، بالوێزی فرانساش لە نەمساو روسیا بە نوێنەرایەتی وڵاتەکەی بەشداریی لەم کۆنگرەیە کرد، فرانساش بەشداریەکەی بەم ئاستە نزمە بۆ هەمان مەبەستی بوو کە بە بەشداربووان نیشان بدات لە دەست لەکارو باری وڵاتان وەردان رازی نیە دیسان بۆ گرنگی نەدان بە بەرنامەو رەفتارەکانی قەیسەر کە هەرواش بوو قەیسەر لەم گرنگی نەدانەی فرانسا بە بەشدار بوونیان بەم ئاستە زۆر نارەحەت بوو کە لە بەرامبەر ئەو چاکانەی قەیسەر بۆ فرانسای کردن چۆن ئاوا وەڵامی دەدەنەوە، قەیسەر ئەم هەڵوێستەی فرانسای بە خیانەت زانی.

کۆنگرەکە پڕ بوو لە پیلان وتەڵەکە بازی لە نێوان روسیا و نەمسا، قەیسەر دەیویست بنەماکانی دەستێوەردان فراوانتر بکات بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکانی ئیسپانیا وئەمەریکای لاتین بکات، مەترنیخ وهەموو بەشدار بووانی کۆنگرەکەش داوایان دەکرد کە کۆنگرەکە تەنها بۆ چارەسەریی کێشەی ئیتاليا وبەتایبەتیش مەسەلەی شۆڕش و ناپۆلی تەرخان بکرێت، لە کۆتایی داخوازیەکانی نەمسا سەرکەوتن بڕیار درا کە نەمسا سەرفراز بکرێت بۆ چارەسەریی کێشەی ئیتاليا بۆ ئەوەی جارێکی تر هیچ گەڵێک زاتی ئەوە نەکات دەست درێژی بکاتە سەر مافەکانی خانەوادەی پادشاکان.

بڕیار دارا بانگەشەی پادشای ناپۆلی بکرێت بۆ مەبەستی رزگار کردنی لە دەست هاوڵاتیانی، کە کۆنگرە ریگەی پێداون ئەم کێشەیە یا لە رێگەی ناوبژی لەگەڵ هاوڵاتیان چارەسەر بکات یا لە رێگەی بەکار هێنای هێزەوە.

لە برۆتۆکۆلی کۆنگرە کە لە 19ی نۆڤەمبەری 1820دەرکرا ناوی هاوپەیمانێتیی پیرۆز بە زەقی ئاماژەی پێدرابوو کە چ رۆلێکی باش لە ئەوروپا دەگێریێ، ئەمەش نیشانەیەکی دیارە کە ئینگلیزەکان دەیانەویست لە سیاسەتی وڵاتە مەزنەکان دورکەونەوەبەتایبەت ئەو لایەنەی کە رێگە بە دەستێوەردانی وڵاتە بچوکەکان دەدات، لە پرۆتۆکۆلەکەشدا هاتبوو سەرکۆنەی شۆڕشەکانی ئیسپانیا وئەمەریکای لاتین وئیتاليا دەکەین چونکە زیان بە رژێمە گشتیەکان دەگەیەنێ و بە هەمان بۆنەوە داواش لە هەموو وڵاتان دەکەین ئەم مەسەلەیە بە مەترسی بزان.

ئامادە بووان لەسەر ئەوە رێککەوتن کە لە مانگی جەنیوەریی 1821واتە دوای سێ مانگی تر پێشوازی لە پادشای ناپۆلی فەردینان ی یەکەم بکەن لە شاری لیباخ لە نەمسا.

کۆنگرەی لیباخ جەنیوەریی 1821

کاتێک کۆنگرە داوەتنامەی بۆ فەردینانی یەکەم پادشای ناپۆلی نارد بۆ ئەوەی لە کۆنگرە ئامادە بێ بتا ناوبژیوانی لە نێوان ئەم و گەلەکەی بکات، گەلەکەی بۆ ئەم بانگەشەیە ی پادشا لاریان نەبوو ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئامادەن ئاشتەوایی لەگەڵ گەورەی خۆیان بکەن، دەشێ رازی بوونەکەیان لە ترسی ئەوەبێ تا نەمسا بە هێزەوە دەست لە کارەکەیان وەرنەدات ؟

هەر کە پادشا لە وڵات وەدەر کەوت لە 16ی جەنیوەری رایگەیاند کە لە هەموو بڕیار و پەیمانەکانی بەگەلی داوە، پاشگەزە، بە گوتەی خۆی هەمووی لە ژێر فشار ئیمزا کردون.

لە کردنەوەی کۆنگرە هەموو ئەندامەکانی بەشداربوو لە کۆنگرەی ترۆپاو لە لیباخ ئامادە ببوون وەکو ئەوەی کۆنگرەی لیباخ تەواوکەری دانیشتنەکانی ترۆپاو بێت تایبەت بە چارەسەریی کێشەکانی ئیتاليا، کارەکانی کۆنگرە ئەوەندەیان نە کێشا وا بەدی دەکرا هەردوو پیاوە بەهێزەکە، مەترنیخ وقەیسەر لەسەر

هەموو شتەکان رێککەوتبن بۆیە لە 12ی جەنیوەری بڕدرا دا دەستوری ناپۆلی ی نوێ هەلوەشێندرێتەوە لە 3ی شوباتیش بڕیاردرا، لەسەر ئەرکی دانیشتوانی ناپۆلی و لە پێناو کپ کردنی دەنگی ناڕەزایی بریار درا لەشکری نەمسا هێرشێک بکاتە ناپۆلی وداگیری بکا، هەمو هەولەکانی فەرەنسا لە کۆنگرە بێ سود بون لە پێناو رێگە گرتنی سوپای نەمسا بۆ ئەنجام نەدانی ئەم هێرشە هەروەها پێشنیارەکانیشی سودیان نەبو کە پاپا بە ئەرکی ناوبژیوان لە نێوان پادشا فەردیناند و میلەتەکەی بکا، چونکە نەمسا زۆر بە کتو پڕی لە بەرە بەیانی چواری شوبات ئەو هێرشەی ئەنجام دا، هێرشەکەی نەمسا بەهۆی نابەرامبەری زوو بەسەر هێزەکان دا زاڵ بوو بەمەش دەسەڵاتی مەترنیخ لە ئیتالیا و پێگەی لە دەرەوەو ناوەوەش قایم تر بوو.

مەترنیخ بەمە نەوەستا لە 12ی شوبات کاری کردە سەر کۆنگرە تا بڕیارێک دەر بکات هەموو دەزگا دەستوریەکانی ئازاد لە ئیتالیا هەلوەشێنێتەوە.

لە 21ی ئاداری 1821لە بیامۆن شۆڕش بەرپا ببوو بەڵام مەترنیخ بە هاوکاری ورەزامەندیی پادشاکەی شارل فیلیکس بە چەند رۆژێک لە ناوی برد.

کاتێک کە کۆنگرە ناڕەزایی دەربڕی ئەوکات هەموو کارەکان تەواو ببوون ئیتالیا بە تەواوەتی لە ژێر دەسەڵاتی نەمسا دابوو پادشاکانی ئیتالیا خۆیان بە قەرزاری مەترنیخ دەزانی گوێڕایەلی داخوازیەکانی بوون ئامادەیی خۆشیان دەربڕی لە دامرکاندنی هەموو دەنگێکی ئازادی خواز وديموکراتی خواز.

ئەوەی لەم کۆنگرەیە بەدی کرا دورکەوتنەوەیان لە سیاسەتەکانی ئینگلیز وچونە بن باڵی نەمسا وروسیا بوو، هەرچەندە لە کۆنگرەکانی ترۆپاو و لیباخ ئینگلیزەکان لە سەر ئاستی بالوێز بەشداریان لە کۆنگرەکە کرد، بەڵام هەردەم رۆلی گوێگرو چاودێریان دەبینی بۆیە دەمانبینی کە بریارەکان بە باڵای هاوپەیمانێتیی پیرۆز یان هەلدەدا بێ ئەوەی ئاماژە بە هاوپەیمانێتیی چوارقوڵی بدەن، هەرچەندە بریتانیا لەسەر زمانی وەزیری دەرەوەی لە ئەنجومەنی نیشتمانیان لە 21ی شوباتی 1821رایگەیاند کە ئێمە دژی هەڵمەتی نەمسا بۆ سەر ناپۆلی نین، ئەمەش چونکە وڵاتە ەمزنەکان زستیانە بەردەم ئەمری واقیع. پاساویشی بەوە هێنایەوە کە گوایە شۆڕشەکەی ناپۆلی ئەفسەرە کۆنەکان بەشداریان تێدا کردوە ئەمەش وەکو کودەتایەکی سەربازی دژی دەسەڵاتی شەرعی دێت کە لە گەل یاسا کانی دیموکراتیی بریتانیا ناگونجێن.

بە هەر حاڵ بەهۆی ئەوەی ئینگلیزەکان لە سەر هیچ لە بڕیارەکانی هەردوو کۆنگرەکە ئیمزایان نەکردبوو ناکرێ بەرپرسیارێتیی ئەم هەڵمەتە بخەینەسەر ئەوان و دیسان پاساوی هەڵمەتەکەش ئەوە نیە، هەروەها ناشتوانین ئەوروپا لەم هەڵمەتە بێ گوناە کەین گوایە بۆ بەرژەوەندیی ئەوروپا ئەم کارە کراوە

کۆنگرەی ڤیرۆنا لە ساڵی 1822

پادشای ئیسپانیا دوای روخانی ناپۆلیۆن لە 1815ئەو دەستورەی لە ساڵی 1812دەرکردبوو هەڵی وەشاندەوە کە ئازادیەکی زۆری بە هاوڵاتیان دابوو وێرای مافی بەشداری پێکردنی جەماوەر لە کاروباری

ژیان و چارەی خۆنوسینیان، لەو رۆژەوە دوای 1815ئیسپانیا خۆی بە پادشایەکی ستەم کارو زۆردار بینی ئەو دەسەڵاتەی حوکمی فەرەنسی لە کەلیساو خاوەن مولکەکان سەند بوەوە هەمووی بۆ گەڕاندنەوە، بەهۆی شۆڕشەکان لە ئەمەریکای لاتین موستەعمەرەکانی ئیسپانیا سەرقالیی زۆریان بۆ دروست کرد بوو، لە ناوەوەش بەرهەڵستکارانی سیاسەتی پادشاو ئازادی خوازەکان ئاستەنگ و نا ئارامیان دە نایەوە. بەهۆی نارەزایی دەربڕینی سەربازە بەشداربووە کانی شەڕەکانی ئەمەریکای لاتین، لە ساڵی 1820 شۆڕش لە شاری قادش هەڵگیرسا و لە هەموو وڵات تەشەنەی کرد، پادشای ناچار کرد شێوازی حوکمڕانیی بگۆڕێ و قەبوولی ئەوە بکات دەستوری 1812ی دیموکراتی بگێڕێتەوە.

پادشا لە هەڵوێستەکەی دلسۆز نەبوو، ئەم لە ژێرەوە پەیوەندیی بە وڵاتە مەزنەکانەوە کرد، قەیسەری روسیا کە سۆزی بۆ پادشایەتیی ئیسپانیا هەبوو پەیوەندیی پێوە کرد نەک تەنها بۆ یارمەتی دانی تا بەسەر نەیارانی لە ناوەوە زاڵ بێ، بەڵکو تا پێگەی لە موستەعمەرەکانی لە ئەمەریکای خواروش مکوم و قایم کات، هەروەها داوای یارمەتیی لە لویسی هەژدەهەم کرد وەکو دۆست ودرواسێ وەکو پادشای مەزنترین خانەوادە لە ئەوروپا کە خانەوادەی بۆربۆنە، ئەم بانگەوازەی پادشای ئیسپانیا لە پاریس و لە نێوەندی پادشا وڕاسترەوەکان دەنگی دایەوە، فەرەنسیەکان زۆر بە پەرۆش بوون تا دەرفەتێکی وایان بۆ برەخسێ فرانسا هیز وتوانا سەربازیەکەی خۆیان نیشان بدات دوای ئەو هەموو شکستانەی لە سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی فەرەنسی خواردبوو. دواتر شەڕێک کە فرانسا بەشداریی تیادا بکات بۆ بەرگری کردن لە دەسەڵاتی پادشا نیشانەی نیاز پاکی وبەرگری کردنە لە رژێمی پادشایەتیی کۆن لە ئەوروپا ئەمەو گێرانەوەی رۆلی فرانسایە بۆ مەیدانی سیاسەتی ئەوروپا وەکو وڵاتێکی مەزنی ئەورووپی. بەڵام تەگەرەیەکی مەزن کەوتە پیش فرانسا کە نەتوانێ ئەم رۆڵە بگێڕێ، ئەویش ئینگلیز بوو زۆر بە توندی رێگەی لەم دەستێوەردانەی فرانسا گرت بە بیانوی ئەوەی سنوری کەنارە گرنگەکانی لەسەر دەریای سپیی ناوەڕاستە مومتەلەکاتێکی زۆریشی لەو دیو دەریاوە هەیە لە سەروی ئەمانەش لەگەڵ پۆرتوگال هاو سنورن کە ئەویش لە کۆنترین و بە بایەخ ترین دۆستی ئینگلیزە.

لە سەرەتای 1822بۆ نیشان دانی نیازو پشتگیریی بۆ پادشای ئیسپانیا فرانسا دەستی بە لەشکرکێشی کرد بۆ سەر سنورەکانی ئیسپانیا لە چیای ئەلبینیە،، لە روێکی تریشەوە بە پارە وتفاق یارمەتیی یاوەرانی پادشای دەدا. لە حوزەیارنی 1822لە هەرێمی کاتەلۆنیا ونافارای باکور لەسەردەستی هەندێک لە فەرماندەکانی لایەنگرانی پادشا شۆڕش هەلگیرسا، لە 2 ی تەموز پاسەوانانی پادشا لە مەدرید بزوتنەوەیەکی یاخی بوونیان دژی ئەنجومەنی کۆرتس (ئەنجومەنی نیشتمانی) بەرپا کرد هەوڵیان دا کە بی خەنە ژێر دەسەڵاتی پادشا، بە هۆیەوە شەڕی ناوەخۆ لە مەدرید هەلگیرسا بەڵام بەهۆی زاڵبوونی پارتە ئازادیخوازەکان بەسەریاندا زو دامرکایەوە، بەم شێوەیە ئەمجارهیان لە هەموو کاتێک زیاتر پادشا بووە بارمتە و دیلی ئەوان. ئەم گۆڕانەو فشارەکانی روسیاو فرانسا بۆ والاکردنی دەستی فرانسا تا بە هانای

رزگار کردنی پادشا هەنگاو بنێ و مردنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز کاسلریە دانانی کاننگ لە شوێن ئەو، ئەمانە هەمووی بوونە هۆکار بەڵکو زەرور بۆ بەستنی کۆنگرەیەک بۆ چارەسەریی گیروگرفتەکانی ئیسپانیا، ئەوەبوو بڕیار لەسەر بەستنی کۆنگرەی ڤیرۆنا لە ئیتالیا درا لە هەمان ساڵ.

سەرەڕای ناڕەزایی و توڕەبوونی ئینگلیزەکان لەم کۆنگرەیە بۆ رێگە گرتن لە فرانسا بە دەستێوەردانی بەڵام یەکێک لە نوێنەرانی فرانسا کە نوسەرو ئەدیب شاتۆبریان بوو بە یارمەتی قەیسەر توانیی لە 30 ی جەنیوەریی 1823 رەزامەندیی وڵاتە مەزنەکان وەدەست بێنێ کە لویسی هەژدەهەم بۆی هەبێ بە رێگەی دبلۆماسی و سیاسی و سەربازی دەست لە ئیسپانیا وەر بدات بۆ هاوکاری کردنی پادشای ئیسپانیا ئەمە.

لە 18 ی ئابی 1823 لە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی لویسی هەژدەم رایگەیاند کە 100 هەزار سەربازی فەرەنسی ئامادەیە بۆ رزگار کردنی پادشای ئیسپانیا، نەوەی هنری ی چوارەم بچنە ئیسپانیا بۆ گەڕاندنەوەی سەروەریی و ئاشتی و ئارامی بۆ وڵاتی دراوسێ. لە 4 ی ئایار سوپای فەرەنسی چوە ناو مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا، لە 31 ی ئابیش بەسەر دوا بنکەی حکومەتی ئازادی لە ترۆ کادیرۆ دا زاڵ بوو، لە 31 ی هەمان مانگ فەردیناند ی حەوتەم پادشای ئیسپانیا لەدەست ئازادی خوازەکان رزگار کراو هێنایانەوە مەدرید، بەگەڕانەوەی مەزنترین ئاهەنگیان لە ژێر پاسەوانێتیی فەرەنسیەکان سازدا.

فەرەنسیەکان ئەم سەرکەوتنەیان وەکو شەرم لادان وگەڕاندنەوەی رۆلی فرانسا لە مەیدانی سەربازی و سیاسی بینی بەمەش سەنگی دبلۆماسیی فرانسا یان گێرا یەوە دۆخی جاران.

موستەعمەرەکانی ئیسپانی

لەماوەی داگیر کردنی ئیسپانیا لەلایەن فرانساوە موستەعمەرەکانی لە ئەمەریکای خوارو رازی نەبوون سەر بە حوکمەتی مەدریدەوە بن تەنها دلسۆزیان بۆ پادشا فەردیناند ی حەوتەم هەبوو. بۆ بەڕێوە بردنی موستەعمەرەکان خۆیان حکومەتی خۆجێی وسەربەخۆ یان دامەزراند بوو کە تەنها بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری وڵات بە ناوی پادشای ئیسپانیا وە بوو. هەر چەندە ئەو حکومەتە نیشتمانیانەی لە ئەرجەنتین و شیلی و پیرۆ و کۆلۆمبیا و فەنزویلا دروست ببوون بەردەوام پابەندی خۆیان بۆ نیشتمانی دایک بە سەرۆکایەتی پادشای ئیسپانیا رادەگەیان بەڵام دروست بوونی ئەم حکومەتانە وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بوو لە مێژووی ئەم موستەعمەرانە. دروست بوونی ئەم حکومەتانە خۆی لە خۆیدا بۆ خەڵکەکە نوێ و گۆڕان بوون خەڵک خۆی کارەکانی وڵاتیان بەڕێوە دەبرد کاریان بۆ بڵاو کردنەوەو دامەزراندنی خوێندنگا دەکرد کاری دەزگاو دامەزراوە حکومی وخزمەتگوزاریەکان بەدەست خەڵکەوە بوون ئەمەش شتێکی نوێ بوو، لە سەردەمی بەڕێوە بردنی ئیسپانی ئەمە نەبوو، دواتر ئازادی خوازان بیری رزگاری وئازادیان لە ناو خەڵک بڵاو دەکردەوە بانگەشەی رزگار بوون لە چنگ ئەمەریکای لاتین دەکرد لە شێوەی دراوسێ کانیان لە باکور. ماوەیەکی کەمی برد کە خەڵکەکە وشیار بووەوە لە بەڕێوەبردن ئیدارەوحوکم ڕان شارەزاییان

پەیدا کرد هەستیان بەوە کرد کە ئیتر پێویست ناکات سەربە پادشای ئیسپانیاوە بن بەڕێوە بردنی وڵات لەدەست خۆیان زۆر باشتر بوو لەو کاتەی لە چنگ ئیمپریالیزم دا بوون بۆیە هەستیان بە زەرورەتی رزگار بوون دەکرد.

سیمۆن بۆلیڤار

یەکەم کەس کە لەناو موستەعمەرەکان هەڵسایەوە ئاڵای سەربەخۆیی هەڵگرت سیمۆن بۆلیڤار بوو، بۆلیڤار لە دایک بووی کەرەکاسی فەنزویلا بوو لە رۆلەی چینە مەزنەکان بوو لەوانەی لە زوەوە لە چنگی ئیسپانیا رزگاریان ببوو، جۆشدراوی بیری ئازادیی سەدەی هەژدەهەمی دژی ئیمپریالیزمی ئیسپانی بوو، پەیوەندیی بە زۆر لە ئازادی خوازەکانی ئەوروپاوە هەبوو بەتایبەت لە ئینگلتەرا، بۆلیڤار موستەعمەرەکانی باکوری ئەمەریکای خوارو واتە فەنزویلا و دوا[illegible]ش و بڵاو کردنەوەی بیری ئازادی وسەربەخۆیی.

لە خواروی ئەمەریکاش لە ئەرجەنتین [illegible] مارتین.

سان مارتین

ئەم شۆڕشگێرە لە بۆلیڤار کەمتر نیشتمان پەروەرو دلسۆزی مەسەلەکەی نەبوو هەرزو جوتیارو هەژاران بە پیر بانگەوازی رزگاری و سەربەخۆییەکەیەوە هاتن جوتیاران بەگژ خاوەن مولکە ئیسپانیەکاندا چونەوەو فەرماندەی ئۆردوگا سەربازیەکان زۆر بە گرانی کارەکانیان بۆ مەیسەردەکراو ئارامیان پێ سەقامگیر نەدەکرا. لە سەرەتای 1810 وە بزوتنەوە ئازادی خوازەکان سەرتاپای ئەمەریکای خواروی گرتەوە، هەموو گەلان بە گژ سەربازگەکاندا چونەوە شەڕی رزگاریی نیشتمانی موستەعمەراکانی بەگشتی گرتەوە، فەنزویلا بە فەرماندایەتی بۆلیڤار یەکەم وڵات بوو سەربەخۆیی خۆی راگەیان،د دەستورێکی دیموکراتی و رژێمێکی کۆماریی بۆ وڵاتەکەی دانا، ئینگلیزەکان قەرسیان بە هاوکاری کردنی ئەمەریکای خوارو نەکرد، لەبەر چەند هۆیەک یەکەمیان بۆ تۆلە سەندنەوە لە فرانسا کە دەستی لە ئیسپانیا وەردا ئیسپانیا بۆتە ژێردەستی فرانسا دواتر لە تۆلەی ئەو هاوکاریانەی ئیسپانیا بە ئەمەریکای دان لە کاتی شەڕی رزگاریی ئەمەریکا. کاتیک رژێمی ناپۆلیۆن روخاو فەردیناندی حەوتەم دەسەڵاتی لە مەدرید گرتەوە دەست، بە توندی ڕوبەڕووی روداوەکانی ئەمەریکای خوارو بووەوە، توانیی فەنزویلا بگێڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و بۆلیڤاریش راو نێ. بەڵام نەیدەتوانی دەسەڵات لە هەموو موستەعمەرەکان بگێرێتەوە بێ یارمەتیی لایەنێک، پەنای بۆ زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا برد جارێک بە پشت بەستن بە بنەماکانی پەیماننامەی پیرۆز جارێکی تر بە پشت بووستن بە پەیماننامەی چوار قۆڵی. قەیسەر لە جارێک زیاتر ئامادەیی خۆی بۆ یارمەتیدانی ئیسپانیا دەربڕی بەڵام ئینگلیزەکان زۆر بە توندی رێگەیان لێ گرت پێشیان راگەیاند کە رازی نین دەست لە کارو باری ئەمەریکای خوارو وەربدرێت ئەگەر سەرپێچیش بکرێت ئەوا کەشتیگەلی بەریتانی لە دەریاکان ئامادەی بەرپەرچ دانەوەی هەر دەست درێژیەکە. ئینگلیزەکان لە سەرەتای بەرپا بوونی شۆڕشی رزگاری لە موستەعمەرەکان گرنگیی ئەو ناوچەیان لە روی ئابووریەوە دەزانی چیە. بۆیە لە سەرێکەوە هانی شۆڕشگێڕەکانیان دەدا لە سەرێکی تریشەوە پەیوەندیان لەگەڵ هاوڵاتیانی وڵاتەکان خۆش دەکرد، لەم هەڵوێستەی ئینگلیزلە یەک نەچونێک هەبوو لەسەرێکەوە هاوکاریی شۆڕشگێڕەکانی ئەمەریکای خواروی دەکرد لە سەرێکی تریشەوە دەمان بینی چۆن بیری ئازادی وبزوتنەوە رزگاریخوازەکانی لە ئەوروپا سەرکوت دەکردن، بەڵام ئەوەی ئینگلیزی خستبووە ئەم هەڵوێستە

مەسەلەی ئابووری بوو. بەرهەمە زۆرەکانی موستەعمەراکان پاساوی ئەم دەستیوەردان و هەڵوێستانەی ئینگلیز بوون.

یارمەتەیکانی ئینگلیز بە تەواوەتی لە 1815 زیادیان کرد، ئیتر حکومەتەکانی بریتانیا بەبەردەوام کۆمەکی چەک وکالاو کەلوپەلیان بۆ ئەوێ دەناردن هەر کەسێکی بە خۆبەخش نیازی سەفەری بۆ ئەمەریکای خوارو هەبووایە بێ پابەند بوون بە بنەماو ریناماکانی لەسەر رێککەوتو رێگەی پێدەدان بچن لە ئەمەریکای خوارو کار بکەن، ئەم هەڵوێستەی ئینگلیز دوای ئەو گۆڕانانە هاتن کەلە ئەوروپاو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا رویان دابوون سەبارەت بە باجی گومرگ ی هێنای کەلوپەلەکان. سەرەڕای گرانی نرخی گومرگ لەسەر کەلو پەلەکانی هاوردە، لەم روانگەوە لەسەر ئینگلیز بوو کە بەدوای بازاڕی مادەی سەرەتایی وبازاڕی فرۆشتنی کالاکانی خۆیدا بگەرێ ئەمەش هەمووی لە ئەمەریکای خوارو دەست دەکەوت، ئەوەبوو وەزیری دەرەوەی بریتانیا کاننگ هەڵوێستی حکومەتەکەی بەم شێوەیە دەربڕی (لە بارو دۆخی ئەمرۆی دونایدا مەسەلەی ئەمەریکا بۆ ئێمە لە ئەوروپا لە هەموو مەسەلەیەک گرنگ ترە).

بە رزگار بوونی موستەعمەرەکانی ئەمەریکا یەک لە دوای یەک : فەنزویلا، ئەرجەنتین، کۆلۆمبیا، پیرۆ، پادشای ئیسپانیاو ئەوانەی بەرژەوەندیان لەدەست دابوو کەوتنە پارانەوە بۆ گەڕاندنەوەی بەرژەوەندیاکانیان، دوای دەستێوەردانی فرانساو گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی فەردیناند ی حەوتەم، دوبارە پادشای ئیسپانیا کەوتە بانگەشە بۆ یارمەتی دانی بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتە لە دەست چوەکەی لە ئەمەریکای خوارو بۆ ئەم بانگەوازەی قەیسەر بە پەرۆش بوو بۆیە لە 1823 بۆ ئەم پرسە داوای بەستنی کۆنگرەیەکی کرد، بەڵام ئەم بانگەشەیە بەهۆی رازی نەبوونی ئینگلیزوپشتگیری نەکردنی گەرمی نەمسا ومەترنیخ سەری نەگرت، بۆ ئەوەی ئەم دەرگایە دابخات و چیتر کەس بیر لە دەستێوەردانی کاروباری ئەمەریکا نە کاتەوە، ئینگلیز لەسەر زمانی وەزیری دەرەوەی لە پەرلەمانی بەریتانی لە 1823 حەزی بریتانیای دەربڕی بە داننان بە سەربەخۆیی وڵاتەکانی ئەمەریکای خوارو، زیاتر ئەوەی بریتانیای هاندا کە دان بە سەربەخۆییان دابنێ، ئەوەبوو کە ئەم وڵاتانە وەکو واقیع سەربەخۆییان وەرگرتبوو.

بۆ زیاتر پاراستنیان، ئینگلیز داوای لە ئەمەریکای باکور کرد کە هەردوکیان دان بە سەربەخۆیی ئەم وڵاتە تازانە بنێن بۆ ئەوەی بە یاسایی بپارێزرێن، بەڵام ئەوان لە دەستێوەردانی بریتانیا نارەحەت بوون بۆ ئەم مەسەلەیە بڕیاریان دا ئەم لێدوانە رابگەیەن کە بە لێدوانی مۆنرۆ لە 1823 ناسرا :

1_ کشوەرە کانی ئەمەریکا کە خاوەنی سەربەخۆیی و ئازادیی خۆیانن سەربە هیچ ئیمپریالیزم یا وڵاتێکی ئەوروپی نین.

2_ رژێمی سیاسیی وڵاتانی هاوپەیمان جیایە لەگەڵ رژێمی ئەمەریکا بۆیە جێی قەبوول نیە هیچ وڵاتێک رژێمی خۆی بەسەر وڵاتەکانی تر بسەپێنێ.

3_ به هیچ شێوەیەک بەشداریمان لەو شەڕانە نەکرد کە لە نێوان وڵاتە ئەوروپیەکان رویان دا، دیارە ئەمە لەگەڵ سیاسەتەکانمان ناگونجێ.

پشتگیریی ئینگلیز بۆ بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی ئەمەریکا و دژایەتیی لە بەستنی کۆنگرە، نەهیشتنی سیاسەتی کۆنگرەکان دەگەیەنێ کە لە هاوپەیمانێتیی چوارقۆڵی بڕیاری لەسەر درابوو، هیچ کۆنگرەیەک دوای کۆنگرەی میرابۆ نەبەسترا، دواتر ئەو سیاسەتەی ئینگلیز جیابوو لەگەڵ سیاسەتی پادشای وڵاتە مەزنەکلانی ئەوروپا، ئەمە نەگەڕانەوەی هەتا هەتایی و تەبایی چوار وڵاتە مەزنەکانی ئەوروپا ویەکیەتیی پادشاو ئەمیرو هێزو توانای مەترنیخ.

به پێچەوانەوە مەترنیخ خۆی وەکو بەرپرسی یەکەمی لەناو بردنی بزوتنەوە ئازادی خوازەکان لە ئەوروپا دەزانی، ئەوە بووە هۆی ئەوەی ئازادی خوازەکان لە هەموو ئەوروپا بە دوژمنی سەرسەختی ئازادی وسونبوولی کۆنەپەرستی وستەمیی بزانن.

شۆڕشی فرانساو شۆڕشەکانی ئەوروپی (1830)

وەکو کاردانەوەی دەستێوەردان لە کارو باری وڵاتە بچوکەکان و سیاسەتی کۆنەپەرستانەی پیادە کراو بە تایبەتی لەلایەن قەیسەری روسیا و مەترنیخ ی وەزیری دەرەوەی نەمسا، لە سەرتاپای ئەوروپا لە 1830 زنجیرەیەک شۆڕش و شەڕی ناوەخۆ هەلگیرسان. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی شۆڕشیان لێ هەلگیرسا بوو داخوازی ئازادیە گشتیەکان و دامەزراندنی حوکمێکی دەستوری و چارەی خۆنوسین یان کردبوە ئامانج.

ناپۆلیۆن لە سەردەمی ئیمپراتوریەت هەر وڵاتێکی داگیر کردبێ بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسی وهزری ئازادیی لێ بڵاو کردۆتەوە کە لە دوای ئەو لە ناوبردنی ئەم هزر وبیرانە کارێکی ئاسان نەبوو، ئەوانەی بەدوای بڵاو کردنەوەی ئەم بیرو رایانە وە خەمخۆر بوون چینی بۆرجوازی بوو، دواتر پرسی نەتەوایەتی کاریگەر ترین پرس و فاکتەری شۆڕش بوون بە تایبەتی ساڵی 1830 و لەو وڵاتانەی ژێر دەسەڵاتی بێگانە بوون کە هیچ بەهایەکیان بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی وحەزەکانی هاوڵاتی یان دا نەدەنا، بۆ نمونە وڵاتی بەلژیکا و پۆلۆنیا کە لە کۆنگرەی ڤیەننا بڕیاریان لەسەر درا، ئەوە بوو هەندێک لەو شۆڕشانە شێوازێکی خوێناویان بە خۆوە بینی وەکو ئەوەی لە فرانسا و بەلژیک و پۆلۆنیا رویان دا.

لە خوارەوە گرنگترین روداوەکانی ساڵی 1830 دەخەینە رو.

شۆڕش له فرانسا

کۆنگرەی ڤیەننا بە هاوکاریی و لایەنگیریی دوژمانی فرانسا لە دەرەوە و پشتگیریی هاوپەیمانێتیی چوارقۆڵی و هاوپەیمانێتیی پیرۆز توانیی لویسی هەژدەهەم لە خانەوادەی بۆربۆن بگەڕێنێتەوە سەر تەختی پادشایەتی، هەر چەندە لە گەڕانەوەی جاری یەکەمی پادشای فرانسا لویسی هەژدەهەم رایگەیاند کە نە هیچ لە رابردو فێر بووە نەهیچی رابردوش لە بیر دەکات، بەڵام لە گەڕانەوەی دووەم جاری کە ناپۆلیۆن لە شەڕەکانی واتەرلۆ شکستی هێناو بۆ دوایین جار دور خرایەوە نەرمیی لە بڕیار ورەفتارەکانی دە نواند،کەمتر پابەندی بنەماکانی پادشایەتیی کۆن بوو، لەوانەیە لە 100 رۆژە دورخراویەکەی ئەم پەندە فێر بووبێ کە ئیتر فرانسا دوای شۆڕشی فەرەنسی گۆڕان لە کۆمەڵگاکەی دروست بووە گەڕاندنەوەی مێژوو کارێکی ئاسان نیە بۆیە دەبێ بەهەمان شێوازی بەر لە 1789ە وەرفتار نەکرێت.هەرچۆنێکی بێ پادشا گەڕایەوە کۆچبەرەکانی دەرەوە کە بەردەوام لە پیلانگێڕان دابوون ئەوانیش گەڕانەوە فرانساو دەستیان بەسەر مولک وسامانە زەوتکراوەکانی خۆیانەوە گرت، ئاڵا سێ رەنگیەکەی شۆڕش یان لابرد لە شوێن ئەو ئاڵای خانەوادەی بۆربۆن یان هەلکرد کە بریتی بوو لە رەنگی سپی وزەنبەقی زەرد، هەر چۆنێکی بێت بە خۆشی یا نا خۆشی گەلی فەرەنسی رازی بوون، پادشا لەگەل میلەت نەرم ونیان بوو بڕیارەکانی سەردەمی ناپۆلیۆنی هەل نەوەشاندەوە ئەوانەی مەدایەکی باشیان بە ئازادی و دیموکراتی بەخشی بوو ئەو خاکانەی ناپۆلیۆن بە جوتیارە فەرەنسیەکانی بەخشی بوون کە هی دەرەبەگە فەرەنسیەکان بوون لێیانی نەسەندنەوە. سیستەمی دادوەریی سەردەمی ناپۆلیۆنی پیادە دەکرد، سەرەڕای ئەمانە رازی بوو کە دەستورێک بە فەرەنسیەکان ببەخشی دیموکراسی و ئازادیە گشتیەکان بۆ فەرەنسیەکان دەستەبەر بکات لەودەستورەی کە لەسەردەمی ناپۆلیۆن پیادە دەکرا، لە بەرامبەری ئەوە هەموو دسەلاتە کانی جێبەجێکردن بە پادشا بەخشران دەسەڵاتی یاسا دانانیش بە دوو ئەنجومەن بەخشرا:

ئەنجومەنی پیران،کە پادشا ئەندامەکانی دادەمەزراند، ئەنجومەنی نوێنەران،لەلایەن گەلەوە ناڕاستەو خۆ دێتە هەڵبژاردن، بە سنوردار کردنی مافی دەنگدان تەنها بۆ ئەو کەسەی ساڵانە 300 فڕەنک بدات ئەوا مافی دەنگدانی هەیە، بەم بڕیارە ژمارەی دەنگدەران بۆ 80هەزار کەم کرایەوە، ئەم دەستورە لە مێژووی فەرەنسی بە دەستوری یا بە میساقی ساڵی 1814دەناسرێت کە لە 4ی حوزەیرانی 1814دەر چوو.

بە ڕونی دیار دەکەوێ کە لویسی هەژدەهەم هەوڵی ئەوەی دەدا لەم نێوەندە هەڵوێستێکی میانڕەوانە لە نێوان سیستەمی پادشایەتیی خانەوادەی بۆر بۆن و دیموکراتخوازەکان واتە لە نێوان رژێمی کۆن ونوێدا هاو سەنگیەکەراگرێ، یا بەڕونتر بڵێین هەوڵی ئەوەی دەدا کە بە کەمترین شێوە بۆربۆنی بێ و لە هەمان کاتیشدا سەرۆکێکی شۆڕشگێر وکۆماری بێ بەقەدەر ئەوەندەی بۆی دەلوێ بەمەرجێ لە بەرژەوەندیی خانەوادەکەیدا بێت.

لویسی هەژدەهەم کاری بۆ ئەوە دەکرد کە دلسۆز بێ بۆ ئەو دەستورەی ئازادی و دیموکراسی بۆ گەل مسۆگەر دەکاو ئەوان دەنگیان پێی داوە، لە بەرپەرچدانەوەی بەردەوامی ڕاستڕەوەکان وشکۆمەندەکاندا بوو بۆ ئەوەی لە هەوڵەکانیان سەرنەکەون کە داوای گێڕانەوەی ئیمتیازاتەکان دابوون، ئەوان زۆر بە بێ نەزاکەتانە دەیانویست ڕەوڕەوەی مێژوو بۆ بەر لە 1789بگەڕیننەوە. دیارە لەم روەوە بە شێوازی توندڕەوی وکاری تیرۆری هەوڵەکانیان بەئەنجام دەگەیاندن بۆیە توانیان یاسای دەنگدەران بۆ 80هەزار کەم کەنەوە ئەوانیش هەمووی لە خاوەن سامان ودەوڵەمەندەکان بوون بەم شێوەیە لە 1815زۆرینەیان لە پەرلەمان وەدەست هێناکە ئەنجامەکەی فرانسای بە حوکمێکی ستەم کارونادیموکرات لە بواری چاپەمەنی و رۆژنامەوانی گەیاند. ئەم رەفتارانە پادشایان نارەحەت کرد بەهۆی ئەوەی لە ئەنجامی ئەم ستەم کاریە خەریک بوو پارسەنگی هێزەکان لاری ونابەرامبەری یان تێ دەکەوێ، پادشا هەستی بە بێزاری و بێ ئۆقرەیی جەماوەر دەکرد، ئەوەی لەم گۆڕانە کۆنەپەرستیانە زۆر دەترسان ئینگلیز وروسیا بوون لە ترسی ئەوەی کاردانەوەی جەماوەر بەرەو شۆڕش بەرێت و فرانسا دوبارە راپەرێتەوە، بۆیە داوایان لە لویس کرد ئەنجومەنی نوێنەران هەلوەشێنێتەوەو هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام بدرێت، لویس ی هەژدەم ئەم ئامۆژگاریەی بەهەند وەرگرت، بڕیاری دەرکرد بە هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەن لە 5 ی سەپتەمبەر ی 1815و داوای هەڵبژاردنی نوێی کرد.

لە هەڵبژاردنەکە پارتی پادشایەتی دەستوری کە لایەنگری سیاسەتە میانڕەوەکانی پادشا بوو ئەوانەی پابەندی دەستوری 1814ن بە زۆرینەی 142کورسی دەرچون، پارتی پادشایەتیی توندڕەویش 100کورسیان وەدەست هێنا، پارتی بێلایەنەکان تەنها 20کورسیان وەدەست هێنا کە بانگخوازی دیموکراسی وسەروەری نەتەوەیی بوون. بەم شێوەیە حکومەتی فرانسا بە سەرۆکایەتی ریشیلیۆ لە ساڵەکانی 1816 تا 1820 خاوەنی حکومەتێکی بەتین و سەقامگیرو زاڵ بوو بەسەر تەنگ و چەلەمەکان ئەوانەی لە ئەنجامی شکستیەکان لێی کەوتبوو،توانیی هەڵسێتەوە سەرپێ و بەسەریاندا زاڵ بێ، هەر بەهۆی ئەم سەقامگیریەوە بوو فرانسا توانیی ئابووریەکەی ببووژێنێتەوەو بەشێکی زۆر لە قەرز وقەرەبووەکانی شەڕ بە وڵاتەکان بداتەوە لە ئەنجامی ئەو گەش ونمایە متمانەی وڵاتانی وەدەست هێناو رۆڵی کاریگەریی خۆی جارێکی تر لە مەیدانی سیاسەتەکانی ئەوروپا وەرگرتەوە، هەر ئەم ئارامی ومتمانەیی یەبوو کۆنگرەی ئەیکس لاشبیل لە 1818بەسترا بڕیاری کشانەوەی پێش وەختی هێزەکانی

بێگانەیان لە سەر خاکی فرانسا دا، لە روی ناوەخۆش حکومەت لەگەڵ کەشو هەوا ئارامیەکان گونجاو لە هەڵبژاردنی جەنیوەری 1817مۆڵەتی زیاتری بە هاوڵاتیان دا تا ڕاستەو خۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن وساڵانەش پێنج یەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بگۆردرین، لە هەنگاوێکی ئەرێنی تردا وەزیری ناوەخۆ بڕیاری لابردنی سانسۆر وچاودێریی یەک جارەکیی لەسەر رۆژنامەکان دا.

ئەم کارو هەنگاوانە رەنگدانەوەی سیاسەتەکانی پادشا و پارتی پادشایەتیی دەستوری میانڕەو بوون، گۆڕانەکانو هەنگاوانە لە نێوەندی لایەنگرانی ڕاستڕەو و توندڕەوەکان هەرای نایەوە، دەیان ووت ئەم رەفتارانە بەرەو لەدەست دانی دەسکەوت و سامانەکانمان دەبات ئەگەر بەردەوام بن خانەوادەی پادشایەتی لە نێو دلمان خۆشەویستە لەدەست دەداو لە هەموو خاوەندارێتی بێ بەش دەکرێت، لایەنگرانی سیستەمی چەپ و لیبرال و کۆماری لەم کەش و هەوایە دلخۆش بوون ئەوان دەیانزانی چۆن سود لەم دەرفەتە وەردەگرن کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە ئەوەی لە دوای 1815لەدەست دراوە بگەرێننەوە، جەماوەریش زۆر بە گەرمی بەپیر بانگەوازە کانیانەوە دەچوون، تا حکومەتیان ناچار کرد هەڵبژاردنەکانی 1819ئەنجام بدرێت کە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوەکانی شۆڕش بە ئەندامی ئەنجومەن هەلبژێردران هەڕەشەی لێسەندنەوەی حوکمیان لە میانڕەوەکان دەکرد، پادشا درکی بە ئەنجامی ئەم هەرشانە دەکردن بۆیە بە داواکاریە کانیان رازی بوو.

بەڵام کوشتنی شازادە دی دێ بێری کە شوێنگرەوەی باوکی بوو لە حوکم رانی پادشایەتی بەدەستی کورە فەرەنسیەکی گێرەشێوین مامی وکژراوکە پادشا لویسی هەژدەهەم ی زۆر توڕە ونارەحەت کرد سەبرو ئۆقرەی لێ برا، دوای کوشتنی برازاکەی نەیتوانی گەڵێک خۆی لە بەرامبەر بانگەواز و داخوازیەکانی پادشاییەکان بە تایبەتیش براکەی، باوکی کوژراوەکە راگرێ، بڕیاری دا کاردانەوەیەک ئەنجام بدرێ تا چیتر سەروەری وبەرژەوەندیەکانی پادشایەتی نەکەونە ژێر پێ و لە ترسی کۆماریخوازەکان رزگاریان بێ.

دەرکردنی بڕیاری هەموارکردنی یاسای هەلبژاردن کە لە ژێر فشاری پادشا دەرکرا یەکەم هەنگاوی حکومەت بوو بەرەو کۆنەپەرستی، تیایدا دیاری کرا کە هەڵبژاردن بە دوو پلە ئەنجام بدرێت، کورسیەکانیش بۆ 172زیاد بکرێن و لە رێگەی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە بن کە بەم شێوازە زۆربەی ئەوانەی دەردەچن لە خاوەن مولک ودەوڵەمەندەکان دەبن، ئەو سا خاوەن مولکە توندڕەوەکان بەسەر ئەنجومەنی نوێنەراندا زاڵ بوون. لە 1822ئەوان توانیان پادشا رازی بکەن تا ریشیلیۆ لەسەر پۆستەکەی لابەرێ کە یەکێک بوو لە دەستوریە میانڕەوەکان و یەکێکی تر لە توندڕەوەکان بێنێتە شوێن ئەم، ئەویش توند رەو ڤیلێل بوو، بە هاتنی سەرۆک وەزیری نوێ سیاسەتی کوشتن وتۆقاندن راونانی کۆماری خوازەکان دەستی پێکرد سانسۆرو چاودێری دوبارە خرانەوە سەر رۆژنامەو چاپەمەنیەکان ماوەی خولی پەرلەمان درێژکرا بۆ 7ساڵ.

شارل ی دەیەم

به مردنی لویسی هەژدەهەم لە 1824 چونکە هیچ کوری لە پاش جێ نەمابوو تەختی پادشایەتی بۆ شارلی دەیەم جێ ما، بەپێی نەریتی پادشایەتی دوای مردنی لویس دوایین کەس لە خانەوادەی بۆربۆنی کۆن کە لە ژیان مابێ دارا توا بوو ئەویش بەناوی شارل ی دەیەم تاجی پادشایەتیی لەسەر نا، بە هاتنی شارلی دەیەم بەتەواوەتی دەسەڵات کەوتە دەست ڕاستڕەوە توندڕەوەکان شارل خۆی یەکێک بوو لە سەرکردەو هاندەریان. حوکمەت بە کارایی دەستی بە گەڕاندنەوەی سیستەم وشێوازەکانی دەزگا حکومیەکانی بەر لە 1789کرد هەموو سامان ومومتەلەکاتی شکۆدارەکان ئەوانەی لە دەستیان دابوون و تائێستا نەیاندابوونەوە بۆیان گەڕاندنەوە، بۆ ئەم کارەیان یاسا یەکیان دەرکرد ناویان نا یاسای ملیار بە پێی ئەم یاسایە هەموو ئەو زیانەانەی شۆڕشی فەرەنسی لێیان داون بۆیان قەرەبوو دەکرێتەوە. هەروەها ڕێگەی بە باوکە یەسوعیەکان دا (جزویت) بگەڕێنەوە وڵات و دانیشگاودەزگا فێرکاریەکان بە سەرۆکایەتی ئەکلیرکیی لە خزمەت دانان.

ئەم سیاسەتە توندڕەویە شەپۆلێکی نارەزایی لەناو بەرهەڵستکارەکان دروست کرد ترسی ئەوەیان هەبوو کە وڵات بەرنەوە سەردەمی پادشایەتیی بێ سنور، چونکە ئەمە دور نەبوو لە روالەت بەهۆی ئەوەی چەند جارێک ووتبووی (بۆمن باشترە دار فرۆشێک بم نەک پادشایەکی وەکو پادشای ئینگلتەرا).

ئۆپۆزسیۆن بەسەر سێ بەرەدا دابەش ببوون :

_ لە چەپ دەستەی رۆشنبیر و نوسەرو رۆژنامەنوسانی پابەند بە کۆماری و بنەماکانی شۆڕشەوە، ئەم دەستەیە لە رەفتارەکانی پادشا نارازی بون بەتایبەت کاتێک پاشماوەی ئەفسەرانی ناپۆلیۆن لە سوپاو پاسەوانی ئەهلیی هەلوەشاندەوە کە دوایین دەزگای شۆڕش بوو مابووەوە.

_ لە ناوەڕاستیش دەستەی پادشایەتیی دەستوریی، کە لە گەورە رۆشەنبیر وگەورە بازرگانەکان و پیشەسازمانەکان پێک هاتبوون.

_ لەو پەری ڕاستیشەوە دەستەیەک لە توندڕەوەکان بە سەرۆکایەتی شاتۆ بریان کە بەهۆی دور خستنەوەی لە سەنتەری دەسەڵات جیا بووەوە.

سەرەڕای ئەوەی پەرلەمانی فرانسا سەربە لایەنگرانی پادشاو ەبوو بەڵام ئەو بریارەی رەت کردەوە کەمیراتی مولکە زۆرەکان بە کورە مەزنەکە دەدا و سانسۆر وچاودێریش دەخاتە سەر رۆژنامەو چاپەمەنیەکان، بە هۆیەوە پادشا پەرلەمانی هەلوەشاندەوە و داوای هەڵبژاردنی نوێی کرد.

لە هەڵبژاردنەکانی 1828هاوپەیمانیی پادشایەتیی دەستوری و هەندێک لە ئازادیخوازانی کۆماریی میانڕەو بە زۆرینەی کورسیەکان دەرچون، بە پێی ئەم ئەنجامانە دەبوایە پادشا میانڕەوانە هەڵس و کەوت بکات بۆیە داوای لە سیاسەتمەدارێکی کۆن کرد بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران ئەویش مارتیگناک بوو. بەڵام مارتیگناک نەیتوانی هیچ لایەک لە لایەنانی پەرلەمان رازی بکات،ئەمەش حەز و دلخوازی پادشا بوو، ناچار لە 1829ماتیگناک دەستی لە کار کێشایەوە. ئەوسا داوا لە پۆلیگناک کرا کە بە

سەرسەختترین دوژمنی سیستەمی ئازادی دە ناسرا، پۆستی سەرۆک وەزیران وەرگرێ کە پێشتر بالوێزی فرانسا بوو لە لەندەن. ئەم پیاوە 7مانگ حوکم رانیی کرد بێ ئەوەی لەو ماوەیەدا پەرلەمان کۆ ببێتەوە.

لە جەنیوەری 1830رۆژنامەی ناشیۆنال کە گەنجێکی فەرەنسی بە ناوی تییرس دەری دەکرد لەسەر خەرجیی خاوەن بانکەکانی فرانسا، ئەم رۆژنامەیە لە پێناو پاراستنی دەستور و ئازادیە گشتیەکان دا بە ئاشکراو بە نهێنی بانگەوازیی بۆ گۆڕینی حکومەتی فرانسا دەکرد.

لە مارس ی 1830لە یەکەم دانیشتنی دا پەرلەمان داوای کرد کە رێگە بە خەڵک بدرێت زیاتر بەشداری لە حوکم رانی بکاو متمانەش لە حکومەت بسەندرێتەوە... پادشا لەم بڕیارەیان تورەبوو و پەرلەمانی هەلوەشاندەوە، لە هەڵبژاردنەکانی دوای ئەم هەلوەشاندنەوەیە ئازادیخوازەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێناو ژمارەی کورسیەکانیان بۆ 50 کورسی زاید کردن، لەم کاتەدابوو فرانسا جەزائیری داگیر کرد کەواتە بناغەی ئیمپراتۆریەتی فەرەنسی دامەزرا، ئابووری وخەزنەی وڵات کە خاڵی بوون بووژانەوە، خەزینەی شارل ی دەیەم 50 ملیۆن فرەنکی زێری هەبوو، کە بە زۆر لە گەلی جەزائیریان سەندبوو. ئەم سەرکەوتنە ئیمپریالیزمیەی بووە هۆی لەخۆ بایی بوونی پادشا، لە 25ی تەموز ی 1830روی لە ئۆپۆزسیۆنی ناوەخۆ کرد و چوار بڕیاری تایبەت بەوان دەرکردن:

1_ هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێ.

2_ سنوردار کردنی ئازادیی رۆژنامەگەری،

3_ هەمووار کردنی یاسای هەڵبژاردن.

4_ لە هەمووار کردنەکەدا کارێکی وا کرا کە زۆربەی دەنگدەران لە مولکدارەکان بن.

لە 27ی تەموزیش لەیەک تێگەیشتنێکی نێوان کۆماری خوازەکان و کۆمەڵە کرێکاریەکاندا پێکهاتن لەسەر ئەوەی یاخی بوونی چەکداری رابگەیەنن، هەر واش بوو خوێندکار و کرێکارەکان بە چەکەوە دابەزینە ناو شەقامەکان سەنگەریان دامەزراندو دەرگای کارگەکانیان داخستن، لە لایەن پیشەسازکارەکانەوە چەک دابەش کرا. رۆژی دواتر خەڵکە راپەڕیوەکە دەستی بەسەر کۆشکی پادشادا گرت لە تویلەری و پایتەختیان کۆنترۆڵ کرد، ئەوکاتە پادشا لە کەنارەکان راوە ماسیی دەکرد هەوڵی دا خەڵکە ڕاپەڕیوەکە بە هەڵوەشاندنەوەی رێوڕەسمەکان رازی بکات بەڵام شۆڕشگێڕەکان پێیان لەسەر دابەزینی پادشا داگرت تا شارل ی دەیەم ناچار بوو بۆ دەرەوە رابکات، سەرنجەکان بەرەو شازادە دۆرلیان ی سەرکردەی خانەوادەی ئۆرلیانی دێرین چون، ئۆرلیۆن لقێکە لە خانەوادەی بۆربۆن وکوری فیلیپ ی یەکسانە خزمی لویسی شازدەهەم ی لایەنگری شۆڕشە کە دەنگی بۆ لە سێدارەدانی پادشای فەرەنسی دا بەرلەوەی ئەو لە سێدارە بدرێت خۆشی بەدەستی ئازادی خوازەکان لە سێدارە درا، بەدرێژایی ماوەی بێ پادشایی کوری ئەم شازادە دۆریان لە دەرەوە لە مەیدانی پیلانگێری بەسەرفرانساوە دور بوو، دوای روخانی ناپۆلیۆنیش ئەم پەیوەندیی لەگەڵ ئازادیخوازەکان خۆش کرد.

پەرلەمانی فەرەنسی بانگی شازادە دۆرلیان ی کرد بۆ ئەوەی تاجە گولینەی پادشایەتیی فرانسا بنێتە سەر،بەڵام وەکو (پادشا لەسەر فەرەنسیەکان) نەک (پادشای فرانسا) ی وەکو پادشاکانی پێشتر،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەهۆی سامان و مولکەکانی کە هەیەتی،نەتەوە خۆی هەڵی بژاردوە ببێتە پادشا بەسەریانەوە، بەسەریشیاندا سەپاند کە لە ژێر ئاڵا سێ رەنگەکەی شۆڕش حوکم رانی بکات کە لای هەموو فەرەنسیەکان خۆشەویستە نەک ئاڵاکەی خانەوادەی بۆربۆن ی کۆن.

ئەوەی ڕاستی بێ هۆشیارەکانی فرانسا رژێمی کۆماریان بە دور زانی بەهۆی ناڕەزایی نەمساو روسیا، بەم شێوەیە دەبینین شۆڕشگێرو ئازادیخوازەکان بوون کە تۆی کۆماری وشۆڕشیان لە 1830چاند هەر خۆشیان بوون پاراستیان ومەزنیان کرد تا پادشاییە دەستورەیکان هاتن بەرو بوومەکەیان چنی بێ ئەوەی پێیەوە ماندو بن،چونکە بارو دۆخی ئەوروپای ئەوساجگە لەمە رێگەی بە هیچی تر نەدەدا.

شۆڕشی بەلژیکا

بە دیدی ئەندامانی کۆنگرەی ڤیەننا،زەرورەتەکانی پاراستنی ئاشتی و ئارامیی ئەوروپا وا پێویستی دەکرد، فرانسا بەچەند وڵاتێکی بەهێزو بەتوانا دەوری بدرێت نەبادا رۆژێک هەڵسێتەوە سەرپێ و دوبارە شۆڕش هەڵگیرسێنێ تەوە دیسان کشوەری ئەوروپا ئارامیی لێ دەبرێ. لەم روانگەیەوە هەردوو وڵاتی بەلژیک وهۆڵەندایان یەکخستن و ولیەم ئۆف ئۆرەنجیان بە پادشای ئەو وڵاتە دامەزراند، هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێی دا ئەم بریارە بڕیارێکی زیرەکانە نەبوو چونکە هیچ حسابێکیان بۆ جیاوازیەکانی نەتەوایەتی و زمان و مێژوو نەکردبوو، تالليران ڕاستی ووت کاتێک ووتی نەتەوەیەک بەناوی نەتەوەی بەلژیک بوونی نیە، بەڵام نەتەوەی فلامنکی وگەلی فالون بوونیان هەیە. بە هەر حاڵەتێک بێت ڕاستە کە نەتەوەیەک بەناوی نەتەوەی بەلژیک نیە بەڵام بەلژیک و ولایەتەکانی لە دێرزەمانەوە سەربە ئیسپانیاو وئیمپراتۆریەتی نەمسا بوون، مێژوویەکی دێرین بە دونیای لاتینیان دەبەستێتەوە و لە هۆڵەندایان جیا دەکاتەوە. دواتر ناکۆکیی ئاینیشیان لە نێوان هەیە، هۆڵەندیەکان زۆرینەیان پرۆتستانن کەچی بەلژیکەکان زۆرینەیان کاسۆلیک و ئاین پەروەرن. لە روی زمانیشەوە زۆرینەی دانیشتوانی بەلژیک بە زمانی فەرەنسی دەدوان، لە روی شارستانیەتەوە بە فرانساو دونیای لاتینیەوە بەستراوەتەوە، بەڵام هۆڵەندیەکان زمانی تایبەتیی خۆیان هەبووو بە دونیای جرمانی وساکسۆنیەوە بەستراونەتەوە.

هەر لەسەرەتاوە هۆڵەندیەکان بەشێوەیەکی نیانی مامەڵەیان لەگەڵ بەلژیک نەکردوە تا ئەو زولمە لە بیر کەن کە بێ ویستی خۆیان بە هۆڵەنداوە لکێنراون، بە پێچەوانەوە ئەوان زمانی خۆیان بەسەردا سەپاندن لە دام و دەزگاو خوێندنگاکان دەبووایە زمانی هۆڵەندی بخوێندرێت دەستیان بەسەر زۆربەی پۆستە دبلۆماسی و ئیمتیازاتەکاندا گرتبوو کارێکی وایان کرد کە زۆرینەرەهای ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی لە هۆڵەندیەکان بن.

بەلژیکیرکان لە مامەڵەی هۆڵۆندیەکان نارەحەتو نارازی بوون، هاوپەیمانێتیی پیرۆز و هاوپەیمانێتیی چوارقۆڵی لەسەرسنگیان دایان کوتابوو، بە ئەگەری لاوازی ریزەکانیان بەسەر دوو حزبدا دابەش ببون دابەش پارتی سەرەکی پارتی کاسۆلیک کە بانگەوازی بۆ ئازادیی فێربوون و دژایەتیی علمانیەت دەکرد، پارتی ئازادیخوازەکانیش بە توندی دەستی بە علمانیەتەوە گرتبوو بە مانەوەی پرۆسەی فێربوون بەدەستی حکومەت.

بەڵام لە سەرەتای ساڵی 1824ەوەو لە ئەنجامی فشارەکانی دەوڵەت لە سەر ئازادیە گشتیەکان بڵاو بوونەوەی رەوتێکی میانڕەو لە نیوەندی هەردوو لایەن سەری هەڵدا، هەوڵی لەیەک نزیککردنەوەی هەردوو پارتیان دەدا بۆ بەگژ داچونی حکومەت، ئەم نزیک بوونەوەیە لە ساڵی 1828 کاتێک روی دا کە هەردوو لایەن لەسەریەک بەرنامە و بنەمای ئازادیی رۆژنامەگەری و ئازادیی فێربوون رێککەوتن.

کاتێک لە تەموزی 1830شۆڕش لە پاریس هەڵگیرسا د دەبووایە بگاتە بەلژیکای دراوسێ و هاو گیانی، ئەوەبوو لە وێش کاری توندو تیژی لە 25 ی ئاب ی هەمان ساڵ بە پشتگیری وهاوکاریی بۆرجوازیی نیشتمانی دەستیان پێکرد. ئەوەندەی نەبرد خوێنێکی زۆر رژا ئەوسا ئۆپۆزسیۆن ئەرکی دەسەڵات گرتنەدەستیان لەئەستو گرت هەرچی فەرمانبەری هۆڵەندی هەبوون ناردنیانەوە هۆڵەندا لە 26ی هەمان مانگ لە شوێن ئەوان فەرمانبەری خۆیان دامەزراندن، لە 25ی سەپتەمبەر پاش ئەوەی شکستیان بەو لەشکرە هێنا کە پادشای هۆڵەندا بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕیوەکان ناردبووی حکومەتێکی نوێیان دامەزراند، ئەم حکومەتە ئەرکی وەدەرنانی هۆڵەندیەکانی لە ئەستۆ گرت. لە 4 ی ئۆکتۆبەری 1830 سەربەخۆیی یان راگەیاند و داوای هەڵبژاردنی نوێیان کرد، لە 10ی نۆڤەمبەری 1830یەکەم دانیشتنی کۆنگرەی نیشتمانیان بەست.

بەرامبەر بەم روداوە خەتەرناکانە پادشای هۆڵەندا داوای کۆمەکی لە وڵاتە مەزنەکان کرد. هەر زو فرانسا ناڕەزایی خۆی بۆ هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی لە بەلژیکا راگەیاند، ئەوەشی راگەیاند کە هەر وڵاتێک دەست لە بەلژیکا وەر بدات بێ سێ و دوو بەلژیکا داگیر دەکات. ئەوەی ڕاستی بێ فەرەنسیەکان زۆر هەستیارانەو بەهێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ روداوەکانی بەلژیکا دەکرد، چونکە بە دیدی ئەوان ئەوە یەکەم گورزی کوشندەیە لە کۆنگرەی ڤیەننا ی 1814دەدرێت ئەو کنگرەی بۆ ئەوان ماکی شەرمەزاری بوو هەڵوەشاندنەوەی وڵاتێکی بەناو بەهێز لەسەر سنوری فرانسا بۆئەوەی جارێکی تر نەگەڕێتەوە سەر رێبازی شۆڕش ئەمە بۆ فەرەنسیەکان سەرکەوتنێکی باش بوو. سۆز وجۆشی فەرەنسیەکان رێگای ڕاستی لێ ون نەکردن کاتێک ئەو داوایەیان رەت کردەوە کە یەکێک لە نەوەکانی پادشاکەیان بێت فەرمانڕەوایەتیی بەلژیکا بگرێتە دەست، بۆئەوەی کێشە لەگەڵ وڵاتێکی وەک ئینگلتەرا دروست نەبێ، هەروەها ئنگلیزەکانیش ناڕەزایی خۆیان دەربری لە دەستێوەردانی هیچ لە وڵاتانی هاوپەیمانێتیی پیرۆز، بەڵام روسیا کە ئەم هەلانەی لە ئاسمان دە قۆستەوە بەڵام سەری قال بوو بە روداوەکانی شۆڕش لە پۆڵۆنیا.

بەر لەوەی کارەکان ئاڵۆزتر بن ئینگلیز داوای بەستنی کۆنگرەیەکی پێنج قۆڵیی کرد لە لەندەن لە نۆڤەمبەری 1830.
لە 20ی هەمان مانگ کۆنگرە بەئاسانی توانیی بڕیار لەسەر بنەمای لەیەک جیابوونەوە بدات دانی بەسەر بەخۆیی بەلژیکا نا لە 21ی جەنیوەریی 1831بەلژیکا بێلایەنی هەمیشەیی خۆی راگەیاند.
کێشەی سیستەمی حوکم مایەوە تا کۆنگرەی نیشتمانیی بەلژیکی سیستەمی پادشایەتیی هەلبژارد دەست نیشانی یەکێک لە بنەماڵەی لویس فیلیپ یان کرد وەکو پادشای وڵات، بەڵام کۆنگرەی لەندەن دوای مشتو مڕێکی زۆر گەیشتنە بڕیارێکی میانڕەوانە ئەمیر لیۆبۆلد دی ساکس کۆبۆرگ یان هەلبژارد کە دەکاتە خاڵی ڤیکتۆریا ی شا ژن و مێردی پێشینەی کچی پادشا ی ئینگلتەرا چارلتون کە بە پادشایەتی مرد دواتر هاوسەرگیریی لەگەڵ کچی پادشای فرانسا لویس فیلیپ کرد.
بەهۆی ئەوەی پادشای هۆڵەندا رازی نەبوو بەلژیکا سەربەخۆیی وەرگرێ، لەشکرێکی نارد بەنیاز داگیر کردنی، بەڵام فرانسا بە هێزێکی زۆرەوە بەرپەرچی دایەوە و پێگەی پادشای بەلژیکاشی قایم کرد.

شۆڕشی پۆلۆنیا (پۆلەندا)

وەکو بینیمان زۆربەی شۆڕشەکانی ئەوروپا ئامانجیان چاکسازیی دەستورو پاراستنی ئازادیە گشتیەکان بوو. بەڵام لە پۆلۆنیا دۆخەکان جیا بوون، ئەو وڵاتەی کۆنگرەی ڤیەننا سەربەخۆی پێ بەخشی، قەیسەری روسیا لە سەرتەختی حوکمی دانیشتبوو، لەسەر دەستی ئەسکەندەر لە ساڵی 1815بارو دۆخێکی جیا لە پارچەکانی تری ئیمپراتۆریەتی روسیای بۆ خوڵقاند بوو. دەستورێکی پێدابوون کە تا رادەیەکی باش ئازادیی رۆژنامەگەری و ئازادیە گشتیەکان وجێبەجێ کردنی بڕواکانی کاسۆلیکی لێ رەها و بێ سانسۆر بوون، هەروەها کردبوونیە خاوەنی ئەنجومەنێکی نوێنەران ی هەلبژێردراو بۆ جێبەجێ کردنی دەسەڵاتە شەرعیەکان. لە دەستورەکەش داهاتبوو کە بۆ پۆلەندیەکان هەیە پۆستە مەزنەکانی وڵات بگرنە دەست، قەیسەری روسیا تەنها ئەوەندە دەسەڵاتی بۆ خۆ هیشتبووەوە نوێنەرێکی دانا بوو بۆ پێشنیار کردنی یاساکان وهەندێک دەسەڵاتی دارایی و فەرماندایەتی کردنی سوپا بۆ رێکو پێک کردنی بارو دۆخەکانی وڵات.
بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوەی قەیسەری روسی ریزی لەدەستوری پۆلۆنیا نەدەگرت، بارو دۆخی ئازادیە گشتیەکان هیچ رۆژێک لە رۆژان بە م ئاستە خەراپە نەگەیشتبوو بەڵام بە بەراورد لەگەڵ دراوسێکانی لە ئەوروپای رۆژهەلات لە هەموویان باشتر بوو، بۆیە بەگشتی پۆلۆنیەکان ناحەزایەتیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ قەیسەردا نەبوو،بەڵام کۆمەڵێک لە بەرهەڵستکاران ودوژمنانی رژێم لە گەنجە رۆشەنبیرەکان ومندالّی شکۆدارەکان و وردە بۆرجوازی ئەوانەی هەوادار بیری رۆژئاوا بوون، دور لە بنکەی جەماوەری لە رەوتە رۆمانتیکە سیاسیەکان کۆ ببوونەوە، ئەوانە داوای رزگارکردنی هەمیشەیی پۆلۆنیایان دەکرد دور لە رەچاو کردنی بارو دۆخی ئەوروپا، بەهۆی ئەوەی ئەوان لە سەنتەرە باڵاکانی

وڵات نزیک بوون کاتێک هەواڵەکانی شۆڕشی فەرەنسی لە تەموز یان پێگەیشت ئیتر ئەوانیش دەستیان بە جولە کرد، جێگری پادشایان لە 21ی نۆڤەمبەری 1830وەدەر نا، دوای 4رۆژ حکومەتێکی میانڕەوی نیشتمانی یان پێک هێنا، ئەم حکومەتە هەوڵی زۆری دا تا لەگەڵ قەیسەر بگاتە رێککەوتنێک بەڵام قەیسەر رازی نەبوو،، بەهۆی نابەرامبەری هێزی شۆڕشگێڕەکان و حکومەتەکەی ئەسکەندەری خاوەن مەزنترین سۆپا لە ئەوروپا دەرفەتی سەرکەوتنی شۆڕش کەم بووئەگەر نەڵێین هەر نەبوو.

شۆڕشگێڕەکان بانگەواز لە دوای بانگەوازیان بۆ وڵاتە ئەوروپیەکان دەکرد، ئینگلیزەکان وێڕای پشتگیری کردنیان بۆ دۆزی گەلی پۆلۆنی وایان بەباش زانی کە حکومەتەکەیان دەست نەخاتە ناو کارو باری ئەوان، ئەویش بەهۆی مەزنی رۆلی روسیا لەو ناوچەیە بوو، فرانساش بە ئاواتەخوازی و پەژارە دەربڕین بەشداریی لەم رووداوە کرد بڕوسیاو نەمساش ئاواتەخوازبوون شۆڕشگێڕەکان شکست بخۆن تا پۆلۆنیەکانی ژێر دەسەڵاتیان چاویان لێ نەکەن.

بەم شێوەیە پۆلۆنیا بە تەنیایی لەبەردەم روسیای زەبەلاح مایەوە کە ژێرکەوتنی مسۆگەر بوو، روسیا بە هێزێکی زۆرەوە هێرشی بردە سەر پۆلۆنیاو شۆڕشگێرە پۆلۆنیەکان ماوەی 7مانگ بەوپەری قارەمانێتی و پاڵەوانیتیەوە بەرگریان دەکرد تا لە کۆتایی روسیا توانیی لە شوباتی 1831ڤەرسۆفیا بگرێت وهەزارەها لە سەرکردەی شۆڕشگێرەکان دەستگیر بکات و بۆ سیبیریا دوریان خاتەوە،دەستوری هەلوەشاندەوە وڵاتیشی خستە ژێر حوکمی ڕاستەوخۆی روسیا.بەم شێوەیە پۆلۆنیای سیاسی هیچ بوونێکی نەما.

بە شکست هێنانی شۆڕش دەهەزار پۆلۆنی لە زاناو نوسەرو ئەدیب وهونەرمەندان بۆ فرانسا کۆچیان کرد لە وێ خەریکی زیندو راگرتن و پاراستنی کەلتوری خۆیان بوون.

شۆڕشەکان لە ئیتالیا

دوای کۆنگرەی ليباخ و دەستێوەردانەکانی نەمسا لە کپ کردنی بزوتنەوەکان ئارامیەک باڵی بەسەر دۆخەکاندا کێشا شۆڕشگێڕەکان لەوە دڵنیا بوون کە لە داهاتوییێکی نزیک گۆڕان ئاسان نیە، بەڵام هەندێک لە کۆمەڵە نهێنیەکان بەتایبەت کۆمەڵەی رەژوکەران وپاشماوەی ئەفسەرانی ناپۆلیۆن بە نهێنی ولەسەرخۆ کارو چاڵاکیەکانیان دژی بوونی نەمساییەکان ئەنجام دەدان، لە ساڵی 1831 هەندێک لە ئەندامانی ئەم کۆمەڵە شۆڕشگێرانە کە لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی حوزەیرانی فەرەنسی دابوون بە سۆزێکی رۆمانتیکییی دوور لە بنەما جەماوەری وسەربازیەکان لە هەرێمەکانی مۆدینا و بارامی ئیتالی و هەندێک لە هەرێمەکانی پاپا راپەرین، زۆربەی جارەکان ئەم راپەرینانە تەنهابۆ بەرگری کردن لە ستەم و زۆرداری دەسەڵاتداران بوو نەک زیاتر چونکە بێ ئومێدیان لە بێ پشتیوانی و هاوکاریی دەرەکی و نەبونی بنکەی جەماوەری هۆکاربون بۆ بیرکردنەوەیان بەم شێوەیە.

نەمسايييەكان لە بەرپەرچ دانەوەيان بە توندی راپەرينانە دودڵيان نەدەنواند لە ترسی ئەوەی گەشە نەكاو هەموو وڵاتی ئيتاليانەگرێتەوە: لە سەرەتای 1831مەترنيخ فەرمانی دا هەرێمەكانی ياخی بوو داگير بكرێت وشۆڕشگێڕەكان دەستگير بكەن وبزوتنەوەكەش بخنكێنرێت

روداوەكانی سويسراو ئينگلتەرا

روداوەكانی 1830ی ئەوروپا دە رباز نە دە بوون بێ ئەوەی رەنگدانەوەی لەسەر سويسراو ئينگلتەرادا نەبێت، لە چوار چيوەی ياسادا و دور لە توندو تيژی هەندێک روداو لەو وڵاتانەش رويان دا.

سويسرا ئەوكات لە 22هەرێم ی سەربەخۆ پێک هاتبوو بۆ بەرێوەبردن سياسەتی دەرەوەيان ئەنجومەنێک بەناوی (ديات) كۆی دەكردنەوە، لە زۆربەی هەرێمەكان دەسەڵات بەدەست بازرگانە كانی لايەنگرانی كۆنەپەرستەكانەوە بوو، چالاک بوونی ئۆپۆزسيۆن لە ئەنجامەكانی شۆڕشی حوزەيرانی فەرەنسی بوو كە لە نێوانياندا دەستەی ئازاديخوازی رۆشەنبيريی دەرچوانی زانكۆكانی ئەڵمانيا بوون، ئەوسا ئەوان لە دەرەوشاوەترين هەڵگرانی بيری ئازاديی ئەوروپا بوون، لە هەڵبژاردنەكان دەسكەوتی باشيان وەدەست هنا بە هۆيەوە توانيان ڕوبەڕووی كۆنە پارێزەكان ببنەوە و چەند چاكسازيەک لە دەستوردا بكەن لەوانە :

_ دانانان بە بنەماكانی سەروەريی نەتەوە جياكان لە سويسرا.

_ يەكسانی لە ريزەكانی هاوڵاتياندا بێ رەچاو كردنی باری كۆمەڵايەتی وئاينی.

_ گرەنتيی زياتر بۆ ريز گرتن لە ئازاديەكانی رادەربڕين و رۆژنامەگەری.

بەڵام لە ئينگلتەرا ئامانجی خوێندكارەكان هەموار كردنی سيستەمی هەڵبژاردن بوون. ئينگليزەكان لە ژێر كاريگەری شۆڕشی حوزەيرانی فەرەنسی دا خۆپيشاندان وچەند جولەيەكی گەلەريان ئەنجام دان، مەبەستيان هەموار كردنی ياسا كانی هەڵبژاردنی كۆن بوو كە لەگەڵ گۆڕانەكان و جولانەوە دانيشتوانيەكانی ئەم سەردەمەی سەدەی نۆزدەهەم نەدە گونجان، لە كاتێكا لە گوندەكان زياتر لەيەک نوێنەريان بۆ پەرلەمان دەنارد كەچی شارە پيشەسازيەكان بە بەراورد، رێژەيەكی زۆر كەمتر نوێنەريان دەنارد جاری وا هەبوو هەر كەسيان نەدەنارد، ئەمە چونكە ئەو كاتەی ياساكانی هەڵبژاردن دانراون خەڵكەكە زۆربەيان لە دێكان نيشتە جێ بوون شاری پيشەسازی بەم شێوەيە گەشەيان نەكرد بوو.

بەهۆی فشاری شەقامی ئينگليزيەوە حكومەتی ولينفتۆن روخاو لە شوێن ئەو لۆرد گراو بووبە سەرۆک وەزيران، لە ديسەمبەری 1830ياسای هەڵبژاردن هەموار كرا مافی هەڵبژاردن لە نيو مليۆن بۆ 800هەزار كەس بەرز بۆوە، ئەم هەمووارە بۆ بورجوازەكان دەستكەوت بوو چونكە ئەوان لە شارە پيشەسازيەكان زۆرينەبوون بەم شێوەيە ئەو چاكسازيانەی هاوڵاتيەكان داوايان دەكردن لە چوارچيوەی ياسا و دەستوردا جێبەجێ كران.

شەڕی ناوەخۆ لە ئيسپانيا وپۆرتوگال

ئەو روداوانەی لە سەرەتای ساڵی 1830لە ئەوروپا لەم دوو وڵاتە رویان دە دا هۆکارەکانیان ناوەخۆیی بوون، بە پلەیەک بۆ گرتنەدەستی جلەوی حوکم بوون، بۆیە رەوایە گەر ناوی شەڕی ناوەخۆی لێ بنێین، لە روی ئامانج وزنجیرەی روداو هاوبەشیەکی ئەو تۆیان لەگەڵ شۆڕشەکان دا نەبوون، هاوڵاتیان بەسەر لایەنگرانی ئازادیخواز و پادشایی رەها ی بێ سنور دا دابەش ببوون، هەریەکەشیان پێی لەسەر داواکانی خۆیان داگرتبوو بۆ دەسەڵات گرتنەدەست، لە ئەنجامدا شەڕی ناوەخۆ لە ئیسپانیا و پۆرتوگال بوو بە تەوەری شەڕەکان.

دوای سەربەخۆیی بەرازیل پادشا دۆن بەدروی یەکەم بەهۆی تواناو بەرهەمی زۆر و ئاسۆی رونی ئەو وڵاتە مانەوەی لە بەرازیل بۆخۆی هەڵبژارد، لە بەرامبەریدا دەستی لە حوکمی پادشایەتی لە پۆرتوگال کێشایەوە بۆ گلۆریای کچی چونکە هێشتا نابالق بوو دایکی بوو بە راسپاردە و کارەکانی گرتە ئەستۆ، هەروەها لە 1826دەستورێکی نوێشی بە وڵات بەخشی.

میگال ی برا ی بەم گۆڕانە رازی نەبوو داوای تەختی پادشایەتیی لێ کرد، بەم شێوەیە پۆرتوگال بەسەر دوو تیپ دا دابەش بوو: پادشاییە دەستوریەکان لایەنگری شاژن ودۆخی حاڵی حازربوون، پادشاییە نەریتیەکان کە هەر لە سەرەتاوە بەر هەڵستکاری دەستوری 1826بوون و لە دەوری میگال کۆبونەوە، دۆن میگال پشتگیریی ئیسپانیاو فرانسای وەدەست هینا،ئەمە بووە هۆی بەهێز بوونی میگال، بەهۆیەوە پادشا دۆن بەدرۆ لە بەرازیلەوە بەپە لە گەڕایەوە بۆ بەرگری کردن لە هەڵوێستی کچەکەی، لە ئەنجام لە 1834 کێشەکە کۆتایی هات بە سەرکەوتنی شاژن ودەستور، دۆن میکال یش بە شکستی وەدەر نرا بە ستەم و زۆرداریەکەیەوە. چونکە پادشای ئیسپانیا فەردینان هیچ کوری نەبوو بە پێی دەستور تەختی پادشایەتی دوای مردنی بۆ کارلۆس ی برای دەگەڕێتەوە، بەهۆی ئەوەی کچەکەی ساڵان بوو ئەو کاتەی لە 1833مرد، لە جیاتی ئەم خێزانەکەی راسپاردەی حوکمی گرتە دەست، وەکو ئەوەی لە پۆرتوگال رویدا هاوڵاتیان بەسەر دوو تیپ دا دابەش بوون : لایەنگرانی شەرعیەت و دەستور لە دەوری پادشای بچوک کۆ بوونەوە، بەڵام لایەنگرانی پادشایەتیی نەریتی لە دەوری کارلۆس کۆبونەوە کە هەرێمی باسکی کردبووە بنکەی چاڵاکی وشوێن نیشتەجێی خۆی، لایەنگرانی کارلۆس کە بە کارلیست ناسرابوون توانیان هاوکاری وپشتگیری لە کۆنەپەرستانی ئەوروپا لە روسیاو نەمسا وەدەست بێنن، بەڵام لایەنگرانی یاسا یارمەتیی هاوسۆزی یان لە بریتانیا وفرانسا وەدەست هێنا، شەڕ بەردەوام بوو تا ساڵی 1839، بەوە کۆتایی هات... کارلۆس وڵات جێ بهێلێ و یاوەرانی لە مافی دەسەڵات گرتنەدەست بی بەش بن.

بەم شێوەیە روداوەکان کۆتاییان هات بە سەرکەوتنی یاساو دەستور بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بنەڕەتی لە سیاسەتی پۆرتوگال و ئیسپانیا رو بدەن.

کۆتایی هاتنی شۆڕشەکانی ساڵی 1830

رووداوەکانی ساڵی 1830 و دواتر پەردەیان لەسەر ناکۆکیەکانی نێوان بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی مەزن لە مەر دیدیان بۆ پرسەکانی ئەوروپا هەڵدایەوە، ئینگلتەرا وەکو دیمان کاری بۆ لەناو بردنی سیاسەتی کۆنگرەکان دەکرد ئەوانەی لە هاوپەیمانێتیی چوارقۆڵی لە ساڵەکانی 1815 ئاماژەیان پێی دا، دەبینین ئەمجارە لە 1830 سیاسەتێکی توندتر دژی بنەماکانی هاوپەیمانێتیەکان پیادە دەکات، بە ئاشکرا دژی هەموو سیاسەتەکانی وڵاتە مەزنەکان دەوەستێ بەرامبەر بە دەست وەردان لە کاروباری وڵاتە ئەوروپیەکانەوە لە ژێر هەر پاساوێک بێت.

ئەو کاتەی وڵاتە مەزنەکان روسیا و نەمسا وبروسیا لە 1833بۆ توێژینەوەی بارودۆخی ئەوروپا کۆنگرەیان بەست، ئینگلتەرا بەشداریی نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کۆنگرە سێ قۆڵیەکە بەیاننامەیەکیان دەرکرد کە هەر پادشایەکی ئەوروپی لە دەرەوە یا لە ناوەوە هەڕەشەی لێ بکرێت داوای کۆمەک لەم سێ پادشایە بکات دەبێ بە هانایە وە بچن، هەر کەسێکیش رێگر بێت بە وڵاتێکی دوژمنی ئەو سێ وڵاتانە دێتە ئەژمار کە لەسەر ئەم بەیاننامەیە واژویان کردوە.

ئەم بایاننامەیە ئینگلتەرای وروژاند هەروەها فرانساش لێی نارازی بوو بەهۆی ئەوەی لە سەرەتاوە فرانسا خۆی لە هاوپەیمانێتیی پیرۆز دور دەخاتەوە بۆ ئەوەی بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆی سیاسەتی دەرەوەی دارێژێ،ئەویش بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانە کە رازی نابێ کەس دەست لە کاروباری بەلژیک وسویسرا وبیامۆن وەر بدات، لە پێناو ئەم هەڵوێستەشیدا ئامادەیە شەڕ بکات.

هەر وەکو دەبینین لە دوای ساڵی 1834دۆخەکان هەندێک ئارام ببوونەوە بەڵام وڵاتە مەزنەکان بەهۆی بەرژەوەندیە کانیانەوە ناکۆکیی بنەڕەتیان کەوتنە نێوان و بەسەر دوو ئۆردوگادا دابەش بوون :

ئۆردوگای سێ وڵاتەکە،روسیا، بروسیا، نەمسا.

ئۆردوگای وڵاتە رۆژ ئاواییەکان فرانسا، ئینگلتەرا بوون هەر یەک لە پۆرتوگال وئیسپانیا لایەنگری یان دەکردن.

شۆڕشی فەرەنسی ی 1848 و شۆڕشەکانی ئەوروپا

ئەگەر ئێمە سەیرێکێ نەخشەی ئەوروپای سیاسیی ساڵی 1848 بکەین دەبینین هەمان نەخشەیە کە لە کۆنگرەی ڤیەننا لە 1815کێشرابوو جگەلە دەسکاریەکی کەم لە ئەنجامی سەربەخۆیی بەلژیک ویۆنا نەبێ، ئەمەش سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ لایەنگرانی کۆنەپەرستی و پاراستنی دۆخەکۆنەکانی ئەوروپا لە سەروی هەموویان قەیسەر و مەترنیخ وەزیری دەرەوەی نەمسا، بەڵام لە ساڵی 1848بە چاکەو کاریگەریی سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی وگۆڕانە کۆمەڵایەتی وئابووریەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم گۆڕان بووە فەرمانێکی حەتمی دەرچونی بۆ نەبێ، تەنانەت ئەگەر ناچار بێ کاری توندو تیژیش بگرێتە

بەر، دیارە گەلی فرانسا لەم بووارە پێش هەموو گەلێک دەکەوێ لە هێنانە دیی گۆڕان تەنانەت ئەگەر بە چەک هەڵگرتن و هەڵگیرساندنی شۆڕشیش بێ.

شۆڕش لە فرانسا

لە ئەنجامی شۆڕشێکی سەرتاسەری دیمان چۆن لەسەر شانی ئازادیخواز وکۆماری خوازان بە پلەی یەک لویس فیلیپ سەرکەوتە سەر تەختی پادشایەتی، بە سەرکەوتنی لویس بیرو بۆچونی پادشاییە دەستوریەکان کۆتایی هات و لە لایەن خانەوادەی ئۆرلیانەوە درێژە بەرژێمی پادشایەتی درا.

هەر لەسەرەتای حوکمیەوە پادشای نوێ لەلایەن حکومەتەوە ڕووبەڕووی ناکۆکی هاتەوە: _ لەوپەڕی ڕاستەوە ئەوانەی ناویان لە خۆ نابوو شەرعیەکان یا یاوەرانی شەرعی وەستابوون._ ئەوانە نوێنەرایەتیی خانەوادەی بۆربۆنیان دەکرد داوایان مانەوەی تاجی پادشایەتی لەدەست خانەوادەی لویسی هەژدەم دەکرد، ئەمانە خۆیان لە حکومەتە نوێکە دابراند و بە سەرۆکایەتی شازادە بریی خێزانی کوری شارلی دەیەم چونە سەگەری دژایەتیەوە، لایەنگری زۆریان لە دێکان و لەناو ریزی جوتیار وئەکلیرۆسەکان دا هەبوو.

_ لە چەپی حوکمیشەوە کۆماریخوازو توندڕەوەکانو لایەنگرانی گۆڕانی ریشەیی وەستابوون کە بەرهەڵستاکاری پادشایان دەکرد، بەهۆی ئەوەی متمانەیان بە پادشاوە نەدەکرد گوایە لە رێگەی جەماوەرەوە متمانەی پێ نەبەخشراوە بەڵکو ژێر بەژێر لە نێوان هێزە کاریگەرەکان سەپێندراوە بۆیە بەردەوام بوون لە بەرهەڵست کردنی پادشاوە تاویک بە شیوازی دیموکراسی و تاوێک بەشێوازی توندو تیژی، لە ماوەی تا ساڵی 1835چەندین جار شێوازی یاخی بوون یان گرتە بەر، دەسەڵات ناچار بوو چەند یاسایەک بۆ سنووردار کردنی چاڵاکیەکانی کۆمەڵە کان دەر بکات.

پارتی پادشاییە دەستوریەکان کە لویس فیلیپ لەسەر شانی ئەوانەوە بە تەختی پادشایەتی گەیشت ئەوانیش لە نێوان خۆیاندا بۆ دوو بەرە ی ناکۆک ودژ دابەش بوون، ئەمەش کارەکانی لەبەردەم پادش سەخت تر کردن، ناکۆکیەکانیان لە سەر گرتنەبەری شێوازی سیاسەتی دەوڵەت بوو، بەرەی چەپڕەوەکان کە ناوی بزوتنەوەیی یان لە خۆ نابوو شۆڕشی حوزەیران یان بە سەرەتایەکی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی وئابووریی بەر بڵاو دەزانی بە دیدی ئەوان دەبێ دەسەڵاتی نوێ بەدوای هەوال وگۆڕانەکانی دا بچێ و لەگەڵی هاوکێشیەک هەبێ تا لە بووژاندنەوەی بەردەوام دا بن، بەرەی ڕاستڕەوەکانیش کە ناوی بەرگری یان لە خۆ نابوو دەیان ووت شۆڕشی حوزەیران لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک چاکسازیی دەستوریی هێنابوو کە سەردەمی نوێیان خوڵقاند ئەمەش ئەوپەری داخوازیەکانی خەڵک بوون بۆیە دەبێ دەسەڵاتی نوێ کار بۆ دابین کردنی ئارامی و سەقامگیر بوونی دۆخەکان بکات لە دەرەوەو لە ناوەوە.

بەم شێوەیە بە دیدی چەپڕەوەکان دەبێ حکومەت لە گۆڕان وگەشەکردنی بەردەوام دا بێ، بەڕونتر بڵێین دەبێ شۆڕشی هەمیشەیی بێ، بەڵام بە دیدی ڕاستڕەوەکان دەبێ حکومەت خۆی وەکو مەبەست و کۆتایی شۆڕش سەیری خۆی بکات، دوای ئەوە ئیتر بڕوای بە هەستانەوەو وچاندان بۆ گەلەکەی هەبێ. چونکە باڵی ڕاستڕەوە کۆنە پارێزەکان لە پارتی پادشایەتیی دەستوری بە پلەی یەک نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیەکانی

چینی مامناوەندیی فەرەنسی دەکا ت هەر خۆشیان بوون خاوەنی ئەو چاکەیەی کە لویس فیلیپ یان گەیاندە تەختی پادشایەتی، ئەوان لە بالەکەی تر زیاتر کار بۆ ئامانج وبەرژەوەندیەکانی پادشا وچینە یاوەرەکەی دەکەن، بۆیە دەسەڵاتی حوکم رانیی تا روخانی ساڵی 1848ی بەوان سپارد، نەک تەنها ئەمە بەڵکو مەبەستی بوو سودیان لێ وەرگرێ بۆ بەگژ دابردنیان لەگەڵ ڕاستڕەوە توندڕەوەکانی لایەنگرانی بۆربۆن و چەپڕەوە کۆماریخوازەکان و شۆڕشگێرەکان. لە پێناو ئەمە لە ساڵی 1831یاسای پەرلەمانی هەموار کرد بە شێوەیەک ژمارەی ئەندامانی زیاد بکات کە چینی مام ناوەندی لە ناو ئەنجومەنەکان زۆرینە وەدەست بێنن، پاسەوانی ئەهلیی ی بە رێنمای نوێوە نوژەن کردەوە کە تەنها ئەوانەی باجی زۆر بە دەوڵەت دەدەن ئەوان بۆیان هەبێ بەشداریی تێدا بکەن بەم پێوەرە تەنها منداڵانی چینی مام ناوەندی بۆیان هەبوو، کورە هەژارەکان پاڵپشتانی کۆماریخوازەکانی توندڕەویش بێکار لە شەقامەکان دەخولانەوە.

ئەم سیاسەتە جیاوازی خوازەی پادشا، تورە وبێزاری چینەکانی تری پتر کرد هانی ئەوەیدان کە لە ئۆپۆزسیۆن بئالێنەوەو دژایەتیی پادشا بکەن، لایەنە جیاکانی بەرهەڵستکاران لە نەخشەی دژی پادشا ورژێمەکەی بەردەوام بوون هەندێک جار هەوڵی کوشتن ولە ناوبردنیشیان دەدا.

چونکە توندو تیژی،توندوتیژی و کوشتن و تیرۆر لەگەڵ خۆی دەهێنێ،ئیتر وورده وورده پادشا ورژێمەکەی خزانە ناو شەڕو ستەمکاری، ئەمە لە کاتێکایە کە پادشا خۆی ئەم دەستورەی هەلبژاردوە کەچی پتر لە جارێ دەبینین دەستور پێشێل دەکا و لە بنەماکانی دەر دەچێ.

لە سەرەتای ساڵی 1835کە ئەو ماوەیە بە ماوەی سەقامگیری لە بەرژەوەندیەکانی پادشاو چینی مامناوەند دەناسرێ، هەموو هەوڵەکانی کۆماریخوازەکان وپادشاییە توندڕەوەکان بە فیرۆ چوو، لەو کاتەدا ناکۆکیەک لە نێوان پادشاو لایەنگرانی دروست بوو، پادشا خۆی دەیخواست بەپێی دەستور فەرمانڕەوای بکاو کارەکان جێبەجێ بکات، بەڵام لایەنگرانی دەیانخواست پادشا تەنها مولکداری بکاو سامان وسەروەت پێکبهێنێ لە کارەکانی تر دور بکەوێتەوە. ئەم ناکۆکیانە رویان لە زیاد بوون کرد پادشایان ناچار کرد رو لە کەسایەتیە دەسرۆکانی مایانرەو بکات بۆ هاوکاری کردنی لە بەڕێوە بردنی دەسەڵات لەگەڵ ئەم کێشەیە مایەوە تا روخانی لە 1848، دەسەڵاتی حکومەت بەم هۆیەوە بەرەو لاوازی چوو رکابەر رویان لە زیاد بوون کرد بە تایبەت لە سەردەمی حکومەتی گیزۆ لە 1840-1848کە ئەوسا ناکۆکیەکانی نێوان کۆشکی پادشاو دەسەڵات بۆ یانەسیاسیەکان وپەرلەمان و رۆژنامەو سەر شەقامەکان گواسترانەوە.

لە ئەنجامی پەشێوی سیاسی و گۆڕانە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا، دوو رەوت دژی دەسەڵاتی پادشا سەریان هەڵدا ئەوانیش : رەوتی بۆناپرتی و رەوتی سۆشیالزم.

بۆناپرتی

ئەو ماوە دورەی دوای روخانی ناپۆلیۆن کە ماوەیەک فرانسا بە نامۆیی مایەوەو ماوەیەکیش فرانسایەکی سیاسیانەی لە ئاستی دەرەوەی سەر بە وڵاتە مەزنەکان بە تایبەتی ئینگلتەرا و دوای ساڵی 1830 لە روی سیاسەتی سەربازیی بە وەستاوی مایەوە، ئەما نە هەمووی کاریگەر بوون تا فەرەنسیەکان بە چاوێکی

حەزو پەرۆشەوە سەیری ئەو رۆژانە بکەن کە فرانسا لەگەڵ سەرکەوتنەکانی ناپۆلیۆن لەژێر ئاڵا سی رەنگیە کەیدا دەژیا. ئەوەی زیاتر خەڵکی تامەزرۆی ئەو وەبیرهێنانەوانە دەکردن،سیاسەتە سنوردارەکەی فرانسا بوو، کە ئامانجەکانی بەرتەسک ودیار کرابوون هەموو کارەکانی بۆ رازی کردنی سیاسەتی بریتانیا بوو لەم پێناوەدا ئامادەبوو ئەگەر لەسەر حسابی سەروەریی فەرنسیەکانیش بێت بیکا، نمونەی ئەمەش قەیرانەکەی محمد علی پاشا بوو لەگەڵ عوسمانیەکان کە فرانسا دەستبەرداری میسری دۆستی دێرینی بوو بۆ ئەوەی بریتانیای لێ زویر نەبێ، ئەم روداوە سەرکەوتن و شکۆمەندیەکانی سەردەمی ناپۆلیۆنیان وەبیر فەرەنسیەکان دەهێنایەوە کە چۆن چۆکی بە هەموو ئەوروپیەکان دادابوو، لەم بووارە نوسەر و شاعیرەکان رۆلی باشیان گێرا بۆ بەداستان کردنی سەرکەوتنەکانی ناپۆلیۆن، لەوانە ڤیکتۆر هیگۆ تام وچێژی دەدایە روداوە شکۆمەندیەکانی ناپۆلیۆن وەکو داستانی قارەمانێتیی بۆ خەڵک دەگێرایەوە خەڵکی وا لێکردبوو کە تامەزرۆی بیستن و زانینی روداوەکان بن چونکە پڕ بوون لە سەروەری و قارەمانێتیی فەرەنسیەکان.

سۆشیالیزم

هەروەها لە سەردەمی لویس فیلیپ، بە هۆی شەڕەکانی ناپۆلیۆن وخاڵی بوونی خەزینەی وڵات و دواکەوتنی باری ئابووریی فەرەنسیەکان و لە توانا نەبوونی دەوڵەت لە جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی ساخلەمی و فێرکردن دا لە ئەنجام بزوتنەوەیەکی سۆشیالیزمی بەهێز دروست بوو. دواتر ئەو گۆڕانانەی لە ئەنجامی دروست بوونی کۆمەڵگای پیشەسازی هاتنەکان کە هەردەم لەگەڵ هاتنە پێش ئەم رۆژگارانە گۆڕان دەکەوێتە پەیوەندیەکانی نێوان کرێکار وخاوەن کاردا لە ئەنجامی کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار و سەرهەڵدانی جیاوازیەکانی چینایەتی وگۆڕان لە داهات، ئەمانە هەموو کاریان لەسەر بیرمەند ورۆشەنبیران کرد تا بیرێک لەم ئاستەنگانە بکەنەوە، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی چەند رێبازێکی ئابووری سەرهەڵدەن کە هەموویان خۆیان لە مۆرکی سۆشیالستی دەبینیەوە.(سان سیمۆن) کە لە ئەنجامی دروست بوونی سەردەمی پیشەسازی هاتە کا یەکەم کەس بوو بە دوای دۆزینەوەی رێگەچارە ی ئەو کێشەیە دەگەرا، بۆ دیاری کردنی پەیوە ندیەکانی نێوان کرێکار وخاوەن کار، ئەو لەسەرەتا تەنها بانگەوازی بۆ دانیشتن ولەیەک تێگەیشتن لە نێوان هەردوو لایەن دەکرد، بۆیە سۆشیالیستەکەی ئەو تەنها وەکوتیۆرێکی ئەندێشەیی مایەوە چونکە بەشداریی لە پەرە پێدانی روالەتی ململانێکە کرد هیچ چارەسەریەکی بۆ نەدۆزینەوە. لە هەمان ماوە بانگەواز خوازێکی تری فەرەنسی بەشداریی لە چارەسەریی کێشەکانی کار کرد کە خەڵکان بە زۆری بە پیریەوە دەهاتن ئەویش لویس پلان بوو، بانگەشەی بۆ مافی کارکردن دەکرد بۆ هەمو کەسیک، داواشی لە دەوڵەت کرد کارگە دروست بکاو لەلایەن کرێکارەکان خۆیانەوە

بەڕێوە ببردرێت قازانجەکەشی بەسەر خۆیان دا دابەش کەن، ئەم بانگەوازە سەرەڕای دوریی لە روالەتەوە بەلام هەولێک بوو بۆ چارەسەریی کێشەکان بە پەرەسەندنی ئەم کێشەیە لاوازیی حکومەت بەدەر کەوت.

شۆڕش وحکومەتی کاتی

کێشەو بە بەیەکدادانەکان لەگەڵ رەوتە سیاسی وکۆمەلایەتیە نوێیەکاندا زیادیان کرد، بەرزبوونەوەی ئاستی ناڕەزایی هێزە بەرهەڵست کارەکانی حکومەت بوونە پاساوی ئەوەی پادشا دەست لە ئازادیە گشتیەکان وەر بدات، لە ئاکام دەنگی ناڕەزایی خەڵک بەرز بووەوە، داوای چاکسازی و بنبر کردنی بەرتیل وەرگرتن لە دەزگا حکومیەکانیان دەکرد، دەنگی شاعیری فەرەنسی لامارتین یەکێک بوو لەدەنگە بەرز کراوەکان لە هەمووکەسیش پتر هەواداری هەبوون، بە بەرز بوونەوەی ئاستی دەنگی ناڕەزایی لە نێوان ساڵەکانی 1846و 1847حکومەت کەوتە هەڵوێستێکی خەراپەوە باری ئابووری روی لە کزی کرد. بۆ نمونە کەنتالی گەنم بەر لە قەیرانەکان بە 18فرانک بوو دواتر بووبە 29فرانک بێ ئەوەی کرێی رۆژانە زیاد بکرێت. بەهۆی ئەم قەیرانەوە دەوڵەت ناچاربوو لە 1487وەرشەکانی هێلی ئاسنینی وڵات و چەند پرۆژەیەک کە لە 1840وەوە کاری لەسەر دەکردن دایان بخاو هەزارەها کرێکار لە دەرفەتی کار بێبەشبن و بەرەو ماڵەوە بەڕێ بکرێن.

لەم کاتەدا دەبووایە هێزە بەرهەڵستکارەکان چاوپۆشی لە هەندێک ناکۆکیەکانی نێوانیان بکەن هەر نەبێ بۆئەوەی بتوانن هاوکاریەکی یەکتر بکەن، دیارە ئەمەش رویدا کاتێک ئازادی خواز و کۆماریخواز و سۆشیالیستەکان و بانگخوازانی پادشایەتیی شەرعی داواکاریەکانیان یەک خستن، داوای هەموار کردنی یاسای پەرلەمانیان کرد بە مەرجێک هەموار بکرێت کە زۆرترین رێژەی خەڵک بەشداری لە هەڵبژاردن بکات کە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای فەرەنسی بگرێتەوە. ئەم دەستەیە رێگەیەکی یاساییان بۆ بلاو کردنەوەی داخوازیەکانیان گرتە بەر بە کۆبونەوەی جەماوەری لە شار و ناو کۆمەڵگایەکان کاریان بۆ وشیار کردنەوەی خەڵک دەکرد تەنانەت بە نامەش داوایان لە پادشا کرد داخوازیەکانیان کە بریتی بوون لە چاکسازی رژێمی حوکم جێبەجێ بکرێت. بەلام دەوڵەت لە سەرەتای ساڵی 1848هیچ گرنگیەکی بەم چالاکیانە نەدا لەجیات گوێ لێ گرتن بە ئاگر وئاسن وەلامی دانەوە کۆبونەوە سیاسیەکانی قەدەغەکردن.

ئەمە بووە هۆی نانەوەی پەشێوی لە وڵات، پێکداد‌ان لەگەڵ سەربازەکان رویان دا لە شەوی 22-23ی شوبات لە ئەنجامی ئەو پێکدادانەی نێوان جەماوەرو سەربازەکان چەندین کوشتارو بریندا‌ری لێ کەوتەوە بارو دۆخەکان زۆر بە خێرایی تێک چون ئالای وڵات بەرز کرایەوە، سەنگەر لێدران یاخی بوون و شۆڕش دەستیان پێکرد.

پادشا پاراستنی رژێمی بە پاسەوانانی ئەهلیی سپارد کە هەموویان لە رۆلەکانی چینی مامناوەندیی خاوەن بەرژەوەندی بوون، بۆ رازی کردنی ڕاپەڕیوەکان پادشا هەندێک وردە گۆڕانی ئەنجام دان، لەوانە

وەزارەتەکەی عیزۆی گۆری لە شوێن ئەو مۆلێ ی دانا ئەویش دیارە هەر لە لایەنگرانی خۆی بوو، لە ئێوارەی هەمان رۆژ واتە لە 23ی شوبات نیشانەکانی ئەوە دەرکەوتن کە قەیرانەکە گەلێک لەوە مەزن ترە بەگۆڕینی سەرۆک وەزیرانێک چارە بکرێت، ئەوە بوو لەبەردەمی وەزارەتی دەرەوە شەڕو پێکدادان لە نێوان کرێکارە خۆپیشاندەرەکان و سەربازەکان رویان دا 52 کەس کوژرا، ئیتر توندو تیژی وشۆڕش دژی رژێم بە شێوەیەکی بەر بلاو هەموو شوێنێکی گرتەوە،، بەیانیەکەی 24ی مانگ پادشا نیازی چارەسەر کردنی دۆخەکانی هەبوو بەڵام توشی شۆک هات کاتێک بینیی پاسەوانی ئەهلی کە هەموو ئومێدەکانی لەسەر بنیاد نابوو دژی حکومەت بەگەل شۆڕشگێرو نەداران کەوتوە. بەم شێوەیە پادشا لویس فیلیپ هیچی لەبەر دەم نەما تەنها ئەوە نەبێ هەمان هەنگاوی شارل ی دەیەم پادشای پێشتری بنێ کە دەستی لە تەختی پادشایەتی بۆ کورەکەی کێشایەوەو خۆی رای کرد بۆ ئینگلتەرا.

راگەیاندنی کۆماری دووەم

هەموو هەوڵی میانڕەوان لە پەرلەمان لە پێناو سپاردنی تەختی پادشایەتی بە شاژن بێ هودەبوون.

لە ژێر فشاری جەماوەر لە 25ی شوباتی 1848کۆماری فرانسا راگەیەندرا، لەهەمان رۆژیش حکومەتێکی کاتی لە هەموو پێکهاتە سیاسیەکان بۆ بەڕێوە بردنی وڵات دامەزرا، بەناو بانگترین کەسایەتیەکانی ئەو حکومەتە شاعیری ناسراو لامارتین کە وەزارەتی دەرەوەی گرتە ئەستۆ ولۆدرۆ رۆلان وەزارەتی ناوەخۆی گرتە ئەستۆ، نوسەرو بانگخوازی سۆشیالیست لویس پلان وکرێکارێکی بلیمەتی تا ئەوکات نەناسرابوو بەناوی ئەلکسەندەر ئەلبێرت.

یەکەم کارەکانی حکومەتە کاتیەکە ئازاد کردنی رۆژنامەو ئازادیە گشتیەکان و بانگەوازی کردنی هەڵبژاردنەکان بوو کە دەستورێکی دیموکراسی بۆ کۆماری فرانسای نوێ دابنێ. لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی لویس پلان دامەزرا ئەرکی دامەزراندنی کارگەو وۆرک شۆپی پێ سپێردرا بۆ نەهێشتنی بێکاری، هەوڵی ئەوەش بدرێ کە بنەماکانی تیۆریی سۆشیالیستی لەم کاتە پیادە بکرێن. روداوەکان زۆر بە خێرا دەرۆیشتن هەوڵ وبیرۆکەکان بێ ئەوەی لە نەگونجانیان بترسن سەپێندران وراپەڕێنران، ئۆپۆزسیۆنەکان خۆشیان لەگەڵ چاکسازی وبەرگری ونەهیشتنی ستەم و زۆرداری دابوون ئەوان هیچ بەرنامەیەکی هاوبەشیان نەبوو، چونکە حکومەتە کاتیەکە لە زۆرینەی میانڕەوان وکەمینەی شۆڕشگێرەکان پێک هاتبوو ئەوان داخوازیەکانی جەماوەرو چینی هەژار یان جێبەجێ دەکردن کە چاکسازی ریشەیی داموو دەزگاکان بوو، لەژێر جۆش وتامی سەرکەوتنەکان هەموو لایەک داوایان لە لویس پلان دەکرد بە هەرشێوەیەک بێ بێکاری نەهێلێ، هەرچەندە زۆر لە هەنگاوەکانی لویس پلان لەگەڵ بۆچونەکانی هەندێک لە ئەندامانی حکومەتی کاتی دانەبوون.

ئەو کاتەی حکومەت بڕیاری دا هەموو کەسێک مافی کارکردنی هەیە خەڵکەکە هەلهەڵەی خۆشیی لێدەدا، پۆل پۆل خەڵک بە پیر بانگەوازەکەی لویس پلان روەو وۆرک شۆپەکان دەرۆیشتن بۆ ناونوسین وکارکردن رۆژی بە 2فرانک.

تەنها مانگێکی نەبرد کاتێک هەموو لایەک بە تایبەتی لویس پلان توشی شۆک وبێ ئومێدی هاتن بەهۆی بێ ئەنجامیی بەرنامەکەیان، لویس پلان خۆی کابرایەکی تیوری بوو ئەم دور بوو لە کاری پراکتیکی ئەوەی ئەم کردی تەنها رازی کردنی خەڵکەکەبوو هیچ لە بەرهەمی کارگەکانی نەگۆری کرێکارەکان رۆژانە دەچونە کارگەکان بێ ئەوەی هیچ کارێک بکەن 2 فرانکیان وەردەگرت و دەگەرانەوە دواتر ئەم پارەیە هەر خۆی لە گەنجینەی دەوڵەت بوونی نەبوو،ئەم کارەی لویس پلان دور بوو لە بەرنامە وپلانی ئابووریی سارستیانەی وڵات بۆیە هەر زو شکستی هێنا. ئەمە لەسەر ئاستی کەرتی گشتی.

لەسەر ئاستی کەرتی تایبەتیش لە بەرامبەر بەردەوامیی شۆرش خەڵک گرەنتی و متمانەی بە بانک وسەرچاوەکان نەماخاوەن کارگەکان وورده وورده سەرمایەکانی خۆیان دە کێشایەوە، بازاڕ پارەی تیا نەما بێکاری پەرەی سەند پشتیوانەی پارەی فەرەنسی لە بانکەکانی دەرەوە بەهای نەما.

لە نیوەی مانگی ئادارو نیوەی نیسان خۆپیشاندانی کرێکاران بۆ پشتگیری کردنی بەرنامەکەی لویس پلان و داواکردنی کار دەستی پێکرد. بەڵام لویس پلان بە روالەت شکستی هێنا ناچار بوو خۆی لەناو حکومەتەکە شاردەوەو کارو ئەرکەکانی بە وەزیری ناوەخۆ سپاردن ئەویش ئەرکی پاراستنی ئارامیی وڵاتی لەسەروی هەموو ئەرکەکان دەبینی.

دواتر هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی دامەزراندن هاتە پێش،بۆ فرانسا یەکەم ئەزمون بوو کە هەموو فەرەنسیەکان دەنگ بدەن، ئەمەش دیسان نیشانەیەکی پابەند بوونی ئەوانە بە دیموکراتی و دوریان لە هزر و بیردۆزە توندڕەویەکان.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کۆماریە میانڕەوەکان کە نوێنەری چینی بۆرجوازو پیاوە بازرگانەکان و پیشەسازیەکان 500کورسیان وەدەست هێنان، پادشاییەکانیش 200کورسی، کۆماریە چەپڕەوەکان وسۆشیالیستەکان تەنها 100کورسی یان وەدەست هێنا.

بەم شێوەیە رێگاکە لەبەردەم شۆرش رونتر بوو.

یەکەم ئەرکی ئەنجومەن دانانی دەستورێکی دیموکراسیی نوێ بوو، ئەم دەستورە فرانسای کردە کۆمارێکی دەستوری سەرۆکی کۆمار حوکمڕانیی بکات بۆماوەی 4 ساڵ لەلایەن گەلەوە ڕاستەوخۆ دێتە هەڵبژاردن، هەموو دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن دەخرێنە بەردەستی سەرۆک، دەسەڵاتەکانی یاسادانانیش دەخرێنە بەردەست ئەنجومەنێکی نوێنەران کە هەر 3ساڵ جارێک دێتە هەڵبژاردن لە 750 ئەندامیش پێک دێت.

لەیەکەم هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا کە لە دێسەمبەری 1848 ئەنجام درا لویس ناپۆلیۆن ی برازای ناپۆلیۆن بۆناپرت بە 5500000 پێنج ملیۆنو نیو دەنگ لە کۆی حەوت ملیۆن دەنگ بە سەرۆک کۆمار دەرچو، هەر وەکو پێشتر رای گەیاندبوو ئەم بۆ ئەوە خۆی هەڵبژاردوە تا پێگەو ستونەکانی ئارامی وئاسایش لە وڵات قایم بکات.

له 2ی دێسەمبەری 1852لەسەر داوای ئەنجومەنی یاسا دانان گەلی فرانسا رەزامەندی یان دا بە دامەزراندنی ناپۆلیۆن وەکو ئیمپراتۆری فرانسای. بەم شێوەیە کۆماری دووەم لە فرانسا هەناسەی هەلکێشاو لە قۆناغی سەرەتای دایە.

لە کۆتایی دەبێ شتێک لە هەلۆیستی ئەوروپا وگردبوونەوەی هاوپەیمانێتی لەسەر شۆڕشی شوباتی 1848بزانین.

هەر لەسەرەتاوە بریتانیا هەولی ئەوەی دا دان بە کۆماری دووەمی فرانسا بنێ وەکو ئاماژەیەک کە رازی نیە کەس دەست لە کارو باری وەر بدات. بەڵام هاوپەیمانێتیی پیرۆز بەشێوەیەکی لاواز هەندێک چالاکیی نارەزایی دەربرین وەکو دوایین چالاکیی بەر لە ون بوونی یەکجارەکیی، نەمساش لەفرانسای داواکرد کە ریز پابەندیی خۆی بۆ هاوپەیمانێتیەکان رابگەیەنێت، مەبەستی بریارەکانی کۆنگرەی ڤیەننا بوو.

بەڵام دواتر بەهۆی بلاو بوونەوەی گڕی شۆڕش لە هەموو ولاتە هاوپەیمانەکان ئەوەندەیان بۆ مایەوە هەریەکە خەریکی باری ئالۆزی ناوەخۆی و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بێت، کۆتایی لێدوانەکان بە لێدوانەکەی لاپارتین ی وەزیری دەرەوەی فرانسا هاتن کاتێک وتی نیازمان نیە بۆ ئەوە بگەرێینەوە دان بە رێککەوتنەکانی سالی 1815دا بنێین.

شۆڕشی نەمسا- هەنگاریا(مەجەر)

بە درێژایی ماوەی حوکمڕانیی مەترنیخ هەولی دەدا بەهەر بەهایەک بێ سیاسەتی دیفاکتوبەسەر ئیمپراتۆریەتی نەمسا دا بسە پێنێ. واتە هەمان سیاسەتی دەرەوەی کە لەگەڵ ئەوروپا گرتبوویە بەر، هەردەم خۆی لە هۆکارەکانی گۆڕان دوردەخستەوە بۆ ئەوەی دۆخەکان هەر بەکۆنی بمێننەوەو ئەویش خۆی بە سیاسەتی دەرەوە خەریک بکات، فاکتەری راپەراندنی کارەکانیشی پۆلیستاری بوون، پۆلیسی کردبووە داردەستی خۆی بۆ پاراستنی دەسەلات و سەلامەتی خۆی. چاودێری و سانسۆری خستبووە سەرچاپەمەنی و رۆژنامەکان، دانیشگەو مامۆستاکان لە ژێر ئەوپەری چاودێری دابوون بە دیدی ئەم بنکەی هەمووراپەرین و کارە چالاکیەکانی راپەرینن، هەموو بزوتنەوەکانی شانۆگەری وهونەری وێنە کێشانی خستبووە ژێر فەرمانی خۆی، پۆلیسی سەرفرازکردبوو بۆچاودێری کردنی هەموو کارەکان تەنانەت نامەی هاولاتیانیشیان دە پشکنی، ئەوەبوو کە گرِیلبارزر شاعیرلە نامەیەکیدا بۆ بێتهۆڤنی نوسی، حەسودیت پێ دەبەم بەوەی تەنها مۆسیک جاسوسیی وچاودێریی لەسەرناکرێ.

مەترنیخ بەم کارانە دەیەویست هەموو پەنجەرە کانی سنوری ولات بگرێ بۆ ئەوەی بای بیری ئازادی نەگاتە هاولاتیانی نەمسایی و توشی نەخۆشیی شۆڕش وبیری ئازادی نە بن، ئەو نەخۆشیەی دوای شۆڕشی فەرەنسی خەلک پێی ئاشنا بوون، مەترنیخ لە هەلوەشاندنەوەو لەبار چونی جەستەی ئیمپراتۆریەتەکەی دەترسا، گوێی بە هیچ داخوازی وگۆڕانێک نەدەدا بە درێژایی سەردەمی حوکمڕانیی ئامادە نەبوو هیچ چاکسازیەک بکات، هەردەم بانگەوازی خەلکی رەت دەکردەوە کە داوای چاکسازییان دەکرد بە مەزندەی ئەو باشترین چاکسازی ئەوەیە هەموو پەیوەندیەکانی شارستانێتی لە نێوان ئەوروپای رۆژئاواو نەمسا بپچرێنێت.

له لایەکەی تری حوکمەوە دەنگی ناڕەزایی لە بەرهەڵستکارەکان رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبووو خەڵک بێزارتر دەبوون ژمارەی ئۆپۆزسیۆن روەو هەڵکشان بوو، ئەوکاتەی ساڵی 1848داهات بێزاریی خەڵک لە مەترنیخ گەیشتبووە لوتکە، ئەم پیاوە ببووە دوژمنی سەرەکیی هەموو ئەوانەی بیر لە ئازادی ومافی چارەی خۆنوسین دەکەنەوە، وای لێ هاتبوو پۆلیس نەیدەتوانی زاری ئەو هەموو خەڵکە بگرێت کە لە هەموو شوێنێک بێزاری وناڕەزاییان دەردەبری، تەنانەت بێزاری گەیشتبووە کۆشکی پادشاش کاتێک شازادە سۆفی براژنی ئیمپڕاتۆر زۆر بە توندی رەخنەی لە رەفتارەکانی دەگرت هەروەها لە ئەنجومەنی دەوڵەت کە کاروباری ئیمپراتۆری دەبرد بە رێوە رەخنەو تاوانبار کردنەکانی بۆ دەهاتن.

لە نێوەندی بۆرجوازەکان وخاوەن پیشەساز وبازرگانەکان پرتەو بۆرە بەرز بوونەوە دەنگی ناڕەزایی داوای گۆرنکاریان دەکرد داوای رژێمێکی دیموکراسیی دەستوریان دەکرد کە ئازادی ویەکسانی بۆ خەڵک دەستەبەر بکات.

ئەو نەیوێرا بۆرجوازەکان تاوانبار بکات بەڵام کرێکارو شۆڕشگێرەکانی بەوە تاوانبار کرد کە کار بۆ روخانی حکومەت دەکەن ئەمەش گیانی ئیمپڕاتۆریەت دەخاتە خەتەر بەهۆیەوە دانی بە لاوازی حکومەتەکەی نا زیاتر لە جارێک هاواری کردبوو ووتبووی : پشتگیری لە رژێمێکی روخاو دەکەم. لەگەڵ درک پێکردنی بە لەدەست دانی جلەوی حوکم بەهۆی بێ توانایی لە مامەڵە کردن لەگەڵ گۆڕانەکان وبەساڵا چونی تەمەنی و بێتوانایی لە گونجانی رژێم لەگەڵ دۆخە نوێکان خۆی دایە دەست قەدەر ولە کۆشک لێی دانیشت لە چاوەڕوانی یەکی نەدیار.

لە 1848بای شۆڕش لە سێ لای جیاوە هەلیان کرد.

ا _ لەسەر ئاستی حکومی دەسەڵاتی وڵات لەو پەری لاوازی دابوو، فەردیناندی ئیمپڕاتۆر هەم لەڕووی تەمەن هەم لە روی ئەقلەوە پەککەوتە ببوو ئەوەی لە تواناداا نەما بوو بەرپرسیارێتیی وڵات بگریتە ئەستۆ، ووڵات ئەوسا لەلایەن ئەنجومەنی دەوڵەتەوە بەڕێوە دەچو ئەویش مەترنیخ خۆی بەسەردا سەپاندبوو، ناڕەزایی خەڵک لە مەترنیخ رەنگی دابووەوە سەر دام ودەزگا حکومیەکان :

ب _ لە سەر ئاستی ئازادیە گشتیەکان دیسان خەڵک لەوپەڕی ئازارو ناخۆشی دا دەژیا، دەزگا پۆلیسیەکەی مەترنیخ کە بۆ چاودێری کردن وخەڵک تۆقاندن دایمەزراندبوو لە توانای نەمابوو پێش لە هەوای ئازادی و بیری شۆڕشگێڕانەی رۆژنامەگەر و خوێنداکارە رۆشنبیرەکان بگرێ بۆ ئەوەی هەواڵەکان لە فرانساوە نەگەن، ئەم حەزەی خاوەن پیشەو خوێندکارو رۆشەنبیران بۆ کە شو هەوای ئازادی کە سەرتاپای ئەوروپای گرتبووەوە خەڵکی نەمساش حەزی لێ بوو.

ج_ سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتیەکی بەهێز لە لایەن گەلانی ئیمپڕاتۆریەت وەکو هێزێکی کاریگەر مەترسی ترین شت بوو کە مەترنیخ لێی دەترسا چونکە ئەو رەفتارو کارە توندو تیژیەکانی لەگەڵ نەیارانی بەکار دەهێنا پاساوی ئەوە بوو تا تەوژمی رەوتی نەتەوایەتی ئەوەی لە فرانسا رویداوە نەگاتە نەمسا، ئەو دڵنیا بوو تەنها ئەم رەوتەیە دەتوانێ کورسیەکەی لەق بکات. ئیمپڕاتۆریەت لە گەڵێک نەتەوەی لەیەک جیا پێک هاتبوو، جیا لە روی ئاین،زمان، رەگەز،شارستانیەت... هیچ شتێک لە یەکی نزیک نەدەکردنەوە جگە دلسۆزی بۆ ئیمپڕاتۆریەت نەبێ. لەم ئیمپڕاتۆریەتە ئەڵمان و پۆلۆن وسلۆڤاک وچیک ورۆمان و کروات

وسلۆڤین وئیتالیی تیا بوو، لەمە خەتەرناک تر هەیە هەریەک لەم نەتەوانە داوای مافی چارەی خۆنوسین بکا هەر یەکەی بەلایەکدا بروا؟ ئەوەی لە هەموو شتێک مسۆگەر ترە ئەوەیە کە لە توانای مەترنیخ دا نیە ڕەوڕەوەی مێژوو بووەستێنێ لە روی ئەم هەموو رووداوانەدا بەرگری بکات رێگە لە گۆڕان و بەرەو پێش چون بگرێ ئەوەبوو روداوەکانی ساڵی 1848 ئەم بۆچونانەیان سەلماندن.

شۆڕش لە ڤیەننا

رەنگدانەوەی شۆڕشی شوبات لە فرانساو شۆڕشەکانی ئیتالیا وئەڵمانیا ی رۆژئاوا بە شێوەیەکی بەرچاو لە شەقامەکانی ڤیەننا دەنگیان دایەوە تا لە 3 ی ئاداری 1848 کۆمەڵێک خۆپیشاندانی خوێندکار وکرێکاران شەقامەکانی ڤیەننایان هەژاند، خۆپیشاندەران هێرشیان بردە سەر کۆشکی دییات ئەندامەکانیان ناچارکردن داوا لە مەترنیخ بکەن دەست لە کار بکێشێتەوە، لەهەمان رۆژ کاتێک سەربازەکان تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد وخوێن رژا ئیتر شۆڕش راگەیەندرا، ئەوساتە پادشا دەستی لە مەترنیخ هەڵگرتو داوای لێ کرد هەر ئێستا دەست لە کار بکێشێتەوە، دوو رۆژ دواتر مەترنیخ وڵاتی جێ هێشت و بەرەو ئینگلتەرا رای کرد.

ئەوەندەی نەبرد شڵاوی شۆڕش هەموو ناوچەو شارێکی گرتەوە بە پایتەختیشەوە داخوازیەکانی گەلان بەرز بوونەوە بە دامەزراندنی حکومەتێکی دەستوریی دیموکراسی کە هەموو داخوازیەکانی گەلان جێبەجێ بکات بەتایبەت جوتیار وکرێکارەکان تا ئەو جیاوازیەی لە نێوان ئەوان وشکۆمەند و نوبەلاکاندا هەیە ئەوانەی خاوەنی مولک و سەرمایەی زۆرن و لە باج وخزمەتی سەربازی بووردراون و پۆست و پلە بەرزەکانی حکومەتیشیان قۆرخ کردوە.

دوای راکردنی مەترنیخ لە نێو سەنتەرەکانی حوکم دا کۆمەڵێک وەزیری ئازادیخوازی تێ کەوتن. دواتر لەئەنجامی هەندێک روداوی توندو تیژی لە 15 ی مایۆ و رێککەوتن لەسەر داواکردنی ئەنجام دانی هەڵبژاردنی نوێ بەشێوەیەک هەموو کەس بۆی هەبێ دەنگ بدات بۆ دانانی دەستورێکی دیموکراسیی نوێ، مافی هەموو کەسی لێ مسۆگەر بێ، ئەنجومەن یەکەم کۆبونەوەی خۆی بەست.

لە 31 ی ئاب کاتێک بریاری هەڵوەشاندنەوەی مافی دەرەبەگایەتی درا یەکەم بەرهەمی شۆڕشیان چنی، کێشەکانی نێوان هاوڵاتیان بە رونی بەدەر نەکەوتن، بەڵام بی ئومێد بوون لە هەلی دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراسی بە مانەوەی ئیمپراتۆریەت.

روداوەکانی هەنگاریا

هەنگاریەکان خاوەنی مێژوویێکی پڕ لە سەروەریی کۆن بوون تەنانەت بەر لەوەی بێنە ژێر رکێفی ئیمپراتۆریەتی نەمساش، ئەوان بە هەوڵو توانای خۆیان دۆخێکی جیاوازیان بۆ خۆیان خوڵقاندبوو، تەنها ئەوان دەستورێکی کۆنی تایبەتیان هەبوو بۆ رێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان ئیمپراتۆریەت و ئۆروستوکراتی بەم دەستورە مافە کۆنەکان دەپارێزران، هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە بانگەوازی

نەتەوایەتی لە ناو هەنگاریایەکان بڵاو ببووەوە، مەزنترین گوتار خوێن و رۆژنامەنوسی نەتەوایەتیان کۆسسوت بوو، کە کاری بۆ ژیاندنەوەی زمانی هەنگارییی کۆن کردو لە شوێن زمانی ئەڵمانیای دانا کە ئەوسا زمانی فەرمیان بوو، هەر ئەویش بوو بانگەوازیی بۆ سەربەخۆی وڵاتی کرد.

لاگۆس کۆسسوت

توانیی سود لە روداوەکانی 1848 ی ڤیەننا و ئیتالیا وەربگرێت کە وڵاتی بەرەو پەشێوی برد بەهۆیەوە دەوڵەت ڕوبەڕووی تەنگ وچەڵەمە هات،هێرشیان بردە سەر دییات زۆریان لێ کرد کە بڕیار لەسەر دامەزراندنی حکومەتێک بدات بە سەرۆکایەتی ئەم لەگەڵ دامەزراندنی پاسەوانی ئەهلی و دانانی دەستورێکی نوێ بۆ ووڵات. هەر بە هەوڵەکانی ئەم بوون بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتە دارایە کۆنەکانی چینی ئۆروستوکراتەکان درا لەگەڵ ئەویش مافی دەربەگە کانیش هەڵوەشێندرایەوە بە رەها کردنی ئازادیی رۆژنامەو ئازادیە گشتیەکان، واتە کۆسسوت توانیی بە یەک کەرەت دەوڵەتێکی دیموراسیی نوێ لە هەنگاریا دابمەزرێنێ.

روداوەکانی پراگ

لە پراگیش میساقی بۆهیما پەخش کرا ئەمەش وەکو دەستورێکی دیموکراسیی ئازاد ئەژمار دەکرێت کە مافی چارەی خۆنوسین ئازادیە گشتیەکان بە چیکەکان دەدا. دواتر لە حوزەیرانی هەمان ساڵ کۆنگرەیەکی گشتی لە سەر ئاستی هەموو گەلانی سلاڤی لە ئیمپڕاتۆریەت بەسترا:
چیک، سالۆڤاک، رۆتین، سلاڤیۆ ی خوارو و پۆلۆنیەکان و روسەکان. ئامانج لەم کۆنگرەیە تاو توێ کردنی توانای دامەزراندنی یەکیەتیی سلاڤی بوو، بەهۆی ئەوەی نەمسایی و ئەڵمانەکان رقی زۆریان لە گەلی سلاڤی بوو ئەم کۆنگرەیەش خۆی دروست کردنی تەگەرەیەک بوو لە بەردەم ئیمپراتوریەت بۆیە ئەم کۆنگرەیە شەپۆلێکی وروژاندن و رەگەز پەرستیی لە ڤیەننا لە نێوەندی سەربازی و وسیاسیدا دروست کرد. ئەوەی پتر بەرپرسەکانی توشی ترس ودلە راوکێ کرد گەشە کردنی ئەم شەپۆڵە بوو لە نێو

نەتەوەکانی کروات وسرب و رۆمانیەکان ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی هەنگاریەکان دان ئەوانیش کاریان بۆ هەمان هەنگاو دەنا بۆ ئەوەی بە مافە رەواکانیان شاد بن لەوانە مافی چارەی خۆنوسین.
لە کاردانەوەی ئەم روداوانە لە 17ی حوزەیران فەرماندەی سەربازگەی نەمسا لە بۆهیمای چیکۆسلۆڤاکیا لەشکرێکی لە سەربازەکان رێکخست بەرەو پراگ هەڵمەتی برد ، توانیی دەست بەسەر شاردا بگرێ و بڵاوەش بە کۆنگرەکە بکاو حکومەتە خۆجێیەکەش لەناو بەرێ.
لە 27 ی ئۆکتۆبەر ویندشگراز فەرماندە و پالەوانی داگیرکردنی پراگ توانیی بزوتنەوەی دیموکراتیخواز لە نەمسا لەناو بەرێ دوای ئەوەی گیانی شۆڕشگێریی تیا کەم ببو بەهۆی گۆرانی دۆخەکان ئاراستە کۆنەپارێزەکان بەسەر دۆخەکاندا زاڵ ببون لەم کاتەدا کێشە جوداخوازیەکان سەریان هەڵدابوو.
لە 21ی نۆڤەمبەری 1848سیاسەتمەداری بەناوبانگ شوارتزن برگ کە بە هەوڵو بلیمەتی خۆی توانیی ئەرکانی حوکم لە ڤیەننا لەسەر بنەمایەکی دەزگایی بسەپێنێ و بروا بە سەلامەتی ئیمپراتۆریەت بێنێ و زۆر لە فەردیناندی نەخۆش و لاواز بکات دەست لە تەختی پادشایەتی هەلگرێ بۆ بەرژەوەندی فرانسوا جۆزێڤی برای.
لە بەرامبەر گەشەسەندنی هزری جوداخوازی لە ناو هەنگاریەکاندا حکومەتی نەمسا بیری لەوە کردەوە کە دراوسێکانیان لێ هاندەن، بیریان لە کرواتە وشکەکان کردەوە کە بۆ ئەم مەسەلەیە توند وبەقینن لێیان، لەلایەن خۆشیەوە لەشکرێکی بۆ ناردن تا ناچاریان بکات دەست لە مەرامەکانیان هەڵگرن، بەڵام بەهۆی خەریک بوونی حکومەتی نەمسا بە شۆڕشەکانی ئیتالیا لە 1848لە توانایدا نەبوو بەخێرا هەنگاریەکان ناچار بکات، ئەمە بووە هۆی ئەوەی نەتەوەخوازەکان و سەرکردەکەیان کۆسسوت بتوانێ جێ پێی خۆی لە ناو شۆڕشگێران قایم کاو لە نیسانی 1849دامەزراندنی حکومەتێکی کۆماریی دیموکراسی ی سەربەخۆ لە هەنگاریا را بگەیەنێ.
لە بەرامبەر پەرەسەندنی بزوتنەوە رزگاریخوازەکاندا نەمساییەکان هیچیان بۆ نەمایەوە ئەوەندە نەبێ داوای کۆمەک لە قەیسەر بکەن، ئەویش لە ئابی 1849 هەرزو بە پیریانەوە چوو لەشکرێکی مەزنی ناردە سەر کۆماریخوازەکان وحوکمەتەکەیانی لێ روخاند و سزای زۆریشی بەسەردا سەپاندن.

شۆڕشەکانی ئیتالیا

ئەگەر نەمساییەکان لە 1830توانیان بەسەر شۆڕشەکانی ئیتالیەکاندا زاڵ بن و هەر زوو بەزوو یاسایەکی توندو ستەمکاریان بەسەردا بسەپێنن ئەوا ئەمە رێگە لە دوبارە ژیانەوەی تۆی ئازادی ناگرێ کە لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسیەوە لە ناخی ئەو میلەتە چێندراوە. دۆزی ئیتالیەکان تەنها لەلایەن ئیتالیەکان خۆیانەوە گرنگ نەبوو، بەڵکو لە هەموو دونیا جێی بایەخ وگرنگی پێدان بوو ئەویش بەهۆی مێژووی پڕ لەسەروەریی ئەم نەتەوەیەو رۆلی پڕ بایەخیان وێڕای ئەو ستەم وزۆرداریەی لەدەست مەترنیخەوە بینیان، ئیتالیە پەناهەندەکان بۆ هەر وڵاتێک بچوبان، بەگەرمی پێشوازیان لێ دەکرا.

مازینی

مەزن ترین و قارەمان ترین کەسی راکردو یەکێک لە ئەستێرە درەوشاوەکانی بوواری رزگاری مازینی بوو،بەهۆی چەوساندنەوەو ستەمکاریی دەسەڵاتدارانی نەمسا لە لەندەن میوان بوو، دامەزرێنەری بزوتنەوەی ئیتالیای فەتات بوو

مازینی

لە دەرەوەی وڵات وەکو چاوێکی خەولێنەکەوتو کاری بۆ رزگار کردنی وڵاتەکەی دەکرد لە پەیوەندیی بەردەوامیدا لەگەڵ خەباتگێرانی ناوەوە و دەرەوە لە کارو چاڵاکیەکانی دا بەردەوام بوو، هەرچەندە شاعیری ئینگلیزی ی مەزن بیرۆن لەو نەبوو لە روی شۆڕش گێری و دلسۆزیی بۆ دۆزەکە.

مازینی لە بەیاننامەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیتالیای فەتات لە ساڵی 1831لە دەربڕینی رای خۆی سەبارەت بە دوارۆژی نەتەوەکەی ووتی :دوارۆژی نەتەوەی ئیتالیا دەبێ لە سەر سێ بنەما دا بمەزرێ: سەربەخۆیی، رزگار بوون لە حوکمی بێگانە، یەکبوون. بەم شێوەیە بزوتنەوەکەی بەرەو رەوشێکی تر برد بەرەو ئامانجی یەکبوون جیا لە بزوتنەوەی 1830دور لە رۆمانتیکی، بۆ بەرنامە و ئامانجەکانی پلانی دیارو رونی دەست نیشان کردن هەزارەها رۆلەی خۆبەخت کاری کۆمەڵەی ئیتالیای فەتات ی بۆ لە ژوان دانان، بەنهێنی وبە ئاشکرا، خۆشی پەیمانی دا تا سەرکەوتن بخەبتێ، ئەوەی ڕاستی بێ بانگەوازەکەی مازینی بۆ یەکیەتی و رزگارکردن لە نیوەندی گەلی ئیتالیا زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێ کرا تەنانەت لە لایەن هەندێک لە نیوەندەکانی فەرمانڕەواکانیش بەپیریەوە هاتن، شارل ئەلبرت پادشای بیامۆن وسەردینیا بانگەوازەکەی مازینیی پێ پەسند بوو دروست بوونی وڵاتێکی ئیتالیای یەکگرتوی ئازاد دور لە کۆدو بەندی داگیر کاری بووە مایەی ئەوەی هێدی هێدی لێی نزیک بێتەوە.

گاریباڵدی

گاریباڵدی

لە ئەمەریکای لاتینی دورخراوەیەکی تر گاریباڵدی بوو ئەویش بلیمەتێکی تری نیشتمانپەروەری ئیتالیا بوو کە هەوڵی بۆ رزگار کردنی نیشتمانەکەی دەدا،لە منداڵیەوە هۆگری بیری ئازادی بووە ئەوکاتیش بڕوای بە بیروراکانی مازینیی هێنوەو بەهۆیەوە پەیوەندیی بە ریزەکانی کۆمەڵەی ئیتالیای گەنج ەوە کردوە، لە ناخەوە بڕوای بە رزگار کردنی نەتەوەکەی هەبوو هەردەم دەیووت (مردن لە ژیانی کۆیلەتی باشترە).

لەئەنجامی سەرنەکەوتنی بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازانە لە کەشتیگەلی بیامون ناچار دەبێ بۆ ئەمەریکای خوارو رابکات لەوێش بە کارو چالاکیی رزگار کردنی نەتەوەکەیەوە خەریک دەبێ کۆمەڵێک گەنجی خوێنگەرم لە خۆی کۆ دەکاتەوە لەو ئەزمونە فێری گەلێ شت دەبێ، لە کاتێکا پیاوێکی سیاسەتمەدار بوو، بووبە پیاوێکی خاوەن ئەزمون و شارەزاش لە بوواری سەربازیدا ئەمەش لە داهاتوو لە کاتی دامەزراندنی کۆمکاری (کراسە سورەکان) لە ئیتالیا بە هانایەوە دێ، لە ئاوارەییەوە گاریباڵدی پەیوەندیی باشی لەگەڵ هاوەڵ ودۆستانی ناوەوە هەبوو بە تایبەت لەگەڵ مازینیی مامۆستا و سەرۆکی لە ئینگلتەرا.

بەر لە قۆناغی شۆڕشەکانی 1848لە ئیتالیا وێڕای ستەم وتۆقاندن، بیرو راکانی مازینی وگاریباڵدی لەناو خەڵکدا وەکو بای ئازادی ودیموکراسی جولەو بڕیاریان هەبوون ئەم جولەو ئەزمونانە خۆیان بەسەر دۆخەکاندا سەپاند.

سەرکەوتنی پاپا بیۆسی نۆیەم لە1846بۆ سەر کورسیی دەسەڵات جێی خۆشحاڵی وگەشبینیی ئیتالیەکان بوو چونکە پاپا بیوس لە دێرزەمانەوە بە کەسێکی هەژارپەرست و نزیک لە ئازادیخوازان ناسرابوو بەتایبەت لە نیشتمان پەروەرەکانەوە زۆر نزیک بوو، لەسەردەمی ئەم لێبووردنی گشتیی زیندانیە نیشتمانپەروەرەکان درا، قۆناغی چاکسازی لە بەڕێوەبردن دەوڵەت کرا، بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی سەربەخۆ دامەزراند ئازادیی تەواو بە رۆژانمەگەری درا، نیشتمان پەروەرەکان خۆیان لەگەڵ جاکسازیەکانی گونجاندن لە زۆر رووەوە یەکیان دەگرتن، مازینی و گاریباڵدی پشتگیریەکی تەواوی هەنگاوەکانیان دەکردن هەندێک کەس ناوی پاپای یەکبوونی ئیتالیایان لێ نابوو.

لە 1847دوای ماوەیەکی زۆر لە دودڵی شارل ئەلبرت بڕیاری دا وەزارەتەکان رادەستی ئازادیخوازەکان بکات و ئازادیی رۆژنامەگەریی راگەیاند، دواتر لیۆبۆلد ی دووەمیش هەمان هەنگاوی لە توسکانە نا، ئامێری پۆلیسی هەلوەشاندەوەو ئازادەیکانی رەها کردن.

شۆڕش

کاتێک ساڵی 1848داهات لەبەردەم ئیتالیەکان هەموو شتێک رون و ئاشکرا بوون دەبووایە هەموویان کار بۆ بەئەنجام گەیاندنی سێ ئامانجەکانی مازینی بکەن کە بریتی بوون لە: وەدەرنان، سەربەخۆیی، یەکبوون. ئەگەر بمانەوێ ئیتالیا سەرلەنوێ بژیێنینەوە، هەرسێ ئامانجەکان بە یەکەوە بەستراون. هەر لە رۆژی یەکەمی ئەو ساڵ دیار بوو کە کەش و هەواکانی ئیتالیا بەلای پەشێوی و یاخی بوون دەرۆن، کت و مت وادەرچوو، لە 12ی جەنیوەری کاری توندو تیژی لە میرنشینی ناپۆلی و سقلیە دەستیان پێکرد پادشا فەردینان ناچار کردا دەستورێکی دیموکراسی لە شێوەی دەستوری فرانسای 1830بە گەلەکە بدات، هەروەها پادشای بیامۆن شارل ئەلبێرت لە مانگی ئادار و دواتر پاپاش هەمان هەنگاویان نا. خەڵکە نیشتمان پەروەرەکە ئەو کاتەی هەستیان بەوە کرد کە پێدانی دەستورێکی دیموکراسی مانای رزگاربوون لە حوکمی بێگانە دەگەیەنێ، ئەمە بووە ئومێدی ئیتالیەکان بۆ دەست کردن بە شەڕو بەگژداچونەوە ی نەمساییەکان، یەکەم کەس کە بڕوای بەوە هێنا پادشای ئیتالیا شارل ئەلبێرت بوو، هەرزو پەیمانی شەڕکردنی دژی نەمسا دا.

لە ئەنجامی رودانی کاری توندوتیژی لە ڤیەننا وروخانی مەترنیخ نیشتمان پەروەرانی بووندقیەو لمبادیا کە دوو میرنشینی سەر بە نەمساییەکان بوون بڕیاری رزگاریان دا، لە هەر یەک لەو میرنشینانە حکومەتی

نیشتمانی دامەزران جیابوونەوەی خۆیان لە ئیمپراتۆریەت راگەیاند و لەشکر و سوپای نەمسایان لە خاکی خۆیان وەدەر نا. چونکە ئەم دوو میرنشینە دەیان زانی نەمسا بەمە رازی نیە، سەرکەوتنی ئەمان مانای روخانی نەمسایە لە ئیتالیا، بۆیە داوای کۆمەک و هاوکاریی لە شارل ئەلبێرتی پادشای بیامۆن کرد، ئەم پیاوە دەیزانی کە بەتەنیایی ناتوانێ بەر لە لەشکرە زەبەلاحەکەی نەمسا بگرێ چونکە هێزێکی لە باکوری ئیتالیا بە فەرمانداریێتی رادتسکی جێنیشە بۆیە لە ژێر فشاری ئیتالیە نیشتمان پەروەرەکان توانیی 30هەزار سەرباز لە پاپا وتوسکانە وناپۆلی وەرگرێ. سەرەرای ئەوەی ژمارەی 85هەزار سەربازی لەبەردەست بوو بەڵام ناشارەزا بوون، وەکو بەدەنگەوە هاتنی براکانی لە بووندەقیەو لمباردیا شارل ئەلبێرت لە 25ی ئادار 1848لەشکرەکەی بۆ باکور ناردو بریاری شەڕی لەگەڵ نەمسا دا. بەڵام لەشکری نەمسا کە خاوەن تفاق و راهێنانی سەربازی یەکی بەرزدەبێ لە مانگی تەموز لە شەڕی کۆستۆزا توانیی بەسەر لەشکرەکەی ئیتالیادا زاڵبێ و شارل ئەلبێرت ناچار بکا داوای ئاگر بەستی گشتی بکات.

بەهۆی چەند سەرکەوتنێکی بچوک و لە ژێر فشاری خەڵک پادشای بیامۆن لە ئاداری 1849ئاگر بەستەکە دەشکێنێ و دوابارە لەگەڵ نەمسا دەست بە شەڕ دەکاتەوە. بەڵام هەر دوای 10رۆژ نەمساییەکان توانیان لە شەڕی نۆڤار دیسان شکست بە هێزەکانی ئیتالیەکان بهێنن، ئەوسا شارل ئەلبێرت ناچار دەبێ کە دەست لە دەسەڵات وتەختی پادشایەتی هەلگرێ بۆ کورەکەی عەمانۆئلی دووەم، ئەویش لەگەڵ نەمساییەکان دەکەوێتە ئاگر بەست ودۆخەکەی لمباردیا وبووندەقیە بۆ ساڵەکانی بەر لە 1848دەگەرێننەوە.

دوای شکست خواردنی لە شەڕی کۆستۆزا لە ناوچەی مومتەلەکاتی پاپا ناکۆکیەک لەسەر چۆنیەتی پەیوەندیەکان لەگەڵ نەمسا کەوتە نێوان لایەنگرانی پاپا ولایەنگرانی مزاینی، هەرچی پاپا بوو لە پێنا یەکیەتیی کریستیەکان نەی دەویست ناکۆکی بکەوێتە نێوان ئەم ونەمسا نەبادا لە ئەنجام لەیەک دابرانێک لە نێوان کەلیسای رۆما وئیمپراتۆریەت رو بدات، ئەم هەڵوێستە بووە هۆی راکردنی پاپا و دروست بوونی بزوتنەوەی شۆڕشگێر لە وڵات بە سەرۆکایەتیی مزاینی، پاپا هاواری بۆ وڵاتە کاسۆلیکەکان برد وەکو نەمسا وئیسپانیا فرانسا تا سەروەت و سامانەکەی بۆ بگەرێننەوە، بەهۆی ئەوەی ئیسپانیا ئەو کات لە دۆخێکی لاواز دابوو لە توانای دا نەبوو هاوکاریی دەرەوەی سنور بکات، نەمساش بە روداو شۆڕشەکانی مەجەریەکانەوە خەریک بوو، لەم بەینە تەنها فرانسا مایەوە، لویس ناپۆلیۆن ئەوکات پێی خۆش بوو هاوکاریی پاپا بکات تا سۆزی کاسۆلیکەکان لە فرانسا بۆخۆ بکێشێ، ئەوەی لەبیر نەمابوو کە سەردەمانێک لە ناو شۆڕشگێرەکانی دا دەژیا لەریزەکانیان وەکو خەباتگێرێک کاری دەکردو دەحەوایەوە بۆ ئەو پەناگە بوو، بەهەر حاڵ فرانسا لەشکرێکی پێکەوە نا بۆ ئیتالیای نارد، لە حوزەیرانی 1849رۆمای داگیر کرد پاپای بۆ سەر تەخت گێرایەوە و کۆماریخوازەکانیشی وەدەر نان. ئەنجامەکانی، شکستەکەی کۆستوزا ونوڤار، دەستێوەردانەکەی فەرەنسیەکان، نیشتمان پەروەرەکانی توشی شۆک و رەشبینی کرد، لە ماوەی

ساڵانی 1848و 1849له نیمچه دورگەی ئیتالیا بیرو راکانی ئازادیخوازی پاشەکشەیان کرد هەموو دەزگا حکومیەکان کەوتنە ژێر پێی کۆنە پەرستەکانی بەردەست و پای نەمسابیە داگیرکارەکان.
دوای کۆتایی هاتنی کشانی شۆڕشگێڕ هیچ ئاسەوارێکی ئازادیخوازانە لە وڵات نەما تەنها ئەو دەستورە نەبێ کە پادشا عمانۆئیل رازی نەبوو لەناوی ببا و دەستی پێوە گرتبوو، ئەمە بووە تاقە تروسکایی نیشتمان پەروەران کە بە چاوی ئومێدەوە سەیری بکەن.

شۆڕشەکان لە ئیتالیا

لە ساڵی 1847 پادشای بڕوسیا فردریک گەلیۆمی چوارەم ڕوبەڕووی داواکاریەکی زۆری هاوڵاتیانی بووەوە بۆ ئەنجام دانی چاکسازیی لە دەستور کە خۆی پەیمانی دابوو.
چونکە ئەو کاتەی پادشا لە 1840 هاتە سەر کورسیی حوکم خۆی بڕوای بە بنەماکانی ئازادی ودیموکراسی و حوکمی دەستور هەبوو، بەڵام هیچی لەو پەیمان وبانگەوازانە جێبەجێ نەکردن کە هەر جار لە بۆنەکاندا دوبارەی دەکردنەوە، جگە لەمە چەندین جار بە فرتو فێلەکانی خۆی پڕۆژەکانی چاکسازی کە پێشکەش دەکران خۆی لێ دەدزینەوەو لە ئەنجامیشدا نەزۆکی دەکردن.
لەژێر فشاری بڕوسیەکان، بڕیاری دامەزراندنی یەکەم پەرلەمان (دیات) دا کە لەسەردەمی خۆی لە شوباتی 1847ەوە ئەمە یەکەم ئەنجومەن بوو ، بەڵام کاتێک پەرلەمان هەوڵی ئەوەی دا دەسەڵاتی بۆ دانانی یاسا وچاودێریی دارایی وڵات هەبێ، لە حوزەیرانی هەمان ساڵ پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە.
کاتێک هەواڵی هەڵگیرساندنی شۆڕشی شوبات لە فرانسا گەیشتنە ئەڵمانیا جولە لە نێوەندی گەلەری و نیشتمانپەروەرەکان دەستیان پێ کرد خۆپیشاندانی بەهێزلە شارەکانی باد و لۆرتمبوورگ و هاس و ناساو دەسەڵاتدارانیان ناچار کرد ئازادیە گشتیەکان رەها کەن، لە گوندەکان جوتیار و گوندنشینەکان بەگژ بەگزادەو دەرەبەگەکاندا چونەوە کۆشکو تەلاریان لێ دەسوتاندن و داکۆمێنتەکانیان لە ناو دەبردن، هەروەها لە نێوەندی کرێکارەکانیش راپەرین وباخی بوون لە شارە پیشەسازیەکان دەستیان پێ کرد. ئەم گۆڕانانە ترسیان خستە دڵی فریدریک گەلیۆمی چوارەم بۆ پێش گرتن لە روداوەکان لە 18ی ئادار داوای لە ئەنجومەنی نوێنەران کرد کۆ بێتەوە، بەڵام ئەم بانگەوازە بە درەنگ وەختانێکەوە هاتن نەتوانرا بەرۆک لە روداوەکان بگرێ وشەڕو پێکدادانی نێوان سوپا و قەڵغانی پادشا ی بڕوسیا و دەستە گەلەریەکان رونەدات.

شەڕی ناوەخۆ لە بەرلین هەلگیرسا خوێن ڕژا وسەنگەر لێدران، ڕۆژی دواتر پادشا ملی بۆ داواکانی شۆڕش کەچ کرد، گەلیۆمیی برای دور خستەوە کە بە سەرکردەی ڕاستڕەوەکان و بەرپرسی ئاژاوەو خوێن ڕژانەکە دانرا، سەربازەکانیشی لە پایتەخت وەدەر نان، پەیمانیشی دا پەرلەمانێکی نوێ لەلایەن گەلەوە هەلبژێردرێت وکار بۆ یەکەیەتیینەتەوەی ئەڵمانی بکات. دواتر دەسەڵات و وەزارەتەکانی بە دەستەی بۆرجوازیە ئازادی خوازەکان سپارد.

کاری توندو تیژی و شۆڕش هەموو کونجێکی وڵاتی گرتەوە داخوازیەکانیان لەتەک دیموکراسی دروست بوونی ئەڵمانیایەکی ئازاد و سەربەخۆ بوون، سەبارەت بە داخوازیەکانی هەموو چینی کرێکار وخوێندکار و ڕۆشەنبیر و بۆرجواز و بانگخوازانی دیموکراسی. یەک بوونی ئەڵمانیا ئامانجێکی هاوبەش بوو. بانگەواز بۆ یەکبوونی ئەڵمانیا و دەستورێکی دیموکرات و ڕزگار بوون لە چنگ خۆسەپاندنی نەمسا بەسەر کاروباری هەموو دونیا.

پەرلەمانی فرانکفۆرت

بە پشت بەستن بە داخوازیەکانی گشتی بۆ دروست بوونی یەکیەتیی ئەڵمانیا، تیپێک لە ئازادی خوازەکان لە شاری هایدل بێرگ داوای بەستنی کۆنگرەیەکی گشتیان کرد لە فرانکفۆرت وەکو کۆنگرەیەکی ئامادەکار تیایدا نوێنەرایەتی هەمو ئەنجومەنەکانی ئەڵمانیا بەشدار بن، یەکەم کاری ئەو کۆنگرە ئامادە کاریە دانانی سیستەمێکی نوێ لەسەر بنەمای دەنگدانی گشتی بۆ هەموو ئەڵمانیەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی دامەزراندن تا ئەرکی دانانی دەستورێک بۆ ئەئەڵمانیای مەزن دابنێ. بە دروستی لە 18 ی مایۆ ئەنجومەنی نیشتمانی یەکەم کۆبونەوەی خۆی لە کەلیسای پۆلس ی پیرۆز لە شاری فرانکفۆرت بەست.

هەموو ئەندامەکانی ئەنجومەن کە لە ڕۆشنبیرەکانی چینی مام ناوەند پێک هاتبوون ئەو پەری نەرمی ونیانیان نواند. سەرەڕای ناکۆکیی بیرورا و مشتومڕەکان لەگەڵ ئەوەش بریارەکان لەو پەری مام ناوەندی بوون، خۆیان لە بۆچونی کۆماریخوازی و شۆڕشگێڕی توندڕەوە دور خستەوە، بانگەوازی یەکگرتنی سەرتاسەری ئەڵمانیایان دەکرد بە هاوکاریی میر و فەرمانڕەواکان چونکە تەنها بە یەکگرتنی هەموو چینەکان دەتوانن یەکبوونی ئەڵمانیا بێ خوێن ڕشتن وەدەست بێنن، سەرەتا ئەنجومەن سەرکەوتنی باشی وەدەست هێنابوو لە نزیک کردنەوەی بۆچونەکان، سەرەڕای دژایەتیی دەستەیەک لە ڕاستڕەوە کۆنە پارێزەکان و چەپڕەوە توندڕەوە کان ئەلمانیەکان ئومێدی زۆریان لەسەر بنیاد نابوو.

چونکە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو یەکیەتیە پێویستیی بە سوپایەکی مەزن و بەهێز هەیە، ئەوە بوو پەرلەمان لە 28ی ئاداری 1849تاجی پادشایەتیی ئەڵمانیایان خستە بەر دەست فردریک گلیۆم ی چوارەم تا وەکو پادشای یەکیەتیی بروسیا قەبوول کات، بەڵام لە خۆ بایی بوونی فەردریک گلیۆم هەرەسی بە ئومێدەکانی شۆڕشگێران هێنا کاتێک دوای 5 ڕۆژ ئەم داواکاریەی ڕەت کردەوە بە پاساوی ئەوەی تاجێک قەبوول

دەکات کە لە لایەن ئەمیر و فەرمانڕەواکانەوە پێشکەشی بکرێت نەک لەلایەن گشتیی جەماوەرەوە، دەستورێکیش قەبوول ناکات کە لەلایەن حکومەتەکەیەوە دەر نەچو بێ، بەم شێوەیە هەوڵی یەکبوونی ئەڵمانیا لە ڕێگەی پەرلەمانی فرانکفۆرت هەرەسی هێنا.

ئەوەی ڕاستی بێ پادشا بەر لەم رووداوە روی ڕاستە قینەی خۆی ئاشکرا کردبوو، ئەو هەر دەم لەگەڵ هاوڵاتیانی لە پەیمان و گفتەکانی خۆی ڕاستگۆ نەبوو کاتێک لە ئاداری 1848گفتی چاکسازیی پێدابوون بەڵام نەیگەیاندە جێ ئەو تەنها بۆ بردنەوەی کات ئەم گفتانەی دەدان. ئەوکاتەی ئۆپەراسیۆنەکانی دامرکاندنەوەی شۆڕش لە ڤیەنناش دەستیان پێ کرد ئەم پتر هاندرا بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی بەرلین و راونانی ئازادی خوازان و وەدەر نانیان لە پۆستی وەزاری و هەلاوسانی دەستورو گرتنەبەری سیاسەتێکی تاسەر نقوم لە کۆنە پەرستی، بەمە ئیتر هەنگاو و هەڵوێستەکانی لە بەرامبەر کۆنگرەی فرانکفۆرت بەتەواوەتی لەگەڵ ئەم هەنگاوانەی ئێستای بەرەو کۆنەپەرستی یەکیان دەگرتنەوە.

لە ئەنجامی بڕیارەکەی پادشای بڕوسیا ئومێدی ئازادیخوازو نیشتمان پەروەرەکان هەرەسیان هێنا، زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان بێ هەرا بڵاوەیان کرد، تەنها هەندێک لە ئەندامانی توندڕەو نەبن کە رازی نەبوون بڵاوە بکەن بەڵام ئەوانیش دوای خۆتێ هەلقورتاندنی سوپا بڵاوەیان کرد، بەم شێوەیە پادشای بروسای فریدریک گلیۆمی چوارەم ئومێدی ئەڵمانیەکان لە یەکگرتنەوەی نەتەوەی ئەڵمان کە لە لە کۆنگرەی فرانکفۆرت هاتبوو هەرەسی پێهێناو بێ ئومێدی کردن دواتر سوپا ئەرکی لەناو بردنی هەموو بزوتنەوە ئازادیخوازەکان و یاخی بوونەکانی دوای سەرنەکەوتنی کۆنگرەی فرانکفۆرتی گرتە ئەستۆ.

بەشی چوارەم

پرسی رۆژهەلاتی و جەنگی قەرم

پرسی رۆژهەلاتی و جەنگی قەرەم

تا ئیمپراتوریەتی عوسمانی مابێ و لە قۆناغی فراوان بوون و لە ئاستێکی بە توانا بێ کە بتوانێ خاک ودەسکەوتەکانی بپارێزێ، تا ئەو کات هیچ پرسێک نیە بە ناوی پرسی رۆژهەلاتی.

لە سەرەتای بەرتەسک بونەوەی دەسەڵاتی عوسمانیەکان لە ئەوروپا پرسی رۆژهەڵاتی سەری هەڵدا و بەهۆی بڵاو بوونەوەی عوسمانیەکان لە ئەوروپا بو پەرش و بڵاویان هەندێک لە بە هێزی سەربازیان لەدەست دان بەتایبەت لەگەڵ دراوسێ کانی وەکو روس و نەمساییەکان. لە میانی سەدەی نۆزدەهەم ئەم پرسە زیاتر لە بۆنەیەک خرایە سەر مێزی سیاسیی ئەوروپا بۆ گفتو گۆ لەسەر کردن. دەتوانین شەڕی قەرەم لە 1854بە دەسپێکی قۆناغی ئەم پرسە و کۆتایی هێنەری ماوەی ئارامی لە ئەوروپا دابنێین ئەو ماوە

ئاشتی وئارامیە دوای کۆنگرەی ڤیەننا بەر قەرار بوو. ئەم شەڕە ش لە نێوان روسیا لە لایەک وهەریەک لە تورکیا و ئینگلتەرا و فرانسا و سەردینیا لە لایەکی تر روی دا.

پەیوەندیەکانی روسیی تورکی

ئەوەی ڕاستی بێ دیار کردنی هۆکارەکانی ئەو جەنگە ئاسان نیە، ناکرێ لە پرسی رۆژ هەلاتی جیا کەینەوە، یا لە بوونی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی وەکو هێزێکی بە هێز لە خواروی رۆژ هەلاتی ئەوروپا، کە ماوەیەکی زۆرە کێبەرکێ لەگەڵ هەر یەک لە روسیاو نەمسا دەکات بۆ دەست گرتنی بەسەر خاکی خۆی. هۆکارە دیارەکان دەستگرتن بەسەر خاکە پیرۆزەکانە لە فەلەستین، بەڵام کێشەیەکی واتایی ئاوا نابێ ببێتە هۆی بەرپا بوونی جەنگێکی ئاوا سەرتاسەریی ئەوروپا، بۆیە دەبێ لە هۆکارە بنەڕەتی و ڕاستەقینەکانی گۆڕانی پەیوەندیەکانی نێوان روسیاو عوسمانیەکان بکۆلینەوە.

نیکۆلای یەکەم قەیسەری روسیا کە لە ساڵی 1825دەسەڵاتی قەیسەریی گرتە دەست دوای نەمانی مەترنیخ و لەناو چونی هاوپەیمانێتیی پیرۆز، لە بەرامبەر پارستنی دۆخە نالەبارەکان لە ئەوروپاو پاراستنی رژێمی نەریتەی خۆی وەکو بەرپرسی یەکەم دەبینی، بەڵام لە رۆژ هەلات سیاسەتەکەی بریتی بوو لە نانەوەی ئاژاوەو پەشێوی لە ئیمراتوریەتی عوسمانی، تا بۆی بکرێ دەست لە کاروبارە کان وەر بدات بۆئەوەی پێگەی حوکمی قایم تر بکاو دەستیش بەسەر بەنداوەکان دابگرێ تا ببێتە خاوەنی دەروازەیەک بۆ دەریای سپیی ناوەڕاست.

لە 1835بەدیدی قەیسەر دەتوانێ کۆتایی بە پرسی رۆژ هەلات بێنێ، بۆیە پرۆژەیەکی بەم مەبەستە لە بەردەم بالوێزی ئینگلتەرا لە مۆسکۆ دانا بۆ دابەش کردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی:

بە پێی ئەم پرۆژەیە روسیا بەنداوەکانی بۆسفۆر دەگرێ و بە شێوەیەکی کاتیش ئاسیتانە داگیر دەکا، وڵاتەکانی عوسمانیش لە ئەوروپا لە یەک دەوڵەتدا یەکیان دەخا، بەرامبەر بە رازی بوونی ئینگلتەرا ئەویش میسر و ورودس و قوبرس دەبا، ئاسایی بوو کە ئینگلیزەکان ئەمەیان قەبوول نیە چونکە ئینگلیز رێگا بە روسەکان نادات بگەنە دەریای سپیی ناوەڕاست چونکە ئەوان لە وێ خاوەنی بەرژەوەندیی زۆرن، دواتر ئیگلیز دەیخواست ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە سەلامەتی لەم مامەڵە دەرچێ چونکە ئینگلیز نیازی ئەوەی نەبوو گۆڕانی وا مەزن لە ئەوروپا رو بدەن کە ببێتە هۆی ئالۆز بوونی کەش و هەوای ئاشتیی ئەوروپا و تێک چونی پارسەنگی هێزەکان لە کشوەر.

پرسی شوێنە پیرۆزەکان

فەرەنسیەکان لەچەرخی کۆنەوەو لە سەردەمی حوکمی شارلمانەوە بۆ سەلامەتیی حاجیەکانیان لە کاتی سەردانیان بۆ شوێنە پیرۆزەکان و بۆ پاراستنی مافی کەمە ئاینیەکانی کاسۆلیک لە رۆژهەلات، ئیمتیازاتیان هەبوون.

لەو کاتەی عوسمانیەکان وڵاتانی عەرەبیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان دانیان بە ماف و داواکانی فەرەنسیەکان نابوو. لەگەڵ دەست پێکردنی نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم روسیا وەکو وڵاتێکی بەرچاوی خاوەن هێزێکی زۆر لە ئەوروپا هاتە سەر شانۆ. بەهۆی ئەوەی روسیا مەزنترین وڵاتی ئەرسدۆکسیە، بە بیانوی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەرسدۆکسەکان دەستی لە کارو باری ئیمراتۆریەتی عوسمانی وەردەدا، دواتر داوای ئەوەی دەکرد کە شوێنی هەرە پێشەوە لە شوێنە پیرۆزەکان بدرێتە ئەرسدۆکسەکان، بە بیانوی ئەوەی ژمارەیان لە ژمارەی کاسۆلیکەکان پترە لە ناو ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕش لەفرانسا کاروباری ئاینیەکان لەلایەن ئەوانەوە پشت گوێ خرا ئیتر رۆلی ئەرسەدۆکسەکان لە فەلەستین روەو پێش چوو و شوێنی پیاوە ئاینیەکانی کاسۆلیک بەرەو نزمی چوو بە تایبەتی لە قودس. کارەکان بەم شێوەیە مانەوە تا 1852کاتێک ناپۆلیۆن بۆ رازی کردنی پارتی کاسۆلیک گرنگیی بە رۆلی ئاین دا کە لە پێگەی حوکمڕانیی پشتی پێ بەستبوون. لەم روانگەیەوە نامەیەکی بۆ کاربەدەستانی عوسمانی نارد وێڕای پێداگرتنی لەسەر داکۆکی لە مافە نایابەکانی شوێنە ئاینیەکان پڕی بوو لە دەربڕینی دۆستایەتی، داوای گەڕاندنەوەی ئەو شوێنانە ئاینیەکانی کردەوە. دوای خۆ گرخاندن و دل لە دلدانێکی درێژ عوسمانیەکان رەزامەندیان لەسەر داخوازیەکەی فەرەنسیەکان دا، مافە نایابەکانی قەشەو پیاوەئاینیەکانی کاسۆلیکی لاتین یان پێ دانەوەو لەگەڵ سێ کلیلی شوێنە پیرۆزەکان لە بەیت لەحم، بەم رەفتارە دەسەڵاتی کاسۆلیکە لاتینەکان بەسەر بەیت لەحم دا زاڵ بوو لەم رەفتارە روسەکان کە هەردەم شکۆداری وسەروەریی خۆیان لای عوسمانیەکان گرنگ بوو، پێی نارەحەت بوون.
دواتر روسەکان لە سیاسەتی فرانسا بە گومان بوون لەوەی زیاد بوونی دەسەڵاتی فرانسا لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لە ئەوروپا دەبێتە هاندەرو وپشتگیری بۆ کێشەو کێبەرکێکانی شۆڕشگێر وئازادیخوازی لە ئەڵمانیا و ئیتالیا.

ئەرکی منتچیکۆف

لە بەرامبەر رەت کردنەوەی ئینگلتەرا بۆ پێشنیارەکەی روسیا، قەیسەر بە باشی زانی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بە تورکەکانەوە بکات، بۆ ئەم نیازەی مەسەلەی شوێنە ئاینیەکانی کردە مەبەست، لە کۆتاییەکانی مانگی شوباتی 1853 منتچیکۆف ی ئەمیر بە ئەرکێکی فەرمیی ناردە ئاسیتانە بۆ ئەوەی پەیماننامەیەک لەگەڵ عوسمانیەکان ئیمزا بکات کە بۆ روسیا لەم پێکهاتنە هەڵوێستێکی دیارتر بنوێنێ بە هۆیەوە پاساوی ئەوە هەبن کە روسیا دەست لە کارو بارە ناوخۆییەکانی تورکیا وەر بدات.

شاندی روسی پرۆژەیەکی هاوپەیمانێتیی لە بەردەم دەسەڵات دارانی عوسمانی دانا کە لە سێ خال پێک هاتبوو :

1_ هەموو ئیمتیازاتەکانی لە فەلەستین بە قەشە کاسۆلیکەکان دراون لێیان بسێندرێتەوەو بدرێنە قەشە ئەرسدۆکسەکان.

2_ دان بە مافی روسیا بنرێت لە پاراستنی بەرژەوەندیی ئەرسۆدۆکسەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عسمانی.

3_ هاوپەیمانێتیەکی بەرگری لەگەڵ روسیا ببەسترێت.

کاتێک دەسەڵات دارانی عوسمانی ئەم پێشنیارانەیان لەبەردەم بالوێزانی وڵاتە بێگانەکان نمایش کرد بەتایبەتی بالوێزی ئینگلتەرا (لۆرد ستراتفۆرد). ئەم ئاماژەی دا کە خاڵی یەکەم قەبوول کاو دوو خالەکەی تر رەت کاتەوە. چونکە ئینگلیز بە هەر نرخێک بێ پشتیوانیان لە سەلامەتیی عوسمانیەکان دەکرد، دواتر داننان بە مافی روسەکان لە پاراستنی ئەرسەدۆکسەکان کارێکی مەترسیدارە چونکە ئەوان لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان کەمینە نین وەکو کاسۆلیکەکان، ژمارەیان لە 12ملیۆن کەس دەدات لە هەندێ شوێن زۆرینەن، دواتر چاو بڕینەکانی روسیا لە ئینگلیز شاراوەنەبوون هاو سنوریشی زیاتر مەترسیەکان دەخەنە شوێن خۆی.

لە ئایاری 1853کە نوێنەری روسیا دڵنیا بوو لە سەرنەکەوتنی ئەرکەکەی بە یاوەریی پیاوەکانی بالوێزخانەی روسیا لە ئاسیتانە گەڕایەوە بۆ روسیا.

داگیر کردنی هەردوو هەرێمی دانوب

لە ئەنجامی رەت کردنەوەی پێشنیارەکەی روسیا لەلایەن عوسمانیەکانەوەو گەیشتنی کەشتیگەلی ئینگلتەراو فرانسا بۆ بەنداوەکانی تورکیا قەیسەر فەرمانی بە لەشکری روسیی دا هەردوو فەرمانڕەوای(هەرێم) ئەفلاق و بەگدانی دانوبی (رۆمانیای ئێستا) بگرێت. هەردو فەرمانڕەوا(هەرێم) کە هەر بەناو سەر بە عوسمانیەکان بوون، قەیسەری روسیا رایگەیاند کە گرتنی ئەم دوو فەرمانڕەوایە نیشانەی راگەیندانی جەنگ نیە لەگەڵ عوسمانیەکان، بەڵکو تەنها بۆ خۆپاراستنە لە هیرشە کتو پڕیەکانی سەر روسیا، دوای ئەم ئۆپەراسیۆنە لە ئەوروپای رۆژئاواچالاکیی دپلۆماسیی چڕ دەستیان پێ کرد بۆئەوەی ئەم ناکۆکیە نە بێتە تێوەگلانی ئەوروپا بەڵکو تەنها لە نێوان پەیوەندیەکانی روسیا و تورکیا بمێنێتەوە. بەڵام پشتگیریە مکومەکانی ئینگلیز بۆ تورکیا هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە مەسەلەی پاراستنی ئەرسەدۆکسەکان توندتر کردن.

لە کۆتاییدا دەسەڵاتدارانی عوسمانی ناڕەزاییان دژی روسیا لە داگیر کردنی بەشێک لە خاکی دەربڕی وروسیایان ئاگادار کردەوە کە بە زو ترین کات لەشکرەکەی بکشێنێتەوە.

له 23ی ئۆکتۆبەری 1853وەڵامەکەی روسیا راگەیاندنی جەنگ بوو. لە ترسی هێرشی روسیا بۆ سەرخاکی عوسمانیەکان ئینگلیز و فرانسا فەرمانیان بە کەشتیگەلی خۆیان دا بەرەو دەریای رەش بەرێ کەون بۆئەوەی هەڕەشە لە سوپاکەی روسیا بکات ئەگەر سنور ببەزێنێ، لەوەڵامی روسەکان بۆ کشانەوەی کەشتیگەلی یەکان، وەڵامیان ئەوەبوو تا لەشکری روسیا لە هەردو فەرمانڕەواکەی دانوب نەکشێتەوە ئێمەش لە دەریای رەش ناکشێینەوە.

له 28ی ئاداری 1854دوای ئەوەی روسیا کەشتی گەڵێکی تورکیی لە دەریای رەش لە ناو برد هەردوو ووڵات بڕیاری شەڕیان دژی روسیا راگەیاند، ئەم رەفتارە وەکو کارێکی دوژمنکاری دژی ئەو دوو وڵاتە لێکدرایەوە.

هەڵوێستی ئەوروپا لە ناکۆکیەکە

هەموو وڵاتەکانی ئەوروپا لەم روداوە یەک هەڵوێستیان نەبوو هەر وڵاتەو بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆی هەڵوێستی وەرگرت، ئەمەش بووە هۆی ئاشکرا بوونی ناکۆکیی بەرژەوەندیەکانی نێوانیان، لە خوارەوە هەڵوێستی هەر وڵاتە بەجیا دەخەینە رو لەگەڵ هۆکارەکانی وەرگرتنی هەڵوێستەکان :

1_ فرانسا: بە دیدی ناپۆلیۆن فرانسا لایەنێکی سەرەکیە لەم ناکۆکیە، چونکە ئەوەی بەرچاوە لەم ناکۆکیە، شوێنە پیرۆزەکانە ئەویش لە سەپاندنی پێگەی حوکمڕانیی خۆی پشت بەپارتی کاسۆلیکی فەرەنسی دەبەستێ، هەروەها دەبێ ئەوە لەبیر نەکا کە خۆی بەرپرسیارە لە ئاودانی تینوێتیی فەرەنسیەکان بۆ زیندو راگرتنی پیرۆزمەندیەکان کە ساڵەهای ساڵە بەهۆی نامۆ کردنی فرانسا لێی بێبەش بوون، ناپۆلیۆن ئەو ناکۆکیەی وەکو رێگەیەک دەبینی کە فرانسا لێیەوە لە پەراوێزی و دورخراوەیی وەدەر نێ، ئەو پەراوێزیەی لە کۆنگرەی ڤیەنناوە بەسەر فرانسادا سەپێنراوە. بۆیە ئەم شەڕەیان بە هەلێکی باش زانی بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتە کۆنەکانیان.

2_ ئینگلتەرا: هەر لەوکاتەی روسیا وەکو هیزێکی مەزنی ناحەزی تورکیای دراسوێ و هێزێکی نارەحەتی ئینگلتەرا لە ناوچە کانی ژێر دەسەڵاتی لە دەریای ناوەڕاست وهیندو فارس،هەڵوێستی دیارو رون بوو، کە بریتی بوو لە پاراستنی سەلامەتیی عوسمانیەکان ورێگە گرتن لەبەر دەم روسیا بۆ ئەوەی نەگاتە دەریای سپیی ناوەڕاست.

3_ بڕوسیا: بڕوسیەکان هیچ بەرژەوەندیەکی دیاریان نە لە ئیمراتۆریەتی عوسمانی و نە لە بەلقان دا نەبوو بۆیە ناچار نەبوون هەڵوێستێکی دیار و راشکاوانە وەرگرن، بڕوسیەکان لەم ناکۆکیە بەسەر دوو باڵدا دابەش ببوون.

نێوەندی کۆنەپارێزەکان لە سەروی هەموویانەوە پادشا بە پێویستی دەزانی وەکو مەزنی ئەڵمانیا دەبێ نەمسا هەڵوێستیک لە بەرژەوەندیی خۆی وەرگرێ، لەو لاوە هەڵوێستێکی ترهەبوو ئەویش دەڵێ دەبێ

بڕوسیا هەڵوێستێکی دژ نەمسا هەبێ بۆ ئەوەی لە داهاتو ڕێگە بە بڕوسیا بدات لە نێوان وڵاتە ئەڵمانیەکان شوێنی پێشەوە بگرێت، ئەمەش رای بسمارک و دەستەیەک لە رۆشەنبیرو چالاکانی بواری نەتەوایەتی وخەمخۆرانی یەکبوونی خاکی ئەڵمانیا بوو، بە سەرۆکایەتی بسمارک، ئەوان نەمسایان وەکو تەگەرە لەبەر دەم بەدی هێنانی ئامانجەکاندا دەبینی، بەڵام لەگەڵ ئەمانەش بڕوسیا لەسەر حەزی پادشاکەی فریدریکی چوارەم بێ لایەنیی لەم کێشەیە هەلبژارد.

4_ نەمسا: نەمسا خۆی بە قەرزاری روسیاو خودی قەیسەر دەزانی بەهۆی ئەو هاوکاریەی قەیسەر لەساڵی 1849بە 150هەزار سەرباز کۆمەکی کردن بۆ لەناو بردنی شۆڕشی هەنگاریا و پاراستنی خاکەکەی. لە سەرێکی ترەوە قەبوولی ئەوەی نەبوو دەسەڵاتی روسەکان لە بەلقان بەرفراوان تر بێ چونکە بەرژەوەندیی زۆری لەو ناوچەیە هەبوو.

هەروەها لە بنەرەتدا لە داگیر کردنی هەردو فەرمانڕەواکەی دانوب رازی نەبوو چونکە سنوریان بە خاکی نەمساوە نوساوە. ئەوەی زیاتر ترسی دایە نەمسا ئەگەری روخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، هەلوەشانەوەی دەبێتە سەرکەوتن بۆ بنەما نەتەوایەتیەکان. بەم شێوەیە فرانساو ئینگلتەرا هەستیان بە خالە لاوازەکانی نەمسا کرد بۆیە هێدی هێدی بۆ بەرەی هەڵوێستی بێلایەنییان راکێشا، هەر چەندە لە سەرەتاوە کەمە ئارەزوێکی ئەم هەڵوێستەی هەبوو بەڵام دوای ئەوەی لە هەوڵەکانی بۆ بەستنی کۆنگرەیەک لە ڤیەننا بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە بە ڕێگەی ئاشتیانە سەری نەگرت نەمسا ناچار وەکو بێ لایەن خۆی راگەیەند.

ئۆپەراسیۆنە جەنگیەکان

هاوپەیمانەکان دوای راگەیاندنی بڕیاری جەنگ، بە هێزی سەربازی بەشداریان لە شەڕ کرد، لەشکرەکانی فرانسا لە نزیک شاری ڤارنا (بوولگاریای ئێستا) دابەزین بۆ یارمەتی دانی شاری سیلیستریا، کە دەکەوێتە سەر دانوب کە روسەکان ماوەیەک بوو بە هۆی گرنگیەوە گەمارۆیان دابوو، بەڵام سەربازە عوسمانیەکان وبە تایبەتیش مسریەکان کە بەر لە رودانی شەڕەکان سولتان ئامادەی کردبوون بەرگریەکی بێ وێنەیان نواند، بەهۆی درێژەدانی گەمارۆکەو بەر لە گەیشتنی هاوکاریەکانی هاوپەیمانان نەخۆشی کولێرە لە ناو ریزی لەشکری روسیا بڵاو بووەوە،روسیای ناچار کرد بکشێتەوە، دوای ئەم شکستە بچوکەی روسیا نەمسا لە قەیسەری داواکرد لەشکرەکەی لە هەردو فەرمانڕەواکە بکشێنێتەوە. کاتێک روسیا سەیری کرد نەمسا گرنگی بە کشانەوەی هێزەکانی روسیا لەم دوو فەرمانڕەوایە دەدات و لە ڤیەننا لەگەڵ ئینگلتەراو فرانسا خەریکی کۆبونەوەو وتووێژن بۆ ئەم مەبەستە دورنیە ئەگەر داواکەی رەت بکرێتەوە لە داهاتو بکەوێتە شەڕ دژی، بۆیە لە ئابی 1854 بڕیاری دا هێزەکانی لە هەردوو هەرێمەکەی ئیفلاق و بەگدان بکشێنێتەوەو، هەرزو دوای کشانەوەی روسیا، نەمسا لەشکری نارد بۆ گرتنەوەی تا ئەو

کاتەی کۆنگرەیەکی ئاشتەوایی لە نێوانیان ئەنجام دەدرێت،ئەوەبوو ئیتر هێزەکانی هاوپەیمانان لە باکوری شاری سیبا ستۆبۆل دابەزین کە روسیا خۆی لێ قایم کردبوو.

ئەوەی ئەم شەڕانەی لە شەڕەکانی ناوچەکانی تر جیا دەکردەوە خۆ گێزراندن(هێنان وبردن) بوو، هاوپەیمانەکان لە چونیان بۆ بەندەرەکە خۆیان گێزراند کە بووە هۆی ئەوەی روسەکان خۆیان لێ قایم کەن و ماوەی ساڵێک بتوانن لێی بمێننەوە.

شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی خۆگێزراندنی هاوپەیمانان:

_ لەوانەیە ئەوان چارەسەریی دبلۆماسیان پێ باشتر بووبێ لە چارەسەریی سەربازی بۆیە تەمای ئەوەیان هەبوو کە ناکۆکیەکان لەو رێگەیەوە بێنە چارە کردن.

_ هەروەها ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە رێگەی سەربازی چارەسەری نیە بەهۆی فراوانی خاکی روسیاوە.

لەم ماوەیە گەلێک شەڕ رودران لەوانە شەڕ ئەلما لە سەپتەمبەری 1854 کە رێگەی بۆ هاوپەیمانان کردەوە تا بگەنە بەندەری سیپا ستۆبۆل لەوێش شەڕو پێکدادانیکی زۆر لە مانگی نۆڤەمبەری 1854رودران، سەرەڕای باڵابوونی ئاستی هاوپەیمانان بەڵام ئەم شەڕانە هیچ ئەنجامێکیان نەبوو.

لە سەپتەمبەری 1855 دوای شەڕێکی توند سیبا و ستۆبۆل کەوتە دەست هاوپەیمانەکان بەڵام روسیا تۆلەی ئەم زیانەی بە داگیرکردنی قارس لە ئەرمینیا و سەرکەوتنی بەسەر لەشکری عوسمانیەکان لە دیسەمبەری 1855 دا کردەوە.

بەشدار بوونی سەردینیا لە جەنگ

بەرامبەر بە دودڵی نەمسا لە بێلایەنی وبەشداربوون لە جەنگ، ئەوروپیەکان دەبووایە بەدوای هاوپەیمانێکی تردا لە ئەوروپا بگەرێن بۆ ئەوەی لە لەشکرکێشی هاوکاریان بکات، بۆ ئەم مەبەستە سەرنجیان بۆ سەردینیا راکێشرا کە خاوەنی سوپایەکی بچوکی مەشق پێکراو بوو. ئەم وڵاتە ئیتالیە لەسەر زاری سەرۆک وەزیرانیەوە ئامادەیی خۆی بۆ بەشداری کردنی جەنگ دەربڕی، کافور هەوڵی بۆ یەکگرتنەوەی وڵاتەکانی ئیتالیا دەدا، بڕوای وابوو کە ئەم یەکگرتنەوەیە پێویستیی بە وڵاتێک یا چەند وڵاتێکی ئەوروپی هەیە تا یارمەتیی بدات لە بەرگریەکانی نەمسا بەرامبەر بەم داخوازیەیان، بەشداری کردنی لەم شەڕە سۆز وپەیمانی ئینگلتەراو فرانسا وەدەست دێنێ، بۆیە بڕیاری دا بە 20 هەزار سەرباز بەشداری بکات لە بەرامبەر پشتگیری کردنی ئینگلتەراو فرانسا لە دۆزی یەکیەتیی ئیتالیا، بەڵام ئینگلتەراو فرانسا بۆ ئەوەی نەمسا تورە نەبێ ئەم داواکاریەیان رەت کردەوە.

دواتر لەبەر سوربوونی سەردینیا لە بەشداری کردنی جەنگەکە وەکو هاوپەیامنێک، وبەهۆی پاشەکشەی نەمسا لە بەشدار بوونی هاوپەیمانەکان لە جەنیوەریی 1855پەیماننامەیەکی سەربازیان لەگەڵ سەردینیا

ئیمزاکرد بەڵام بێ بەرامبەر وپەیمان دان بە پشتگیری کردنی دۆزی یەکیەتیی ئیتالیا ئەویش چونکە تا ئەوکات چاویان لە هاتنی نەمسا بوو چونکە ئەوان پێویستیان بە هێزێکی وەکو نەمسا هەبوو تا بەرەنگاری روسەکان ببنەوە.. بەڵام هاوپەیمانێتیی کافور وەکو سەرکەوتنێک بۆ مەسەلەی یەکگرتنی ئیتالای دێتە ئەژمار. سەربازەکانی ئیتالی لە شەڕەکانی چرنایا بەشداریان کردو رۆلێکی دیاریان گێرا تواناو ئازایەتیی خۆیان تیا سەلماند.

ناوبژیوانێتیی نەمسا

ئاماژەمان بەوە دا کە دوای ئەوەی لەگەڵ هاوپەیمانەکان لەسەر مەرجی کۆتایی هێنان گفتو گۆی کرد نەمسا داوای لە روسیا کرد لەشکرەکەی لە هەردو هەرێمەکەی دانوب بکشێنێتەوە، هەروەها ناوبژیوانێتیەکەشی بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکیەکان بە رێگەی ئاشتیانە لەبەر دەم هەردوو تیپ دانا بوو، ناوەرۆکی رێککەوتنەکەی ئەوسا بە روسیا نیشان دابوو کە مەرجەکان بریتی بوون لە :

1_ سیستەمێکی نوێ بۆ رژێمی هەردوو هەرێمەکە دابنرێت بە گرەنتیی ئەوروپی یەکی هاوبەش.

2_ ئازادیی دەریاوانی لە دانوب.

3_ پێداچونەوەی پەیماننامەی بەنداوەکانی ساڵی 1841.

4_ روسیا دەست لە داواکاریەکەی سەبارەت بە مافی پاراستنی نەسارەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەلگرێت.

چونکە ئەم مەرجانە بەتایبەتی مەرجی یەکەم و دووەم ووردە ووردە نەمسا بەرەو شەڕکردن دەبات، بەرامبەر بەو هەستەی قەیسەر کە نەمسا ووردە ووردە بەرەو جەنگ هەنگاو دەنێ لە ئۆکتۆبەری 1854وەکو بنەمای وتووێژکردن لەگەڵ هاوپەیمانەکان بە مەرجەکان رازی بوو، بەڵام ئەوان بەمە رازی نەبوون داوای قەبوول کردنی هەموو خاڵەکانیان بە بێ مەرج لە روسیا کرد.

کە ئەمە رەت کرایەوە دوبارە هاوپەیمانەکان داوایان لە نەمسا کرد بەشداریان لەگەڵ بکات لە شەڕی دژ بە روسیا، بەڵام هەر دودڵ بوو، بۆیە مەرجی ئەوەی دانا کە دەبێ هەموو وڵاتە ئەڵمانیەکان لەگەڵیان بکەونە جەنگ، ئەمەش نەدەکرا بۆیە بەرگریی هەموو فشارەکانی کرد و دور لە شەڕ مایەوە.

کۆتایی هاتنی جەنگ و پەیماننامەی پاریس

بەماوەیەکی کەم دوای روخانی شاری سیپا ستۆبۆل قەیسەری روسی نیکۆلای یەکەم کۆچی دوایی کرد، دوای ئەو لە 2ی ئاداری 1855ئەسکەندەری دووەم هات، ئەم کابرایەکی ئاشتی پەروەر بوو پتر گرنگیی بە کاروباری ناوەخۆی روسیا دەدا لەوەی گرنگی بە شەڕو فراوان خوازی و کاروباری ئەوروپی بدا.

بەهۆی خاڵی بوونی گەنجینەی دەوڵەت و لەدەست دانی کەشتیگەلی روسی و شکستیەکانی لەشکری روسیا لە شەڕەکان کارێکی ئەستەمەبتوانێ درێژە بە شەڕ بدات، بۆیە بەلای ئاشتی دا شکایەوە. نەمساییەکان درکیان بە نزیک بوونەوەی کۆتایی هاتنی شەڕ کرد لەم روەوە ترسیان لا دروست بوو فەرەنسیەکان بۆ یەکگرتنەوەی ئیتالیا هاوکاریی سەردینیا بکەن، بۆیە بڕیاریان دا شەڕ دژی روسیا بەرپاکەن. لە سەرەتای ساڵی 1856نەمسا گەفێکی بۆ روسیا نارد کە بەبێ مەرج هەرچوار خاڵەکانی مەرجی جەنگ راگرتن قەبووڵ بکات بە پێچەوانە بڕیاری شەڕدژی روسیا دەدات. لە 16ی جەنیوەریی 1856روسیا بە قەبووڵ کردنی وەڵام دایەوە بێ ئەوەی پێویست بە راگەیاندنی شەڕ بکات. بۆ بەستنی کۆنگرەی ئاشتەوایی لە پاریس بانگەوازی لایەنەکان کرا، کۆتاییەکەی بە ئیمزا کردنی پەیماننامەی پاریس هات لە 30 ی ئاداری 1856، دەقی مەرجەکان یش ئەمانەن:

1_ دەسەڵاتەکان دان بە یەکسانی مافی هاوڵاتیان دەنێن بێ رەچاو کردنی جیاوازیی ئاین و رەگەز، ئەمە ئەوەی دەگەیاند،تەنها دسەلات خۆی مافی گرنگی دان بە کاروباری کریستەکان هەبێ کەسێکی تر بۆی نیە دەست لە کارو باریان وەر بدات.

2_ وڵاتە ئەوروپیەکان دان بە مافی عوسمانیەکان دەنێن لە سەروەریی بەنداوەکان، روسیاش بۆی نیە کەشتیگەلی سەربازی و کارگەی سەربازی دروست بکات، بەم شێوەیە دەریای رەش بێ لایەن دەمێنێتەوە.

3_ راگەیاندنی ئازادیی دەریاوانی لە روباری دانوب و پێکهێنانی لیژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ سەرپەرشتی کردنی.

4_ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی هەردو هەرێمی دانوب لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

ئەنجامەکانی شەڕی قەرم

مەزنترین ئەنجامەکانی شەڕی قەرم لەناو بردنی هاوپەیمانێتیەکەی نێوان روسیاو نەمسا بوو،کە وەکو گەرەنتی بوو بۆ رژێمە کۆنەپەرستەکان لە ئەوروپا. بەم شێوەیە بوواری ئازادی و سەربەخۆیی پتر بۆ نەتەوەکان رەخسا، بارودۆخەکا لەبار بوون هەروەکو دوای ساڵی 1860ئیتالیاو ئەڵمانیا بۆ ئەم هەنگاویان نا.هەروەها روسیا دوای ئەو شەڕە ماوەی 15ساڵ تەنها گرنگیی بە کارو باری ناوەخۆ دەدا، کاروباری ئەوروپای تا رادەیەک پشتگوێ خست. دواتر ئەو دەنگو باسانەی هەوال نێرەکان دەیان گواستنەوە ئاماژەیان بە برسێت یو ئازاری سەربازەکان دەدا لەم شەڕە زۆربەی سەربازەکان توشی نەخۆشیی تیفۆ و کۆلێراو نەخۆشیی سیەکان ببوون ئەم هەوالانە کاریان کردبووە سەر رای گشتیی ئەوروپا بە تایبەتی کاتێک زانرا چوار لەسەر پێنجی نەخۆشەکان مردن ئەمەش بەڕاستی ژمارەیەکی بەرز بوو دواتر دەرکەوت کە نەخۆشیەکان لە ئەنجامی کەمی خزمەتگوزاریی پزیشکی یەوە بوون. ئەمە دواتر بووبە هۆکاری دامەزراندنی رێکخراوی خاچی سور، کە ستونیەکانی لە هاوپەیمانێتیی جنێف لە 1864جێگیر

بوون. دیسان ئەو بەیاننامەیەی لە کۆنگرەی پاریس لە 1856 دەرکرا ڕێنماو بنەماکانی نێودەوڵەتیی گەمارۆدانی دەریاوانی و مەرجەکانی پاراستنی مافی بێلایەنیان دانان، جگە لەمە کاری ڕێگریی دەریاوانیانیشیان قەدەغەکرد.

بەشی پێنجەم
یەکیەتیی ئیتالیا

یەکیەتیی ئیتالیا

لە 1858ئیتالیەکان ئەوکات لە سەروبەندی دەرچونە مەزنیەکەیان روەو وەدەست هێنانی ئومێدەکانیان هەنگاویان دەنا بۆ ئازادی ویەکیەتی، ئەوکات وڵاتەکەیان شانۆی فەرمانڕەواو ئەمیرەکان بوو بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان و ئامانجی بەرژەوەندیەکانی داگیرکاری وهەندێک جاریش دژایەتی کردن بوو، لەو کات نەخشەی نیمچە دورگەی ئیتالیا هێشتا هەمان نەخشەی بەر لە سێ یەکی سەدە بوو ئەوەی سیاسە تمەدارانی ئەوروپی لە کۆنگرەی ڤیەننا وێنەیان بۆ کێشابوو.

لە باکوریەوە میرنشینێکی بچوکی هەژار هەندێک جاربە ناوی سەردینیا وهەندێک جاریش بە ناوی بیامۆن ناو دەنرا هەبوو، بیامۆن وڵاتی بیامۆنی دەگرتەوە، ئەم وڵاتە بچوکە هەژارە دەکەوتە سەر لوتکەکانی چیای ئەلب،دورگەی سەردینیای بێ دەرامەتی هەژارو دواکەوتو و خاکەکانی سافوا و سافوای

سەرو و نیس و خاکەکانی جنەوی بوو، ئەم میرنشینەش فیکتۆر عەمانوئیل ی دووەم کە لە خانەوادەی سافوای بوو حوکمڕانیی دەکرد، پایتەختەکەشی ساری تۆرینۆ بوو.

لە باکوری رۆژهەلاتیەوە هەردو وڵاتی لۆمبارڈیاو بووندەقیەی دەوڵەمەندو بەپیت هەبوون دەوڵەمەند لە روی جوگرافیا و مێژووی پڕ لە سەروەری و دەسکەوتی شارستانی، سەرەڕای یاخی بوونی بەردەوامیان تائێستا لە ژێر رکێفی ڤیەنا دەنالن.

لە ناوەڕاستیش دەوڵەتی پاپای پیرۆزمەند هەبوو کە بەهۆی سۆزی ئاین پەروەرە کاسۆلیکەکان دەچو بەڕێوە. ئەرکی پاراستنیشی لەشکرەکانی فەرەنسی گرتبوویانە ئەستۆ. لە دەوروبەری دەوڵەتی پاپا چەند دەوڵەتۆکەیەک هەبوون کە کۆنگرەی ڤیەننا دروستی کردبوون لە ژێر سێبەری نەمسا دەسەلاتیان جێبەجێ دەکرد و سەرکوتی هەموو بزوتنەوەیەکی ئازادی خوازیان دەکرد دیار ترین ئەم دەوڵەتۆکانە، میرنشینی بارام ومۆدیناو توسکانە بوون.

لە خواروشیەوە میرنشینی هەردو سقلیەکە هەبوون کە بەشی خواروی نیمچە دورگەی ئیتالیا و دورگەی سقلیەی دەگرتەوە، فەرمان رەوایی ئەم میرنشینەش پادشای خانەوادەی بۆربۆن بوو، پایتەختەکەی ناپۆلی بوو رژێمێکی تا بلێی ستەم وزۆرداری بەسەر هاوڵاتیاندا سەپاندبوو.

لە تەک ئەم لەت وپەتیە دا لە ساڵی 1848ئەو کاتەی شۆڕشەکان هەرەسیان هێناو کۆنەپارێزەکان هاتنەوە سەر حوکم لە زۆربەی ناوچەکانی ئەم نیمچە دورگەیە شەپۆلێکی کۆنەپەرستانەو حوکم رەهای زۆرداریی بەڕێوەی دەبرد.

لە ناو ئەو هەموو دۆخە نالە بارانە سەردینیا حوکمێکی دەستوریی دیموکراسیی پیادە دەکرد کە ببووە جێی ئومێدی نیشتمانپەروەرە دەربەدەرەکان لە ناوەوە و دەرەوە. ئەوەی مایەی دلخۆشکەری و پشتگیری مانەوەی ئەم دۆخە دیماکرسیە بوو پادشای تورینۆ عمانوئیل ی دووەم بوو کە چەندین جار بەرۆکی لە نەمساییەکان گرتبوو بۆ ئەوەی دەست لە کاروباری وڵاتەکەی وەرنەدەن، هەروەها خۆشی لەو رۆژەی بەگژ نەمساییەکاندا دەچووەوە لە بیروراکانی نیشتمانپەروەران وبانگەوازخوازانی چاکسازی نزیک بوو، مادام دژی پادشایەتیی ئیتالیا دەوەستا نیشتمان پەروەرەکان لێی نزیک دەبوونەوە، زۆربەی هەوادارو لایەنگرانی مزاینی لە دەوری حوکمەکەی کۆ ببوونەوە بەتایبەت دوای ساڵی 1852 کە حوکمی رادەست سەرکردەی نیشتمانپەروەر کافور کرد، ئەمە و سەرکردەی شۆڕشگێر کۆماری گاریباڵدیش لەگەڵی کۆبووەوە وگوێی بۆ داخوازیەکانی راگرت چونکە لای ئەم جێی ئومێد بوو لەم پیناوە دەستی لە رژێمی کۆماری هەڵگرت.

ئەگەر تێبینی بکەین دەبێ هەندێک هاندەر هەبن بۆ ئەوەی سەردینیا شایستەی رابەرایەتیی یەکیەتیی ئیتالیا بێ. پادشاکەی بە بلیمەتی ونیشتمانپەروەریەوە سەیری ستراتیژیەتی مەسەلەکانی دەکرد ئەم لە حەتمیەتی یەکیەتیی ئیتالیا دڵنیا بوو، وڵاتێکی وەکو سەردینیا خاوەن جوگرافیا و پادشایەکی بە کەسایەتی وتوانا،

بەهێز ترین فەرمانڕەوای ئیتالیا، بۆ دەبێ شایستەترین کەسی ئیتالیا نەبێ کە رابەرایەتیی یەکیەتیی ئیتالیا بکات؟ هەموو ئەو فەرماندە ئیتالیانەی تر لە پێناو پاراستنی بەرژەوندیەکانیان لەگەڵ نەمسا ژێر بەژێر سازشیەکیان هەبوو، بەم هەڵوێستەیان ئەمانببوونە جێی گومان.

ئەگەر سەیری گەلی ئیتالیا بکەین ئەوان بە دیدێکی تر سەیری وڵاتەکەیان دەکرد، مەزنترین کێشە لای ئەوان خۆسەپاندنەکەی نەمسا بوو بەسەر خاکی باکوری ئیتالیا و بەشێک لە ناوەڕاستی، بە دیدی ئەوان ئەگەر لە ستەم و ژێر دەستی نەمسا رزگاریان نەبێ ئەوا لە حوکمی فەرماندە وئەمیرو کرێگرتە ستەمکارەکان رزگاریان نابێ. ئەمە بۆچونی گەلی ئیتالیا بوو بۆ دۆزە نەتەوایەتی یەکەیان، بەڵام مەسەلەی یەکیەتیی ئیتالیا لای ئەوان مەسەلەیەکی دوارۆژ بوو چونکە وڵاتانی دەورو بەر دژی ئەم داخوازیەن، ئەوەی گەلی ئیتالیا دەیخواست، ئەو یەکیەتیە ئەوکاتە بەدەست بێنن کە لە ژێر چنگی داگیر کاران رزگاریان دەبێ، ئەوسا وەکو یەکیەتیەکی کۆنفیدرالی یەکە سیاسی وسەربازی وئابووری یەکانی لە نیمچە دورگە ی ئیتالیا یەک بگرن، بۆیە دەبینین مەسەلەی یەکیەتی لەسەرەتا تەنها داخوازیی رۆشەنبیر و شۆڕشگێرو ئازادیخوازە کان بوو بەر لەوەی داخوازیی گشت گەلی ئیتالیا بێ.

کافور

بەگەیشتنی کافور بۆ سەر کورسیی دەسەڵاتی سەردینیا لە 1852 بەهۆی پشتگیریی پادشاو گشت لایەنەکانی گەل لە نێوەندە شۆڕشگێرو نیشتمانپەروەرەکان هەندێک توانای ناچاوەڕوان کراو هاتنە کا کە خۆیان لە دو ئامانجی هاو تەریب دەبینیەوە :

یەکیەتی و رزگاری. ئەم پیاوە بە رەچەلەک لە خێزانێکی ئوروستوکراتیی خاوەن زەوی و زارێکی زور بوو لە تورینتۆی پایتەخت،خۆیشی هەر لەوێ لە ساڵی 1810لە دایک ببووە. وەکو نەریتی هەموو کورە دەوڵەمەندەکان لە تەمەنی گەنجێتیەوە پەیوەندیی بە خوێندنگای سەربازیەوە دەکاو بە پلەی ئەفسەر خزمەتی سەربازیشی بۆ وڵات کردوە. دواتر واز لە سەربازی دەهێنێ بۆماوەیەک خۆی بە بەڕێوە بردنی کێڵگە کشتوکاڵیەکەی خەریک دەکات، لە کاتە بێ ئیشەکانیدا سەفەری دەکرد، سەردانی فرانسای کردو ئاشنایی لەگەڵ بیرمەندەکانی کرد شارەزاییشی لە سەر شارستانێتی و رۆشەنبیری ئەوێ پەیدا کرد، لە بریتانیا ئاشنایی لەگەڵ سیاسەتمەدارانی بانگەوازخوازی دیموکراسی کرد وەکو بت و کاننگ وگرای، کەوتە ژێر کاریگەریی فەرهەنگیان، لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا بڕوای تەواوی بە رژێمی پادشایەتی هەبوو لەو بڕوایەدا بوو کە تەنها لەو رێگەیەوە دەتوانرێ دەستوری دیموکراسی بپارێزرێت و کێشەکانی وڵات چارەسەر بکرێن، لە هەمان کاتدا پەیوەندیی لەگەڵ هەموو رێکخراوە نهێنیەکانی ئیتالیا هەبوو بە هەموو بۆچونەکانیانەوە، تەنانەت لە روداوەکانی شۆڕشی 1848بەشداریشی تێدا کرد بوو.

که دەسەڵاتی گرتەدەست پیاوێکی خاوەن ئەزمون و بەتوانا بوو هیچ ساتێک بۆ بیر کردنەوە نەوەستا ڕاستەو خۆ دەستی بە جێبەجێ کردنی سیاسەتێکی دور بینانە کرد. لەساڵی 1831 ڕۆژێک خۆی وتبووی (من پیاوێکی چاو لە داهاتوم،ڕۆژێک لەخەوما بینیم بوومەتە وەزیر لە میرنشینی ئیتالیا).

کەوایە دەبێ ئەو میرنشینەی سەردینیا بکاتە ئەو میر نشینەی ئیتالیەی کە لە ڕۆژەکانی گەنجێتی لە خەودا بینیبووی.

لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوەخۆ، بڕیاری دا وڵاتەکەی ببێتە خاوەنی سوپایەکی بەهێزی نوێ کە لە توانای دابێ سیاسەتە نەتەوایەتیەکانی جێبەجێ بکات. جەنەراڵ لامەر ئیمزااى ڕاسپارد تا لەسەر بنەمایەکی نوێی دوبارە سوپا ڕێک بخاتەوە، بە نوێترین چەکی سەردەم و ڕاهێنان لەسەر شەڕی نوێ دەوڵەمەندیان کا.

ماوەیەکی کەمی برد،سەردینیا بووە خاوەنی سوپایەکی 90 هەزاریی سە ربازی بەهێز و لێهاتو و کەشتیگەلێکی نوێی بۆ میرنشینەکەی دروست کرد.

لە بوواری ئابووریدا، بەشداریی لە دامەزراندنی چەندین بانک وکۆمپانیای پیشەسازی و بازرگانی کرد، ئامانجی لەم دامەزراوانە گەیاندنی وڵاتەکەی بە کاروانی چەرخی پیشەسازی بوو بە هاوشان لەگەڵ وڵاتە ئەورووپیەکان. ئەمەو تۆرێکی هاتو چۆی پێشکەوتوی بۆ وڵات دامەزراند کە لەگەڵ ئاستی وڵات بۆ کاتی ئاشتی و شەڕ بگونجێ. شاری جنویی کردە نوێترین بەندەر لە دەریای ناوەڕاست، هەموو شارەکانی وڵاتیشی بە تۆرێکی ئاسنینی پێشکەوتو بە درێژایی 807کم بەیەکەوە بەستەوە ئەم درێژاییە بۆ ئەو سەردەم ساڵی 1859بۆ وڵاتێکی وا بچوک کەم نەبوو.

لە بوواری سیاسەتی دەرەوەشدا، ئەرکەکانی کافور گەلێک قورستر بوون، دڵنیا بوو لەوەی هەموو گەلی ئیتالیا هەست بە نیازەکانی ئەوروپا دەکەن کە هەموویان دژی یەکیەتیی ئیتالیان، ئەوەشی دەزانی کە نەمسا لە بەرامبەر یەکیەتی وئازادی ورزگاریدا کەڵە ڕەق وپێداگیرە هیچ کاتێک قەبوولی نیە ئیتالیا لە ژێر دەستی بێگانە ڕزگاری بێ. ئەویش کە وڵاتێکی بەهێز و دەوڵەمەندە،سەردینیا لە توانایدا نیە شکستی پێ بهێنێ بۆیە دەبێ بەسەر نیازەکانی دا زاڵبین کە دژی داخوازیەکانمانە بە وەدەست هێنانی پشتگیرییووڵاتێکی بەهێز تا هاوکاریمانبکات لە ڕزگاربن. ئەمەش کارێکی ئاسان نیە، وڵاتە مەزنەکان ئەوسا لە ڕوانگەی بەرژەوەندیەکانیان دەیانڕوانیە نەمسا هیچ سەنگێکیان بۆ مەسەلە مرۆڤایەتی ودیموکراسی دانەدەنا.

نەمسا یەکەم دوژمنی ڕزگار بوون ویەکیەتیی خاکی ئیتالیایە، ئامادەیە ئەو پەڕی بەرگری لە دەسەڵاتەکانی لە ناو ئیتالیا بکات بە هەموو شێوازێک تەنانەت بە جەنگیش. دواتر مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئیتالیا لە سەروی هەمووشتێک بوو ئەگەر هەر کاتەی بنەماکانی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلان دەستەبەر کراو نەتەوەی ئیتالیاش بە مافەکانی خۆی شاد بوو ئەو کات چ هێزێک دەتوانی ڕێگە لە نەتەوەکانی ناو نەمسا بگرێت بۆ هەمان داخوازی هەمان ڕێچکە بگرنە بەر؟ ئەوسا چی لەبەر دەم ئیمپڕاتۆریەتە نەخۆشەکە دەمێنێتەوە ؟

بنەماکانی نەتەوایەتی بۆ نەمسا خەتەرناکن بە هەموو شێوەیەک دژی دەوەستێ، دواتر بۆ نەمسا مایەی سەرئێشەیە لە خواری دا وڵاتێکی یەکگرتوی بەهێزی وەک ئیتالیا هەبێ تەنانەت ئەگەر دوژمنیشی نەبی، بەهۆی رابردوی
پڕلە کارەساتە جەنگیەکانی نێوانیان هەرگیز نابێتە دۆست.
روسیاش، ئەگەر بەرژەوەندیشی لەگەڵ ئیتالیادا نەبێ بەڵام لە پێناو پاراستنی ئەو دۆخەی بۆ ئەوروپا هاتۆتە کا، زۆر پابەندی بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەننایە. لەم روانگەیەوە لەگەڵ نەمسا یەک دەگرن، دیسان ئەوە لە بیر نەکەین کە روسیا لە چەندین نەتەوەی جیا لە روی زمان و ئاین ومێژوو پێک هاتوە، ناتوانێ دژی بنەماکانی مافی چارەی خۆنوسین نەبێ. بۆیە کافور دەبێ روسیا لە حساباتەکانی خۆی وەدەر نێ ئەگەر لە ریزی دوژمنانی ئەژمار نەکات.
لە ئینگلتەراش، ووتمان کە گەلی ئینگلتەرا هاو سۆزبوون لەگەڵ ئیتالیەکان بۆ وەدەست هێنانی مافە زەوتکراوەکانیان و رزگار بوونیان لە دەست نەمساییەکان،لە ناو خوێندکارو رۆشەنبیر و زانکۆکاندا و لە شەقامی ئینگلتەراو لە هەموو شوێنێک تەنانەت لە پەرلەمانیش هەوادار و لایەنگرانی دۆزی ئیتالیا هەبوون، بەڵام کافور لە سەرەتای حوکمڕانیی بۆ رزگار بوونیان لە ژێر دەستی نەمساییەکان چاوی ئەوەی نەبوو ئینگلتەرا کۆمەکی سەربازیی بکات چونکە ئەوان خاوەنی ئەو جۆرە سوپایە زەمینیە نەبوون کە بتوانێ شکست بە نەمسا بێنێ، دواتر شتێکی تری گرنگ لای ئینگلیزەکان هەبوو وەکو هێلی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەیان لەبەر چاویان دەگرت، ئەویش بوونی نەمسایەکی یەکگرتوی بەهێز لە ئەوروپا زەرورە بۆ سەقامگیر بوون و راگرتنی پارسەنگی هێزەکانی ئەوروپی. لەو ماوەیەدا هیچ گۆڕانێک لە سیاسەتی ئینگلتەرا رویان نەدا تا ساڵی 1859کاتێک لۆرد بالمرستۆن پۆستی سەرۆکی وەزیرانی گرتە دەست و لۆرد راساڵ یش پۆستی وەزارەتی دەرەوەی، هەردوکیان لە لایەنگر و پشتیوان کارانی دۆزی ئیتالیا بوون. لەگەڵ ئەمەش پادشا ڤیکتۆریا بە پێی ئەوەی کە دەستور دەسەڵاتی پێ دابوو توانیی جلەوی مەسەلەکان بگرێتەدەست و هەرەس بە هەموو هەوڵەکان بهێنێ بارو دۆخەکان وەکو خۆیان بهێڵێتەوە.
تەنها فرانسا مێرگی هیواو ئومێدی بۆ کافور هێشتەوە کە بتوانێ پشتگیریی بکا، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک گرنگترینیان ئەمانەن:
_ فرانسای دۆراو لە 1814بەهیچ شێوەیەک لە شێوەکان بەو بارو دۆخە رازی نەبوو کە کۆنگرەی ڤیەننا لە ئەوروپا خولقاندبووی کە لەگەڵ بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی نەدە گونجا، لەم روانگەیەوە هاوکاری کردنی سەردینیا دور نیە کەشو هەوایەکی تر بخولقێنێ هەندێک لە دۆخەکان لە بەرژەوەندیی دابن.
_ بەدیدی فرانسا خاکی ساڤۆای ونیس بە پێوەری جوگرافیی ونیشتەجێیی نزیک ترن لەوەی تەواوکەری فرانسان بن نەک سەر بە ئیتالیا بن، ئەگەر فرانسا بڕوا بە بنەماکانی نەتەوایەتی بهێنێ پێگەی فرانسا بەهێز تر دەبێ، ئەم بۆ چونە لە بڕواکانی کافورەوە دور نیە.

_ ئیمپراتۆر ناپۆلیۆن ی سێیەم ماوەیەکی زۆر لە ناو ئیتالیەکان ژیاوە و لەگەڵ دۆزەکەیان مامەڵەی کردوەو سۆزی بۆیان هەیە،سەردەمانێک لە ناو رێکخراوی رەژو کەران کاری بۆ ئیتالیەکان دەکرد، ئەمیش خۆی بە پەیوەستی ئەو سۆزانەوە دەبینی. ئەگەر سەردەمانێک لە 1849لە ژێر کاریگەریی بەرژەوەندیە باڵاکانی وڵات ناچار بووە دژی شۆڕشگێر وئازادی خوازان بووەستێ، بەڵام ئەمە لەو سۆز و خۆشەویستیەی دانەبراندوە کە بۆ دۆستە ئیتالیە کانی هەبووە. کافور بینیی کە دەکرێ بە دبلۆماسیەتێکی وشیارانەوە بۆ بەرژەوەندیی دۆزەکەی سود لەو سۆزە وەر گیرێت.

هەر لەدوای روخانی ئیمپراتۆریەت، فرانسا لە ناو سنوری ئەوروپا بە نامۆ و دابراوی ماوەتەوە.

هەرچەندە لەدوای ئەو رۆژە گەڵێک لە هاوپەیمانێتیەکان هەلوەشاونەتەوەو دۆخ وبەرژەوەندیەکان گۆڕانیان تێ کەوتون، بەڵام وڵاتە ئەوروپیەکان هەر بەچاوی گومانەوە لە فرانسا دەروانن، ترسیان لەوەیە ئەوەی فەرەنسیەکان بیری لێ دەکەنەوە لە هەر ساتێک دا رو بدات. بە بڕوای ئەم ئەگەر هاوکاریی سەردینیای کرد وبە پشت وپەنای ئەو لە ئیتالیا بوو بە وڵاتێکی بەهێز ئەوا بۆ ئەمیش دەبێتە هاو سیاسەت و پشتیوانێکی باش لە ئەوروپا.

لەم روانگەیەوەو دوای هەڵسەنگاندنی هەموو دۆخە ناوەخۆیی و دەرەکیەکانی وڵات کافور نەخشەو بەرنامەی سیاسەتەکانی دارشت کە تا سەرەتاکانی 1858پیادەی دەکردن، دەکرێ بەم شێوەیە کورتیان کەینەوە :

_ ئامانجی یەکەم ونزیکی، دە بێ رزگار کردنی ئیتالیا بێ لە چنگ نەمسا.

_ کێشەی ئیتالیا لە وتووێژەکان، وەکو کێشەی هەموو ئەوروپا لێ بکرێت، لە سەروی هەموو کێشەکان بێت بۆ باس لێوە کردن.

دیمان هەموو رێگاکانی گرتنەبەر تا بتوانێ لەگەڵ فرانسا و ئینگلیز بەشداری لە شەڕی قەرەم بکات بۆئەوەی هەر کاتەی کۆنگرەو دانیشتنێکی نێودەوڵەتی بەسترا دەرفەتێکی باش بێ ئەمیش مەسەلەی ئیتالیا بخاتە سەر مێز بۆ باس لێوە کردن. ئەوەبوو لە کۆنگرەی پاریس لە 1856لەگەڵ وڵاتە مەزنەکان دانیشت داوای لێیان کرد کە دەبێ چارەیەک بۆ وەدەر نانی داگیرکار بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی چارەیەکی ئاشتیانە بۆ کێشەکەیان بگرنە بەر.

_ کاری بەردەوام بۆ ئەوەی پشتگیری عەسکەریی فرانسا وەدەست بێنێ. بەر لە ئێستا باسمان لەو هۆکارانە کردن کە بوونە هۆی ئەوەی فرانسا بەلای مەیلی هاوکاری کردنی سەردینیا دا بشکێ،بەڵام هەندێک تەگەرە کەوتنە بەر دەم کافور بۆ وەدەست هێنانی هاوکاریەکان، بریتی بوون لەوەی، پارتی کاسۆلیک کە ناپۆلیۆن بۆ حوکم رانی و پشتیوانیی پشتی پێ دەبەستن، لە یەکیەتیەکەی ئیتالیا مەترسیی دەسەڵاتەکانی پاپای بەدی دەکرد، بە دیدی ئەوان بە روخانی دەسەڵاتی پاپا دەبێ فرانسا هێزەکانی کە بۆ پاراستنی رۆمای ناردبوون بیان گەرێنێتەوە لەو حاڵەتەشدا هەم فرانسا هەم پاپا دەسەڵات لەدەست دەدەن

بۆیە ئەم کارە جێی قەبوول کردن نیە. هەندێک لە ستراتیژزان و بسپۆرە سەربازیەکان وایان دەبینی بە دروست بوونی ئیتالیایەکی بە هێز ویەکگرتو نارەحەتی بۆ فرانسا لە دەریای سپیی ناوەڕاست دروست دەبێ، کەوایە چۆن لای فەرەنسیەکان هەندێک هۆکار و فاکتەری هاوکاری کردن هەن ئاوەهاش پاساو و هۆ کاری هاوکاری نەکردنیش هەن، بەڵام هەر چۆنێکی بێت ناپۆلیۆنی سێیەم سوربوو لەسەر ئەوەی لە دەرفەتێک دا کە بتوانێ هاو کاریی ئیتالیەکان بکات بۆ سەرکەوتنی دۆزەکەیان.

لە 14ی جەنیوەری لە 1858کاتێک ناپۆلیۆن ی سێیەم بە نیاز بوو بچێتە ئۆپرا ئۆرسینی کە یەکێک بوو لە هەڵگرانی بیری مازینی،بە هۆی توندرەویی لە نەتەوە پەرستیدا چەندین جار لە ئیتالیا وەدەر نرابوو، هەوڵی تیرۆر کردنی ناپۆلیۆنی دا.

بە گوتەی خۆی ئەم کارەی بۆیە ئەنجام دا چونکە ناپۆلیۆن لە پەیمانەکانی خۆی بۆ هاوکاری کردنی ئیتالیا پەشیمان بۆتەوە، ئەو پەیمانانەی ئەوکاتە دابوون کاتێک لە گەنجێتی بەشداریی لە کۆمەڵەی ڕەژوکەران کردبوو. ناپۆلیۆن بە پاساوی مەترسیی لە تیرۆرکردنی لەلایەن ڕکابەرەکانی ووردە ووردە بەرەو یارمەتی دانی ئیتالیەکان هەنگاوی نا. دواتر ئەو دادگایی کردنەی ئۆرسینی و دانیشتنەکانی لەگەڵ خۆی کۆمەڵێک پرسی سیاسیان هێنا لەم میانەدا سۆز وهەستی فەرەنسیەکانی بۆ خۆ و دۆزی ئیتالیا ڕاکێشا. ئەوکاتەی بکوژ چوە سەر پەتی سێدارە فەرەنسیەکان وەکو بکوژ سەیریان نەدەکرد، وەکو پاڵەوان و قارەمانێکی دۆزی وڵاتەکەیان سەیر دەکرد، هەرچەندە ئەو کاتەی بکوژەکە نارنجۆکێکی بە نیازی تیرۆرکردنی ناپۆلیۆن هەڵدابوو 8 بێ گوناهی کوشتبوو،، یەکێک لە بەربڵاوترین ڕۆژنامەی فەرەنسی دوایین نامەی ئۆرسینی کە بەر لە مردنی بۆ ناپۆلیۆنی ناردبوو بڵاو کردەوە،بڵاو کردنەوەی ئەو نامەیە کارێکی زۆری کردە سەر ناخی فەرەنسیەکان. ئەمەش ناوەڕۆکی نامەکەیە :

(متمانەو دڵنیایی بۆ ئەوروپا ناگەڕێتەوە، سەلامەتی جەنابیشت پارێزراو نابێت چونکە بۆ ئەنجام دانی یەکیەتی وسەربەخۆیی هاوکاری ئیتالیا ناکەیت،بۆیە داوای کەسێکی ئیتالیایی نیشتمان پەروەری بەر لە چوونی بۆ بەردەم پەتی سێدارە،بێ ئومێد مەکە... نیشتمانەکەم ڕزگار کە).

کۆبەنەوەی پلۆمبیر

ئەو کاتەی بڕواکان لەسەر ئەوە کۆک بون کە دەبێ هاوکاری سەردینیا بکرێت، ئیمپڕتۆر داوای لە کافور کردچاویان بەیەک بکەوێ، ئەم چاوپێکەوتنە لە شاری پلۆمبیر ئەنجام درا پلۆمبیر دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی لە 21ی حوزەیرانی 1858کافور بە پاسپۆرتێکی قەلپ و ناوێکی خوازیارەوە بە نهێنی لە پلۆمبیر ئامادە بوو و بەیەکەوە وتووێژیان کردن. لەم کۆبونەوەیەدا ناپۆلیۆن ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری کردنی سەردینیا ڕاگەیاند، هەروەها هەڵوێست و دیدی خۆیان سەبارەت بە دوارۆژی ئەم وڵاتە خستە ناو باس و لێکۆلینەوە. ناپۆلیۆن هەوڵی ئەوەی دەدا کە لە سیاسەتەکانی دا هەستی دۆستەکانی ڕاگرێ وێڕای بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەی، بۆ ئەم مەبەستە ئەم پێشنیارانە کران:

_ له باكور سنوری وڵاتی سەردینیا فراوان دەبێ بە شێوەیەک مومتەلەکاتەکانی نەمسا لە لۆمبارديا‌و بووندوقیە بگرێتەوە واتە سنورەکەی لە چیای ئەلبەوە تا دەریای ئەدریاتیکی دەبێ.

_ لە ناوەڕاستی یەکیەتیەک لە نێوان میرنشین و ویلایەتەکانی ئەو ناوچەیە بەتایبەتی مۆدینیا و توسکانە دروست دەبێ. رۆماو خاکەکانی دەوروبەریشی بۆ پاپا دەمێننەوە.

لە خواروشیەوە هەردو مەملکەتەکەی سقلیە وەکو خۆیان دەمێننەوە.

لە نێوان ئەم دەوڵەتانەش یەکیەتیەکی گشتی دادەمەزرێ ئەگەر تەنها بەناویش بێ، سەر بە پاپاوە دەبن، وەکو پاداشتی هاوکاریەکانی فرانسا دەبووایە ئیمپراتۆریەت خاکەکانی سافۆای ونیس بەرێت. لە ژێرەوە فرانسا چاوی بریبووە شتی تریش کە بە نهێنی ئاماژەیان پێ درابوو ئەویش، ئەو وڵاتانەی لە ناوەڕاستی ئیتالیا دروست دەبوون نیازی وابوو کورە مامەکەی خۆی جیرۆم ی لەسەر بکاتە پادشا مەملکەتی خواروش بە یەکێک لە ئەمیرە فەرەنسیەکان بدات لە خانەوادەی ئیمزاا.

بۆ دیاری کردنی کاتی هاوکاری کردنەکان، فرانسا پێی باشبوو لە کاتێکدا بێ کە نەمسا دەستدریژی بکاتە سەر سەردینیا ئەوکات فرانسا وەکو هاوکاری کردن لەو دەستدرێژیە کۆمەکی بکات. ئەمە بۆئەوەی فرانسا بە دیدی ئەوروپیەکان وەکو دەستدرێژکار نەیەتە بەر چاو، بەم رەفتارەش ناپۆلیۆن ی یەکەم و کارە کانی بێنەوە یاد یان.

کافور زۆر بە وردی گوێی لە پێشنیارەکانی ناپۆلیۆن گرتن کە لەگەڵ بۆچونەکانی زۆر یەکیان نەدە گرتنەوە. بەڵام شوێنی لە روداوەکان ئەوەی بۆ نەدەچوە سەر دژی راکانی بێت. بەبێ هیچ رادەربڕینێک هەموو پێشنیارەکانی قەبوول کرد، کەوتە خۆ بۆ نانەوەی ئاژاوە لە سەرسنورەکانی نێوان نەمسا وسەردینیا. ناوچەی کارار لە نێوان وڵاتەکەی ولمبارديای وەکوشانۆی نانەوەی چاڵاکیەکان هەلبژارد، دوای ئەوەی نەمسا ناچار دەبێ دەست لە دامردکاندنی چاڵاکیەکان بووەشێنێ کافوریش ناچار دەبێ هاوکاریی خەڵکەکە بکات ئەوسا، فرانسا بە بیانوی یارمەتی دانی هاوپەیمانەکەی دێتە ناو کیشەکە.

ماوەی چەند مانگێک پەیوەندیەکانی دبلۆماسی لە نێوان هەردو تیپ بەردەوام بوون تا کۆتاییەکەی بە ئیمزاکردنی هاوپەیمانێتیەک هات لە 26ی جەنیوەریی 1859کە لە بنەرەتدا دژی نەمسا بوو.

جەنگ لە نێوان نەمساو ئیتالیا

سەرەڕای نهێنیی بڕگەکانی پەیماننامەکە بە بڵاو بوونەوەی هەواڵەکە لە ئەوروپا هەرایەکی زۆر نرایەوە. هەموو دڵنیا بوون کە فرانسا دەیەوێ شەڕ لەگەڵ نەمسا هەلگیرسێنێ،کە دەبێ ئەویش خۆی بۆ ئامادە بکات، بۆئەوەی ئەوروپا لە چارەنوسی شەڕ دور کەوێ ئینگلتەرا بە نیازی ناوبژیوانی خۆی تێهەلقورتاند، پێشنیارێکی خستە بەردەم فەرنسا بریتنی بوو لە کشانەوەی هێزەکانی فرانسا لە رۆما لە بەرامبەر دەست هەڵگرتنی نەمسا لە هەندێک دەسەڵاتی لە ئیتاليا بە مەرجێک هەڵوێستەکان لە شوێنەکانی تر وەکو خۆیان بمێننەوە. دواتر روسیا هاتە سەر هێل داوای بەستنی کۆنگرەیەکەی پێنج قۆڵیی وڵاتە مەزنەکانی کرد بە مەرجێ سەردینیا بەشدار نەبێ تا لە ناوەڕۆکی پەیماننامەی فرانسا _ سەردینیا بگەن. فرانسا بۆئەوەی

لەبەردەم وڵاتە مەزنەکان وەکو دەست درێژ وحەز لێکەری شەڕ نیشان نەدرێت داواکەی روسیای قەبوول کرد.

سەرکردە نەمساییەکان بە هەڵە لە هەڵوێستی فرانسا گەیشتن،وایان لێکدایەوە کە فرانسا ئارەزوی شەڕی نیە بۆیە داواکەی روسیای قەبوول کرد، دواتر لە هەڕەشەو هێرشەکانی راگەیاندنی سەردینیا وئەوەی لە پەرلەمانی تورینۆ دەرچوبوو زۆر بێزار ببوو، پادشا دەیووت من ناتوانم لە بەرامبەر نالەو هاواری ئیتالیەکان بێدەنگ بووەستم. لە کۆتاییەکانی نیسانی 1859نەمسا گەفێکی بۆ سەردینیا نارد تیایدا ماوەی 3رۆژی بۆ دیار کرد کە سوپاکەی چەک بکا وبڵاوەشیان پێ بکا. حەتمەن ئەم گەفەی نەمسا کافور رەتی کردەوە،ئەمەش وەکو راگەیاندنێکی شەڕد دێت، دیارە ڤیەنناش ئاواتە خوازی ئەمە بوو بۆ ئەوەی لەبەر چاوی ئەوروپیەکان وەکو دەستدرێژ نەیەتە بەر چاو لە کاتێکا هەموو هەوڵەکانی ئاشتەوایی قەبوول کردبوون.

ناپۆلیۆن لە هاوکاری کردنی هاوپەیمانەکانی دودڵیی نەکرد، هەرزو لەشکرێکی 115هەزاریی بۆ ناردن خۆشی فەرماندارێتیی کرد،لەم هێرشەیدا دوو دروشمی بەرز کردەوە:(ئیتالیا بۆ ئیتالیەکان) و(لە ئەلبەوە تا ئەدریاتیک) ناحەزەکانی بەرژەوەندیەکانی نەمسا، لە دوو شەڕدا شکستیان بە نەمساییەکان هێنا یەکەمیان لە 4 ی حوزەیران بەناوی شەڕی ماجنتا و ئەویتر لە 24 ی حوزەیران بەناوی سۆلفرینۆ لەم شەڕانەدا فرانساو ئیتالیا لۆمباردیا یان داگیر کرد و خاکەکانی بووندەقیەش لەبەر دەم ناپۆلیۆن کرانەوە بەڵام کتوپڕ ناپۆلیۆن لە بەرەو پێش چون وەستا، لەگەڵ ئەوەی لە دروشمەکەیدا وتبووی دەبێ بگەمە ئەدریاتیک، لەکاتێکدا دوژمنانی بەرەو دواوە رایان دەکرد،ئەو کتو پڕ لە شوێن خۆی چەقی، نەک تەنها ئەوەندە بەڵکو پەیوەندیشی بە ئیمپراتوری نەمساوە کرد ژوانی یەکتر بینینیان لە فیلا فرانکۆ دانا.

لە 11ی تەموز ئاگر بەستێکیان راگەیاند، تەنها لۆمبادیا یان بە سەردینیا بەخشی و بووندوقیەو هەموو بەرژەوەندیەکانی تر لە نیمچە دورگە بۆ نەمسا مانەوە، ئەم رێککەوتنە بە بەبەندەکانی زیورخ پشت ڕاست کران دواتر لە 10ی نۆڤەمبەر 1859ئیمزایان لەسەر کرا کە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی ولایەتەکانی ئیتالیا لە وڵاتێکی یەکگرتو بە سەرۆکایەتی پادشا.

ئەم رەفتارە تاکرەویەی ناپۆلیۆنی سێیەم وەکو خەنجەرێک لە ئومێدەکانی ئیتالیەکان درا. دەستی لێ هەڵگرتن لە کاتێکدا لە سەروبەندی رازگار کردنی بندقیەدا بوون ئەوەندەشیان نەمابوو بگەنە ئەدریاتیک بە بووندوقیەوە لە دەست نەمساییەکانیان رزگار کەن. هەموو هەوڵو کۆششەکانی کافور بە باچون، گەڕانەوەی لۆمباردیا بۆ ئەوان هیچ ناگەیەنێ لە کاتێکدا هەموو ئیتالیا لە ژێر دەستی نەمسا مایەوە و ئەمیرو پادشاو فەرمانڕەوا بەکرێگیراوەکان لە شوێن خۆیان دەستیان بەسەر سامان ی خەڵکەوە گرتوە، هەڵوێستی ئیتالیەکان بەرامبەر بە ناپۆلیۆن بە تەواوەتی گۆڕا، ئەو خیانەت لێکردنەی ئەو هیچ پاساوێک ناخوات چی بوو وای لە ناپۆلیۆن کرد بەم شێوەیە هەڵوێستی لەگەڵ ئیتالیەکان بگۆڕێ ؟.

هەر بەدەست پێکردنی شەڕەکانی فرانسا هەموو بەرژەوەندیەکانی هاوپەیمانانی فەرنساو ئیتالیا کەوتنە مەترسی،لەسەر داوای ئیمپراتۆریەتی نەمسا لە ئەنجومەنی دیاتی ئەڵمانی، بڕوسیا هێزەکانی خۆی لە ناوچەی راین ی نزیک سنوری فرانسا کۆکردنەوە.ناپۆلیۆن لەوەی دڵنیا بوو ئەگەر هەردو دوژمنە بەهێزەکەی ئەڵمانیا وبڕوسیا هاوپەیمانێتیان بەست ناتوانێ پێیان بووەستێ، نەمسا لە دو شەڕی مەزندا شکستیی هێنا بەڵام بە دوایی نەروخا چونکە خاوەنی تواناو وزەیەکی بەردەوامە. دواتر فراوان بوونی روپێوی شەڕ هێزەکانی فرانسا روەو رۆژهەلات کشان هاتوچۆکردنیان بۆ بنکەکانیان لە وڵاتی دایک بە زەحمەت کەوتن. کافور فرانسای سەرفراز کردبوو کە لە دەرەوە خەریکی شەڕو پێکدادان بێ لە ناوەوەش کافور خەریکی بە ئەنجام گەیاندنی مەرامەکانی بوو لە خەباتی یەکیەتی و هەڵگیرساندنی شۆڕش بۆ هاندانیجەماوەر تا بەروی فەرمانڕەواو کاربەدەستان داهەلگەڕێنەوە. دانیشتوانی تۆسکانە و مۆدینا توانیان داگیرکاران لە خاکی خۆیان وەدەر نێن لەسەرێکەوە ئەم رەفتارانەی کافور لە ناوەڕاستی ئیتالیا پارتی کاسۆلیکی نارەحەت کرد چونکە مەترسی لەسەر قەوارەی پاپا دروست دەکا، لەسەرەکەی تر ناپۆلیۆن ئەم رەفتارانەی کافوری بە تاکرەوی دەبینی، کە بەرەو یەکیەتی هەنگاو دەنێ ئەمانەش دژی بەرژەوەندیەکانی فرانسان.

لەولاوە هۆیەکی مرۆڤایەتیش هەیە، زیانی مرۆیی مەزن لەو شەڕە کەوتنەوە بە تایبەت لە شەڕی سۆلفرینۆ نزیکەی 40 هەزار برینداری لێ کەوتەوە کە زۆربەیان لە بێ خزمەتگوزاریی تەندروستی گیانیان لەدەست دا چەندین جۆرە نەخۆشیی کوشندە بڵاو بوونەوە کە خەتەرناکیان لە کولێرە کەمتر نەبوو، پیاوێکی سویسری بەناوی دۆنان لە پەرتوکێکدا بە ناوی (بیرەوەریەکان لە سۆلفرینۆ) باس لەو کارەساتانە دەکات بڵاو بوونەوەی هەواڵی ئەم ئازار وکارەساتانە دواتر بووە هۆی دامەزراندنی خاچی سور بە ماوەیەکی کورت، ناپۆلیۆن لە ناو جەرگەی شەڕەکاندا نالەو هاواری سەربازە نەخۆش وبریندارەکانی گوێبیست دەبوو، لە ئاست ئەم ئازارانە نەیتوانی درێژە بە شەڕەکان بدات، ئەوەبوو دودڵیی لێ پەیدا بوو توانای داگیر کردنی بووندوقیەی نەما.

کافور کە لەم گۆڕان و نەچونە پێشە بێتاقەت وبێ ئومێد ببوو، بە تەواوەتیش دوای ئەوەی پادشاکەی رازی نە بوو بێ بەشداریی فرانسا درێژە بە شەڕەکان بدات، هەروەها قەبوول کردنی پەیماننامەی زویرخ، ناچار بوو بە دەست لە کارکێشانەوە نارەزایی وبێتاقەتی خۆی دەر برێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە خەبات وهەوڵەکانی بۆ رزگارکردنی وڵات کۆلی نەدا، هەر خۆی لە دوای پەردەوە هێلە گشتیەکانی سیاسەتی سەردینیای دەکێشا.

یەکیەتی ئیتالیای باکور

هەڵمەتەکانی فرانسا وێرای بەهاکانی زیانی مرۆیی زۆریشیان هەبوون، گەنجینەی فرانسا 420 ملیۆن فەرەنکی لەم شەڕانە زیان لێ کەوت،لەگەڵ ئەمەش کافور بەهۆی پەشیمان بوونەوەی لە پەیمانەکانی بەرامبەر بە سەردینا رازی نەبوو نیس و سافوای بە فرانسا بدات. سەرەڕای ئەمەش ناوبانگی فرانسا لە ئیتالیا توشی لەرزینێکی توند هات. لەدەرەوەی دەسەڵات کافور لە هەوڵی ئەوە دابوو لە رێگەی کۆن بالمرستۆن ورسل کە هەردوکیان لە لایەنگرانی دۆزی ئیتالیا بوون لە 1859یەکەمیان پۆستی سەرۆک وەزیران وئەوی تریان وەزیری دەرەوەیان پێ سپێردرابوو پشتگیریەکی دبلۆماسی لە ئینگلتەرا وەدەست بێنێ. مەبەستێکی دوو سەرەی لەم پشتگیریە هەبوو:

یا ئەوەتا هاوکاریەکانی ئینگلتەرا وەدەست دێنێ،یا فرانسا لەم کارە توشی تەنگەتاو دەبێ لە ترسی ئەوەی ئینگلتەرا دەست نەخاتە ناو کارەکە ناچار دەبێ هاوکاریی دەکات.

کافور سودی لەم گەمەیە وەرگرت کاتێک سەرۆک وەزیرانی ئینگلتەرا دۆن مواربیە رایگەیان (لەسەر نەمسایە،خاکی ئیتالیا جێ بێلێ چونکە هەموو گەلێک مافی خۆیەتی بڕیار لەسەر چارە نوسی خۆی بدات) لە شوێنێکی تریش وتی(ئینگلتەرا لە هەوڵی ئەوەدایە تا ئیتالیا بکاتە وڵاتیکی بەهێزی سەربەخۆ ی دەستوری) هەر چەندە ئەم لێدوانانە تەنها وەکو ئاخاوتن مانەوە بەڵام بۆ سەردینیا سودی هەبوو ئاستی دۆزەکەیانی بەرز تر کردەوە کە وەکو نەتەوەیەک دەبێ گوێیان لێ رانگیرێ. لە ناوەوەش کافور لە هەوڵی ئەوە دابوو هەموو خاکەکانی ئیتالیای باکور بە سەردینیا بلکێنێ، بۆ ئەم مەبەستە ئاژاوە و گێرە شێوێنیی لە وڵاتەکانی باکور نایەوە، بە بێ گوێدانە پەیماننامەی زویرخ خەڵکی شارەکانی فراری وبارم ومۆدینا و توسکانە بۆلۆنا ی لە حکومەتەکان هاندا تا بەگژیاندا بچنەوەو شۆڕش هەلگیرسێنن.

شۆڕش لە وڵاتەکان هەلگیرسان خەڵکەکە فەرمانڕەواو حوکمرانەکانی خۆیان وەدەرنا وئەنجومەنی دامەزراندنیان پێکهێناوڵاتەکانیشیان بە سەردینیا وە یەکخست. سەرەڕای دان نانی ئینگلیز بەم یەکخستنە بەڵام کافورمەبەستی داننانی فرانساش بوو بۆئەوەی هەم لێی زویر نەبێ و هەم نەکەوێتە لایەنگریی نەمسا دواتر لە داهاتوش پێویستیی بە تواناکانی فرانسا دەبێ، لە ژێرەوە لەگەڵی رێککەوت کە ئەو خاکانەی مەبەستیەتی بیداتێ، لە بەرامبەر ئەمە فرانسا پشتگیریی سەردینیا بکات لە یەکگرتنەوەی هەندێک ناوچەی باکوری ئیتالیا.

ئەوساتەی کافور هاتەوە سەر حوکم بەئاشکرا کاری بۆ سیاسەتەکەی کرد، لە هەرسێ شازادەیاتەکە ریفراندۆم کرا : بارمو مۆدینا و توسکانە هەروەها لە مومتەلەکاتەکانی پاپا، ئەنجامەکان بە زۆرینەی رەهاوە دەنگیان بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ سەردینیا دا. بە پێی پەیماننامەیەک کە لە پاریس وسەردینیا لە 12 ی ئاداری 1860 بەسترا سەردینیا دەستی لە خاکەکانی نیس و سافوای هەڵگرت بۆ فرانسا ئەمەش بە ریفراندۆمێک چەسپا.

بەم شێوەیە سەردینیا هەموو خاکەکانی باکوری ئیتالیای دەگرتەوە جگە لە بووندەقیە نەبێ. پاپاش چوار لەسەر پێنجی خاکەکانی خۆی لەدەست دان بۆیە مافی ئەوەشی نەما سەرۆکایەتی یەکیەتیی وڵات و میرنشینەکانی ئیتالیای پێ بسپێرن.

هەردوو سقلیە دەخرێتە سەر سەردینیا

کافور هەنگاوێکی مەزنی روەو ئازادی و رزگاری بە وڵاتەکەی نا، هەرچەندی تەگەرە هەبن پێویست بەوە ناکات لە نیوەی رێگا بووەستێ ئەم هەنگاوانەش دەبووایە بهاوێژرێن بۆ ئەوەی سقلیەش یەک بخرێت، بەڵام بوونی دەسەڵاتێکی بەهێزی خانەوادەی بۆربۆن لەبەر دەم ئەم ئەرکە رێگر بوو، نیشتمان پەروەران هەلێکیان بۆ رەخسا توانیان سودی لێ وەرگرن، ئەویش لە 1859پادشای ناپۆلی کۆچی کرد کورەکەی فرانسوا هاتە شوێنی، ئەم کورەی لاواز وبێ توانا و نەشارەزا بوو لە کاری حوکمڕانی. بەهۆیەوە ئاژاوە بڵاو بۆوە لە 1860شۆڕشێکی گەلەری لە دورگەی سقلیە بەرپا بوو، زۆر بە درندانە لەناوی برد، لە بەرامبەر هاوار و بانگەوازی یاخی بووەکان گاریباڵدی و دۆستەکانی لە کۆمەڵەی ئیتالیای گەنج دودڵیان نەکرد وبە هانایانەوە چون، هەزار گەنجی خوێن گەرمیان بۆ کۆکردنەوە کراسی سوریان لە بەرکردن،کە دواتر هەر بەم ناوەشەوە ناسران،هەندێک کۆنە چەکیان بۆ پەیدا کردن لە 5ی ئایار بە پێزانین ورەزامەندی کافور لە جنوی لە دەریایان پەراندنەوە. لە سقلیە دابەزین لەوێش تیپی ئازادی خوازو نیشتمان پەروەرانیان لێ کۆبونەوە هێرشیان بردە سەر شارەکان هەر زوو شاری بالرمۆ پایتەخت یان داگیر کرد و حوکمەتێکی کاتیان دامەزراند، لە وێشەوە بۆ وشکاییەکانی ئیتالیا خۆیان ئامادەکرد تا ناپۆلیی پایتەخت داگیر کەن.

لەم ساتە کافور ڕوبەڕووی ئەرکێکی قورس بووەوە، گاریباڵدی کە بە سەرکردەیەکی توندڕەوی نیشتمانپەروەری خاوەن لایەنگریەکی پانی جەماوەر ناسرا بوو رۆژێک لە رۆژان کاری حوکمڕانیی بە کردار بەجێ نەگەیاندبوو بۆیە لە سیاسەتی ستراتیج ودوربینیدا بێ ئەزمون بوو. دەبووایە کافور هەردەم رێنمایی بکات بۆ ئەوەی بەپێی بەرژەوەندیە دەوڵەتیەکان رەفتار بکات،ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو. ئەو کاتە هێشتا سۆزی ئینگلتەرا نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی دان بە یەکگرتنی سەردینیا وباشوری ئیتالیا بنێ، ئەمە هەمان هەڵوێستی فرانساش بوو، بۆیە گاریباڵدی ناچار بوو لە دەرەوەو بە ئاشکرا ناڕەزایی خۆی لە سیاسەتەکانی گاریباڵدی ئاشکرا بکات بەتایبەت دەست درێژیەکەی کردیە سەر فراسوا کە پادشایەکی شەرعی بوو، لە دڵیشەوە لە هەنگاوەکانی رازی بووو بۆچونەکانیان کە ئاڕاستەی رزگارکردنی باشوری ئیتالیا بوون یەکیان دەگرتنەوە. لەکاتێکدا لە دەریاوە لەشکرێکی نارد بۆ رێگەگرتن لە لەشکری گاریباڵدی تا سقلیە داگیر نەکات،لە ژێرەوەش بە فەرماندەکانی وتبوو دەست نەخەنە بەر کاری گاریباڵدی. ئەوەبوو سوپای گەلەری توانیان لە بەنداوی مسینا کە سقلیەو باشوری ئیتالیای لێک جیا دەکردەوە پەڕینەوەو لە 20ی ئاب لەکەنارەکان دابەزین لە 9ی سەپتەمبەریش دەستیان بەسەر ناپۆلیی پایتەخت داگرت، لەوێ

کۆتاییان بە سەردەمی بۆربۆن هێنا. بەم شێوەیە نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێرەکان وڵاتە مەزنەکانیان خستە بەردەم دیفاکتۆ، باشوری وڵات کەوتە ژێر دەستی خۆیان. ئینگلتەرا لە رای خۆی پەشیمان نەبووەوە دانی بە یەکیەتیی باکور وباشوری ئیتاليا نەنا، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە فرانسا بەنیازە تاجی پادشایەتیی ناپۆلی بدا بە ئەمیرێکی فەرەنسی. ئیتر ململانێکە کەوتە نێوان هەردوو وڵاتە مەزنەکە ئەمەش لە بەرژەوەندیی کافور دا بوو.

گرتنەخۆی خاکەکانی پاپا

بە سەرکەوتنەکانی گاریباڵدی ماندو بوونو خەتەرناکیی زۆر بۆ کافور دروست بوون،فەرماندە سەرکەوتوەکە زوو راینەگەیاند کە دێتە پاڵ باکو رو باشور سەرەڕای ئەوەی بەردەوام دلسۆزیی خۆی بۆ پادشا عەمانۆئیل دەردەبری بەڵام بە هۆی ئەوەی دەستی لە نیس هەڵگرتبوو بۆ فرانسا کە شوێن لە دایک بوونیەتی، بەهۆیەوە لە پادشا زویر بوو دوبارە بە بەژن وباڵای کۆماریخوازانی هەلدەدایەوە،کافور لەوە دەترسا لە ژێر کاریگەریی سەرکەوتنەکان و یاوەرانی لە لایەنگرانی هەلگری بیری مازینی، کۆماری باشور رابگەیەنن. لەم حاڵەتە دەرفەتەکانی یەکگرتنەوەی هەردو پارچەکە کەم دەبنەوەو ژیانی پادشا لە باکور دەکەوێتە مەترسی لە کاتێکدا کافور تا سەر ئێسقان پابەندی پادشا و رژێمەکەی بوو. ئەمەو گاریباڵدی دواتر رایگەیاند کە بەردەوام دەبێ لە شالاوەکانی بەرەو ناوەڕاست تا هەموو ئەو خا کانەی لە ژێر دەسەڵاتی پاپایە دەریان دە هێنێ،ئەم ئارەزوانەی گاریباڵدی ڕاستیەکانیان لە بەر چاوی کافور ون کردن، ئەگەر ئەم پیاوە بەرەو ناوەوە هێرش بەرێ یەکیەتیی ئیتاليا لەناو دەچێ دواتر لە دەست بەسەردا گرتنی زەویەکانی پاپا کاسۆلیکەکانیش لە هەموو دونیا لێی دەتۆرێن و لەوێش لەگەڵ هێزەکانی پاراستنی فەرەنسی دەکەونە لێکدان،دواتر کەس ناتوانێ مەزندەی ئەوە بکات کە چی رودەدات.

بەر لەوەی گاریباڵدی کارێکی گەوج بکات و کارەکان لەدەست دەرچنکافور بڕیاری دا شتێ بکات، بۆ ئەوەی بچێتە باشور و لە وێ گاریباڵدی تێ بگەیەنێ کە کاری وا نەکات دەبێ بە زەویەکانی پاپا دا بڕوات دیارە پاپاش ئەمە قەبوول ناکات بۆیە بیری لەوە کردەوە هانا بۆ ناپۆلیۆنی سێیەم دۆستی دێرینی بەرێ. ئەم جارەیان ناپۆلیۆن بەخیلیی نەکرد بە هانای ئیتالیەکانەوە چو رێگەی بە کافور دا بە زەویەکانی پاپادا بڕوات تەنانەت ئەگەر بووبە شەڕیش، بەڵام بە مەرجێک زۆر بە خێرایی ئۆپەراسیۆنەکە ئەنجام بدات تا گەلی کاسۆلیکی فرانسا لە روو دا بمێنن.

هێزەکانی سەردینیا بە بیانوی لەناو بردنی یاخی بووەکان لە شاری مارچ و ئۆمبریا زۆر بەخێرا چونە ناو خاکی پاپاو لەگەڵ خۆبەخشکارانی پاپەوی لە 18 ی سەپتەمبەر 1860بە گژ یەکدا چون کە بەرگریەکی زۆریان دەکرد.

ئەو کاتەی هیزەکانی سەردینیا گەیشتنە باشور نیشتمان پەروەرایەتیی گاریباڵدی بەسەر هەموو فاکتەرەکان دا زاڵ ببوون. بەخێر هاتنی باکوریەکانیان کردن سلاویان بۆ پادشا عەمانۆئیل هەبوو وەکو پادشای ئیتاليا، بەم شێوەیە باکورو باشوریان خستنە پاڵ یەک لە ژێر دەسەڵاتی پادشا، کافوریش ئەمەی مەبەست بوو.

هەرزو ریفراندۆمێک لە باشورو لەو شوێنانەی لە خاکە دابڕاوەکانی پاپا ئەنجام درا زۆرینەی دەنگەکان لە بەرژەوەندیی یەکخستنی باشور لەگەڵ سەردینیا بوو. لە 18ی شوباتی 1861عەمانۆئیل لە خانەوادەی سافوای وەکو پادشای ئیتالیا (بە رێ پێدراوی خوا وویستی میلەت) راگەیەندرا بەڵام چارەنوسی ستەمکار واهات کە کافور دوای ئەم روداوە ئەوەندە نەژیا لە 6 ی حوزەیرانی 1861 کۆچی دوایی کرد.

رزگارکردنی بوندوقیە

ئیتالیەکان توانیان بەشی زۆری خاکی نیمچە دورگەی ئیتالیا لە دەرەوەی دەسەڵاتی نیشتمانیی یەکگرتو رزگار کەن. ئەوەی سەیر بوو ئەو ناوچانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی یەکگرتوی نیشتمانی دابوو ناوچە گرنگ و خۆشەویستەکان بوون، رۆما لە ژێر دەسەڵاتی پاپا مابووەوە کە بە پاسەوانێتیی فرانسا پارێزراو رۆما لە شارە هەرە دێرین و پیرۆزەکان بوو پایتەختی ئیمپراتورە رۆمانیەکان بوو، هەروەها شاری دوو پێغەمبەرە پیرۆزەکە بوو، بەترۆس و پۆلس و گەوهەری نیمچە دورگە. ئەوەی لە ژێر دەستی دەسەڵاتی نەمسا مابووەوە، بووندقیەبوو کە جوانترین شاری ئیتالیایە لە دوای رۆما بە دێرین ترین شاری ئیتالیا دەژمێردرێت لە روی شارستانی وکەلتوری ئیتالیا لە مەزنترین شارە کانی ئەوروپا دەژمێردرێت لە چەرخی ناوەڕاست. دواتر خاکی پترۆل شارەکانی تەرسینا و ئیستریا ش لە ژێر چنگی نەمسا مابووەوە. حکومەتی ئیتالیا ئەمانەی لە بیر نەدەکردن بەڵام لە بێ توانایی بێدەنگیی هەلبژارد بە ئومێدی گۆڕانی فاکتەری کات.

کە پەیوەندیەکانی نێوان بڕوسیا ونەمسا تێک چون و لە سەر لێواری شەڕدابوون لە 1866هەردولا بەدوای هاوپەیمانێک دەگەڕان. ئیتالیا ئەم دەرفەتەی بە هەل وەرگرت بۆیە لە دەوری هەردوکیان دەخولایەوە تا لە کۆتایی بە گەرەنتیی ناپۆلیۆن لەگەڵ بڕوسیا رێک کەوتن. بەندەکانی رێککەوتن دەڵێن بڕوسیا لەگەڵ ئیتالیا رێککەوت کە هەرکاتێک لەگەڵ نەمسا کەوتە شەڕ ئیتالیا هاوکاریی سەربازیی بکات، ئەگەر سەر کەوتن ئەوا بڕوسیا لە رزگار کردنی بووندقیە هاوکاریی ئیتالیا بکات، هەر واش بوو کاتێک شەڕ رویدا نەمسا شکستی هێنا، لە پەیماننامەی ئاشتەوایی لەسەر ئەوە رێک کەوتن کە نەمسا واز لە بووندقیە بێنێ بۆ فرانسا، فرانساش بە دەوری خۆی دەیکاتە دیاری بۆ ئیتالیا.

رۆما پایتەختی ئیتالیا

ئیتالیەکان بۆ رازاندنەوەی سەرکەوتنەکانیان لە رێورەسمی یەکگرتن پایتەختیان گواستەوە رۆمای شاری نەمر. بەڵام بوونی هێزی پاراستنی فرانسا لە رۆما رێگر بوو. لە 1870دەرفەت رێکەوتن کاتێک شەڕ لە نێوان بڕوسیا وفرانسا رویان دا. بەهۆێ پێویستیەکانی هێزی سەربازیان فرانسا هێزەکانی خۆی لە رۆما کێشایەوە، ئەوکاتە هەموو ئەوروپیەکان بیریان لای سەلامەتیی پاپا بوو، ئیتر دەرفەت بوو بۆ ئیتالیا،پادشا عەمانۆئیل وەکو پادشای ئیتالیا رۆمای بە پارچەیەک لە خاکی ئیتالیا راگەیاند بۆ سەلامەتیی پاپاش

هێزەکانی خۆی گەیاندنە ئەوێ. بۆئەوەی سیمایەکی یاسایی بە مەسەلەکە بدەن رافراندۆمێکیان لە شار ئەنجام دا بە رێژەی 99% دەنگیان بۆ هەنگاوەکانی پادشا دا، بەم شێوەیە کۆتایی بە دوایین دەوڵەتی ئاینی لە ئەوروپا هات.

ئەم روداوە لەیەک دابرانێکی لە نێوان پاپا و حکومەتی ئیتالیا دروست کرد تا ساڵی 1929درێژەی کێشا تا ئەو کاتەی پەیماننامەیەک لە نێوان هەردوو لایەن لە سەردەمی مۆسۆلینی ئیمزا کرا بە ناوی پەیماننامەی (لاتران)، بە پێێ ئەم رێکەوتننامەیە هەندێک گەرەک لە دەوروبەری کەنیسەی پیرۆزی پەترۆس بە پاپا دران و دانیش بە دەوڵەتی پاپا لە فاتیکانی سەربەخۆ نرا.

ناوچە کانی تریش وەکو تیرۆل و تریست بە خاکی نیشتامانی دایک لکێنران، بەم شێوەیە لە 1919 کۆتاییان بە قۆناغەکانی یەکیەتیی ئیتالیا هێنا دوای ئەوەی ئیتالیا بەسەرکەوتویی لە شەڕەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم دەرچو.

بەشی شەشەم

یەکیەتیی ئەڵمانی

_ جەنگی روسیا_ دانیمارک
_ جەنگی روسیا_ نەمسا
_ جەنگی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی
_ کۆماری سێیەمی فەرەنسی

یەکیەتیی ئەڵمانی

لە میانی باسکردن لە یەکیەتیی ئیتالیا وتمان کە کۆنگرەی ڤیەننا بە روحیەتی مەترنیخ ی ستەمکارو زۆردار چارەسەری کێشەکانی ئیتالیای کردبوو، بەهەمان گیان و دور لە دادپەروەری وگیانی ئازادیخوازانە چارەسەری کێشەی ئەڵمانیای کردبوو. ئەم کۆنگرەیە کاتێک کێشەکەیان خستە روو بەزۆر دامەزراندنی یەکیەتیەکی جرمانیان بەسەر وڵاتە ئەڵمانیە کاندا سەپاند ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی جەرمانیدان. ئەم یەکیەتیە ئیمپراتۆریەتی نەمساشی گرتەوە، بە هەوڵی مەترنیخ ئەو یەکیەتیە کەوتە ژێر دەسەڵاتی نەمسا، مەترنیخ ئەمەی بۆ ئەوە بوو رێگە لە بەردەم بروسیا بگرێ سەرۆکایەتیی ئەڵمانیا بکات. کۆنگرەی ڤیەنناش بڕیاریدا نەمسا سەرۆکی هەمیشەیی یەکیەتیەکە بێت. گرنگترین وڵاتەکانی یەکیەتی بریتی بوون لە نەمسا و بروسیا و باڤاریا و سەکسۆنیا وۆرتبێرگ. بڕیار درا ئەنجومەنێکی یەکیەتی پێک بێنن کە هەموو وڵاتەکان تیادا نوێنەریان هەبێ،ناونرا (دیات) بارەگاکەشی بووە فرانکفورت، ئەرکی ئەم ئەنجومەنەش یەکلا کردنەوەی کێشەکانی نێوان وڵاتەکان بوو.

بەڵام ئەم ئەنجومەنە بێکارو لاواز بووهیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە یەکێک لە بڕگەکانی بڕیاردان بە شێوەی گشتی دەبێ، ئەمە خۆی کێشەی دروست کردبوو چونکە ئاسان نەبوو 37 وڵات بە بەرژەوەندیی جیاو بۆچونی جیاوە لەسەر بابەتێک کۆک بن هەر بۆیە بڕیارەکانی ئەنجومەن وەکو راسپاردە بوون نەک وەکو بڕیار. ئەوەی ڕاستی بێ ئەو کاتەی نەمسا یا ئەڵمانیا مەبەستیان بووایە بڕیارەکان دەبوونە بڕیارو دەبووایە جی بەجێ بکرابان ئەمە چونکە خاوەنی سەنگ و هێزی زبەلاح بوون بەڵام ئەگەر بڕیارەکان لە بەرژەوەندیی وڵاتە بچوکەکان بووایە ئەوا دەبوونە راسپاردە، بەم شێوەیە هەریەک لە وڵاتەکان شوێنیکی تایبەتیی هەبوو کە هەموویان لە یاک ئاست دا نەبوو ن. نەمسا مەبەستی

بوو بە هەر شێوەیەک بێ یەکیەتیەکە بپارێزرێت چونکە خۆی لەم ڕێگەیەوە دەسەڵاتی بەسەر هەموو وڵاتە جەرمەنیەکانەوە هەبوو، دواتر مانەوەی یەکیەتیەکە مانەوەی بڕوسیایە لە ژێر دەسەڵاتی نەمسا، جگە لە مەسەلەی یەکگرتنەوەی ولایەتە ئەڵمانیەکان هەر بەدەستی نەمسا دەبێ کە هەرگیز ڕێگە بە ئەنجام دانی نادات. بەڵام بڕوسیا دەیویست ئەم کۆتە بشکێنێ کە کۆنگرەی ڤیەننا بەسەریدا سەپاندوە،تا ئەم یەکیەتیە مابێ دەبێ نەمسا بەسەریدا باڵا دەسەڵات بێ ئەویش لە دەستێوەردانی وڵاتەکانی ئەڵمانیا بەدور دەبێ.

مەسەلەیەکی تری گرنگ ئەوەبوو کە بڕوسیا بەهۆی مەزنی وبەهێزیەوە خۆی لە بەرامبەر چارەنوسی ئەڵمانیا بەرپرسیار دەبینی لە ئاست یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا خۆی بەرپرسیار بوو ئەمەی بە ئەرکی خۆی دەزانی. نەمسا بە پێچەوانەوە کارەکانی دەبینی، هەر کاتێک یەکیەتیەکە بە ئەنجام بگا هەڕەشە لە ئیمپراتۆریەتی نەمسادەکرێت. لای نەمسا یەکیەتیی ئەڵمانیا ئەوە دەگەیەنێ کە لە 20% دانیشتوانی وڵاتەکانی جەرمانی نەمسایین بەم پڕۆسەیە لە دەستیان دەدات، دواتر هانی گەلەکانی تری ژێر دەسەڵاتی نەمسا دەدات کە داوای سەربەخۆیی بکەن. بە هەموو ئەو هۆیانەی کە باسمان کردن، لە حاڵەتی دروست بوونی ئەڵمانیایەکی یەکگرتو مەترسی لە نەمانی دەسەڵاتی نەمسا لە ئەوروپای ناوەڕاست نزیک دەبوو هەر ئەمەش هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەوە بوو کە نەمسا حەزی لە بیستنی ئەم بیرۆکە بێ، ئەگەر ئەو پیاوە بەهێزە لە بڕوسیا هەلنەکەوتبا کە ناوی بسمارک بوو، چاوەڕوانی هەوڵەکانی نەمسا بوون بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکە لە بەرژەوەندیی خۆی. ئەم پیاوە توانیی هەوڵە کۆنە پەرستەکانی نەمسا هەرەس پێبێنێ و گەلی ئەڵمانیا بەرەو یەکگرتن بەرێ.

بسمارک

بسمار له 1815 له براند بۆرگ ی بڕوسیا له دایک بووه. سەربه خێزانێکی ئۆروستوکراتیی دێرین وکۆنەپارێزی بڕوسی بوو بەنەریتی سەربازی و دلسۆزیی بۆ پادشا پەروەردە بووه. وانەکانی له بەرلین وەرگرتون دواتر چۆته خوێندنی دادوەری وماوەیەکیش کاری پێوه کرد دواتر دەگەڕێتەوه شارەکەی،کار له سەر زەوی و زاری خێزانەکەی دەکات. تا ساڵی 1849 که به نوێنەری هەرێمەکەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرایەتی هەڵدەبژێردرێت،ڕۆلی بەرچاو له گوتار خوێندنەوه دەگێرێ. دواتر به نوێنەرایەتیی وڵاتەکەی له ئەنجومەنی فرانکفۆرت دادەنرێت واته ئەنجومەنی یەکیەتی.
پیاوێکی بەهێزو به توانابوو دلسۆزیی بۆ پادشایەتیی رەها و ستەمکار هەبوو به رادەیەک بڕوای بەوه نەبوو گەل بەشداری له حوکم رانی بکات. ئەمخەسلەتانەی بوونه هۆکاری ئەوەی پادشا به بالوێز له روسیاو دواتر له فرانسای هەلبژێرێ تا ساڵی 1862کە پۆستی سەرۆک وەزیرانی پێ دەسپێردرێت.
لەم ساڵەدا لەسەر بوودجەی تەرخانکراو بۆ سەربازی ناکۆکی کەوته نێوان پادشاو پەرلەمان چونکه دەنگیان بۆ بوودجەکه نەدەدا. کارەکان به رادەیەک ئالۆز بوون گەیشته ئەو ئاستەی پادشا وازهێنانی خۆی بخاته بەردەمیان، بەڵام بسمارک توانیی پێی بکێشێتەوه به گفتی ئەوەی که دەتوانێ داخوازیەکانی لەم بووارەدا جێبەجێ بکات. کارو باری سوپای به شێوەیەک رێکخست وبەڕێوەی برد که ئەنجامەکانی پێکاو قەیرانەکەشی رەواندەوه.

ئامانجی بسمارک

بسمارک هاته سەر دەسەڵات به بەرنامەو ئامانجی دیارو دیراسەکراوی زانستیانه وە، به دیدی بسمارک ئامانجی هەر حکومەتێکی بڕوسی دەبێ یەکیەتی ئەڵمانیابێ،چونکه مەزنی پایەی بڕوسیا له ئەڵمانیا ئەمەی بەسەردا دەسەپێنێ. ئەگەر بڕوسیا ئەمه ئەنجام نەدا ئەوا ئەو یەکیەتیه له دایک نابێ.
بەدیدی بسمارک دوو ناحەز لەبەر دەم ئەو یەکیەتیه دا هەن دەبێ شکستیان پێ بهێنرێ : نەمسا و فرانسا،بۆیه بڕوسیای ئامادە دەکرد بۆ هەردوو جەنگەکه یەکەمیان دژی نەمساو ئەویتریان دژی فرانسا.

کێشەی شلزوینگ و وهۆڵشتاین

لەوکاتەی بسمارک دەسەڵاتی گرتبووە دەست شارەزایی لە بوواری دوژمنداریتی نەمسا بۆ یەکیەتی ئەڵمانیا هەبوو. دڵنیا بوو لەوەی ئەم کێشەیە لە ریگەی وتو ویژو دانیشتن ناگاتە هیچ ئەنجامیک چونکە مەسەلەکە دژایەتیەکی بنەڕەتیی هەیە پەیوەندیی بە بەرژەوەندیە کانەوەیە، بۆیە بسمارک بروسیای بۆ شەڕیک ئامادە دەکرد، ئەو دەرفەتیش ئەوکاتە هاتە پیش کە کێشە لە نێوان نەمسا و بروسیا لەسەر هەردوو هەریمی شلزوینگ وهۆلشتاین لە 1866رویان دا. لە ساڵی 1864ناکۆکیەک لە نیوان دانیمارک وئەڵمانیا لە سەر مافی خاوەنداریتی لەم دوو هەریمە روی دا. ئەم ناکۆکیە بووە هۆی دروست بوونی شەڕ لە نێوان دانیمارک لەلایەک بروسیاو نەمسا لەلایەکی تر، بە دۆراندنی دانیمارک کۆتایی بەشەڕەکە هات. هەردوو هەریمەکەش لە نێوان نەمساو بروسیا دابەش کران. هۆلشتاین درا بە نەمساو شلزوینگ لەگەڵ شاری کیال دران بە بروسیا. دواتر بروسیەکان دەستیان بە لیدانی ئەو کەندرە دا کە دەریای باکور بە دەریای بەلتیک دەبەستێتەوە. نەمسا ئەمەی وەکو بەهێز کردنی کەشتیگەلی بروسی و زیاد کردنی دەسەڵاتی بروسیا لەسەر حسابی نەمسا دەبینی. کاری بۆوەدەست هێنانی بەشێك لە قەرەبو کرد لە بری ئەو دەسکەوتانەی بروسیا کە وەدەستی هێناون بە تایبەتی لە سیلیزیا.

بسمارک لە سیماکان بۆی دەرکەوت کە کێشەی دوو میرنشینەکە بە جەنگ نەبێ چارەسەر ناکرێ نەک تەنها ئەو کێشەیە بە جەنگ چارەسەر دەکرێ بەلکو کێشەی چارەنوسی یەکیەتیی ئەلمانیاش لەگەل خۆی چارەسەر دەکات چونکە بروای زۆری بە سوپای بروسیا هەبوو کە شکست بە لەشکرەکانی نەمسا بێنی. هەموو ئەوروپیەکان هەستیان بە نیشانەکانی جەنگ دەکرد کە بەڕێوەیە،هەر بۆیە خۆیان بۆ ئامادە کرد. لە کۆتایی مانگی شوباتی 1866ئەنجومەنی وەزیرانی ئەڵمانیا بۆ هەڵسەنگاندنی تواناکانی ئەڵمانیا و ئەگەرەکانی سەرکەوتن کۆبونەوە. سەرۆکی باڵای سوپا جەنەراڵ ڤۆن مۆلتکە راکانی خۆی بەرونی خستەبەردەم ئەنجومەنەکە ووتی: بروسیا بەتەنیایی ناتوانێ شکست بە نەمسا بێنێ، بۆ ئەم مەبەستە دەبێ لەگەڵ ئیتالیا هاوپەیمانێتیەک ببەستین بۆئەوەی لەو حاڵەت دا ئیتالیاش سێ یەکی نەمسا سەرقال بکات. بەهۆیەوە دەرفەتەکانی سەرکەوتن زیاتر دەبن.

لەو کاتەوە بسمارک هەوڵەکانی بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی یەک لەگەڵ ئیتالیا چرتر کردن، لە لایەکی تریشەوە کاری بۆ نانەوەی ئاژاوە لەگەڵ نەمسا دەکرد تابی وروژێنی، و بروسیاش لە بەرچاوی ئەوروپیەکان بە ئاژاوە گێر نەیەتە بەر چاو.

یەکەم کار لەم بوارە کە ئەنجامی دا لە ئەنجومەنی دیات ی خواست نوێنەری حکومەتەکان وەکو نوێنەری نەتەوەکانیان حسابیان بۆ بکرێت (هەرچەندە ئەمە لەگەڵ بۆچونەکانی بسمارک یەکیان نەدەگرتنەوە). مەبەستی ڕاستەقینەشی لەم داخوازیە ئەوە بوو تا بروسیا بە سیمایەکی شارستانی بێتە بەرچاو و نەمساش بە وڵاتێکی دژی داخوازیەکانی گەلان و دیموکراسی و وەکو وڵاتێکی کۆنەپەرست بناسرێ. بە مەزندەی

بسمارک کاتێک ئەم پێشنیارە دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی دیات نەمسا بە هەموو توانایەکیەوە دژی دەوەستێ لە ئەنجام بەگژ بڕوسیادا دێتەوە، ئەوەش مەبەستەکەی بسمارک بوو. بەر لەوەی بچینە ناو ناوەڕۆکی جەنگ،با هەڵوێستی وڵاتە ئەوروپیەکان لە مەر ئەم کێشە ئاماژە پێبدەین.

ئینگلتەرا: هەڵوێستی بریتانیا لەم کێشەیە بەهۆی ئەوەی هیچ بەرژەوەندیەکی لە ئەوروپای ناوەڕاست دا نەبوو هەڵوێستی تەماشەوان ی وەرگرت، بە شێوەیەکی گشتی ئەمە هەڵوێستەکەی بوو بەڵام لای بریتانیا گرنگیەکی تریشی هەبوو کە نەیدەویست وڵاتێک بەسەر وڵاتێکی تردا زاڵ بێ و لەئەنجام پارسەنگی هێزی وڵاتە ئەوروپیەکان تێک بچێ.

بەهەر حاڵ نارەزاییەکەی بریتانیا لە ئاستی نارەزایی دبلۆماسیانە رەتیان نەکرد،کارەکانی نەگەیاندە ئەو ئاستەی بە لەشکرکێشی دەست بخاتە ناو کێشەکە تا دۆخەکان لە بەرژەوەندیی خۆی وەرچەرخێنێ.

ئیتالیا : ئیتلایاش هیچ بەرژەوەندیەکی لە ئەوروپای ناوەڕاست دا نەبوو، هەر چەندە لای ئەو ئەوەندە گرنگ نەبوو دەست لە کارو باری ئەو ناوچەیە وەربدرێت بەڵام لاریی نەبوو ئەڵمانیایەکی یەکگرتوی بەهێز لەسەر سنوری نەمسا دروست بێ کە مایەی هەڕەشە بێ بەڵکو لە رەفتارە ستەمکاریەکانی کەم دەکاتەوە. لە روێکی ترەوە مەسەلەیەکی هاو بەش هەیە لە نێوان نەمسا وئیتالیا ئەویش کێشەی بووندقیە یە. ئیتالیا هەردەم ئامادەیە لە پێناویدا هەم سازش وهەم شەڕ بکات، بۆیە رایگەیاند لە پێناو وەدەست هێنانی بووندقیە ئامادەیە هەردەم پشتگیری لە بڕوسیا بکات دژی نەمسا.

روسیا: لەو کاتەی بسمارک جلەوی دەسەڵاتی لە بڕوسیا گرتوتە دەست ویستویەتی تەوەرێک لە نێوان روسیا و بڕوسیا دروست بکات بەهۆیەوە روسیا ببێتە هاوپەیمانیکی ڕاستەقینەو هەمیشەیی بۆ چەند مەبەستێکی گرنگ. چونکە روسیا هیچ چاو برینێکی لە ئەوروپای ناوەڕاست نیە تەنها چاوی بریوەتە ناوچەی بەلکان،دیارە کە بڕوسیاش چاوی لە ناوچەی بەلکان نیە چاوی تەنها لە ئەوروپای ناوەڕاستە. ئەم روالەتە بوونەتە هۆی بەردەوامی دۆستایەتی وهاوپەیمانێتیی بڕوسیا و روسیا چونکە بەرژەوەندیەکانیان لە هیچ شوێنێک لەگەڵ یەک دژ نین. بە هەوڵەکانی بسمارک بڕوسیاو روسیا هاوکاری یەک بوون، کاتێک کێشە و شەڕ کەوتە نێوان بروسیا ونەمسا روسیا هاتە پاڵ بڕوسیا، فرانسا : ناپۆلیۆنی سێیەم سۆزی زۆری بۆ هەموو بزوتنەوە نەتەوایەتیەکان هەبوو تەنانەت ئەگەر ئەڵمانیش بایە، بەڵام ئەم ئارەزوانەی لە بەرژەوەندیی فرانسا دا نەبوون، دروست بوونی ئەڵمانیایەکی بەهێز مەترسی بۆ فەرنسا دروست دەکات لەم روانگەیەوە فرانسا پێی باش بوو لە ئەڵمانیا سێ یەکیەتی دروست بن : یەکیەتیی وڵاتانی باکوری ماین، یەکیەتیی وڵاتانی باشوری ماین، یەکیەتیی سێیەم وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی نەمسا وناوچەکانی سودێت بگرێتەوە، ئەگەر بڕوسیا بەم مەرجانە رازی بێت ئەوا فرانسا ئامادەیە پشتگیریی بکات بەتایبەتی ئەگەر هاوپەیمانێتیی لەگەڵ ئیتالیا ئەنجام دا و گفتی رزگار کردنی بووندقیەی بۆ دا. هەر چۆنێکی بێت فرانسا نایەوێ بەشداری لە شەڕەکان بکات بۆ یە هەڵوێستی بێ لایەنیی هەڵبژارد.

دانوستان

لەسەر ئارەزوی فرانساو ئامۆژگاریی فەرماندە سەربازیەکانی بڕوسی دانوستان لە نێوان ئتالیاو بڕوسیا دەستی پێ کرد، دوای دودڵیەکی زۆر و پەیمان و ئامۆژگاریەکانی فرانسا بە پاراستنی لە هەر مەترسیەک، ئیتالیا هاوپەیمانێتیی لەگەڵ بڕوسیا ئەنجام دا. بەم شێوەیە هاوپەیمانێتی لە نێوان بڕوسیا و ئیتالیا لە 8 ی نیسانی 1866بۆ ماوەی 3مانگ ئیمزا کرا. بەهۆی ئەوەی ماوەکە کەم بوو لەبەر دەم بسمارک، دەبووایە بە نهێنی پەلە لە کۆکردنەوەی لەشکر بۆ سەر سنوری نەمسا بکات، کاتێک نەمسا بەمەیزانی بە ئاشکرا لەشکری کۆکردەوەو ئەوانەی لە سەربازیی بوەدەرنابون دوبارە بانگی کردنەوە ئەمەش نارەزایی لێکەوتەوە، لە ئەوروپا نەمسا وەکو دەست درێژکار هاتە ناسین، بەر لە دەست پێکردنی شەڕ نەمسا بە مەبەستی هێور کردنی ئەڵمانیەکان رایگەیاند کە دەستی لە کاری هەردوو میرنشینەکە (دۆقیە) هەڵگرتوە، بەڵام بسمارک ئەمەی بە پێشێلکردنی رێکەوتنی گشتاین ناو برد کە لە نێوان نەمساو بڕوسیا ئیمزا کراوە. رێککەوتنەکە ماف دەداتە بڕوسیا شلزوینگ بخاتە سەر خاکی وڵاتەکەی هۆڵشتاین یش بە نەمسا بدات. نیشانەکانی شەڕ دەرکەوتن کاتێک ئەنجومەنی دیات کۆبووەوە زۆرینەی وڵاتانی ئەڵمانیا دەنگیان بۆ نەمسا دا بە تایبەت وڵاتە مەزنەکان باڤاریا، وارتمبرگ،هانۆڤەر، ساکس.

شەڕی نەمسا_ روسیا

دوای ئەوەی شاندی بڕوسیا رایگەیاند ئەو یەکیەتیەی راگەیاندراوە هەلی دەوەشێننەوە، لە شەوی 14 _ 15ی حوزەیرانی 1866شەڕ لە نێوان بڕوسیا ونەمسا هەڵگیرسا.

کاتێک شەڕ دەستی پێکرد نەمسا لەشکرێکی 230هەزاریی نارد بۆ ڕوبەڕوو بوونەوەی لەشکری بڕوسیا و، 140هەزاریشی ناردە باشور لە چاوەڕوانیی لەشکری ئیتالیا. لە 3ی حوزەیران شەڕەکان لە نێوان سوپای نەمساو بڕوسیا دەستیان پێکرد ئەمەش بە شەڕی سادوا ناونرا لەم شەڕەدا سوپای بڕوسیا سوپای نەمسای تێکشکاند. بەر لەوەی وڵاتە ئەڵمانیە هاوپەیمانەکانی نەمسا بتوانن هیچ هاوکاریەکی بکەن ئەم سەرکەوتنە بەدەست هات،لە هەمان کاتدا لە باشوریش ئیتالیەکان هێرشیان دەست پێکردبوو لە شەڕی کۆستۆزا، سەرەڕای زۆری ژمارەیان لەگەڵ ئەمەش ئیتالیەکان شکستیان خوارد، دەنگۆی شەڕی سادوا لە ئەوروپا دەنگی دایەوە ئیتر دەبووایە دوای ئەو شەڕە وەکو وڵاتێکی مەزنی خاوەن هێز لە ئەوروپا حسابێک بۆ بڕوسیا بکرێت، رەنگدانەوەی ئەم شەڕە لە فرانسا زۆر کاریگەریی هەبوو. هەمووڵایەک لە فرانسا هەستیان بە خەتەرناکی بەهێز بوونی بڕوسیا کرد، لێرە بەدەر کەوت کە بێلایەنیەکەی فرانسا لەم شەڕانە هەڵوێستێکی هەڵە بوو، لەم روانگەوە فرانسا بە پێویستی زانی ناوبژیوانیەک بکات لە نێوان هەر دوو لایەن ئەم ناوبژیوانیەشی لەسەر داوای نەمسا پێی هەڵسا. بە تەواوەتیش بۆ ئەوەی بڕوسیا بەرهەمی یەکجارەکیی سەرکەوتنەکانی نە چنێ. بڕوسیا ئەم هەوڵەی فرانسای بە گرانی قەبوول کرد بە مەرجی ئەوەی هاوشانی ئەم ناوبژیوانیە ئۆپەراسیۆنی سەربازی و ئامادە کاری هەبن، ئەمەش خۆی داخوازیی

وەزیری دەرەوەی فرانسا بوون، بەڵام ترس و دودڵیی ناپۆلیۆن لەم ناوبژیوانیە وایان کرد کە پرۆسەکە بە شێوازێکی ئاشتیانە بەرێ بچێ تا کارەکەی بێ سود و کاریگەر کرد.
لە کۆتایی لە ئەنجومەنی وەزیرانی فەرەنسی لەسەر ئەم خالانە پێکهاتن کە بیان خەنە بەر دەم لایەنەکان:

1_ سەلامەتی خاکی نەمسا بپارێزرێت جگە لە بندوقیە.

2_ یەکیەتیی جرمانی کە نەمسا پابەندیەتی هەلبووەشێندرێتەوە.

3_ ماف بە بڕوسیا بدرێت یەکیەتیی جرمانەکان دابمەزرێنرێت.

4_ ئەو وڵاتانەی دەکەونە خوار روبار یەکیەتی لە ژێر دەسەڵاتی فرانسا پێک دەهێندرێن.

5_ هەردوو میرنشینەکە (دۆقیە) بە بڕوسیا بدرێت.

بڕوسیا ئەم مەرجانەی قەبوول کردن چونکە مەبەستی نەبوو نەمسا رسوا بکات، پادشا و سوپا مەبەستیان بە ئەنجام گەیاندنی یەکیەتیەکە و فراوان بوون بوو لە سەر مافی خاکی نەمسا. بەڵام بسمارک توانیی رازیان بکات. پوختەی سیاسەتەکانی بسمارک، بە ئەنجام گەیاندنی یەکیەتیی ئەڵمانیا بوو نەک رسوابوون و داگیر کردنی. لە کۆتاییدا لەسەر ئەم بنەمایانە رێککەوتنی ئاشتەوایی لە ساڵی 1867 لە نێوان نەمساو بڕوسیا ئیمزا کرا.

لە 12 ی ئاب ئیتالیا پەیماننامەی ئاشتەوایی لەگەڵ نەمسا ئیمزا کرد،لەسەر بنەمای واز هێنانی نەمسا لە بندوقیە بۆ فرانسا ئەویش لەلای خۆیەوە بە دیاری دەیداتەوە ئیتالیا.

بە پێی ئەم پەیماننامانە ئەڵمانیا هەنگاوی باشی بەرەو یەکیەتی نا، بەو پێیە ئەڵمانیا بەسەر سێ ناوچەدا دابەش بوو، یەکیەتیی ماین بڕوسیا سەرۆکایەتیی دەکات،یەکیەتی باشوری ماین کە کاریگەری لایەنگرانی فەرەنسا بەسەریەوەیە، دواتر بەشێک کە نەمسا دەسەڵاتی بەسەریەوە دەبێ. ئاوەها بسمارک توانیی چۆک بە نەمسا دا بدات وبەرەو یەکیەتی هەنگاوی باش بنێ بە نەهێشتنی یەکیەتیی جرمان.

رەنگدانەوەی لە فرانسا

فەرەنسیەکان هەر لە رۆژی شەڕی سادوا وە هەستیان بە خەتەرناکی سەرکەوتنەکانی بڕوسیا دەکرد هەموو چونە پێشێکی بڕوسیا مەترسی بۆ فرانسا زیاد دەبن، ئەوەی زیاتر ئازاری فەرەنسیەکانی دەدا وەبیر هاتنەوەی ئەو کاتەنە بوون کە فرانسا بۆ ناوبژیوانیەکەی لە تواناییدابوو هەندێک سازش بکات و دەسکەوتی باش وەدەست بێنێ بەڵام دواتر بندوقیە وەردەگرێ و بە دیاری رادەستی ئیتالیەکانی دەکاتەوە. لەبەرامبەر ئەم بێزاریەی خەڵک دەبووایە ناپۆلیۆنی سێیەم کارێک بکات تا دەسکەوتێک بۆ فەرەنسیەکان بە ئەنجام بگەیەنێ بەڵام کاتەکان بەسەر چوبوون بڕوسیا کێشەکانی خۆی لەگەڵ نەمسا یەکلا کردبوونەوە پێویستی بە سازشی لەگەڵ فرانسا نەبوو.

سیاسیەتی بسمارک بەرامبەر بە فرانسا

هەر لەسەرەتاوە بینیمان سیاسەتەکانی فرانسا دژی یەکیەتی ئەڵمانیان،دروست بوونی ئەڵمانیایەکی بەهێز لە سەرسنورەکانی مایەی ترس و نارەحەتی و هەڕەشەیە بۆسەر خاکەکەی، دیارە بسمارک درکی بەم مەترسیانەی فرانسا دەکرد بۆیە لە سیاسەتەکەیدا بوو کە یەکەم جار شکست بە نەمسا بێنێ دواتر رو لە فرانسا بکات ئەمە وەکو پێشەکیەکی یەکیەتی ئەڵمانیا. دەستێوەردانەکانی فرانسا لە ناوبژیوانیی نێوان نەمساو بڕوسیا بە بڕوای بسمارک تەنها بۆ دواخستن یا تەگەرە تێخستنی یەکیەتیی ئەڵمانیا بوو، بۆیە هەر کە کێشەکانی لەگەڵ نەمسا تەواو بوون روی لەفەرنسا کرد بەڵام لە دەرگایەکی ترەوە کە ئەو وەکو دەستدرێژکار نیشان بدرێت. کاری بۆ ئەم مەرامە کرد تا دەرفەتی بۆ رەخسا.

پەیوەندیەکانی فەرەنسیی ئەڵمانی تا ساڵی 1870

دوای تەواو بوونی شەڕ لە نێوان بڕوسیا ونەمسا، ناپۆلیۆن هەستی بەوە کرد کە دەرفەتی ئەوەی لەدەست چو سود لەو هەڵە وەربگرێ کاتێک ناوبژیوانیی بۆ دەکردن، بۆئەوەی تۆلەی لەدەست چوەکان بکاتەوە داوای قەرەبووی هەرێمیی لە بڕوسیا کرد، یەکەم جار داوای هەندێک لە خاکی ئەڵمانیای لە بڕوسیا کرد لە سەر روباری راین. بەڵام بسمارک بە بیانوی ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی نیە دەست لە خاکی ئەلمانینا بدات داواکەی رەت کردەوە. ئەم جارەیان ناپۆلیۆن داوای بەلژیک و لۆکسەمبۆرگی کرد. بسمارک ئەمجارەیان قەبوولی کرد بەڵام لە ژێرەوە نیازەکانی فرانسای بە ئینگلتەرا راگەیاند، بەم رەفتارە فرانسا توشی تەنگەتاو هات، ئەم جارە ناپۆلیۆن تەنها داوای لۆکسەمبۆرگ ی کرد، بسمارک داواکەی رەت کردەوە، ئەوسا فرانسا لۆکسەمبۆرگی داگیر کرد بەم کارەی دۆخەکان لە ئەوروپا ئالۆز بوون. ئەوکات کۆنگرەیەک لە لەندەن بەسترا لە 1867بڕیار درا ئەو وڵاتە ببێتە وڵاتێکی بێلایەن لە نێوان بڕوسیاو فرانسا.

بەم شێوەیە هەموو هەوڵەکانی ناپۆلیۆنی سێیەم هەرەسیان هێنا بۆ وەدەست هێنانی هەندێک دەسکەوت لە ئەوروپا، ئیتر زیاتر لە بڕوسیا بە قین دا چوو کەوتە بیانو نانەوە بۆ شەڕ پێ فرۆشتن.

دۆخەکان لە ئەوروپا بەرەو ئالۆز تر دەچون، بسمارک بەم کەمە دەسکەوتانە نەوەستا کە لە ئەنجامی شەڕی نێوان بڕوسیا ونەمسا وەدەستی هێنابوون،لە 1867 کەوتە هەوڵی بەستنی هاوپەیمانێتی لە نێوان وڵاتەکانی باکوری ئەڵمانیا و هەندێک لە وڵاتەکانی باشور ئەمانەش نیشانەی سوربوونی بسمارک بوون بۆ ئەنجام دانی یەکیەتیی ئەڵمانیا کە فرانسا پێی تەنگاو دەبوو.

ئاوا نیشانەکانی شەڕ لە نێوان فرانسا و بڕوسیا بەدەر دەکەوتن کە دەتوانین بڵێین شەڕ بەڕێوە بوو لەگەڵ ئەمانە هەموو، بسمارک لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێ. ئەوەی ناپۆلیۆنی توشی تەنگەتاو کردبوو شکست هێنانی سیاسەتەکانی ناوەخۆی بوون بۆیە بەدوای سەرکەوتنێکی سەربازی لە دەرەوە دەگەرا تا شکستەکانی ناوەخۆی پێ داپۆشێ. تا فەرەنسیەکانی پێ خەریک کاو

لە گیروگرفتەکانی ئابووری و دارایی وکۆمەڵایەتیان وەدورخات.

هەڵوێستی نێودەوڵەتی تا ساڵی 1870

هەر لە ساڵی 1867کە هەردوو لایەن هەستیان بەوە کرد کە شەڕ ڕوالەتێکە هەر دەبێ روبدات، ئیتر هەردولایان کەوتنە خۆ بۆ گونجاندنی هەڵوێست و بارو دۆخەکانیان، فرانسا لە ئەوروپا بەدوای هاوپەیمانێک دا دەگەرا چونکە دڵنیا بوو بە تەنیایی ناتوانێ بەسەر سوپاکانی بڕوسیادا زاڵ بێ ئەگەر لەم ئۆپەراسیۆنانەی وڵاتێک پشتگیریی لێ نەکا، بەڵام بڕوسیا متمانەی تەواوی بە سوپاکەیەوە هەبوو لە سەرکەوتن بەسەر فرانسا دا بێ گومان بوو. بۆیە بەدوای دروست کردنی گرفت دەگەرا بۆ هەوڵەکانی فرانسا دەیخواست کە ئەوروپا هەڵوێستی بێلایەنیان هەبێ،لێرە هەڵوێستی هەر وڵاتەو بەجیا دەست نیشان دەکەین:

لە 1867ئاراستەکانی نەمسا گۆڕانیان تێ کەوتبوو، هەنگاریا تازە سەربەخۆیی وەرگرتبوو بە نەمسا دەوترا ئیمپڕاتۆریەتی نەمسایی هەنگاری. واتا لێرە نەمسا بەتەنیا سیاسەتی وڵات دیاری ناکات بەڵکو هەنگاریاش بەشداری تیادا دەکات.

دواتر لە دوای شکست خواردنەکەی لە 1866 نەمسا بنەماکانی سیاسەتی خۆی گۆری بوو. گرنگی و بایەخەکانی لە کاروباری بەلقان و ناوەڕاست چر کردبوون، بەم شێوەیە ناحەزی سەرەکیی،روسیا بوو نەک بڕوسیا. بەم جۆرە فرانسا بینیی کە ناکرێت پشت بە نەمسا ببەسترێت چونکە گرنگی بە کاروباری ئەڵمانیا نادات.سەرەڕای هەموو دل رازی کردن وپاداشتانەی ناپۆلیۆن لەبەر دەمی نەمسای دانان بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتیەکی لەگەڵدا ببەستێ دژی بڕوسیا بەڵام هەموویان بێ سود بوون. لە دروست بوونی یەکیەتیی ئەڵمانیا،روسیا هەستی بە هیچ نارەحەتیەک نەدەکرد، بە پێچەوانەوە بەڵکو نیازی وابوو هاوکاریی بڕوسیاش بۆ ئەم مەبەستە بکات ئەو چاوی لە رووداوەکانی بەلقان و پۆلۆنیا بوو بۆئەوەی جارێکی تر شۆڕشەکانی 1863دوبارە نەبنەوە.

روسیا لەسەر دۆستایەتیی لەگەڵ بڕوسیا سوربوو بۆئەوەی ئارامی وسەقامگیری لە پۆلۆنیا بەرقەرار بێ. ئەوکات حوکمران لە ئینگلتەرا بەدەستی ئازادیخوازەکان بوو ئەوانیش بە کاروبارە ناوخۆییەکانی ئیمپڕاتۆریەت خەریک بوون لە : ئەمەریکا، کەنەدا، سنورەکانی هیندی _ روسی، کاروباری هەڵبژاردن ئینگلتەرایان لە کاروباری ئەوروپا وەدور خست بووەوە بەڵام لەگەڵ ئەمانەش هەمووی،هەر سوربوو لەسەر ئەوەی پارسەنگی هێزەکان لە ئەوروپا وەکو خۆیان بمێننەوە.

لەبەر ئەم هۆیانە هیچ هاوپەیمانێتیەک لە نێوان ئینگلتەرا و فرانسا نەبەستران، پێشبرکێ لە نێوان بڕوسیا وفرانسا بەردەوام بوو بۆ وەدەست هێنانی سۆزی وڵاتەکان تا ساڵی 1870هات فرانسا نەیتوانی هیچ هاوپەیمانێتیەک ئەنجام بگەیەنێ کە بتوانێ هاوکاریی بکات بۆ لە ناو بردنی بڕوسیا، بەڵام بسمارک لەو

ماوەیدا توانیی بێلایەنی بەنەمساو ئینگلتەرا هەلبژێرێ ودۆستایەتی روسیاش وەدەست بێنێ، ئەوسا دەستی بەوە کرد پاڵ بە فرانسا وەنێ تا دەست بە شەڕ بکات بۆئەوەی خۆی روی ناشیرن نەبێ وەکو دەستپێشخەری شەڕ نەیەتە ناسین.

هۆیەکانی جەنگ

لە ساڵی 1868کێشەیەکی تر دروست بوو کە بوە مایەی زیاد بوونی گرژی وئالۆزی لە نێوان فرانسا و بڕوسیا ئەویش مەسەلەی ئیزابیل پادشای ئیسپانیا بوو، لە ئەنجامی ناکۆکیەکی مێژینەی نێوان پادشا و گەلی ئیسپانی پادشا بەم هۆیەوە رای کردو دەسەڵاتی جێ هێشت. چارەنوسی ئیسپانیا کەوتە دەست سەرۆک وەزیرانی پریم کە دەبووایە چارەسەریی ئەم کێشەیە بکات، هەموو لایەک بەباشیان زانی کە درێژە بە رژێمی پادشایەتی بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە ئەوروپا بەدوای ئەمیرێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی بیکەنە پادشا، دەست نیشانەکان لەسەر لیۆبۆلد نیشتنەوە کە لە خانەوادەی هۆهنزلۆنی خزمی قەیسەری روسیا و برای پادشای رۆمانیا بوو، بۆ ئەم دەست نیشانە فەرنسا نارەزایی خۆی بە ئاشکرا راگەیاند، کارەکان وەستانیان تێ کەوت تا هاتنی نێردراوی تایبەتیی پریم بۆ لای لیۆبۆلد بۆ ئەوەی قەبوول کات، بەڵام ئەرکی نیردراوەکە سەرکەوتو نەبوو. لە ساڵی 1870دوبارە فەرمانەکە لەبەردەم ئەمیر دانرایەوە ئەم جارە بۆ پادشای بڕوسیی تەحویل دا، بۆ ئەم پرسە بسمارک گەلێک بە جۆش بوو، بوونی پادشیەک لە خانەوادەی هۆهنزلۆر لە سەرتەختی پادشایەتیی ئیسپانیا تەلەیەکی باشە. بەم شێوەیە فرانسا کەمتر دژایەتیی بەرژەوەندیەکانی بڕوسیا دەکات، بەڵام پادشا لەوە دەترسا فرانسا بە توندی دژی ئەو قەبوول کردنەی بڕوسیا بووەستێ ئەوساش رای گشتیی ئەوروپا ولیۆبۆلد پشتگیریی فرانسا بکەن هەڵویستی بروسیا لاواز دەبێ، بەڵام چونکە بسمارک بۆ ئەم هەڵە گەلێک تامەزرۆ بوو،توانیی بڕوا بە پادشا و ئەمیر بکا وقەبوولی نمایشەکە بکات، ئەوەبوو ئیتر لە 21ی حوزەیران ساڵی 1870بڕیاری قەبوولکردنی بە جەنەرالی ئیسپانی راگەیاند.

هەر کە فرانسا بەمەی زانی نارەزاییەکی توندی دەربڕی، بە بالوێزی خۆی لە بەرلین راگەیاند کە بچێ چاوی بە پادشا بکەوێ کە ئێستا پشوی هاوینی بەسەردەبا لە ئەمس داوای لێبکات کە دەست لەم کارە وەربدات بۆ ئەوەی پاڵێوراویان بکێشنەوە. توانیی بڕوا بە پادشا بێنێ و یەکێک لە یاوەرانیی راسپار تا فەرمانەکە بە لیۆبۆلد رابگەیەنێ.بەڵام فرانسا بەمەندە رازی نەبوو داوای رەزامەندی بەنوسین لێ کرد دوبارە بالوێزی ناردەوە لای پادشا بەڵام ئەوجارەیان بەهۆی ئەوەی پادشا گەڕایەوە بەرلین نەیتوانی چاوی پێی بکەوێ.

تا ئێرە بسمارک لە کارەکان بێ ئاگا بوو بەڵام کاتێک پادشا نامەی بۆ بسمارک نارد فەرمانەکەی پێ راگەیاند، بسمارک شێت وهار بوو بروسکەکەی پادشای بە شێوەیەک گشتگیر وپەخش کرد کە سوکایەتی

کردن بەفەرنسیەکانی پێوە دیار بوو. لێرە ئەوە رویدا کە بسمارک چاوەڕوانی بوو، گەلی فەرەنسی بەم رووداوە هەل چون ودژی بڕوسیا راپەرین داوایان لە فرانساش کرد کە بڕیاری جەنگ رابگەیەنێ.
لە 14 ی تەموز ئەنجومەنی وەزیرانی فرانسا سێ کۆبونەوەیان بەدوای یەکدا ئەنجام دا تیایدا داوایان کرد بوودجەیەک بۆ کاری سەربازی تەرخان بکەن. لە 19 ی تەموز ئەنجومەنی نوێنەران داواکەیانی قەبوول کرد ئەوسا حکومەتی فرانسا بڕیاری شەڕی دژی بڕوسیا دەرکرد.
روسیاش لە 20 تەموز بێ لایەنی خۆی راگەیاند، لە 23 ی تەموز دوبارە گەڕایەوە رایگەیاند لە بێلایەنیەکەی بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی نەمسا بێ لەیەنە هەرکاتەی نەمسا بەشداریی کرد ئەوکات لایەنگری بڕوسیام. ئینگلتەراش بێلایەنی خۆی راگەیاند، بەم شێوەیە فرانسا بەتەنیایی لە بەرامبەر بڕوسیا مایەوە.

جەنگ

لە سەرەتای شەڕ سیمای بەهێزی سوپای بڕوسیا وەدەر کەوتن چونەک فەرماندەی گشتیی بڕوسی لەسەروی هەموویانەوە ڤۆن مۆلتکە ی پاڵەوانی شەڕی سادوا بوو. سەربازەکانی ئەڵمانیای باش فێری شەڕو جەنگ کردبوون بۆ شەڕی بەردەوامی راهێنابوون. ئەم هەر لە ساڵی 1867ەوە ئەگەری شەڕی لەگەڵ فرانسا دانابوو بۆیە خۆی بۆ ئامادە کردبوو مەشق و راهێنانی باشی بۆ کردبوو بەرنامەو پلان و بوودجەشی بۆ تەرخان کردبوو هەموو فاکتەرەکانی سەرکەوتنی ئامادە کردبوون، لێکۆلینەوەی تەواوی لەسەر چۆنایەتی وچەندایەتیی سوپای فرانسا ئەنجام دابوو تواناو خاڵە لاوازەکانی دۆزیبوونەوە،بیری لە هەموو هۆکارە کانی پەیوەندیی نوێ وهاتوچۆ و توانا سەربازیەکانی تۆپ وشتی لەم بابەتەی کردبوو. فرانسا لەگەڵ ئەوەی ناوو ناوبانگێکی بەرزی لەسەر ئاستی ئەوروپا هەبوو بەڵام لەڕووی فەرماندەی سەربازی و چەکی مەیدان و هۆکارەکانی پەیوەندی و هاتوچۆی جەنگ بێتوانا و لاواز بوو.
بەخێراییەکی زۆر بەر لەوەی سوپای فەرەنسی بکەوێتە خۆ و لەشکر کۆ بکاتەوە بڕوسیا هێرشی بردە سەر فرانسا و جەنگی گواستەوە ناو خاکی فەرەنسا، دوای دوو رۆژ لە پەڕینەوەی سوپای بڕوسی سەرکەوتنی زۆریان وەدەست هێنابوون لە 6ی ئاب لە ئەلزاس ولۆرین. ئەم سەرکەوتنانەی بڕوسیا لە پاریس ناڕەزایی وبێزاریەکی زۆریان نابووەوە ناپۆلیۆن ناچار بوو دەست لە فەرماندەی گشتیی سوپا هەلگرێ بۆ جەنەرال بازین.
بەڵام ئەم زۆر لەوە دور بوو بتوانێ بەرۆکی هێرشە کتەپڕیەکانی بڕوسی بگرێ، خۆی لە شاری متز قایم کرد بەڵام بڕوسیەکان گەمارۆیان دا، لەبەرامبەر گەمارۆکەی بڕوسی، بازین دودڵی وخۆ گێزراندنی نواند لەوکاتە ژمارەی 6هەزار ئەفسەرو 170هەزار سەربازی لەگەڵ بوو فرانسا ئەوسا پێویستیی زۆری بەم هێزە هەبوو کەچی ئەم بۆ کات بردنەسەر خۆی دەهێنا ودەبرد، سوپاکەی تری فەرەنسی کە لە شاری

شالۆن به فەرماندارێتی جەنەرال مەکماهۆ کۆ دەبووەوە، نیازی ئەوە بوو بەرەو پاریس بگەڕێتەوە بەڵام ناپۆلیۆن فەرمانی پێدا کە بۆ شکاندنی گەمارۆی متز بچێتە هاوکاریی لە نزیک سنوری بەلژیک، فەرماندەی بروسیش ڤۆن مۆلتکە چاودێریی دەکرد بۆ ئەوەی بەدوای دا بچێ ئەوەبوو لە سەپتەمبەری 1870لە سیدان پێی گەیشت دەوری لەشکرەکەی داو کوشتارێکی زۆری پێگەیاند و ژمارەی 100هەزار سەربازیشی لێ بەدیل گرت بە ناپۆلیۆنەوە.

به گەیشتنی ئەم هەواله بۆ پاریس جەماوەری جۆشدراو دژی ئیمپراتور راپەری تا ئیمپراتوریەتی فەرەنسی یان روخاند، لە 4 ی سەپتەمبەر 1870جەماوەری ڕاپەڕیو دروست بوونی کۆماری فرانسای سێیەم یان راگەیاند لەگەڵ حوکمەتی بەرگریی نیشتمانیی کاتی.

ئەم حکومەتە بۆ رزگار کردنی ئابڕوی فرانسا بڕایریاندا درێژە بە جەنگەکە بدەن، دوای ئەوەی لە 13ی سەپتەمبەر ئەڵمانیەکان گەیشتنە لێواری پاریس گەمارۆیان بەسەر شاری پاریس دا سەپاند، ناچار فەرماندارێتیی جەنگیان بۆ شاری تۆر گواستەوە لەوێ راو تەگبیرەکانیان بۆ شەڕی دژ بڕوسیا دەکرد.

ئەگەر سوپای فەرمیی فرانسا تواناى خۆراگڕیی بووایە ئەم حکومەتە دەیتوانی کارێک بکات بەتایبەت دوای ئەوەی سەرکردەی گەلەری گامبتا توانیی لەشکرێک لە 180هەزار کەس کۆ کاتەوە. لە 28ئۆکتوبەر شاری تۆل وستراسبۆرگ روخا و لە 27ی ئۆکتۆبەریش جەنەرال بازین خۆی و لەشکرەکەی خۆیان دایەدەست ئەڵمانیەکان، ئەوساش ئەڵمانیەکان بۆ گەمارۆدانی پاریس تواناکانی خۆیان تەرخان کرد، لە 28ی جەنیوەریی 1871سەرەڕای بەرگریەکی توند ناچار کرا خۆی بداتە دەست. دوای راگەیاندنی ئاگر بەست دانو ستانەکان لە نێوان هەردوو دەوڵەت دەستیان پێ کرد بەڵام بسمارک سوربوو لەسەر ئەوەی ئەنجومەنێکی نیشتمانی بێتە هەڵبژاردن ئەوسا ئەو رێککەوتنە ئاشتەواییە ئیمزا بکرێت.

لە 8ی شوباتی 1871هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی ئەنجام درا دوای 4 رۆژ ئەنجومەن لە شاری بۆردۆ کۆبووەوە، سیاسەت مەداری فەرەنسی تییر یان بۆ سەرۆکی جێبەجێکردنی دەسەڵات هەلبژارد و دەسەڵاتی ئەنجام دانی پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیایان پێ بەخشی.

ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سیدان وروخانی حوکمی ناپۆلیۆن لە فەرنسا بسمارک دڵنیا بوو کە ئیتر هیچ گرفت و تەگەرەیەک لە بەردەم جێبەجێ کردنی یەکیەتیی ئەڵمانیا نەماوە پێویست بە چاوەڕوانی ناکات تا شەڕەکان کۆتاییان پێ دێت. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک کۆبونەوەی لەگەڵ پادشا و ئەمیرە کانی ئەڵمانیا بەستن بۆ ئەنجام دانی یەکیەتیی ئەڵمانی، سەرەتا دەبووایە لەگەڵیان بکەوتبایە رێککەوتنێک لەسەر شێوەی حکومەتی ئەڵمانیی نوێ، ئازادیخوازو رۆشەنبیرەکان مەبەستیان بوو دەوڵەتێکی بەهێزی دیموکراسیی

یەکگرتو بێ کە بتوانێ بەسەر هەموو ئەمیرەکانی هەرێمەکاندا زاڵ بێ و ئیمتیازاتە مێژووییەکانیان لێ بسەنێتەوە. کەچی ئەمیرو حوکمەتی ولایەتە باشوریەکان بەتایبەت باڤاریا مەبەستیان بوو قەوارەکانیان وەکو خۆی بمینێتەوە بە ئیمتیازاتەکانەوە. بەهۆی ئەوەی هێشتا شەڕەکان تەواو نەببوون دەنگی باشوریەکان بە هەند وەردەگیرا بۆ بەڕێوە بردنی شەڕەکان بۆیە لەسەر رژێمێکی یەکگرتو لە ناو دەوڵەتی ئەڵمانیای نوێدا پێکهاتن. بەم شێوەیە میرنشین و وڵاتەکانی ئەڵمانی وەکو خۆیان مانەوە دەوڵەتی باڤاریاش هەندێک ئیمتیازاتیان پێ دان وەکو مافی سەرپەرشتیی لەسەر سوپاکەی لە کاتی ئاشتی و گرنگی دان بە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانی.

بسمارک لەگەڵ ئەمیرو حکومەتە ئەڵمانیەکان رێککەوت کە دەوڵەتێکی ئەڵمانیی یەکگرتو لە بوواری سیاسەتی دەرەوەو سەربازی بەسەرۆکایەتی قەیسەری ئەڵمانیا دابمەزرێنرێت، لە ناو ئەم دەوڵەتە هەر وڵاتە لە بەڕێوە بردنی کاروباری ناوەخۆ سەروەریی خۆی دەپارێزێ.

لە کاتێک کە پادشای بڕوسی تاقە پاڵێوراوی شایستەبوو بۆ وەرگرتنی تاجی پادشایەتیی ئەڵمانیای نوێ،رازی نەبوو ئەو تاجە لە سەر دەستی گەل وەرگرێ، ئەوسا بسمارک کارێکی وای کرد کە ئەمیرەکان ئەو تاجە پێشکەشی پادشا کەن.

لە 18جەنیوەری 1871ئەمیرو پادشاکانی ئەڵمان لە هۆڵی مەرایا لە کۆشکی ڤێرسای کۆبونەوە، ئەمە بەر لە روخانی پایتەختی فرانسا بە 10رۆژ لەو کۆبونەوەیە ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمانیان راگەیاند، ولیامی یەکەم پادشای بڕوسیا وەکو سەرۆکی دەوڵەتی ئەڵمانیای نوێ دەست نیشان کرد بۆئەوەی نازناوی قەیسەری ئەڵمانیا هەلگرێ.

پەیماننامەی فرانکفۆرت

دانوستانەکانی نێوان بسمارک ی راوێژکاری ئەڵمانیا و تییر ی سەرۆکی حکومەتی فرانسا لە 26 ی شوبات دەستیان پێکرد بەڵام ئەم دانو ستانانە بەهۆی سوربوونی بسمارک لەسەر مەرجەکانی ئاشتەوایی کە زۆر توند بوون،درێژەیان کێشا. سەرەڕای ئەوە سەرۆکی حکومەتی فرانسا تییر زۆر دبلۆماسیەت و هێنان و بردنی نواند بەڵام هیچی لە توندی بسمارک نەگۆری، دوایین جار فەرەنسیەکان بە مەرجە رسواکاریەکان رازی بوون لە 10ی مایۆ ی 1871کە لە لایەن هەردوو دەوڵەتەوە ئیمزای لەسەر کرا و بە رێککەوتنی فرانکفۆرت ناسرا، هەر ئەم مەرجانە ش بوونە هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، دیارترین مەرجەکانی ئەم رێککەوتنە ئاشتەواییە بریتین لە:

1_ بڕوسیا هەرێمەکانی ئەلزاس ولۆرین داگیر دەکات لەگەڵ شاری متز.

2_ لە ماوەی 5ساڵ فرانسا مەبلەغی 5 ملیار فڕەنک ی زێر وەکو سزای جەنگ دەدات.

3_ هێزەکانی ئەڵمانی خاکەکانی فرانسا لە باکور داگیر دەکەن تا ئەوکاتەی سزاکە دەدرێت(فەرەنسیەکان بۆ ئەوەی لە داگیرکاری رزگاریان بێ سزاکەیان بە 3ساڵدا).

کۆماری فەرەنسیی سێیەم

دوای ئەوەی لە 8 ی شوبات ئەنجومەنی نیشتمانی هاتە هەڵبژاردن، لە 18 ی هەمان مانگی 1871 یەکەم کۆبونەوەی خۆی بەست لە شاری بۆردۆ کە کرابووە بارەگای حکومەتە کاتیەکەی فرانسای دوای روخانی ئیمپراتۆریەت. لە بڕیارەکانی کۆبونەوەکە، دەست نیشان کردنی سیاسەتمەداری بەساڵاچوو(تییر) یان بۆ سەرۆکایەتیی دەوڵەت دەست نیشان کرد دەسەڵاتی ئیمزا کردنی ڕێککەوتنیان پێدا ئەم پیرە سیاسەتمەدارە لە 10ی مایۆ ی 1871ڕێککەوتننامەی لەگەڵ ئەڵمانیا ئیمزا کرد.

شۆڕشی کۆمۆن

سەرۆکی حکومەت لە دەسپێکی کارەکانی ڕوبەڕووی فتنەیەکی مەزن بۆوە لە پاریس ئەوەندەی نەمابوو هەڕەشە ی لە ناو بردن لە هەموو دەزگاکانی فەرەنسی بکات، زۆربەی دانیشتوانی فرانسا مەبەستیان دامەزراندنی رژێمێکی شۆڕشگێڕی کۆماری بوو ئەوان لەو رژێمە بێزاربوون کە دەسەڵاتەکەی بەدەست ئەنجومەنی نیشتمانی بێت کە زۆربەی ئەندامانی لە پادشا خوازانی کۆنە پارێز بن، دواتر ئەو ئەنجومەنەی کە لە سەرەتاوە بۆ بەڕێوەبردنی ڕێککەوتنە ئاشتەواییەکە دامەزرابوو دوای تەواو بوونی ئەرکەکانی هەر بە زیندوویی مایەوە و لە کارەکانی خۆیدا بەردەوام بوو بارەگاکەشی خۆی لە 10ی مارس لە بۆردۆ وە بۆ ڤێرسای گواستەوە و بەدوای دۆزینەوەی شێوەی حکومەتێکی نویدا دەگەرا. چونکە زۆربەی ئەندامەکانی لە لایەنگرانی سیستەمی پادشایەتی بوون، فەرەنسیەکان مەزەندەی ئەوەیان دە کرد کە رژێمە کۆنەکەی جاران بە هەموو خەراپیەکانیەوە بگەرێننەوە. ئەمەو فەرەنسیەکان هەستیان دەکرد کە ئەنجومەنەکەیان خیانەتی لەگەڵ کردون کاتێک ئەو ڕێککەوتنە یان لەگەڵ ئەڵمانیا ئیمزا کردوە، ئەوان مەبەستیان بوو لە ڕێگەی شەڕی رزگاری خوازانەوە درێژە بە خەباتیان بدەن، بۆ ئەوەی وێنەی سەربازەکانیان بەم شێوە رسواییە لە پاریس نەبینن.

لە 18ئادار حکومەتی ڤێرسای تیپێکی سوپای ناردە پاریس بۆ ئەوەی ئەو تۆپ وچەکە قورسانەی لە دەست شۆڕشگێرەکان دا ماون کە کاتی هاتنی سوپای ئەڵمانەکان بۆ ناو پاریس کەوتبوونە دەستیان،لێیان بسێنێتەوە، بەڵام رزگاریخوازەکان ئەمەیان قەبوول نەکرد لەگەڵ هێزەکەی ڤێرسای کردیانە شەڕو دوانیان لە فەرماندەی هێزەکە دەستگیر کردو گوشبارانیان کردن. دوای ئەم رووداوە حکومەتێکی شۆڕشگێر لە شارەوانیی پاریس دامەزراکە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرا و زۆرینەیان لە شۆڕشگێر وکۆماریخواز

وسۆشیالیستەکان بوون، ئەم بزوتنەوەیە بێ بەرنامەو ئامانج بوو بۆیە سیمای ئاژاوەی پێوە دیار بوو، هەندێک لە سەرکردەکانیان نیازی لەناو بردنی رژێمی سەرمایەداریی هەبوو لە سەرتاسەری دونیا، هەندێکیشیان مەبەست و ئامانجی گۆڕانی فرانسایان هەبوو بۆ یەکیەتیەکی ئارەزو مەندانەی هاوپەیمان کە کۆمار و هەرێمەکان لە خۆ بگرێ.

هەر کە تییر سەرۆکی حکومەت هەستی بە مەترسیەکانی ئەو بزوتنەوەیە کرد لە 21 تا 28مایۆ 1871لەشکرێکی لە 130هەزار سەربازی فەرمیی رێکخست بە فەرماندارێتیی ماک ماهۆ بۆ لە ناو بردنی ئەم بزوتنەوەیە بەرێ کرد، لە مێژووی فرانسا بە هۆی درندەیی ئۆپەراسیۆنەکە ئەم هەفتەیە بە هەفتەی خوێن ناسرا.لەم هەفتەیە زۆربەی شوێنەکانی پاریس سوتێنران لەوانە کۆشکی تویلەری وخانوی شارەوانی، لەم ماوەیە حوکمەتی ڤێرسای هیچ نیانی ودلۆڤانیەکی لەگەڵ شۆرشگێڕەکاندا نەنواند دادگای سەربازیی بۆ دامەزراندن زۆربەیانی لێ لە سێدارەداو بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بوو.

کۆماری فەرەنسیی سێیەم

دوای لەناوبردنی شۆڕشی کۆمۆن لە پاریس دەبووایە حکومەتە کاتیەکە لە شێوەی حوکمەتی نوێی رۆژانی پەشێوی رەفتار بکات، دەبووایە بە زوترین کات خۆی بسەپێنێ.

ئەنجومەنی نیشتمانی _ وەکو رای گشت خەڵکەکە، بەسەر دوو ئاڕاستەدا دابەش ببوون:

1_ کۆماریخوازەکان ئەوانیش کەمینە بوون لە ناو ئەنجومەنی نیشتمانی، ژمارەی کورسیەکانیان 250 کورسی بوو لە کۆی 650 کورسی، ئەمان دژی دامەزراندنی هەر جۆرە رژێمێکی پادشایەتی بوون.

2_ پادشاخوازەکان کە زۆرینە بوون لە ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەوەی هەڵوێستەکانیانی لاواز کردبوو، ئەگەر لەسەر شێوەی رژێمیش رێک بکەوتبانا ناکۆکیان لەسەر کەسی پادشا هەبوو، دەستەی کۆنەپارێزەکان داوای گەڕانەوەی تەختی پادشایەتیان بۆ خانەوادەی بۆربۆن دەکرد پاڵێوراویشیان کۆمت دی چامبۆر بوو نەوەی پادشا شارل ی دەیەم، لەولاتر پارتێکی پادشاخوازی تر هەبوو بانگەوازیی بۆ یەکێک لە ئەمیرەکانی خانەوادەی ئۆرلیان دەکرد.

ئەم دابەش بوونە هەڵوێستی پادشاخوازەکانی تارادەیەک لاواز کردبوو کە هەندێک لە ئەندام ئەنجومەنەکانیان دەنگیان دەخستە پاڵ دەنگی کۆماریخوازەکانی کۆنە پارێز، پاڵێوراوی پادشاخوازەکانی زۆرتین کانس (کۆمت دی چامبوور) بوو بەڵام ئەویش بۆ هاتنە سەر تەختی پادشایەتی زۆر بە توندی مەرجی دەست هەڵگرتن لە ئاڵا سێ رەنگیەکەی فرانسای هەبوو، کەئەمەش مەحاڵە ئەنجام بدرێت.

لە بەرامبەر رێک نەکەوتنی پادشاخوازەکان لەسەر یەک پاڵێوراو کە هەموو فەرەنسیەکان پێی رازی بن تییر ناچار دەبێ بچێتە پاڵ کۆماریخوازە کۆنەپارێزە کانەوە، هەرچەندە لە سەرەتاوە خۆی لایەنگری

رژێمی پادشایەتیی دەستوری بووە. کاتێک بە راشکاوی هەڵوێستی خۆی راگەیاند بە پشتگیری کردنی کۆماریخوازە کۆنەپارێز کان، دوبەرەکی لە ناو ریزی فەرەنسیەکان دروست بوو هەردوو پارتی پادشاخوازەکە لە 24ی 1873مایۆ دژی تییر یەکیان گرت ناچاریان کرد دەست لە کار بکێشێتەوە.

ئەنجومەنی نیشتمانی جەنەرال ماکماهۆن یان وەکو سەرۆکی وڵات بۆ ماوەی 7ساڵ هەڵبژارد، راو بۆچونەکانی دیارو ئاشکرابوون کە لە کۆنەپارێزە کانی لایەنگرانی ئەکلیری بوو ئارەزوی لە رژێمی پادشایەتی و خانەوادەی بۆربۆن بوو. سەرۆکی نوێی وڵات لە هەوڵێکی دا بۆ گەڕاندنەوەی پادشایەتی بۆ وڵات بەهۆی سوربوونی کۆمت دی چامبوور گەورە ی خانەوادەی بۆربۆن لە سەر هەڵوێستەکەی سەرکەوتو نەبوو.

دواجار ئەنجومەنی نیشتمانی لە 1875 بە زۆرینەی یەک دەنگ لە بەرژەوەندی رژێمی کۆماری بۆ حوکمڕانیی فرانسا دەنگیان دا ئەمەش بوو بە دەستور وبە دەستوری 1875 ناسرا.

دەستوری ساڵی 1875

ئەم دەستورەی ساڵی 1875کە تا روخانی کۆماری فرەنسای سێیەم لە 1940کاری پێ دەکرا لە دەقەکەی دا رێگەی بە دامەزراندنی دوو ئەنجومەن دا:

ئەنجومەنی پیران ئەویتر ئەنجومەنی نوێنەران. هەروەها، دەقێکی تری دەڵێ لە کۆبونەوەی هەردوو ئەنجومەن سەرۆکی کۆمار دێتە هەڵبژاردن، ئەمە بۆ ئەوە بوو تا لە شێوەی هەڵبژاردنی جەماوەری دورکەونەوە لە پێناو پاراستنی کۆمار لە هەموو مەترسیەک.دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیشیان دایە دەست حکومەت کە لە بەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەران بەرپرسیار دەبێ.

بەشی حەوتەم

کیشەی رۆژهەلات و کۆنگرەیبەرلینی 1878

_ سروشتی کێشەی رۆژهەلات

_ جەنگی روسیی عوسمانی و پەیماننامەی سان ئستتیڤانۆ

_ کۆنگرەی بەرلین ی 1878 وبڕیارەکانی

له دوای ئەوەی بڕوسیا سەرکەوتنی بەسەر نەمساو فرانسای بەدەست هێنا پارسەنگی هێزەکانی نێودەوڵەتی ئاڕاستەیان لێڵ بوون، ئەڵمانیا بووە شۆڕەسواری ئەوروپا نەدەتوانرا کۆنترۆڵ بکرێت، فرانسای دۆڕاویش پڕ بوو لە پەشێویی سیاسیی، لەگەڵ ئەوەشدا لە توانای دا مابوو چالاکیەکانی ئەو هێزە زەبەلاحە سنور دار بکات، بەتایبەت کە ئینگلتەرا_ لە ژێر کاریگەریی زیرەکیی سیاسیانەدابوو _ نیازی ئەوەی نەبوو هەڵەکان بقۆزێتەوە، بۆ ئەوەی هاوسەنگی نێو دەوڵەتی تێک نەچن، ئەڵمانیاش نەبێتە هێزێکی بەهێز لەبەر ئەم هۆیە فرانسای لەناو نەبرد.

روسیاو نەمسا نەیان دەویست کارەکان لەوە زایتر ئالۆز تر بن ئەوکات جۆرێک لە پارسەنگیەکی نێودەوڵەتی بەرقەرار هەبوو دوبارە سەراوگێر بوونی بارو دۆخەکان ماوەیەکی دەویست تا هەر وڵاتەو لە روی سیاسیەوە پێشەخۆی بە روناکی ببینێ. بە تایبەت فرانسا بەدوای هاوپەیمانێک دەگەرا دژی هێزە زەبەلاحەکەی ئەڵمانیا،کێشەی رۆژهەلاتی وای کرد هەر وڵاتەو بە دوای ریبازی خۆیدا بگەرێ.

بنەما سەرەکیەکانی کێشەی رۆژهەلاتی خۆیان لەم بابەتانە دەدۆزیەوە :

1_ ململانێیە کلاسیکیەکەی نێوان رۆژهەلاتی ئیسلامی وئەوروپیە سەلیبیەکان. ئەوەی ڕاستی بێ بیری سەلیبیی کلاسیکی لە سەدەی شازدەهەمەوە بە تەواوەتی وون بوو، بەڵام گەلانی ئەوروپا چاوەڕوانی ئەوەبوون ئاخۆ کەی ئەم بیرە کلاسیکیەی ئیسلامیەش جا رەگەزەکەی هەر کوێیەک بێ تورکی بێ یا فارسی یا عەرەبی وون دەبێ. ئەم هەستە لەگەڵ چاڵاکیەکانی تاکی ئەوروپی ولەلاین سیاسەتمەدارانی ئەوروپیش گەلالەی کردبوو. حکومەتە ئەوروپیەکان لە و ئامانجانەی سەلیبیەکان پاشگەز نەدەبوونەوە تەنها ئەگەر دژی بەرژەوەندیەکانیان بووایە. لەم روانگەیەوە فراوان بوونی وڵاتە ئەوروپیەکان لەسەر مافەکانی دەوڵەتی عوسمانیی تێکشکاو بووایە کارێکی خۆشەویست بوو لە ناو کۆمەڵگای ئەروپی و سیاسەتمەدارانی ئەوروپیش.

2_ لاوازیی دەوڵەتی عوسمانی لە روی سەربازی و ئابووری و سیاسیەوە ببوونە هۆکاری چاوبرینی وڵاتە ئەوروپیەکان لە سامانی دەوڵەتی عوسمانی و دروست بوونی کیشەی رۆژهەڵاتی، ئەمەو هێزەکانی عوسمانی رێگر بوون لەبەردەم بەش بوونی وڵاتە ئەوروپیەکان وفراوان بوونیان لەسەر مافەکانی، تا ئەوکاتەی روسیا بووژایەوەو بە هێز بوو هێزەکانی گەیشتنە پاریس لە ساڵەکانی 1814 و 1815دواتر گەیشتنە لێواری ئەستانە لە 1828و 1829 ئەمە بووە مایەی پەیدا بوونی مەترسی لەلایەن وڵاتە کانی ترەوە. نەک تەنها ئیمپراتۆریەتە ئەوروپیە دراوسێکانی وەکو نەمسا، بەڵکو ئیمپراتۆریەتی ئەو دیو دەریاش بەهەمان شێوە نمونە وەکو بریتانیا.

کێبەرکێیەک لە نێوان روسیا و نەمسا لەسەر جێماوەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە بەلکان هەبوو، بە تایبەتی دوای شەڕی قەرم (1853_1856) ودوای شەڕی سادوا(1866) لەو کاتەوە نەمسا روی لای ئەڵمانیا نەما، هەر گۆڕانێکی عوسمانی لە ناوچەی بەلکان رویان بدابا هەستیاریەک لای ئیمپراتوریەتی نەمساو هەنگاریا دروست دەبوو. روسیاش جختی لەسەر بزوتنەوەی سلاڤی کردبوو ئەم بزوتنەوەیە هەم بۆ دەوڵەتی عوسمانی وهەم بۆ ئیمپراتوریەتی نەمساو هەنگاریا زیان بەخش بوو، ئەم بزوتنەوەیە خەباتی بۆ رزگارکردنی گەلانی سلاڤی دەکرد کە لە ژێر دەسەڵاتی هەردو ئیمپراتوریەت دا دەژیان، هەروەها خەباتیان بۆ بەهێز کردنی روسەکان دەکرد لە ناوچەی بەلکان، بە رزگاربوونیان دلسۆزی روسیا دەبوون.

ئەوەی کێشەکەی بەلکانی ئالۆزتر کردبوو ئەوەبوو کە لە ناو کێشەکەیان چەند کێشەیەکی ناوەخۆیی هەبوون:

1_ کێشەی ململانێی سەلیبیەکان لە نێو وڵاتە موسلمانەکان بەگشتی(دەوڵەتی عوسمانی) و گەلانی کریسی.

2_ کێشەی گەشە کردنی هەستی نەتەوایەتی لە نێو سلاڤیەکان خۆیان لە سرب وبوولگار ومجیار ئەم هەستە دەبووە دروست بوونی شەڕی ناوەخۆ بەهۆی دەمارگیری نەتەوایەتی.

3_ هەر لەناو بەلکان جگە لە دەمارگیری نەتەوایەتی دەمار گیری مەزهەبیش هەبوو. لە کاتێکدا کە زۆربەی سلاڤیەکان ئەرسەدۆکس بوون، ئەفلاق و بەگدان کاسۆلیک بوون، لەولاتر هەندێک کەمینەی کاسۆلیک لە ناو سلاڤیەکان دا هەبوون لە گەل کەمینەی موسلمان.

4_ لە تەک دەمارگیری نەتەوایەتی ئارەزوی جیاکردنەوەی کەلیساکان لەسەر بنەمای نەتەوایەتیش هەبوون. ئەگەر بوولگاریەکان مەبەستیان دروست کردنی کەلیسایەک بووایە بۆخۆیان دروستی کەن،نابێ ئەکلیرۆسەکەی یۆنانی بێ یا سەر بە بەتریرکی یۆنانی بێ بەڵکو دەبێ کەلیسایەکی بوولگاریی سەربەخۆ بێ.

5_ مەترسیی ئەوە هەبوون کە روسیا دەست بخاتە سەر یەکێک لە رێگە و بانەکانی نێودەوڵەتی لە ئاسیای ناوەڕاستەوە یا رۆژهەلاتی خوارو بۆ هیند بۆئەم مەسەلە سود لە لاوازی دەوڵەتی عوسمانی وسۆزی کریستەکانی روسیا و پەرەسەندنی دەمارگیری نەتەوایەتیی کریستیی سلاڤی لە بەلکان وەرگرێ، بەرگریی ئینگلتەرا_ فەرەنسی_ نەمسایی دژی پەرەسەندنی روسیا لەسەر حسابی دەوڵەتی عوسمانی هۆکاری دواکەوتن و لەناوچونی ئەم وڵاتە بوون.

دەبێ ئەوە بپرسین ئاخۆ کارەکان بەرەو چ ئاراستەیەک دەرۆم،پاش ئەوەی دۆستایەتیەکەی روسیی_بڕوسی مەبەستەکانیان ئاشکرا بوون کە بە هۆیەوە روسیا توانیی لە 1863لە شۆڕشی پۆلۆنیا بدا ولە ساڵی 1870یش لە بەندەکانی پەیماننامەی پاریسی ساڵی 1856رزگاری بێ؟ ئەو پەیماننامەیەی چالاکیە سەربازیە دەریاییەکانی روسی یان لە دەریای رەش سنوردار کردبوون؟. بە رەچاو کردنی ئەوەی ئەوسا روسیا لە دوو لاوە هەڕەشەی لە دڵی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکرد: بەرەی ئەرمینیا_ئەرزەرۆم، بەرەی بەلکان.

ئەمەو پێویستیەکانی بسمارک بە روسیا دوای 1871کەمتر بوون، لەگەڵ ئەوەی مەترسیەکانی روسیا لە دوای 1871لە ئەڵمانیا زیاتر بوون لەوەی لە بڕوسیا. ئەوکات پەرەسەندنێکی باشی بەرژەوەندیەکانی ئەوروپی لە گەل دەوڵەتی عوسمانی دا هەبوون، لە هەمان کاتیشدا بریتانیا دڵنیا بوو لەوەی دوای شەڕی قەرم هێشتا خۆی باڵادەستە لە بەڕێوە بردنی سیاسەتەکانی تایبەت بە رۆژهەلاتی ناوەراست. سیاسەتە کلاسیکیەکانی بریتانیا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ورۆژهەلاتی ناوەراست تا ساڵەکانی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەم سەرچاوەیان لەسەر ئەم بنەمایانە گرتبوو:

1_ بەرامبەر بە هەر نیازێکی فراوانخوازیی ئەوروپی، قەوارەی دەوڵەتی عوسمانی بپارێزرێت.

2_ بەهێز کردنی دەسەڵاتی بەریتانی لە دەوڵەتی عوسمانی بە تایبەت لە شوێنە ستراتیجەکانی رێگاوبانە نێودەوڵەتیەکان، ئەو هەنگاوانەی بۆ ئەم مەبەستە نران بریتی بوون لە :

ا/ دزرائیلی _ سەرۆک وەزیران، باوکی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی _ وای دەبینی کە ئەسیتانە کلیلی رێگای بەرەو هیندە بۆیە دەبینین بەشی (سهم) ی خدێوی ئیسماعیل ی لە کۆمپانیای کەنالی سوێس ی لە 1875 لێ

دەکری، وەکو پێشەکیەکی دەستگرتنی بەریتانا بەسەر کەنال دا، لەهەمان کاتیشدا بەگژ زاڵ بوونەکانی دەسەڵاتی روسی دا دەچوەوە لە بەنداوەکانی دەردەنیل و بۆسفۆر.

دزرائیلی

ب/ زیاد کردنی دادوەریەکانی بەریتانیی بازرگانی وسەربازی لە عێراق بە تایبەتیش لە بووارەکانی هاتوچۆی زەمینی وئاسمانی ودەریایی لە دیجلەو فورات.

ج/ هێزێکی پاسەوانی بۆ پاراستنی میرنشینە عەرەبەکان دابین بکات بەتایبەت ئەوانەی دەروانە سەردەروازە دەریاییەکان وەکو بەحرێن ومیرنشینە کانی کەنداوی عەرەبی، دەوڵەتی ئەلبووسەعید لە مەسقەت و عەمان و زنجبار وپارێزراوەکانی خواروی یەمەن.

د/ هەندێک لە بەشەکانی عەرەبی بکرێنە موستەعمەری بەریتانی وەکو عەدەن.

لەهەمان کات بریتانیا ئامادە بوو لەگەڵ روسیا بکەوێتە جەنگ ئەگەر روسیا هەوڵی لەناو بردنی ئەم بنەمایانە بدات، بەڵام بە بەسەرچونی رۆژگار سیاسەتەکانی بەریتانیا سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانی گۆڕانیان تێ کەوتن، لە پاراستنەوە بۆ پارچەکردن وداگیر کردنی دەوڵەتی عوسمانی گۆڕان، ئەمە دوای چەند تەنگژەیەکی دارایی و رێکخستنیی دەوڵەتی عوسمانی و میسرو تونس هاتن،چەند پەشێویەکی تایەفیش لە1860|لە سوریاو لوبنان رودران.

دواتر ناوچەی بەلکان لە سێیەکی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بووبە ناوچەیەک لە تواناداا نەبوو بەرایی لە پەرەسەندنی گۆڕانەکان بگیرێ.
لە سەرتاسەری ئەوروپاش ئەو مەترسیە هەب کە کێشەی بەلکان دورنیە هەموو ئەروپا بخاتە بەردەم شەڕێکی سەرتاسەری، بسمارک لەم روانگەیەوە هەڵوێستی وڵاتەکانی دونیای بە کلیلی چارەسەریەکان دەبینی، پێی باش بوو ئەوروپیەکان بەهۆی کێشەیەکی رۆژهەلاتی یا عوسمانی نەکەونە گیان یەک، بەدیدی ئەم هەموو کارەکان دەکرێ لەرێگەی وتو وێژ چارەسەر بکرێن لە نێوان وڵاتە ئەوروپیەکان و لەسەر حسابی دەوڵەتی عوسمانی.
بسمارک ئاشتیەکی ئەوروپیانەی مەبەست بوو کە سەنگ وشوێنی تایبەتی بۆ ئەڵمانیا وەدەست بێنێ بۆ بەڕێوە بردنی کاروبارە نێودەوڵەتیەکان. بسمارک بەدلسۆزی ئاشتیی مەبەست بوو، گرنگیی بە پەیوەندیەکانی ئەڵمانی _ فەرەنسی _ بەریتانی، دەدا ئەمە بە پێچەوانەی ئەوەی لە رۆژنامەکان لەسەریان دەنوسی. تا ئەوکات حەزی لە شەڕی فەرەنسی _بەریتانی نەبوو،کە زۆر لە مەرجەعەکان هۆکاری ئەم شەڕە بۆ قەیرانەکانی یەک لە دواییەکی دوای ساڵی 1875 لە نێوان هەردو ئیمپڕاتۆریەت دەگێڕایەوە کە لە گەلێک ناوچەی ئەفریکا و وڵاتانی عەرەبی وئاسیا رویان دان.

ئەوەتا بسمارک لەم نامەیەی دا دەلێ:

I shoud ceretainly try to maintain the peace between the European Powers; it is _) moreover so esential_ that it shoud be the expense of Turkey whose present day situation holds no promise of any stability. A rapprochement between England and France woud |(not be disadvantageous to interests ‘ or for the balance of power in Europe

دوای دۆڕاندنی فرانسا لە شەڕی حەفتا و ئەو لاوازیەی توشی دەوڵەتی عوسمانی هاتبوو پارسەنگی وڵاتەکانی ئەوروپیی لەبار یەک بردبوو، بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوایەتی لە بەلکان کەوتە جموجۆل. ئەم بزوتنەوانە لە زۆر روەوە یەکیان نەدەگرتەوە هەر یەکەی ئامانج وبەرنامەی جیای خۆی هەبوو دۆخەکانیان لە بەلکان روەو ئاراستەیەکی تر دەبرد، ئەو شۆڕشەی هەلگیرسابوو کە وڵاتەکان پێی

حەپەسان سەرەتا لە هەرێمی هرسک هەلگیرسا لە نێوان زۆرینەی کریستی وکەمینەی موسلمانی، دواتر بڵاوبووەوە. سربیا وچیای رەش بەشداریان تێدا کرد پاشان بوولگاریا، وڵاتە مەزنەکان لە بەرامبەریدا بەسەر چەند راو بۆچونێکدا دابەش بوون، روسیا مەبەستی بوو هاوکاریی شۆڕشگێرەکان بکا و دژی دەوڵەتی عوسمانی بووەستێ لە بەلکان، بەڵام بریتانیا هەڕەشەی دژی هەر جولانەوەیەکی سەربازیی دەکرد. روسیا لەم شەڕانە خۆشحاڵ بووچونکە دژی بەرژەوەندیەکانی عوسامانی بوون، بەڵام ئەوەندەی نەبرد هێزەکانی عوسمانی دەستێکی کوشندەیان لە سربەکان وەشاند وهەڕەشەشیان لە بوولگاریا کرد، لێرەدا روسیا هاتە ناو کێشەکەو بڕیاری شەڕی دژی عوسمانیەکان راگەیاند و هێزەکانیان هەردو شارە رۆمانیەکەیان بری(ئەفلاق وبەگداد) و بەشداری شەڕ بوون. لەو کاتەی بریتانیا هەوڵەکانی بۆ بەرتەسک کردنەوەی شەڕەکان چرتر کردبوون،سوپای عوسمانی بەرگریەکی ئازایانەیان لە پلێفنا دەکرد.

ئەوسا هەندێک گۆڕانی ناوەخۆ رویان دان، مەدحەت پاشا _چاکسازی مەزنی تورک پلەی سەدری مەزنی پێ سپێردرا. عبدالحمیدی دووەمیش بوو بە سولتان لە 1876_1909) یەکەم دەستوری بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە 1876دەرکرد. مەزندەی ئەوە دەکرا وەکو شەڕی قەرم بریتانیا بە هێزەوە لەتەک دەوڵەتی عوسمانی بووەستێ،بەڵام بەرژەوەندی و هێزو بارو دۆخەکان گۆڕابوون دەرگای باڵا(باب العالی) ناچار بوو داوای ئاگر بەست بکات، لە 31 ی جەنیوەریی 1878 ئاگر بەست راگەیەنرا و روسیا پەیماننامەی (سان ستیڤانۆ) ی بەسەر دەوڵەتی عوسمانی دا سەپاند لە 3 ی مارت ی 1878 ئەو پەیماننامەیەی بووە هۆی جولە کردنی وڵاتەکان.

هۆی سەرهەڵدانی نارەزاییەکان دژی پەیماننامەی سان ستیفانۆ ئەوە بوو کە لەم پەیماننامەیە لەسەر حسابی مومتەلەکاتی عوسمانی و یۆنانی دەوڵەتی بوولگاریا دروست کرا. لەمەش زیاتر، بەدیدی بریتانیا بوولگاریا بۆئەوە دروست کراوە تا وەکو دەستێکی روسی لە ناو جەرگەی دەوڵەتی عوسمانی بێ بە هۆیەوە بتوانێ دەسەڵاتی بەسەر قوستەنتینیەدا هەبێ، دواتر دەوڵەتی عوسمانی کەوتە ژێر دلۆڤانیی روسیا وهاوپەیمانانی لە بەلکان.

ئەوەی پتر مەترسیەکانی لای بریتانیا لە پەیماننامەی سان ستیڤانۆ دروست کردن،روسیا لە بەرەی رۆژئاواوە قارس وئەردەهان وئەرزەرۆم و زۆربەی خاکەکانی ئەرمینیای داگیر کردبوو. ئەم کردارانەی روسیا بە مەزندەی ئینگلیز، ئەگەری دابەزینی سوپاکانی روسیی لە باکوری عێراق و کەنداوی عەرەب وتا هیند کردە کارێکی لەبار، هەر چەندە ئەم مەزندانەی بەریتانی زیادە رۆیی بوون بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەوەندە بلێتەوە لای سیاسەتمەدارانی ئەوروپی بوونە راستی.

لە روێکی ترەوە ئەم فراوانبوونەی روسی ئاراستەی رێگا کانی هاتو چۆیە جیهانیەکان بوون جا چ بەسەرعێراق وشام یا بە سەرمیسردا، مەترسیەکانی بریتانیا لە پەیماننامەی سان ستیڤانۆ لێرە سەرچاوەیان گرتبوون.

ئەم کەشو هەوایە نێودەوڵەتیە گرژە، هەوری شەڕی نێوان بریتانیا وروسیا، بۆ بسمارک دەرفەتێکی مەزن بوو تا ببێتە رزگارکاری ئاشتیی جیهانی،ئەوەبوو بانگەوازی بەستنی کۆنگرەیەکی کرد بۆ ئەوەی هەموو کێشەکانی ئەوروپی لەسەر حسابی دەوڵەتی عوسمانی چارەسەر بکەن تا پارچەیەک زەوی رۆژهەلاتی لێرەو لەوێ نەبێتە هۆی رشتنی خوێنی ئەوروپی. بەڵام دزرائیلی لەم کۆنگرەیە رۆلێکی سەرەکی لە ئامادە کردن وبەڕێوەبردن دەبینی، [2] دوای مشتو مرو گفتو گۆیەکی زۆر کە دبلۆماسیە تورکەکانیان لێ وەدور خستبوون وڵاتە ئامادە بووەکان لەسەر ئەم خالانە رێککەوتن :

1_ بوولگاریا دەبێتە میرنشینێکی نایاب، بەناو لە ژێر دەسەڵاتی سولتانی عوسمانی دا دەبێ، خاوەنی حوکمەتێکی کریستی وسەربازی نیشتمانی دەبێ[3]

2_ روملیی رۆژهەلات لە بوولگارای مەزن جیا دەکرێتەوە دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانیەکان. بەم شێوەیە بوولگاریا بەرتەسک دەبێتەوە.

3_ بۆسنەو هرسک لە ژێر داگیرکاریی نەمسادا دەبن بەمەرجێ سنجەق و نۆقی بازاڕ عوسمانیەکان بەڕێوەی ببەن.

4_ سەربەخۆ بوونی چیای رەش.

5_ سەربەخۆ بوونی سربیا.

6_ سەربەخۆ بوونی رۆما، بە وەدەست هێنانی هەرێمی دبروجە ولەدەست دانی هەرێمی بسارابیا بۆ روسیا.

7_ دەرگای باڵا(باب العالی) دەست لە ئەردهان و قارس وباتۆم هەلدەگرێ بۆ روسیا.

8_ دەرگای باڵا (باب العالی) دەست لە هەرێم و شاری خەتر هەلدەگرێ بۆ فارس.

9_ دەرگای باڵا (باب العالی) دۆڵی _ئالا کورد و شاری بایەزید) وەردەگرێتەوە.

10 _دەرگای باڵا (باب العالی) پەیمانی چاکسازی لە ئەرمینیاو پاراستنی خاکەکان لە دەست کورد وجەرکس دەدات[4]

11_ دەرگای باڵا (باب العالی) پەیمانی ئازادیەکانی بڕوای ئاینی لە وڵاتە عوسمانیەکان دەدات، نابێ بڕوای ئاینی لەبەر دەم هاووڵاتیی عوسمانی تەگەرەبێ لە رێگەی مافە کانی سیاسی وئاین.[5]

---

[2] سەرۆک وەزیرانی بەریتانی بەردەوام دوپاتی دەکردەوە کە کلیلی بەرگری کردن لە هیند لە قوستەنتینیەوەیە، لە 4 ی حوزەیران 1878 پەیماننامەیەکی لەگەڵ عوسمانیەکان ئیمزا کرد کە ئەگەر روسیا باتۆم یا ئەردوهان یا قارس بگرێ ئەوا بریتانیا بە هێزەوە بەرگری لە مومتەلەکاتەکانی عوسمانی بکاو لە بەرامبەریشی قوبرسی پێ بدات عوسمانیەکانیش بڕیاری تایبەتی دەربکەن بۆ پاراستنی کریستەکان

[3] دەقی پەیماننامەکە رژێم ودەستوری بلگاریا دیار دەکات لەگەڵ شێوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ عوسمانیەکاندا بە سنوری وڵاتیشەوە بە ووردی.

[4] بەرونی جیاوازی ودوفاقی لە سیاسەتی وڵاتە مەزنەکان بەدی دەکرێ،لە کاتێک داوای چاکسازی لە عوسمانیەکان دەکات بۆ ئەرمەنیەکان لە هەمان بڕگەش داوا دەکات وڵاتەکە لە دەست کورد و جەرکس بپارێزرێ، بی گوێدانە ئەوەی کورد و جەرکس خاوەن ماڵن ئەوانیتر میوان...وەرگێر.

[5] ئەم بڕوایانە وڵاتە مەزنەکان بەسەر والاتە بچوکەکنیاندا دەسەپاندن لە کاتێکدا خۆیان پیادەیان نەدەکردن، لەم شێوە کێشانە کێشەی

12_ مافی کۆنسۆلخانەکانە هاوڵاتیەکانیان بپارێزن.

13_ ئازادیی دەریاوانی لە دانوب.

چ لەم دەقانە دەگەی ؟ وچی وای کردوە وایان لێبێ ؟

1_ رای بەریتانیا بۆ لەناو بردنی پەیماننامەی سان ستیڤانۆو رێگە گرتن لەبەردەم دروست بوونی (بوولگاریای مەزن) زاڵ بوون، [6] هەروەها دوبارە گەڕاندنەوەی رومەلیی رۆژهەلات و تا چیای بەلکان بۆ دەولەتی عوسمانی وەکو سنوری سروشتی هاوکارە بۆ بەرگری کردن بە ئاسانتر.

2_ زاڵ بوونی سیاسەتی بسمارک کە بەناوی سیاسەتی (ئاشتەوایی قەرەبووکردنەوە) ناو نرا، ئەم سیاسەتە دەسەڵاتی روسیای لە رۆژ هەلاتی بەلکان و هی نەمساش لە رۆژئاوا بەهێز کرد. روسیا قارس وئەردهان و جاتۆم ی دەست کەوت بەڵام بریتانیا لە رێککەوتنێکی نهێنی دا لەگەڵ سولتان قوبرسی لێ وەردەگرێ، ئەم دورگەیە بە دیدی بریتانیا دەکرێ وەکو بنکەیەکی سەربازیی گرنگ بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەر هێرشێکی روسیکە نیازییێ لە عێراق دابەزێ سودی لێ وەربگیرێ. دانوستانەکانی وەدەست هێنانی قوبرس لە سەرەتا زۆر بە نهێنی لە نێوان ئینگلیز وتورکەکان ئەنجام دران، بە هۆی مەترسیەکانی روسیا لەسەر دەولەتی عوسمانی لە رۆژگارێکی سەختدا کە تورکەکان پێی دا تێپەر دەبوون لە 4 ی حوزەیرانی 1878 ئەم رێکەوتننامەیە ئەنجام درا، (بە مەبەستی فراوانخوازی لە سنوری دەسەڵاتی عوسمانیدا ئەگەر روسیا هێرش بکاتە سەر هەریەک لە قارس یا ئەردهان یا باتۆم و یەکیان یا هەموویان داگیر کا ئەوا ئینگلیز چەکی خۆی بەکار دێنێ بۆ پاراستنی مومتەلەکاتی عوسمانی لە بەرامبەریش دا قوبرسی پێ دەبەخشرێ.

4_ فرانسا ئەم رێککەوتنە نهێنیەی نێوان بریتانیا و عوسمانیەکان کە تیایدا عوسمانیەکان دەست لە قوبرس هەڵدەگرن ئەمەی بە (سیدانی نوێ) شوبهاند. لەبەرامبەریدا داوای قەرەبووی کرد، بریتانیا رازی بوو بە سەرفراز کردنی فرانسا لە تونس واتە بۆی هەبێ تونس داگیر بکات، هەروەها لەسەر ئەوەش رێککەوتن کە لە میسر دەسەڵاتیان وەکو یەک بێت تا هیچ دەسەڵات بۆ مسریەکان نە مێنێتەوە. بەڵام بریتانیا دوای ئەوەی فرانسا لە 1881 تونسی داگیر کرد ترسی لا دروست بوو لەوەی فرانسا گۆمی دەریای سپیی ناوەڕاست بۆ گۆمی فرانسا بگۆڕێ، ناچار ئەویش لە 1882 واتە دوای یەک ساڵ یەک لایەنانە بە تەواوەتی میسری داگیر کرد.

5_ زاڵ بوون بەسەر پەیماننامەی سان ستیڤانۆ، نەوەستانی بسمارک لەتەک روسیا ئەو وەستانەی روسیا چاوەڕوانی بوو، لە و هۆکارانە بوون کە ئسفین ی بەهێز بکەوێتە گەل(یەکگرتوی سێ ئیمپڕاتۆرەکە) توڕەبوونی روسیا سودمەند بوو بۆ ئەوەی فرانسا هاوپەیمانێک لە ئەوروپا بدۆزێتەوە.

ئیرلەندا لە نێوان پڕۆتستانت و کاسۆلیکەکان، ئەم برگانە وەکو بیانوی دەستێوەردانی وڵاتەمەزنەکان لە کاروباری وڵاتە بچوکەکان بەکاریان دەهێنا،روسیا خۆی جوەکانی دەچەوساندەوە، بە هەمان شێوە وڵاتە ئەوروپیەکانیش.

[6] دروست بوونی ماوەی سێ یەکی سەدەیەک دواکەوت بە هۆی رازی نەبوونی بریتانیا

6_ ئەو زولمەی ئینگلیزی_فەرەنسی_روسی_نەمسایی_ کە لە دەوڵەتی عوسمانیان کرد و دەرچونی ئەڵمانیا بێ ئەوەی هیچ لە خاکەکانی دەوڵەتی عوسمانی ببات وایان لە سولتان عبدالحمید ی دووەم کرد لە ئەڵمانیا نزیک بێتەوە و سود لە پێشکەوتنە تەکنەلۆژی وسەربازیەکانی وەرگرێ،هەر ئەم نزیک بوونەوەیەش بوو دواتر بوو بە کاکلی هاوپەیمانێتیەکەی عوسمانیی ئەڵمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی.

7_ هەرەسەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەم شێوەیە بوون:

لەدەست دانی پێگەکانی لە بەلکان و هەروەها لە باکوری ئەفریکا سەرەتا لە میسر و تا مەراکش و سودان، لێ دابرانی یەک لە دوایەکەکانی پارچەکان لە دورگەی عەرەبی بە پشتگیریی بریتانیا،ئەم لاوازیەی دەسەڵاتی تورکی و زاڵ بوونیان بەسەر دەسەڵاتی حوکم هانی عەرەبەکانی دا کە داوا بکەن لە بەڕێوە بردنی حوکم بەشدار بن، دوای ئەوەی ئەو مافە تەنها بۆ تورکەکان رەوا بوو.

بەڕاستی دەستوری عوسمانی کە لە ساڵی 1876 دەریان کرد بە دیدی سیاسەتمەدارانی عوسمانی دەست پێشخەریەکی باش بوو بۆ رزگار کردنی دەوڵەت وگەلەکانی، لە هەرەس و روخان. بەڵام ئەو رسوا بوونەی لە کۆنگرەی بەرلین بەسەر دەوڵەتی عوسمانی داهات، دەرفەتێکی دایە دەست سولتان عبدالحمیدی دووەم تا کار بە دەستور نەکات. فەرمانڕەوایی رەها بخاتە ژێر دەستی خۆی تا ساڵی 1908 کە ئەوسا کاکلی شۆڕشی کۆمەڵەی گەشەو یەکیەتی و کاکلی بزوتنەوەی ئازادیخوازی عەرەبی بوو.

8_ ئومێدەکان بەرەو ئاسۆیەک هەنگاویان دەنان کە مافی زیاتر بە ئەرمەنەکان ببەخشرێ لە ژێر سێبەری دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ئەرمەنەکان پەلەیان کرد لە سود وەرگرتن لە لاوازی دەولەتی عوسمانی. کورد و تورکەکانیش _لەلایەکی تر_ خۆیان لە وان بە مەزنتر دەزانی چونکە تا ئەو کات ئەرمەنەکان لە ژێر دەستیان(کورد وتورک) دا بوون بە یەکسانیان قەبوول نەبوو، ئەمە بووە هۆی نانەوەی کوشتارگەی ئەرمەن[7] .

9 _ ئەوروپا دڵنیا بوو لەوەی تارمایی شەڕ لە نێوان وڵاتە مەزنەکان دور کەوتەوە، بەم شێوەیە بسمارک لە بوواری ئاشتەوایی سەرکەوتنی وەدەست هێنا، ئەم گۆڕانە کاری کردە سەر بووژاندنەوەی ئابووریی ئەوروپا تا بتوانێ بەشداری لە ئیمپریالیزمی ئەوروپا بکات بە تایبەت لە ئەفریکا. ئەمانە بوونە هۆی بەستنی کۆنگرەیەکی نوێ لە بەرلین لە 1884_1885 کە دواتر دابەش بوونی وڵاتە ئەفریکیەکان لە نێوان وڵاتانی ئەوروپادا لێ کەوتەوە.

---

[7] دیارە لێرە نوسەر کوردیش وەکو تورک بە خاوەن دەسەڵات و بەرپرسیار بەرامبەر بە کوشتارگەی ئەرمەنەکان ناو دەبا لە کاتێکا هیچ وەختێک کورد لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان بە کەمترین مافە کانی شاد نەبووە و خاوەن دەسەڵاتیش نەبوە تا بتوانێ لە کۆکوژیەکەی ئەرمەندا بەشدار بێ بۆ ئەوەی لە بڕی دەسەڵات بەشداری لە تاوان و هاوکاریی عوسمانیەکان بکا،ئەگەر وا مەزندەدەکەن،بێویژدانی و زولمێکە لە کوردی دەکەن،چونکە کورد لە ئەرمەنیش زیاتر قوربانیی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی عوسمانیەکان بووە...وەرگێر.

بەشی هەشتەم

پێشبرکێی ئیمپریالیزمی لە نیەوی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم

گەشەسەندنی فراوانخوازی ئیمپریالیزمی، وهۆکارو بارودۆخەکانی

کۆنگرەی بەرلین ی 1884 _ 1885

له میانەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بە بەراورد لەگەڵ روداوەکانی سەدەی هەژدەهەم، ئاستی فراوانخوازی وململانێکان روەو دابەزین بوون، بەڵام لە ساڵی 1830 ەوە ئاراستەی ئیمپریالیزم دەستی بە زیاد بوون کردوە. ئەوە بوو فرانسا لە جەزائیر دابەزی، روسیاش بە تایبەت دوای شەڕی قەرەم زۆری لە ئیران و ئەفغانستان کرد روەو رۆژهەلات هەڵمەت بەرن. ئینگلتەرا لە شەڕی ئەفیون لە (1839 _1840) بەسەر چین دا زاڵ بوو و پەیماننامەی تیان تسن ی لە 1851 بەسەردا سەپاند، ئەمەریکاش لە
1851بەتوندی لە دەرگای ژاپۆنی دا، بریتانیا شۆڕشی هیندی مەزنی لە 1857 لە ناو برد فراوانکاریەکەی بە هەموو لایەک دا بەردەوام بوو تا بۆرماو مەلاویشی گرتەوە، هۆڵەندا ش لە (دورگەکانی هیندی رۆژهەلات) لە موستەعمەرەکانی سەقامگیر بوو[8] رێنماکانی مۆنرۆ کە رێگەی بە داگیرکاری تری نە دەدا لە وڵاتەکانی ئەمەریکای ناوەڕاست و باشور،ئەم رێنمایانە دەرفەتیان بۆ ئەو وڵاتانە رەخساند کە لە ژێر دەستی ئیمپریالزمی ئەوروپی دا ماون و بە ئامانجەکانیان نەگەیشتون، هەروەها دەرفەتێکی زێرینی بۆ ئەمەریکا رەخساند تا دەستێکی باڵای هەبێ لە بوواری سیاسی وئابووری لە جیهانی نوێدا.
ئەمە بەگشتی کەشو هەواکانی پێشبرکێیە ئیمپریالیزمیەکانی نیوەی سەدەی نۆزدەهەم بوون دوای ئەوە گۆرانێکی ریشەیی ئەوتۆ رویان نەدا لەبەر ئەم هۆیانە :

1_ ئەو کودەتایە پیشەسازیەی رویدا پێویستیی بە گواستنەوەی خێرایی بەرهەمەکان دەکرد بۆ بازاڕەکانی دەرەوە،پێویستیشی بە دۆزینەوەی بازاڕ و گواستنەوەی بۆ بەندەرەکان هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە دەبووایە بەدوای ئامێری پێشکەوتودا بگەرێن.

2_ لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئامێرلە خزمەت سوپای وشکانی ودەریای، شێوازی ئامرازی سەربازی گەشەی زۆری بەخۆوە بینی. هێلی ئاسنین یەکێک بوو لە هۆکارەکانی سەرکەو تنی ئەو وڵاتانەی کە هەیان بوو. بەلەم و کەشتیە تۆپ هەلگرەکان بە توانایەکی بەرزەوە بەندەرەکانیان تۆپباران وگوللە باران دەکرد، لە توانایاندا بوو لە ناو روبارەکان هێرش بەرن وجێ گۆرکێ بە هێزەکان بکەن، بە پێچەوانەی ئاراستەی روبارەکان دەهاتن ودەچون لە ناو جەرگەی وڵاتە دواکەوتوەکانی وەکو چین و عێراق دە خولانەوە وهێرشیان دەبردن و حوکمەتەکانیان رسوا دەکرد وناچاریان دەکردن خۆیان بدەنە دەست،دواتر ئەم پێشکەوتنە ئامێریەی وڵاتانی ئەوروپی و دواکەوتویی وڵاتانی رۆژهەلات خەرجیی شەڕەکانی کەم کردبوونەوە، شەڕو هاتو چۆکان لەسەر وڵاتە ئەوروپیەکان کەم دەکەوتنەوە، بە بەراورد لەگەڵ جاری جاران.

---

[8] دوای جەنگی جیهانی دووەم کە سەربەخۆیی وەرگت بە ئەندەنوسیا ناسرا.

3_ ئەمەو فراوان بوونی پانتایی شەڕ وروودانی فرە شێوازی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بوو، فاکتەرێکی گرگرتو بوو لە پێناو ململانێی وڵاتەکان بۆ بن دەست کردنی وڵاتە لاوازەکان.ئیمپریالزم تەنها بە داگیر کردن و لوش دانی خێرو بێر و دەستگرتن بەسەر چاوکە ئابووری و سەربازیەکان نەدەوەستا، بەڵکو :

ا/ لکاندنی هەندێک لە وڵاتە داگیر کراوەکان بە وڵاتی ئیمپریالیزمەوە،وەکو لەخۆ گرتنی جەزائیر کە فرانسا وەکو بەشێک لە فرانسای دایە قەڵەم.

ب/ پێدانی قەوارەیەکی خۆجێیەتی بەموستەعمەرەکە، وەکو کەنەدا بە پابەند بوونی بە بریتانیاوە.

ج/ بەرز کردنەوەی تەنها ئاڵای وڵاتێکی ئیمپریالیزم لەسەر خاکی گەلێکی دواکەوتو، وەکو ئەوەی لە ئەفریکا رویدا لە دەستگرتنی ئەڵمانیا بەسەر تنجانیقا.

هـ/ لە خشتە بردنی ریش سپی وسەرۆک هۆزەکان بۆئەوەی ئیمزا لەسەر پارچە کاغەزێک بکەن تیایدا داوای پاراستن لە ئیمپریالیزم بکەن تا بیان پارێزێ بێ ئەوەی مانای پاراستن تێبگەن چی دەگەیەنێ، ئەمەش وەکو ئەوەی ئەڵمان(کارکبیترز) لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی ئەفریکیی کرد لە رۆژهەلاتی ئەفریکا و ئەوەی فرانسا لە رێگەی پەیماننامەی پاراستن لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی ئەفریکا لە کەنارەکانی گینیی ئەنجام دابوو.

و/ بەکار هێنانی شێوازی مرۆڤایەتی لە جێبەجێ کردنی ئامانجە فراوانخوازیەکانی ئیمپریالیزمیانەیاندا،بۆ نمونە بریتانیا بەناوی (نەهێشتنی بازرگانی کردن بە کۆیلەوە) ئیمپریالیزمێتیەکەی خۆی بەسەر زنجبار لە رۆژهەلاتی ئەفریکا سەپاند، هەریەک لە فرانساو بریتانیاش چاڵاکیەکانی مرۆییان بۆ مەرامە فراوانخوازیەکانی خۆیان بەکار دەهێنان، فرانسا کاسۆلیکەکان وبریتانیاش پرۆتستانەکانی بەکار دەهێنا. جوانترین نمونە بریتانیا و ئۆگەندان، هەروەها بە پاساوی پاراستنی کریستیەکانی دەوڵەتی عوسمانی وچین هەریەک لە بریتانیا وفرانسا دەستیان بەسەرخاکی نوێ دا گرت.

ز/ ئەو پێگەیەی بریتانیا پێی گەیشتبوو لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم کە گەیاندبوویە ئەو ئاستەی بتوانێ رێگە لە چین بگرێ هاوڵاتیەکانی لە مادە بێ هۆشبەرەکان قەدەغە بکات، بێ ئەوەی کەس بەرپەرچی بریتانیا بداتەوە، بەهۆی پەرەسەندنی پایەی ئەوروپا لە دونیادا مەزنترین ودرندانەترین شێوازی رەفتاریان لەگەڵ وڵاتە موسلمان و هیندو چین بەکار دەهێنا بێ ئەوەی کەس هەبێ لە شوێن خۆی جولە بکات. بەڵام ئەگەر پارچەیەک لە خاکی ئەروپا ڕوبەڕووی ئەم جۆرە رەفتارانە ببووایەتەوە دوانیایان بەسەر یەکدا دەروخاند ودەبووە مەزنترین جەنگ.[9]

ح/ خوێن بەردان لە هێزی مرۆڤ، لە رێگەی بازرگانێتی کردن بە کۆیلەوە لەسەر دەستی پورتوگالەکان کە خوێنیان لە لەشی کۆنگۆ وئەنگۆلا بەردابوو لە رێگەی کۆیلە کرین وفرۆشتن دا، ئەم بازرگانێتیە لەلایەن ئەوروپیەکان کارێکی قێزەوەن بوو، وڵاتە ئیمپریالیزمەکان بە چەندین شێوە ئەم کارەیان ئەنجام دەدا وەکو گواستنەوەی زنجیەکانی سەنیگال بۆ دورگەی ئەنتیل لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم کە

---

[9] یەکێک لە لێکۆلەرەوەکانی ئیمپریالیزم دەلێ تاوانی هتلەر رسوا کردنی مرۆڤ نەبوو، بەڵکو رسوا کردنی مرۆڤی ئەوروپی بوو بۆیە هەر ئەوان لێی هەڵسانەوە تا لە ناویان برد.

فەرەنسیەکان پێی هەڵسابوون،هەروەها ئینگلیزەکان هیندیە کانیان لە سوپا بەکار دەهێناو زیانی گیانیی زۆریان پێ دەگەیاندن، مێژوو نوسێکی هیندی ڕاستی وت کاتێک ووتی خوێنی هیندیەکان بوو ئیمپڕاتوریەتی بەریتانیی لە ڕۆژهەلات پاراست.
ی/ بە بیانوی بڵاو کردنەوەی شارستانێتیی نوێ و بیری نوێ و ئامێری نوێ وەکو هێلی ئاسنی وچەند پڕۆژەیەکی تر،داردەست و پاساوی ئیمپڕیالیزم بوون بۆ داگیر کردنی وڵاتەکان وەکو کۆنگۆ لەلایەن بەلژیک، عێراق و ئەنازۆل لەلایەن ئەڵمانیا وچەند پڕۆژەیەکی تر وەکو پڕۆژەی کەندری سوێس و بەنەما.
ک/ بەکار هێنانی کۆمپانیا ی بازرگانی وبانکەکان بۆ دەست گرتن بەسەر ئابووری وخاکی وڵاتەکان وەکو کۆمپانیای کەنالی سوێس و کۆمپانیای ئەفریکیی نیشتمانی لە نیجر وکۆمپانیای ڕۆژهەلاتی ئەفریکیی بەریتانی و کۆمپانیای ڕۆژهەلاتی ئەفریکیی ئەڵمانی. وڵاتە بچوکەکان لە ڕێگەی ئەم کۆمپانیایانەوە داگیردەکران : جەزائیر کەوتە ناو تەڵەی فرانساوە چونکە داوای قەرزەکانی خۆی لە فرانسا دەکرد، بریتانیاش چونکە داوای قەرزەکانی خۆی لە میسر دەکرد کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕیالیزمەوە.
هـ/ شارەزا بوونی وڵاتە ئیمپڕیالیزمەکان لە توانا و ناوچە بە پیتە کانی وڵاتانی لاواز. لە میانەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم ناوچەکانی ئەفریکاوئاسیا ئامانجی وڵاتە ئیمپڕیالیزمەکان بوون ئەوروپیەکان ماوەیەکی زۆریان بەسەربرد تا شارەزای تەواوی جوگرافیاو دانیشتوان وئابووریی ناوچەکان بوون بە تایبەتی ئەفریکا، دوای ئەوەی ئامارەکان لە ڕێگەی هەموو سەرچاوەکانەوە تەواو بوون لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم ئیتر شەپۆلی داگیرکاریی ئیمپڕیالیزم بە چری دەستیان پێ کرد.
لەپاڵ زۆرتر شارەزایی پەیداکردن لە وڵاتە دواکەوتوەکان، بانگەوازیەکان بۆ بە چالاک کردنی کاری ئەوروپی لە ئەفریکا پەرەیان سەندن ئەم جارەیان بە ناوی (پەیامی پیاوی سپی)یا بەناوی (بەرگریی بازرگانی کۆیلە) بۆ ئەم بیرۆکەیە سیاسەتمەدارە ئەوروپیەکان و ئەنجومەنی کۆمپانیاکان یەکیان گرتبوو بە پشتیوانیی حکومەتەکان و بانگەوازخوازانی ئەم بیرۆکانە بۆ دەست گرتن بەسەر زۆربەی وڵاتانی ئەفریکی.
6_ ئەوەی نیوەی دووەمی لە سەدەی نۆزدەهەم کردە ماوەی پەرەسەندنی بزوتنەوەکانی ئیمپڕیالیزمی ئەوروپی، باش بوونی باری تەندروستی لە ئەوروپا و پێشکەوتنە تەقەنیەکان بوونە مایەی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی ئەوروپا، وێرای بەرز بوونەوەی ئاستی زانین و داهاتی هاوڵاتیان ڕێژەی مردن کەم بووەوە، هەروەها بەهۆی کودەتا پیشەسازیەکان ڕێژەی بێکاری زیادی کرد ئەوانەی لە یاسا دەردەچون بەهۆی هۆکاری سیاسی وکۆمەڵایەتیەوە ئەوانیش لە زیادبوون دابوون. هەندێک وڵات وەکو بریتانیا بەهۆی فراوان بوونی ڕێژەی داگیرکاریی لە ئوستراليا و نیوزیلەندا هەروەها سەبارەت بە ڕوسیا لە سیبیریا فراوانیی پێکرا و بۆ ڕزگار بوون لە بێکار ودەرچوان لە یاسا ڕەوانەی ئەو وڵاتانە یان دە کردن.
7_ لە میانەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم تەوژمی ئیمپڕیالیزم تەنها لە بەرژەوەندیی بریتانیا هەل دەکرد، لە کاتێک دا تاقە ڕکابەری فرانسا بوو ئەویش لە سەدەی هەژدەهەم چەندین شکستی هاتە ڕێ. بووە هۆی لەدەست دانی ئیمپڕاتوریەتەکەی. ئەو کاتەی ناپۆلیۆن لە 1814_1815خۆی ڕادەست کرد لە توانای

بریتانیا دابوو هەموو موستەعمەرەکانی لەبن دەست دەر بێنێ بەڵام تەنها هۆڵەندای لاواز وجاوە وسۆمەترە (ئەندەنوسیا) ی بۆ هێشتنەوە.
کارێکی قورس بوو بریتانیا بتوانێ هەموو موستەعمەرەکانی لەو بەری دەریا بپارێزێ چونکە بوودجەیەکی سەربازیی زۆری پێویست بوو. ئەوکات یەکە سەربازیە وشکانی ودەریاوانیەکان لە روبەرێکی زۆر بەرپرسیار دەبوون، بۆیە بریتانیا نیازی ئەوەی نەبوو لەمە زیاتر وڵات بخاتە ژێر رکێڤی خۆی لە کاتێکدا هێشتا لەهەندێک وڵاتی داگیرکراو ئارامی و سەقامگیری بەرقەرار نەبووە، تەنانەت ئەگەر بتوانێ شۆڕشی هیندی مەزن لە 1857 کپ کاو روسیا لە شەڕی قەرەم لە 1856 شکست پێ بێن یو رسوای کا، هەروەها ئێران لە شەڕی 1857 و 1858 چین لە 1859، لەگەڵ ئەوەش بریتانیا دەستی بە هەڵمەتێکی تری داگیرکاریی کرد. ئەم هەڵمەتە لە حەفتاکان وهەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم بوو کاتێکی گونجاو بوو بۆ بریتانیا چونکە رکابەری ئەوکاتەی کە فەرنسا بوو گورزێکی کوشندەی پێ کەوتبوو، بەڵام ئەڵمانیا زەبەلاحی نوێ پێویستیی بە دۆستایەتی بریتانیا هەبوو نیازی ئەوەی نەبوو بێتە مەیدانی ئیمپریالیزم، بۆ ئەڵمانیا ئەو مەیدانە ئەوکاتە گرنگ بوو لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم کاتێک هەردوو وڵاتە کەی ئینگلتەراو فرانسا لە روی ئیمپریالزمیەوە بەهێز و باڵادەست بوون، بەڵام پەرەسەندنی ئەڵمانیا لە بوواری ئیمپریالزمی زۆر خێرا و تەواوکەری ململانێی ئیمپریالیزمی ئەوروپا بوو : وەکو ململانێی نێوان ئینگلیزو فەرنسا و ئەڵمانیا و ئیتالیا و بەلژیک لە ئەفریکا لە ماوەی هەشتاکان لە سەدەی نۆزدەهەم و دواتر.
ئەو گەشە کردنە مەزنەی ئەوروپا لە روی بیر و تەکنۆلۆژیا و بازرگانی تواناى هەمەجۆریان بۆ پەرەسەندنی داگیرکاریەکانیان لە بەرامبەریشیەوە دوا کەوتویی وڵاتانی رۆژهەلات و عوسمانی وچین لە سەدەی هەژدەهەم، جیاوازیی خەتەرناکی زۆریان لە نێوان رۆژهەلات ورۆژئاوا دروست کردبوو. ئەم جیاوازیانە لە سەدەی نۆزدەهەم زیاتر بوون بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەکە، ئەمە سەرەڕای هەوڵ و تەقەڵای زۆر بۆ بەیەک گەیشتنەوەی هەردوو لا، بەڵام هەر وڵاتە ئەوروپیەکان بوون کە لە توانایاندا بوو بەشێکی زۆری شارستانیەت بە وڵاتە دواکەوتوە کان ببەخشن، هەر ئەو وڵاتە مەزنانەی ئەوروپاش بوون لە هەولی داگیرکاری و ئیمپریالیزمی دابوون.
ئەو جیاوازیەی شارستانی و هاندەرە ئابووریەکان، کاریگەریان هەبوو لەسەر ململانێی ئیمپریالیزمەکان، ئەو ململانێیە بەر لە سەدەی نۆزدەهەم لە نێوان چەند وڵاتێکی دیار مایەوە بەڵام لەم سەدەیە هەندێک وڵاتی تر بەدەر کەوتون بە تێروانینی ئیمپریالیزمانە بەربەرەکانی دەکەن:

1_ بەلژیک

2_ئیتالیا

3_ئەڵمانیا

4_ ژاپۆن

لە تەک چەند وڵاتێکی ئیمپریالیزمی چالاک لە بوواری فراوانخوزیی ئیمپریالیزمی وەکو :

بریتانیا و فەرنساو روسیا و چەند دەوڵەتێکی ئیمپریالیزمی خاو لەهەمان بووارەوەکو: ئیسپانیا و پورتوگال و هۆڵەندا بوون.

ئەمە هەندێک لە شێواز و تەکتیک و دیاردەی ئیمپریالیزمی ئەوروپین، پەرسەندەکانی ئیمپریالیزمی ئەوروپی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و کاردانەوەکانی لە پارسەنگی نێودەوڵەتی پێویستیی بە چاوخشاندنێکی خێرا هەیە، هەوڵ دەدەین گۆڕانەکان ئەوانەی چالاکیەکانی ئیمپریالیزم پێیدا تێپەریوە دەست نیشان کەین.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بریتانیا دڵنیا بوو کە موستەعمەرەکانی لە چاوبرسی و دل لەقینەکان دورو پارێزراوە، کلیلی دەریاکانیش بەدەست خۆیەتی :

1_ سانتا لۆشیا لە دورگەکانی هیندی رۆژئاوا.

2_ (راس الرجاء الصالح) (موستەعمەر کاب)

3_ دورگەی ئیمزایشۆس.

4_ چیای تاریق(جبل طارق).

5_ عەدەن.

6_ بەحرێن.

7_ سەنگافورە.

8_ هۆنگ کۆنگ.

بریتانیا لە لایەن وڵاتە ئەوروپیەکان بەهۆی فراوانیی موستەعمەرەکانیەوە خۆشەویست نەبوو، لەلایەن وڵاتەکانیشەوە دڵنیا کرابووەوە کە لە مەترسیەکان دورە ئەمەش دوای شکستەکانی روسیا لە شەڕی قەرەمی 1856 و شکستەکەی فرانسا بەرامبەر بە روسیا لە 1871.

بەڵام روسیا دوای شەڕی قەرم دەوڵەتی عوسمانیی بۆ چالاکیە ئیمپریالیزمیەکانی بە مایەی پەسەندی نەدەزانی بۆیە روی وەرگێرایە ناوەڕاستی ئاسیا وسیبیریا.

سەبارەت بە داگیرکاریی سیبیریا هیچ کێشەیەک دروست ناکات، بەڵام بۆ ناوەڕاستی ئاسیا و ئەفغانستان بە تایبەتی، مەسەلەیەکی درکاوی و ئالۆز بوو، چونکە لە سیاسەتی بەریتانی ئەوە هەبوو رێگە بە روسیا نەدات بەرەو سنورەکانی هیندی باکور هەنگاو بنێ. بریتانیا کاری بۆ ئەوە دەکرد کە شوێنی بەگژ یەکدا چونی بریتانیا و روسیا لێوارەکانی هیندی باکور نەبێ. بەڵکو لە ناوجەرگی ئاسیای ناوەڕاست بێ، لێرەوە ئەفغانستان بوو بە ناوچەی ناکۆکیەکانی روسیی بەریتانی.

ئینگلیزەکان لە راگرتنی هێزەکانی روسیی روەو هیند سەرکەوتن، ئەمە بووە هۆی ئەوەی روسیا بیر لە تاقە رێگەی فراوان بوون بکاتەوە کە مەنشوریاو کۆریان، بۆیە لەم ناوچانە دەستی بەسەر پانتایی زۆرەوە گرت لە چین و قەوقاز و تورکستان [10] لە ئەفریکاش بریتانیا شوێن پێی خۆی بە چاکی کردبووەوە (وەکو کاب لە ساڵەکانی 1800ەوە تا 1874) لەو کاتەوە ڕوبەڕووی کێبەرکێیەکی توند بووەوە لەگەڵ فرانساو هەردو وڵاتە تازە پێگەیشتوەکەی ئەوروپا،ئیتالیا، ئەڵمانیا، کێبەرکێکە لە نێوان ئەم وڵاتانە زۆر توند بوو

---

[10] دەبێ تورکمانستانی ئێستا بێ...

هەموو شێوازێکی فرتو فێلە سیاسیەکانیان لەگەڵ یەکتر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکار دەهێنان. فرانساو ئیتالیا دەسەڵاتی لەیەک نزیکیان لە تونس هەبوو، هەریەکەیان هەوڵی وەلانانی ئەوی تریان دەدا بۆئەوەی خۆی تەنیا بمێنێتەوە، لەم هەوڵەیان فرانسا سەرکەوت لە 1881توانیی فێل لە ئیتالیا بکا، هەمان فرتو فێل ئینگلیز لەگەڵ فرانسای بەکارهێنا لە میسر، ئەوە بوو لە هەشتا کان ئەڵمانیاش هاتە ریزی ئیمپریالیزمەوە دوای ئەوەی بووە خاوەنی هێزێکی سەربازیی مەزن و خاوەن سەرمایە، دوای ئەوەی توانیان ئەڵمانیا یەکخەن ئەم سەرمایەیان پاشکەوت بوو، ئەوە بوو ئەڵمانیا روەو ئەو وڵاتە ئەفریکیانە چو کە تا ئەوکات ئیمپریالیزمەکان پێی نەگەیشتبوون، بە خێراییەکی زۆر لە 1884 توانیی خۆی بگەیەنێتە ناوچەیەکی پان وبەرینی ئەفریکا و لەدەستی ئیمپریالیزمیان بپاریزێ.

بەراستی لە ساڵی 1884بەدواوە بسمارک وحکومەتی ئەڵمانیا ئەوانەی دوای ئەویش هاتنە سەر حوکم، لە ئەوروپا بۆ دابەش کردنی وڵاتەکان لە نێوان خۆیاندا خاوەنی ووتەی سەرەکی بوون، ئەمە بە ڕونتر ئەوسا دەرکەوت کاتێک ئەم هۆکارانە بوونە هۆی بەستنی کۆنگرەی بەرلین لە 1884 _1885.

دۆزەرەوە (کاپتن کامرۆن) لە چەند گەشتێکی دا دەریخست کە گۆمی روباری کۆنگۆ بە روباری نیل ەوە نە بەستراوەتەوە، لەو میانەدا پەیماننامەیەک لەگەڵ سەرۆک هۆزە کان ئیمزاکرا مافی پاراستنی خۆیان و وڵاتەکەیان بە بریتانیا درا،هەر چەندە حکومەتی بەریتانیای ئەوکات لەوێ بەرپرس نەبوو. بەڵام ئەمە دەرفەتێک بوو بۆ پادشای بەلژیک _ گەنجینەی وڵاتیان خاڵی بوو _ تا داوا لە وڵاتە ئەوروپیەکان بکات لە پایتەختی بەلژیک کۆنگرەیەک ببەستن بۆ مەبەستی ئاشکرا کردنی ئەوەی لە ناو ئەفریکا دا هەیە وەکو پێشینەیەک بۆ دەست کردن بە ئەرکی (پیاوی سپی) و بڵاو کردنەوەی زانین وشارستانی لە ناو ئەفریکا.

لە ئەنجامی ئەو کۆنگرە بوو کە دۆزەرەوەی ئینگلیزی ی بەناوبانگ ستانلی یان نارد بۆ مەبەستی دۆزینەوەی روباری کۆنگۆ لەسەر ئەرکی پادشای بەلژیک. فرانساش پیاوێکی خۆی بۆ هەمان مەبەست نارد بە ناوی (برازا)، دواتر هەردو پیاوەکە لە 1881 بانگخوازی ئەوەیان دا کە مافی ئەو روبارە بۆ هەردو وڵات دەگەڕێتەوە (فرانسا، بەلژیک). بەڵام بریتانیا مەبەستیبوو کۆنگۆ لەدەست هەردو وڵات دەربهێنێ وبیخاتە ژێر دەسەڵاتی پۆرتوگال(کە وڵاتە ئەوروپیەکان حەزی لێ ناکەن) چونکە ئەوکات بۆ بریتانیا ئاسان تر دەبوو لە رێگەی پۆرتوگالەوە دەست لە ئەفریکا وەر بدات، بەڵام ستانلی کە لەسەر ئەرکی پادشای بەلژیک کاری دەکرد رەتی کردەوەو هەڵسا لەگەڵ چەند سەرۆک هۆزی گۆمی کۆنگۆ رێککەوتنێکی لەگەڵ ئیمزا کردن تا داخوازیەکانی پۆرتوگال پوچەڵ کەنەوە.[11]

لە پێناو دورکەوتنەوە لە دروست بوونی ناکۆکی لە نێوان وڵاتە ئەوروپیەکان بسمارک پێشنیاری بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیی کرد لە بەرلین بۆ چارەسەریی کێشەی کۆنگۆ بەتایبەتی وکێشەکانی ئەفریکا بە گشتی.

بۆچی ئەم بانگەوازە لە بسمارکەوە هات لە کاتێکا ئەڵمانیا هیچ بەرژەوەندیەکی لە کۆنگۆ نەبوو ئەو خەریکی تۆگۆلاند بوو؟

---

[11] وەنەبێ ئەم سیاسەتەی ستنلی دژی بریتانیا بێ،چونکە ئەو توانایەی هەبوو هاوبەشیەک لە نێوان چالاکیەکانی خۆی وبەرژەوەندیەکانی بریتانیا دروست کات

ئەوەی ڕاستی بێ ئەڵمانیا لە سەر دەستی بسمارکی راوێژکارەکەیوە بڕوای بەوە بوو کە دەبێ تێروانینە کانی ئیمپریالیزم لە لایەن بۆرجوازیەتی تازە پێگەیشتوی ئەڵمانیا تێر بکرێن. دواتر بسمارک درکی بەوە کرد کە کات پێگەیشتوە بۆ ئەوەی ئەڵمانیاش لەو پێشبرکێیە ئیمپریالیزمیە بەشدار بێ، بۆ رێگە گرتن لەبەر دەم وڵاتە ئەوروپیەکانی تر لە دەستگرتن بەسەر ئیمپراتۆریەتی ئیمپریالیزمی، دواتر بۆ ئەوەی لەبەر دەم وڵاتانی تریش دەرگا والا بێ ئەوەی بیەوێ پارچەیەک لە ئەفریکا بۆخۆی دەستی بەسەردا بگرێ، چونکە بە دیدی بسمارک داگیر کردنی ئەفریکا نابێ لە رێگەی بەیەکدادانی سەربازی جێبەجێ بکرێ بەڵکو لە رێگەی کۆنگرەی نێودەوڵەتییەوە دەبێ ئەنجام بدرێ، دیارە وڵاتە ئەوروپیەکانیش لەگەڵ ئەم بۆچونە کۆک بوون. بیرۆکەی بەستنی کۆنگرە سەرکەوتنی هێنا لە نۆڤەمبەری 1884 تا شوباتی 1885 کۆنگرەی بەرلین بەسترا.

لەم کۆنگرەیە هەریەک لەو وڵاتانە ئامادە بوون، شاندی ئینگلتەراو فرانساو ئەڵمانیاو روسیاو دەوڵەتی عوسمانی و بەلژیک و هۆڵەنداو نەرویژو سوێد و ئیسپانیا و پۆرتوگال، بە ئیمزاکردنی پەیماننامەیەک کۆتایی هات کە دەقەکە بەم شێوە ی خوارەوەیە:

1_ بێلایەنی گۆمی کۆنگۆ و بازرگانی لێی ئازاددەبێ.

2_ ئازادی دەریاوانی لە گۆمی کۆنگۆ و نیجەر.

3_ پوچەڵ کردنەوەی بازرگانی کردن بە کۆیلە و لەناو بردنی ئەوانەی ئەم کارە دەکەن.

4_ هەر وڵاتێکی ئەوروپی بیەوێ وڵاتێکی ئەفریکی داگیر بکات دەبێ ئاگاداری وڵاتەکانی تر بکاتەوە ئەگەر وڵاتێک لە وڵاتەکان بانگخوازی ئەوەی کرد کە ئەو وڵاتە لە ژێر پاراستنی خۆی دایە ئەمە کاری پێ ناکرێ دەبێ داگیرکردنیش لەتەک
پاراستنەکەیدا رابگەیەنێ.

ئەم بریارانە زەمینەیان بۆ راگەیاندنەکەی بەلژیک خۆش کرد، تا دەرکەوتنی کۆنگۆی ئازاد رابگەیەنێ وەک کارئاسانیەک بۆ ادگیر کردنی، پاش ئەوەی ئەڵمانیا لە ساڵی 1884 بە چەند چاڵاکیەکی داگیرکاری هەڵسا بووە خاوەنی پانتاییەکی زۆری خاکەکانی ئەفریکی لەم شوێنانە ی خوارەوە بوو:

1_ توگۆلاند

2_کامیرۆن

3_ باشوری رۆژئاوای ئەفریکی

4_ تەنجانیکا

5_ ناوچەی(ویتو) لە رۆژهەلاتی ئەفریکا لەگەڵ دورگەی (هلیگۆلاند) ئالو گۆر پێکرا ئەم دورگەیەخاوەنی پێگەیەکی ستراتیژ بوو بۆ بەرگری کردن لە ئەڵمانیا لە دەریاوە.

دەبینین کە شەڕی کۆمپانیاکان لە سەدەی هەژدەهەم توند تر دەبن، وڵاتە ئەوروپیەکان _ ئەوانەی بە ئیمپریالیزمیەوە خەریکن_ لە ململانێ و کێبەرکێدا بوون تا هەرچی پتر کۆمپانیاکانیان بگەیەننە ئەفریکا لە رێگەی گرێبەست و رێککەوتننامە لەگەڵ سەرۆک هۆزەکاندا لەم رێگەیەوە دەستیان بەسەر وڵاتەکاندا دەگرت هەر زو ئاڵای خۆیان دەچەقاند و بەم کارەش ئەفریکایان زیاتر پارچە پارچە کرد.

کەمتر لە دوو سەدە لە نێوان 1800 _ 1900 وڵاتە ئەفریکیەکان یەک لەدوای یەک کەوتنە بن دەستی وڵاتە ئەوروپیەکان بەپێی کاتی ژێردەست بوونیان بەم شێوەیە ی خوارەوە:

1880
1881
1911
1884
1884
1884
1884
1885
1885
1885
1902
1885
1886
1887
1892
1893
1898
1904

ململانێکانی وڵاتانی ئەوروپی لەسەر دەستگرتن بەسەر وڵاتە ئەفریکی وئاسیایەکان باشترین سەنگی مەحەک بوون بۆ دەرخستنی نیازەکانیان بەرامبەر بە یەکتر.

بۆ نمونە روسیا لەگەڵ بریتانیا توشی بەیکدادان هاتن لە ناوەڕاستی ئاسیا و ژاپۆن ومەنشوریا، ئەوکاتەی ئەڵمانیا لە کۆنگرەی بەرلین دەستی لێ بەردا هەستی بە تالی یەکی زۆر کرد، فرانسای دەبینی کە چۆن هێلی ئاسنینی بۆ دابینکرد لە سیبیریا وەکو دۆستێکی تاسەرو بە وەفای دەهاتە بەر چاو.

ئیتالیا _ کە بە دەستی خاڵی لە کۆنگرەی بەرلین دەرچو، فرانساش کلاوی نایە سەر لە مەسەلەی تونس، کاری بۆ نزیک بوونەوە لە ئەڵمانیا ونەمسا دەکرد، وەستانی ئەڵمانیا لە تەک کۆماری ئۆرنج و ترنفال دژی ئینگلتەرا، تا ئەو کاتەی ئینگلتەرا هەردو بەربەرەکانی خۆی دەبینێتەوە (روسیاو فرانسا) کە بوونەتە هێزێکی بەتوانا بۆ بەرپەرچ دانەوەی هاوپەیمانێتیە سێ قۆڵیەکە : نەمسا، ئەڵمانی، ئیتالیا، بووە هۆی ئەوەی فرانساو بریتانیا لەیەک نزیک ببنەوە کە پێی وترا خۆشگوزەرانی 1904 فرانساش هەوڵی لەگەڵ یەک

هاتنەوەی بریتانیاو روسیای دا لە 1907 ئەویش پێی وترا (تەبایی خۆش گوزەرانیی _ روسیی بەریتانی) لە بەشی داهاتو هاوپەیمانێتیەکان و دژە هاوپەیمانێتیەکانی ئەم تەبایی و خۆش گوزەرانیە ی ئاماژەمان پێیان داون باسیان دەکەین.

بەشی نۆیەم

هاوپەیمانێتی و دژە هاوپەیمانێتی و تەباییەکان 1873 _1907

_ هاوپەیمانێتی سێ قۆڵی (1879 _ 1882)

_ هاوپەیمانێتی دووقۆڵی (1893)

_ تەبایی (ویفاق) بەریتانیی ژاپۆنی (1902)

_ تەبایی (ویفاق) بەریتانیی فەرەنسی (1904)

_ تەبایی (ویفاق) بەریتانیی روسی (1907)



هاوپەیمانێتی سێ قۆڵی

دروست بوونی ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵ ... وەدەستی هێنابوون کاریگەریەکی ڕەگەز پەرستانەی نەتەوەپەرستیی ... کردبوو، تەنانەت لای هەندێک کەس ئەو سەرکەوتنانەیان بە کارێ ... سەرکەوتنانەی مەبەستە

ئەڵمانیەکان پەیامی شارستانی وپێشکەوتن بە دونیا بگەیەنن، دەسەڵاتی نەخشەکێشانی دونیا خراوەتە دەست بلیمەتە کانی ئەڵمانیا_ئەمە بە پێی بۆچونی خۆیان_ گوایە ئیمپڕاتۆریەتی بریتانیا ئاوا نامێنێ ولە شوێن ئەو ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمانیا دێت، ئەمە لە دانیشگاکانیش لەسەر زاری هەندێک لە مامۆستاکان دەوترایەوە لە وانە هاینریخ ڤۆن تریتچکە.

هاینریخ ڤۆن تریتچکە

بەم بانگەوازانە ئەوروپیەکان مەترسیان لەم گەنجە بلیمەتەپەیدا کرد، ئەوان بڕوایان وا بوو کە ئەڵمانیەکان هەر کوێیەکی ئەم دونیایەیان بووێ دەتوانن لەسەری داکوتن جا ئەو شوێنە نەمسا بێ یا سویسرا گرنگ نیە، ئەمەیان بۆ مەبەستی دامەزراندنی زانکۆیەکی ئەڵمانی بوو.

ئەوەی ئەم مەترسیانەیان مەزن دەکردن دیدو روانینەکانی بسمارک بوون، کە ببووە جێی مەترسی قسەو باسی فەرمانگە ئەوروپیەکان لەسەر ئەم پیاوە، دەستی بە گەڵێک سەرەداوی دبلۆماسیی ئالۆزی ئەوروپاوە گرتبوو، تەنانەت بریتانیا خۆشی هەوڵی راوێژکردنی دەدا تا بۆ مەسەلە کۆت کراوەکانی روسی کە لە کۆنگرەی پاریس لە 1856 بڕیاریان لەسەر درابوو، راو بۆچونەکانی وەرگرێ.[12]

ئەوسا ئیتر شەڕێکی هەمە لایەنیی رۆژنامەوانی ویاسایی و بۆچونی لەسەر مەسەلەی نەتەو نەتەوایەتی و داگیرکردنی خاکی نەتەوەیەک لەلایەن نەتەوەیەکی تر بەرپا ببوو. ئەوە بوو زاناکانی فەرەنسی _ وەکو بەرگری لە ماف کردن _ پەنجەی تاوانیان ئاماژەی بسمارک کرد کە بە خۆپەرستی وبڕوای هێزەوە دەستی بەسەر لۆرین داگرتوەو هەوڵی سرینەوەی سیماکانی دەدا، بۆ سیمای ئەڵمانیی دەگۆری. وڵاتەکانی ئەوروپی بە هەستیاریەوە سەیری ئەم بلیمەتە یان دەکرد کە ریز لە مافی چارەی خۆنوسینی گەلان ناگرێ و رەخنەیان ڕووبەڕوو دەکردەوە، بەڵام ئەم بە سینگێکی کراوە رەخنەکانی وەردەگرتن چونکە ماوەیەک بوو ئەم لەگەڵ ئەو بۆچونانە یەکلا ببووەوە، ئەوە نیە دەبووایە پڕۆسەی ریفراندۆم لە هەردوو بەشە کەی

---

12 ئەمە جۆرێکە لە سیاسەتی مەکربازیی بریتانیا کاتێک بیەوێ دۆستایەتی وڵاتێک وەدەست بێنێ بۆ مەسەلەیەکی لەم بابەتە پڕسە خەسوانێیەکی پێ دەکا، تا ببێتە سەرەتایەک بۆ بەرژەوەندی ئالوگۆر کردن سیاسەتەکانی لە سیاسەتە درندانەییەکانی ئەڵمانیا نیان تر نیە

دانیمارک لە هەرێمەکانی شلزوینج وشلزویگ بەپێی ئاشتەوایی پراگ لە 1866لە نێوان نەمساو ئەڵمانیا دەبووایە ئەنجام بدا، بەڵام بسمارک ئەمەی پشتگوێ خست وکەسیش نەیکردە هەرا وەکو مەسەلەی لۆرن. چونکە هاوسەنگ وبەرژەوەندیە نێودەولەتیەکان لە 1871 توشی هەژان و مەترسی نەبون وەکو ئەوەی لە ساڵی 1866 رویدا. لە روێکی تریشەوە وڵاتە مەزنەکانی ئەروپا _ فرانساش لە ناویان_ هیچ بەهایەکیان بۆ چەمکی مافی چارەی خۆنوسین دانەدەنا چونکە ئەوان خۆیان وڵاتانی عەرەب و ئەفریکیا و ئاسیایان داگیر کردبوو.

ئەم دیاردەشەڕاویانەی بروسیا دژی دانیمارک و نەمسا وفرانسا خولقاندبوونی ناخی فەیلەسوفەکانی ئەوروپیی وروژاندبوو، بەتایبەت کاتێک روداوەکانی ئەو سەردەمیان بەرچاو دەخستن،لە شۆڕشی فەرەنسیی مەزنەوە لە (1879) تا راگەیاندنی ئیمپراتوریەتی ئەڵمانی لە (1871)، دەیان بینی ئەورووپا لەو ماوەیەدا خوێنی ژمارەیەکی زۆری گەنج و پیر ومنداڵی رشتوەو کاولکاریی زۆری لە شەڕەکانی سترلز و یینا و تورفی ئەگەر و لیبزج و دەوروبەری ئەستەمبۆل و لە جانتا و سلفرینو و لە سادوا وسیدان ودەوروبەری پاریس هەروەها لە شەڕە خوێناویەکانی هەرێمەکانی فەرەنسی دژی داگیرکارانی بروسی پێ گەیی وە، فەیلەسوفەکان لەم روداو و خوێن رشتنە بێزار ببوون ئەوەندە خوێنە لە ئەڵمانیا و فرانسا برژێ لە پێناو سەروەری و خۆشەویستی نەتەوەو وڵات و لە پێناو لۆرین وئەلزاس. بۆیە بانگەوازی (یەکیەتیی ئەوروپایان) راگەیاند تا بنەماکانی مرۆڤایەتی و(یاسای نێودەوڵەتی) و(یاسای چەک داماڵین)(یاسای ناوبژیوانی)بکەوێتە نێوانیان و کێشەکانیان بۆ یەکلا بکاتەوەو ئەم بانگەوازە وەکو بەخۆداهاتنەوەیەک بۆ پادشا وفەرمان رەواکانی وڵاتانبوو، تا کاتێک رەفتار دەکەن وانەزانن هێز ودەسەڵاتیان لەدەستە دەتوانن وەکو کۆمەڵێک چەتەو رێگر هەڵسو کەوت بکەن، هەر یەکەو نیازی تالان کردنی ئەوی تری هەیە یەکتر دەکوژن بەر لەوەی بکوژرێن، ئەمانە وەکو بانگەوازی هێور کردنەوەو بەخۆدا هاتنەوە راگەیەندران.

رابەر ومامۆستای یاسای نێودەوڵەتی ی بەناوبانگ (جیمس لۆریمەر) رەنجێکی زۆریدا تا بیرۆکەی بنەما یاساییەکانی (یەکیەتیی ئەوروپا) دابڕێژێ، هەروەها ڤیکتۆر هوگۆی _لوتکەی بیری ئەدەب_ و گاریباڵدیی _ لوتکەی شکۆمەندی سەربازی_ لە 1867 سەرپەرشتیان لە دەرکردنی گۆڤارێک کرد بە ناوی (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەورپی) بەڵام تەمەنی کورت بوو، بەهۆی ئەوەی سەردەم سەردەمی ئەم جۆرە چەمکانە نەبوون، سەردەمی دەمارگیری نەتەوایەتی بوو، تەنانەت بسمارک خۆیشی _ بلیمەتی سیاسەتی ئەوروپی_ لە بەرامبەر ئەم بۆچونانە پەکی کەوتبوو، دەیوت (ئەو کەسە هەڵە دەکات ئەگەر بڵێت ئەوروپا تەنها دەربڕینێکی جوگرافیانەیە)[13] بسمارک ئەمەی دەزانی کە هێزی ئەڵمانیا کلیلی سەرکەوتنەکانیەتی و بەرپەرچ دەرەوەی مەزندەکانی فرانسایە بۆ تۆلە وەرگرتنەوە، هەروەها دابڕاندنی فرانساش کرۆکی

[13] ئەمە بەراورد پێ بکەوە لەگەڵ ئەوەی مەترنیخ بەر لە یەکیەتیەکەی ووتی، ئەوەی ئێستا ئەوروپا لە شەستەکان وحەفتاکان لەم سەدەیە روەو (یەکیەتیی ئەروپا) پیادەی دەکەن.

فاکتەرەکانە بۆ ڕێگەگرتن لە بەردەم هاوکاریکردنی فرانسا لە روی سەربازیەوە لەگەڵ هێزێکی ئەوروپیی تر دژی ئەڵمانیا. دواتر خەریک بوونی فرانسا بە چالاکیە داگیرکاریەکان لەو بەر دەریاوە، دور دەکەوێتەوە لە بایەخدان بە لۆرین و ئەلزاسی ئەمەش لەگەڵ وڵاتە مەزنەکان توشی کارەساتی دەکات کە بە هۆیەوە هاوپەیمانێتیی لەگەڵ نابەستن، بسمارک لەوە دڵنیا بوو کە ناتوانێت لەو کەلێنە بپەڕێتەوە کە کەوتۆتە نێوان فرانساو بریتانیا هەرچەندە بریتانیا لە ساڵی 1871دۆستایەتی خۆی بۆ ئەڵمانیا دەربڕیوە، بەڵام کێشە مەزنەکە لەوە دابوو، بسمارک چۆن دەتوانێ لە یەک سات دا خۆشەویستی و دۆستایەتیی روسیاو ئیمپڕاتۆریەتی نەمسا و هەنگاریا وەدەست بێنێ ؟ چۆن ئەڵمانیا دەتوانێ بەردەوام خۆی بەهێزکات بێ ئەوەی مەترسیی وڵاتە کانی تر بووروژێنێ و لە هەمان کاتیشدا لە ڕێگەی خۆ بە هێزکردنەوە فرانسا لاواز کات؟

ئامانجەکانی بسمارک جاروبار لێرەو لەوێ توشی دژایەتی ورکابەریەک دەبوون کارێکی قورس بوو دڵی هەموو لایەک رازی کات بارو دۆخی دونیا گۆڕابوو هەڵوێستە نێودەوڵەتیەکان لە پەرەسەندن و ئالو گۆر دابوون بە تایبەت لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم.

بسمارک دوای پەیماننامەی فرانکفۆرت لە 1871 لەوە دڵنیا بوو کە فرانسا ناتوانێ _تا چەند ساڵێکی تر_ لەسەر پێ بووەستێ. بەڵام بۆچونەکانی هەڵەبوون چونکە گەلی فەرەنسی بە هانای وڵاتەکەیانەوە چون، ئەو کاتەی کۆمەکی حکومەتیان کرد بە کۆکردنەوەی سزاسەپێندراوەکان، پارەکەیان کۆ کردەوەو بەر لە وادەی خۆی دایان بە ئەڵمانیا تا کۆتایی بە داگیرکاریەکەی[14] لە میانەی حکومەتەکەی تییر

تییر

_ کە بە لاوازی تۆمەتبار دەکرا _ ئەم پیرە پیاوە توانیی مۆڵەتێک بە فەرەنسیەکان بدات بۆ ئەوەی بەئارامی و بە شێنەیی بیر لە کێشەکان بکەنەوەو گەلی فەرەنسیش بکەوێتە ئەو بڕوایە کە ئیتر با ئامانجی

[14] { بۆ مسۆگەریی پارەدانەکە کە ماوەی 5 ساڵیان بۆ دانابوو ئەڵمانیالەشکرێکی لەسەر خاکەکەی دانابوو بە خەرجیی فرانساوە تا ئەو کاتەی پارەی دیاری کراو وەکو سزا بە ئەڵمانیای دەداتەوە، بەڵام فەرەنسیەکان بەر لە تەواوبوونی وادەکە بە 2 سا پێش پارەکەیان رەتکردەوەو کۆتاییان بە داگیر کاریەکەی ئەڵمانیا هێنا...وەرگێر}.

سەرەکیی فەرەنسیەکان (ئاشتی و ئاوەدانکردنەوە) بێت بۆ کێشەی لۆرین وئەلزاسیش داوا کردنی دادپەروەری بێت وێڕای توردانی بیرۆکەی (جەنگ وتۆلە).

ئەم سیاسەتە رەنگدانەوەی خەراپی لەسەر بانگەوازەکەی بسمارک کرد کە بانگەشەی (جەنگی خۆپاراستن) ی دژی فرانسا کردبوو،لە نێوەندی فەرماناگە ئەوروپیەکان بە خەراپ لەسەر ئەڵمانیا شکایەوە.بریتانیا وروسیا لە وتەکانی بسمارک وەرس بوون کاتێک داوای جەنگی خۆپاراستنی کرد بوو،ناچار بوو بانگەوازەکەی بکێشێتەوە، ئەمەش بۆ فرانسا دەرفەتێکی باش بوو تا بینای هێزی ئابووری وسەربازیی خۆی باکتەوە لە سەر بنەمایەکی بە هێز و هێمنانە.

دوای ئەمە ترسەکانی بسمارک لە فرانسا زیادیان کرد، دوای روخانی تییر لە مایۆی 1873 دیارە کە سیاسەتی ئاوەدانکردن و ئاشتی ئەویش بۆ ئەڵمانیا دەرفەتێکی باش بوو تا نەخشەو پیلانە ئابووری ودوبارە دامەزراندنەوەی دەزگا دەوڵەتیەکانی بکاتەوە کە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی پێویستیان پێیەتی. دواتر ماکماهۆن ی پادشا خوازی کاسۆلیکی دوژمنی سەرسەختی ئەڵمانیا_ ئەمە بە دیدی بسمارک_ هاتە سەر حوکم کە دەبووایە سیاسەتێکی نوێی لەگەڵ ئەم گۆڕانانە پەیرەو بکرێن.

ماکماهۆن

ماکماهۆن هەوڵی دا زیاتر لە روسیاو نەمسا نزیک بێتەوە بسمارک قەیسەرو ئیمپراتوریەتی گەیاندنە ئەو بڕوایە کە بارو دۆخەکان وا پێویست دەکات هاوکاریی توندترلە نێوان ئیمپراتۆرەکانی رۆژهەلات وئەروپاو ناوەڕاست هەبێ. دواتر هەندێک ئامانجی هاوبەش هەبوون کە هەرسێ هێزەکەی بەیەکەوە دەبەستنەوە ئەوانیش :

1_ کەسیان حەزیان لێ نەبوو گۆڕانکاری بکەوێتە ئەوروپا (ئەم دۆخەی کەهەیە بەردەوام بێ).

2_بزوتنەوە جەماوەریەکانی دژی حکومەتە ستەمکارەکان لە (روسیا)و (نەمساو هەنگاەیا) و(ئەڵمانیا) تازە بووژابوونەوە، بەو ئەگەرەوە بۆچونەکانی هەردوو حکومەتی سانس بترس بۆرگ و بەرلین _بەشێوەیەکی تایبەتی_ دژی بزوتنەوە سۆشیالیستیەکان لەیەک نزیک ببوونەوە.

3_ کێشەکانی بەلکان بەرەو ئالۆزی دەچون هەر یەک لە روسیاو نەمسا تاکرەوانە دەسیان لە کارەکان وەربدابایە مانای ئەوەی دەبەخشی کە هەردوو وولاتەکە بەرەو شەڕ هەنگاو دەنێن،وواتە شەڕ لە نێوان هەردوو دۆستی ئەڵمانیا رودەدات ئەمەش لە بەرژەوەندیی بسمارک دابوو کە ئەم کێشەیە لە رێگەی وتوویژ وبە دانیشتن چارەسەر بکرێت نەک لە مەیدانی شەڕ. بەتایبەت کاتێک شەڕ دەکەوێتە نێوان روسیاو نەمسا ئەڵمانیا ناتوانێ دۆستیان بێ. واتە ئەڵمانیا بچێتە پاڵ هەرلا یەک یان مانای ئەویتر بەرەو دۆستایەتی و هاوپەیمانێتیی فرانسادا دەچێ.

ئەمانە _ دوای دانو ستانێکی دورو درێژ و دوای واز هێنانی بسمارک لە سیاسەتی (جەنگی خۆپاراستن) دژی فرانسا _ هەمووی بوونە ئەگەری دامەزراندنی (دەستەی سێ ئیمپراتورەکە) لە 1873[15]. ئەوەی روالەت بێ تەنها ئەم هەڵوێستەی روسیا بەرامبەر بە (جەنگی خۆپاراستن) ئەوە دەگەیەنێ کە دڵی روسیا لە گەل فرانسا یە.

(دەستەی سێ ئیمپراتورەکە) پێویستیان بە قەیرانێک هەبوو بۆئەوەی تواناکانیان تاقی بکرێنەوە، ئەوەتا چەندین کێشە لە چاوەڕوانیی وڵاتە مەزنەکان دان، بەتایبەت لە بەلکان. پێشتر ئاماژەمان بەو کێشە ئالۆزانە دابوون کە بوونە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕی تورکیی روسی لە 1877 و ئەنجامەکانی کۆنگرەی بەرلین لە 1878 لە هەموویان گرنگتر مەزندەی قەیسەربوون کە بە بۆچونی ئەو ئەم کۆنگرانە هیچ بایەخێکیان نیە تەنها چەند هاوپەیمانێتیەکن بە فەرماندایەتی بسمارک دژی روسیا، ئەوان نەمسایان لە ئێمە پێ باشتر بوو بۆیە لە کۆنگرەی بەرلین بە دەسکەوت لێی دەرچوو. ئەو ئەنجامانە روسیا چاوەڕوانی نەدەکردن.

بەم شێوەیە گۆڕانەکان سەلماندیان کە ناکرێ دۆستایەتی دوو وڵاتی رکابەری یەک بکات دواتر روسیا لە کۆنگرەی بەرلین بە دەستی خاڵی دەرچوو _ لەگەڵ بوونی دەستەی سێ ئیمپراتورەکە _ گومان لەوە دانیە کە لە فرانسا نزیک دەبێتەوە، هاوپەیمانی سەقامگیر _ بە بۆچونی بسمارک _ کە دەکرێ پشتی پێ ببەستی ئیمراتۆری نەمساو مەجەرە، روسیاش زۆر بگۆر نیە، دواتر هاوپەیمانێتیی لەگەڵ نەمسا لەو داواکاریانەی دور دەکاتەوە کە هەردەم نەمسا جەختیان لەسەر دەکاتەوە کە بریتیە لە گەڕانەوەی بۆ رەچەلەکی لێدابراوی، هاوپەیمانێتی لەگەڵ نەمسا واتە پاراستنی ئەڵمانیا لە روی پشتەوەی ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئەڵمانیا لە هەر هێرشێکی فەرەنسی بێباک و پشتەستور بێ.

---

15 بە چەند قۆناغ لە نێوان ئەڵمانیا وروسیا لە 6 ی حوزەیرانی 1873 و لە نێوان فرانسا وروسیا کۆبونەوە کران لە 22 ی ئۆکتۆبەر ونۆڤەمبەری 1873

به پشت بەستن بەم بنەمایانە بسمارک لە نەمسا نزیک بووەوە، هانی ئیمپراتۆر و حوکمەتەکەی دەدا تا هاوپەیمانێتیی لەگەڵ ببەستن بۆ ئەوەی توانای پاراستن وبەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی هەبێ.

گەیشتن بە رێکەوتننامە لە نێوان نەمساو ئەڵمانیا کارێکی ئاسان نەبوو (ئەندراسی) وەزیری دەرەوەی نەمسا مەرجی قورسی دانابوون لەگەڵ ئەوەی بسمارک لە نێو دبلۆماسە ئەوروپیەکان بەوە ناسرابوو کە مەرجەکانی لایەنی بەرامبەر پشت گوێ دەخا وکارەکان بە هەوەستی خۆی بەڕێوە دەبات. بسمارک ناچار دەبێ مەرجەکانی (ئەندراسی) قەبوول کات کە بریتی بوون لە : دور بوونی نەمسا لە هەر هێرشێکی یەک لایەنەی ئەڵمانی بۆ سەر فرانسا، بە هەر حاڵ گەیشتنە هاوپەیمانێتیەکی دووقۆڵی لە 17 ی ئۆکتۆبەر ی 1879، دەقەکەشی بەم شێوەیە:



ئەندراسی

1_ لە حاڵەتی هێرشی روسی بۆ هەریەک لەم دوو لایەنە لایەنی دووەم هاوکاریی هاوپەیمانەکەی دەکات.

2_ ئەگەر یەکێک لە لایەنە هاوپەیمانەکە هێرشی کردە سەر لایەنی سێیەم، لەیەنی هاو پەیمان بێ لایەن دەوەستێ.

3_ لە کاتی هاوکاری کردنی ئەرێنی یا سەربازی لەلایەن هەریەک لە روسیا یا فرانسا، هەردو وڵاتی هاوپەیمان بەیەکەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

ئەوەندەی نەبرد ئیتالیاش هاتە ناو ئەو هاوپەیمانێتیە لە 20 ی ئایاری 1882 بەم شێوەیە بوونە سێ قۆڵ. هاندەری سەرەکیی ئیتالیا بۆ ئەم هاوپەیمانێتیە ئەوەبوو _ کاتی خۆی لە تونسی وەدەر نابوو _ کە دڵنیا بوو لەوەی فرانسا رێگەی نادا پێگەیەکی لە باکوری ئەفریکا هەبێ تەنها ئەگەر لە سەنتەری هێزەوە قسەنەکات. بۆ ئەم هاوپەیمانێتیە ئەڵمانیا خۆشحاڵی خۆی بە هاتنی ئیتالیا دەربڕی، چونکە بە هاتنی ئیتالیا فرانسا لە لایەکی تریشەوە گەمارۆ دەدرێ، ناتوانێ لە یەکلا هێزەکانی کۆبکاتەوە.

بەم شێوەیە بسمارک لەگەڵ لایەنە لەیەک دورەکان پەیماننامەی بەست. لەگەڵ نەمسای ناحەزی روسیا وئەندامی(دەستەی سێ ئیمپراتۆرەکە) لەگەڵ نەمسای خاوەن کێشە لەگەڵ ئیتالیا لەسەر سنورەکان، ئەمانە وایان کرد کە وورده وورده ئەڵمانیا بخزێتە ناو مقۆمقۆ و ململانێکەی ئەوروپی لە بەلکان.

لەگەڵ ئەوەش بسمارک هەستی بە دوربوونەوە لە روسیا دەکرد، بۆ نزیک بوونەوە هەوڵی زۆری دا هەر نەبێ ئەگەر بە روکەشیش بێ، تا ئەو کاتەی قەیرانەکان هاتن و هەردو لای لەیەک دور کردنەوە، ئەویش قەیرانی بەلکان بوو لە 1885.

هاوپەیمانێتی روسیی فەرەنسی

لە 1885 شۆڕشێک دژی دەوڵەتی عوسمانی لە رۆمەللی ی رۆژهەلات بەرپابوو، رایگەیاند کە خۆی خستنە پاڵ بولگاریا _ئەمە سەرەڕای بڕگەکانی کۆنگرەی بەرلینی 1887 _ ئەمە بە پشتگیریەکی توندی بریتانیا کە بە دیدی بریتانیا بوولگاریا بۆتە دڕک لە تێلەکی روسیادا، لە بەرژەوەندی بریتانیا دایە بوولگاریا خۆی کۆکاتەوە بەڵام سربەکان لەولاوە جەنگیان دژی بولگاریا راگەیاند کە لە شەڕێکدا لە سلیفنتزا بوولگاریەکان بەسەریاندا زاڵ بوون، لەگەڵ ئەوەش شەڕەکان کۆتاییان پێهات وبارودۆخەکان بە بڕیاری پەیماننامەی بۆخارست لە 3 ی ئادار ی 1886 بۆ سەردەمی بەر لە شەڕەکان گەڕانەوە.
لە میانەو ئەنجامی ئەم شەڕانەدا باشتر هەڵوێستەکان رون بوونەوە کە ئیتر لەیەک دور کەوتنەوە لە نێوان روسیا وئەڵمانیا گەڕانەوەیان بۆ نیە، بسمارک وەکو هاوپەیمانێک لە تەک نەمسا و دژی روسیا وەستا.
لەگەڵ ئەمەشی لە رێگەی رۆژنامەو راگەیاندنەکانی هەوڵی پاراستنی دۆستایەتیی لەگەڵ روسیا دەدا، بۆ ئەوەی لە رێگەی رۆژنامەکانەوە هانی روسیا نەدرێت هاوپەیمانیەک لەگەل فەرەنسا ئەنجام بدات. لە 1887 توانیی لەم هەوڵانەی سەرکەوێ کاتێک پەیماننامەی (دوبارە متمانە پەیداکردن) یان لەگەڵ یەک ئیمزاکرد، ئەم پەیماننامەیە ئەوەی ڕاستی بی دژی پەیماننامەی دوقۆلی بوو _ئەمە لەسەر حسابی نەمسا بوو _ ، دەقی پەیماننامەکە دەلێ، ئەگەر یەکێک لەم دوو وڵاتە هێرشیان کردە سەر وڵاتێکی تر وڵاتی دووەم بێ لایەن دەوەستێ، واتە ئەگەر روسیا هێرشی کردە سەر نەمسا ئەڵمانیا بێ لایەن دەبێ.
بەم شێوەیە ناکۆکیەکانی نێوان روسیا و ئەڵمانیا قولتر دەبوون ئەو کاتەش ڕونتر بوو کە پەشێوی و نائارامی گەڕایەوە بولگاریا و روسیاش لە 1887 سوربوو لەسەر ئەوەی پادشای بولگاریا فەردیناند ئۆڤ ساکس کۆبرج لە سەرتەختی پادشایەتی وەلانێ، بۆ ئەم هەڵوێستەی نەمسا بە توندی دژی وەستا.
کاتێک قەیسەری روسی ئاماژەی بەکار هێنانی هێز کرد دژی نەمسا، بسمارک لایەنگریی لە نەمسا کرد بە ئاماژە دان بە هاوپەیمانێتیی دووقۆڵی کە لە شوباتی 1887دەقی پەیماننامەکەی بڵاو کردەوە. لەم دۆزە ئیتالیاو بریتانیا ش دژی روسیا بوون،ئەوسا روسیا ئاستی لاوازیی خۆی زانی ئەگەر بیەوێ ووشەی خۆی بەسەر کۆمەڵگای ئەوروپیدا بسەپێنێ. هەوڵەکانی دۆستایەتیی لەگەڵ ئەڵمانیا بە جدی نەبوون بۆیە پەیماننامەکەی(دوبارە متمانە بوون) سەری نەگرت و پوچەڵکرایەوە.

ئیتر دۆخەکان هانی روسیایان دەدا تا هاوپەیمانێتیەک لەگەڵ فرانسا ئیمزا بکات، فرانساش لە ژوانی ئەو رۆژەدا بوو، هاندەرەکانی پەیماننامەکەی روسیی فەرەنسی تەنها سەربازی نەبوون بەڵکو ئابووری و سیاسیش بوون.

دەتوانین فاکتەرە سەرەکیەکانی ئەم هاوپەیمانە ی روسیی فەرەنسی بەم شێوەیە دیاری بکەین:

1_ لە روی باری ئابووری، لەو کاتەی روسیا روی لە فراوانخوازیی ئیمپریالزمی کردبوو، بەدەست دواکەوتنی پیشەسازی یەوە دەیناڵاند،بۆئەوەی ئەم دوو ئامانجە بهێنێتە دی دەبووایە دوو ئامراز دابین بکات : سەرمایەو پسپۆری، ئەڵمانیا وبریتانیا حەزیان لە بەهێز بوونی روسیا نەدەکرد، کەوایە فرانسا تاقە وڵات بوو کە بتوانێ سەرمایەو پسپۆری پێشکەش بە روسیا بکات، ئەم کەش و هەوایانە لە دبلۆماسیەکان شاراوە نەبوون.

بۆیە قەرزەکانی روسی لەفرانسا مەدایەکی باشیان بەخۆوە بینی، فرانسا بۆ کێشانی هێلی ئاسنینی روسی بەرەو رۆژهەلات و بۆ پسپۆریی رێگەوبانەکانی و دامەزراندنی کارگە پیشەسازیەکان، هاوکاریەکی باشی روسیای کرد.

2_ لە لایەن هەموو وڵاتە مەزنەکانی ئەوروپا روسیا وڵاتێکی حەزلێنەکراو بوو، گاڵتە پێکردنی لە رۆژنامەو کۆشکە پادشاییەکان کارێکی ئاسایی بوو، بە تایبەت دوای ئەوەی دۆستایەتیی ئەڵمانیای لەدەست دا، فرانسا بەم هەست بریندارکردنانەی دەزانی، روناکبیرەکانیشیان هەستیان بەو پێویستیە دەکرد کە روسیا دەبێ هاوبەستیەکی لەگەڵ وڵاتێکی ئەورووپیی بەهێز هەبێ بۆئەوەی لە سەنتەری هێزەوە لەگەڵ ئەڵمانیا ونەمساو بریتانیا بدوێ. ئەم بۆچونەی روسەکان فەرنسا هەستی پێ دەکرد بۆیە توانیی بۆ بەرژەوەندی خۆی بیان بقۆزێتەوە، بەتایبەت دوای هاتنە کای کێشە ی بولگاریا.

لە کاتێکا بیری کۆماریی پێشکەوتن خوازی فەرەنسی یەکێک بوو لە هۆکارەکانی لەیەک دورکەوتنەوەی روسیاو فرانسا، فرانسا توانیی بە دەستگیر کردنی هەندێک لە چەپرەوەکان و رادەست کردنیان بە رژێمی روسیا،بۆ روسیا بسەلمێنێ کە لە هەوڵی ئەوە دانیە رژێمی قەیسەری تێک بدات، ئەم رەفتارەی فرانسا لە نا و دەزگا حکومیەکانی روسیا دەنگیان دایەوە. روسیا ئەم چاکەی فرانسای دایەوە کاتێک ئەڵمانیا بە هێزەکانی دەیەویست دەماری فرانسا بگرێت. کاتێک شەپۆلی تۆلە سەندنەوە لە ئەڵمانیا چر تر بوون لە سەردەمی جەنەرال بۆلانجیە[16] لەشکری ئەڵمانیاش جولەیان کرد، ئەوسا هەریەک لە ئەڵمانیا و فرانسا هەوڵیان لەگەڵ روسیا دا بەڵام روسیا بە ئاشکرا پشتگیریی لە فەرنسا کرد. ئەم گۆڕانانە بوونە هۆی لە یەک تێگەیشتنێکی سیاسیانە لە نێوان فرانساو روسیا لە ئابی 1891 کە تێیدا هات سیاسەتی هەردوک وڵات بەرامبەر بە ڕوبەڕوو بوونەوەی هەر هەڕەشەیەک لەگەڵ یەک بگونجێنرێت.

---

16 ئەفسەرێکی گێل بوو، گەیشتە پلەی وەزیری جەنگ، بەردەوام نەبوو کاتێک زانرا دەمارەکانی لەدەست دان ولە فرانسا رایکردە دەرەوە

3_ نزیک بوونەوەی دەرونی و سیاسی بۆ فرانسا کارێکی ئەوتۆ ناگەیەنێ ئەگەر ڕوبەڕووبوونەوە یەکی سەربازی لەگەڵ ئەڵمانیا روبدات، لەگەڵ ئەوەی قەیسەری روسیا بۆ هاوپەیمانێتیەکی سەربازی لە ترسی ئەڵمانیا، پەلەی نەبوو، بەتاییەت هاوپەیمانێتیە سێقۆڵیەکەی ئیتالیاو نەمساو ئەڵمانیا زۆر لە روسیاو فرانسا ئامەدە تر بوو بۆ هەر روداوێک، بەڵام نوێ کردنەوەی هاوپەیمانیی سێقۆڵی لە 1891 پەلەی لە روسیا کرد تا هەردو وڵاتی فرانساو روسیا بە هۆی هاوپەیمانیەکی سیاسی وسەربازی لەیەک ببەستێتەوە، ئەمە لە دێسەمبەری 1893 ئەنجام درا، ناوەڕۆکی هاوپەیمانەکە دەڵێ : روسیا لەتەک فرانسا بووەستێ ئەگەر ئەڵمانیا هێرش بکاتە سەر فرانسا یا ئیتالیا هاوکاری ئەڵمانیا بکات لە هێرشەکانی سەر فرانسا، هەروەها فرانسا پەیمان دەدات کە لە تەک روسیا بووەستێ ئەگەر ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر یا نەمسا هاوکاریی کرد لە هیرشەکانی بۆ سەر روسیا.

دەرکەوتنی ئەو هاوپەیمانیە دوقۆڵیەی فەرەنسیی روسی وەکو هێزێکی بەرپەرچدەرەوە دژی هاوپەیمانێتیی سێ قۆڵی لاپەرەیەکی نوێ بوو لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکانی ئەوروپی. دوو کوتلەی دژ بەیەک دروست بوون دەبووایە وڵاتە ئەوروپیەکان لەسەر ئەم بنەمایە پەیوەندیەکان ببەستن،یالایەنگری ئەم بن یا ئەو.

بەڵام لەڕووی سەربازیەوە کوتلەی (هاوپەیمانێتیی سێقۆڵی) لە (هاوپەیمانێتیی دوقۆڵی) بەهێز تر بوو، لەبەر ئەم هۆیانە :

1_ پەرەسەندنی ئابووری لە ناوەوەی ئەڵمانیا و دەرەوەی، باڵا دەستیەکی بە ئەڵمانیا بەخشی بوویە هەر نەبێ لەگەڵ ئاستی ئەو سەرکەوتنانەی فەرەنسی دەهاتنەوە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەدەستی هێنابوو. ئەمە لە کاتێکا روسیا بەدەست دواکەوتویی و داتەپینی ئابووری وبرسێتی ونەخۆشیەکانەوە دەیناڵاند،جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ ئەوروپا لە کۆتاییەکانی چەرخی ناوەڕاست.

2_ ئیمپڕاتۆریەتی نەمساو مەجەر کێشەی نەتەوەکانی هەبوو، دەکرا روسیا دەست بەم خالە لاوازەوە بگرێ، بەڵام کێشەو گیرو گرفتە ناوەخۆییەکانی روسیاش هەڕەشەیان لە بنیاتنانەوەی قەیسەر دەکردن.

3_ لە روی سەربازییەوە وڵاتانی هاوپەیمانێتیی دووقۆڵی دەبووایە لە لەیەک بەرە زیاتر شەڕ بکەن هەروەها هاوپەیمانێتیە سێ قۆڵیەکەش هەمان شێوە، هەر نەبێ پەیوەندیی بەردەوام لە نێوان وڵاتانی هاوپەیمانێتیی سێقۆڵی هەیە بەڵام ئەمە لای روسیا وفرانسا نیە.

4_ بوونی ئەم دوو هاوپەیمانێتیە بەس بوون بۆ نانەوەی پەشێوی لە ئەوروپا. ئەوەی پەشێویەکانیان توند تر کردبوون،هەوڵی لایەنەکان بوون بۆ وەدەست هێنانی لایەنگرانیان لە وڵاتانی ئەوروپی، بۆ ئەم مەبەستە فرانسا چاوی بریبووە رکابەرە کەی (ئینگلتەرا). هەر واش بوو هەڵوێستوەرگرتنی ئینگلتەرا کۆتایی بە هەردو هاوپەیمانێتیەکە دەهێنا،ئەمە سەرەڕای بوونی هەردو وڵاتە زەبەلاحەکە(ئەمەریکا، ژاپۆن) لە هەردو سەری کشوەرە کۆنەکە، بەڵام ئەوان نیازیان نەبوو بەشداری درێژە پێدانی شەڕەکان بکەن تەنها لە کاتی گونجاو وسەرکەوتنی مسۆگەردا نەبێ.

ئەم هاوپەیمانێتیە دووقۆڵیە ی روسیی فەرەنسی لە کاتێکدا بوو کە عەسکەرتارێتی و ئیمپریالیزمێتیی ئەڵمانیا لەسەر شێوەی سیاسەتی ئیمپریالیزمی فەرنسیی روسی بوو کە بووە مایەی دروست بوونی مەترسی لای ئینگلتەرا، لە دروست بوونی زەبەلاحێک لەو دیو دەریاوە. دواتر ئەم هاوپەیمانێتیە دو قۆڵیەی فەرەنسیی روسی لەو کاتەدا بوو کە روسیا روەو رۆژهەلات لە مەنشوریاو کۆریابۆ فراوان بوون هەنگاوی دەنا، کە ئەمانیش لە ئامانجەکانی ئیمپریالیزمی ژاپۆنی بوون.

هەروەها ئەوسا بوو کە ئەمەریکا دەستی ئیمپریالیزمێتیی بۆ فلیپین درێژ کردبوو بە تایبەت لە 1893کاتێک هێرشی کردە سەر ئیسپانیاو داگیری کراد. واتە لە دوای ساڵەکانی نەوەت پارسەنگی هێزی نێودەوڵەتی بەهۆی بوونی سێ وڵاتە مەزنەکە (ئینگلتەرا، ئەمەریکا، ژاپۆن) لە دەرەوەی سیستەمی هاوپەیمانێتی سەقامگیر نەبوو. مەوداکانی ڕوبەڕووبوونەوەو ڕێککەوتن جاروبار وڵاتەکانی بەرەو ئەم هاوپەیمانێتی و ئەو هاوپەیمانێتی دەبرد، بۆ بێ بەختی چارەنوسی ئەڵمانیا هەرسێ وڵاتە مەزنەکە (ئینگلتەرا، ئەمەریکا، ژاپۆن) بەرەو هاوکاری کردن لەگەڵ هاوپەیمانێتیی دوو وڵاتەکە (راسیا، فرانسا)هەنگاویان دەنا، کە بە (سیستەمی گونجانی دۆستانە) ناونرا.

گونجانی (ویفاق) بەریتانیی ژاپۆنی 1902

بریتانیا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم شانازیی بە گۆشەگیری یەوە دەکر، هەندێک لە مێژوو نوسان بە(شکۆ) ناویان دەبرد. خۆی لە شەڕەکانی ناو کشوەر دور خستبووەوە نە لە شەڕی یەکیەتیی ئیتالیا و نە لە شەڕی یەکیەتیی ئەڵمانیا بەشداریی نەکرد. تەنها ئەو وڵاتە مەزنانە بەشداریان تێدا دەکرد کە ترسیان خستبوە دڵی هەموو کەسێک هەر کاتەی بەرژەوەندیەکانیان بکەوتبایە مەترسی دەست لە کاروبارە کان وەردەدەن، لە ماوەی نێوان شەڕی قەرەم وسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم هەستی بەوە نەکرد کە هیچ لە وڵاتە ئەوروپیەکان لە توانایاندا بێ لە هەرشوێنێک لە شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی گورزێکی لێ بووەشێنێ، هەر لە ئوسترالیا تا بۆرما ومەلایۆ وهیند و عەدەن و ودۆڵی نیل و کاب و هەموو موستەعمەرەکانی لە ئەفریکا وئەمەریکای ناوەڕاست. ئەو کات کەشتیگەلیی دوو ئەوەندەی کەشتیگەلی وڵاتە دەریاییەکانی تر بوو. لەم روانگەیەوە هەستی بە دڵنیایی وئازادی دەریاوانی وهەست بە توانابوون لە سەپاندنی چارەسەریەکانی بۆ کێشە نێودەوڵەتیەکان دەکرد، وەکو ئەوەی لە 1878 لە کۆنگرەی بەرلین ئەنجام درا.

بەڵام دۆڕاندنی فرانسا بەرامبەر بە ئەڵمانیا لە (1871) و وەدەرکەوتنی هاوپەیمانیی دووقۆڵی وهاوپەیمانی سێ قۆڵی و گۆشەگیریەکەی بریتانیا ئەمانە هەمووی بوونە مەترسی لەسەر ئیمپراتوریەتی بەریتانی. ئەم گۆڕانانە هەموویان بەرەیەکی دژی بەرژەوەندیەکانیان پێک دەهێنا، لەم گۆڕانانە هێچ پێکهاتەیەکی بەتین لە بەرژەوەندیەکانی نەدەهاتنە کا، دروست بوونی هاوپەیمانی دووەم و سێیەم مانای ئەوەیە هەر کاتێک

بریتانیا لەگەڵ رکابەرەکەی (فرانسا) بکەوێتە جەنگ ئەوا روسیا لە دژی دەوەستێ، دەکرێ بڵێین ئەم ئەگەرە نزیک بوو لە هاوپەیمانی سێ قۆڵیەکە رو بدات کە پەیوەندیەکی باشیشی لەگەڵ بریتانیا هەیە. فاکتەرە بنەڕەتیەکەی ئەم پەیوەندیە دۆستایەتیە هاوکێش بوو لەگەڵ فاکتەری ناکۆکی کە لە نێوان فرانساو بریتانیا دا هەبوون، هەروەها لە نێوان روسیا وبریتانیا چ لە بەرەی ئەوروپی یا لە بەرەکانی تری ئیمپڕیالیزمی لە ئەفریکا و ئاسیا، ئەو کاتەی داگیرکاریەکانی روسی لە رۆژهەلاتی دور لە دژی بەرژەوەندیەکانی بەریتانی فراوان بوون ئەوسا بریتانیا بەدوای هاوپەیمانێکدا دەگەرا، بەڵام ئەم کارە کارێکی ئاسان نەبوو، فاکتەری بڕیاردەر لەم دۆزینەوەیە دۆزینەوەی کوتلەی گونجاو بوو لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیدا، لە سەر بنەمای بەرژەوەندیە هاوبەشەکان دەبووایە ئەم بڕیارە بدرێت.

بۆئەوەی تا ئەوکاتەی بریتانیا لە گۆشەگیری دەرچێ و بۆی روندەبێتەوە کێ هاوپەیمانە و دەتوانێ کێ هەلبژێرێ،بریتانیا بە گەڵێک قۆناغدا تێپەری ئەوسا بەڕونی رێگاکەی لێ بەدیار کەوت، ئەم قۆناغانەش بریتی بوون لە :

ا/ هەوڵەکانی بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەڵمانیا و هەرەس هێنانیان.

ب/ بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ وڵاتێکی مەزنی نا ئەوروپی (ویفاقی ژاپۆنیی بەریتانی).

ج/ دۆستایەتی لەگەڵ هەردوو وڵاتی هاوپەیمانی دوقۆڵی (روسیا، فرانسا).

دەبا چاوێکیش بەو گۆڕانانە دا بخشێنین.

هەندێک هۆکاری نزیک بوونەوەی بریتانیا وئەڵمانیا هەبوون گرنگترینیان:

1_ وێرای گومان لەیەک کردن پەیوەندیەکانی گەلی بەریتانی وئەڵمانی رون و بەهێز بوون، گەڵێک جار بانگەوازی یەک خستنەوی رەگەزی (تیۆتۆنی) دەکرا،کە رەچەلەکی هەردو گەلی ئەڵمانی وبەریتانی بوو، دیسان پەیوەندیە دۆستایەتیەکانی نێوان هەردوو خانەووادەی پادشاکانیان تەواوکەری هاوپەیمانی دەبوون، ئەمەو ولهالم ی دووەم دەبوە نەوەی فیکتۆریای شاژنی بریتانیا (1836_ 1901) ئەم نەوەیە کۆشک وتەلارو دێکانی بەریتانیی لا خۆشەویست بوون، هەروەها پەیوەندیەکی رۆشنبیریی باش لە نێوان زانکۆکانی بەریتانی وئەڵمانی دا هەبوون بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەڵمانیا لە بریتانیا رەواجیان هەبوو.

2_ ئەوەی لەسەر بەریتانیەکان دەزانرێت وەکو (پادشا وحکومەت وگەلی بەریتانی) ئەم دیاردە فانتاستی و کۆمەڵایەتیانە بەهەند وەردەگیران و سەرنجی خەلکیان وەردەگرتن، بەڵام ئەوەی هانی هاوپەیمانێتیان دەدات دەسکەوتە سەربازی وسیاسی و ئابووریەکانە، بە دیدی هەندێک لە سیاسەتمەدارانی بەریتانی ئەم هاوپەیمانێتیە لەگەڵ ئەڵمانیا ئەنجامی باشیان دەبێ. بازرگانێتیی بەریتانی لە ئەڵمانیا بازاڕیان خۆش بوون، هەروەها کەشتیگەلی بریتانیای بە هێز ترین کەشتی گەلی دونیا بوو بەبێ ململانێ بەڵام سوپاکەی وانەبوو، سوپای ئەڵمانیا بەهێز ترین سوپای دونیا بوو، لەم روانگەیەوە وبۆ تەواوکردنی هەردوو هێزەکە تا بتوانن

لە دونیا ووشەی بیستراویان هەبێ وبتوانن ئاشتی بەسەر دونیادا بسەپێنن ئەم نزیک بوونەوەیان بە بەرژەوەدنی دەبینی.

3_ فرانسا بریتانیای بێزرا کردبوو لە داگیرکردنی میسردا، بۆ بەرپەرچدانەوەی بریتانیا پێویستیی بە پشتگیریی هاوپەیمانێتیی سێ قۆڵی هەبوو بۆ چەسپاندنی داگیرکاریی.

کەش و هەواکان مەزندەی ئەوەیان دکرد کە هەرکاتێک بریتانیا لەم گۆشەگیریە دەرچێ ئەوە حەتمەن بەرەو هاوپەیمانی لەگەڵ ئەڵمانیا هەنگاو دەنێ چونکە مەوداکانی بە گژیەک داچوون لەگەڵ ئەڵمانیا کەم بوون _ئەمە لە سەرەتا_[17]

لە کاتێکا قەیرانەکانی نێوان بریتانیا و هاوپەیمانی دوقۆڵی (روسیاو فرانسا) زۆربوون، بەڵام هاوپەیمانێتیی سێ قۆڵی (ئەڵمانیا، نمسا، ئیتالیا) بەردەوام بانگەوازی ئەوەیان دەکرد کە ئاژاوەو ناکۆکی لە ئوروپا نەنێنرێتەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندیی بریتانیادا بوو، فرانسا بە هەموو هزێکیەوە کاری بۆ وەرگرتنەوەی ئەلزاس ولۆیرن دەکرد بەهەر شێوەیەک بێت،

بەهۆی ئەو رۆڵەی روسیا دوای شەڕەکانی نێوان چین و ژاپۆن لە 1895 دا دەگێرا، ئەم هاوپەیمانێتیە بۆ بریتانیا زەرور بوو.[18]

دەقی ئەم پەیماننامەیەش کە لە بەرژەوەندیی ژاپۆن دا بوو بریتی بوو لە:

1_ سەربەخۆبونی کۆریا کە سەر بە چین بوو، ژاپۆن مەبەستی بوو بەم هەنگاوەی ڕێ بۆ داگیر کردنی کۆریا خۆشبکا،

2_ چین بۆ بەرژەوەندیی ژاپۆن دەست لە (تەرومۆزا) و(بیسکادۆرس) و نیمچە دورگەی لیاوتۆنج هەڵدەگرێت، بۆرت ئەرسەری بەندەریش لە روی دەریاوانی بە درێژایی ساڵ ئازاد دەبێ.

3_قەرەبوو یەکی زۆری یابان بکرێتەوە.

4_ژاپۆنیەکان مافی دادوەری لە چین وەدەست دێنن وەکو ئەوروپیەکان کە لە چین هەیان بوو[19] ئەم دەرکەوتنە بە هێزەی ژاپۆن لە بووارەکانی ئیمپریالیزمی ئەوروپی لە چین مایەی رق و کینی هەموویان بوو، جگە لە بریتانیا. ئەوە بوو لە 23 نیسانی 1895 هەر یەک لە روسیا و فرانسا وئەڵمانیا بەناوی پاراستنی یەکیەتیی چینەوە گەفێکیان بۆ ژاپۆن نارد، لە ژێر فشار وداخوازیی ئەم وڵاتە مەزنانە ژاپۆن ناچار بوو هێزەکانی لە نیمچە دورگەی لیاوتۆنج بکێشێتەوە. بەڵام ئەم سێ وڵاتە بەمە نەوەستان بێ گوێدانە یەک پارچەیی خاکی چین بە هەرسێکیان چینیان تیا برد.

---

[17] لەسەر فراوانخوازی ناکۆکی کەوتە نێوان بریتانیا و ئەڵمانیا لەسەر ئەوە رێککەوتن لە رۆژهەلاتی ئەفریکا وڵاتە کان بەم شێوەیە دابەش کەن تەنجانیقا بۆ ئەڵمانیا کینیا وئۆگەندا وسۆماڵ بۆ بریتانیا بەڵام بریتانیا دورگەی هیلجۆلاند ی بە ئەڵمانیا بەخشی بەرامبەر بەوە ناوچەی ویتۆ ی لە رۆژهەلاتی ئەفریکا لە ئەڵمانیا وەرگرت.

[18] ئەو شەڕە بۆ ئەوکات دەگەڕێتەوە کاتێک ژاپۆن لەرێگەی داگیرکردن، مەبەستی وەدەست هێنانی نئیمپڕاتۆریەتێکی ئیمپڕیالیزمی بوو،لە ئەنجام لەگەڵ دراوسێکە ی (چین) کەوتە جەنگ، لە ئاکام شکستی بە چین هێنا و ناچاری کرد پەیماننامەی (شیمونسکی) ئیمزا بکات.

[19] لەشێوەی تایبەتمەندیەکانی بێگانەکان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

*روسیا (پۆرت ئاسەر) ی داگیر کرد.

* ئەڵمانیاش (شانتۆنج) ی داگیر کرد.

* فرانساش (کوانج تشوان) ی داگیرکرد.

* ئینگلیزیش لە وەڵامی ئەمە (وای های وای) ی داگیر کرد.

بۆچونی بریتانیا داگیر کردنی بەندەری (بۆرت ئارسەر) لەلایەن روسیاوە دورنیە بکرێتە بنکەیەکی سەربازی کە مەترسیی زۆر لەسەر دروست بوونی جەنگ لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بەریتانی دورست دەکەن، پتر لە بەرەیەکی شەڕ،بەمەش پارسەنگی هێزەکان دەگۆردرێن لێرە دا دیسان زەرورەتی هاوپەیمانێک بۆ بریتانیا سەری هەڵدایەوە، بۆ ئەم مەبەستە یەکەم ئاراستەکان روەو ئەڵمانیا بوون.

داخوازی وبانگەوازەکانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەڵمانیا گەیشتبوونە لوتکە، کاتێک جۆزیف لە نۆڤەمبەری 1899 لە گوتارێکی دا ووتی :

(کارێکی تری گرنگ هەیە کە لە دیدی سیاسەتمەداران داخوازیەکە پێویستە ئەنجام بدرێت،ئەویش چیتر درێژە نەدانە بەو گۆشەگیریەی بریتانیا لە کشوەری ئەوروپا. بەدیدی من هەر کاتێک ئەم ئەرکە هاتە سەر جێبەجێ کردن من پێم باش و ئاساییە لەگەڵ ئەڵمانیا بکەوینە هاوپەیمانێتی).

هەروەها ووتی:

(لەیەک تێگەیشتن لەگەڵ ئەمەریکا _ ئەگەر ئەڵمانیاشی لەگەڵ بێ_ کاریگەریی زیاتر لەسەر پاراستنی ئاسایشی دونیا دەبێ باشتر لە هەر هاوپەیمانێتیەک.

بۆ ئەم مەبەستە بریتانیا هەوڵی فریو دانی ئەڵمانیای دا بە کردنەوەی مەراکش لەبەردەم توانا بەهێزیەکانی سەربازی و سیاسی وئابووری ئەڵمانی، بەهۆی پرِبایەخی مەغریبەوە ئەڵمانیا گرنگیی زۆری بە مەغریب دەدا،ئەگەر ئەڵمانیا بتوانێ دەست بەسەر ئەغادیر دابگرێ دەتوانێ بیکاتە بنکەیەک لەوێوە روەو ئەفریکا دەرچێ، دیسان سود وەرگرتن لە کانزا و بوواری بازرگانی ئامانجێکی تری ئیمپریالیزمیەکە بوون.

بەڵام ئەڵمانیا ئەم داخوازیەی بریتانیای رەت کردەوە تا دواتریش کێشمە کێش و توێژینەوە لەسەر ئەم رەت کردنەوەی ولهالم وقەیسەری ئەڵمانی هەبوون بۆ زانینی هۆکارەکانی ئەم رەت کردنەوەیە.

ولهالم

هەندێک مێژوو نوس ئەم ڕەتکردنەوەیە بۆ هەڵوێستەکانی ئەم دواییەی بریتانیا دەگەڕێننەوە کاتێک ئەڵمانیا لەشەڕەکانی یەکگرتن لە ساڵەکانی 1863 _ 1871 بە قۆناغێکی نالە بار دا تێ دەپەری، بەریتانیەکان دڵیان لای دانیمارک و نەمسایی و فەرەنسیەکان بوو. سەرەڕای ئەمەش کاتێک فرانسا توشی شکستەکانی ساڵی 1870 دەبێ بریتانیا ئەم هەلانە ناقۆزێتەوەو ئاستی ململانێکانی لەگەڵ فرانسا کەم دەکاتەوە تا ئەوکاتەی فرانسا توانیی بێتەوە سەر پێ و بە ڕوی ئەڵمانیا ی زەبەلاح بووەستێتەوە.

مێژوو نوسی ئینگلیز (گرانتو تمبلی) هۆکارەکە بۆئەوە دەگێرێتەوە کە ئەڵمانیا لە هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە ڕوبەڕوو بوونەوە لە سەرکوت کردنی روسیا جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئینگلیز، ئەو کاتەی روسیا هەوڵی فراوانخوازیی لە ڕۆژهەلاتی دور دەدا، ئەوسا ئینگلیزەکان لەگەڵ روسەکان زۆر توند بوون بەڵام ئەڵمانەکان وانەبوون.

بە مەزندەی ئێمە ئەوسا بریتانیا بەدوای هاوپەیمانێکدا دەگەرا ئەویش ئەڵمانیابوو بەڵام بێ ئەوەی هیچی پێ بدا، دیارە کە ئەڵمانیا بەدوای زۆردا دەگەرا لە ودیو دەریا بەڵام بۆ هەر شوێنێک بچوبا لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی بەریتانی بەیەکیان دادەدا. ئەمە سەرەتای گۆڕانەکانی هەڵوێستی بریتانیا بوون بۆ گەڕان بەدوای هاوپەیمانێک.

ئەم گۆڕانانە توندتر بوون، هەر ئەوەندەش نا بەڵکو پەیوندیە دۆستایە تیەکانی ئەڵمانیا وبریتانیا بەهۆی سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئەڵمانی لە دەوڵەتی عوسمانی و بووژانەوەی دەریاوانیی ئەڵمانی تێک چون.

لەبەر ئەمە بریتانیا کاری کرد بۆ:

1_ لەناو بردنی هەردو کۆماری بووێر.[20]

2_ ڕێگە نەدا بە ئەڵمانیا پڕۆژەی هێلی ئاسنینی بەرلین_ بەغد_ کوێت جێبەجێ بکات.

ئەوەی زانراوە هۆڵەندیەکان دەستیان بەسەر (راس الرجاء الصالح) داگرت بوو بەڵام دواتر لە ماینەی شەڕەکانی ناپۆلیۆن موستەعمەرەکانی هۆڵەندی(بوێر) نەیان توانی لەژێر حوکمی ئینگلیزەکان خۆیان ڕاگرن بەتایبەت چونکە بازرگانیی کۆیلەکانی لێ قەدەغە کردبوون ئەمەش گورزێکی ئابووریی کاریگەر بوو بە (بوێر)یەکان کەوت، بۆیە زۆربەیان بڕیاری کۆچ کردنیان بۆ باکور دا لەوێش دوو کۆماری

---

[20] ترسنفال و ئۆرنج...

(ترنسفال و ئۆرنج) یان دامەزراند. ئەوەندەی نەبرد زێر وئەلماس لەوێ دۆزرایەوە ئیتر لێشاوی لێکۆلەرەوە ئابووریناسە کانی ئینگلیز دەستیان پێ کرد. هەرزو بوونە دەسەڵات دار بە ئابووریی ئەو ناوچەیە کاریان بۆ ئەوە کرد ئەم دوو کۆمارە بخەنە ژێر سپاردەی بریتانیا نەک بە خۆشی خۆیان بەڵکو بە زۆرەملی.

بەڕاستی بریتانیا شارەزایی بارو دۆخەکانی خۆی بوو دەیزانی ئەگەر هێرش بکاتە سەر ئەو دوو کۆمارە و داگیریان کات، هەڵوێستەکان بەچی دەگەن لە هەمان کاتیش لە هاوڵاتیانی را دەبینی کە کار بۆ ئەم مەبەستە دەکەن بەڵام بە شێوازێکی تر، بۆ نمونە هێرشە سەرنەکەوتوەکەی دکتۆر جیمسۆن لە دێسێمبەری 1895 بە مەبەستی داگیرکردنی ترنسفال، حکومەتی بریتانیا خۆی لەم هێرشە بێ بەری کرد، بەڵام ولهالم ی دووەم دڵنیا بوو کە ئەم هێرشە تەنها پیلانێکی بەریتانیە و هیچیتر نا، بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ کروگەر ی فەرماندەی ترنسفال ناردبە بۆنەی شکست پێهێنانی هێرشەکە.

ئەم کارەی ولهالم ی دووەم هەستێکی نارەحەتیی ئەڵمانیای دژی بریتانیا دەردەخست دەکرێ بڵێین ئەمە هەڵویستی هەموو وڵاتە مەزنەکانی ئەوروپا بوو بەڵام حکومەتی بریتانیا و رۆژنامە کانی هەموو سەنگێکی خۆیان خستبووە سەر ئەڵمانیا بۆ دەر برینی ناڕەزایی. هەست وهەڵوێستەکانی خەڵکی بەریتانی هەموویان دژی ئەڵمانیا لە هەلچون دابوون، ئەوە چونکە مەسەلەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەڵمانیا لە ئارادا نەمابوو، تەنها بەدوای پاساوێکدا دەگەرا بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ دژی بوێر، دەنگۆی ئەوە لە فەرمانگا سیاسیەکانی بریتانیا بەرز بوونەوە کە مەترسیەک لە ئەڵمانیاوە بۆ بریتانیا لە ئارا دایە، سامانەکانی بوێر بۆ لێدانی ئیمپراتوریەتی بەریتانی بەکار دێن، ئەوەندەی نەبرد بریتانیا هێرشی کردە سەر بوێر.لە ئەنجامەکانی ئەم جەنگە بریتانیا لەوە دڵنیا بوو کە ئەڵمانیا ناتوانێ هاوکاری پێشکەش بە هیچ وڵاتێکی بەرهەڵستکاری بریتانیا بکات بەهۆی ئەوەی خاوەنی کەشتیگەڵێکی ئەو تۆ نیە لە توانای دا بێ ئەم ماوەیە لە دەریاوە ببرێ بێ گوێدانە کەشتیگەلی بەریتانی، لەو کاتەوە کێبەرکێ لەسەر چەکی دەریاوانی لە نێوان ئەڵمانیاو بریتانیا دەستیان پێ کدر، ئەم کێبەر کێیە مەسەلەی مان ونەمان بوو بۆ هەردو لایان، ئاراستەکانی ئەڵمانیا بۆ ئەوە بوون ئەو دیدەی بریتانیا بە درۆ بخاتەوە کە دەلێ خاوەنی کەشتیگەڵێکە دوو ئەوەندەی وڵاتە هاوپەیمانەکان، ئەم بانگخوازیە گوررزێکی کوشندە بوو دژی نیازەکانی هاوپەیمانیی ئینگلیزیی ئەڵمانی.

لەو کاتەی شەڕ لە بوێر بەردەوام بوو لەوڵاتی تر شەڕی ئابووریش هەلگیرسا بوو لەسەر ململانێی دەست بەسەر داگرتنی رێگاو بانی هێنان وبردنی ئاسنین ودەریاوانی بەسەر رۆژ هەلاتی عەرەبدا کە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا بوو، ئەڵمانیەکان لەگەڵ عوسمانیەکان کەوتنە رێککەوتنێک تا هێلی ئاسنین بە رێگەی بەغداوە بگەیەننە بەرلین، ئەنجامەکانی هەردوو پڕۆسەکە دژی ویستەکانی ئەڵمانیا بوون، لە بوێر ئینگلیز سەرکەوت، لە 1899ش تاکە دەروازەی هێلی ئاسنینی بەغدا لە رێگەی کەنداوی عەرەبییەوە داخرا، ئەمە لە رێگەی بەستنی رێککەوتننامەیەک لەگەڵ شێخ مبارەک ئەلسەباح _ شێخی کوێت _ ئەنجام

درا، لەم ڕێکەوتنە هەردوو لایەن لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە کوێت بۆ هیچ وڵاتێک واز لە هیچ پارچەیەک لە خاکی ناهێنێ تا بە ڕەزامەندی بریتانیا نەبێ.

لە 1866 دیسان بەهۆی بوونی ئیمپریالیزمی بەریتانی لە میسرو فراوانخوازیەکەی لە سودان و میسر ڕێگەیان بە فرانسا نەدەدا هیچ هاوپەیمانێتیەک لە نێوان پاریس ولەندەن ئیمزا بکرێت.

بریتانیا مەبەستی بوو لە میسر بمێنێتەوە بێ گوێدانە سۆزەی ئەوسەرۆک حکومەتانەی کە بە گەلی میسریان دابوو، بەوەی خاکەکەیان جێ دەهێلن. لەمیسر کۆنسۆلی ئەڵمانی پشتیوانیەکی تەواوی بریتانیا دەکرد لەو بێزاریانەی لە لایەن فرانساو روسیا ڕوبەڕووی دەبوونەوە. دواتر پەیوەندیەکانی ئەڵمانیا وبریتانیا تێک چون هەڵوێستی بریتانیا لە داگیرکاریەکەی میسر تەنگەتاو بوو ئەم پێویستیی بە پشتگیری هەبوو تا بەرامبەر بە بالوێزەکانی وڵاتان لە قاهیرە توشی شەرم نەبێ، لەو کاتەی هێزەکانی فەرەنسی لە 1899 بەنیازی فراوان کردنی پانتایی دەسەڵاتەکانیان دەبن، هێزێکی میسریش بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتیان لە سودان لەگەڵ هێزەکانی کابتن مارشال ی فەرەنسی ڕوبەڕووی یەکتر دەبنەوە.

لەگەڵ ئەوەی فەرمانگە سیاسیەکانی ئەوروپی مەزندەی جەنگیان لە نێوان فرانساو بریتانیا دەکرد بەهۆی پێداگریی (کشنەر) لەسەر هێنانە خوارەوەی ئاڵای فەرەنسی کە لە سەر فاشودە هەلدرابوو لەگەڵ کشانەوەی کەتیبەی مارشال، بەڵام بوونی(دلکاسیە) لەسەرۆکایەتی وەزارەتەکانی فەرەنسی و هەوالانی سیاسەتێکی نیانیان بەرامبەر بەم هەڵوێستانە نواندن کە بووە هۆی تێپەر کردنی ئەم قەیرانە ئەمە سەرەتای لەیەک نزیک بوونەوەی فرانسا و بریتانیا بوو.

دلكاسيه

لە 1902 _تارادەیەک_ پەیوەندیەکانی بریتانیا لەگەڵ فرانسا باش بوون، بەڵام هێشتا لەگەڵ روسیاو ئەڵمانیا زۆر خەراپ بوون، تا ئەوکاتیش _بە دیدی بریتانیا_ مەترسیەکی مەزنە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی بەریتانی بەهۆی (بۆرت ئارسەر)ەوە.

ئەوە بوو ئیتر ئاستەنگ کەوتنەبەردەم ڕێککەوتن لەگەڵ هەریەک لە ئەڵمانیا وفرانسا. مەترسیە هەرەمەزنەکانی ئەوسای بەریتانی لە داگیر کاریەکانی روسیا لە ڕۆژهەلاتی دور بوون، ناچار بریتانیا بۆ ڕێگەگرتن لە بەر دەم ئەم فراوانخوازیەی روسیا روەو ڕێککەوتنێک چوو لەگەڵ ژاپۆن، ژاپۆنیش زۆر لەوکاتدا پێویستیی بەو ڕێککەوتنە هەبوو تا بەهۆی خاوەنی مەزنترین سوپای دەریاوانیەوە دەستێک لە روسیا بووەشێنێ و دڵنیاش بوو کەسی تر دەست لەم کێشەیە وەرنادات. بۆیە دانو ستانەکانی نێوان بریتانیا و ژاپۆن ئەوەندە بە ئەزیەت نەبوون هەر زوو گەیشتنە ڕێککەوتنێک بە ناوی(تەبایی و دۆستایەتیی ژاپۆنیی بەریتانی) لە 1902 کە بە ساڵی کۆتایی هاتنی گۆشەگیری بریتانیا دەژمێردرێت. هەر وەها بە ساڵی کۆتایی هاتنی چاوەڕوانیەکانی هاوپەیمانێتیی ئەڵمانیاش دەناسرێت.

دەقی ئەم تەباییەش دەڵێ :

1_ داننان بە دیفاکتۆ(امر الواقع) لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، لە هەریەک لە کوبا و چین.

2_ ئەگەر جەنگ لە نێوان روسیا و ژاپۆن هەڵگیرسا،بریتانیا بێ لایەن دەوەستێ.

3_ ئەگەر وڵاتێک لە وڵاتەکان _بۆ نمونە فرانسا_ هاتە ناو کێشەکە ئەوا بریتانیا هاوکاری سەربازیی ژاپۆن دەکات.

4_ ماوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە 5 ساڵە [21].

لەدوای ئەم خالانە هەندێک ئەنجامیان لێکەوتنەوە:

1_ دانپێنانێکی پەردەپۆشی بەریتانی بە مافی ژاپۆن لە کۆریا.

2_ ژاپۆن متمانەی بە خۆکرد وەکو وڵاتێکی زلهێزی نێودەوڵەتی دەبێ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. ئەمە یەکەم جار بوو لەسەر دەمی هاوپەیمانەکان وڵاتێکی ئاسیایی لەم ئاستە یەکسان بێ لەگەڵ وڵاتە زەبەلاحەکانی ئەوروپی.

3_ فرانسا لە توانای دا نەبوو بۆ هاوکاری کردنی روسیای هاوپەیمانی دەست بخاتە ناو شەڕەکە، دەنا ئەو دۆستایەتیەی لە 1899ەو لەگەڵ بریتانیا بنیادی نابوو هەمووی تێک وپێک دەدان، خۆی بۆ شەڕێکی مەزن بەرچاو کردبوو نەک بۆ گەڕاندنەوەی ئەلزاس و لۆرین.

لە دوایی هەر واشی لێهات ژاپۆن بە تەنیایی لەگەڵ روسیا کەوتە جەنگ وزیانێکی زۆری بە روسیا گەیاند و شکستی پێ هێنا، لە ئاداری 1905دەستی گرت بەسەر (بۆرت ئەرسەر)، لەو ڕێککەوتنەی کۆتایی بەشەڕەکە هێنا بە ناوی ڕێککەوتنی (پۆرت سمۆت) لە 5ی نۆڤەمبەری 1905ژاپۆن سەرکەوتنی باشی لە رۆژهەلاتی دور وەدەست هێنا. لەم ڕێککەوتنە روسیا دانی بە زاڵبوونی بەرژەوەندیە سەربازی و ئابووریەکانی ژاپۆنی هێنا لە کۆریا ومەنشوریا. هەر وەها رازی بوو بە گواستنەوەی مافەکانی روسیا لە

[21] لە 1905 ڕاست کرایەوە دوای شەڕی روسیی ژاپۆنی لە 1911 نوێ کرایەوە.

نیمچە دورگەی لیاو تۆنگ وپۆرت ئەرسەر بۆ بەرژەوەندی ژاپۆن، هەمان شت سەبارەت بە مۆکدن و نیوەی سخالێنیش و هێلی ئاسنینی پۆرت ئەرسەر.

لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنانەی ژاپۆن، روسیا لە چاوتێبڕینە کانی روەو چین وەستا بۆ ئەوەی جارێکی تر لەگەڵ ژاپۆن ڕوبەڕووی یەکتر نەبنەوە، روەو ئەفغانستانیش وەستا بۆئەوەی خۆی لە جەنگ لەگەڵ بریتانیا بپارێزێ. دواتر لە 1907 و 1910 روسیا وژاپۆن لەسەر دیاری کردنی ناوچەی دەسەڵاتی هەر یەکەیان لە مەنشوریاو مەنگۆلیا پێک هاتن بۆ ئەوەی زیانی پتر نەیەنە سەر. بەم شێوەیە ململانێی ئمپریالیزمی لە رۆژهەلاتی دور ئارام بوون.[22]

گونجانی (ویفاقی) دۆستانەی بەریتانیی فەرەنسی 1904

ئەوەی ڕاستی بێ هاوپەیمانێتیەکەی ژاپۆنی _ بەریتانی، وەکو روداوەکەی فاشودا[23]

، رسواکردنی لایەنێکە لە لایەنەکانی هاوپەیمانیە دوقۆڵیە کە. بەڵام ئەنجامەکانی ئەم هاوپەیمانێتیە نزیک بوونەوە بوو لە هاوپەیمانێتیی دووقۆلی، لەبەر چەند هۆ و گۆڕانێک:

1_ لە فەرمانگە سیاسیەکانی بریتانیا ئەوە بە رونی بەدی دەکرا کە ئەڵمانیا لەو هەوڵانەیدا جیی مەترسیە بۆ بریتانیا، بە هۆی ئەو هەوڵانەی ولهالم ی دووەم دەیدا بۆ وەدەست هێنانی کەشتی گەڵێکی زەبەلاح کە سەر لە کەشتی گەلی بەریتانی بستێنێ خۆی ببێتە خاوەنی زەبەلاح ترین هێزی دەریاوانی.

2_ دبلۆماسیەتی ئەڵمانی سەرەڕای ڕێککەوتننامەی نێوان بریتانیا و کوێت لە 1899، لە هەوڵی چالاکدا بوو بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی هێلی ئاسنینی بەرلین-بەغدا ئەو هێلەی بە دیدی ئینگلیزەکان سەری ئەو رمەیە کە روی لە هیندی بەریتانی کراوە.

3_ بریتانیا لە داگیر کاریەکەی میسردا ئەوەندە لە هەڵوێستەکانی ئەڵمانیا بێزار ببوو گەیشتبووە ئەو ئاستەی داوا لە فرانسا بکات بۆ پشتگیری کردنی لە پرۆژ کانی لە میسرو سودان [24]

---

[22] وەکو دەبینین وڵاتە ئەوروپیەکان لە شۆڕشی چینی 1910_1911 پەندیان وەرگرت هەوڵی هەل قۆستنەوەیان نەدا، بێلایەنیان هەلبژارد.

[23] لە نێوان لەشکری مسری مب پشتگیری بریتانیا وسوپای مارشالی فەرەنسی لە 1899 لە سودان رویدا، ئەمە لە کاتێکا بریتانیا بە نیازی بەستنی هاوپەیمانیتیەک بوو لەگەڵ فرانسا بەڵامبە هۆیەوە ئومێدەکان هەلوەرین...

[24] لۆرد جرای لە یادەوەریەکانی باس لەو بێزاریانە دەکات نەک تەنها لە میسر بەڵکو لە هەموو ئەو شوێنانەی دەسەڵاتی بریتانیای بەسەروەیە.

4_ بریتانیا خۆی لەڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ فرانسا دور دەخستەوە بەتایبەت لەو شوێنانەی فرانسا بە ناوچەی زیندوی دەزانی وەکو (مەغریب) لەگەڵ ئەوی دەسەڵاتی بریتانیا لەم شوێنە (مەغریب) زۆر پەرەی سەندبوو بەڵام فەرمانگە سیاسیەکانی بریتانیا لەترسی داواکاریەکانی فەرەنسی خۆی لەم رەوتە دە پاراست.

5_ حەزو هەستەکانی لەیەک نزیک بوونەوە رەنگیان دابووەوە سەر سروشتی پەیوەندیەکانی دۆستایەتی، سەردانەکەی پادشای ئینگلتەرا (ئەدوارد ی حەوتەم) بۆ فرانسا کەشو هەوایەکی دۆستانەی لە نێو هەردو گەلی فەرەنسی و بەریتانی خوڵقاند هەروەها لە بواری رۆژنامەگەریی هەردوو وڵات.

ئەدوارد ی حەوتەم

6_ هانۆتۆکس _وەزیری فەرەنسی_ دژی رێککەوتنی فەرەنسیی بەریتانی بوو، ئەوەندەی نەبرد لە گۆڕینی وەزارەت دور خرایەوە و(دیلکاسیە) یەکەم بانگەوازخوازی نزیک بوونەوە لە بریتانیا لە شوێنی دانرا، ئەم نزیک بوونەوەیە سەرکەوتو نەدەبوو ئەگەر وەزیرێک لە ناو وەزارەتەکەی بریتانیا دژی ئەم پرۆسەیە بووایە، بلفۆر خۆی بڕوای بەم نزیک بوونەوەیە هەبوو.

هەردو لایەنی فەرەنسی و بەریتانی وەکو پێشەکیەک بۆ هاوپەیمانێتیەکە کەوتنە گفتو گۆ بۆ دەست نیشان کردنی کێشە مەزنە کان، ئەم گفتو گۆیانە بە بەستنی پەیماننامەی (گونجانی دۆستایەتی) لە 8ی نیسانی 1904) کۆتایی هات. ئەم رێککەوتنە هەندێک برگەی ئاشکراو هەندێکی نهێنیی هەبوون. ئەوروپا بەگشتی بڕوای وابوو کە پەرلەمانێکی وەکو بریتانیای دیموکرات رێگە بەم جۆرە هاوپەیمانێتیە نهێنیانە نادات. بەڵام حکومەت وپەرلەمانی بەریتانی بە چاوێکی دوربینانە سەیری بەرژەوەندیەکانی بریتانیایان دەکرد لە پێناو پاراستنی ئەم بەرژەوەندیانە بە دڵێکی فراوانەوە مامەڵەیان دەکرد بۆیە بە بادانەوەیەکی یاسایی توانیان ئەم قەیرانە چارە بکەن.

برگەی دووەمی ئەم رێککەوتنە دەڵێ، حکومەتی بریتانیا دان بە مافی فرانسا دەنێ وەکو وڵاتێکی هاو سنور بۆ وڵاتی مەغریب بەتایبەتی مافی ئەوەی هەبێ شەونخونی لەسەر پاراستنی باری ئارامی ئەو وڵاتە بکات و لە بوواری چاکسازیی بەڕێوەبردن و ئابووری و دارایی وسەربازی و بەرهەم هێنان هاوکاریی بکات، لەم بووارە بریتانیا تەگەرە بۆ فرانسا دروست ناکات، ئەمەو هەردو لا رێککەوتن لەسەر ریزنان لە مافی ئیسپانیا، دواتر بە (ئەلریف) ی ئیسپانی ناسرا، لەگەڵ چەکدار نەکردنی کەناری مەغریبی بەرامبەر بە چیای تاریق.

سەبارەت بە میسر، بریتانیا رایگەیاند کە کار بۆ گۆڕانی سەنتەری میسری سیاسی ناکات، فرانساش لەلای خۆیەوە هیچ تەگەرەیەک لە رێی کارەکانی ئینگلتەرا دروست ناکات، داواشی لێ ناکات وادەی کۆتایی هاتنی داگیرکاریەکەی دیاری بکات. بەم شێوەیە کێشەکانی نێوانیان یەکلا کردنەوە لە سیام و مەدەغەشقەرو گامبیا و نیجەر و نیو فۆنلاند، لەسەر ئەوەش رێککەوتن دۆڵی روباری میکۆنگ و چیای رانج سنوری لەیەک جیا کردنەوەی نێوان هیندی چینیی فەرەنسی و بۆرماو مەلایۆ ی بەریتانی بێ.

لەم ماوەیەدا حکومەتی ئەڵمانی درکی بەوە کرد کە لە نێوان ساڵەکانی 1904 _1905 کارێکی خەتەرناک لەدژی ئەو لە نێوان بریتانیا وفرانسا بەڕێوەدەچێ، قەیسەری ئەڵمانی بە دو ئاڕاستە کەوتە کارکردن:

ا/ بە سود وەرگرتن لە شکستەکەی روسیا بەرامبەر بە ژاپۆن، هەوڵی تێکدانی هاوپەیمانێتیەکەی نێوان روسیاو فرانسا بدات.

ب/ تەنگەتاو کردنی فرانسا بە قەیرانێکی نێودەوڵەتی بۆئەوەی لە ئاستی پەیوەندیەکانی نوێی نێوان بریتانیاو فرانسا بگات، کێشەی مەغریب دەرفەتێک بوو پێی دا.

سەبارەت بە روسیا، قەیسەر ولهالم ی دووەم توانیی نیکۆلا ی دووەم قەسەری روسیا بگەیەنێتە ئەو بڕوایە تا هاوپەیمانێتیەکی بەرگریی هاوبەش لە نێوان روسیاو ئەڵمانیا ببەسترێت. قەیسەر ولهالم ی دووەم درکی بەوە کرد کە کاتەکان لە بەرژەوەندی ئەو تێپەر ناکات بۆیە پەلەی لە ئەنجام گەیاندنی ئەو هاوپەیمانێتیە کرد. لە حوزەیرانی 1905 سەردانی قەیسەر نیکۆلای دووەمی کرد لە بیۆرکۆ، توانیی ئیمزایەکی لێ

وەرگرێ بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو رێکەوتننامەیە، بەڵام سیاسەتمەدارانی روسیا ئەم رێککەوتنەیان رەت کردەوە کە لە پشت ئەوانەوە بەرنامەی بۆ دارێژرابوو، لەبەر ئەم هۆیانە:

1_ ئەم رێکەوتننامەیە، هاوپەیمانێتیە دوقۆڵیەکەی لەگەڵ فەرنسا لەناو دەبات، بەمەش روسیا هێزی فشار بۆ سەر هاوپەیمانێتیی نەمسا و ئەڵمانیا لەدەست دەدات.

2_ دەنگی روسیا لە بەلکان لاواز دەبێ.

3_ ئەڵمانیا بەهێزێکی پڕ تەوژم تر بۆ ئەنجام گەیاندنی پرۆژە ئیمپریالیزمیەکانی لەدەوڵەتی عوسمانی دەست پێ دەکات ئەو ناوچانەی بە سنورە زیندوەکانی روسیا دەناسرێن.

ئەڵمانیا درکی بەوە کردبوو کە لە ساڵەکانی 1904/1905 کارێک لە ئارادابوو بۆ دور کردنەوەی ئەڵمانیا لە مەغریب، ئەمەش لە نەخشەکانی فرانسا دەچن.

سەرەڕای جەخت کردنەوەی فرانسا بەبەردەوام بوونی سیاسەتی (دەرگای کراوە) لە مەغریب. ئەوەی ڕاستیش بێ فرانسا بە خشکەیی هەنگاوی بۆ دەستگرتن بەسەر سیاسەتی دەسەڵات دەنا تا لە مەغریب بەسەر بازرگانیی ئەڵمانیادا زاڵ بێ، ئەڵمانیا نیازی ئەوەبوو فرانسا بخاتە هەڵوێستێکی تەنگەتاوەوە بۆ ئەوەی ناچاربێ سیاسەتەکانی بەرامبەر بە مەغریب ودۆستایەتیەکەی لەگەڵ بریتانیا ئاشکرا بکا، بەڵکو لەم رێگەیەوە بتوانێ درێژە بە سیاسەتەکانی دەرگای کراوە لە مەغریب بداو بتوانێ جێ پێ یەک بۆ خۆی مسۆگەر بکات بۆ وەدەست هێنانی دەروازەیەکی پێداچون بۆ موستەعمەرەکانی لە ئەفریکا.

بۆ ئەم مەبەستە ولهالمی دووەم قەیسەری ئەڵمانیا لە ئاداری 1905 سەردانێکی بۆ تەنجە ئەنجام دا، لەوێ رایگەیاند کە حەز دەکات سولتان سەربەخۆ بێ لەهەمان کاتیشدا دەرگای مەغریب بۆ هەموو وولاتێک والا بێ.

دواتر داوا لە حکومەتی ئەلامنیا کرا کە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆلینەوە لە کێشەی مەغریب ببەسترێت (لە نیسانی 1905) بە هۆی نارازی بوونی دلکاسیە _ هەموو وڵاتە ئەوروپیەکان بە ئەمەریکاشەوە خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەم کۆنگرەیە دەربڕی_ لە بیرۆکەی بەستنی ئەم کۆنگرەیە دەستی لە کار کێشایەوە بەڵام دوای ڕاستەرێ بوونی دۆستایەتیەکەی بەریتانیی فەرەنسی،کە تا ئێستا بەهەر شێوەیەک بێ بەردەوامە. بەر لە بەستنی کۆنگرە دانوستانەکان لە هەموو لایەک بەردەوام بوون لە نێوان فرانساو ئەڵمانیا،فرانساو ئیسپانیا، فرانسا وئینگلتەرا. ئەمە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە دبلۆماسیەتی فرانسا ئەوەندە چالاک بوو توانیی بەرگەی هەموو فشارەکانی نێودەوڵەتی و ئەڵمانیا بگرێ.

ئەمە یەکەم تاقی کردنەوەی گونجانی دۆستایەتیی نێوان فرانساو بریتانیا بوو، بریتانیا بە هەموو هێزێکەوە لە تەک فرانسا وەسات، لە کاتێکا هەڕەشەکانی ئەڵمانیا گەیشتبوونە ئەو ئاستەی بەرپرسێکی ئەڵمانی رایگەیاند،ئەگەر هێزەکانی فرانسا لە سنوری جەزائیر بەرەو مەغریب بپەرنەوە ئەوا هێزەکانمان لە سنوری فرانسا دەچنەژورەوە.

دبلۆماسیەتی فرانسا توانیی_ بەر لە بەستنی کۆنگرەی جەزیرە _ئەڵمانیا ناچار بکات دان بە مافی فرانسا بنێت لە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لە مەغریب بەرامبەر بە راگەیاندنی سەربەخۆیی مەغریب، لە گەڵ ئامادەکاری بۆ ئەنجام دانی چاکسازی لە حکومەتی مەغریب بەتایبەت ئەو چاکسازیانەی پەیوەندیان بە پۆلیس و داراییەوە هەیە.

لە کۆتایی لەسەر بەستنی کۆنگرەکە رێککەوتن لە سەرەتاکانی 1905 رۆژی 16ی جەنیوەریان بۆ دیار کرد.

وتەی سەرۆکی کۆنگرە شازادە دالمۆدۆڤار لە کردنەوەی کۆنگرەکە بریتی بوو لە دەست نیشانکردنی سێ ئامانج بۆ بەستنی کۆنگرە:

1_ سەروەری سولتان.

2_ لەدەست نەدانی خاکی دەوڵەتی مەغریب.

3_ سیاسەتی دەرگای کراوە لە مەغریب لە بەردەم هەموو وڵاتە ئەوروپیەکان.

لەگەڵ ئەمەش کۆنگرەکە بە بڕیاری دژی بەرژەوەندیەکانی ئەڵمانیاو ئامانجەکانی دەرچو:

1_ لە باجی دەستێوەردانە نێودەوڵەتیەکان لە کاروباری مەغریب سولتان کورسی و دەسەڵاتەکەی لەسەر دانا.

2_ فرانسا بە تەواوەتی خۆی بەسەر دەسەڵاتی مەغریب دا سەپاند. گوندەکانیشی بۆ ئیسپانیا جێ هێشت، ئەمانەی هەموو بۆئەوە بوو تا رێ خۆشکا لەبەر دەم داگیر کردنی تەواوی مەغریب لە 1912.

هۆی دەرچونی ئەڵمانیا لەم کۆنگرەیە بە دۆراوی ئەوە بوو کە هاوپەیمانانی بە توندی لە تەکی نەوەستان، نەمسا دودل بوو لە بڕیارەکانی، ئیتالیاش هانی پرۆسەی ئاشتی و لەیەک تێگەیشتنی دەدا، لە کۆتایی دەوڵەتە کانی گونجان ودۆستایەتی بە هێزەوە لە کۆنگرە دەرچون بە هێزتر لە بەرلە بەستنی کۆنگرە.

ئاارستەکانی گشتیی ئەوروپی دژی ئەڵمانیا بوون تانیمچە گۆشەگیر بوو بەر لە کۆنگرەو دوای کۆنگرە. دواتر بەشدار بوونی ئینگلتەرا لەگەڵ فرانسا و روسیا لە هاوپەیمانێتیە دوقۆڵیەکەی گونجان ودۆستایەتی تای تەرازوی بەلای هاوپەیماناندا شکاندەوە، روسیاو فرانسا لە چاڵاکیەکانیان دژی ئەڵمانیا خەمساردیان نەدەکرد.

دوای ئەوەی ئەڵمانیا لە پێشنیازەکانی بەریتانی سەبارەت بە مەغریب رازی نابێ بریتانیا مەغریب ڕوبەڕووی فرانسا دەکاتەوە، ئەمە لەوکاتە دێت کە وڵاتە ئەوروپیەکان لە هەوڵی یەکلا کردنەوەی کیشەکانیان بوون لەسەر حسابی وڵاتە عەرەبیەکان بۆ ئەوەی کەسیان توشی شەڕێک نەبن کە ئەنجامەکەی دیار نیە.

ئەمانە بۆ دوارۆژی ئەوروپا ئەنجامی خەتەرناکیان لێ کەوتنەوە و بەرپرس بوون لە خێرا کردنی روودانی جەنگی یەکەمی جیهانی:

1_ بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێبەرکێیەی نێوان وڵاتە ئەوروپیەکان بۆ دابڕاندنی خاکی عوسمانیەکان چەند کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتی_ لەوانە کۆنگرەی بەرلین 1878_ بەستران، بەڵام دەرکەوتنی فراکسیۆنی(کوتلەی) وڵاتەکانی ئەوروپی هێزی بڕیارەکانی نەهێشتبوو لە بڕیارەوە ببوونە راسپاردە ئەویش ئەگەر لە بەرژەوەندی فراکسیۆنێک (کوتلەیەک) دانەبووایە توانای جێبەجێ کردن نەبوو دیارە کە بەرژەوەندیی هەردو فراکسیۆنەکە دژ بەیەک بوون بۆیە کارەکان بە ئاراستەی بەکار هێنانی هێز رۆیشتن، ئەمە لە هەموو پارچەیەکی دونیا کە دژی فراکسیۆنێک بووایە هەڕەشەی بەکار هێنانی هێز دەکرا. لەم حاڵەتانە گۆڕانی بارو دۆخەکان لە بەرژەوەندی لایەنێک دەبێ ودژی بەرژەوەندیەکانی لایەنەکەی تر دەبێ. ئەمە زیاتر لە جارێک ولە وڵاتێکی موستەعمەر رویان دا، لە شوێنێک سەرکەوتن دەبوون لە شوێنێکی تر ژێر کەوتن کارەکان بەرەو پەشێوی و نائارامی دەرۆیشتن، دواتر بەرەو جەنگ هەنگاویان دەنا، فرانسا بۆ ئەم ئامانجە کاری دەکرد چونکە بە دیدی ئەو تاقە رێگایە بۆ گەڕاندنەوەی ئەلزاس ولۆرین، بریتانیا کاتێک لە 1904هاوپەیمانێتیەکەی لەگەڵ فرانسا ئیمزاکرد درکی بە گۆڕانی پارسەنگەکانی هێز کردبوو کە دژی ئەڵمانیان، پەرسەندنی دۆخەکان بە ئەنجامی جەنگ دەگەیشتن ئەگەر ئەڵمانیا لە نیازە کانی ئەوەبێ جێی بریتانیا بگرێتەوە لە داگیر کاری وئیمپریالیزمیدا هەروەها شکاندنی کۆدی زاڵبوونی بریتانیا لە بواری کەشتیگەلی وهێزی دەریاوانی، بە دیدی حکومەت و گەلی بریتانیا کەس بۆی نیە بگاتە ئاستی بریتانیا لەڕووی هێزی دەریاوانی. لە هەمان کات قەیسەری ئەڵمانیا وحکومەتەکەی بڕوایان وابوو کە ئەوان خاوەنی پەیامن لەم دونیایە دەبێ لەوپەڕی هێزو دەسەڵاتدا بن چ لە روی دەریاوانی چ لە روی داگیر کاری، بۆ گەلی ئەڵمانیا بەرەوایان دە بینی کە مافی ئەوەیان هەبێ ئاراستەی مێژووی دونیا بکەن.

2_ ئەڵمانیا رەزامەندیی وەرگرتبوو کە بەشداری لە ئاڕاستە کردنی کاروبارەکانی مەغریب بکات بەڵام فرانسا ئەم کارانەی بە تاکرەوی پەیرەو دەکردن، بێ ئەوەی ئەڵمانیا بتوانی دەست بخاتە پێشی تەنها بە شەڕ نەبی، بەڵام ئەگەر کارەکان گەیشتنە ئەم ئاستە ئەوا ئەڵمانیا بە مسۆگەری دۆراوە چونکە پارسەنگی هێز لە بەرژەوەندیی فرانسادایە. هەوڵەکانی ولهالم ی دووەم بۆ شکاندنی گەمارۆی سەرئەڵمانیا، سەردانەکەی قەیسەری روسیا بوو لە بیۆرکۆ، ئەمە دوایین هەوڵ بوون لەم بووارە کە بە سەرنەکەوتنی هەوڵەکان و پتەوتر بوونی دۆستایەتیی روسیاو فرانسا تەواو بوو. بەتایبەت فرانسا بۆ یارمەتیدانی روسیا توانا داراییەکانی بەکار هێنا وێڕای بەگەر خستنی توانا دبلۆماسیەکانی بۆ لەیەک نزیککردنەوەی روسیاو بریتانیا، کە بووە رێخۆشکەری تەبایی و دۆستایەتیی روسی – بەریتانی لە 1907.

تەبایی(ویفاقی) روسی _ بەریتانی 1907

ئاماژەمان بەو ناکۆکیەی نێوان روسیاو بریتانیا دا لە جەنگی نێوان روسیاو ژاپۆن. لەو میانە بۆ روسیا دەرکەوت پشت بەستن بە دەستێوەردانی بریتانیا دژی ژاپۆن تەنها خەیاڵە و هیچی تر نا، کەشتیگەلی بەریتانی تەنگەی بە کەشتی گەلی روسی هەڵچنی بوو لە کەنالی سوێس لەکاتی هاتنی بۆ رۆژهەڵاتی دور

بەهۆی زاڵ بوونی بەسەر کەنالی سوێسەوە،، بوونی هاوپەیمانێتیی بەریتانی _ ژاپۆنی ڕێگەی لە فرانسا دەگرت هاوکاری روسیای هاوپەیمانی بکات.

تالی وسوێریەکانی روسیا زۆر بوون، بەڵام بە هۆی هاوکاریەکانی فرانسا ئازارەکان کەم بوونەوە، هەروەها کۆمەڵێک ئامۆژگاریی دبلۆماسیی بە روسیادان لەوانە، بریتانیا سەرباری هەڵوێستە مەترسیدارەکانی بۆ سەر روسیا، هەرخۆی (بریتانیا) دەتوانێ تەرازوی نێودەوڵەتیی هێزەکان لە بەرژەوەندیی هاوپەیمانێتیی دوقۆڵی وسێقۆڵی بگۆڕێ.

حکومەتی روسیا دوای ژێرکەوتنەکەی وکپ کردنی شۆڕشە مەزنە ناوخۆییەکەی ساڵی 1905،، لەجیات وروژاندنی دوژمندارێتیە کۆن یا نوێیەکان بە پێویستی زانی بەدوای دۆستێک دا بگەرێ باشترە. درکیشی بەمە کردبوو کە ئەو هێزانەی ڕێگرن لەبەر دەم گەشە کردن و پەرەسەندن و فراوانبوونی ئەمانەن :

ا/ بریتانیا.

ب/ ئیمپراتوریەتی نەمسا وهەنگاریا.

ج/ ئەڵمانیا.

دوای ئەوەی ژاپۆن دەرگای فراوان بوونی لە رۆژهەلاتی دور لە روسیا داخست شوێنێکی ئەو تۆ لەبەردەمی دا نەما ئەجندای فراوانخوازیی جێبەجێ بکا

ا/ دەوڵەتی عوسمانی بە ئاراستەی عێراق و ئەنازۆل.

ب/ دەوڵەتی عوسمانی بە ئاراستەی بەلکان.

ج/ ئێران.

سەبارەت بە فراوان بوون لەسەر حسابی دەوڵەتی عوسمانی، بریتانیا دژی ئەم فراوانبوونە بوو، بە هەموو توانایەکیەوە دژی دەوەستا ئەمە لەترسی ئەوەی دەست بەسەر بەنداوەکانی (دەردەنیل و بسفۆر) دانەگرێ نەک هەر ئەوەندە، بریتانیا رێگەی بە کەشتیە روسیەکانیش نەدەدا بەم بەنداوەدا تێپەر کەن، دیسان دژی فراوان بوونی روسیا بوو لەلایەنی ئەنازۆل وباکوری عێراق ەوە، ئینگلیزەکان سیاسەتمەدارە روسەکانیان بەوە تاوانبار دەکرد کە نەخشە بۆ گەیشتن بە کەنداوی عەرەبی دادەرێژن، کە وەکو کلیلی رێگای بەرەو هیند وابوو.

سەبارەت بە فراوان بوون لە بەلکان، ئیمپراتۆریەتی نەمساو مەجەر دژی ئەم جولەیە دەوەستان هەر هەوڵێکی روسی رەتدانەوەیەکی نەمسای لە پێش بوو روسیاش لە بەلکان هەمان سیاسەتی لەگەڵ نەمسا پەیرەو دەکرد، بەڵام وڵاتە بەلکانیەکان زو زو هەڵوێستیان دەگۆری هەر ماوەی لەگەڵ وڵاتێک دەسازان بە ئومێدی ئەوەی دەسکەوتێک وەدەست بێنن بەهەر رێگەیەک بێ.

لەبەر ئەوەی هیچ یەک لە نەمساو روسیا لەبەر ناسکی و پڕ مەترسیی ناوچەکە لە گۆڕانی پارسەنگی هێزەکان نەیان توانی یەکیان بەسەر ئەوی تردا زاڵبن، ناچار هەردو لا روسیا و نەمسا لە 1897لەسەر

ئەوە ڕێککەوتن کە بێ دەسکاری دەست بە دۆخەکانەوە بگرن، دۆخەکان لە بەلکان بەم شێوەیە مانەوە تا 1903ئەو کاتەی شۆڕش لە مەکەدۆنیا دژی ستەم و زۆرداری تورک هەلگیرسا. لەو کاتەوە ململانێی روسیی_ نەمسایی لە هەلچونە. دواتر بووە شەڕی (هێلی هاتوچۆ) ئەو کاتەی نەمسا پرۆژەی دروستکردنی هێلی ئاسنینی ئامادە کردبوو بۆ جیا کردنەوەی سنوری سرب و چیای رەش، روسیاش بە کێشانی هێلێکی ئاسنی لە رۆژهەلاتی سرب بۆ کەناری دەریای ئیجە رەدی دایەوە، نەمسا زۆر لەوە دەترا کە سرب بکەوێتە سەر دەریا.

دواتر هەر چالاکیەکی روسی لە بەلکان دەبووە مایەی دروست بوونی قەیرانێکی نێودەولەتیی ئالۆز، ئەنجامەکانی ئەم قەیرانانە مەرج نەبوو هەموویان لە بەرژەوەندیی روسیا دابن، زۆربەیان لە بەرژەوەندیی ولاتانی بەلکان تەواو دەبوون لەگەڵ ئەوەش روسیا سوربوو لەسەر ئەوەی سیاسەتەکانی لەم ناوچەیە کاریگەری خۆیان هەبن، هەمان بارو دۆخ سەبارەت بە چالاکیە فراوانخوازیەکانی روسیا لە دەولەتی عوسمانی، بەڵام ئومێدەکانی روسیا بە دیاری کردنی چارەنوسی دەولەتی عوسمانی هەرەسیان هێنا بەهۆی پەرەسەندنی رۆلی ئەڵمانیا، بەتایبەت سەبارەت بە پرۆژەی کێشانی هێلی ئاسنینی نێوان بەرلین _ بەغدا تا کازیمە لە کوێت. بەم شێوەیە ئەڵمانیا بەهاوشانی بریتانیا لە دەولەتی عوسمانی بوو بە هێزێکی دیار و بەرچاو بەڵکو لە فەرمانگە ئەوروپیەکان وا ناسرا کە مەودا زیندوەکانی ئەڵمانیا دەولەتی عوسمانیە بەتاییەتیش ئەنازۆل وعێراق.

لەبەر دەم روسیا جگە لە ئێران هێچ شوێنێکی لەبەردەم نەما بسەلمێنێ کە روسیا هێشتا ولاتێکی بەهێزە، دیارە ئەوسا چالاکی داگیرکاری ولاتە بچوکەکان نیشانە بەهێزی ولاتان بوو، بەڵام ماوەی سەدەیەک دەبێ بریتانیا بە نهێنی وئاشکرا دژی فراوانخوازیەکانی روسیا دەوەستێ لە ناوچەی فارس.

روسیا بۆئەوەی دەرگای فراوانکاری لەبەردەم خۆی والاکا دەبوایە لێک تێگەیشتنێک لەگەڵ هاوپەیمانی سێقۆلی یا بریتانیا ئیمزا بکا. هەر لێکتێگە یشتنێک لەگەڵ ئەڵمانیا لەناو بردنی هاوپەیمانی روسی_ فەرەنسی دەگەیەنێ،کەوایە رێککەوتن لەگەڵ بریتانیا باشترین رێگەیە.

لە ساڵەکانی 1906 _1907دوای ئەوەی روسیا لە نسکۆی ژاپۆن پەرو باڵی کرابوو، بریتانیاش لە پێ داگرتنەکانی دژی روسیا، هەندێک سست ببوو. ئەوە بە دور دەبینرا روسیا لەگەڵ ولاتێکی مەزن خۆیبخاتە شەڕەوە، ئەگەر بەراوردێک بە هەڵوێستەکانی روسیاو توانا سەربازی وئابووریەکانی ئەڵمانیا بکەین کە لە وپەری گەشەو پەرەسەندنی دابوو لە بوواری بەرهەمهێنان ودروستکردنی هێلی ئاسنینی و بەستنەوەی ناوچەکان بەیەکەوە، رێژەی تواناکان ئەڵمانیایان گەیاندبووە ئاستێک بەربەرەکانی بریتانیای دەکرد لەم بوواره زیانی بە بازرگانی وئابووریی گەیاندبوو، بەڵام ئەوەی رون وئاشکرایە دوژمنێکی هاوبەش بۆ روسیاو بریتانیا وئەڵمانیا هەبوو، کێشەکانی نێوان روسیاو بریتانیا دەکرا چارەسەر بکرێن بە پێچەوانەی کێشەکانی نێوان روسیا لە لایەک وهەریەک لە ئەڵمانیا و نەمسا لە لایەکیتر. گومانی تیانیە ئەو رۆلەی

دبلۆماسیەتی فەرەنسی بینیی لە نزیک کردنەوەی روسیاو بریتانیا و کردنەوەوی دەرگای گفتو گۆ و دانوستان بۆ چارەسەر کردنی کێشە کانی نێوانیان بە مەزنترین سەرکەوتنی دبلۆماسیەتی فەرەنسی دادەنرێت لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی.

ناوبژیوانیی فرانسا بۆ نزیک کردنەوەی بریتانیا وروسیا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، چونکە فرانسا لەسەر بەستنی هاوپەیمانێتی لە نێوان روسیاو بریتانیا سور نەبوو، بەڵکو داوای بەستنی تەبایی و دۆستایەتیەکی لێکردن وەکو ئەوەی لە 1904 ئەنجام درا، لە کۆتایی رێککەوتنێک لە نێوان روسیا وبریتانیا لە 30 ی ئابی 1907 ئیمزا کرا، نیوەی باکوری ئێران خرایە ژێر دەسەڵاتی روسیا، نیوەی باشوری ئێرانیش خرایە ژێر دەسەڵاتی بریتانیا، ناوەڕاستیش بۆ شای (قاجاری) جێما، ئەوەی سەیر بوو لەم رێککەوتنە، دەڵێ پشتگیری لە سەربەخۆیی شاو وڵاتەکەی دەکەین، کاتی خۆشی بریتانیا و فرانسا لە 1904لە رێککەوتنێکا سەبارەت بە مەغریب هەمان شێوازیان پەیرەو کردبوو. بەهای ئەم رێککەوتنەی بەناوی گونجان و تەبایی نێوان(فرانسا_بریتانیا)و (بریتانیا_ روسیا) ئەوکاتە دەزاندرێ کاتێک بیردۆزەکەی زانای بەریتانی (مەکندەر) دەخوێنینەوە کە سەبارەت بە دۆخە ستراتیجیەکانی دونیا ئاوا دەڵێ: (ئەوەی حوکمڕانی رۆژهەلاتی ئەوروپا بکات دەتوانێ دەست بەسەر (دڵی دونیا)، وەبگرێ، ئەوەی دەست بەسەر دڵی دونیاوە بگرێ دەتوانێ تەحەکوم بە (دونیایکۆن)هوە بکات، ئەوەی تەحەکوم بە دونیای کۆنەوە بکات دەتوانێ دەسەڵاتی هەموو دونیا بگرێتە دەست). دوای بەستنی ئەم دوو رێککەوتننامەیە لە توانای ئەڵمانیا ونەمسادا نەبوو دەست بەسەر رۆژهەلاتی ئەوروپاوە بگرن بێ ئەوەی شەڕێکی جیهانی بەرپا نەکەن لە سەرەتای سەدەی بیستەم.

پاش ئەوەی ئەڵمانیا بەم رێککەوتنەی روسیاو بریتانیای زانی هەستی کرد گەمارۆدراوە، دوای ئەوە ئیتر ئەوروپا _بەڵکو دونیا هەمووی_ کەوتە بەر دەم دوو فراکسیۆنی(کوتلە) ئالۆزی زەبەلاحی پڕچەک هەر یەکەیان چاوی بریبووە وڵاتێک بۆ ئەوەی بەلای خۆیاندا بشکێننەوە. بەڵام بە هەموو حاڵەتێک تای تەرازوی وڵاتانی گونجان وتەبایی لە تەرازوی وڵاتانی هاوپەیمانێتیە سێ قۆڵیەکە قورس تر بوو[25]، هۆیەکەشی بریتانیا خاوەنی هێزێکی دەریاوانیی بەرتەقای هەموو دونیا بوو، سەرەڕای ئەمەش هاوپەیمانی ژاپۆن بوو، لە رۆژهەلاتی دور لە 1905 ژاپۆنی ناچار کرد بەرگری دەریایی لە هیند بکات ئەگەر ڕووبەڕووی هێرش بوو، هەروەها لەگەڵ فرانسای خاوەن هێزی دەریاوانیی دەست وەشێن لە دەریای سپیی ناوەڕاست دۆستو تەبایە دیسان لەگەڵ روسیای خاوەن مەزنترین سوپا لەڕووی ژمارەوە دۆست و گونجاوە.

---

[25] لە روی پابەند بوون بە گرێبەستیەوە (هاوپەیمانێتی) لە(گونجان ودۆستایەتی) بە هێز ترە بۆ نمونە گونجان ودۆستایەتی بەسەر بریتانیا ناسەپێنێ کە بەشداری لە شەڕبکات لە تەک فرانسا بەڵام هاوپەیمانێتی ئەمە بەسەر روسیاوە دەکاتە مەرج لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕ دەبێ روسیا لە تەک فرانسا بووەستێ.

ئەم پەیوەستیەی روسیاو بریتانیا وفرانسا لە هۆکارە بنەڕەتیەکان بوون کە بڕواو متمانە بە روسیا ببەخشی بەسەر زۆر لە قەیرانەکان دا زاڵ بێ، قەیرانەکان پەیوەندیەکانیان توندو تۆل دە کردن و ئەورووپایان بە خێرا بەرەو جەنگ دەبردن، لە سەروی ئەم قەیرانانە :

1_ قەیرانی ئیمپراتۆریەتی نەمساو هەنگاریا کە لە 1908 بۆسنەو هرسک یان خستە سەر وڵاتەکەی خۆیان.

2_ قەیرانی ئەگادیر لە 1911.

3_ شەڕەکانی بەلکانی لە 1911 _ 1913.

بەشی دەیەم

قەیرانە نێودەوڵەتیەکانی ڕێخۆشکەر بۆ جەنگی یەکەمی جیهانی

* قەیرانی دەستگرتن بەسەر بۆسنە و هرسک لە (1908)
* قەیرانی ئەگادیر.
* شەڕەکانی بەلکان 1912 _ 1913
* کوشتنی شازادەی نەمسا

*** وڵاتە بەشداربووەکانی جەنگ**

دوای بەستنی هاوپەیمانێتیی تەبایی(ویفاق) روسیی_ بەریتانی بەڕونی کەش و هەواکان ئەوەیان دەگەیاند کە ئەوروپا بەرەو ڕوبەڕوو بوونەوەی هەردوو بلۆک هەنگاو دەنێ، مەوداکانی ئاشتەوایی نەمابوون ئەوەی مابوو مەودای ڕوبەڕوو بوونەوە بوو ئەوەش لەوەتەی 1908تا ئەو کاتەی شەڕی 1914رویدا سیاسەتی لێواری جەنگ پیادە دەکرا. هێزەکانی تری دونیا _ بەتایبەت ئەمەریکا وژاپۆن _ لە نزیکەوە چاودێری دۆخەکانیان دەکرد تا ئەوکاتەی بە هۆی روداوێک لە روداوەکان لە ئەوروپا دۆخەکان گەیشتنە ئاستی لوتکە. مەبستمان لە روداوەکە، کوشتنی شازادەی نەمسا فرانز فەردیناند بوو ئەم قەیرانە بوو کە ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانیی هەڵگیرساند.

قەیرانی دەست گرتن بەسەر بۆسنەو هرسک دا

ئیمپراتوریەتی نەمساو هەنگاریا بە پێی بریارەکانی بەرلین لە 1878 بەڕێوە بردنی ئەم دو هەرێمە(بۆسنە و هرسک) ی سەربە دەوڵەتی عوسمانی یان گرتبووە ئەستۆ. بەڵام نەمسا بە پاساوی چەند هۆیەک لەوانە سەلامەتی ئیمپراتۆرەکەی بە پلەیەک چاوی لێ بوو بیان خاتە سەر خاکی خۆی، چونکە داواکردنی نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی ئیمپراتۆریەتی نەمساو هەنگاریا مافی سەربەخۆ واتە هەموو نەتەوەکان داوادەکەن بەمەش ئیمپراتۆریەتەکەیان کە لە چەندین نەتەوە پێک هاتوە هەڵدەوەشێتەوە.

بزوتنەوەی (کۆمکاری سرب) رۆژ لەدوای رۆژ بەهێزتر دەبوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ملیۆنەها سرب کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوریەتی نەمساو هەنگاریا دا دەژین داوای یەکگرتنەوە دەکەن لەگەڵ نەوەی رەچەلەکیان لە میرنشینی سرب.

حکومەتی سرب تا ساڵی 1882 لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوریەتی نەمسا دا بوو تا لە رێگەی کودەتایەک رژێمی پادشایەتیی نەمسایان وەلاناو لە 1903بتروس قەرە جۆرجینیچ یان دانایە سەر تەختی حوکمڕانی، ئەوسا شەپۆلێک لە پڕۆپاگەندە لە ناو نەمسا بۆ دروست بوونی (سربی مەزن) بڵاو بوونەوە ئەم کارە هەڕەشە بوو بۆ قەوارەی ئیمپراتوریەتی فرە نەتەوە.

هەروەها پڕۆپاگەندەیەکی تری سرب هەبوو دەڵێ هەردو ولایەتەکەی سربی لە بۆسنە و هرسک کە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکانە دەخرێنە سەر دەوڵەتی دایک (سربیا) بەڵام گۆڕانەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی کارەکانیان بەرەو ئاقارێکی تر برد، لە 1908شۆڕشێکی سەربازی دژی دەوڵەتی عوسمانیی ستەم کارو دژی حوکمی سولتان عبدالحمیدی دووەم هەڵگیرسا ئەو حوکمەی وڵاتە ئەوروپیەکان چاویان تێ بریبوو تا هەردەرفەتێکیان بۆ برەخسێ دابەشی کەن، ئەم شۆڕشە هەندێک شۆڕشگێر ی کۆمەڵەیەک پێی هەڵسا کە پێیان دەوت (کۆمەڵەی یەکیەتی وگەشەکردن) یەکێک لە ئامانجەکانیان گەڕاندنەوەی حوکمی

دەستورو دەسەڵاتی تورکەکان بە هێزەوە بۆ هەموو ناوچەکانی ولایەتەکانی بوو، بە کرداریش وابوو هێزەکانی سوپایان بە فەرمانداریێتی ئەفسەرانی ئەم کۆمەڵەیە روەو مکوم کردنی دەسەڵات جولەیان پێکردن ئەمان بە (یەکیەتیەکان) ناسران.

کاتێک ئەم (یەکیەتیانە) بڕیاری شۆڕشیان دا مەبەستیان بوو شۆڕشەکەیان سیمایەکی گشت گیری پێ ببەخشن، داوایان لە ولایەتەکان کرد _ لەوانە بۆسنەو هرسک _ نوێنەریان بنێرن بۆ کۆبونەوە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی یەکیەتی وگەشەکردن.

بەڵام کاتێک ئیمپڕاتۆریەتی نەمسا هەستی کرد کە ئەم شۆڕشە دژی دەسەڵاتی سولتانە، ئەمەی بە دەرفەتێکی زێرین زانی،نیازی بوو دوو چۆلەکە بە یەک بەرد بکوژێ.

1_ هەردو ولایەتەکەی بۆسنەو هرسک بخاتە سەر خاکی خۆی بەر لەوەی تورکەکان لە گیرو گرفتەکانی ناوەخۆ دەرباز بن.

2_ لێدانی گورزێکی کوشندە لە ئومێدی سربەکان کە بەم دوو ولایەتە ئومێد بەست بوون.

بەڵام گۆڕانی نەخشەی بەلکان بەبێ رەزامەندی روسیا سەرناگرێ، (ئەهرانت) _سیاسەتمەداری نەمسا_ ئەمەی دەزانی بۆیە پیلانێکی دارشت تا روسیا بخزێنێتە ناو کێشەکەو لە دیفاکتۆ یەکدا ناچار بێ دان بە دەست بەسەرداگرتنەکەی نەمسا بۆ بۆسنەو هرسک بنێ دواتر قەرەبوویەکی مادیی چاکی روسیاش بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ئەزفۆلسکی _سیاسەتمەداری روسی _ کەوتە دانو ستان، سیاسەت مەداری نەمسایی ئەهرانت بە زیرەکی خۆی توانیی کار بکاتە سەر روسیا، هەر زو دانی بە مافی روسیا نا لە هاتو چۆ کردنی کەشتی گەلی جەنگاوەری روسی بە بەنداوی دەردەنیل و بسفۆر، دڵنیابوو لەوەی هەم دۆستانی روسیا هەم ناحەزانی تەنانەت ئینگلتەراش رێگە بەم داخوازیە نادەن، ئەهرانت ئەم بەزمەی داخست وپیلانەکەی خۆشی جێبەجێ کرد، ئەم دانوستانانە بەبێ ئاگاداری فرانسا بەرێوە دەچون. لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ پادشای بولگاریا رێککەوت_ تائەوکات لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان دابوو _ تا سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ، ئەوەندەی نەبرد تا لە پڕ ئیمپڕاتۆریەتی نەمساو هەنگاریا بۆسنەو هرسک یان خستە سەر خاکی ئیمپڕاتۆریەتە کەیان. ئەم دەست بەسەرداگرتنە گورزێک بوو لە دەوڵەتی عوسمانی درا بەڵام بۆ میرنشینی سربیای جەوان گورزێکی کوشندە تر بوو، بۆ روسیاش گورزێکی زولملێکراو بوو بەهۆی ئەوەی نەمسا دەسکەوتی خۆی وەدەست هێناو روسیاش بە قەرەبوو سەرگێردراو کرا.حکومەتی روسیا هەرایەکی زۆری نایەوە بەڵام لە روی لەشکرکێشیەوە هیچی نەکرد، روسیا بۆ بە هاناوە هاتنی روی لە هاوپەیمانە کۆنەکەی(فرانسا) و دۆستە نوێکەی (بریتانیا) کرد، بەڵام فرانسا داواکەی رەت کردەوە گوایە روسیا ژێر بەژێر لەگەڵ نەمسا گەڵێک دانیشتن وە هەنگاویان بەیەکەوە ناوە، کە دەبووایە راو بۆچونی فرانسای وەرگرتبا، بۆ مەسەلەی زولملێکراویەکەی روسیا _ بە بۆ چونی دبلۆماسیەتی فەرەنسی_ ئەوە ناچارمان ناکا بەوهۆیەوە لەتەک روسیا بووەستین.

بریتانیاش هەر لەسەر هەڵوێستە کۆنەکەی مایەوە کە داخستنی بەنداوەکان بوو بە روی کەشتیگەلی روسی. ئاسایی بوو ئەڵمانیا فشار بخاتە سەر روسیا بۆ ئەوەی دەست لە نانەوەی قەیرانەکان هەلگرێ، بەم شێوەیە روسیا لە 1908 جارێکی تر ڕووبەڕووی شکستێکی دبلۆماسی بووەوە لە شێوەی شکستەکەی ئەڵمانیا لە کۆنگرەی دورگە لە 1906.

هەرچەندە روسیا باجی خۆی دا بەڵام لەم باج دانە گەیشتە ڕاستیەک کە ئەگەر هاوپەیمانێتیی سێ قۆڵی سەرکەون ئەوا هەڕەشە لە روسیا دەکرێ بۆیە دەبێ لەسەر پابەند بوون بە دۆستە کۆنەکەی (فرانسا) سور تر بێت.

پڕۆسەی دەست گرتن بەسەر بۆسنە و هرسک بۆ سربیا ئەوە دەگەیەنێ، لە داهاتو ناتوانێ بخرێنەوە سەر (سربیای مەزن). داگیر کردنی نەمسا بۆ ئەم دوو هەرێمە مانای ئەوەنیە ئیتر دەست بەرداری ئەو ئومێدە بوو، بەڵام لە خۆگرتنی هەرێمەکان بێ گومان کۆتایی بە ئومێدەکان دێنن.

ئەمەو رسوا بوونی روسیا لە ژێر هەڕەشەو فشارەکانی دۆست وناحەزانی ئەمەش گورزێک بوو لە سربەکان درا چونکە ئومێدێکی زۆری بە خۆ بزاوتنی روسیا هەبوو کە دژی نەمسا کاردانەوەیەکی هەبێ، سربەکان کەمێک دانیان بەخۆ داگرت بەڵام بۆ حکومەتەکەیان کارێکی ئاسان نەبو بتوانێ کار بکاتە سەر هەستی سربەکان چ ئەوانەی ناو ئیمپراتۆریەتی نەمساو چ ئەوانەی ناو سربیا، ئەم کارە رەنگدانەوەیەکی خەراپی لەسەر توند بوونی قەیرانەکانی نێوان سرب وئیمپراتۆریەتی نەمسا وهەنگاریا هەبوو.

قەیرانی ئەگادیر

هەر وەکو گۆڕانی بارودۆخەکان لە بەلکان لەسەر دەستی نەمساو هەنگاریا بە لکاندنی خاکی بۆسنەو هرسک بە ئیمپراتۆریەکەیان بووە هۆی نانەوەی کیشەیەکی نێودەوڵەتیی ئالۆز، بە هەمان شێوە گۆڕانی بارو دۆخەکان لە مەغریب لەسەر دەستی فرانسا بوونە هۆی وروژاندنی ئەڵمانیا و دروست بوونی (قەیرانی ئەگادیر) کەپەشێویی لە نێوان هەردوو کوتلەکە بۆ ئاستێکی خەتەرناک بەرز کردەوە.

کێبەرکێی بریتانیا و ئەڵمانیا لە بواری دەریاوانی وداگیرکاری لەوپەڕی توندی دابوو، بەهۆی ئەوەی بریتانیا سوربوو لەسەر ئەوەی هێزە دەریاوانیی دەبێ دوبەرامبەر هێزی دەریاوانیی دونیابێ، هەوڵەکانی وەستاندنی ئەم کێبەرکێیە سەرکەوتو نەبوون، هۆیەکی تری سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی وەستاندنی کێبەرکێکە سوربوونی ئەڵمانیا بوو لە دەست هەلنەگرتن لە بەشی باشوری هێلی ئاسنینی بەغدا بۆ بەرژەوەندی بریتانیا تەنها بەمەرجی ئەوە نەبێ، لە حاڵەتی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوانی ئەڵمانیا و فرانسا بریتانیا بێلایەن بووەستێ، بەڵام بانگەوازەکەی بریتانیا لە 1908 بۆ داخوازیی سەربازی مانای ئەوەیە

بریتانیا لە ڕێککەوتنەکەی گونجان ودۆستایەتی لەگەڵ هەر یەک لە فرانساو روسیا نەما، کارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بریتانیا سوورە لەسەر ئەوەی لە هەموو بووارەکان بەسەر ئەڵمانیادا زاڵبێ.
ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ئەڵمانیا لە چاوەڕوانی وڵاتە کانی گونجان (ویفاق)ودۆستایەتی دابێ بۆ تەنگەتاو کردنیان، کاتێک فرانسا بە هێزێکەوە چوە سەر مەراکش، ئەڵمانیا دڵنیا بوو لەوەی هەرکاتەی لەشکری وڵاتێکی ئیمپریالیزمی ئەوروپی لەشکرکێشی باکتە سەر مەراکش ئەمە خۆی لە خۆیدا داگیر کردنە.
چونکە کاتی خۆشی بریتانیا کە میسری داگیر کرد سەرەتا بەناوی هاوکاری کردنی خدێوی وپاراستنی لە یاخیبووان چوە ناو میسر بەڵام دواتر بوو بە داگیرکار، ئەمە هەر چەندە ئۆپەراسیۆنەکەی فرانسا زیانی زۆر بە مەراکش ناگەیەنن بەڵام بەئەگەری ئەوەی حکومەتی ئەڵمانیا هەردەم سەرنەکەوتنەکەی کۆنگرەی دورگە لە 1906ی لەبیربوو، مەبەستی ئەوەبوو کارێکی وا بکات ئەم کارەساتەی لەیاد بچێ یا هەر نەبێ قەرەبووی ئابڕوچونەکەی بکاتەوە، ئەمە بەتایبەت کە ئیسپانیا هەرچەندە لەم داگیرکاریەی فرانسا ژێر بەژێر سازشیەکی لەگەڵ فرانسا دا هەبوو بەڵام لەناخەوە دژی ئەم داگیرکاریە بوو.
بەڵام کاردانەوەی ئەڵمانیا توند بوو، حکومەت کاولکاریی (پانتێر)ی بە پرچەکی قورسەوە ناردە سەر بەندەری ئەگادیر ودەستی بەسەردا گرتبە نیازی ئەوەیلەژێر دەستیدابێ تا ئەوکاتەی لەگەڵی دەگەنە رێککەوتنێک، داخوازیەکانی ئەڵمانیا بۆ قەرەبوو کردنی کۆنگۆی فەرەنسی بوو.
ئەم هەڕەشانەی ئەڵمانیا، بریتانیا زۆر بەتوندی بەروی دا وەستا، سیماکان ئەوەیان دەخوێندەوە کە ئەگەر جەنگ روبدات بریتانیا لە پاڵ فرانسا دەوەستێ. پسپۆرە سەربازیەکانی فەرەنسی و بەریتانی زانیاریەکانی نەخشەی جەنگیان ئالوگۆر دەکرد، لەولاشەوە گەلی ئەڵمانیا دەهۆڵی جەنگیان لێدەداو داوایان لە قەیسەری ئەڵمانیا دەکرد لەگەڵیان توند بێ، بەڵام بە بۆچونی قەیسەر مەسەلەکە ئەوەندە ناهێنێ جەنگێکی مەزنی لەسەر بەرپا بکرێ بۆیە بە پارچەیەک زەوی لە کۆنگۆ رازی بوو بەو ئومێدەی ئەم پارچە زەویە لە داهاتو بۆ ئەوان ببێتە دەروازەیەک بۆ چونە ناو ئەفریکا. بەم شێوەیە فرانسا لە کێشەکە بە سەرکەوتویی دەرچو دەستەکانی لە مەراکش والابوون لە ساڵی 1912ش مافی پاراستنی بەسەردا راگەیاند.
ئەم قەیرانە ئەنجامی گرنگیان لێ وەدەر کەوتن، ئەویش بریتانیا کە تا ئەوسا پەیوەندیەکانی لەگەڵ فرانسا لەسەرئاستی گونجان دابوو بەڵام بەم قەیرانە هەرچەندە بە رێککەوتن هیچ رانەگەیەندرا بەڵام پەیوەندیەکان چونە ئاستی هاوپەیمانی.
لە میانەی ئەم قەیرانەو دواتریش هەریەک لە ئیتالیاو روسیا هەوڵی سود وەرگرتنیان دا لەم دەرفەتە، روسیا هەڵمەتی کردە سەر ئێران بە مەبەستی فراوانخوازی بەڵام بریتانیا رێگەی نەدا ئامانجەکانی بێنە دی، کەچی ئیتالیا بە رەزامەندی وڵاتە مەزنەکانی ئەوروپا روەو دەوڵەتی عوسمانی هێرشی برد لەشکرد کێشیی کردە سەر تەرابلس و دورگەی دۆدیکانیز و داگیری کردن، تورکیا ناچار بوو ئاگربەستی لەگەڵ ئیمزا بکا لەژێر مەترسیی دروست بوونی کۆمەڵەی بەلکان (یۆنان وسرب وبولگاریا) کە شەڕیان دژی

دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند بۆ وەدەرنانی لە وڵاتەکانی ئەوروپی، ئەوەی ڕاستیش بێ بۆ ئامانجە فراوانخوازیەکانی نەتەوایەتیە کانیان بوو.

جەنگەکانی بەلکانی 1911 _1913

بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی بەلکان بە بەرمیلی باروت ناو دەبردرا، هەر واش بوو، هەڵوێستەکانی وڵاتانی مەزن و وڵاتە کانی بەلکانیش ناتوانین دیارکەین ئاخۆ کێ لەگەڵ کێ دابوو، کامە وڵاتی مەزن دۆست یا دوژمنی کامە وڵاتی بەلکانە یا بە پێچەوانەوە چونکە لە گۆڕانی بەردەوام دابوون، تەنها ئەوە دەتوانین بڵێین دوای قەیرانی بۆسنەو هرسک سربەکان دوژمنی سەرسەختی ئیمپڕاتوریەتی نەمساو هەنگاریا بوون.

ئیمپڕاتۆریەتی نەمساو هەنگاریاش بەدوای فاکتەرێک دا دەگەڕا بۆ ئەوەی هەتا هەتایە پڕۆپاگەندە چالاکیەکانی سربی مەزن بێ دەنگ کات، بۆ ئەم مەبەستە ڕێگەی گەمارۆی ئابووریان بەکار هێنا بەڵام بێسود بوو، سیاسەتمەدارانی نەمسا گەیشتنە ئەو بڕوایە کە تەنها هێز تاقە ڕێگەیە بتوانێ بیرۆکەی (سربی مەزن) لە ناوبەرێ، ئەگەر ئەمە نەکات ئیمپڕاتۆریەتی نەمسا توشی هەلوەشانەوە دێت. بەتایبەت دوای شۆڕشە نەتەوایەتیە کەی مەکەدۆنیا دژی حوکمی تورکی هەستی نەتەوایەتی لای سربەکان گەشەی سەند و بووژایەوە.

مەکەدۆنیا پێک هاتبوو لە سرب و یۆنانی و بوولگاریەکان، رۆژنامەکان بە دروشمە نەتەوایەتیەکان گڕیان لە نەتەوە پەرستانی یۆنان وبولگاریا وسربیا بەردابوو ئەم بووارە مەودایەکی دیماگۆگیی بەخۆوە بینی بە هاندانی هەستی سەلبیی.

ئەگەر ئەم دروشمە نەتەوایەتیانە مان خستنە لایەک ولەسەر بنەمای نەتەوایەتی مەکەدۆنیامان دابەشی سەر پێکهاتە نەتەوایەتیەکان کرد، دەبینین ئەم کارە ئەستەمە بکرێت بەهۆی ئەوەی نەتەوەکان بە جۆرێک تێک هەلکێش کراون لەیەک جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نیە، ئەمە بووە هۆی چاندنی تۆی دوبەرەکی وئاژاوەو تێکچونی پەیوەندیەکانی نێوان لایەنە بەشداربووەکانی کۆمەڵەی بەلکان کە لە ساڵی 1912 دامەزرابوو، هەر چەندە روسیا پشتگیریی لەم جۆرە رێکخراوانە دەکرد بەڵام ئاشکرای کرد کە تەنها دەرکەوتنیان و جولەکردنیان دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕوبەڕووی هەمان چاوبڕینەکانی خۆی دەبنەوە لە دەوڵەتی عوسمانی واتە لە بەرژەوەندیەکانی دەدرێن، فرانساو روسیا هەوڵی ئەوەیان دا دەست بەسەر دۆخەکە دابگرن و چالاکیەکانی ئەم کۆمەڵە سنور دار کەن بەڵام بێ سود بوو، وڵاتەکانی کۆمەڵە لە چاوەڕوانی ئەوە دابوون روسیا لە تەکیان بووەستێ بەڵام ئەم هەموو هەوڵانە بەدرەنگ وەختانێک هاتن، ئەوەندەی نەبرد چیای رەش(مۆنتنیگرۆ) بڕیاری شەڕی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی راگەیان دواتر وڵاتەکانی تری کۆمەڵە چاویان لێکرد.

ئۆپەراسیۆنەکانی وڵاتانی کۆمەڵە پێی هەڵدەستان سەرکەوتو بوون بەڵام بووە هۆی سەراوژێر کردنی بارو دۆخە سیاسی و ستراتیجی ونێودەوڵەتیەکان،

سوپای سربەکان بەسەر تورکەکاندا زاڵ بوون و دەستیان گرت بەسەر مۆناستیتر و دڵی مەکەدۆنیا. بوولگاریەکان ئومێدیان دەخواست کە ئەمە بەشە سەرکەوتنی ئەوان بووایە، هێزەکانی سربی درێژەیان بە هەڵمەتەکان دا، تا گەیشتنە دۆرازۆ، لەوێ ئیتر ئیمپراتۆریەتی نەمسا وهەنگاریا هار بوو لەوەی سربەکان دەروازەیەکیان لەسەر دەریای ئیجە کەوتە ژێر دەست. لە ژێر فشاری نەمساو ئیتالیا سربەکان ناچار کران تا لە دۆرازۆ بکشێنەوە، هەروەها نەمسا فشاری خستە سەر چیای رەش (مۆنت نیگرۆ) تا ئەویش دەست لە ئەشقودەر هەلگرێ.

هێزەکانی یۆنانیش بەسەر تورکەکان دا سەر کەوتن وشاری سالۆنیکایان ئازاد کرد، بەڵام ئەمەش نیاز و ئومێدی بوولگاریەکان بوو.

شاری ئەدەرنە ش کەوتە بن دەستی هێزە هاوبەشەکەی سربی وبوولگاری، هێرشەکان روەو ئەسیتانە بەردەوام بەرەو پێش دەچون ئەوەندەیان نەمابوو بگەن پێی، بەڵام ئەم جارە روسیا دەستی خستە پێش و لەوە رازی نەبوو بەنداوەکان بکەونە ژێر دەستی وڵاتێکی ئەوروپی جا ئەو وڵاتە لە وڵاتە مەزنەکان بێ یا بچوک دوژمن بی یا دۆست، فشاری خستە سەر بولگاریا تا ئەویش بیرۆکەی هێرش بردن روەو پایتەختی عوسمانیەکانی وەلا نا.

ئەم سەرکەوتنانە و ئەم دەستێوەردانانەی دوو وڵاتە زلهێزەکەی ئەوروپاو بە رەزامەندیی وڵاتەکانی تر بۆ بەرقەرا بوونی ئارامی لە ئەوروپا، بەر لەوەی هەموو کاغەزەکان تێکەل بەیەک ببن، بوونە هۆی بەستنی گرێبەستێکی ئاشتەوایی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و چوار وڵاتە بەلکانیەکە.

ئەوەندەی بەسەر نەچو تا وڵاتانی کۆمەڵە بە روداوەکانی رابردو داهاتنەوە، بولگاریا بەهۆی ئەوەی لەم روداوانە هیچی دەست نەکەوتبوو ئاخی هەڵدەکێشا، یۆنان و سربەکان هەریەکە پانتاییەکی باشیان لە خاک کەوتە ژێردەست کە سەرنشینێکی زۆری لێ نیشتەجێ بوو. ئەم سەرنشینە نوێ یانە هەموویان تەنها یۆنانی وسربی نەبوون بەڵکو بوولگاریش بوون، دەرخستنی ئەم بولگاریانە بە هێز نەبێ ناکرێ بۆیە پادشای بولگاریا کتو پڕ هێرشێکی بۆ سەر(دڵی مەکەدۆنیا) برد بەمەبستی داگیر کردنی بەڵام سربەکان دژی بوولگاریەکان هاوکاری یۆنانیە کانیان کرد، بەم شێوەیە سربەکان بۆ هاوکاری یۆنانیەکان دژی بولگاریا کەوتنە جەنگ، لەشکری بولگاریا شکستی هێنا و بەرەو دواوە کشایەوە بەڵام ئەوەی سەیر بوو رۆمانیا بۆ مەرامەکانی خۆی هاتە ناو کێشەکەو دژی بولگاریا کەوتە شەڕ و راوەدوی بلگاریای نا ئەوەندەی نەمابوو سۆفیا بگرێت، هەڕەشەی لە سۆفیا دە کرد، لەم میانە ئەنوەر پاشا[26]کە لە ئەنجامی کودەتایەک تازە

---

[26] یەکێک بوو لە سێ سەرکردەکانی(یەکیەتیەکان) دەستی بە سەر تواناکانی عوسمانی داگرت تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، دوانەکەی تر (تەلعەت پاشا) و(جەماڵ پاشا) ن.

دەسەڵاتی لە ئەسیتانە گرتبووە دەست توانیی ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە و ئەدەرنە بە ئاسانی بگرێتەوە، بە دەرچونی ئەدەرنە لە دەسەت بولگاریا ناچار دەبێ پەیماننامەی بۆخارێست لە 10/08/1913 ئیمزا بکات.
لەم پەیماننامەیە رۆمانیا قازانجی کرد هەرێمی (سلستریا) و بەشێک لە خواروی (دبروجە) ی وەرگرت ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانی دبروجە بوولگارین. یۆنانیش خواروی مەکەدۆنیای بەرکەوت کە بەم شێوەیە دەروازەی دەریایی لە روی بولگاریا داخرا. ئەمە سەرباری (کریت) کە دژی عوسمانیەکان شۆڕشیان هەلگیرساند بوو، راشیانگەیاند کە لەگەڵ یۆنان یەک دەبن. لەم سەین و بەینە وڵاتیکی نوێ دروست بوو ئەویش ئەلبانیا بوو دروست بوونی ئەم دەوڵەتە لە خۆشی خۆی نەبوو بەڵکو بۆ ئەوە بوو تا سربەکان نەگەنە دەریای ئەدریاتیک کە مەبەست و بەرنامەی توندی ئیمپڕاتۆریەتی نەمساوهەنگاریا و ئیتالیا بوو.
ئەوەی شیاوی باسە لە میانەی ئەو قەیرانانە لە لەندەن لە (1912_1913) بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەکی شیاو کۆنگرە دەبەسترا، دوایین کۆنگرە بۆ دابین کردنی ئاسایش بۆ ئەوروپا، سەرنەکەوتو ترین کۆنگرە بوو ئیتر ئەمە ئەوەی سەلماند کە تەنها سوپا دەتوانێ رێگە چارە بدۆزێتەوە.

ئەم شەڕو جەنگانەی بەلکان گۆڕانی بەدوای خۆیەوە هێنا کە ئەنجامەکەی بووە جەنگی یەکەمی جیهانی، گرنگترینیان بریتین لە :
1_ بولگاریا بە باڵ شکاوی دەرچوو بێ ئەوەی روسیا یارمەتیی بداو رزگاری کا، تارادەیەک نەمسا لەتەکی وەستا بۆیە پەیوەندیەکانی بوولگاریی_ روسی دۆستانە نەمان.
2_ حکومەتی (یەکیەتیەکان) لە ئاسیتانە زیاتر مەیلی دۆستایەتیان لەگەڵ ئەڵمانیا لا دروست بوو، دوای شەڕی بەلکان ئەمە زیاتر رەنگی دایەوە ئامادەیی خۆیان دەرخست کە دوبارە رێکخستنەوەی سوپاکانیان لە رێگەی پسپۆرەکانی ئەڵمانیاوە دەکەن، بۆیە داوایان لە ئەڵمانیا کرد کە فەرماندەیەکیان بۆ بنێرێ تا ئەرکی رێکخستنەوەی سوپاکەیان بۆ بگرێتە ئەستۆ. ئەم نزیک بوونەوەی حکومەتی یەکیەتیەکان لە ئاسیتانە لەگەڵ ئەڵمانیا، روسیای نارەحەت کرد لە مەترسی ئەوەی ئەڵمانیا دەست بگرێ بەسەر بەنداوەکان، بۆیە روسیا داوای لە ئەڵمانیا کرد کە لیمان ڤۆن ساندرۆسلە ئەسیتانە بکێشێتەوە کە بۆ ئەرکی رێکخستنەوەی سوپاکەیانی ناردبوو، بەڵام بریتانیا بە توندی دژی ئەم داواکاریەی روسیا وەستا چونکە فەرماندەیەکی بەریتانیش لە ئاسیتانە بوو بۆ کاری ریکخستنەوەی هێزی دەریاوانیی عوسمانیەکان، بەدانوستانی دێسەمبەری 1913کۆتایی بەم مەسەلانە هاتن ئەم دانو ستانانەش بۆ چارەسەریی کێشەو گرفتەکان بوون.

لیمان ڤۆن ساندرس

بە پێی ئەو رێککەوتنە لیمان ڤۆن ساندرۆس سەرۆکایەتیی ستونی سوپای تورکی لە ئاسیتانە پێ سپێردرا، ئەمەی لە جیات پۆستی فەرماندارێتی گشتیی سوپای عوسمانی وەرگرت، بە بۆچونی ئەم، پۆستی فەرماندارێتی بارێکی قورس بوو بەسەر شانەوە جێبەجێکردنی کارێکی ئاسان نەبوو، لەگەڵ ئەوەی ئەڵمانیا دڵنیا بوو کە دەوڵەتی عوسمانی بەرەو روخان ونەمانە لە ناوەوە نەک لەدەرەوە، چونکە بزوتنەوە رزگاری خوازەکان لە شام و عێراق چالاک بوون.لەگەڵ ئەوەی لە کۆنگرەی پاریس لە 1913رێککەوتن و لەیەک تێگەیشتنێک لە نێوان عەرەب و تورک ئانجام درا بەڵام گۆڕانەکان ئەوەیان سەلماند کە سیاسەتی تورک لەگەڵ عەرەب نەگۆڕاوە، کێشەکان هەر وەکو خۆیان مانەوە.

3_ شکستەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە وڵاتانی بەلکان بووە هۆی پەرشو بڵاو بوونی هێزەکانی ئیمپراتۆریەتی نەمساو هەنگاریا، دەبووایە هێزێکی مەزن لە ژێردەستی بووایە بۆ ئەوەی چاودێریی وڵاتانی بەلکانیی پێ بکات لە هەر گۆڕان وکێشەیەک بگاتە سەریان، ئەمە کاری کردە سەر ئەوەی لە توانای دا نەمێنێ هەموو هێزەکانی لە مەیدانی جەنگ لەگەڵ روسیا ئامادە بکات لە حاڵەتێک ئەگەر ئەم جەنگە روی دا. ئەمەو لەیەک نزیک بوونەوە کەی نێوان وڵاتانی گونجانە سێقۆڵیەکە (بریتانیاو روسیاو فرانسا) زیادی کرد، هەرچەندی کێبەرکێ دەریاوانیەکەی نێوان ئەڵمانیا وبریتانیا زیادیان دەکرد نزیک بوونەوەی وڵاتە سێقۆڵیەکەش زیادیان دەکرد. دانوستانی جەنگو دەریاوانی لە نێوان بریتانیا وفرانسا بەڕێوە چون،گرنگترین ئەو خالانەی لەسەری رێککەوتن، هێزی دەریاوانی فرانسا کۆنترۆڵی دەریای سپیی

ناوەڕاست بكات، دەریاوانی بریتانیاش دوای كێشانەوەی هێزەكانی لە دەریای سپیی ناوەڕاست دەست بەسەر دەریای باكور بگرێ لەگەڵ بەرگری كردن لە كەنارەكانی فرانسای باكور.

رۆژنامەكان ئەم نزیک بوونەوەی وڵاتانی گونجان ودۆستایەتیان زۆر بە زیادەوە دەخستە سەر رووپەری رۆژنامەكان ئەمەش دەبووە مایەی قولتر بوونی دوژمنایەتی لەگەڵ هاوپەیمانی سێ قۆڵی، ووتارەكانی بڵاو كراوە لە رۆژنامەكانی ئەڵمانیا هێرشی ئاگرینیان دەكردنە سەر روسیاو بریتانیا و فرانسا، رۆژنامەكانی ئەم سێ وڵاتەش بە هەمان شێوە و توندتر هێرشیان دەكردنە سەر ئەڵمانیا، ئەم شەڕە وتارە ناحەزی وكینەكانی بەرەو ئاقارێكی خەراپ بردن سەرباری رق و كینی حكومەتەكان لەیەكتری.

لە ماوەی چەند ساڵێكی بەر لە جەنگی یەكەمی جیهانی دەماری سیاسەتمەدارو روناكبیرانی گەل توند وبەستراو بوون بەهۆی قەیرانەكانی هەڕەشە ئامێز لە پڕۆسەی ئاشتی كە روەو رمان دەچو.

هەرجارەی _ كە قەیرانە كۆتایی دەهات _ ئاستی شەڕە رۆژنامەكان بەرز دەبووەوە خەڵک توشی دلە راوكێ دەبوو بەهۆیەوە كێبەركێی سیاسی و ئابووریی نێوان هەردو كوتلەكە دەستیان پێدەكردەوە:

دەوڵەتانی گونجان و دۆستایەتی(روسیا فرانسا بریتانیا) لە لایەک ئەڵمانیا وئیمپڕاتۆریەتی نەمساو هەنگاریا لەلایەكی تر، بەڵام ئیتالیا بە هۆی پەیوەستیی بە هەردو كوتلەوە رۆلێكی ئەوتۆی نەبوو، بەم هۆیەوە كوتلەی دووەم كورتی هێنا لە نێوان (ئەڵمانیا و ئیمپڕاتۆریەتی نەمساو هەنگاریا) دا مایەوە، پرسیاری بێ وەڵام لەسەر زمانی سیاسەت مەدارو بەرپرس و رۆژنامەنوسان ئەوەبوو : ئایا دەبێ كام كوتلە بە هێزتر بێ ؟ بەم بۆنەوە كاری ستونە سوپاییەكانی هەموو لایەک، ئامادە كاری بوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی جەنگێكی مەزنی سەرتاسەری دایە، ئەوروپا لەبەردەم چارەسەر كردنی هەموو كێشەكان دەستەوەستان مایەوە لە توانای دانەبوو چارەسەری هیچ كێشەیەک بكات وەكو ئەوەی لە كۆنگرەی بەرلین لە 1878 كە تایبەت بوو بە كیشەكانی رۆژهەلات و كۆنگرەی بەرلین ی ساڵەكانی 1884 _1885 تایبەت بە كێشەی داگیركاریی ئەفریكا. كۆنگرەی دورگە لە 1906دەكرێ بڵێین یەكێک بوو لەو كۆنگرانەی ئەوروپا تیایدا خاوەنی ووشەیەكی هاوبەش بوو، ئەمە بە چاوپۆشین لە ئەنجامە مەترسی دارەكانی لێی كەوتنەوە، دواجار بەستنی كۆنگرەی لەندەن لە 1912كە تایبەت بوو بە لێكۆلینەوە لە كێشەكانی بەلكان. بەم شێوەیە تواناكانی ئەوروپا بۆ چارەسەری كێشەكان لە رێگەی كۆنگرەكانەوە رۆژ لە دوای رۆژ لە كورتیان دا بە ناچار چەكو لەشكركێشی بوونە تاقە رێگە بۆ بن بركردنی كێشەكان.

ئەم هەستە توندانەبوون رێگەیان بە سیاسەتمەدارن نەدا لە رێگەی بانگەوازی كۆنگرەكان بگەنە رێككەوتنێكی ئاشتیانەی نێودەوڵەتی. بۆ نمونە لە 1899 قەیسەری روسیا بانگەوازی بۆ بەستنی كۆنگرەی ئاشتەوایی نێودەوڵەتی كرد لە ڕاستیشدا مەبەستی سود وەرگرتن بوو لەم دەرفەتە بۆ ئەوەی روسیا بێهێز كات لە كاتێكا هێزەكان لە وڵاتە مەزنەكان دەبەسترانەوە، بەڵام وڵاتانی ئەوروپا لە بەستنی ئەم كۆنگرەیە رازی نەبوون چونكە نیازەكانی روسیایان لەم كۆنگرەیە دەزانی چیە. بانگەوازی دووەم لەسەر زمانی

تیۆدۆر رۆزفێلت ی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بوو لە1907دا، بریتانیا ئەم بانگەوازەشی لەناو برد چونکە خۆی هێزی تەواوی هەبوو کە بتوانێ پاسەوانیی دەریاکان و هێلی هاتو چۆی ئیمپڕاتۆرەکەی پێ بکا، گوێشی لەو رەخنانەی ئەڵمانیا وواشنتۆن نەگرتن کە بە پیر بانگەوازەکەی نەچو چونکە ئەوسا لە 1907بریتانیا لەو پەری هێز دابوو باکی بەم رەخنەو هەرەشانە نەبوون.
سیاسەتی خۆ پڕچەککرد، وڵاتە سێ قۆڵیەکەی کۆک لە ئیمپڕاتۆریەتی نەمساو هەنگاریاو ئەڵمانیا لە هەڵچون دابوو بە شێوەیەک کە پێشتر ئەمەی بەخۆوە نەدیبوو، تا گەیشتە ئەو ئاستەی تارمایی جەنگ بەدی دەکرا وڵاتە دیموکراسیەکان رەزامەندیی پەرلەمانەکانیان وەرگرتن بۆ تەرخانکردنی بوودجەی تایبەتی و خۆپڕ چەککردن وەکو خۆپاراستنێک لە مەترسیەکانی رودانی جەنگێکی مەزن. رێورەسمە کانی قەیسەر لە ئەڵمانیا ونەمسا وروسیا جختیان لە وەدەکردەوە کە دەبێ ئامادە باشی ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر دۆخێکی ئاوەرتە بکەین. ئەمە سەرباری گوتارە ئاگرینەکانی سیاسەتمەدارو وتاری رۆژنامەکان کە هەستی نەتەوایەتیان بریندار دەکرد. ئەوەی جێی سەرنج بێ وڵاتە مەزنە رکابەرەکان لە میانەی ساڵی 1913بڕیاری زیاد کردنی هێزی چەکداریان دەرکرد، سەبارەت بە ئەڵمانیا لە 14 ی جەنیوەریی 1913یاسایێکی بۆ ئەم مەبەستە دەرکرد، ئیمپڕاتۆریەتی نەمساو هەنگاریایش لە کۆتاییەکانی 1913هەمان یاسای دەرکرد، فرانساش لە 7ی ئابی 1913بۆ هەمان مەبەست یاسایەکی دەرکرد، روسیاش لە کۆتاییەکانی 1913هەمان یاسای دەرکرد، لە بریتانیا بانگەوازی سەربازیی بەزۆ لەر 1911 _ 1912 راگەیەندرا بەڵام حکومەتی بریتانیا جەختی لەسەر زیاد کردنی ژمارەی هێزی سەربازیی کردەوە.

3_ لە مەترسیدار ترین ئەنجامی شەڕەکانی بەلکان پەرەسەندنی سربەکان بوو لە روی پانتایی خاک و ژمارەی دانیشتوانیان هەروەها جۆش بوونی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی سربی لە ناوەوەی سربیا و لە وڵاتە سربی نشینەکان کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی نەمساو هەنگاریادا بوون. خوێندکاران لێرەو لەوێ جولەو چالاکیی تیرۆریان دەنواندن لە پێناو یەک گرتنەوەی سربەکان هێرشی توندیان دەکردن لە ناوەوەی ئیمپڕاتۆریەتی نەمساو هەنگاریا چەندی کۆمەڵەی نهێنیی تیرۆرستی دامەزران بۆ لەناو بردنی کەسانی مەبەست لە فەرمانڕەواکانی حکومی لە بۆسنە و شوێنەکانی تر، کوشتنی ئەرشەدیق فرانز فەردیناند شازادەی نەمسا خۆی و هاوسەرەکەی لە سەرایێڤۆ لە 28حوزەیرانی 1914کە یەکێک بوو لەو سیاسەتمەدارانەی لە هەموویان توندتر بوو بۆ مەسەلەی سربیەکان، دەی ووت ئەم کێشەیە بە هێزنەبێ چارەسەر ناکرێ، ئەم روداوە بوو پەرەیسەند تا لە کۆتایی بووە هۆکاری هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی.
روداوی کوشتنی شازادەی نەمسا کارێکی ئەوەندە مەزن بوو لەوەدا نەبوو نەمسا بتوانێ قەبوولی کا، لە تۆڵەی ئەم کردارە سربیەکان دەبووایە سزای خۆیان وەرگرن. دوای ئەوەی ئەم روداوە بە لێبووردنێکی

فەرمیی دبلۆماسی وەکو چارەیەکی سیاسیانە رێککەوتنێکی لەسەر کرا، گەلی نەمسا ئەمەیان بە رسوا بوونی ئیمپراتۆریەت وگەلی نەمسا دەزانی.

بیرۆکەی زاڵ بوون بەسەر قەیرانەکە وبەرتەسک کردنەوەی ناکۆکیەکان لە نێوانی سرب ونەمسا لەبەر دەست دابوو وڵاتە ئەوروپیەکان نیازی لەم شێوەیان هەبوو بۆ ئەوەی لایەنی تر نەکەونە ناو کێشەکەو لە ئەنجام ئالۆز تر بێ، بەڵام بارو دۆخی نەمسا بۆ ئەم جۆرە بیرۆکانە لەبار نەبوو،چونکە چارەسەریی ئاشتیانەی مەسەلەکە لای نەمساییەکان بنبر کردنی کێشەکەنە بوو بەڵکو لە بار بردنی دەسەڵاتی سربەکان بوو، بە مەزندەی نەمسا چ زو چ درەنگ ئەم کێشەیە دوبارە سەر هەڵدەداتەوە. کەوابێ، ئایا دەکرێ کێشەکە لە نێوان هەردوو لایەنی سرب ونەمسا گیر بخواو رێگە بەهیچ لایەنێکی تر نەدرێ دەست بخاتە ناویەوە؟ یەر لەوەی ببێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێک سەرتاسەری دونیا بگرێتەوە؟

نەمسا سوربوو لەسەر وەشاندنی گورزێک لە سربەکان_ شازادە لەسەردەمی ژیانی ئەمەی لەبەر چاو گرتبوو _. سربەکان هەستیان بەمە دەکرد بۆیە لە ئامادە باشی دابوون لەگەڵ ئەوەی دانیان بەوە نەدەنا کە کوشتنی شازادەو هاوسەرەکەی لە کردەی ئەوان بێ، دیارە لە ئەنجامی لێکۆلینەوەکانی نەمساش بێ گوناهی سربەکانی لەم تاوانە دەرخستبوو، بەڵام فەرمانگا نەمساییەکان گوێیان بەم بڕیارەی لێکۆلینەوەکە نەدەدا و لە هەنگاوە دوژمنکاریەکانی دژی سرب بەردەوام بوون.

لە رەوشەکان نیازی نەمسا بەدی دەکرا کە بە تەمای ئۆپەراسیۆنێکە دژی سربەکان، بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەم ئۆپەراسیۆنە سیاسەتمەداری توندڕەوی نەمسایی برستلۆن وەزیری دەرەوەی نەمسا کە حکومەتی ئەڵمانیاش پشتگیریی دەکرد دەست نیشان کرا، یەکەم هەنگاوی، گەفێک بوو لە 23تەموزی 1914بە ناوی شانشینی نەمساو هەنگاریا بۆ سربی نارد.

بڕیاری دا دەست لە بچوکترین کاروباری سرب وەربدات لەوانە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە نیشتمانیەکان ورێگەنەدان بە بچوکترین پڕۆپاگەندەو بڵاوکراوە دژی ئیمپراتوریەتی نەمساو هەنگاریا، بە دورخستنەوەی هەموو فەرمانبەرە ناحەزەکانی ئیمپراتوریەت و گەڵێک لە هەنگاوی تریش کە هیچ سەروەرییەکی بۆ سربەکان نەدەهێشتەوە، لەگەڵ ئەوەی حکومەتی سربیا رەزامەندیی لەسەر زۆربەی بەندەکانی گەفەکە دابوو بەڵام حکومەتی ڤیەننا لە 28تەموزی 1914بڕیاری شەڕی راگەیاند.

بە دیدی سربەکان ئەمە بڕیاری لەناوبردنیانە، بۆیە بەدوای لایەنێکدا دەگەڕان لەم تەنگەشەیان رزگارکا، دیارە بۆ ئەم جۆرە هاوکاریانە تەنها ئەگەر روسیا بەهانایانەوە بێ، لەناوبردنی سربیا بە دەستی نەمسا، لەبەرژەوەندیەکانی روسیا دەدرێن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ نەمسا بەسەر ناوچەی بەلکان دا زاڵبێ کە ئەمەش مایەی قەبوول کردن نیە لەلایەن روسیاوە.

بەم شێوەیە شانشینی نەمساو هەنگاریا لەبەرامبەر جەنگێک وەستان کە دژی سرب وروسیا بێ دواتر دژی هاوپەیمانەکانی فرانساش دەبێ، دیارە ئەڵمانیا ئەمەی قەبوول نیە شانشینی نەمساو هەنگاریا کە هاوپەیمانێتی ئەون، بە دەستی روسیا لەناو ببردرێن.

فرانسا هەوڵی لەگەڵ روسیادا بۆئەوەی تۆزێکی خاو کاتەوە، ئەڵمانیاش لەگەڵ نەمساو هەنگاریا هەوڵی هێور کردنەوەی دا، بریتانیا رازی نەبوو بڕیاری لایەنگیری خۆی رابگەیەنێ کە بە لەشکرەوە لەتەک فرانسا دەوەستێ تەنانەت ئەگەر کێشەکە پەرەشی سەندو هەردو کوتلەکەشی گرتەوە. روسیا ئامۆژگاریەکانی فرانسای رەتکردنەوە کە داوای لێ کردبوو هەڵوێستەکانی لە سنوری کۆکردنەوەی هێز وئامادە باشی بنوێنێ، روسیا بەمە نەوەستا بەڵکو هێزو هەڕەشەکانی ئاراستەی ئەڵمانیش کردن، بەم شێوەیە ئەم دیفاکتۆیەی بەسەر فرانسادا سەپاند:

_ یا لەتەک هاوپەیمانەکەی دەوەستێ

_ یا روسیا بەتەنیایی لە مەیدانی جەنگ جێ دەهێڵێ وئەوساش روسیا توشی شکست دەبێ، کە کاردانەوەکەی بە خەراپی بەسەر فرانساش دا دەشکێتەوە.

روداوەکان زۆر بەخێرا دەڕۆیشتن هەرچوار دەوڵەتە ناکۆکەکان (راسیا فرانسا میرنشینە دوقۆڵیەکە و ئەڵمانیا) لە ئامادە باشی و خۆکۆکردنەوە دابوون، یەکتریان تاوانبار دەکرد، تا لە یەکەم رۆژی ئابی 1914 ئەڵمانیا بڕیاری جەنگی لەگەڵ روسیا دا لە 3ی ئابیش بڕیاریدا لەگەڵ فرانساش بکەوێتە جەنگ، لە وڵاتانی هەردو کوتلەکە کەسیان نەمان لە دەرەوەی جەنگ جگە لە ئیتالیا وبریتانیا، بەڵام بریتانیا هەنگاوی خەتەرناکی دژی ئەڵمانیا ولە بەرژەوەندی فرانسا دەنا، کەشتیگەلی لە دەریای باکور گیرساندەوە پەیمانی بە فرانسا دا کە ئەم کەشتیگەلە رێگە نادات هیچ هێرشێکی ئەڵمانی لە کەنارەکانی فرانساوە بکرێتە سەری. مێژوونوسانی بریتانیا دەڵێن ئەگەر کارەکان لەم ئاستە بووەستایان حکومەتی بریتانیا_ سەرۆکی وەزیران جرای بوو _ بەشداریی لە جەنگ نەدەکرد، بەڵام ئەڵمانیا پاساوی بەشدار بوونی جەنگی دایە دەست بریتانیا ئەو کاتەی ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر بەلژیک ی بێلایەن تا فرانسا داگیر بکات گوایە ئەم هانی رای گشتیی بریتانیای داوە تادژی ئەڵمانیا بکەوێتە شەڕ.

راو بۆچونی بریتانیا سەبارەت بە بەشدار بوونی بریتانیا لە جەنگ دەڵێ: بەرژەوەندیەکانی بریتانیا پەیوەستن بە بەرژەوەندیەکانی روسیا وفرانسا لەم کێشەیە کە لە پێناو داگیر کردنی سربیا دایە، بەڵام کێشەکان لەگەڵ ئەڵمانیا لە ئەوروپا لەگەڵ ئەو وڵاتانەیە کە داوای مافی ئازادی دەکەن)

پێم وایە بریتانیا پاساوی ئەوەی نەبوو بکەوێتە جەنگ، دەکرا خۆی دور بگرێ ئەوسا بەرچاوی زەلال تر دەبوو بەرژەوەندیەکانی خۆشی بە ڕونتر دەبینی وخزمەتی دۆزەکەی خۆی پێ دەکرا، رێککەوتنی (وفاق) گونجان ودۆستایەتیی نێوان بریتانیا و فرانسا مەرج نیە لەم جۆرە کێشانە بە سوپاوە لەتەک فرانسا بووەستێ.

ئەو ئەگەڕانەی دوای بەزاندنی سنوری بەلژیک لەلایەن ئەڵمانیاوە بوونە هۆی بەشدار بوونی بریتانیا لە جەنگ بریتی بوون:

1_ ئەگەر فرانسا بە تەنیایی لە مەیدان جێ بهێلدرێت گومان لەوە دانیە بەرگریی پێ لە سنورەکانی خۆی ناکرێت.

2_ بە بەشدار بوونی بریتانیا ئەگەری بەشدار بوونی وڵاتانی تر بۆ لایەنگری ئەڵمانیا وفرانسا هەبوون، کە ئەنجامەکەی مەترسی لەسەر ئیمپراتوریەتی بریتانیا دروست دەبوو.

بەڵام مەسەلەی بێلایەنی بەلژیک ومافی ئازادی ودیموکراسیی و مافی تاک ودکتاتۆریەت، ئەمانە ئایدۆلۆژیا یەکانن ڕاستیی ئامانجەکان دادەپۆشن، دەبینین بریتانیا لەگەڵ دڕندەترین وڵات لە بواری مافی گەلان و ئازادی هاوپەیمانە کە روسیایە، لەلایەکی لە هەموو پارچەکانی ئەم دونیایە تریشەوە مافی گەلان پێشیل دەکا.

ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژیانە لەم بڕیارە مێژووییانە بەرپرسیار نین _ بڕیاری بەشداری لە جەنگ_ کە چارەنوسی ئیمپراتوریەت دەست نیشان دەکات، مێژوو نوسی بەریتانی لەم بووارە بەم شێوەیە بۆچونەکانی خۆی دەردەبرێ:

(بڕیاری حکومەتەکان لە تەموزی 1914 بەرژەوەندیەکانی پەیوەست بە ئاسایش وسەروەری و هێز، بڕیارەکان دەست نیشان دەکەن)

هێشتا جەنگ بەم شێوەیە پەلو پۆی نە هاویشتبوو کە چەندین وڵات لە لایەنگری ئەم لا وئەولا تێوەگلان.

ئیمپراتوریەتی عوسمانی لە نۆڤەمبەری 1914لایەنگریی وڵاتانی ناوەڕاست کرد هەروەها بولگاریا لە 1915بەشداریی لە جەنگ کرد.

وڵاتانی کۆک ودۆستایەتیش، ژاپۆن لە 1914بەشداریی لە جەنگ کرد، ئیتالیا لە 1915ورۆمانیا و ئەمەریکاش لە 1917.

لە ئەنجامی بەشدار بوونی ئەمەریکا لە جەنگ زۆرێک لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین بەشداریان تێدا کرد بەڵام زۆربەیان بەشداریەکەیان کارا نەبوو ئەوانیش:

1_ کوبا.

2_ بەرازیل.

3_ پەنەما.

4_ گواتیماڵا.

5_ نیکاراگوا.

6_ هندۆراس.

ئەم وڵاتانەی ئەمەریکای لاتینیش پەیوەندیەکانیان لەگەڵ وڵاتانی ناوەڕاست پچراند:

1_ پۆلیڤیا.

2_ پیرۆ.

3_ ئۆرۆگوای.

4_ ئەکوادۆر.

سەبارەت بە وڵاتە ئاسیایی و ئەفریکیەکان هەموو پارچەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی و فەرەنسی بەشداریان کرد، سیام(تایلاند) لە تەموزی 1917دژی وڵاتانی ناوەڕاست جەنگی راگەیاند، هەروەها لیبیریا وچین لە ئابی 1917 جەنگیان دژی وڵاتانی ناوەڕاست راگەیاند.

بەشی یانزەهەم

هەڵسەنگاندنی هێزە زەبەلاحەکانی ئەوروپای بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی و لەسەروبەندیدا

_ بریتانیا

_ فرانسا

_ روسیا

_ ئەڵمانیا
_ شانشینی دوقۆڵی
_ ئیتالیا
_ بەلکان
_ ژاپۆن
_ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا
_ دەوڵەتی عوسمان

لەگەڵ ئەو گرژیەی لە ئەنجامی هەر قەیرانێک ئەوروپا توشی دەهات، ئەوروپا لە روی ئابووری وبەرهەمهێنانی پێشەسازی بووژانەوەو گەشەی بەخۆوە دەبینی سودی لە پێشکەوتنە پیشەسازیەکانی وەردەگرت. هەروەها دواکەوتویی موستەعمەرەکانی کۆن ونوێی بۆ ئەو ببوونە مایەی سودمەندی. لەگەڵ ئەوەی ئەڵمانیاو ئیتالیا وبەلژیک بە درەنگ وەختانیک کەوتنە مەیدانی ئیمپریالزمی _ بە بەراورد لەگەڵ ئەمەریکا بریتانیا وهۆڵەندا _ لەگەڵ ئەوەش موستەعمەرەکانیان ئەوەندە دواکەوتو وبرسی بەرهەم بوون توانای هەڵگرتنی هەموو بەرهەمە پیشەسازیەکانیانی هەبوو نەک هەر هی ئەوان بەڵکو هی دوو بەرامبەریشیان ئەمە بووە هۆی ئەوەی گڕ بەربێتە وڵاتانی تر بۆ کێبەرکێ کردن لە بواری ئابووری و سەربازی لەم ناوچانەدا. ئەمە باشتر بۆمان دەردەکەوێ ئەو کاتەی توێژینەوەیەک لەسەر بارو دۆخی ئابووریە سەرەکیەکانی ئەوروپا بکەین.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کاتێک ئاستی بازرگانێتیی نێودەوڵەتی دوو بەرامبەر دەبووەوە لە هەمان کاتدا ململانێی بازرگانیی نێودەوڵەتی لە رشت بوون دابوو. هەندێک لە مێژوو نوسان بە زیادەوە باسیان لە هۆکارەکانی جەنگ لە نێوان وڵاتانی (کۆک) وهاوپەیمانیە سێ قۆڵیەکە دەکرد هۆکاری هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانییان بۆ هۆکاری ئابووری دەگێرایەوە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەی کاریگەریی ئابووری لە دروست بوونی ئەم ململانێ و کێبەرکێ یە دەزانین بەڵام بە هۆکاری یەکەمی جەنگی نازانین، دەکرێ ئەمە لە بابەتێکی تایبەت بە پەیوەندیەکانی ئابووریی نێودەوڵەتی بخەینە رو.

بە شێوەیەکی گشتی زیاد بوونی قەوارەی بازرگانیی نێودەوڵەتی لەلایەن وڵاتانی ئەورپی لە هەڵچون دابوو، خێرایی زیاد بوونی قەوارەی بازرگانیی نێودەوڵەتی لە بریتانیا وئەڵمانیا دیارو بەرچاو بوو.

هەروەها قەوارەی ئالوگۆری بازرگانی لە نێوان ئەم دوو وڵاتە ناحەزە لە زیاد بوون دابوو، هاتوی بریتانیا لە ئەڵمانیاوە لە ساڵی 1913 بە رێژەی 14.2% بوو. تەرازوی ئالوگۆری بازرگانیش لە نێوان ئەڵمانیا وفرانسا لە بەرژەوەندی ئەڵمانیا دابوو. فرانسا داوای مسۆگەرهاوردەی رەژووی ئەڵمانیای دەکرد، ئەڵمانیاش داوای مسۆگەرهاوردەی ئاسنی فەرەنسیی دەکرد، ئەم هاوکارە بووە ئاکامی ئەوەی فرانسا لە پرۆژەکانی خەلوزی ئەڵمانی بەشدار بکات، ئەڵمانیاش هەمان شێوە لە پرۆژەکانی کانزا فەرەنسیەکان بەشدار بێ. هەندێک لە کانزاکانی جەزائیری کە لە ژێر دەسەڵاتی فرانسادا بوون لە رێگەی کۆمەکەکانی ئەڵمانی و فەرەنسی دەسورێندران.

سەبارەت بە روسیا لە 47%ی هاتوی لە ئەڵمانیاوە بوو و لە 29%ی ناردراوی روسیا بۆئەڵمانیا بوو. زۆرێک لە جوتیارە ئەڵمانیەکان بەدەرفەتیان زانی سود لە زەویەکانی روسی وەرگرن بۆ وەگەر خستنی سەرمایەکانیان و بەرهەمهێنان، ئەمە لە کاتێکدا ئاستی بازرگانێتیی لەگەڵ فرانسا لاواز بوو، ئاستی پەیوەندیەکانی ئابووریی نێوان فرانسا_ روسیا بەرز نەبوون لە چوارچیوەی قەرزەکانی فەرەنسی بۆ

گەیاندنی هێڵی ئاسنین بۆ سیبیریای رەت نەکردبوو لەگەڵ والاکردنی بازاڕەکانی فەرەنسی بەروی(سەنەدە) قەرزیەکانی روسی بۆ تێر کردنی پێداویستیەکانی سەرمایە.

بەڵام پەیوەندیە ئابووریەکانی نێوان ئەڵمانیا وهاوپەیمانەکەی نەمساو هەنگاریا، لاواز بوون، بەڵام پەیوەندیە ئابووریەکانی ئیتالیا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەڵمانیا ونەمساو هەنگاریا یەکسان بوو وێڕای پەیوەندیەکانی ئابووریی لەگەڵ فرانساو بریتانیا. ئەڵمانەکان لە ئیتالیا توانیان بەشی زۆرینە لە کارە بانکیەکانی ئیتالیا بخەنە ژێر دەستی خۆیان، بەمەش دەرفەتێکی ئابووریی فراوان بۆ ئەڵمانەکان لە ئیتالیا رەخسابوو.

بە شێوەیەکی گشتی قەوارەی بازرگانیی ئەڵمانیا بەر لە دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی زۆر لە زیاد بوون دابوو _ جگە لە روسیاو فرانسا کە ئاماژەمان پێیان دابوو _ لە هەریەک لە بەلژیک و هۆڵەندا و ئیسپانیاو پۆرتوگاڵ و لە بەلکان(بولگاریاو سرب ورۆمانیا) هەروەها لە دەوڵەتی عوسمانی.

دەبێ لێرە دەستنیشانی هۆکارەکانی زاڵ بوونی ئەڵمانیا بکەین لە بواری ئابووریی نێودەوڵەتی.

بە مەزندەی ئێمە هۆکاری یەکەمی ئەم زاڵ بوونەی ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە بۆ یەک بوونی ئەڵمانیا کە بە هۆیەوە توانا بەرهەمهێنان و زانستیە پیشەسازیەکانی بۆ ئاستێکی چاوەڕوان نەکراو بەرز بووەوە، ئەگەر ئەڵمانیا وەکو خۆی بە پارچەیی بمابایەوە لەو بڕوایەدانین ئەم هەنگاوە مەزنەی بهاویشتبا.

هۆکاری دووەم، چۆنایەتیی مرۆڤی ئەڵمانی کە لە شەڕەکانی ئەورپی بە سەرکەوتویی دەرچوبوو، دەبووایە لە روی بازرگانی وشارستانیش سەرکەوێ و زاڵ بێ، بۆ گەیشتن بەم مەبەستە دەبێ هەوڵ و تەقەڵای بۆ بدرێ، لە کاتێکا بازرگانی ئینگلیزی دەستی بە پێشینە کۆنەکانەوە گرتبوو کە مرۆڤی ئەڵمانی لێی رزگار بووە ئەمان بە شێوازی رۆتین دەهاتنە بەرچاو.

هۆکاری سێیەم،شوێن پێگەی ئەڵمانیا بوو کە لە ریگەی هێڵی ئاسنین و هۆکارەکانی تری هاتو چۆ بە بازاڕی هەموو ئەوروپاوە بەسترابووەوە. بازارەکان ئامادەبوون هەمو بەرهەمەکانی ئەڵمانی وئینگلیزی و باقی وولاتانی تر لەخۆ بگرن بەهۆی ئەو گۆڕانە پێشکەوتوانەی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەسەر وڵاتانی ئەوروپاوە هاتبون.

لەگەڵ ئەو پەرەسەندنەی ئەڵمانیا لە روی بازرگانیەوە بەخۆیەوە بینی بوو کە کارێکی خەراپی کردبووە سەر بازرگانەکانی بەریتانی،تا ئەوکات تەنها بازرگانیی بریتانیا لە زیاد بوون دابوو، جیاوازیەکە دابەزینی ئاستی بەرهەم هێنان بوو بە بەراورد لەگەل سەرەتای سەدەی بیستەم، لەم دەروازەیەوە کێبەرکێ یەکانی بازرگانی نێوان ئەڵمانیا_بەریتانا بە زیانی بازرگانە بەریتانیەکان تەواو دەبوو. بەڵام نەگەیشتە ئەو ئاستەی بازرگانەکان قەلۆش وبێ ئومێد بن.

ئەوەی کاری کردە سەر کەم کردنەوەی ئەم کێبەرکێیە، دەرچونی پارتی ئازادیخوازانی بەریتانی بوو کە بەردەوامیی بە سیاسەتی (ئازادیی بازرگانی) دا بۆ پەیرەو کردنی (پاراستنی گومرگ) بەروی داخوازیەکانی پارتی پارێزگاران وەستا، بە مەزندەی پارتی ئازادیخوازان پیادەکردنی سیاسەتی (پاراستنی

گومرگ) جەنگی ئابووری لە نێوان بریتانیا وئەڵمانیا روودەدات، بە بێ هیچ پاساو. پیاوە بازرگانەکانی بریتانیا خۆشیان لە پیادە کردنی ئەم سیاسەتە رازی بوون حەزیان لەوە نەبوو چەک بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکانی ئابووری لە نێوان بریتانیا وئەڵمانیا بەکار بێت.

هۆیە سەرەکیەکە، کە پیاوانی خاوەن کارو بەرپرسە بازرگانیەکانی بەریتانی بە دەمارێکی ساردەوە مامەڵە بکەن، ئیمپڕاتۆریەتی بریتانیا سەرمایەیەکی باشی خستبووە بازارەکان و بوواری وەبەرهەمهێنان بۆ ئەوەی بریتانیا ڕووبەڕووی هیچ راچلەکانێکی دارایی وئابووری نەبێتەوە.

ئەمە بە پێچەوانەی سەرمایەکانی ئەڵمانی کە لە ناوەوە وەبەرهەم دەهات، دوای یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا بوواری پان وبەرین رەخسان کە تیایدا وەبەرهەم بێنن بەتایبەتی وەبەرهێنانە نیشتمانیەکان. لەدەرەوەی ئەڵمانیا سەرمایەی ئەڵمانی لە ژێر فشاری نەمسا ڕێگەی بولگاریایان گرتە بەر دواتر بۆ دەوڵەتی عوسمانی وەکو ڕێ خۆشکردنێک بۆ پرۆژە کانی ئیمپریالزمی ئەڵمانی.

بەم شێوەیە پەیوەندیەکانی ئابووری لە ئەوروپا لەسەر بنەماکانی دابەش بوونی ئەوروپا لە نێوان کوتلەکاندا دابەش نەبوون، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کێبەرکێ کانی ئابووری لە ئاستی کێشە نەتەوایەتیەکان و سیاسەتە ستراتیجیەتەکان نەبوون کە ئەوروپایان بە جەنگی یەکەمی جیهانی گەیاند.

کەوابێ توانای ئەو وڵاتانە چیە کە بەشداریان لە جەنگی یەکەمی جیهانی کرد؟ کێشەکانیان چین؟ وەڵامی ئەم پرسیارانەمان بەشە سزاکانی ئەو وڵاتە دیاری دەکات کە بە بڕوای ئەوان ئەم جەنگە کورت خایەن وکەم زیان دەبێ بەڵام وادەر نەچو درێژخایەن وزیان بەخش بوو.

بریتانیا

لە سەرەتای سەدەی بیستەم بریتانیا بە سەقامگیر ترین وڵاتی ئەوروپا دەناسرا.

گەلی ئینگلیز لە سەردەمی گۆشەگیریدا لە (1856_1902) بە چاوێکی خۆبەزل زانینەوە سەیری گەلانی ئەوروپایان دەکرد. یەکێک لە هۆکارەکانی خۆبەزل زانینیان ئەوەبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بریتانیا لە لایەن هیچ وڵاتێک داگیر نەکراوە لە کاتێکدا هیچ وڵاتێکی ئەوروپی نەماوە لە دەست داگیرکاری دەرچوبێ، ئازایەتیەکە بۆ دەریای مانش وکەشتیگەلی بەریتانی دەگەڕێتەوە.

ئەم ئارامیە درێژەی بەسەر بریتانیادا تێپەری، بووە هۆی کودەتایەکی پیشەسازی دوای بنیاد نانی ئیمپڕاتۆریەتە مەزنەکەیان بە سەقامگیری باری سایاسیی وڵات لە ناوەوەو ئەو پێشکەوتنانەی بەخۆیەوە بینی لەڕووی دەستوری و کۆمەڵایەتی، بێ ئەوەی توشی هیچ هەژانێک بێت، ئەو رژێمە پادشایەتیەی لەسەر بنەمای پارتایەتیی وەزاری کە وەزیر لە بەردەم پەرلەمان لە کەمو کوریەکانی وڵات بەرپرسیار دەبێ، سیستەمێک بوو سیاسەتمەداران پێ شاگەشکە ببوون.

سیستەمی سیاسیی ئینگلیزی لە سەر بوونی دوو پارتی مەزنی هاورک دروست ببوو، ئەوانیش پارتی ئازادیخوازان و پارتی پارێزگاران بوو لە دوای هەڵبژاردن ئەو پارتەی زۆرینەی دەنگەکانی وەدەست دەهێنا، پادشا بۆ پێکهێنانی حکومەت رای دەسپارد ئەویش لەبەردەم پەرلەمان لە بەڕێوە بردنی بەرپرسیار دەبوو.

هەر پارتەو خاوەنی بیروڕای تایبەتیی خۆی بوو کە بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆ خۆشگوزەرانی وپێشکەوتن لە بەریتانی.

پارتی پارێزگاران لە زۆرینەی دەوڵەمەند و مولکدارانی کشوتاکالی پێکهات بوو، ئەوانیش گرنگیان بە کشتوکاڵ وبەرهەمەکانی دەدا لەدەست بێگانان دەیان پاراست تەنانەت ئەگەر ببوایە هۆی بەرز بوونەوەی نرخی خۆراکیش لە بریتانیا. لە روی سیاسەتی دەرەوە پارێزگاران لایەنگرانی ئیمپریالست و ئیمپریالیزم و لەناو بردنی بزوتنەوەکانی دژی ئیمپریالیست بوون لە بریتانیا. سەردەمی سەرۆک وەزیران دزرائیللی لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەم بە سەردەمی زێرینی پارتی پارێزگاران دەناسرێ، لەسەردەمی ئەو ئیمپریالیزم ی بریتانیا توانیی دەسکەوتی زۆر بۆ بریتانیا وەدەست بێنێ لە بوواری ئیمپریالیزمیدا لە قوبرس ومیسر و رۆژهەلاتی دور و ئەفریکا.

بەڵام پارتی ئازدیخوازان پتر مەیلی چاکسازیان لە بوواری ژیانی چینە هەژرەکان وچینی کرێکار هەبوو. ئەو گۆڕانە مەزنەی لە بوواری پیشەسازی لە بریتانیا روی دا زۆر کێشەی کرێکاری و تەندروستی و کۆمەڵایەتیی لەگەڵ خۆ هێنا بۆیە پارتی ئازادیخوازان بانگخوازی دابەزاندنی نرخی خۆراکی دەکرد لە رێگەی کردنەوەی دەرگای هێنان لە دەرەوەی وولات ئەمەش لەگەڵ ئەو بڕوایانە کۆک بوون کە سەرکردەکانی ئازادیخوازان بڕوایان پێ بوو ئەویش(ئازادیی ئابووری) بوو. زۆرینەی ئەندامانی پارتی ئازادیخوازان لە خاوەن کارگەو کەشتی وبازرگان وسەرمایەدار لە ناوەوەو دەرەوەی بریتانیا بەرهەمداریان دەکرد، زاڵ بوونی پیشەسازی لە بریتانیا بەند بوو بەدەست ئەوانەوە. ئەم بڕوایانە خزمەتی ئامانجەکانی ئازادیخوازانی دەکرد دیسان ئەمە سیاسەتی پارتەکەیان بوو، جێبەجێ کردنی ئەم بیرۆکانە باری کرێکارەکانی سوک دەکرد دەرگای بازاڕی بەرخۆریی بۆ بریتانیا لە وڵاتە کشتوکاڵیەکان دەکردنەوە بە ناردنی بەرهەمە پیشەسازیەکان و هێنانی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان لە بەرامبەریدا.

بەمە دەسکەوتی دارایی باش بۆ خاوەن کارگەی پیشەسازی و کەشتیەکان وەدەست دەهات.

بەڵام ئەم سیاسەتەی دەرەوەو ناوەوە زیانی زۆر لە گەورە مولکدارەکان وسەرکردەکانی پارتی پارێزگاران دەدا بەهۆی ئەوەی لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە بەرو بوومی کشتوکاڵی بازاڕەکانی بریتانیای دادەپۆشی، نرخی بەروبوومە خۆجێیەکە دادەبەزی، لەگەڵ ئەمەش بەکردار ئەمە سەلمێنرا کە سیاسەتی پارتی ئازادیخوازان لەم روەوە حکومەت بەرەو ئابووریەکی ئازاد وچاکسازیی کۆمەڵایەتی دەبا.

ئەوەی ڕاستی بێ ئاراستەکانی پارتی ئازادیخوازان بەرەو دانانی یاساکانی چاکسازی وباش کردنی باری ژیانی کرێکاران وخزمەتگوزاریە تەندروستیەکان وموچەو خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیە کانی تر رون و دیار بوون. بەڵام ئەم جۆرە یاسایانە بایەخێکی ئەو تۆیان بۆ کرێکاران نەبوو چونکە ئەوان دوای بەرز بوونەوەی بەرهەم وخۆشگوزاری، لە چاوەڕوانی پتر دابوون.

هەر لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە بزوتنەوە کرێکاریەکان لە بریتانیا چاڵاک و بەهێز بوون:

_ لە 1867لە لەندەن یەکیەتی نێودەوڵەتیی کرێکاران (نێودەوڵەتیی کرێکاری) کۆنگرەیەکیان بەست.

_ هەروەها لە 1881یەکیەتی کرێکاران (سۆشیالیست) ی رەوتی مارکسی دامەزرا.

_ لە 1884کۆمەڵەی زۆرینە(فابیزم) (سۆسیالستی) رۆلێکی باشی بینی لە دۆزینەوەی فەلسەفەی تایبەت بە پارتی کرێکاران.

زۆربوونی ژمارەی کرێکاران ویەکیەتیە کانیان رۆلی سەرەکیان بینی لە ئاڕاستە کردنی کرێکاران بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی، ئەمە مەزن ترین فاکتەری دامەزراندنی پارتی کرێکاران بوو لە 1893. کاتێک رامز ماکدۆنالد لە 1894هاتە ناو ریزی ئەم پارتە هەر زو تواناکانی لە سەرپەرشتی کردنی چاڵاکیەکانی فەرمانداری کردنی کرێکار و سۆسیالیستەکان بەدەر کەوتن هەر بە ئاسانی پۆستی سەرۆکایەتیی گرتە دەست. لەگەڵ ئەمەو سەرەڕای هەوڵێکی زۆریش ئەم پارتە رازی نەبوو نازناوی سۆشیالیست هەلگرێ، پاساوەکانیان ئەوە بوون کە مانەوەی ناوی پارتەکە لەسەر کرێکاران، پارت زیاتر پابەندی کار وئامانجەکانی کرێکاران دەبێ بە دانانی نازناوی سۆسیالیست ئەرکو ئامانجی تریش بەسەر پارتەوە دەبنە ماڵ بە تایبەت لەم کۆمەڵگایەی بەریتانی کە نمونەی لوتکەی سەرمایەداریە.

پارتی کرێکاران توانیی رۆلێکی باش لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتەکانی بریتانیا بگێرێ سەرەڕای ئەوەی لە ساڵەکانی بەر لە جەنگ ژمارەیەکی کەمی کورسیی لە پەرلەمان وەدەست هێنابوو بەڵام پارتی ئازادی خوازان لەگەڵ خۆی بەشداریی پێکردبوو لە حوکم. کارێکی ئاسایی بوو کە ئەم دوو پارتە هاوپەیمانی یەک بن بەهۆی ئەوەی لە پارتی ئازادیخوازان زانراوە ئامانجەکانی لە داناى یاساکانی کرێکاری، بە پێچەوانەی پارتی پارێزگاران بوو کە دژی یەکیەتیە کرێکاریەکان بیری سۆشیالیستی کاری دەکرد، ئەم بوونی سۆشیالیست ویەکیەتیی کرێکارەکانی وەکو تێکدەری رژێمی پادشایەتی و دەستوری هەڵبژاردنی دەزانی.

پارتی ئازادیخوازان لە ماوەی 10ساڵی بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی تا 1916 حوکم رانیی لە وڵات قۆرخ کردبوو، بەر لە دەست پێکردنی جەنگ بە چەند ساڵێک پارتی ئازادیخوازان چەند پرۆژە یاسایەکی چاکسازی و کۆمەڵایەتیی خستنە بەردەم پەرلەمان، کاتێک ئەنجومەنی (لۆردەکان) _ زۆرینەیان لە پارتی پارێزگاران بوون _ دژی وەستانەوە ئەوانیش هەندێک گۆڕانکاریان لە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی لۆردەکان کردن کە تەنها ئەنجومەنی گشتی (پەرلەمان)مافی دەرکردنی یاسی هەبێ _تەنانەت ئەگەر ئەنجومەنی لۆردات دژیشی وەستان _ بەهای ئەم چاکسازیە کۆمەڵایەتی و پەرلەمانیانە ئەوەبوو کە خەتەرناک ترین

کێشەی لە بریتانیا چارەسەر کرد و ریزەکانی گەلی بریتانیاشی یەکخستن و هەمووی لە دەوری حکومەت کۆکردنەوە.

هەرچەندی ناکۆکی لە نێوان هەرسێ پارتی پارێزگاران و ئازادیخوازو کرێکاران هەبووبێ، بۆ رێگەگرتن لە بەردەم ئەوانەی دەست دەخەنە ناو بووارەکانی ئیمپریالیزمی بەریتانی، هاوڕاو کۆک بوون. هێزی بریتانیا سەرچاوەی لە مەزنی کانزاکانی خەلوز و ئاسن گرتبوو هەروەها لەو کودەتایە پیشەسازیەی سودی پێ بەخشی بوو و ئەو چاکسازیانەی لە بووارى بەرهەم هێنان و گواستنەوەی بەخۆوە بینی بوو، بریتانیا بووە مەزنترین بەرهەم هێنەرو نێرەری بەرهەمەکانی خەلوز و پۆلاو چنین و پیشەسازیەکانی قورس وسوک. هەروەها هێزەکانی سەرچاوەیان لە فراوانی ئیمپراتوریەتی وە گرتبوو کە رۆژی لێ ئاوا نەدەبوو:

لە ئەفریاک: دۆڵی نیل هەمووی و کینیا وزنجبار و رۆدیسیا و یەکیەتی باشوری ئەفریکا و نێجروکەناری زێر(ساحل الذهب) کەناری عاج (ساحل العاج) سیرالیۆن و گامبیا و سۆماڵی ئینگلیزی.

لە ئاسیا ئەم موستەعمەر و پارێزراوانەی(محميات) دەگرتنەوە:

عەدەن ومەحمیات و مەسقەت وعەمان و ساحلی موتەساڵح و قەتەرو بەحرێن و کوێت و نیمچە کشوەری هیند و بۆرماو مەلایۆو سەنگافوراو ئوسترالیاو نیوزلەنداو هۆنگ کۆنگ و گەلێک دورگەی نێوان ئوستورالیاو ژاپۆن و باشوری رۆژهەلاتی ئاسیا. لە ئەمەریکای باکور، کەنەدای هەبوو و لە ئەمەریکای ناوەڕاستیش جیانای بەریتانی وباشوری دورگەی فۆکلاند.

ئەم موستەعمەرانە بەمانە تایبەت مەند بوون:

1_ هەڵکەوتنی لەسەر هێلی بەرینیی هەمەجۆری بەربڵاو لەنیوەی باکوری گۆی زەوی ونیوەی باشوری، ئەم هەڵکەوتنە دەبێتە یارمەتی دەر بۆ ئەوەی بەرهەمەکانی هەمەچەشن بن کە ئاستەمە گورزی لێ بووەشێندرێت.

2_ لەم موستەعمەرانەی دا بە ملیۆنان ئینگلیزی لێ نیشتەجێ کردبوون کە بۆ ئینگیز ببوونە سەرمایەی سەرو ماڵ هەر کاتەی بریتانیا پێویستیی پێ بووایە روی تێدەکردن، ئەمە سەرەڕای سود وەرگرتن لە تواناو وزەی موستەعمەرەیستەکان و وەگەرخستنیان لە بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا.

3- بەڕاستی هەندێک لە موستەعمەرەکانی بریتانیا هەبوون لە ژوانی ئەوەدابوون کە دەرفەتێک وەرگرن تا سەربەخۆیی خۆیان راگەیەنن وەکو کاسۆلیکە ئیرلەندیەکان ومیسریەکان بەڵام زۆرینەی ئیمپراتوریەتی بریتانیا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە توانایاندا نەبوو هەمان هەنگاوی ئیرلەندا بنێن. حکومەتی بریتانیا لەم روەوە خاوەنی دوو ئەزمونی تال بوو، یەکێکیان شۆڕشی ئەمریکیو ئەوی تریان جەنگی بوێر بوو ئەمەی دەزانی کە گوێنەدانە داواکاریی ئۆتونۆمی کارەساتی بەدواوە دێت، بۆیە مافی ئۆتۆنۆمیی بە کەنەداو ئۆسترالیاو نیوزلەنداو هەروەها باشوری ئەفریکا دا بە سیستەمێکی دیموکراسیی پەرلەمانی، ئەم بەخشینە

پێگەی ئیمپراتۆریەتی مکوم تر کرد هەستی ئەو حکومەتانە لە هەستی حکومەتی بریتانیا کەمتر نەبوو بۆ بەرگری کردن لە ئیمپراتۆریەت دژی دوژمنانی لەسەروی هەموویان ئەڵمانیا و کار کردن بۆ بەرژەوەندیەکان ئیمپراتوریەت.

چەمکی (ئازادیی بازرگانی) کە کەشتیگەلیەکانی بریتانیا دەیان پاراست لە هۆکارەکانی دەوڵەمەند بوونی بریتانیا بوو بە هۆی دواکەوتویی وڵاتانی دونیا و والا بوونی بازاڕەکانی دونیا لە بەردەم بریتانیا بەم پاساوەوە بوو.

تا ئەو کاتەی ئەوروپا بەسەر دوو فراکسیۆن(کوتلە) دادابەش نەبوو نەتوانرا بریتانیا بهەژێنن یا لە تواناکانی بەرگریی کەم کەنەوە.

هاوپەیمانێتیی دو قۆڵی و هاوپەیمانێتیی سێ قۆڵی، ئەم وڵاتانەش کەوتنە کێبەرکێ بۆ بەهێز کردنی سوپا کەشتی گەل و خۆ پڕ چەککردن، ئەو هەموو ماوەیە بریتانیا بە ئارامی لێی پاڵ کەوتبوو، بەهۆی ئەوەی هێزی دەریاوانی و کەشتیگەلی بریتانیا دوو بەرامبەر هەموویان دەبوو.

بەڵام لە دەیەکانی یەکەمی سەدەی بیستەم بەهۆی نەخشەکانی ئیمپراتوری ئەڵمانیا ولهالم ی دووەم بۆ بەهێز کردنی کەشتیگەلی ئەڵمانیا بازرگانیی بریتانیای نارەحەت کرد، بریتانیا ناچاردەبێ بەدوای هاوپەیمانێکدا بگەرێ تا لە گۆشەگیری دەرچێ. یەکەم جار پەیوەندیی بە ئەڵمانیاوە کرد کە بێ سود بوو، دواتر بە ژاپۆن و فرانساو روسیا. لەم پەیوەندیانەی دا هێزو وزەیەکی بە بریتانیا دەبەخشی تا جخت لەسەر کەشتیگەلیەکەی بکاتەوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ئەڵمانیا.

دوای ئەوەی لە 1905ژاپۆن بەرپرسیارێتی بەرگری کردن لە هیند گرتە ئەستۆ، بریتانیا توانیی هێزەکانی لە ئاو ی هیند بکێشێتەوە بەرەو دەریای باکوری ببا، دواتر کاتێک پەیمانی(گونجان دۆستایەتیی لەگەڵ فرانسا ئیمزا کرد، قەیرانەکان لەگەڵ ئەڵمانیا یەک بەدوای یەکدا هاتن لە 1906فرانسا توانیی بەرگری لە دەریای سپیی ناوەڕاست بکات ئەوسا کەشتیگەلی ئەوێشی بۆ دەریای باکور گواستەوە بۆ رودبەروبوونەوە لەگەڵ ئەڵمانیا. بەم شێوەیە بریتانیا توانیی هێزە پەرشوبڵاوەکانی کۆبکاتەوە لە ناوچەیەکی دیارو ناوچە دورەکانیش بە هێزە هاوپەیمانەکانی بسپێرێ. ئەمە سەرەڕای زیادکردنی بەرنامە چەکداریەکەی دوئەوەندەی پێشتر لە بەرنامەکانی ئەڵمانیای رەت کرد، ئەمە وبەهۆی بوونی چاوکی پترۆلی بەردەست لە عەرەبستانی ئێران و شارەزایی هونەری شەڕو تەکتیکەکانی، تواناکانی بریتانیا لە هی ئەڵمانیایان رەت کردن. لەگەڵ ئەم هەموو ئامادەکاری وخۆ پڕچەک کردنەی لە روی دەریاوانی ووشکانی وئاسمانیی هێزەکانی بریتانیا لەگەڵ ئەمەش هەر لە هەوڵەکانی ناوبژیوانی لە نێوان هەردو لایەنی شەڕکەر دابوو.

هەوڵەکانی لەگەڵ ئەڵمانیا بۆ راگرتنی کێبەرکێ کان بوو کە بۆ زاڵ بوون بەسەر هێزەکانی دەریاوانیی بریتانیا هەوڵی دەدا، هەوڵەکانی بریتانیا بۆ مەبەستی سەقامگیر بوونی دۆخەکان بوو، لەگەڵ ئەمەش

بریتانیا رازی نەبوو رێککەتنەکەی گونجان ودۆستایەتی بگۆری بە هاوپەیمانێتی ئەمە سەرەڕای هەوڵو داخوازیی بەردەوامی فرانسا.
ولهلم ئیمپراتوری ئەڵمانیا ئەم داخوازیانەی بریتانیای رەت کردنەوە کە دەست لە کێبەرکێ کانی چەکداری کردن هەلگرێ، بەم شێوەیە ئەڵمانیا وبریتانیا زیاتر لەیەک دور کەوتنەوە،لەگەڵ ئەوەش بریتانیا لەسەر ئەوە سوربوو کە دەست پێشخەریەکان لەدەست خۆی بمێننەوە ئەوکاتە بکەوێتە شەڕ لە تەک فرانسا کە خۆی هەلی دەبژێری نەک پێی هەلبژێرن.
تارمایی برسێتی و لاواز بوونی بازرگانی لە بریتانیا دەکرێ بڵێین لەپشت هۆکارەکانی بەشداری کردنی بریتانیا بوو لە جەنگی یەکەمی جیهانی لەگەڵ ئەوەش هێشتا لە روی توانای کەشتیگەلی بەسەر هێزەکانی ئەڵمانیادا زاڵە، لە توانایدابوو ئەڵمانیا گەمارۆی بدات، بەڵام ئەڵمانیا ئەمەی لە توانا دا نەبوو.
مەترسیەکی مەزن بۆ بریتانیا لە ئەڵمانیاوە لە ئارادابوو. بە هاوکاریی هاوپەیمانانی ئیمپراتۆریەتی نەمساو هەنگاریا، ئەڵمانیا لە توانایدابوو لە وشکانیەوە دەست بەسەر هەموو ئەوروپادا بگرێ، لەم روانگەیەوە دەبووایە بریتانیا بە هێزی زەمینی ڕوبەڕووی ئەڵمانیا ببێتەوە، دەبووایە بریتانیا بایەخ بە بەهێز کردنی هێزی زەمینی بدات تا رێگە بە ئەڵمانیا نەدات دەست بەسەر ئەوروپادا بگرێ، بریتانیا تەنها بیری لای فرانسا نەبوو بەڵکو لای هەموو شوێنە دەسکەوتوە ئیمپریالیزمە کۆن ونوێکەی بوو لە شام وعێراق و بەنداوی دەردەنیل و بسفۆر.

فرانسا

فرانسا لە بە هێز ترین وڵاتانی (گونجان[27]ودۆستایەتی) بوو لە روی هێزی زەمینی بەڵام کێشە ناوەخۆییەکانی کاری زۆریان کردبووە سەری، پەیوەندیەکانی فەرەنسی _ ئەڵمانی ش هۆکاری پەرەسەندنی دۆخەکانی ناوەخۆ بوون.
خوێندنگا و زانکۆو کەلیساکان هەموویان هەردەم کۆستی لەدەست دانی ئەلزاس و لۆرین یان وەبیر دەهێنانەوە داوای گێڕانەوەیان لە حکومەت دەکرد. بەڵام بڕیاری شەڕ لەگەڵ ئەڵمانیا لە دەسەڵاتی تەنیا فرانسادا نەبوو، هەر لەدوای کۆستەکە لە 1870/1871ڕاستەو خۆ زۆر لە سەرکردە فەرەنسیەکان داوای تۆلەی خێرا یان دەکرد لەوانە (گامبیتا)، بەڵام بە وشیاری و بلیمەتی (تییر) درکیان بە خەتەر ناکی ئەم

27 ویفاق

ئەركە كرد، بۆیە فرانسا لە بانگ خوازی تۆلە سەندنەوەوە بوو بە بانگخوازی دۆزینەوەی چارەسەریی دادپەروەرانە بۆ دۆزی ئەلزاس ولۆرین.

ئەگەر تێبینی بكەین دەبینین هەموو مێژوو نوسان ئەوانەی باسیان لەم كێشەیە كردوە باسی ئەم دوو هەرێمە بەیەكەوە دەكەن وەكو تەواوكەری یەک،كە لە یەک ناوچەی جوگرافی بن. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ دۆخی جوگرافیای هەر یەكەیان جیایە و ئەوە نیە بەم شێوەیە لەیەک بچن.

نمونە، ئەلزاس پشتی لە فرانسایە وكەوتۆتە پشتی چیای (فوج)، وەكو درێژایی هەرێمی (بادن) ی ئەڵمانی دێتە بەرچاو چ لە روی جوگرافیای سروشتی چ لە ڕاستیی ئەوەی 95% دانیشتوانی ئەڵمانین ئەوانیتریش فەرەنسین.

ئەلزاس ناوچەیەكی كشتوكاڵی ی بە پیت و بەرهەم هێنەرە،بەڵام لۆرین ناوچەیەكی گردۆلكەیی لە نێوان سنوری ئەڵمانیا وفرانسا یە هەردوكیان(ئەڵمانیا و فرانسا) لە روی زمان وشارستانی و رەگەزی لە نێوان خۆیاندا دابەشیان كردوە.

ئەوكاتەی ئەڵمانیا لە 1871 لۆرینی داگیر كردتازەكی ئاسنی لێ دۆزرابووەوە، بەم شێوەیە ئەڵمانیا بووە خاوەنی هەموو جۆرە كەرەستە خاوەكانی بەرهەم هێنان،خۆی پێشتر خەلوزی هەبوو لە هەرێمی (رور).

ئەڵمانیا بە پشت بەستن بەم ڕاستیە جوگرافیانە مافی دەسگرتنی بەسەر ئەم دوو هەرێمە دەسەلماند. بەڵام فەرەنسیەكان پەنایان بۆ ڕاستیە مێژووییەكان دەبرد، هەر چەندی بیانوكانی ئەم یا ئەو بەهێز بن ئەڵمانیا لە توانای دا نیە ئەم دوو هەرێمە بۆ فرانسا بگەرێنێتەوە چونكە ئەگەر ئەمەی كرد زۆر بەلاوازو بێ هێز دێتە بەرچاو، دواتر هیچ رێگەیەكیش لەبەر دەم فرانسادانیە ئەم دوو هەرێمە وەرگرێتەوە جگە لە رێگەی هێز نەبێ. چونكە زۆربەی مێژوونوسان رەخنەیان لە ئەڵمانیا دەگرت بەهۆی ئەوەی بە زۆر ئەم دوو هەرێمەی داگیر كردوە بۆیە كارەكان روەو نائارامی پەرەیان سەند تا جەنگی یەكەمی جیهانی رویدا.

بریتانیا دورگەی هیگۆلاندی داگیر كردبوو كە دەكەوتە بەرامبەر بە باكوری كەنارەكانی ئەڵمانیا لە بەرمابەر دەست هەڵگرتنی ئەڵمانیا لە هەرێمی ویتۆ لە رۆژهەلاتی ئەفریكا بۆبریتانیا،ئەمیش دەستی لە دورگەی هلیگولاند هەڵگرت بۆ ئەڵمانیا، ئەڵمانیا دەستی بەسەر شلزوینگ ی دانیمارک داگرت بێ ئەوەی كێشە دروست بێ.

ڕاستیی كێشەی ئەلزاس ولۆرین ئەوە بوو كە فاكتەری وای تیابوو دەكرێ ببنە یەكەم كێشەی نێودەوڵەتیی بەردەوام بەر لە جەنگی یەكەمی جیهانی، فاكتەرەكانیش بریتین لە:

1_ فاكتەری شكۆمەندی نەتەوایەتی لە بەهێز ترین هاندەر ی فەرەنسیەكان بوو بۆ قەرەبوو كردنەوەی ئەو سوكایەتیەی پێیان كرا.

2_ ئەگەر ئەو دو ناوچە لەدەست دراوە لە نیشتمان دور بوونایە بۆی هەبوو ئاستی سوکایەتیەکەی کە بە شکۆمەندی نەتەوایەتی کرا، کەمتر خۆی نیشان دەدا بەڵام ئەلزاس ولۆرین بە فرانساو ئەڵمانیاوە نوسابوون هەر دەم لە پەیوەندیەکان کێشە دروست دەبوو.

3_ زیانەکانی فرانسا لە ئەلزاس ولۆرین گەڵێک زۆر بوون، لە لۆرین کانزای ئاسن هەبوو.

ئەو زامەی لە ئەنجامی لەدەست دانی ئەو دوو هەرێمە لە جەستەی فرانسا دروست بوو گەڵێک قول بوو تیمارکردنی تەنها بە وەرگرتنەوەی هەردو هەرێمەکە دەکرا.

بێ دەسەڵاتی حکومەتی فرانسا لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم لە توانایدا نەبوو کاتی گەیشتن بەو ئامانجە نەتەوایەتیە دیاری بکات بۆیە مقۆمقۆ و ژاوەژاو لە ناوخەڵک و پەشێویش لە هزری سیاسیی فرانسا دروست بوو، هەندێک جار بیریان بۆ تۆلە دەچو هەندێک جاریش میانڕەوانە بیریان دەکردەوە، لەتەک بوونی لایەنی توندڕەو بە وەرگرتنەوەی تۆلە بەهەر رێگەیەک بێ، لایەنێکی تریش هەبوون بیریان لە کاری ئاشتەوایی ورێگە چارەی یاسایی دەکردەوە بۆ ئەلزاس و لۆرین بۆئەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەڵمانیا نەپچرێن و بەرژەوەندیەکانی ئەوانیش بەردەوام بن.

کۆماریخوازەکان لەسەر حوکم زاڵ بوون ئەوان سیاسەتی وڵاتیان دەبرد بەڕێوە لەگەڵ ئەوەی لە لایەن پادشاخوازەکانەوە دژایەتیان دەکرا، ئەوەبوو پادشاخوازەکان توانیان لە 1873 حکومەتی کۆماریخوازەکان بروخێنن کە بەسەرۆکایەتی تییر بوو لە شوێن ئەو مەکماهۆن دابنێن کە پادشاخوازەکان و کاسۆلیکەکان پشتگیریان لێ دەکرد. بەڵام نەیان توانی لەبەر دەم گەشەکردنی کۆماریخوازە میانڕەوەکان بووەستن چونکە لە ساڵی 1875 دەستورێکی کۆماری بۆ وڵات دانرا بە پێی ئەو دەستورە دەسەڵات کەوتە دەست وەزیرەکان ئەوانیش بەرپرسیار بوون لەبەر دەم پەرلەمان. ئەوەندەی نەبرد تا بە پاڵپشتی بۆرجوازە کان کۆماریخوازەکان لە 1877 دەسەڵاتیان گرتە دەست.

لەگەڵ ئەوەش باری ناوەخۆی فرانسا سەقامگیر نەبوو بەهۆی پابەند بوونی ئەم سەقامگیریە بە پەیوەندیەکانی ئەڵمانیی _ فەرەنسی.

ئەگەر خەڵک چاوی بریبێتە ئەلزاس ولۆرین بەڵام سیاسەتمەداران بڕوایان وابوو کە هێشتا کاتەکان لە بار نین بۆ گەڕاندنەوەیان، ئەمەو زەمینە لەبار بوو بۆ بەدیار کەوتنی سەرۆکایەتیەکی دیماگۆگی کە بتوانێ هەستی جەماوەر دژی کەم و کوریەکانی حکومەت لە بەجێ نەگەیاندنی پەیامەکەی جۆش بدا، لێرەوە قەیرانی پۆلانگەر لە کۆتاییەکانی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵدا.

سیاسەتی حکومەتی فرانسا بە ئاراستەی سیاسەتمەدار ی زیرەک (جۆن فری) ئەوەبوو کە لەناو کێشەی ئەلزاس و لۆرین نەخولێنەوە، بەڵکو بە[...] هەنگاو بنێن، ئەمە دیارە کە فرانسا بەرلە روخانی لە 30 ی ئاداری 1885 [...]گرتبوو. بەڵام میللەت هەر پابەندی ئەلزاس ولۆرین بوون، لێرە پۆلانگەر [...]و میانە دەرکەوت، بانگەوازی بەرز

کردنەوەی توانا سەربازیەکانی وڵاتی دەکرد لە پێناو رازگار کردنی ئەلزاس ولۆرین، رەخنەشی لە حکومەت دەگرت کە بەرامبەر بە ئەرکە نیشتمانیەکان کۆڵی داوە.

بۆلانگەر

بۆلانگەر توانیی بگاتە پۆستی وەزیری جەنگ، پەنای بۆ شێوازی دیماگۆگی برد تا لایەنگر بۆخۆی پەیدا بکات، سەرکردە فەرەنسیەکان درکیان بە مەترسیەکانی ئەو بزوتنەوەیە دەکرد، بۆیە تەنگیان پێ هەڵچنی بۆلانگەر لە توانای دا نەبوو بەرگری لەم هێرشانە بکات، بۆئەوەی لێی رزگار بن بڕیاری دەستگیر کردنیان دا بە تۆمەتی خیانەتی مەزن، ناچار رای کرد بۆ دەرەوەی فرانسا،تا لە 1891 خۆیکوشت.

وەکو ئەوەی حکومەتی فرانسا لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم توشی گەڵێک قەیران ببوو، گەلی فرانساش لە ناوخۆیاندا دابەشی سەر ئەم قەیرانانە ببوون، یەکێک لەم قەیرانانە بۆلانگەر بوو. هەروەها بەهۆی دریسفوس کە ئەفسەرێکی جو بوو دابەشبوون رویدابوو ئەمانە هەموویان تۆمەتبار دەکران بە خیانەتی مەزن ئەمەش دیارە تەنها بۆ روکەش کردنی بڕیارەکانیان بوو بەڵام نوسەری مەزنی فرانسا ئەمیل زۆلا توانیی بەرگە بگرێ و بەرگری لە خۆی بکات لە ناوەوەی فرانساو دەرەوەی تا لە کۆتایی بێگوناهی خۆی سەلماند.

گەلی فەرەنسی دوای ئەو کۆستەی لەدەست ئەڵمانیا بەسەری هات هەستیان بە بۆشاییەکی سیاسی دەکرد. دواتر کەشو هەواکانی وڵات لەبار بوون بۆئەوەی ڕوبەڕووی کێشەی تر ببیتەوە خەڵکەکە لە دلەراوکێدابوو تا ئەو کاتەی دوبارە ئامانجە سیاسیەکانیان دەگەڕێنەوە دۆخی سروشتیی خۆیان. ئەم ئاواتەی فەرەنسیەکان هاتە دی کاتێک پۆینکاریە لە 1903پۆستی سەرۆکایەتیی وەرگرت.

پۆینکاریە خەڵکی هەرێمی لۆرین بوو، پیاوێکی بەهێزی لە جۆری پلەیەک بوو، سەردەمی ئەم بە سەردەمی کۆتایی هاتن بە سیاسەتی بەرگری و سەرەتای سەردەمی گەمارۆ و گۆشەگیر کردنی ئەڵمانیا دێتە ناسین، بە مانایەکی تر توانیی دۆخەکان لە بەرژەوەندی فرانسا سەرەو ژێر کاتەوە.

پۆینکاریە لەوە دڵنیا بوو کە جەنگ لەگەڵ ئەڵمانیا بەڕێوەیە بۆیە هەوڵی ئەوەیدا کە جەنگەکە هی فرانسا بێ. داواشی لە دەسەڵات داران کرد نەخشەو بەرنامەکانی سەربازیی فرانسا بەرامبەر بە ئەڵمانیا دەستکاریەکی بنەڕەتیی بۆ بکەن. هەموومان دەزانین کە فاکتەری دەستپێشخەری و کتوپڕی جەنگ لە ساڵەکانی دوای کۆستی 1870 _1871بەدەستی ئەڵمانیا بوو. بەڵام لە سەردەمی پۆینکاریە ئەمە گۆڕا، هەوڵی دروست کردنی هێزێکی هێرش بەر لە ناو جەرگەی ئەڵمانیای دا لەگەڵ هیزێکی بەرپەرچ دانەوەی هێرشەکانی ئەڵمانیا لە فرانسا، ئەمە لە روی ئامادە کاریی کەرتەکانی سوپا.
بەرپرسە فەرەنسیەکان بیریان لە ئامانجەکانی جەنگ دەکردەوە، نەک لەسەر بنەمای گەڕاندنەوەی هەردوو هەرێمەکەی ئەلزاس ولۆرین وبەس بەڵکو لەسەر بنەمای فراوانکردنی دەسەڵاتی فرانسا لە ناو ئەڵمانیا بە دەست گرتن بەسەر کەناری چەپی روباری راین، بەرپرسە فەرەنسیەکان تا ئەو ئاستە بڕوایان بە خۆوە بوو بتوانن ئیمپڕاتۆریەتی نەمساو هەنگاریا هەلوەشێننەوە، لەرێگەی هاندان و کار کردن بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکان. بەم شێوەیە ئەڵمانیا پاڵپشتێکی مەزن لە ناوەڕاستی ئەوروپا لەدەست دەدا، بەڵام ئەمەیان ترسێکی لەگەڵ خۆی دەهێنا کە لە بەرامبەریدا روسیا هانی پۆلۆنیەکان بدات بۆ هەمان ئامانج، بۆیە فرانسا ئامادە بوو لە پێناو دۆستایەتیی روسیا، گوێ لە داخوازیە نەتەوایەتیەکانی پۆلۆنیا نەگرێ. بێ ئەوەی دەست لە پڕۆژەی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپڕاتۆریەتی نەمساو هەنگاریا هەلگرێ.

لە روی بڕوابوونی حکومەتی فەرەنسی بە توانای خۆی وێڕای رەزامەندی وڵاتانی گونجان (وفاق) و دۆستایەتی: روسیاو بریتانیا وەکو دوو ئیمپڕاتۆری ئیمریالیستی دونیا دوای ئیمپڕاتۆریەتی بریتانیا. سنوری دەسەڵاتی ئەم ئیمپڕاتوریەتە بریتی بوو لە باکور و رۆژئاوای ئەفریکا..لە جەزائیر وتونس و مەراکش و مۆریتانیاو سەنیگال وگینیاو(کەدواتر بە چاد ناسرا) ماڵی و نیجرو ڤۆلتای باکور و کۆنگۆی فەرەنسی، هەروەها لە رۆژ هەلاتی ئەفریکا سۆماڵ ی فەرەنسی لە دەروازە بوو (باب المندب) و مەدەغەشقەر، لە ئاسیاش دەسەڵاتی لەسەر هیندی چینیی فەرەنسی (ڤێتنام و لاوس و کەمبۆدیا)داهەبوو لەتەک ئەوانیش چەند دورگەیەکی پەرش و بڵاو.
بەرگری کردن لەم هەموو سنورە پان و بەرینەی دەسەڵاتی فەرەنسی جێی مشت ومڕی کاربەدەستان بوو. بەدیدی سەرکردەکانی فرانسا بەرپرسیارێتی گەڕاندنەوەی ئەلزاس ولۆرین لە پێشینەی نەخشە سەربازیەکەی حکومەت دابوو، بە دیدی ئەمان دابەش کردنی سوپای فرانسا بەسەر ئەم هەموو ناوچە پەرشو بڵاوە ئومێدی گەڕاندنەوەی ئەلزاس ولۆرین تیا دەچێ. بۆ فرانسا باشتر ئەوەیە فراوان بوونی ئیمپڕایالزمیەکەی بە شێوەیەکی کاتی بووەستێنێ وجخت لەسەر لەشکرەکانی ئەڵمانیا بکات.
ئەوەی ئەم کێشەیەی ئالۆزتر کردبوو، زیاد بوونی رێژەی دانیشتوانی فرانسا بەرێژەی دانیشتوانی ئەڵمانیا زیاد نەدەبوو، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی فرانسا ناچاربێ کۆچبەرەکان لە باکوری ئەفریکاو ئیتالیا و پۆلەندا قەبوول بکات بۆ پڕ کردنەوەی کەمی رێژەکە و کرێکاری.

ئەوەی لەم کێشەیەی کەم دەکردەوە جەزائیر بوو بە رێژەیەکی بەرچاو بەشداریی لە چەکداری و پەیدا کردنی هێزی کرێکاری لە فرانسا کرد چونکە باری کەسایەتی وگوزەرانی ژیانی رۆژانەو ئاستی ئابووری وپیشەسازی لەفرانسا بە رادەیەک بوو خەڵکی بۆخۆ رادەکێشا، لە سێیەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم فرانسا ببووە قیبلەگای ئەوانەی بەدوای کارو خۆش گوزەرانی دا دەگەڕان دیارە پێشوەچونی پیشەسازیش لەم بووارە رۆلێکی کاریگەری بووە.

بەهۆی ئەوەی فرانسا بەشێکی زۆری لە زێری یەدەکی هەبوو مەترسیی برسێتیی نەبوو وەک مەترسیەکانی ئیتالیا وبریتانیا لەم بووارە، ئەمەش بۆ سروشتی چاوکەکانی سامانە نەتەوایەتیەکان دەگەڕێتەوە، فرانسا وڵاتێکی بە پیت وبەرەکەتە وڵاتێکی کشتوکاڵی وپیشەسازی یە سەرەڕای ئەمەش فرانسا بە وڵاتێکی بەرهەم هێنەری کەلوپەلە جوانکاریەکان (کەماڵیەکان) دەژمێردرێت کە لای بۆرجوازەکانی ئەمەریکا وئەوروپا بایەخی پێ دەدرا، دیسان بەهۆی رۆلی گرنگی زمانی فەرەنسی وجوانی سیماو سروشتی فرانسا _ ناو لە پاریس نرابوو شاری روناکی_ فرانسا بووە جێی سەرنجی ملیۆنەها گەشتکار و خوێندکار، ساڵانە گەشتکار رویان تێدەکرد ئەمەش بۆ فرانسا داهاتێکی باش بوو بەم هۆیەوە چینی بۆرجواز سودمەندی یەکەم بوون بوونە نمونەی رەوشت پاکی و رەفتاری کۆمەڵایەتیی بەرز، نمونەیان لەسەر دەهات. لە نێوان رەوتی بۆرجوازیی سەرمایەداری گەلی فەرەنسی و رەوتی عەسکەرتاری ئیمپریالیزمیی فرانسا، بزوتنەوەیەکی سۆشیالستیی دژی هەردوو رەوتەکە سەری هەڵدا.

سۆشیالیستەکان دژی خەرج کردنی پارە بوون لە بوواری خۆپرچەک کردن، رەخنەشیان لەو بووارانە دەگرت کە بۆ روسیا لە فرانسا رەخسابوونبۆ ئەوەی بەم شێوەیە سودمەند نەبێ، بە گوتەی ئەوان ئەم وڵاتە کۆنەپەرستە شایەنی ئەو یارمەتیانە نیە.

لە پشت ئەم بزوتنەوە سۆشیالیستیە بەرەیەکی بەهێز هەبوو کە یەکیەتی گشتیی کرێکاران) بوو بەڵام بۆرجوازیەتی حوکمدار لە فشارەکانی کریکاران وسۆشیالیستەکان بەهێز تربوو، نەیان توانی چۆکی پێدابدەن، حکومەت لە توانای دابوو بەهێزەوە ڕوبەڕووی هەردو لایان بێتەوە بۆ کپ کردنیان.

ئەمەو سۆشیالیستەکانی فرانسا بەو رادەیە شۆڕشگێڕ نەبوون کە بڕیارو راکانیان لە سەروی ئامانجە فەرەنسیەکانەوە بگرن وئامانجەکانیان بەرەو سۆشیالستی جیهانی بەرن، ئەوەندەی نەبرد کاتێک جەنگی یەکەمی جیهانی هەلگیرسا لایەنگری خۆیان لەگەڵ حکومەت راگەیاند.

روسیا

روسیا فراوان ترین وڵاتی (ویفاق) گونجان بوو[28].لە رۆژ هەلاتی ئەوروپاوە تا مەنشوریا وکۆریاو چین ی دابووە بەر خۆ. بەم شێوەیە دەبووە تاقە وڵاتی ئەورووپیی بەستراو بە رۆژ هەلاتی دور. بەڵام لە روێکی ترەوە جیاوازیی هەبوو لەگەڵ وڵاتەکانی تری (ویفاق) (فرانسا وبریتانیا) بەوەی لەو دیو دەریا خاوەنی ئیمپراتوریەت نەبوو.

---

[28] روبەرەکەی بە قەدەر روبەری ئەمەریکای باکورە

دەسەڵاتەکانی قەیسەر رەها بوون. سەدەی نۆزدەهەم زۆر قەیسەری بەخۆوە بینی کە هەموویان ستەمکاری توندڕەو بوون. بەڵام نیقۆلای دووەم کە شۆڕشی 1917 لە سەردەمی بەرپا بوو و ئەوەی خانەوادەی (رۆمانۆف) ی لە ناو برد لە هەموویان کەمتر ستەمکار بوو، لەهەمووشیان پتر خەڵکی خۆی خۆش دەویست، پیاوێکی بەدل بوو حەزی لە چاکە دەکرد بۆ گەلەکەی، تەنها ئەوەبوو پێویستیەکانی حوکمی ئەو سەردەمی نەدەزانی مەرجی پێویستی تیانەبوو بۆ حوکمڕانیی وڵاتێکی وەکو روسیای ئەو سەردەم ی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کە پێویستی بە پیاوێکی بەهێزی پشت ئەستور بە گەلەوە هەبوو، یەکێکیتر لە کەمو کوریەکانی، بە پێی پێویست چاکسازیی لە ناو رژێمی حوکم نەدەکرد کە وڵات بگەیەنێتە ئاستی وڵاتانی سەردەم لە دیموکراسی یا نیمچە دیموکراسی.

قەیسەر لە کۆشکەکەی خۆی دەژیا پەیوەندیەکی ئەوتۆی بە گەل و رەش و روتەوە نەبوو لە پێویستیەکانی گەل شارەزا نەبوو، پەیوەست نەبوو بە ئومێدەکانیان، بۆیە لە توانای دا نەبوو هەست بەو بیروکراتیە بکات کە بەسەر دام و دەزگا حکومیەکان و بەسەر ئەستۆی ملەتەوە زاڵە هەستی بە ئازارەکانی چینی هەژار وکرێکار وجوتیاران نەدەکرد زانیاریی لەسەر باری گوزەرانیان نەبوو کە تا چ رادەیەک بە کەسادی ونەهامەتی ژیان بەسەر دەبەن.

خەڵک رقیان لە قەیسەر بوو ئەم رق لێبوونە پڕ بوو لە بێزاری لە دەست و پەیوەندەکانی کۆشکی قەیسەر لە شکۆمەندەکان لە هەموو سودمەندەکان. ئەوان چیرۆکی گەندەڵی و تەرەنتێ کردن بە پارەو پولی میللەتیان دەزانی، هەروەها ئەو چیرۆکانەی لەسەر خەرجیاتەکانی راسپۆتین لە کۆشکی قەیسەرو ئەمیرە دەسترۆیەکان و نوبەلاکان و تەنانەت ئەفسەرەکانیش، ئەمانە هەموو بوونە هۆی بەرگری نەکردنی گەل لە کۆشک و قەیسەر، لە ئەنجام قەیسەر بۆ هەتا هەتایە روخا.

ئەوەی زیاتر قەیسەری لاواز کرد ئەوەبوو کە هیچ کاتێک ئامادە نەبوو چاکسازی بکات تەنها لە ژێر فشاردا نەبێ.

مەزن ترین هۆکاری پەرە نەسەندی دەستور لە روسیا بوو، بنکەی جەماوەر لە جوتیار وکرێکارەکان پێکهاتبوو ئەمانیش لەو پەری برسێتی و هەژاری ونەخوانێندەواری دابوون ئامادەنەبوون کار بۆ گۆڕانی دەستور بکەن کەهیچی ئەوانی تیا نیە، گرنگیان بەم مەسەلەیە نەدەدا تەنها ئەوەی لای ئەوان گرنگ بوو باش کردنی باری ژیانیان بوو، ئەگەر بەشداریشیان لە هەموار کردنی دەستور بکردبا تەنها لە بڕگەیەکی کەم بەها بەشداردەبوون. نەرێنیەکان زیادیان کرد ئەو هەرێمانەی نوبەلاکانی لێ حوکم ران بوون بە رادەیەک خەڵکی هەژاریان دەچەوساندەوە دەتوانین بڵێین جوتیار وهەژارەکە وەکو کۆیلە دەژیان، تەنانەت کەلیساکانیش کە دەبووایە لەتەک داخوازیەکانی چینی هەژارو جوتیار بووەستێ، داوایان لێدەکردن پشی یان هەبێ ئەم ستەمکاریە وەکو دیفاکتۆ قەبوول کەن.

ئەگەر گوزەرانی کرێکارەکان لە جوتیارەکان کەمێک باشتر بێ ئەوا جیاوازیەکە زۆر کەم بوو. کێشە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خۆراکیی کرێکاران لە شار زۆر مەزن بوون کەس لە فەرمانگەو کۆشکی قەیسەر گوێیان لە داخوازیەکان نەدەگرتن. حکومەت گرنگیی بە هەڵسانەوەی پیشەسازی دەدا بێ ئەوەی چاوێک بە سیستەمی حوکم دا بگێڕێتەوە کە لەگەڵ ئەم گۆڕانانەی بەرهەم هێنان نەدە گونجان.

گەورە بازرگانەکان بە شێوەیەکی گشتی یا جو بوون یا بێگانە. کۆمپانیا مەزنەکان _دامەزراوی ئێستا_ بەدەستی ئەوان بوون، کاتێک حکومەت هەوڵی بەرەو پێش بردنی پیشەسازی دەدا خۆی لەبەردەم پێویستیەکانی سەرمایەو ئەقلی بەتوانا دەبینی کە کارگە مەزنەکان ببەن بەڕێوە، ئەمە ناچاری دەکرد دەرگای وڵات لەبەردەم سەرمایەدارانی بێگانە بخاتە سەر پشت.[29] ئیمپراتۆریەتی روسیا لە ناوەوە کێشەی نەتەوایەتیی هەبوو کە توشی گێرو گرفتی ناوەوە و دەرەوەیان دەکرد لەوانە، فنلەندیە کاسۆلیکەکان لە باکور و پۆلەندیە کاسۆلیکەکان لە رۆژئاوا رقیان لە حوکمی روسیی ئەرسەدۆکس دەبووەوە، ئومێدێکیان بە شکستەکانی روسیا هەبوو تا بە ئامانجە نەتەوایەتیە کانیان بگەن.

بەڵام کەمە نەتەوایەتیەکانی تر وەکو قەوقاز وتورک ومەگۆل بە ژمارە زۆر بوون بەڵام دواکەوتو بوون ئەوە نەبوون ئاوەکە بشلەقێنن.

کەمە نەتەوایەتیەکانی فینلەندی وپۆلۆنی وقەوقازی وتورکی ومەگۆلی هەریەکە هەرێمی تایبەتیی خۆی هەبوو لێی کۆببوونەوە، بەڵام کەمە نەتەوایەتیی جو لە شارەکان پەرش و بڵاو بوون، هەموویان سەرمایەدار و دەوڵەمەند بوون کاریان کردبووە سەر سیاسەتە ئابووریەکانی دەرەوەی روسیا.

کەلێنێکی مەزن کەوتە نێوان گەلی جو و حکومەتی روسیا بەهۆی پا بەند بوونیان بە بزوتنەوە نەتەوایەتیەکەیان، لە ئۆدیسیا کۆمەڵەیەک دامەزرا بۆ کۆچ پێکردنی جوەکان بۆ فەلەستین بە ناوی (دۆستانی جو).

لە ماوەیساڵەکانی دوایی سەدەی نۆزدەهەم مەودای خوێندن وفێربوون بەرفراوان بوو کۆمەڵێک خوێندنگا و زانکۆ کرانەوە، بەڵام ئەگەر ئەمە بە روبەری بەرفراوان بوونی ئیمپراتۆریەتی روسیا بەراورد پێ بکەین کە بە شێوەیەکی بەرچاو هەموو شوێنەکانی گرتبووەوە دەبینین ئەم خوێندنگا نوێیانە رێژەیەکی زۆر کەم پێک دەهێنن.

ئەوەی جێی سەرنج بێ ئەم هەڵسانەوەو پەرەسەندنەی پیشەسازی و فێربوون بە شێوەیەکی دیار تەنها هەندێک لە شارە مەزنەکانی گرتبووەوە لە وانە (سان بتروسبۆرگ)ی پایتەخت لەم شارەو هەندێک شاری تری روسیا بە رێژەیەک مامۆستاو زاناو بیرمەندی مەزن وەدەر کەوتن رۆژنامەگەری وچاپەمەنی هەموو ئەو شارانەی گرتبووەوە، ئەمە وێرای ئەو فشارانەی سەر روناکبیر و رۆژنامەکان.

---

29 لەم بووارە فەرەنسا سەرمایەی و پسپۆری پێشکەش کردن کە بە هۆیەوە، روسیا توانیی گەلێک لە پرۆژەکانی جێبەجێ بکات

چەند دەیەک بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی بووژانەوەیەک لە بوواری نوسین و بیرکردنەوەدا، روسیای داگرتبوو ئەمانە بوونە هۆی دروست بوونی رەوتی بیری گشتی بێ ئەوەی لە پەنایەوە بیری نەتەوایەتی دروست بێ کە هەموو وڵاتی روسیا بگرێتەوە لە مەنشوریاوە تا روسیای سپی و پۆلەندا وفنلەندا وقەرم وتورکستان.

ئەوەی بووە هۆی دروست نەبوونی بیری نەتەوایەتی، دەست گرتنی نوبەلاکان بوو بەسەر دەسەڵاتی هەرێمەکان و پیادە کردنی شێوازی ستەم و زۆرداری لەگەڵ جوتیارانی هەرێمەکان کە وێنەیەکی رونیان دەربارەی نیشتمان لا دروست نەبێ.

بەڵام دەرکەوتنی چەند ناودارێکی بەتوانا کە بوونە جێی چاوی خەڵک ئەوانیش لە بوواری مۆسیک وئەدەب دا بوون لەوانە (تۆلستۆی) بە لوتکەی ئەدەبی نیشتمانی دەناسرێ، هەروەها راسپۆتین ی هاوسەردەمی کە گیانی رەخنە و بەراوردیان بووژاندەوە.

رەوتە هزروانیەکان زەمینەیەکی لەباریان لە روسیا دە بینی:

بەتایبەتی بیری پێشکەوتنخوازی سۆشیالستی بە هەموو شێوە میانڕەو و توندڕەوەکان یەوە، ئەوەبوو گەل ئامادەبوو لە 1905شۆڕش دژی حکومەتەکەی بکات بەڵام ئەو کات حکومەت بە شەڕەکانی ژاپۆنەوە خەریک بوو.

کارێکی ئاسایی بوو کە قەیسەر بە ئاگر وئاسن ئەم شۆڕشە کپ کاتەوە چونکە هیچ بەرنامەیەکی رازی کردنی نەیاران لە ئارادا نەبوو دیسان دەسەڵات داران ئامادەی ئەوە نەبوون گوێ لە داخوازیەکانی کرێکار وهەژاران بگرن، بۆیە بە ئاگرو ئاسن حکومەت وەڵامی شۆڕشی دایەوە ئەوە بوو رودای خوێناوی رویان دا لە 22ی جەنیوەریی 1905.

هەر کە هەواڵی ژێرکەوتنەکانی روسیا بەرامبەر بە ژاپۆن بڵاوبوونەوە،قەیسەر ناچاربوو سەر بۆ داخوازیەکانی گەلی روسی دابنەوێنێ،لە 30 ی ئۆکتۆبەری 1905لە بەیاننامەیەکدا جۆرێک لە دەسەڵاتی بە پەرلەمانی وڵات بەخشی، بە پشت بەستن بەم بنەمایە ئەنجومەنی(دوما)دامەزرا.

لەم ئەنجومەنە هەندێک کەسایەتیی خاوەن بیری ئازاد وپێشکەوتوی تیاکەوت، بەڵام بەهۆی پابەندبوونی سوپا بە بیروکراسیەتی قەیسەرەوە نەیان توانی هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆ لەسەر سیاسەتی ناوەوە ودەرەوەی روسیا ئەنجام بدەن، چونکە قەیسەر باکی نەبوو هەر کاتەی مەترسیی لێ بنیشتایە ئەوا پەرلەمانی هەڵدەوەشاندەوە.

لە ساڵەکانی بەرایی چەند پارتێک سەریان هەڵدا بە شێوازی جیا جیاوە : (ئۆکتۆبەریەکان) سەربە بەیاننامەی ئۆکتۆبەر بوون کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێی دابوو. بانگەوازی دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێزیان دەدا لە چەشنی حکومەتی بروسیا.

دیموکراسیە دەستوریەکانیش (کادێت) بانگخوازی دیموکراسیەکیان دەکرد لەسەر شێوەی بریتانیا، ئەم دو حزبە (ئۆکتۆبەریەکان) و(دیموکراسیە دەستورخوازەکان)
لە میانڕەو ترین و لایەنگیرترین پارتی دەستوریی بوون.

بەڵام دوو پارتەکەی تر:
1_ پارتی دیموکراتی سۆشیالیست.
2_ پارتی شۆرشگێری سۆشیالیست.
داوای رزگار کردنی گەلی روسیایان لە ئۆتۆکراسی و سەرمایەداری ودەرەبەگایەتی وئوروستوکراتیی فەرمانڕەوا دەکرد، لەگەڵ گواستنەوەی مافی مولکدارێتی بۆ هەموو گەلی روسی، هەرچەندە لە شێوازی کارکردن و ئامانجەکانیان نیمچە جیاوازیەکیان هەبوو.
هەرچەندە بیروراکانی ئەم دوو پارتە سۆشیالیستە لە نێو چینی جوتیار وهەژاراندا نامۆ بوون بەڵام کرێکارو جوتیاری روسیا بەدوای دۆزینەوەی کەسایەتیە ونبووەکەی خۆیاندا دەگەڕان، کاتێک لە بڕواکانی سۆشیالیستی دا خۆیان دە دۆزنەوە وەکو خاوەن کەسایەتی و مافی بە ئاسودەیی ژیان، ئەگەر ئەم کەسایەتیە لە ناو کۆمەڵ بتاوێتەوەش هەر گرنگ نیە. ئەمە بوو ئەو روسیایەی پێینایە ناو قۆناغەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەگەڵ دیموکراتی ترین وڵاتی ئەوروپا کە بریتانیاو فرانسا بوون بەشداریی کرد، بەڵام کاتێک هەڕەشە لەسەر قەوارەی وڵات دەبێ ئەوکات بیرو راو بۆچونەکان بەهاو گرنگیان نامێنێ، بەم شێوەیە دیموکراتیەتی بریتانیا وفرانسا ئامادەبوو لەتەک کۆنەپەرستی وزۆرداری وڵاتێکی وەکو روسیا بووەستن.
تێروانین ودیدەکانی قەیسەرو حکومەتەکەی لە بەشدار بوونی بۆ ئەم جەنگە دەبێ چی بن ؟. دەبێ تێروانینەکانی گەل چی بن؟
ئێمە هەردوکمان لەیەک جیا کردەوە چونکە کەلێنێکی زۆر لە نێوان چاوبڕین وئامانجەکانیان هەبوون، گەل لە ئامانجەکانیان چاویان بریبووە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان و باش بوونی گوزەرانی ژیانیان هیچ بەرنامەیەکی سیاسیانەیان نەبوو، هەر چەندە گەل دەیخواست فراوان بوونی ئیمپراتوریەکەیان لەسەر حسابی وڵاتە موسولمانەکانی دراوسێیان بێ وەکو ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی دورو درێژی کێشەکانیان لەگەڵ یەک لە شەڕەکانی سەلیبی کە ئامانجی سیاسی وئابووری وستراتیجیان بەدواوە بوو.
بەڵام قەیسەرو حکومەتەکەی ئامانجی سیاسیی گرنگیان هەبوون:
1_ مەبەستی روسیا لەم جەنگە خۆرزگار کردنبوو لە شەرمی شکست خواردن کە لە ئەنجامی جەنگی کۆریا توشی هات لەگەل بەردەوام بونی لە هاوپەیمانێتیی لەگەڵ هەریەک لە بەریتانیا وفرانسا، هەموو دەرگاکانی فراوانخوازی بە روی روسیادا داخرابوون تەنها بەلکان نەبێ ئەویش نەمسا بە هاوپەیمانێتی ئەڵمانیا خۆی بەسەردا کێشابوو.

2_ قەیسەری روسیا وحکومەتەکەی لە پەرەسەندنی بەرژەوەندیەکانی ئەڵمانیا لە ناو ئیمپڕاتوریەتی عوسمانی نارەحەت بوو بە تایبەت هێڵی ئاسنینی کە بەرلین وئەسیتانەو بەغدا و بەسرەی بەیەکەوە بەستبووەوە، هاوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەڵمانیاوە پەرەیان سەندبوو ئەڵمانیا دەستی بەتەواوەتی خزاندبووە ناو دەوڵەتی عوسمانی و ئیمپڕاتۆریەکەی هاوکاریی سەربازیو ئابووریی پتەویان هەبوون ئەفسەری ئەڵمانی ڕاهێنان و مەشقیان بە سەربازە تورکەکان دەکرد ئەمەش مایەی مەترسی ونارەحەتی بوو بۆ روسیا، ئامانج لە چالاکیەکانی ئەڵمانیا ڕێگەگرتن بوو لە بەردەم مەودا زیندوەکانی روسیا و دەست گرتن بەسەر بەنداوی دەردەنیل وبسفۆر، ئەمەش لە لایەن روسیاوە بە هیچ شێوەیەک مایەی قەبوول کردن نیە، کە ئامادەیە لە پێناوی دا هەموو هەڵوێستێک وەرگرێ.

3_ حکومەتی قەیسەر مەبەستی لەم هاوپەیمانیی لەگەل فرانساو ویفاقی لەگەل بریتانیا هاندانی بزوتنەوەی (دانیشگای سلاڤی) بوو بۆ بەچالاک کردنی و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی ئیمپڕاتۆریەتی نەمساو هەنگاریا بوو بۆ ئەوەی بەردەستی روسیا لە بەلکان خۆش کات. ئەمانە ئومێدەکانی قەیسەرو حکومەتەکەی بوون بەم ئومێدانەوە بەشداریی لە جەنگی یەکەمی جیهانی کرد.

ئەڵمانیا

ئەڵمانیای یەکگرتوو دەوڵەتێکی ساواو گەنج بوو شانازیی بە مێژووی کۆن وتازەی خۆیەوە دەکرد کە زنجیرە سەرکەوتنێکی بەدەست هێنابوو. گەلی ئەڵمانیا بۆ پەیدا کردنی پاروی نان و وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی لەسەر خەباتی تال ڕاهاتبوون، بەهۆیەوە گیانی لەشکرداری لە ناخیان ڕوابو، رژێمی ئەڵمانیا دەسکەوتی باشی بۆ ئەڵمانیەکان وەدەست هێنابوو گەلی ئەڵمانیاش بۆ حکومەتەکەی گوێڕایەل و بە بڕوا بوون، گومانیان لە تواناکانی حکومەت دا نەبوو کە ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگەکان ببێتەوە، ئەم بڕوایە لە سەردەمی بڕوسیا لە سەدەی هەژدەهەمەوە کە چەندین پادشاو فەرمانداری بەناوبانگ، سەرکەوتن و پاڵەوانێتیی بێ وێنەیان لە پێناو ئەڵمانیا وئەڵمانیەکان نواندوە. گومانی تیانیە کە فردریکی مەزن وبسمارک بەر پرسن لە ڕاهێنانی گەلی ئەڵمانی لە گوێڕایەلی و پابەند بوون بە گیانی نیشتمان پەروەری، ئەم دوو سەرکردەیە تارادەیەک بەتوانا وبلیمەت بوون هەڵوێستەکانیان وەکو ئەفسانە دەگێرنەوە، لەگەڵ ئەوەی لە ڕێبازی دیموکراتی شارەزایەکی ئەوتۆ نەبوون بەڵام دەسکەوتی مەزنیان وەدەست هێنابوو.

لە ئەنجامی ئەم گۆڕانە میژوییە لە سروشتی فەرمانداریتیی ئەڵمانیا، گەلی ئەڵمانیا بەر لە ساڵەکانی 1970[30] پێش ئەوەی کاربۆ دیموکراسی بکەن کاریان بۆ یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا کردوە، لێرەوە ئەوکاتەی دوای یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا جۆرێک لە حوکمی پەرلەمانی بەگەل درا ئەم پێدانە هی حکومەت بوو نەک لە

[30] ڕاستیەکەی 1870یە...

ئەنجامی هەوڵەکانی گەل هاتبێتە دەست.ئەوەی ڕاستی بێ گەل شانازیی بە حوکمی جارانی بڕوسیای دەکرد _ سەرەڕای ستەم و زۆرداریی _ چونکە دەسکەوتی باشی بۆ ئەڵمانیا وەدەست هێنابوو.

بۆیە دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ئەڵمانیای یەکگرتو پان وبەرین بوو، دەسەڵاتی راوێژکاری رایخ بۆ مانەوەی لەسەر دەسەڵات پشتی بە ئیمپراتور بەستبوو نەک ئەنجومەنی دەوڵەت (ریخستاج یان بندسرات).

ئەنجومەنی ریخستاج لە رێگەی گەلەوە دەهاتە هەڵبژاردن، بەڵام زۆربەی ئەندامەکانی لە بۆرجوازی وئوروستوکراتی بوون.

بندسرات، ئەندامانی نوێنەری ولایەتەکانی ئەڵمانی بوون. بڕوسیا 2/3ی ئەندامەکانی هەبوو، ئەمە لە چاکەی خۆی بوو دانی بە یەکیەتیی ئەڵمانیا نا، زۆر لە ولایەتە بچوکەکان لە گەردونی بڕوسیا دەخولانەوە، چینی فەرمانڕەواش بڕوسی بوون، هیچ بڕیارێک دەر نەدەکرا ئەگەر بڕوسیا رازی نەبووایە، دیسان چینی یۆنکز ی بڕوسی لە سوپا باڵا دەست بوون، قەیسەرو حکومەتەکەی بەرامبەر بە هیچ روداوێک نەدە هەژان تەنانەت بە سۆشیالیستە رکابەرەکانیش.

حکومەتی ئەڵمانیا بە رادەیەک بەهێز بوو کە توانیی هەموو بزتنەوەکان سەرکوت باکت، ئەم بزوتنەوە سۆشیالیستیە لە سەردەمی بسمار کپ کرا بەڵام ولهالم ی دووەم کە لە 1888هاتە سەرتەختی پادشایەتی گەنجێکی پڕلە وزەو چاڵاک بوو هەوڵی دا هەموو چینەکانی گەل لە دەوری خۆیان کۆ کاتەوە، لێرەوە بسمارک فشاری سەر بەرهەڵستکارانی کەم کردەوە، بەم کەمکردنەوەیە ژمارەی بەرهەڵستکاران زیاد بوو ئەمەش رێخۆشکەربوو تا ولهلم لە بسمارک رزگار بێ ئەوەبوو لە 1890لە سەر پۆستەکەی لابرد. بەڵام ئەم کارە ئاستی بزتنەوەی سۆشیالستی پێ بەرز نەبوەوە.

بەڕاستی پارتی سۆشیالیست دوای روخانی بسمارک پەرەی سەند، بەڵام نەبووە فاکتەری زاڵ، چونکە لەلایەن بەشێکی زۆری گەلە ناپەسند بوو.

1_ بەهۆی ئەوەی دژی سیاسەتی پرچەک کردن و کێبەرکێ سەربازیەکان بوو، لەلایەن فەرماندەکانی سوپا ناپەسند بوو.

2_ لەلایەن بازرگان و دەوڵەمەندەکانیشەوە ناپەسند بوو بەهۆی بانگخوازیەکانی بۆ بەرز کردنی رێژەی باج.

سەرباری ئەم وئەو پارتێکی شۆڕشگێر نەبوو، بەڵام کاری بۆ ئەوە دەکرد کە ئەڵمانیا لە سەروی هەموو کەسێک بێ، بۆیە لە پشتگیری کردنی جەنگ دژی وڵاتانی (ویفاق) نە دەسلەمینەوە.

گەلی ئەڵمانیا بە بەراورد لەگەڵ گەلانی ئەوروپا یەکگرتو بوون تەنها لە گەلی ئینگلیز نەبێ دەنا لە هەموو گەلێک یەکگرتوتر بوون، لە ناوەوە هیچ کیشەی کەمە نەتەوایەتیی ئەوتۆیان نەبوو، کەمە نەتەوایەتیی دانیمارک لە شلزویچ وپۆلەندی لە بڕوسیا و فەرەنسیەکان لە لۆرین وئەلزاس بوو ئەوانە هەمووی پەرش وبڵاو بوون لەیەک نزیک نەبوون، رێژەی 7%ی دانیشتوانیان پێک دەهێنا.

بەرەی ناوەخۆی ئەڵمانیا بەم شێوەیە پارێزراو بوو بەڵام بۆ بەرگری کردن لە سنورەکانی کێشەی هەبوو، ئەمە سەرەڕای بەهێزی ئەڵمانیا کە خاوەنی باشترین سوپای زەمینیی ئەوسا بوو.
ئەوەی لە بەردەم ئەڵمانیا کێشەبوو بەرگری کردن لە سنورە دورو درێژەکەی بوو، ئەڵمانیا وەکو هێزێکی زەبەلاح هاتە ناسین دوژمنی زۆربوو دەبووایە هێزێکی زۆریش بۆ پاراستنی سنورە ئاوەلاکانی تەرخان کا ئەمە بە پێچەوانەی بریتانیا بوو ئەم بەهۆی کەشتیگەلیەوە سنوری دەریای دەپاراست زۆر بە ئاسانی دەیتوانی خاڵی دابەزینی هێزەکانی دوژمن دیاری بکا وریگەی پێنەدا دەرباز بێ، لە توانای کەشتی گەلی بەریتانی دابوو کەنارەکانی دەریای مانش ودەریای باکور زۆر بە ئاسانی بپارێزی بێ ئەوەی هێزەکانی لەناو ببردرێن.
فرانسا دڵنیا بوو کە ئەگەر ئەڵمانیا هێرش بکاتە سەری لە سنورەکانی بەلژیکا و سنورە هاوبەشەکەی لە رۆژهەلات هەوڵی داگیر کردنی دەدا،لەوەش دڵنیا بوو کە ئیتالیا هێرش ناکاتە سەری هەروەها ئیسپانیاش، بەڵام ئەڵمانیا ناچارە لە دوو بەرەی لەیەک دوور هێرش بکات، بەرەی روسی وبەرەی فەرەنسی، دەبووایە ئیمپراتۆریەتی نەمساو هەنگاریا بەرەی روسی بگرتە ئەستۆ، بەڵام هەڵگیرسانی شۆڕش ودروست بوونی نائارامی لە بەلکان دەبووایە دەست بە هێزێکی زۆرەوە بگرێ بۆ چاودێری کردنی ناوچەی بەلکان.
باشترین بەرنامە بۆ هێرشەکان، بلیمەتی سەرکەوتنەکانی ئەڵمانیی رابردو(ڤۆن مۆتلتکە)دای نابوو، ئەو کاتەی داوای لە فەرماندە ئەڵمانیەکان کرد بۆ ماوەی شەش حەفتە کار لەسەر سوپای فەرەنسی بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بە خێرا بەرەو بەرەی روسیا وەرچەرخێن، ئەڵمانیا پشتی بە شەڕی کتوپڕ دەبەست.
بارو دۆخی پێدانی خۆراک وتفاقی سەربازی وای پێویست دەکرد کە شەڕەکان زوو بەخێرا تەواو بن بۆ ئەوەی درێژە نەکێشن وگەمارۆ نەخرێتە سەریان چونکە زۆربەی ئەم خۆراکانە لە دەرەوەی ئەڵمانیا دەگەیشتن شوێنی ئەمبار کردنی لە ساڵێک یا دوو ساڵی زیاتر نەبوو.
لە تواناشی دانەبوو پشت بە بەروبوومی موستەعمەرەکانی ببەستێ چونکە بۆی نەدەکرا شکست بە کەشتیگەلی بریتانیا بێنێ، لە روی ئابووریشەوە هاوپەیمانەکەی ئیمپراتۆریەتی نەمساو هەنگاریا لەو ئاستەدا نەبوو بتوانێ هاوکاریی بکات چونکە ئەمیش گیرۆدەی کێشەی خۆی ببوو. ئەم کارە ئەگەر درێژەی بکێشابا زۆر لە تواناکانی ئەم مەزنتر بوون.
لە 1914 ئەڵمانیا پرۆژەی کەشتیوانیی تەواو کرد کە کەندری(بەنداو) (کییل) بوو ئەم کەندرە توانایەکی سەربازیی مەزنی بە ئەڵمانیا بەخشی کەشتیگەلی یەکانی لە بەلتیق و دەریای باکور بەیەکەوە گەیاندن.

ئیمپراتۆریەتی نەمساو هەنگاریا

ئەگەر روسیا بۆ وڵاتانی (ویفاق)وەکو ئەسپی دۆڕاو وا بوو، ئەوا ئیمپراتۆریەتی نەمساو هەنگاریا بۆ ئەڵمانیا بووە هەمان شت. وەکو ئەڵمانیا هەندێک تایبەتمەندیی هەبوون بەڵام کێشەکانی رۆژ بەدوای رۆژدا روەو خەراپی دەچون، ئەو جەنگەی هەموو دونیا لە چاوەڕوانی دابوون لە نێوان فرانساو ئەڵمانیا روبدات، تائەوکاتەی بە حەزی ئەڵمانیا نەبوو روی نەدا، دوای ئەوەی توانیی یەکیەتیی ئیمپراتۆریەتی نەمساو هەنگاریا ی هاوپەیمانی بپارێزێ.

بەر لە سەدەی نۆزدەهەم ئیمپراتۆریەتی نەمساو هەنگاریا وێنەیەک بوو لە وێنەی ئەو ئیمپراتۆریەتە کۆنانەی لە چەندین نەتەوەو رەگەزی جۆراو جۆر پێکهاتبوو هیچ شتێک کۆی نەدەکردنەوە تەنیا لایەنگری بۆ ئیمپراتور نەبێ ئەویش بەهۆکاری سیاسی و ئەتەنی و ئابووریەوە بوو. لە میانەی سەدەی نۆزدەهەمیش کە بەسەدەی سەردەمی نەتەوەکان ناسرا، بارودۆخەکان بە تەواوەتی گۆڕان بەڵام ئیمپراتۆر لەسەر هەمان دۆخ و شێوازی خۆی مایەوە مەبەستی بوو هەر لە ژێر دەستی خۆی بمێننەوە، دوای ئەوەی لە ساڵانی پەنجاکان لەدەست هاوپەیمانی باکوری ئەتلەس شکستی زۆری خوارد ولە 1866لەدەست روسیا رژێمی ئیمپراتۆریەت گۆڕابووبە پادشا نشینی دو قۆڵی.

سیستەمی پادشانشینی دوو قۆڵی لەسەر بنەمای دوو دەوڵەتی نەمساو هەنگاریا دامەزرا هەریەکەیان دەستور ورژێم و بەڕێوەبردن خۆجێیەتیی تایبەتی خۆی هەبوو کاروباری بەرگری وسیاسەتی دەرەوە لە پسپۆری بەڕێوەبردن ئیمپراتۆر بوو.

سەرباری ئەمە پێکهاتەکە لە نەمسایی و ئەڵمانی ولەهەنگاریش چەندین کەمە نەتەوایەتیی تر ی چاڵاک هەبوون:

1_ چیکەکان لە بۆهیمیا.

2_ پۆلۆنیەکان لە گامبیا.

3_ سلاڤەکان لە باشوری ئیمپراتۆریەت.

4_ کرواتیەکان لە باشوری ئیمپراتۆریەت.

5_ ئیتالیەکان لە ترەنتینۆ.

ئەم کەمە نەتەوایەتیانە زۆرینەی دانیشتوانی پادشا نشینەکەیان پێک دەهێنا.

کێشەی کەمە نەتەوایەتیەکان لە کێشە هەمیشەییەکانی پادشانشین بوو، ستەم وزۆرداریی هەنگاریا بەرامبەر بە کەمە نەتەوایەتیی سلاڤی مەزنترین مەترسیی پەیدا کردبوو ئەمە بۆ وڵاتانی (ویفاق) گونجان دەرفەتێکی باش بوو تا دەست لە ناوەخۆی وەربدەن بە ئومێدی لەناو بردنی پادشانشینی دو قۆڵی، زۆرجار ناویفاقی لە نێوان هەنگاریا و نەمسا لەسەر سیاسەتی بەڕێوەبردن دروست بوو بۆ ئەوەی وڵات لەم تەنگژەیە دەرباز کات بەڵام دیارە بێ سود بوو.

ئەگەر لەگەڵ ئەم کێشەیە داهاتی تاکی سلاڤی زیادیان بکردبا بۆی هەبوو سلاڤیەکان بەرگەی ستەمی حوکمڕانی هەنگاریایەکان بگرن، بەڵام ئابووری وڵات لە خەراپەوە بۆ خەراپتر هەنگاوی دەنا سەرمایەو کەرەستەی خاو لە کەم بوون دابوون هاتو چۆ گرفتیان تێ کەوتبوو بەهۆی نالەباری دۆخەکانی کۆمەڵایەتی پێشکەوتنە کانی پیشەسازی لە مەترسی دابوون. هەموو سەرمایەدار وخاوەن کۆمپانیاو مولکدارەکان یا نەمسایی بوون یا هەنگاریای کرێکارو هەژارەکانیش سلاڤی بوون ئەم فاکتەرانە بوونە هۆی ئەوەی لەتەک کێشەکانی نەتەوایەتی کێشەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیش هەبن. سەرکردە خۆجێیەکانی نەتەوایەتی ئامادەبوون یارمەتی دەرەکی وەرگرن بۆ ئەوەی لەم ستەمو زۆرداریە رزگاریان بێ ئەو یارمەتی وەرگرتنە، حکومەتی ئیمپراتۆریەتی دو قۆڵی بە خیانەتی نیشتمانیان دەزانی.

حکومەتی پادشانشینی دوو قۆڵی هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی ئیمپراتۆریەتی فرە نەتەوە یەک بخا بەڵام ئەم بیرۆکەیە بەر لەوەی بیرۆکەیەکی پراکتیکی بێ بیروکراتی بوو. کاتێک ویستی زمانی ئەڵمانی بەسەر هەموو کەسانی ئیمپراتۆریەت دا بسەپێنێ، لە لایەن نەتەوەکانەوە ڕوبەڕووی بەرگری و ناڕەزایی بوو و هەوڵەکان سەرکەوتو نەبوون.

بەم شێوەیە کێشە ناوەخۆییەکان بەسەر نەتەوەکاندا دابەش بوون کە بووە هۆی ئەوەی پادشانشینی دوو قۆڵی نەبێتە خاوەنی یەک گوفتار بەرامبەر بە مەترسیەکانی دەرەکی هاورا نەبن، ئەگەر جەنگێک روبدات ئاسان نەبوو چەمکێکی نیشتمانیی هاوبەش بۆ هەموولایەک بدۆزرێتەوە.

زاڵ بوونی ئەم فرە کەمە نەتەوایەتیە ببووە مایەی ئەوەی لە تواناداا نەبێ چەمکی دیموکراتی لە هەڵبژاردنەکان لەم وڵاتە پیادە بکرێ، لە ترسی ئەوەی نوێنەری کەمە نەتەوایەتیەکان بەسەر پەرلەمانەکاندا زاڵ بن یا زۆرینە وەدەست بێنن ئەوسا کارەکان ئەوانەی بەسەر ئەستۆی سلاڤیەکانەوە زاڵ بوون بەسەر نەمساییە ئەڵمانیەکاندا سەرەوژێر دەبنەوە، بەم جۆرە حکومەتی پادشانشینی دو قۆڵی حکومەتێکی ڕێورەسمی دیکتاتۆر بوو دیموکراسی روکەشێک بو خۆی پێ داپۆشیبوو.

سیاسەتی دەرەوەش بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی لە ئیمپراتورەوە بە وەزیری دەرەوە درابوو، کەس بۆی بۆی نەبو سیاسەتەکە ریفۆرم بکات، پۆستی وەزیری دەرەوە تەنها بۆ نەمساییە ئەڵمانیەکان بوو یا هەنگاریەکان، ئەم سیاسەتەی دەرەوەش لە خزمەتی ئەم دو رەگەزە دابوو.

ئەڵمانیا هیچ کاتێک بیری لەو ئەڵمانیانە نەدەکردەوە کە کەوتبوونە ناو ئیمپراتوریەتەکە تا بیان خاتەوە سەر ئەڵمانیا، تەنها بە هاوپەیمانێتیەکە رازی بوو، لەگەڵ ئەوەی دەیزانی بەم هەنگاوە ئیمپراتوریەت هەڵدەوەشێتەوە لەسەردەستی نەتەوەکان، بەڵام بانگەوازی ئەڵمانیا بۆ (دانیشگای سلاڤی) مەترسیدار ترین هەڕەشەبوو بۆ ئیمپراتوریەت، مەترسیی دووەم بانگەوازیی هەڵبژاردنێکی دیموکراتی بوو.

بیرۆکەی دانیشگای سلاڤی مانای دەرچونی نزیکەی سێیەکی دانیشتوانی پادشانشینی دووقۆڵی وچونیان بۆناو سربەکان بوو، دواتر بەدور نابینرێ وڵاتێکی سلاڤیی سەربەخۆ دابمەزرێ بەڵکو لە پادشانشینی دووقۆڵی بەهێز تریش دەبێ؟.

ئەم بیرۆکەیە پادشانشینی دووقۆڵی ناچار دەکا هەڵوێستێکی بەرهەڵستکاری وەرگرێ، لە کاتێکا ناوچەی بەلکان بووە تاکە ناوچە لەبەردەم نەمسا بۆ فراوان بوون، کە بە هۆی ئەو ناوچەیە دەکرێ بکەوێتە سەردەریای ئەدریاتیەوە.

بۆیە دەبینین کە پڕۆژە سەربازیەکانی دژی سربەکان بوون هەروەها پڕۆژە ئابووریەکانیشی بۆ هەمان مەبەست وبۆ گەیشتن بە دەریای سپیی ناوەڕاست بوون. بەڵام ئەم جۆرە پڕۆژانەی، هەم روسیا و هەم وڵاتە بەلکانیەکان دژی دەوەستانەوە، بەهۆی دروست بوونی ئەم هەڵوێستە پادشانشینی دووقۆڵی هەوڵی دامەزراندنی کوتلەیەکی سیاسیی دا لە ناو وڵاتانی بەلکان بۆ ئەوەی بەرنامەکەی پێ جێبەجێ بکرێ، بەدیدی ئەم ئەو کوتلەیە دەبێ لەو وڵاتانە پێک بهێندرێ کە لە شەڕەکانی بەلکان لە 1912_1913شکستیان خواردبوو:

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ودەوڵەتی بولگاریا.... بۆئەوەی ببنە هێزێکی فشار بەسەر یۆنانیەکان لە لایەک وهێزێکی بەرپەرچ دەرەوە بۆ هەر دەستێوەردانێکی روسی لە ناوچەکە، بەڵام لەم هەوڵەی سەرکەوتو نەبوو تا جەنگی یەکەمی جیهانی بە هاوکاری ئەڵمانیا ئەوسا بۆی جێ بەجێ کرا.

فراوان بوون لە بەلکان تەنها روسیای نەدە وروژاند، بەڵکو ئیتالیاشی دەوروژاند کە چاوی بریبووە ئیتالیا بەهۆی هەڵکەوتنی جیوگرافیی، هەردولایەن (ئیتالیاو پادشانشینی دووقۆڵی) هاوکاری یەکتریان دەکرد بۆ ئەوەی سربەکان دەست بەسەر ئەلبانیاوە نەگرن، بەڵکو دەبێتە بەشی یەکێکیان، هەردوکیان دژی لایەنی سێیەم بوون لە هەردەست تێوەردانێک لە ئەلبانیا، لەهەمان کاتیش دا هەردوو لایەن لە هەوڵی ئەملاو ئەولادا بوون بەڵک و لە وەدەست هێنانی ئەلبانیا سەرکەوتو دەبن.

لەتەک مەسەلەی ئەلبانیا،کیشەیەکی تریش هەبوو بەناوی کێشەی ئیتالیا (ترەنتینۆ) بانگخوازەکانی ئیتالیا بۆ یەکخستنی خاکی ئیتالیا دەنگیان هەڵدەبڕی هەر کاتەی ئیتالیا پێویستی پێ بووایە ئەمەی وەکو چەکێک بەروی نەمسا بەرز دەکردەوە.

تاقە ئومێدی پادشانشینی دووقۆڵی ئەڵمانیا بوو کە بتوانێ لەم قەیرانەی دەرباز کا بەهۆی کێشانی هێلی ئاسنین کە بەرلینی بە بەغداو بەسراو موسل و ئەسیتانەوە دەبەستەوە، ئەم پڕۆژەیە مانای وایە دەوڵەتی عوسمانی کەوتە ناو بازنەی ئەڵمانی کە بۆ پادشانشینی دووقۆڵی هەیە سود لەم بەستنەوەیە وەربگرێ. لێرە دەردەکەوێ کە مەترسیی مەزن لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئیمپرالیستی ئینگلیز لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست ودور هەن لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی روسیا لە ئێران و پڕۆژەکانی فەرەنسی لە شام ئەمانە بوونە یارمەتی دەر بۆ بەستنی دوو (ویفاق) گونجان:

فەرەنسیی بەریتانی و بەریتانیی روسی. بەم شێوەیە مەترسیی مەزن لەسەر پادشانشینی دووقۆڵی دروست بوون و بەرپرسیارێتیی لە بەرگری کردن زۆر زیاتر بوو. ئەوکاتەی ئەڵمانیا هاوپەیمانێتیی لەگەڵ پادشانشینی دووقۆڵی بەست بۆ ئەوەی لە دووبەرەوە نە کەوێتە جەنگەوە بەڵام مەترسیەکان نزیک کەوتنەوە، ناچاربوو لە دوو بەرە بجەنگێ: فرانسا وروسیا، هەروەها پادشانشینی دووقۆڵیش ناچارە لە دوو بەرەوە بجەنگێ: روسیاو بەلکان ئەمە ئەگەر ئیتالیا روی وەرگێرا ئەوا دەبێتە سێ بەرە.

هەماهەنگیی سیاسی وعەسکەری لە نێوان هەردوو هاوپەیمان زۆر بەهێز بوون فەرماندە سەربازیەکانی نەمسایی بە شارەزایی و پسپۆری فەرماندە ئەڵمانیەکان دەوڵەمەند کرابوون، بەڵام لە روی ناوە خۆ جیاوازی زۆریان هەبوو، ئەڵمانیا یەکگرتوو دووقۆڵیش لەبەریەک هەلوەشاوە بوو سوپای ئەڵمانیا یەکگرو بەهێز بوو بایەخیان بە هیچ شتێک نەدەدا تەنها کاری جەنگین وبەرەی جەنگ نەبێ، سوپای پادشانشینی دووقۆڵی بایەخی بە پاراستنی ئارامی ناوەخۆو بەرگری لە سنورو ڕوبەڕووبوونەوەی پەشێویە نەتەوایەتیەکان دەدا کە ئەگەری رودانیان هەبوو.

لەگەڵ ئەمەش ئەڵمانیا هەنگاوێکی مەزنی لە بوواری پیشەسازی و زاڵبوون بەسەر زانستی پیشەسازی نابوو بەڵام دووقۆڵی لە قۆناغەکانی بەرایی دابوو لە بوواری پیشەسازی کە دەبووە هۆی وەپاش کەوتن لە کاروانی بەرەو پێش چون. بەڵام ئەم کاروانە لە نێوان فرانسا وبریتانیا بەیەک ئاست دەرۆیشتن، بەڵام روسیا بۆ ئەوان لە شوێن دووقۆڵی بوو بۆ ئەڵمانیا واتە لە پاش بوو.

ئەوەی کێشەکانی دوو بەرامبەرکردبوو، کێشەی نەبوونی سنوری سروشتی بوو بۆ بەرگری کردن سنورەکانی نەمسا هەمووی والا بوون بەرگری کردن بەبێ خاڵی سروشتی هەوڵ وبەرگریی زیاتری گەرەک بوو سنورەکانی پادشانشینی دووقۆڵی کراوەو درێژ بوون بۆ ئەڵمانیا ئەمەش کێشەیەکی تر بوو.

ئیتالیا

ئیتالیا وڵاتێکی ئەوروپیی گەنج بوو وڵاتێکی زەبەلاح نەبوو وەکو ئەڵمانیا وفرانساو بریتانیا، کەلەپوری ئیمپراتوریەتی رۆمانی هانی ئەوەی دەدا تێروانینی دوری هەبن.

ئیتالیا تازە دروست ببوو، گیرۆدەی هەندێک کێشەی ناوەخۆ بوو بەتایبەت دواکەوتویی باشور(نابلی) لە روی فێربوون و ئابووری و سیاسی. بە پێچەوانەی ناوەڕاست و باکور بوو. ئەویش ببووە ئیمپراتۆریەتێکی داگیرکەر هەر یەک لە لیبیا وسۆماڵی ئیتالیی لە خۆ گرتبوو، بەڵام نەخشە داگیرکاریەکانی تری هەندێ جار هەستی ئینگلیز و فەرەنسیەکانی دە وروژاند. پێویستیەکانی ئەم فراوانخوازیە ئیمپریالیزمیە باری ئیتالیەکانی گران دەکرد، دوای شەڕەکانی لە لیبیا ئیتالیا توشی قەیرانێکی ئابووری ببوو ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئاستی سەربازیی لەسەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی بوو، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم قەیرانە، ژمارەیەکی زۆر لە گەنجەکان چونەر یز سوپا بەو هۆیەوە رێژەی کرێکار کەم بووەوە.کێشە کۆمەڵایەتیەکانی ناو وڵات قەیرانەکانیان توند تر دە کردن بەتایبەت لە روی پەرەسەندنی بیری

سۆشیالیستی وداخوازیەکانی هاوڵاتیان بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی، تا ئەو بابەتانە بەسەر رەوشەکەدا زاڵ بوون پرسیار دەکرا، دەبێ ئیتالیا چی بکات ئەگەر جەنگێک لە نێوان وڵاتانی ناوەڕاست و وڵاتانی (ویفاق) رویدا ؟ وەکو دیفاکتۆ ئیتالیا لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا وئیمپراتۆریەتی نەمساو هەنگاریا لە 1882وە هاوپەیمان بوو، بەڵام ئەم هاوپەیمانێتیەی تەنیا بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی بەکارهێناوە، کاتێک فرانسا بڕیاری دا لیبیا داگیر کات بەدڵنیاییەوە بڕیارەکەی راگەیاند چونکە لەوە دڵنیابوو کە هێرش ناکاتە سەر فرانسا.

ئەم سیاسەتە هاوپارسەنگیەی ئیتالیا بەرامبەر بە دەوڵەتانی ناوەڕاست و هاوپەیمانی دووقۆڵی رەنگدانەوەی دایەوە سەر گەلی ئیتالیا بوو دابەش بوونی بەسەر دوو لایەن لە ئەنجام بووە مایەی یەکلا نەبوونەوەی ئیتالیەکان، ئەگەر جەنگ لە نێوان هەردو فراکسیۆن(کوتلە) رویدات لایەنگری کام لا بن ؟

هەندێک سیاسەتمەدار ی مەزن هەبوون وەکو (جیۆلۆتی) سەرۆکی پارتی ئازادیخوازان بانگەوازی ئەوەی دەکرد کە ئیتالیا داوای ناوچە ئیتالینشینەکانی ناو نەمسا بکات وەکو هەرێمی (ترنتینۆ) و کەناری دالماش لە رێگەی سازشی دیپلۆماسیانە، تەنانەت ئەگەر هەمووشی وەرنەگرتەوە با پارچەیەک بێت، ئەم سیاساسەت مەدارانە مەسەلەی ئابووریان دەخستە بەرچاو بۆ ئەم بانگخواستنەیان، لە حاڵەتێک ئەگەر ئیتالیا بکەوێتە ئەو جەنگە ئەوروپیەی هەموو کەس لە چاوەڕوانیەتی، ئەم هەرێمانە کاریگەری ئەوەیان دەبێ نەختێک لە باری ئابووریی ناوەخۆی ئیتالیا بەرەو باشی بەرن. هەروەها سەرکردە کاسسۆلیکەکان _ ئەوانەی لە ژێر کاریگەری پاپادابوون _ بانگخوازی ئیتالیایان دەکرد بۆ بێلایەنی لەم جەنگە چاوەڕوانکراوە، چونکە بە دیدی ئەوان کارێکی قورسە حکومەتی ئیتالیای کاسۆلیک جەنگێک بەرپا بکات لەگەڵ مەزنترین دەوڵەتی کاسۆلیکی ئەوروپا کە نەمسایە.

سۆشیالیستە ئیتالیەکانیش هانی ئیتالیایان دەدا تا خۆی لەم قەیرانە ئەوروپیە دور خاتەوە ئەمە وەکو پیادە کردنی سیاسەتی گشتیی پارتەکەیان بوو کە بانگخوازی ئاشتیان دەکرد.

بەڵام باڵێک لە ئازادیخوازان وباڵێک لە سۆشیالیستەکان داوای تێوەگلانی ئیتالیایان بەم قەیرانە دەکرد، هەروەها دیموکراسە کریستیەکانیش داوایان دەکرد کە ئیتالیا لە تەک وڵاتانی (ویفاق) گونجان بووەستێ.

دوای ئەم هەموو راو بۆچونانە کارێکی ئاسایی بوو ئیتالیا هەلوەستەیەک بکا تا دەگاتە بڕیاری کۆتایی. لەبەر دەم حکومەتی ئیتالیا _ بەسەرۆکایەتی سیاسەتمەدار سالاندرا _ رێگایەک لەم سێ ریگایە هەبوون:

1_ بێلایەن بووەستێ لە پای ئەم بێلایەنیە پاداشتی خۆی لەو وڵاتە وەرگرێ کە داوای بێ لایەنیی لی دەکات.

2_ بەهۆی پابەند بوونی بە هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی ناوەڕاست، لەتەکیان بووەستێ.

3_ ناپاکی لەگەڵ هاوپەیمانانی بکاو بکەوێتە لایەنی (ویفاق) گونجان (نەمسا وئەڵمانیا).

حکومەتی ئیتالیا بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیی لەگەڵ هەردو لایەن کرد بۆ ئەوەی بزانێ دەتوانن چی بۆ یەکتر بکەن، سەبارەت بە لایەنی ناوەڕاست پادشانشینی دووقۆڵی زۆر بایەخی بە گۆڕانەکانی سیاسەتی ئیتالیا

دەدا، چونکە بەشدار بوونی ئیتالیا لە جەنگ مانای وایە نەمسا دەبێ لانی کەم لە دوو بەرەوە شەڕ بکات، حکومەتی ڤیەنناش درکی بەوە دەکرد کە ئیتالیا مەبەستیەتی نەمسا دەست لە هەرێمی (ترینتینۆ) هەلگرێ کە سەرنشینەکانی ئیتالین ئەمە لە پای بەشداری کردنی ئیتالیا، بەڵام حکومەتی نەمسا بۆ ئەم داخوازیەی ئیتالیا سیاسەتێکی وەرچەپانەی لەگەڵ بەکار هێنا، کە حکومەتی ئیتالیا مەترسیی لێ نیشت بەهۆی ئەوەی فرتو فێڵی لەگەڵ دەکا و دەی هێنێ ودەیبا تا ئەوکاتەی شەڕەکان تەواو دەبن ئەگەر بەسەرکەوتویی لێی دەرچو ئەوا ئیتالیا ناتوانێ هیچ پارچە لە خاکی (ترنتینۆ) وەدەست بێنێ.

لە ڕاستیدا بیرۆکەی (ترینتینۆ) بۆ پادشانشینی دووقۆڵی خەتەرناک بوو چونکە دەبووە هۆی ئەوەی هەموو نەتەوەکان داوای چارەسەری کێسەی نەتەوایەتیان بە هەمان شێواز بۆ بکرێ بەمەش تارمایی هەلوەشانەوەی پادشانشینی دووقۆڵی لە ئارا دابوو، یالە کاتی جەنگ یا دواتر.

هەروەها تێروانینەکانی ئیتالیا لە پادشانشینی دووقۆڵیی بۆ هەرێمەکانی تریستاو ئەستریا و کەنارەکانی دەلماش بوو، ئەم ناوچانە هەمووی ببوونە خاڵی جەخت کردنی پادشانشینی دووقۆڵی لە بەلکان، بۆ پادشانشینی دووقۆڵی مەترسیەکی مەزن بوو هەر وڵاتێکی ئەوروپی جێ پێی لە کەنارەکانی رۆژهەلاتی دەریای ئەدریاتی بکاتەوە دواتر ئومێدەکانی ئیتالیا دوربوون بە ئەنجام بگەن، ئەگەر وڵاتانی ناوەڕاست لەم جەنگە سەرکەون. ئیتالیا پەیوەندیی بە وڵاتانی (ویفاق) گونجانیشەوە کرد، لە میانەی دانوستانەکان بۆی دەرکەوت کە ئومێدەکانی فراوان بوونی لە سەرحسابی پادشانشینی دووقۆڵی زیاتر دەبن ئەگەر بە هاوشان وڵاتانی (ویفاق) بکەوێتە جەنگ. لە سیمای هاوپەیمانان بەدی دەکرا کە _لە کاتی سەرکەوتنیا _ لاریان نیە ئیتالیا ئەم هەرێمانە وەدەست بێنێ:

1_ هەرێمی ئەدیج ی سەرو ی دانیشتوان ئەڵمانی.

2_ ئستیریای دانیشتوان سلاڤی.

3_ بەندەری ڤالونا لەسەر کەناری ئەلبانی.

4_ دورگەی ساسینۆی یەکگرتو لە دەروازەی کەندری (کەنال) ئەوترنت.

5_ چەند بەشێک لە کەنارەکانی دەلماشی، بەمەرجێک دەستکاری بەرژەوەندیەکانی (سربی) نەکات کە روسیا بەرگریان لێ دەکات.

6_ ناوچەی ئەزاڵیای تورکی.

7_ هەموو ئەو خا کانەی ئیتالیەکانی لێ نیشتەجێن.

ئەم جیاوازیە زۆرانە لە دەسکەوتەکانی ئیتالیا بوونە هۆی گۆڕینی سیاسەتی بۆ ئەوەی لە تەک وڵاتانی (ویفاق) گونجان بکەوێتە جەنگ، بە کرداریش لە 26نیسانی 1915لە نێوان ئیتالیا و وڵاتانی (ویفاق) گونجان کۆتایی بە دانوستانەکان هاتن بە ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە لە نێوان هەردو لا. ئەوەندەی نەبرد (ساڵندرا) هاوپەیمانێتیە سێ قۆڵیەکەی لە ئایاری 1915هەلوەشاندەوە.

بەڵام وەرگرتنی رەزامەندی لە پەرلەمان زەرور بوو، لێرە ساڵندرا توشی کێشەیەکی مەزن بوو تا بتوانێ

نەخشەکانی سیاسەتەکەی لەم تەنگژەوە دەرباز کا چونکە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لە بانگخوازانی بێلایەن بوون، تا ئیتالیا لەم جەنگە دور کەوێتەوە وڵات توشی کاولکاری وباجی جەنگ نەبێ. لە بەرامبەر ئەم قەیرانە سالڵندرا لە 13ی مایۆ دەستی لە کار کێشایەوە. بەڵام بزوتنەوە روناکبیریەکانی شارە مەزنەکان هانی پادشایان دا تا دەسبەرداری سالڵندرا نەبێ وداوا لە پەرلەمان بکا بە بڕیارەکەی خۆیاندا بچنەوە.
ئەم جۆش وسۆزە جەماوەریە لە ڕێگەی رۆژنامەکانەوە کلپەی دەکرد کە بە بڕوای نوسەرەکانی ئیتالیا وڵاتێکی تازە پێگەیشتوە دەتوانێ لە ڕێگەی بەشداربوونی جەنگ سەنگ و بوونی خۆی لە ئەوروپا بسەلمێنێ وبەرژەوەندیەکانی بپارێزێ نەک لە ڕێگەی گەمەی سیاسی و پێچ وپەناوە. ئەوەبوو پەرلەمان لە 23 ی ئایاری 1915بڕیاری بەشداری کردنی لە جەنگ دا.

بەلکان ودەوڵەت

بەلکان سەبارەت بە گۆڕانەکانی قەیران لە نێوان وڵاتانی ناوەڕاست ووڵاتانی (ویفاق) گونجان لە هەستیار ترین ناوچە بوو، بەتایبەت _ بەهۆیەوە جەنگ هەلگیرسا_ چونکە سربەکان کەوتبوونە ناوەڕاستی بەلکان، بەلکان گەلێک جار لە چاوەڕوانی ئەوەدابوون پادشانشینی دووقۆڵی لەیەک هەلوەشێتەوە، هەندێک جاریش لە ئەنجامە کەی ئەم هەلوەشانەوەیە دەترسان. مەزەندەی ئەوە دەکرا کە رۆژهەلاتی ئەوروپا لە چەند وڵاتێکی بچوک پێک بێت کە هەریەکەیان میکرۆبێکی بۆ دراوسێیەکەی هەڵگرتبێ، ئەم هەلوەشانەوەیەو نەبوونی پادشا، گومان لەوەدا نیە کە روسیا لە ناوچەکە دەبێتە خاوەن دەسەڵاتی بەرز، ئەمەش وڵاتانی بەلکان لێی دەترسان.
لە پێچەوانەکەشی هەر دەترسان، سەرکەوتنی پادشانشینی دووقۆڵی بەسەر سربەکان مانای ئەوەیە نەمسا بووبە زەبەلاح و دەستەڕۆ لە ناوچەکە.
بەلکان لە چەند دەوڵەت و دەوڵەتۆکە پێک هاتبوو هەریەکەیان خزابوونە ژێر باڵی کوتلەیەک بە ئومێدی سەرکەوتنی کوتلەکەی بەڵکو بە ئامانجەکانی دەگا. وڵاتانی بەلکان ئەمەیان دەزانی کە دروست بوونی کێشە لە نێوان سرب و پادشانشینی دووقۆڵی ئەنجامەکەی بە رسوا بوونی سرب تەواو دەبێ ئەمەش هەڕەشە لە ئاسایشی وڵاتەکانی تر دەکا جگە لە بولگاریا کە بە ئاواتەوە بوو رۆژێک دابێ سربەکان هەمان جامی ژەهر بخۆنەوە کە بولگاریا لە پەیماننامەی بۆخارێست لە 1913خواردیەوە.
بولگاریا لە چاوەڕوانی رسوا بوونی سربەکان دابوو بۆ ئەوەی لە پەنایەوە (مەقەدۆنیا) ی دەس کەوێ کە زۆربەی دانیشتوانی بوولگارین، هەروەها بولگاریا ئومێدی ئەوەشی هەبوو هەرێمی (دبروجەی باشور) لە رۆمانیا بسێنێتەوە.
پەرەسەندنەکانی جەنگ لە ساڵی یەکەمەوە مەزنترین کاریگەریان لەسەر سیاسەتی بولگاریا دروستکرد،

زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی بولگاریا داوایان دەکرد لەگەڵ روسیا ڕوبەڕووی یەک نەبنەوە ئەوان ساڵەکانی رابردویان بەبیر خەڵک دەهێنایەوە کە روسیا چەند رۆلی هەبوو لە دامەزراندن و توانای لەناوبردنیشی هەیە ئەگەر دەرفەتی بۆ برەخسێ. بەڵام لەگەڵ رەچاوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان روسیا_بولگاریا سیاسەتمەداران بەرژەوەندی و ئامانجەکانی بولگاریاشیان لەبەر چاو دەگرت کە لە هەوڵی ویفاقردنەوەی بوولگاریەکان دابوون، مەکەدۆنیای سربی مەزنترین پێکهاتەی بوولگاری لە دەرەوەی بولگاریا پێکدێنێ، وەدەست هێنانی ئەم ئامانجە روی بولگاریای بەرەو وڵاتانی ناوەڕاست وەردەگێرا. نەمسا گفتی بە بولگاریادا _ دوای ئەوەی ئیتالیا بڕیاری دابوو _ کە مەکەدۆنیای سربیا بە بولگاریا بدا لەگەڵ پشتگیری کردنی لە داواکانی بولگاریا لە ناوچەکانی سنوری تورکیا (ترافیا).

بەڵام وڵاتانی (ویفاق) بە ئاسانی ناتوانن گفتی مەکەدۆنیای سربیا بە بولگاریا بدەن چونکە ئەمە پێویستی بە توێژینەوەو بڕیاری تایبەت هەبوو، بۆیە بولگاریا لە وڵاتانی (ویفاق) گونجان ئەوەی لێ وەدەست ناکەوێ کە لە نەمسای لێ وەدەست دەکەوت گفتی پێدانی (ئەدرنە) لە تورکیا و بەشێک لە تراقیا کەمترە لەوەی پادشانشینی دووقۆلی گفتی پێدابوو.

کاتێک پایزی 1915هات ئەڵمانیا دەستێکی لە روسیا وەشاندبوو ئەوەندەی نەمابوو روسیا رێککەوتننامەیەکی شەرمەزاریی لەگەڵ ئیمزا بکا _ئەمە وەکو باسدەکرا_ بۆیە بولگاریا رشت بوو، پێی باش بوو شان بەشانی وڵاتانی ناوەڕاست بکەوێتە جەنگ، لە 5ی ئۆکتۆبەری 1915بەشداریی لە تێکشکاندنی سربەکان کرد وبەلگرادی داگیر کرد.

ئەم تێروانین و ئاڕاستانەی بولگاریا گومانیان لەوەدا نەهێشت کە بولگاریا جێی مەترسیە. بەتایبەت لە لایەن یۆنانەوە مەترسیی زۆری لە فراوان بوونی بولگاریا دەکرد لەسەر حسابی سربەکان لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

1_ بەهۆی ئەوەی یۆنان لە بولگاریا دەترسا کە رۆژێک لە رۆژان تۆڵەی لێ بکاتەوە، بۆیە لە هاوپەیمانێتیی لەگەڵ سربەکان بەردەوام بوو.

2_ یۆنان بەشێکی مەکەدۆنیای خستبووە ژێر دەستی خۆی لەوە دەترسا ئەگەر بولگاریا مەکەدۆنیای سربەکانی وەرگرتەوە دەروانێتە بەشە داگیرکراوەکەی تریش.

3_ زاڵ بوونی بولگاریا و سەرکەوتنەکانی بەسەر سربەکان و فراوانبوونی لەسەر حسابی ئەوان ڕاستەو خۆ هەڕەشە لەسەر یۆنان دروست دەکا،بەتایبەت هەندێک نزیک بوونەوە لە نێوان بولگاریا و پادشانشینی دووقۆلی هەبوو، لەتەک پەیوەندیەکانی پادشانشین و دووقۆلی و دەوڵەتی عوسمانی، دەوڵەتی عوسمانی لە ژواندا بوو بۆ یۆنان تا ئەوەی لە جەنگی بەلکان لە 1912/1913 لە ژێر چنگی دەرهێنابوولێی بسێنێتەوە.

ڕەوشەکانی ناوەخۆی یۆنان ڕێگەیان پێنەدەدا سیاسەتێکی سەقامگیر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕان کاریەکان دابرێژێ کە لە ساڵی یەکەمی جەنگی جیهانی رویان دا.

بەشدار بوونی ئیتالیا وبولگاریا لە جەنگ، شکستەکانی روسیا، هێرشەکانی فرانساو بریتانیا بۆ سەر گالیبۆلی بۆ کردنەوەی ڕێگا بۆ روسیا بەزۆر، ئەمانە هەمووی دەبووایە یۆنان هەڵوێستێک لەم جرت وفرتانەی وڵاتانی شەڕکەر وەرگرێ کە لە دەورو بەری یۆنان دەخولانەوە، بەڵام پادشای قوستەنتین _زاوای قەیسەر ولهلم _ لە سەرکەوتنەکانی ئەڵمانیا دڵنیا بوو، دیسان لە بەڕێوە بردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەشی دڵنیا بوو بە ڕەچاو کردنی بەرپرسیارێتیی وەزارەتی یۆنانی، ئەم بە سیستەمی حوکمی بڕوسی ی نیمچە دیکتاتۆرشەیداو سەرسام بوو.

بە پێچەوانەی ئەمە لە ئاراستەکانی ناوەخۆو دەرەوە سیاسەتمەداری زیرەک (فینزیلۆس) دەیرانیە تەواوکردنی یەکیەتی نەتەوایەتیی یۆنان و ژیاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی لەگەڵ پێدانی مەودایەکی زیاتر لە دیموکراتی و پەرلەمانی بۆ گەلی یۆنانی.

بە ئەنجام گەیاندنی ئەمەش تەنها بە لادانی پادشا نەبێ ناکرێ ئەگەر لەسەر راو بۆچونەکانی توند بمێنێتەوە.



ڤینزیلۆس

ئەوەبوو لەشکرەکانی فەرەنسی وبەریتانی گەیشتنە گالیبۆلی بێ گوێدانە بێلایەنی یۆنان وسەروەریەکانی وڵات، ئەوسا یۆنان کەوتە بەردەم دووریانێک، ڤینزیلۆس بە رازی نەبوونی پادشا بڕیاری دا وڵاتەکەی لەبەردەم هێزەکانی (ویفاق) گونجان والا بکا، بەڵام دابەزینی هێزەکانی فەرەنسی وبەریتانی لە سالۆنیک و کردنی بە بنکەی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی وڵاتانی (ویفاق)گونجان لە ناوچەکە ڤەنزیلۆسی پێ بەهێز بوو ئیرادەو بڕیارەکانی بەسەر بڕیارەکانی پادشادا زاڵ بوون، لە سالۆنیکا لە 1916حکومەتێکی نیشتمانیی

دروست کردبەم شێوەیە یۆنان لایەنی (ویفاق)گونجانی هەلبژارد. لەوپەڕی باکوری رۆژهەلاتی بەلکان رۆمانیا هەوڵی دەدا رۆلێکی سەرەکی لە کاروباری بەلکان هەبێ بۆئەوەی لەم میانەدا یەکیەتیی رۆمانیا مسۆگەر بکاو ئەگەر کرا فراوانتریشی باکا.

ملیۆنەها رۆمانی لە ژێر حوکمی روسیا لە بسارابیا ولە ترانسلڤانیاش لە ژێر حوکمی پادشانشینی دووقۆلی دەژیان، وەدەست هێنانی ئەم هەرێمانە بۆ رۆمانیا ئەنجام نادرێ تەنها ئەگەر لە تەک وڵاتانی (ویفاق) گونجان نەکەوێتە جەنگ کە دوژمنی پادشانشینی دووقۆلیە. حەزێکی تەواو لە رۆمانیا هەبوو بۆ ئەوەی بکەونە لایەنی (ویفاق) گونجان بەڵام بوونی پادشا کارلی یەکەم لە سەر تەختی حوکم رێگەی لەمە گرتبوو _ دوای ماوەیەکی کورت_ رۆمانیا دژی وڵاتانی ناوەڕاست روی وەرگێرایەوە، کە ئەوەندەی نەبرد پادشا لە ئۆکتۆبەری 1914کۆچی کرد دوای ئەو فەردیناندی برازای هاتە سەر تەختی حوکم. فەردیناند لە توانایدا نەبوو بەسەر سیاسەتمەداری رۆمانیی و سەرۆکی حکومەت (براتیانۆ) دا زاڵ بێ، لەسەر ئەم پیاوەبوو هەڵوێستەکانی رۆمانیا لەم جەنگە دیارکا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی رۆمانیا و داخوازیەکانی لە ترانسلڤانیا کە لە ژێر دەسەڵاتی پادشانشینی دووقۆلی دابوو، هەروەها بسارابیا کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی روسیادا بوو، لە میانەی پەیوەندیەکان دا لە نێوان بۆدابست و ڤیەننا دڵنیا بوون کە روسیا دەست لە ترانسلڤانیا هەلناگرێ، بەڵام وڵاتانی (ویفاق) گونجان ئامادەبوون رۆمانیا ترانسلڤانیا وەدەست بێنێ. ترانسلڤانیا _ بەدیدی حکومەتی رۆمانیا_ پێشینەی جولانەوەو چاڵاکیەکانی نەتەوایەتیی رۆمانیا بوو روەو یەکیەتی نەتەوایەتی بۆ هەموو رۆمانیەکان. بۆیە بەرهەمی وتووێژەکانی نێوان رۆمانیا و وڵاتانی (ویفاق) گونجان پەیماننامەی هاوپەیمانی بوو لە 17ئابی 1917کە رۆمانیا پێشتر لە بەردەم سوپاکانی وڵاتانی ناوەڕاست بوو لە 1917ئەمزای کرد.

ژاپۆن

ژاپۆن وڵاتەمەزنەکەی ئاسیابوو کە بەشداریی لە جەنگ کرد، لەتەک ژاپۆن وڵاتی تری بچوک لە ئاسیا بەشداریان کرد وەکو سیام(تایلاند) بەڵام رۆلی بچوکیان لەم جەنگە گیرا، ژاپۆن هەوڵی وەرگرتنی جێماوەی(وراسە) ئیمپراتۆریەتی ئەوروپی لە رۆژهەلاتی دور دەدا، ئەنجام گەیاندنی ئەم ئامانجە بە کەرەتێک هەرگیز نەدەبوو، کاری بۆ سود وەرگرتن لە قەیرانەکانی ئەوروپی دەکرد بۆ وەدەست هێنانی دەسکەوت لە رۆژهەلاتی دور.

بازاڕە قەلەبالغەکانی چین جێی چاوبڕینەکانی ژاپۆن بوون، سەرباری تێروانینەکانی بۆ دەست گرتن بەسەر کانزاکانی چین کە نەیتوانیوە سودیان لێوەر بگرێ، بۆیە بەدیدی ژاپۆن بەردەوام بوونی لە هاوپەیمانی لەگەڵ بریتانیا ئەم دەرگایانەی بۆ دەخرێنە سەر پشت دەتوانێ لەم رێگەیەوە دەست بەو شوێنانەدا بگرێ کە ئەڵمانیا لە چین لە کەنداوی (چاو و شانتۆنگ) داگیری کردون.

لەسەر ئەم بنەمایانە ژاپۆن لە 23ی ئابی 1914جەنگی دژی وڵاتانی ناوەڕاست ڕاگەیاند بە ئومێدی بە ئامانج گەیاندنی ئاواتەکانی، تەنانەت ئەگەر لەسەرحسابی وڵاتانی (ویفاق) یش بن گرنگ نەبوو.

دوای ئەوەی ژاپۆن دەستی بەسەر ئەو شوێنانە داگرت کە ئەڵمانیا لە چینی داگیری کردبوون _ئەوسا ئەڵمانیا بەهێز بوو ئەوروپاش خەریکی شەڕ بوو _، هەوڵی فەرمان ڕەوایی بە تواناکانی چینی دا، لە ڕێگەی هەڕەشە لێکردن بە ئازاد کردن و ناردنەوەی سیاسەتمەدارانی پەناهەندە بۆ ناو چین، دیارە ئەوان لە توانایان دا بوو دژی دەسەڵاتی (یوان چی کای) ی دکتاتۆر ئاژاوە و نائارامی بخولقێنن.
لە جەنیوەری 1915 ژاپۆن یاداشتێکی بە چین دا _بە ماوەیەکی کورت _تیایدا داوای ئیمتیازاتی سیاسی وئابوریی و سەربازیی لێکرد،بەم پێیە چین وەکو پارێزراوێکی (محمیە) ژاپۆن دەمایەوە،چین لەبەردەم داواکاریەکەی ژاپۆنی زەبەلاح بە باڵ شکاوی مایەوە،ئەمە وێڕای ناڕازی بوونی بریتانیا لە قورس کردنی باری چین و زیادەڕۆیی لە داواکاریەکانی ژاپۆن، هەروەها وێڕای داواکاری ئەمەریکا لە ژاپۆن بۆ وەستانی جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی یاداشتەکە بە تایبەت ئەو خاڵانەی سەروەریی چین پێشێل دەکەن.
ئەو ڕێککەوتنانەی لە نێوان چین و ژاپۆن لە 24ی ئایاری 1915ئیمزا کران ئاوی روان بۆ چین دەهێشتەوە ماوەیەکی باشیشی بە ژاپۆن دەبەخشی تا دەست بەسەر چین دابگرێ، وڵاتانی (ویفاق) بەهۆی خەریک بوونیان بە جەنگەکانی ئەوروپا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ناچار بوون ئەم ڕێککەوتنەی نێوان چین و ژاپۆن پەسندکەن، ئەمەو بریتانیا پەیمانی بە ژاپۆن دا کە ئەو دورگانەی ژێر دەستی ئەڵمانیان لە زەریای ئارام بە ژاپۆن بدات.

ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا

سیاسەتی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە (فراوانی هەرێمی) لە ناوەوەی کشوەر بۆ کشوەرە دورەکان گۆردران (ئالاسکا وهاوای) ئەمە بووە هۆکاری دۆزینەوەی مەودایەکی زیندو لە ئەمەریکای لاتینی. ئەوەندەی نەبرد دەستی گرت بەسەر فلیپین کە لەژێر دەستی ئیسپانیادا بوو، هەروەها کەنالی پەنەما و کوبا، ئەمەریکا زۆر بە هەستیاری مامەڵەی لەگەڵ هاوپەیمانەکان و دژە هاوپەیمانەکانی ئەوروپای دەکرد. هەوڵی ئەوەی دەدا ببێتە ناوبژیوانێکی بەهێز بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان لە کشوەری ئەوروپا، بەڵام بەهۆی توندی شەڕەکان لە نێوان هەردوو ئۆردوگای شەڕکەر لە ئەوروپا و پێویستی نەبوونیان بە ناوبژیوان و دل نەچونی ئەمەریکا لە دەستێوەردان، ئەمانە هەمووی بوونە فاکتەری ئەوەی ئەمەریکا وەکو بینەرێک لە چاوەڕوانی ئەنجامەکانی جەنگەکەدا بێ تا ئەو کاتەی لایەنێک بەسەر دەکەوێ ئەوسا بە پشت بەستن بە بنەماکانی بەرژەوەندی گەلی ئەمەریکا هەڵوێستێک وەگرێ.

دەوڵەتی عوسمانی

دەوڵەتی عوسمانی تاقە دەوڵەتی موسلمان بوو کە بریاری بەشدار کردنی لە جەنگی یەکەمی جیهانی دا. چەند هۆکارێک هەبوون کە دەوڵەتی عوسمانی بچێتە پاڵ وڵاتانی ناوەڕاست نەک بێلایەن بێ:

1_ بەرژەوەندیەکانی ئەڵمانیا لە ناو دەوڵەتی عوسمانی بەر لە دەست پێکردنی جەنگ گەڵێک پەرەیان سەندبوو. قەرزی ئەڵمانی هەبوو، پرۆژەی هێلی ئاسنی هەبوو کە ئەڵمانیا پێی هەڵدەستا، سوپای عوسمانیەکان لەسەر دەستی پسپۆرە سەربازیەکانی ئەڵمانی مەشقیان دەکرد، تائەوکات لاپەرەی ئیمپریالیزمیی ئەڵمانیا سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانی خاوێن بوو.

2_ بەرژەوەندی و چاوتێبڕینی بریتانیا وفرانسا زۆر بەرون و ئاشکرا دیار بوون، چاویان بڕیبوە دەوڵەتی عوسمانی و لێدانی گەلانی موسلمان لە مەیدانی بروا و ئابووری یەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی گەلانی موسولمانی ئاسیا و ئەفریکا _ بەتایبەت لە هیند وکەنداوی عەرەبی و عەدەن و نیل وباکوری ئەفریکا _ ژێردەست و کۆیلە کرابوون، هەریەک لە بریتانیا فرانسا بە چاوی شەڕەوە دەیان روانیە عێراق و شام و بەندەرەکان.

3_ روسیا مەزنترین مەترسیی لەسەر چارەنوسی دەوڵەتی عوسمانی پێک دەهێنا کە شەڕەکانی تەرابلس وبەلکان هێوریان کردەوە، روسیا بە رونی بەدوای لەناو بردنی دا دەگەرا، حکومەتی ئەسیتانە لە هاوینی ساڵی 1914نەیتوانی لەگەڵ وڵاتانی (ویفاق) گونجان بکەوێتە رێکەوتنێک کە ئەوەی لە میسر وبەلکان لەدەستی دابوو بۆی بگێڕنەوە، بۆیە ئاراستەکانی حکومەتی ئەسیتانە، ئاسایی بوو کە روەو ئەڵمانیا بن.

بەڕاستی هەندێک دەنگ هەبوون داوایان دەکرد لەم شەڕە تێوە نەگلێن. بەڵام ئەنوەر پاشا [31] لەوە دڵنیا بوو کە سەرکەوتن بۆ ئەڵمانیایە بۆیە دەرفەت رەخساوە تا تۆڵە لە دوژمنە مەزنەکانی بکاتەوە. کەسایەتی وتوانای ئەنوەر پادشا لەو ئاستەدابوو کە بتوانێ لە 2ی ئابی 1914پەیماننامەیەکی بەرگری دژی روسیا لەگەڵ ئەڵمانیا ئیمزا بکات، ئەمە دوای یەک رۆژ لە راگەیاندنی بڕیاری ئەڵمانیا هاتکە راگەیاندنی دەتپێکردن بە جەنگ بوو، بەم شێوەیە هیچ ئاستەنگێک لەبەر دەم حکومەتی ئاسیتانە نەمان جەنگ دژی وڵاتانی (ویفاق) رابگەیەنێ تەنها رەخسانی دەرفەت نەبێ، بە تایبەت دوای ئەوەی بریتانیا دەستی بەسەر ئەو دو کەشتیە جەنگیە ی دەوڵەتی عوسمانی داگرت کە لە بریتانیای کردیبوو و هێشتا لە بەندەرەکانی بریتانیا وەستابوون.

کاتێک هەردو کەشتیەکەی ئەڵمانی لە ترسی کەشتیەکانی بەریتانی رایان کردبوو و گەیشتنە بەنداوەکانی عوسمانی لە 11ی ئابووی 1914، حکومەتی عوسمانی مافی هاتنەژوری پێدان لەگەڵ وەستان لە بەندەرەکانی. لە کاتێکا ئەم بەنداوانە بەروی کەشتیگەلی بەریتانی لە دەریای سپیی ناوەڕاست داخران هەروەها کەشتیگەلی روسی لە بەنداوەکانی دەریای رەش رێگەیان پێ نەدرا بچنە ناوەوە. پاساوی تورکەکان ئەوەبوو کە جوبن وبرسلاو بوون بە بەشێک لە کەشتیگەلی عوسمانی، ئەمە وەکو کاردانەوەیەک لە سەر گل دانەوەی کەشتیە سەربازیەکان کە بریتانیا گلی دابوونەوە. ئەوەندەی نەبرد لە بەندەری ئۆدیسا سباستیۆل ی روسی لە کتوپڕی لە کەشتیەگەلی عوسمانی درا بە کەشتیەکانی جۆبن وبروسلاو یشەوە ئەمە سەرەتای دەست پێکردنی پراکتیکیی جەنگی تورکی بوو لەتەک وڵاتانی ناوەڕاست دژی وڵاتانی (ویفاق) گونجان، ئەوسا ئیتر سولتانی عوسمانی _ خەلیفەی موسلمانان محمد ی پێنجەم

---

[31] وەزیری جەنگ و یەکێک لەو سێ کەسانەییەسەر دەسەلاتەوە زاڵ بوون، دوەکەی تریش تەلعەت پاشا وەزیری ناوەخۆ و جەماڵ پادشا وەزیری دەریاوانی بوو

بانگەوازی (جیهاد)ی کرد بە هیوای ئەوەی هەموو مولسلمانەکان لەو وڵاتانەی بریتانیا وفرانسا وروسیا دەستیان بەسەریانداگرتوە شۆڕش بەرپا کەن [32] لەشکرەکانی عوسمانی ئامادەی شەڕکردن بوون دژی وڵاتانی (ویفاق) گونجان لە هەموو بەرەکان:

1_ بەرەی قەوقازی ئەنادۆڵی.

2_ بەرەی بەلکانی.

3_ بەرەی دورگەی عەرەبی وعراق و فارس.

4_ بەرەی کەندری(کەنال) سوێس و شام.

5_ بەرەی یەمەن.

بەشداری کردنی تورکیا وا بە زو وەخت لەو کاتەی روسیا توشی چەند شکستێک بووەو لەشکرەکانی ئەڵمانیا بەرەو فرانسا لەشکرکێشی دەکەن، یەکێک لەو هۆکارانە بوو کە باری وڵاتانی(ویفاق)گونجان ی قورس کرد بە تایبەتی روسیا وبریتانیا. حکومەتی ئەڵمانیا وئەسیتانە زۆر دڵیان بە بانگەوازی (جیهاد) خۆش بوو کە ببێتە مایەی لەبەر یەک هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی بەریتانی وفەرەنسی بە تایبەتی. بەڵام مەزندەکانی تورک وئەڵمانەکان ڕاست نەبوو، ئەم بانگەوازەی (جیهاد) نەبووە هۆی بەرپا بوونی شۆڕش لە وڵاتە موسولمانەکان، بە پێچەوانەوە ئینگلیزەکان توانیان هاوکاریەکانی پادشا حوسێن بن علی شەریفی مەککە وەدەست بێنن لەگەڵی بکەونە هاوپەیمانێک تا شەریف خۆی سەرپەرشتی شۆڕشێکی عەرەبی بکا لە 1916 دژی خەلیفەی عوسمانی ئەم شۆڕشي بووە هۆی تێکشکاندنی هێزی بانگەوازی دەوڵەتی عوسمانی بۆ(جیهاد). ئاسایی بوو وڵاتانی (ویفاق) گونجان دوای سەرکەوتنیان دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا دابەش کەن، ئەمە ئەوکات دەستی پێکرد کە بریتانیا رایگەیاند قوبرس لە خۆ دەگرێ و مافی پاراستنیش بەسەر میسر دا دەسەپێنێ، هەروەها بە هەوڵەکانی دەست گرتن بەسەر بەنداوی دەردەنیل لە 1915 کە سەرکەوتونەبوو تیایدا، لە کۆتایی وڵاتانی (ویفاق) گونجان کەوتنە ریککەتن لەسەر دابەش کردنی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا کە بەناوی رێککەتنی قوستەنتینیەی 4 تا 10ی نیسانی 1915ناسرا، لە ڕاستیدا ئەمەنامانە لە نێوان ئەم وولاتانە ئالوگۆڕ کراون بریتین لە بریتانیا و فرانساو روسیا بۆ پێکهاتن لەسەر دابەش کردنی دەوڵەتی عوسمانی بەم شێوەیە:

1_ روسیا ئەسیتانەو بەنداوەکان وەدەست دێنێ، بە مەرجی ئەوەی بەندەری ئەسیتانە بۆ بازرگانی ئازاد دەبێ، هەروەها بەنداوی دەردەنیل و بسفۆر کراوە دەبن لە ڕوی پاپۆرەکانی بازرگانی.

2_ دڵنیا کردنەوەی وڵاتانی بەلکان لە کاتی داگیر کردنی ئەسیتانە و بەنداوەکان لە لایەن روسیاوە.

3_ ڕاست کردنەوەی سنورەکانی نێوان ئەفغانستان_ روسیا بە شێوەیەک داخوازیەکانی روسیا جێبەجێ بکا.

4_ فرانسا هەرێمی سار وەدەست دێنێ وێڕای ئەلزاس ولۆرین.

5_ دروست کردنی وڵاتێکی نوێ لە کەناری چەپی روباری راین لە سەر خاکی ئەڵمانیا.

---

[32] ئەی دەبێ لایەنگرانی تورک کێ بن ؟ موسلمان بوون ؟،ئەڵمانیا ونەمساو هەنگاریا هەمان چێشت نەبوون؟...چۆن گەمەیان بە هەستی ساویلکەی خەڵک کردوە بەناوی ئاین، خۆیان کردوە بە کوێخاو ریش سپی ی موسلمانان....

6_ ناوچەکانی بێلایەن لە فارس کە لە دەقی ڕێککەوتنەکەی (ویفاق)گونجان لە ساڵی 1907ئاماژەی پێدراوە دەبێتە ناوچەی دەسەڵاتی بەریتانیی.

7_ بریتانیا وفرانسا وڵاتەعەرەبیەکانی سەربە دەوڵەتی عوسمانی وەکو عێراق و شام لە نێوان خۆیاندا دابەشی دەکەن، دواتر ئەمە جێبەجێ کرا کە پێی وترا ڕێککەوتنی سایکس_بیکۆ ی بەناوبانگ لە 1915.

8_ فرانسا دەست بەسەر سوریاو کیلکیاو کەنداوی ئەسکەندەریە دادەگرێ.

9_ حکومەتێکی ئیسلامیی سەربەخۆ لە خاکەکانی ئیسلامیی پیرۆز دادەمەزرێ.

10_ پچراندنی خەلافەت لە تورکیا.

کاتێک ئیتالیا بڕیاری دا لەتەک وڵاتانی (ویفاق) گونجان بەشداری لە جەنگ بکا بەشداریی لە مەسەلەی دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی دا کرد بەم شێوەیەی خوارەوە:

1_ دەسەڵاتی ئیتالیا لە سەر دورگەی دۆدیکاینز ڕادەگەیەندرێت، مافی سولتانی عوسمانی لە لیبیا بۆ ئیتالیەکان دەگواسترێتەوە.

2_ بەشێک لە هەرێمی ئەزاڵیا.

3_ لە حاڵەتی ئەوەی بریتانیا و فرانسا دەست بەسەر موستەعمەرەکانی ئەڵمانیادا بگرن، بەشی ئیتالیای لێ دەدەن لە ناوچەکانی سنوری ئەریتێریا وسۆماڵ ولیبیە.

ئیتالیا بەم شێوەیەی لێی دەروانی تا دەست بەسەر کەنارەکانی بەلکان ئەوانەی دەکەونە ڕووبەڕووی ئیتالیاو بەتایبەت کەنارەکانی دالماشیا وبەندەری فەیومی و تریستا.

جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتن و بڕیارانە لەسەر ئەنجامەکانی کۆتایی جەنگ دەوەستن، هەروەها لەسەر جۆری پیلانە کانی دبلۆماسی و سەربازیی بریتانیا دەوەستن کە دژی بوونی روسیاو فرانسا لە تورکیاو ڕۆژهەلاتی عەرەبی یە.

جگە لەمە وڵاتانی (ویفاق) گونجان لەناوەوە هەوڵی لەناو بردنی تورکیایان دا بە ڕێگەی وروژاندنی هەست و ئومێدەکانی نەتەوایەتی ی کپ کراو دژی دەسەڵاتی حوکمی تورکی عوسمانی بەتایبەتی:

1_ بزوتنەوەی عەرەبی.

2_ تایەفەی ئاشوری.

3_ ئەرمەن.

بەم شێوەیە مەیدانەکانی شەڕو بزوتنەوەی عەرەبی چارەنوسی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی دەست نیشان دەکەن.

دوای توێژینەوەی هێزە بەشدار بووەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دەکرێ ئەوسا لەسەر هۆکارە سەرەکیەکانی وورد بینەوە:

1_ قوڵایی کێشەی نەتەوایەتی لە ئەوروپا.

2_ ڕێک نەکەوتن لەسەر چەمکی هاوسەنگی نێودەوڵەتی.

3_ کێبەرکێی ئیمپڕیالیزمی وئابووری.

4_ یەکێک لە وڵاتە مەزنەکان ڕووبەڕووی داڕمان بووەوە.

کاتێک دیراسەیەکی بەراوردی لە نێوان وڵاتە شەڕکەرەکان بکەین دەبینین هەردوو وڵاتە دیموکراتەکەی (بریتانیا وفرانسا) خۆیان هێنایە ئاست روسیای دکتاتۆر وکۆنەپەرست وئۆتۆکرات.

لە لایەکەی تر دەبینین ئەڵمانیایەکی پێگەیشتوی بەهێزی یەکگرتوی خاوەن ئابووری و پیشەسازییەکی سەربازیی بەهێز لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی نەمسای لەباریەک چوی یەکنەگرتو لە ناوەوە و خاوەن فرە پێکهاتەی نەتەوایەتیی ئابووری داتەپیو، یەک دەگرن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیی ستەمکاری ئەوپەر دکتاتۆری کۆنەپەرست دەبنە هاوپەیمان.

لەگەڵ ئەوەی حکومەتەکانی هەردو لایەنی شەڕکەر هانی میلەتی خۆیان دابوو تا یەکگرتوانە ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە ببنەوە، دەنگۆی ئەم بانگەوازە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی هەبوو، سیمای یەکگرتن لە ناو پێکهاتەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتا شەکلی بوون، لە پادشانشینی دووقۆڵیش نەتەوەکان ئامادەبوون کێشە بنێنەوە ئەگەر دەرفەتیان بۆ برەخسابایە.

دیسان دەبینین ژمارەی دانیشتوانی وڵاتانی ناوەڕاست نیوەی وڵاتانی (ویفاق) گونجان دەبن،جگە لە موستەعمەرەکانیان، هەروەها لە وڵاتانی (ویفاق) ژمارەی مرۆڤی یەدەک زۆر بوو، ژمارەی سوپای وڵاتانی ناوەڕاست کەمێک کەمتر بوو، ئەمە رێگربوو لە بەردەم وڵاتانی ناوەڕاست کە بتوانن لەشکری تر دروست کەن لە شوێن ئەو لەشکرانەی لە شەڕەکان لەدەستیان دان. بەتایبەتی شەڕەکان شەش هەفتە لە مەزندەی (مۆلتکە) ی بچوک فەرماندەی سوپای ئەڵمانی رەتیان کرد. ئەو کاتەی شەڕەکان پێویستیان بە سەربازی زۆرتر هەبوون سوپای دەوڵەتانی ناوەڕاست لەسەر خاکی دوژمن شەڕیان دەکرد لە فرانساو بەلژیک وبەلکان وروسیا ووڵاتانی عەرەبی.

لە روی دەریاوانیەوە کەشتیگەلی بەریتانی وفەرەنسی دو ئەوەندەی کەشتیگەلی ئەڵمانی و پادشانشینی دووقۆڵی دەبوون، لەگەڵ ئەوەی کەشتیگەلی روسیا مان نەخستۆتە ناو ئەو بەراوردە چونکە لە دەریای بەلتیق و دەریای رەش گیری خواردبوو بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی ودانیمارک بەنداوەکانیان لێ داخستبوون کە لە ژێر دەستیان دا بوو.

لەکاتێکا جەنگاوەرەکانی ئەڵمانی و فەرماندەکانی سەربازیان پلە نایاب بوون، لە سەرەتاوە بلیمەت بوون، جەنگاوەرە فەرەنسی و ئینگلیزەکان تارادەیەک کەمتر بە تواناو مەشق پێکراو بوون لە رکابەرە ئەڵمانیەکانیان، بەڵام ئاستی فەرماندەیی وسەربازەکانی سوپای روسی و ئیتالی و سربی خەراپ وداتەپیو بوون ئەگەر لەگەڵ ئاستی ئەڵمانی وئینگلیزی و فەرەنسیەکان بەراوردیان پێ بکەین.

هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی نیشانەی هەرەس هێنانی دبلۆماسیەتی ئەروپی بوو. بەم شێوەیە چارەنوسی فەرمانەکان لە دەستی حوکمرانە سیاسیەکان گواسترایەوە بۆ دەستی پیاوانی جەنگاوەر و شەڕکەر. زەرورەتەکانی عەسکەرتارەکان بریاردەری چارەنوسەکان بوون ئەو بڕیاریان لەسەر گۆڕانە سیاسیەکان دەدا، حەزی عەسکەرتارەکانی روس بۆ پرچەک کردن و دەوڵەمەند کردنی بوواری سەربازی زۆر بە پەلەو خێرا بوو لە کاتێکا سیاسەتمەدارانی روس لەم بوارە هێواش و لەسەرە خۆبوون.

هێرشەکانی ئەڵمانیا و داگیر کردنی بەلژیک کاریگەریی لەسەر خۆ وەدەست دانی وا بە خێرایی فرانسا هەبوو ودواتر کاری کردە سەر ویفاقردنەوەی لەشکر و ڕووبەڕووبوونەوەی لە بەرەکانی ئەڵمانی و دواتر کاریشی کردە سەر سیاسەتی ناوەخۆی وڵات.

بەڵام بریتانیا، یەکەم وڵات بوو کە پارسەنگی پێویستیەکانی سەربازی و مەدەنیی تێک نەچوو بەهۆی ئەوەی پشتی بە بەرنامەی بەرگری کردن بەستبوو یەکەم جار لە ئەوروپا و دووەم جاریش لە دەریای باکور و دەریای مانش.

دواتر بڕوایەکی گشتیش هەبوو کە ئەم شەڕە درێژە ناکێشێ، بەڵام لە هاوینی 1914 دەستی پێکرد ولە پایزی 1918 کۆتایی پێهات، چوار ساڵ وپانزە هەفتە پێیەوە خەریک بوون.

بەشی دوانزەهەم

گۆڕانەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی 1914 _ 1918

قۆناغی یەکەم لە جەنگی یەکەمی جیهانی

ئەڵمانیا بەهێزێکی زۆرەوە بەرەو فرانسا بە ناو خاکی بەلژیکدا جولەی بە هێزەکانی کرد بە نیازی لێدانی فرانسا، بۆ ئەوەی لە حساباتی جەنگی وەدەرنێ. بەهۆی بەرگریە بەهێزەکانی بەلژیک لە قەڵاو(قەڵای لییچ ونائیمزا) سەنگەرە کانی، بۆ ماوەی دوو هەفتە هێرشەکە وەستێندرا، لەوێ فەرماندەی هێزەکانی فەرەنسی هەستی بەوە کردکە گیرساندنەوەی هێزەکانی لە لۆرین کارێکی هەڵەیە، بە هۆیەوە ئەڵمانەکان توانیان بۆ ناو جەرگەی فرانسا هێرش بەرن.

فرانسا ناچاربوو لە هەموو مەیدانەکانی جەنگ شەڕی پاشەکشە تا هێلەکانی روباری مارن بکات. فشار لەسەر هێزەکانی فەرەنسی کەم نەکرایەوە ئەوە نەبێ (ڤۆن مۆتکە) ناچاربوو هەندێک تیپ لە هێزەکانی لە بەرەی فەرەنسیەوە بۆ بەرەکانی بروسی بگوازێتەوە تا لە هێرشەکانی روسیا پارێزراو بێ، بەڵام روسیا

بەر لەوەی تیپەکانی بۆ بەرەی بروسیا بگوازێتەوە توشی شکستیەکی مەزن ببوو لە پێگەی (تاننبرگ) بەر لە گەیشتنی بە مەیدانی جەنگ.

گواستنەوەی ئەم هێزانەی ئەڵمانی لە بەرەکانی فەرەنسی، هێزەکانی ئەڵمانیای لەم بەرەیە لاواز کرد، فرانسا توانیی دەرفەت وەرگرێ (بۆفەر) فەرماندەی هێزەکانی فرانسا دژە هێرشێکی کردە سەر لەشکرەکانی ئەڵمانیا وناچاری کرد سەنگەری بەرگری وەرگرن.

ئەمە دەتوانین بڵێین سەرکەوتن بوو بۆ وڵاتانی (ویفاق) گونجان، پلانەکانی شەڕی کتوپڕ سەرکەوتنیان وەدەست نەهێنا، تا شەڕەکان درێژەیان بکێشابایە لە دژی بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی ناوەڕاستدا دەبوو.

لە سەپتەمبەری 1914 وە نەخشەی بەرگری بۆ هەردوو لایەن لە بەرەکانی فرانسا پیادەکراو بوو، تیپەکانی پیادە لە سەنگەرەکان جێ گیر بوون لە دورەوە یەکتریان تۆپباران دەکرد، بەرەیەکی دورو درێژیان لە نێواندا بوو هێرشیان دژ یەکتر دەکردن، ئەنجامەکانیان یەکسان بوون، لە ڤێردون فەرەنسیەکان بەرگەی هێرشە توندەکانی ئەڵمانیایان گرت کە ئامانجەکەی لەناوبرردنی تیپە فەرەنسیەکە بوو.

سەرکەوتو بوون لەوەی رێگەیان بە ئەڵمانیەکان نەدا دەست بگرن بەسەر هێزەکانیانەوە، زایانی ئەوەندەیان لێدان بەقەدەر زیانەکانی بەخۆیان کەوتبوون لە شوباتی 1916و زیانەکانی (سوم لە تەموزی 1916کە فەرەنسیەکان هێرش بەربوون بەڵام زیان بە ئەڵمانیەکان گەیشتن. پلانی جەنگ بە جەنگی کتوپڕ سەرکەوتو نەبوو لە بەرەکانی فەرەنسی بەهۆی هاوکاریەکانی سەربازیی ئینگلیزەکان لە 1915، ئەوسا فەرماندە ئەڵمانیەکان بیریان لە وەدەر نانی هێزەکانی روسی کردەوە لە رێگەی شەڕی کتوپڕیەوە، سیماکان ئەوەیان دە گەیاندن کە ئەڵمانیا لەم جۆرە نەخشانە سەرکەوتو دەبێ لەگەڵ روسیا بەهۆی ئەوەی روسیا پێویستیی بە تفاق و زەخیرەی سەربازی دەبێ بۆ گەیاندنی ئەم تفاق و زەخیرانەش پێویستیی بە هۆکاری هێنانو بردنی نوێ هەیە، روسیاش لەم روەوە لاوازە، بۆیە ئەگەرەکانی سەرکەوتن زیاتر بوون، هێرشەکانی ئەڵمانیا بۆ سەر روسیا سەرکەوتنیان بەدەست هێنان، بوونە هۆی ئەوەی پۆلەندا و لیتوانیاو چەند بەشێکی خۆسەویست لە خاکی روسیا بکەوێتە دەست وڵاتانی ناوەڕاست سەرباری لەدەست دانی دوو ملیۆن روسی لە کوژراو و بریندارو دیل.

هەڵوێستی سەربازیی وڵاتانی(ویفاق) گونجان، تەنگەتاوی تێکەوت بەتایبەت هێزەکانی روسیا، هێرشەکانی بریتانیا لە 1915بۆ سەر دەردەنیل سەرکەوتو نەبوو، چ لە دەریا و چ لە زەمینەوە، ناچار بوو بەرەو دواوە هێزەکان پاشەکشە پێ باکا بەم شکستە روسیا بێ ئومێد دەبێ لە کردنەوەی بەنداوە داخراوەکان کە بەهۆیەوە زەخیرەو تفاقی سەربازیی پێ نەدەگەیشت.

لە ئۆکتۆبەری 1915هێزەکانی ئەڵمانی_بوولگاری _ نەمسایی سربیان داگیر کرد بەرەو پێش هێرشیان برد تا گەیشتنە تیرانای پایتەختی ئەلبانیا، هەرچەندە ئیتالیا ئەوسا بەشداریی لە جەنگ کردبوو بەڵام بەشداریی لە شەڕەکانی دەردەنیل وبەلکان نەکرد تائەوکاتەی ڕوبەڕووی هێرشێکی توندی نەمسایی

دەبێتەوە لە پێگەی کاپۆریتۆ لە 24ی ئۆکتۆبەری 1917کە لەم شەڕە زیانی مەزن بە لەشکری ئیتالی دەکەون.

لە بەرەکانی رۆژهەلاتی دەوڵەتی عوسمانی هێرشەکانی بریتانیا کە لە بەسرەوە بەرەو بەغدا هەڵمەتیان دەبرد لە کوت و عمارە وەستا، لەویَ تورکەکان لەشکرێکی ئینگلیزیان گەمارۆ دابوو لە سەرەتاکانی 1916ناچاریان کردن خۆیان بدەن بەدەستەوە، لە بەرەکانی میسر دەست پێشخەریەکانی هێرش بردن بەدەست جەماڵ پاشاوە بوو تا گەیشتە کەندری(کەنال) سوێس، بەڵام لەشکری ئینگلیز وشۆڕشی عەرەبی لە 1916تورکەکانیان ناچار کردن لە یافا و قودس پاشەکشە بکەن.

هێزە شەڕکەرەکان لە 1915/1916لە بەرەکانی زەمینی یەکسان بوون، ئەنجامی شەڕەکانی مەزن لە جۆتلاند لە 21ی ئایار 1916لە نێوان کەشتیگەلیەکان هەمیسان یەکسان بوون، بەڵام دواتر تەرازوی هێزی دەریاوانی لە بەرژوەندی بریتانیا بوون، زیانەکانی کەشتیگەلی ئەڵمانی قەرەبوو نەدەکرانەوە چونکە هێزە دەریا وانیەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی رێگەیان بە کەشتیگەلی ئەڵمانی نەدا لە شوێن خۆی جولە بکا هەر لە کەنارەکانی ئەڵمانی پەکیان خستن.

ئەڵمانیا هەوڵی برسی کردنی بریتانیای دەدا لە رێگەی رێگە گرتن وژێر ئاو کردنی ئەو پاپۆرانەی خۆراک وکەلوپەل بۆ بریتانیا دەبەن چ ئەوانەی بێلایەنن وەکو ئەمەریکا یا ئەوانەی بەریتانین چونکە ئەڵمانیا ئەو ماوەیە ژێردەریاوانی (غەواسە) یەکی زۆری بۆ ئەم مەبەستە دروست کردبوو، بەڵام دیارە ئەم پلانەش سەرناگریَ بەهۆی ئەوەی بریتانیا بەرنامەی کاروانی پاپۆری گرتە بووەر کە لە رێگەی کەشتیگەلیە کانەوە پاسەوانیان لێ دەکرا. دواتر زۆر لەم ژێردەریاوانیانە بەدەستی کەشتیگەلیەکانی ئینگلیز لەناو بردران.هێزەکانی هەردو لایەنی شەڕکەر توانا و وزەکانیان لەدەست دابوون چونکە ئەوان خۆیان بۆ جەنگێکی کورت خایەن ئامادە کردبوو، سیمای پێویستیەکانی شەڕی درێژ خایەنیان پێوە دیار بوو، رودانی هەندێک ئاژاوەو ناویفاقی لە ناوەوەی وڵاتانی شەڕکەر نیشانەی ماندو بوون و نارەحەتیان بوون کە بەهۆی ئەو رەوشە چاوەڕوان نەکراوە دروست ببوو:

ئەسکویت

1_ لە بریتانیا وەزارەتی (ئەسکویت) ڕووبەڕووی قەیرانی خۆراک پەیدا کردنێکی توند ببوو، سوپای ئینگلیز کە لە فرانسا ببووە کرێکار پێویستیی بە زەخیرە هەبوو، لە هۆکارەکانی توند بوونی ئەم قەیرانە بوونی کیچنەر بوولە پۆستی وەزارەتی بەرگری، کچنەر لە لایەن ئینگلیزەکان خۆشەویست بوو بەڵام زانیاری و پۆسپۆریی لە بوواری خۆراک پەیداکردن ئازوقەو زەخیرەدا نەبوو، لە بوواری نەخشەو بەرنامە داڕشتن بۆ داگیرکاری وکاری ئیمپریالیزمی بلیمەت وکەم وێنە بوو، کێشەکان زیادیان کرد ئەوکاتەی پێویستیەکانی شەڕی کەندر(خندق) لە فرانسا پێویستیان بە زیاتر زەخیرە هەبوو.

ئەوکاتەی ئەسکویت لە ئایاری 1915وەزارەتی گۆری(لوید جۆرج) ی بە وەزیری (تموین) دانا، لوید جۆرج لە بوواری دابین کردنی خۆراک و ئازوقە بۆ سوپا زیرەکی زۆری نواند، نەخشەیەکی درێژخایەنی بۆ سوپای بەریتانی دانا، سوپایەکی نوێی پێکهاتو لە 70 تیپ دامەزراند، لوید جۆرج خاوەنی دەسەڵاتی رەها بوو لە پێناو ئاڕاستە کردنی توانا مرۆییەکان بەرەو بەرهەم هێنان وجەنگ، ئەم دەسەڵاتەش دیارە لە پادشاوە پێدرابوو، لە دیسەمبەری 1916لوید جۆرج بە هاوبەشی سێ کەسی تر پۆستی وەزارەتی بەرگریان گرتە ئەستۆ سێ یەکەی تر: کیرزن و لۆرد میلنەر (هەردوکیان لە پارێزگاران بوون) و ئەرسەر هندرستۆن لە (پارتی کرێکاران)بوو.

2_ لە فەرنسا، وەزارەتی ئەرستۆ بریاند هاوسەردەمی خۆراگڕی بوو، ئەوەندەی نەبرد وەزارەتی بەرگریی بە جەنەرال لیۆتی سپارد ئەوەی بە کوشتارگەی مەغریب ناسرابوو، بریاند زۆری بەسەر نەچو دەستی لە کار کێشایەوە، دوای ئەو چەند وەزیرێکی لاواز و تەمەن کورت دەسەڵاتیان گرتە دەست تا لە 13ی ئۆکتۆبەری 1917جۆرج کلمەنسو سەرۆکایەتی وەزارەتی گرتە دەست، ئەم توانیی یەک ریزی بۆ وڵات بگێرێتەوەو بزوتنەوە یاخی بووەکەی 1917یش لە ناوبەرێ، گەلی فەرەنسی لەپشت ئەم کەلە پیاوە وەستان، ورەو تواناکانی گەلی فەرەنسیی بووژاندنەوە، کورتەی سیاسەتەکانی بریتی بوون : لە پێناو سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر دوژمن، دەبێ سود لە هەموو تواناکانی فەرەنسیەکان بێتە وەرگرتن، ئەمەو بەرامبەر بە دوژمن تابلێی یەک گوفتارو یەک هەڵوێستی توندی هەبوو دیارە ئەمە لە پێناو بردنەوەی جەنگ بوو،هەر دەم دەیوت:

(سیاسەتی دەرەوەو سیاسەتی ناوەوەم یەکن، سیاسەتی دەرەوەم دەبێ بجەنگم سیاسەتی ناوەوەشم هەر دەبێ بجەنگم و بەردەوام دەبێ بجەنگم).

جۆرج کلمەنسو لە ناوەراست

3_ ئیتالیا ژمارەیەکی زۆری لە پارت و دەزگاو سەرکردەی دژی جەنگی تیابوو کە لە هیچ وڵاتێک لە وڵاتە شەڕکەرەکان بەم شێوەیە نەبوو، ئیتالیا بەهۆی بێ توانایی وبێ ئومێدی لە وەدەست هێنانی سەرکەوتن تا 1916لە دلە راوکێیەکی توندا بوو، ئەوکاتەی بەروبوومی دانەوێڵە لە وەرزی ساڵی 1916نەهات بوو ئەم زیاد نارەحەت بوو، کەمی خەلوز بووە هۆی وەستانی زۆرێک لە کارگە و دەست هەڵگرتن لە کێلگەکان. کە بووە هۆی مان گرتنەکان لە(تۆرین) و راکردنی سەربازەکان لە بەرەکانی جەنگ و دواتر بووە مایەی شکست هێنانی لەشکری ئیتالیا لە (کابۆریتۆ) و روخانی وەزارەتی (بۆزیللی)، دواتر(ئۆرلاندۆ) سەرۆکایەتی وەزارەتی گرتە ئەستۆ.

دەتوانین (ئۆرلاندۆ) بە کلمەنسۆی ئیتالیا بشوبهێنین، ئامانجی یەکیەتی نیشتمانی بوو، بە دیدی ئەم کلیلی هەموو سەرکەوتنەکانی یەکجارەکین، بانگەوازی هەموو پارتەکانی ئیتالیای کرد تا پێکەوە دانیشن هاوکاری یەکتر بکەن لەپێناو ڕووبەڕووکردنەوەی هەموو تواناکانی ئیتالیا بە جەنگی سەرکەوتن و راماڵینی شەرمەزاریی (کابۆریتۆ). لەگەڵ ئەوەی لە لایەن سۆشیالیستەکانەوە ڕووبەڕووی دژایەتی بووەوە بەڵام (جیۆلتی) بانگخوازی مەزنی سیاسەتی بێلایەن، بەهۆی هێرشەکانی نەمسا لایەنگیری خۆی بۆ ئیتالیاو حکومەتەکەی راگەیان تا بە هاوکاری وڵاتانی (ویفاق) گونجان پێ لەسەر داخوازیەکانی سەرکەوتن داگرن.

4_ لە تەموزی 1917لە ئەڵمانیا نارەزایی سۆشیالیستەکان لە قەرزەکانی جەنگ بەرز بوونەوە، بووە مایەی سەر هەڵدانی قەیرانێکی ناوخۆ.

5_ ئیمپڕاتۆریەتی نەمسا وهەنگاریا : بەهۆی درێژە کێشانی جەنگ وکەمی خەرجی و کێشەکانی ناوخۆ، نالەبارترین وڵات بوو. هەندێک قەیرانی ئابووری لە نێوان نەمسا وهەنگاریا دروست بوون، لە نۆڤەمبەری 1916ئیمپڕاتۆر فرانسیس جۆزێف کۆچی کرد، شارل ی یەکەمی کوری هاتە شوێنی، دەستی بە گۆڕینی وەزارەت کرد، داوای لە ئەنجومەنی (ریخسرات) کرد کۆببنەوە، دیارە لە 1914وە ئەم بانگەوازە بۆ کۆبونەوەی ریخسرات نەکراوە، ئەمە وەکو هەنگاوێکی دیموکراسیانە بوو ئیمپڕاتۆر دەینا، نوێنەری نەتەوەکان هاتنە ناو نەنجومەنەکە ئەوان تەنها داوای مافی ئازادیان بۆ نەتەوەکانیان دەکرد، سەرەرای ئەوەی لە هەندەرا ن بە سەرپەرشتی وڵاتەکانی (ویفاق) گونجان فرانساو بریتانیا،حکومەتیان بۆ هەریەک لە پۆلەندا و یۆگسلاڤیا دامەزراند.

6_ له روسیاش له دێسەمبەری 1916دیاردەکانی شۆڕشی کۆمۆنیستی بەدەر کەوتن. لەگەڵ گرانی باری جەنگ، وڵاتە شەڕکەرەکان لەسەر درێژە پێدانی جەنگ سور بوون، سەرەڕای بانگەوازەکەی (ودرو ویلسون) سەرۆکی ولایەتە یەکگرتوە کانی ئەمەریکا لە 1916بۆ قەبوول کردنی ڕێککەوتن نامەیەکی ئاشتەوایی کە هەموو لایەک رازی بکا. ئەم ئاشتەواییە دەبووایە هەردوو لایەنی شەڕکەر دەست لە هەندێک داخوازیەکانیان هەڵگرن بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێک، بەڵام ئەمە لە لایەن هیچیان قەبوول نەکرا، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ئەڵمانیا ویلسۆن ی تۆمەتبار کرد بەوەی ڕێککەوتنێکی مەبەستە تەنها لە بەرژەوەندیی وڵاتانی (ویفاق) دابێ. شەڕەکان لە 1916بەردەوام بوون بێ ئەوەی کەسیان درک بەوە بکات ئاخۆ کامە لایەن سەردەکەوێ، تا ساڵی 1917هات ئەوسا فاکتەرەکان وزەمینەی کۆتایی هاتن بەو جەنگەرەخسا.

ساڵی 1917لە گرنگترین ساڵەکان دەژمێردرێت. لەم ساڵە روداوو پەرەسەندنی مەزن رودران، کاریگەری قولیان هەبوون لەسەر کۆتایی پێهێنانی ئەم ململانێیە تالە.

ئەم گۆڕانانەش بریتی بوون لە:

1_ شۆڕشی روسی لە سەرەتای ئاداری 1917.

2_ لە 2ی نیسانی 1917ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەشداریی لە جەنگ کرد.

3_ لە 1917 بەرەی ناوەخۆی ئەڵمانیا پەشۆکا، دواتر لە هێرشە مەزنەکەی 1918 شکستی هێنا.

4_ خۆ وەدەست دانی بولگاریا لە سەپتەمبەری 1918.

5_ پادشانشینی دووقۆڵی درزی تێکەوت.

6_ تورکیا وڵاتە عەرەبیەکان لەدەست دەدا (1917_1918).

روسیا بەهۆی شکست ودابەزینی ورەو توانا سەربازیەکان و کوشتارگەری و بڵاو بوونەوەی نوخۆشی و برسێتی و کارەساتە ناوەخۆییەکانی و کەمی ئازوقەو تفاقی سەربازییەوە یەکەم وڵات دەبێ لە جەنگ دەچێتە دەروە. هەروەها کەمتەر خەمی حکومەتی قەیسەر بۆ رزگار کرنی گەلی روسی لەم نەهامەت و برسێتیە وێرای کەمتەرخەمی وڵاتانی (ویفاق) لە هاوکاری کردنی لەم بووارە هەمویان هۆکاری دەرچونی روسیان لە جەنگی یەکەمی جیهانی، لە ئەنجام لە پترۆگراد شۆڕش دژی قەیسەر هەلگیرسا، سوپاش ئامادە نەبوو دژی گەل جولە بکات بە ناچاری قەیسەر لە سەر تەختی حوکم دابەزی، بەم شێوەیە حوکمڕانی خانەوادەی رۆمانۆف بۆ هەتاهەتایی کۆتایی پێهات، بە شێوەیەکی کاتی (کیرنسکی) سەرۆکایەتی حکومەتی کرد، مەبەستی بوو درێژە بە جەنگ بدات، بەڵام ئەو کودەتایەی لینین _ سەرکردەی بەلشەفیک

_ پێی هەڵسا حوکمی لە ژێردەست کرنسکی دەرهێنا ، هەرزو هەوڵی ئاشتەواییان لەگەڵ ئەڵمانیا دا، ئەمەش لە پەیماننامەی (برست لتۆفسک) ئەنجام درا لە 3ی ئاداری 1918.

دەقی پەیماننامەکەی برست لتۆفسک دەڵێ:

1_ دەست لە دەوڵەتۆکەکانی بەلتیک وفینلەنداو پۆلەندا هەڵدەگیرێ.

2_ لە ئۆکرانیا بکشێنەوە ودان بە پەیماننامەکەی ئەڵمانیا بنرێ.

3_ دەست لە ئەردوهان وقارس و باتۆم هەڵبگیرێ بۆ بەرژەوەندی تورکیا.

4_ رێگە بە بڵاو کردنەوەی پرۆپاگەندە نەدرێ.

بەم شێوەیە روسیا لە جەنگ چوە دەر، دوای ئەوەی روبەرێکی زۆری ئەو خاکانەی لەدەست دان کە لە ژێر دەسەڵاتی دابوون.

ئەمەریکا لە 6ی نیسان بڕیاری شەڕی لەسەر ئەڵمانیا دابوو، دەبووایە ساڵێکی بەسەردا تێپەڕێ ئەوسا بۆی هەبوو بە پراکتیکی بەشداری لە شەڕەکانی ئەوروپا بکا، لێرە پرسیارێکی خەتەرناک دێتە پێش: ئایا ئەڵمانیا لە توانایدایە لە ماوەی وەستانی شەڕ لە بەرەکانی روسیا تا ئەو کاتەی ئەمەریکا بۆی دەبێ بە هێزە زەبەلاحەکەی خۆی بگەیەنێتە بەرەکانی جەنگ، جەنگەکە بباتەوە؟ چوار مانگ لەبەردەم ئەڵمانەکاندا مابوو تا هێزەکانی ئەمریکی بگەنە بەرەکانی جەنگ و ئەڵمانیا خۆ وەدەست دان بەسەر فرانسادا بسەپێنێ، ئەمە بەر لەوەی هێزەکانی ئیتالیاش بکەونەوە سەرپێ کە لە نسکۆی ئۆکتۆبەری 1917 لە جەنگی (کابۆریتۆ) شکستی خواردبوو.

ئەوەی زانرابوو ئەڵمانیا نیازی وابوو هەموو هێزەکانی لە بەرەکانی روسی بۆ بەرەکانی فەرەنسی بگوازێتەوە بۆ ئەوەی هێرشێکی بەربڵاو بکاتە سەر فرانسا و ناچاری کا خۆ بداتە دەست، ئەوەی رویدا سەرکردایەتی تەنها بەشێک لە هێزەکانی بۆ بەرەی فەرەنسی گواستنەوە ئەوانی تری لە شوێن خۆی جێهێشتن لە بەر مەترسی لە هەلوەشانەوەی پەیماننامەکە، کە لە ئارادابوو زۆر بە ئاسانی روبدات، دواتر سەرکردەو فەرماندەکانی ئەڵمانی بڕوایان بە بەلشەفیەکان نەبوو پابەندی پەیمانەکانیان بن ترسیان لەوەبوو هەردەرفەتێکیان بۆ برەخسێ درێغی نەکەن لە کودەتایەک لەسەر حکومەتی ئەڵمانیا، دواتر دەزگا هەوالگریەکانی ئەمەریکا وبریتانیا وفرانسا لە هەوڵی بەردەوام دابوون بۆ ئەوەی روسیا لە جەنگ بمێنێتەوە.

سەرباری ئەم هۆکار و ئەو هۆکار، کە بوونە کاریگەر بەسەر ئەڵمانیەکان هێزەکانیان لە بەرەکانی روسیا بهێلنەوە. کەمی خۆراک لە ناو سوپای ئەڵمانیا بەهۆی گەمارۆکانی دوژمنانی لە دەریاوە، حکومەتی ئەڵمانیا ئۆکرانیای وەکو چاوکیکی دەوڵەمەند دەبینی بۆ دابین کردنی خۆراک و کەرەسەی ژیان بۆ سوپاو گەلی

ئەڵمانی، بەڵام بۆ دابین کردن و ئامادە کردنی بەرهەمەکانی دانەوێڵەو پێداویستیەکان لە ئۆکرانیا پێویستیی بە 20تیپ ی سەرباز هەیە، بۆ مسۆگەر کردنی ئەم ئامانجەی داگیرکردن باشترین گەرەنتیە.

بۆیە دەبینین ئەڵمانیەکان تەنها بەشێکی کەمی هێزەکانیان لە بەرەکانی روسیاوە بۆ بەرەکانی فرانسا گواستۆتەوە، لە کۆتایی هیچ گۆڕانێک لە پارسەنگی هێز لە بەرەکان دروست نەبوون چونکە هاوپەیمانانی ئەڵمانیاش پێویستیان بە هێزی سەربازی هەبوو لە بەرەکانی تری جەنگ کە لێی بەرپرسیارن.

لەم بارودۆخە سەرکردایەتی باڵای ئەڵمانی هەستیان بەو خوێن بەردانە کرد کە لە ماوەی چوار ساڵی جەنگ خوێنی لێ بەردەبێ، بۆقەرەبوو کردنەوەی ئەم زیانانە تەنها ئەگەر جەنگ لە توانایدابێ ئەنجام بدات ئەویش لە رێگەی وەشاندنی گورزێکی جەرگ بر لە هێزەکانی فەرەنسی و بەریتانی کە لە باکوری فرانسا جێنیش بوونە، بەو لێدانە لەت یانکا ودەست بەسەر پاریس و کەنارەکانی باکوری فەرەنسی دا بگرێ.

ئەمە راو بۆچونەکانی (لۆدۆندۆرف) فەرماندەی ئەڵمانی بوو خستیە رو ئەوکات ووتی: (لەماوەی چوار ساڵ، تا ئاستی مردن، خوێن لە ئەڵمانیا بەردراوە، لە توانادا نیە بەردەوام بێ تا دەبێتە ساڵی پێنجەم، خەریکە پیاوە ناودارەکانمان تەواو دەبن، بەڵکو هەموو ناودارەکان: لە ئەسپ، کەلوپەل، کیمیایی، کانزا، لاستیک، تائێستاش نەمساو هەنگاریا لە حاڵەتی خوار پێویستی دان، زۆر بە رونی بەرەو نەمان دەچن، هەڵمەتی ژێر دەریاوانی هەرەسی هینا، لە ئەمەریکا تواناکان لەبن نایەن مرۆڤ روی زەویان داپۆشیوە، ژێردەریاوانیەکانمان(غواسە) لە توانایاندا نیە لەبەر ژێردەریاوانەکانی ئەمەریکا سەر دەربهێنن، بەڵام دەرگای سەرکەوتن تا ئێستاش لەبەر دەممان کراوەیە،ئەوە روسیا لە جەنگ دەرکەوت دەتوانین هێزەکانمان ئاراستەی فرانسا جولە پێبکەین،دەکرێ بەرەی رۆژئاوا بە 40 بەتالیۆن و 400هەزار سەرباز داپۆشین، دەتوانین سەرکەوتن لە خاڵی بەیەک گەیشتنەوەی هێزەکانی فەرەنسی و بەریتانی وەدەست بێنین، هەردوکیان لەیەک جیا کەینەوە، ئەنجامی جەنگ ببەینەوە، ئەگەر لەمانە سەرکەوتو بووین ئەوا هاوکاریەکانی ئەمەریکا ناگەن، هیچ کاریگەریەکیان لەسەر هەڵوێستەکان نابن).

کت ومت فەرماندەکانی ئەڵمانی هێرشەکانیان دەست پێکردن لە ماوەی نێوانی ئادار وتەموزی 1918لە چوار لای بەرەی فەرەنسیەوە:

1_ لە ناوچەی (سان کانتین) فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانی (لۆدندۆرف) لە هێرشێکا بۆ سەر بەرەی فەرەنسی هێزەکانی فەرەنسی و بەریتانیی لەیەک جیا کردنەوە کە بە فەرمانداریەتی (بیتان و هیچ)بوو پەیوەندیش لە نێوانیاندا زۆر لاواز بوو، کە بووە یارمەتی دەر بۆ ئەوەی لۆدندۆرف بتوانێ سود لەو پچرانە وەربگرێ ودەستی باشیان لێ بووەشێنێ، سەرکردەکانی هاوپەیمانان هەستیان بە فرە فەرماندەیی کرد لە سوپای فەرەنسی و بەریتانیی لە یەک مەیدانی جەنگ. بەتایبەت کاتێک ئەم مەیدانە ڕووبەڕووی هێرشێکی بەر بڵاو دەبێتەوە، فەرماندایەتیەکانیان یەک خستن وجەنەرال (فۆش) بوو بە فەرماندەی گشتی بەرەکە لە ئاداری 1918، ئەم هەنگاوانە زۆر بەخێرا ئەنجام دران، فۆش لەشکرەکانی ئامادە کردن وبە یەک

نەخشەی سەربازی جولەی پێکردن، توانیی بەرگری بکا ودواتر بەرسنگی هێرشەکانی ئەڵمانی بگرێ ولە نیسانی 1918وەستاندنی. ئەوەی ڕاستی بێ لەشکری ئەڵمانی سەرکەوتنیان بەدەست هێنان بەڵام لەو کاتەوە لەم بەرەیە توانای هێرش وسەرکەوتنی مەزنیان نەما.

2_ لە سەرەتای نیسانی 1918 ئەڵمانیەکان هێرشێکیان لە بەرەی ئەرمنتیز و لاباس ئەنجام دا لەگەڵ ئەوەی هێزەکانی بریتانیا نەچار کران بەرەو دواوە بکشێنەوە بەڵام لەشکرەکەی ئەڵمانی توانای بەدواداچون و ڕاوەدونانی نەمابوو، بەهۆی کەمی خۆراک و بێتوانایی سەربازی ئەڵمانییەوە. دواتر ئەم هێرشانە ئەو کاتە ئەنجام دران دوای ئەوەی فەرماندایەتی هێزەکانی فەرەنسی و بەریتانی کەوتە دەست فۆش، چونکە ئەو بەهۆی گرد بوونەوەی هێزەکانی فەرەنسی و بەریتانی وکۆمبوونیان لەبەردەستی لە توانایدابوو بەرپەرچی هێرشەکانی ئەڵمانیا بداتەوە، بۆیە ئەوەندەی نەبرد تا لەشکری ئەڵمانی هێرشەکانی لەم بەرەیە وەستاندن.

3_ ئەڵمانیەکان لە مانگی ئایار هێرشیان برد، لەشکرەکانیان گەیشتنە (مارن) بەڵام وزەو تواناکانیان لە بارچوبوون، دواتر (بیتان) توانیی بەرۆکی هێزەکان بگرێ و بیان وەستێنێ، لەگەڵ ئەوەی ئەڵمانیەکان روبەرێکی زۆریان لە خاکەکانی فەرەنسی دەست بەسەرداگرتبوو بەڵام ئەمە ئەوپەری تاواناکانی لەشکری ئەڵمانی بوو، دوای ئەمە لە توانای لەشکری ئەڵمانی دا نەبوو تەنها بەرگریش لە خۆی و لەو خاکانە بکات کە لە ژێر دەستی دابوون.

4_ لۆدندرۆف لە تەموزی 1918 چوارەم هێرشی خۆی بەرەو ناوچەی (شمبانی) دەست پێکرد، هێزەکانی ئەڵمانی هێرشێکی تریان کردە سەر (مارن)[33] بەڵام (فۆش) دژە هێرشێکی بۆ کردن و وەستاندنی، بەوەندەش وازی لێ نەهێنان ڕاوەدوی نان تا پاشەکشەی پێ کردن، دواتر ئینگلیزەکان هێرشێکی کتوپری مەزنیان کردە سەر هێزەکانی ئەڵمانی بەڵام سوپای ئەڵمانی ئازایەتیان سەلماند کاتێک لە شوێنەکانیان چەقین و زیانێکی یەکجار زۆریان لە هێرش بەران دا بە دەیان هەزار سەرباز لە دیل و بریندار و کوژراو و بێ سەروشوێن، مەزندەدەکرێ.

دوا ئەنجامەکانی ئەم هێرشە ئەڵمانیانە و توانا و بەرگریە سەرکەوتوانەی سوپای هاوپەیمانان بەم شێوەیە دەبینین:

1_ لەشکری ئەڵمانی توانای دوبارە کردنەوەی هێرشەکانیان لەبەر نەمابوو، بەڵام تواناکانی لەشکری هاوپەیمانان لە بەرز بوون دابوو.

2_ کات لە بەرژەوەندی ئەڵمانیەکان دا نەبوو، لەشکرەکانی فەرەنسی وئینگلیزی لە خۆئامادە کردن دا بوون بۆ هێرش بردن لە هەموو بەرەکان.

---

33 بەشەڕی مارنی دووەم ناسرا.

3_ خۆ ڕاگری فەرەنسی – ئینگلیزی و بێ توانایی ئەڵمانیەکان لە بردنەوەی جەنگ بەر لە هاتنی سوپاکانی ئەمریکی بۆ مەیدانی جەنگ رویاندا، دواتر هاتنی لەشکری ئەمریکی بۆ ئەوە نیە لەشکرەکانی فەرەنسی وئینگلیزی لەدەست هێزەکانی ئەڵمانیان رزگار کا بەڵکو بۆ تەواو کردنی سەرکەوتنەکان بەسەر لەشکری ئەڵمانیا دێت.

فەرماندە کانی هاوپەیمانان نەخشەیەکیان دانا بۆ هێرش_ لەگەڵێک لاوە _ کردنە سەر بنکەکانی ئەڵمانی، دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمریکی گەیشتن ئەوە نەما (فۆش) بیر لە نەخشەو پلانی بەرگری بکاتەوە، ئەمە دوای ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە روی ژمارەوە بەسەر هێزەکانی ئەڵمانیدا زاڵ بوون، بوونە خاوەنی چەندین تانک و زرێپۆش لە کاتێکا ئەڵمانیەکان خاوەنی چەند ژمارەیەکی دیار بوون. دوای بەرگری کردنی ئەڵمانی لە هەندێک سوکە هێرش ئەم جارەیان (فۆش) هێرشێکی گشتیی کردە سەر هێزەکانی ئەڵمانیا لە سەپتەمبەری 1918لە هەمان کاتدا لەشکرەکانی هاوپەیمانان لە سەرتاسەری سنورەکانی بەرەی جەنگ لە بولگاریاو شام وعێراق دەستیان بە هێرش بردن کرد، بەرگریەکان لە ئاستی پێویست نەبوون و سستیان پێوە دیار بوو، لە بەرەکانی بوولگاری و تورکی ونەمسایی و ئەڵمانی. وڵاتەکانی ناوەڕاست داوای ئاگربەستیان کرد.

بۆ ئەم وڵاتانە باشتر بوو بۆ ئاگر بەست ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ دوژمنەکانیانەوە بکەن، ئەگەر کرا، 14خالەکەی سەرۆکی ئەمریکی (ویلسۆن) وەکو مەرجی ئاشتەوایی باشترین خاڵی بەیەک گەیشتن بوون، ئەم ڕاگەیاندنەی سەرۆکی ئەمریکی هاندەرێکی باش بوو بۆ وڵاتانی ناوەڕاست تا لەسەر بانگەوازەکەی ئەمەریکا رازی بن باشترین چارەسەریە کە (کیانی) وڵاتی پێ دەپارێزرێت.

لەبەر گرنگی ئەو 14خالەی کە ویلسۆنی سەرۆکی ئەمەریکا لە ئۆکتوبەری 1918 خستبوویە بەردەست کۆنگرێس، لێرە ئاماژە بە ناوەڕۆکی ئەم نامەیە دەدەین:

1_ رسوا کردنی پەیماننامە نهێنیە نێودەوڵەتیەکە. ئەمەش رێگە بە ئەمەریکا دەدات لە داهاتو باس لە هەموو بابەتەکانی پەیوەند بە نەخشەی ئەوروپاو دونیا هەیە بکات، دور لە گۆڕان و پەرەسەندنەکانی بریتانیا وفرانساو ئیتالیا ئەو دۆخەی کە پەیماننامە نهێنیەکەی تیا ئیمزا کراوە، کە لەسەر حسابی دۆست ونەیاران لە یەک کاتدا ئەنجام دراوە.

2_ مسۆگەر کردنی ئازادیی دەریاوانی، ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا دەگونجا کە بوو بە مەزنترین دەوڵەت لەڕووی بازرگانیی نێودەوڵەتی. بۆیە دەبینین داوا دەکات ناوبرە ئابووریەکانی نێوان وڵاتانیش لابردرێت. لەگەڵ یەکسانی لە دەرفەتی بازرگانی چونکە کارێکی سود بەخشی ئەم بووارەیە.

3_ داواکرا کۆمەڵەیێکی نەتەوە کان (عصبە الامم) دابمەزرێت ئەرکی سەرپەرشتی کردنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتان وپەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی بێ، کە ببێتە رێگر لەبەر دەم نانەوەی ئاژاوەو هەڵگیرساندنی جەنگێکی تری خوێناویی لەم چەشنەی کە روید.

4_ داوای کەم کردنەوەی چەک کرا، ئەم داوایە بەبێ وردەکاری پێشکەش کرا بێ ئەوەی باس لە چەند و چۆن و چ جۆرە چەکێک کەم بکرێتەوە دواتر هەر چۆنی چەک کەم کرێتەوە دوایین وتە هەر هی وڵاتە مەزنەکان دەبن چونکە ئەوان خاوەنی زۆرتین چەک و بەهێزترین چەک دەبن.
5_ سەبارەت بە وڵاتە بەزیوەکان چەند بنەمایەک دانران بۆ کشانەوە لە بەلژیک وفرانسا و رادەست کردنەوەی ئەلزاس ولۆرین،و رۆمانیا و سرب و مۆنت نیگرۆ(چیای رەش) و رەچاو کردنی مافی نەتەوەکان لە یەکلا کردنەوەی کێشەی بەلکان، ناوچە ئیتالیەکانی ژێر دەسەڵاتی نەمسا بخرێنەوە سەر ئیتالیا، پێدانی مافی چارەی خۆنوسین بەو نەتەوانەی پادشانشینی دووقۆڵی و دەوڵەتی عوسمانی لێی پێکهاتون، بە ئازاد کردنی هاتو چۆ لە بەنداوەکان، راسپاردرا دەوڵەتی پۆلۆنیا دروست بکرێت.
بنەماکانی مافی چارەی خۆنوسین ویەکلا کردنەوەی کێشەکانی ئەوروپا لەسەر بنچینەی ریز گرتن لە نەتەوەکان،مەزنترین هاندەری رازی کردنی حکومەتەکانی ناوەڕاست بوون تا بڕوا بەنیاز پاکی وڵاتە دوژمنەکان بکەن بۆئەوەی لە نیاز پاکی و میانڕەوی ئەوان دڵنیا بن. بەتایبەتی کە لە ئەوروپا پڕۆپاگەندەی ئەوە بڵاو ببووەوە کە ئەم رێککەوتنە پەیمانی ئاشتەوایی نیە بەڵکو پیادە کردنی چواردە بڕواکەی ویلسۆنە.

گوایە بەزینە سەربازیە کانی وڵاتانی ناوەڕاست بوونە هۆی داوا کردنی ئەم ئاگربەستە ؟

1_ بولگاریا:

مەزنترین کێشەی بولگاریا ئەوە بوو کە لە ناو وڵاتانی بەلکان خۆشەویست نەبوو، هێزەکانی بەریتانی و فەرەنسیش سالۆنیکایان کردبووە بنکەی هێزەکانیان و داڵدەدانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی بولگاریا و بەلکان،لەگەڵ ئەوەی رۆمانیا کە هەردەم لە دواوە هەڕەشەی لە بولگاریا دەکرد، لە 1917/1918سەرکوت کرابوو بەڵام تواناکانی سوپای بوولگاری لە ئاست تواناکانی سوپای ئینگلیز نەبوو لە بەلکان، دواتر ساڵی 1917/1918ساڵێک بوو کە هاوپەیمانانی بولگاریا لە توانایان دا نەبوو هاوکاریی بکەن ئەگەر کەوتە رەوشێکی نالەبارەوە وەکو ئەو هەڵوێستەی بەر لە ئێستا رویدا بوو، زیرەکی سەرکردایەتی هاوپەیمانان وتوانایان لە داڕشتنی نەخشەی سەربازی _ لە دانانی فرانشیە دیسبیریە _ لەو ئاستەدابوو کە لە هێرشێکی کتو پڕدا بۆ سەر لەشکری بوولگاری گیانی بەرخۆدانیان لێ بروخێنێ.
لە ناو ریزەکانی سەرکردایەتی سوپای بوولگاری گیانی رێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان هەبوو، دوای ئەوەی دڵنیا بوون کە سەرکەوتن بەشی هاوپەیمانانە. بە ئومێدی ئەوەی هاوپەیمانەکان لە تۆلەی هەڵوێستی بولگاریا میهرەبان دەبن بەتایبەت لە تۆلەی دەرچونی بولگاریا لە ریزی هاوپەیمانەکانی، ئەوەی هانی بەرپرسە بوولگاریەکانی دا پەیوەندیەکانی کۆنسولی ئەمریکی بوو لەسۆفیا.
دوای پەیوەندیەکی کورت لە 29 ی سەپتەمبەری 1918 ئاگربەست راگەیەندرا، بەڵام مەرجەکانی هاو پەیمانان میهرەبان نەبوون، توند وبێ بەزەییانە بوون:

ا/ ب بڵاوه پێکردنی (تسریح) سوپای بولگاریا و دەست هەڵگرتنی له ئامێرو جبەخانەکان ی سەربازی.
ب/ دەرکردنی ئەڵمانیەکان له بولگاریا.
ج/ هێزەکانی هاوپەیمانان هەموو شوێنە ستراتیجیەکان داگیر کەن جگه له پایتەخت.
ئەم خۆ وەدەست دانەی بولگاریا مەترسیی لەسەر تورکیاو پادشانشینی دووقۆڵی دروست کرد، بووه کارئاسانی بۆ گەمارۆدان و لەناو بردنیان. دواتر به دەرچونی بولگاریا له جەنگ دوایین ئومێدی ئەڵمانیا تیا چو، که بتوانێ له هەموو بەرەکان خۆراگرانه بەرگری بکەن، ئەمه بووه هۆی روخانی ورەی سەرکرده ئەڵمانیەکان.

2_ تورکیا:

تواناکانی تورکەکان له خۆراگری بەرامبەر به سوپای ئینگلیز له بەرەی (عێراقی باشور) و (فەلەستین) سنوردار بوو، هەڵگیرسانی شۆڕشی عەرەبی له 1916به سەرۆکایەتی ئەلشەریف حوسێن کوری عەلی له عەرەبستانی سعودی وبه هاوکاری ئینگلیز مانای وا یه شوێنەکان لەبەر دەم سوپای تورک بەرتەسک بوونەوه، ئەوخاکانەی تورکی لەسەر بوو بوونه خاکی دوژمن، هێزەکانی تورک له یەمەن و شام و حیجاز بەهۆیەوه لەیەک جیا کرانەوه.
ئەگەر ساڵی 1917ساڵی ئاماده باشی بێت له لایەن ئینگلیزەوه بۆ هێرش کردنەسەر هێزەکانی تورک له بەرەکانی عێراق و شام، هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ وەدەر نانی وڵاتانی عەرەبی له جەنگ که له تەک ئینگلیز دا بوون بەفیرۆ چوو، سەرەڕای بڵاو کردنەوەی پەیماننامەی سایکس _ بیکۆ که تیایدا وڵاتانی عوسمانیی عەرەبی له نێوان فرانساو بریتانیا دا دابەش کردوه.
هێرشەکانی ئینگلیز بۆ سەر عێراق وشام سەرکەوتو بوون،عەقەبه له 6/7/1917 و قودس له 9/12/1917لەدەست دران. دەبینین دیمەشق له یەکەمی ئۆکتۆبەری 1918دەڕوخێ ودواتر بەیروت و دوای ئەوه بەهۆی پەشێوی و ئاژاوەی ناوەخۆ هێزەکانی تورکی تا تورکیا پاشه کشه دەکەن، دوای ئەوه بەغدا دەڕوخێ له ئاداری 1918هێزەکانی ئینگلیز هێرش دەبەن تا له موسل نزیک دەبنەوه، ئەو کات بولگاریا خۆی وەدەست دابوو ئاسیتانەش لەژێر هەڕەشەدابوو، ئیتر حکومەتەکەی له نۆڤەمبەری 1918داوای ئاگربەستی کرد، دوای ئیمزا کردنی ئاگربەستەکه ئینگلیز دەستی گرت بەسەر موسل دا که له ئاینده دا بوه مایەی دروست بونی کێشه.

3_ پادشانشینی دووقۆڵی:

ئیمپراتۆریەتی نەمساو هەنگاریا له کاتی شەڕەکانی (ڤینیتو) کاتێک بەزین لەم شەڕه لەوساوه چاوشکێن بوون و رویان له شەڕی بەرگری کرد، ئەوساش هاوپەیمانان هێرشیان دەبردن، کاتێک بولگاریا خۆی دەداته دەست پادشانشینی دووقۆڵی ناچار دەبێ له پتر لەیەک بەره شەڕ بکا، ئەمه دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی

نەتەوەکان شۆڕش بکەن وکۆببنەوە بەتایبەتی کاتێک حکومەتی ئەمریکی 14 بنەماکانی راگەیاند نەتەوەکان کەوتنە خۆ، پادشانشینی دووقۆڵی پەرتەوازە بوو ئەو نەتەوانەی لە سلاڤیەکان بوون حکومەتەکان هاوکاریان کردن، بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەت لە 3ی نۆڤەمبەری 1918ناچار دەبێ داوای ئاگربەست دەکا.

4_ خۆ وەدەست دانی ئەڵمانیا:

هێزە هێرشبەرەکانی ئەڵمانی توانای لێدان و شەڕیان نەمابوو سوپاکانی ئەڵمانی لە بەرامبەر هێزەکانی هاوپەیمانان تەنها بەرگری وپاشەکشەیان بۆ مابووەوە، شپرزەیی لە ناو فەرماندە ئەڵمانیەکان پەرەیسەند بێزاری لە ریزی بەرەکانی ناوەخۆ بڵاوبوەوە، هێزە دەریاوانیەکان کە ماوەیەک بوو لە کاتی شەڕی جتلاند لە 1916وە بێ کار ببوون، جێبەجێکارە جوەکان هانی هێزی مانگرتو و یاخیبووانیان دەدا، بێزاری وقات وقری و بێکاری سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە، فەرماندەکان ناچار بوون بە پشت بەستن بە 14بنەماکانی ویلسۆن ی سەرۆکی ئەمەریکا و بەتایبەتیش (مافی چارەی خۆنوسین) داوای ئاگربەست بکەن.

فەرماندەکانی ئەڵمانیا وایان مەزندە دەکرد کە ئاگربەست ئیمزادەکرێ و هێزەکان وحکومەتەکەیان بۆ دەمێنێتەوە، بەڵام ویلسۆن مەرجی توندی بۆ ئاگربەستەکە دانان، بریتی بوو لەدەست هەڵگرتنی کاربەدەستانی حکومی وفەرماندە سەربازیەکانئەوانەی سەردەمی جەنگ لەسەر کاربوون، دەست لەکار بکێشنەوە و رێگە بە دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی بدەن کاروباری وڵات بگرێتە ئەستۆ تا تێگەیشتن لەسەر رێککەوتنی ئاشتەوایی لەگەڵ دیموکراتیەتی رۆژئاوای سەرکەوتو بکات. ئەوەی ویلسۆن داوای کرد جێبەجێ بوو، ئیمپراتۆر دەستی لە کار کێشایەوەو رایکردە دەرەوەی وڵات، سەرکردە سەربازی و سیاسیەکان دەستیان لە کار کێشایەوە و بە پراکتیکی ئاگربەست لە 11ی نۆڤەمبەری 1918راگەیەندرا.

دوای ئەوەی هاوپەیمانان سەردەکەون ونەخشەی ئەوروپا چی بەسەردێ ؟ ئاراستەی سەرکردەی وڵاتانی سەرکەوتو لە پەیماننامەی ئاشتەوایی چی دەبن؟ ئەمانە لە داهاتو بە وردی دێینە سەر باسکردنی.

بەشی سیانزەهەم

ئەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی

_ کۆنگرەی ئاشتەوایی

_ کۆمەڵەی نەتەوەکان

_ ئەنجامە ئابووری و کۆمەلایەتیەکان

_ ژیانەوەی بیرۆکەی دەوڵەتی تۆتالیتاری

کۆنگرەی ئاشتەوایی 1919

پاریس وەکو بارەگای کۆنگرەی ئاشتەوایی هەلبژێردرا. بۆ ئەم هەڵبژاردنە هەندێک نیشانەی سیاسیی دیار هەبوون، لەسەروی هەموویان:

1_ بانگخوازی هەبوو بۆ ئەوەی سویسرا بکرێتە بارەگای کۆنگرەی ئاشتەوایی گوایە دەوڵەتێکی بێ لایەنە، بەڵام سەرۆک ویلسۆن پێی باش بوو پاریس بکرێتە بارەگای کۆنگرە چونکە ئەوسا پاریس پڕی بوو لە هێزەکانی ئەمریکی.

2_ فرانسا لە هەموو وڵاتە هاوپەیمانەکان زیاتر لەم جەنگە زیانی پێ کەوتبوو لەڕووی گیانی و ماڵی و خاپور بوونی دام و دەزگاو کارگە وکانزاکانی ئەم زیانانە تەنها لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان پێی نەگەیشتبوون، زۆربەیان کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەڵمانی لەدوای خۆیان کاولیان دەکردن، لەم روانگەیەوە فرانسا لە هەموویان زیاتر شایستەی ئەوەبوو ئەم کۆنگرەیە لەوێ ببەسترێ بە پێوەری ئەوەی فرانسا مەزنترین خۆبەخشکاری دادپەروەرییە.

3_ بەهەڵبژاردنی پاریس وەکو بارەگای کۆنگرە،کلمەنسوی (پیرەپیاو) بۆی دەبێ سەرپەرشتی کۆنگرە بکات ئەمەش کێشەی سەرۆکایەتی کۆنگرە چارەدەکات.

4_ بوونی کۆنگرە لە ناو پاریس، دەنگی فەرەنسیەکان باشتر دەبیسترێ و لەناو

بەهۆی سوربوونی ویلسۆن سەرۆکی ئەمەریکا لە خوێندنەوەی وتارەکەی لە ناو کۆنگرێس کۆنگرەکە کەمێک دوا کەوت، دیارە کە رەوشی بریتانیاش ئەوسا ئەوەی دەخواست کۆنگرە دوا بخرێ.هاۆلی کۆنگرە گوێی بۆ رادەگیرێ.

بەهۆی سوربوونی ویلسۆن سەرۆکی ئەمەریکا لە خوێندنەوەی وتارەکەی لە ناو کۆنگرێس کۆنگرەکە کەمێک دوا کەوت، دیارە کە رەوشی بریتانیاش ئەوسا ئەوەی دەخواست کۆنگرە دوا بخرێ. (لویدجورج) سور بوو لەسەر ئەوەی دەبێ هەڵبژاردنی دیموکراتیانە لە بریتانیا ئەنجام بدرێ، ئەگەر بەرنامەکانیشی لە کۆنگرە سەر کەوتن، هەردەبێ ئەم هەڵبژاردنە ئەنجام بدرێت، ئەم کاتێک بۆ کۆنگرە دەچو پشتەستور بوو بە جەماوەر وپەرلەمان بەتەواوەتی. چونکە ماوەی هەشتساڵی بەسەردا چوبوو بریتانیا هیچ هەڵبژاردنێکی نەکردبوو، بۆیە ئەم هەڵبژاردنە لە دیسەمبەر ئەنجام درا.

لەم هەڵبژاردنە بانگەوازی(لە سێدارەدانی قەیسەری) ئەڵمانیا بەرز بوونەوە لەگەڵ سەپاندنی سزای قەرەبوو بەسەر ئەڵمانیادا، بۆ بەدبەختی ئەڵمانیا ئەو ماوە دواییەکانی جەنگ کارەساتی مرۆیی هاتنە رێ،

لەوانە ژێردەریاوانەکانی ئەڵمانی پاپۆری پۆستی ئیرلەندا کە چەندین ژن ومنداڵی تیابوو ژێرئاویان کرد. نزیکەی 450ژن ومنداڵ و پیاو تیاچوون. ئەم کارەساتە رقو کینی زۆری لە دڵی بەریتانیەکان دژی ئەڵمانیەکان دروست کرد، ئەم کارەساتە نارەزایی داخوازیەکانی خەڵکی زیاد کرد بۆ سزادانی ئەڵمانیا لە تۆلەی ئەم کارە درندانەییەی.

یەکەم بەستنی کۆنگرە لە 18ی جەنیوەریی 1919بەسترا، پەیماننامەی ڤێرسای لەگەڵ ئەڵمانیا لە 28ی تەمازی 1919ئەنجام درا کە دەیکردە یادی پێنجەمی روداوی (سەرایێڤۆ)، دوایین دانیشتنی کۆنگرە لە 20ی جەنیوەریی 1920بوو، دوای ئەوە رێککەوتننامەی ئاشتەوایی لەگەڵ هەریەک لە هەنگاریا وتورکیا ئەنجام درا، رێککەوتە یەک لایەنیەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئەڵمانیا لە 25ی ئابی 1921کۆتاییان پێ هات، لەگەڵ تورکیاش (پەیماننامەی لۆزان) کە لە تەموزی 1923بەسترا بە پراکتیکی لە ئابی 1924جێ بەجێ کرا.

بەڕاستی ماوەی بەستنی کۆنگرە کە درێژەی کێشا، هەروەها ماوەی ئیمزاکردنی پەیماننامەکانیش درێژەیان کێشا، ئەمە بەهۆی ئالۆزی وکەڵەکە بوونی بابەتەکان لەسەر مێزی کۆنگرەوە بوو، سەرەڕای ئەوەی کە بابەتەکان هەموویان هەستیار وپڕ کێشەی ئالۆزو لەیەک بەستراوە بوون، بۆ چارەسەرکردنیان دەبووایە لێکۆلینەوەو گفتوگۆی زۆریان لەسەر بکرابا تا هەموو لایەک دەکەوتنە رێککەوتن لەسەری ئەمەو زۆری ئەندامانی کۆنگرەکە کە نزیکەی حەفتا نوێنەری تیا بەشدار بوو کارەکانی زیاتر ئالۆز کردبوو.

لە بنەرەتدا کۆنگرەکە بۆ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و دەوڵەتە بەشداربووەکان بوو [34] بوو بەڵام وڵاتی نوێش دواتر کەوتنەناوی، وەکو چیکوسلۆڤاکیاو پۆلەندا، هەروەها نوێنەری دەزگا ودەستەی کاریگەر لە جەنگ ئامادەی ئەم کۆنگرەیە بوون وەکو عەرەب ولوبنانی ومیسری وکورد وئەرمەن و سایۆنی و کۆریەکان وروسیای سپی و ئیرلەندیەکان.

ئەو دەوڵەتانەی نەدەبووایە بەشداری بکەن لە هەمە جۆر پێکهاتبوون:

1_ دەوڵەتە بەزیوەکان.

2_ روسیا.

3_ دەوڵەتە بێ لایەنەکان.

بێ گومان ئامادە نەبوونی وڵاتە بێلایەنەکان کەم و کوریەکی مەترسیدار بوو،چونکە ئەم وڵاتانەش بەدەست کارەساتەکانی جەنگیانەوە ناڵاندبوو دەبووایە بۆ نەخشەی داهاتوی ئەوروپا گوێ لە دەنگی ئەوانیش بگیرێ.

---

[34] بریتی بوون لە کوبا، بەرازیل، پەنەما، گواتیمالا، نیکەراگوا، هندۆراس، سیام، چین، لیبیریا، هەندێک دەوڵەتی تر هەبوون کە پەیوەندیان لەگەڵ وڵاتانی ناوەراست پچراندبوو و بەشداریان لە ئیمزا کردنی پەیماننامەکان کرد

دەرخستنی روسیا لە کۆنگرە بەهۆی ئەوەبوو لە خۆیەوە لە جەنگ دەرچو بوو، ئەمە بۆ وڵاتانی هاوپەیمان سودی زۆری هەبوو، توانیان بە پێی بەرژەوەندیەکانیان لە ئەوروپای رۆژهەلات بازنەیەک لە دەوری روسیا بکێشن بۆئەوەی کشانی کۆمۆنیستی سنوردار کەن وریگە لە بڵاو بوونەوەو هاتنی بۆ ناو ئەوروپا بگرن.

بەڵام ئامادە نەبوونی ئەڵمانیا وسەپاندنی پەیماننامەی ڤێرسای بەسەر کۆماری ئەڵمانیای نوێ دا،دەرفەتێک بوو بۆ سەرکردە نوێکانی ئەڵمانیا بۆ ئەوەی دواتر لە پەیماننامەیەک پاشگەز ببنەوە کە ئەوان رۆلیان لە ئامادە کردنی دانەبووە.

بۆ دابەش کردنی ژمارەی ئەندامان ی کۆنگرە بەسەر دەوڵەتان دا رێگەیەکی ئالۆزیان گرتبووە بەر، ئاسایی بوو وڵاتە سەرکەوتوەکانی مەزن بە ژمارەیەکی مەزنەوە بەشداری لە کۆنگرەکە دەکەن، ئەمەریکا وفرانساو بریتانیا و ئیتالیاو ژاپۆن، هەریەکەی بە 5 ئەندام بەشدار دەبوون، بۆ بەلژیک وبەرازیل و سربیا هەریەکە و 3ئەندام، وڵاتەکانی تریش هەریەکەو یەک ئەندامی دەبێ.

ئەم هەموو نوێنەرانە ¾ ی دانیشتوانی دونیایان پێک دەهێنا، بۆیە دەتوانین بڵێین کۆنگرەی ئاشتەوایی پاریس یەکەم کۆنگرەی ئاشتەوایی جیهانی بوو، بە رەچاو کردنی ئەوەی کە چارەنوسی بریارەکانی ئەم کۆنگرەیە بەدەست 5 وڵاتە مەزنەکە بوو.

کاتێک دەست بە کارەکانی کۆنگرە کرا، چارەنوسی وڵاتە بەزیوەکان و رەوشی وڵاتە بێلایەنەکان ودەسکەوت بۆ وڵاتە سەرکەوتوەکان بەدەست سێ کەسەوە بوون:

1_ کلمەنسو.

2_ لوید جۆرج.

3_ وودرو ویلسۆن.

ڕاستە ئیتالیاو ژاپۆن لە پێنج دەوڵەتە مەزنەکە بوون بەڵام ژاپۆن لە کۆنگرەی ئاشتەوایی پاریس رۆلی کەمی هەبوو. لەبەر گرنگی رۆلی کەسایەتی ودەوڵەتیی هەریەک لە بەشداربووان بە پێویستی دەزانین لەم روەوە توێژینەوەیەک بکەین بۆ ئەوەی لە تواناو زیرەکی هەریەک لە بەشداربووان ئاشنا بین، با لە لاوازترین کەسەوە دەست پێ بکەین:



ا/ ئۆرلاندۆ

ڤیتۆرا ئۆرلاندۆ لە ناخۆش ترین بارو دۆخی ئیتالیا پۆستی سەرۆک وەزیرانی [35] وەرگرت کە دوای کارەساتی (کپۆریتۆ)بوو، توانیی تاسەرکەوتنی دوایی کارەکان زۆر بە توانایی ببات بەڕێوە.بەڵام رەوشی ناوەخۆی ئیتالیا بەهۆی ناویفاقیی نێوان پارتەکان ئەم بووارەی پێنەدەدا کە دەستی لە هەموو بریارەکان کراوە بێ،، دواتر ئیتالیا لەهەموو وڵاتێک زیاتر کەوتبووە ژێر باری قورسی کارەساتەکان چونکە لە روی پیشەسازی بەرتەسک بوو ولە روی کەمی کەرەستەی خاویش کەمیی هەبوو، ئەمەو پەرلەمانەکەی لە توانایدا نەبوو بڕیار لەسەر دۆزە گرنگەکان بدات، حکومەت ڕوبەڕووی هێرش و رەخنەی چەپڕەو و ڕاستڕەوەکان بووەوە، خۆپیشاندان و مانگرتن زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی گرتەوە. تێروانینی دوریان بۆ سەرکەوتنەکانی وڵاتەکەیان هەبوون لەخۆبایی بوونی ئیمپڕاتۆری ئیتالیاو خۆبەزل زانینەکانی گەلی ئیتالی لە ئاستی وڵاتە مەزنەکاندا بوو، ئۆرلاندۆ لە ناو کۆنگرە ی ئاشتەوایی هەستی بە لاوازی هەڵوێستەکانی خۆی دەکرد بۆ وەدەست هێنانی دەسکەوتی مەزن لە کۆنگرەی ئاشتەوایی لە ژێر فشاری جەماوەری و سیاسییتوند دابوو.

دواتر پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەڤالانی (کلمەنسو، ویلسۆن و لوید جۆرج) باش نەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ لایەنی ئەمریکی وفەرەنسی، کلمەنسو بەهۆی رۆلە لاوازەکەی لە جەنگ رقی لە ئیتالیا بوو، ویلسۆن مەبەستی نەبوو مافی تەواوی پێبدا ڕاست گۆ نەبوو لەگەڵی، لوید جۆرج یش سۆزێکی ئینگلیزیانەی بۆ هەبوو بەڵام بەبێ گفت پێدان، هۆکاری ئەم هەڵوێستانە سۆزداری نەبوون هەموویان دەرەنجامی پێداویستیەکانی ئاسایشی فرانساو ئینگلیز بوون.

ئیتالیا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی ببووە ئیمپڕاتۆر، موستەعمەرەکانی دراوسێ بوون لەگەڵ موستەعمەرەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی لە باکوری ئەفریکا و رۆژهەلاتی، دواتر ئەم دوای دۆڕانەکانی ئەڵمانیا و پادشانشینی دووقۆڵی لە ناوەوەی ئەوروپا بوو بە دەوڵەتی مەزن لە دوای فرانسا. بەم پێوەرە بوو بە خاوەنی تایبەتمەندیی ستراتیژی کە دەتوانێ دەستێکی بگاتە ناو هەموو ئەوروپا و دەستەکەی تری بگاتە باکوری ئەفریکا، بە هەموو حاڵەتێک (ریفییرا)ی فەرەنسی درێژ بوونەوەی ئیتالیایە و سقلیەش کەوتۆتە سەر رێگای نێوان فرانساو شام کە بە پێی پەیماننامەی سایکس _ بیکۆ لە 1916بەر فرانسا کەوتبوو.

[35] ئەوسا پادشای ئیتالیا ڤیکتور عەمانۆئیل ی سێیەم بوو.

لەم روانگەیەوە دەتوانین هەڵوێستە توندەکەی کلمەنسۆ بەرامبەر بە ئۆرلاندۆ و (سۆنینۆ) ی جێگری لە کۆنگرە شی بەکینەوەو لێی تێبگەین.

ناویفاقیەکانی نێوان نوێنەرانی ئیتالیاو سێ وڵاتە مەزنەکان زیادیان کردن بووە هۆی ئەوەی ژێر بەژێر ئیتالیا رێککەوتنێکی نهێنی لەگەڵ وڵاتانی (ویفاق) ئیمزا کا کە بووە مایەی ناڕەزایی سەرۆکی ئەمریکی ویلسۆن لە کۆنگرەی ئاشتەوایی، هەندێک لەم رێککەوتنانە ریزیان لە مافی نەتەوەکان نەدەگرت. یەکێک لەو رێککەوتنانە ی لەگەڵ وڵاتانی (ویفاق) ئیمزاکرا رێگە دان بە فراوان بوونی وڵاتانی (ویفاق) لە خاکەکانی بەلکان بێ گوێدانە رەگەزی دانیشتوانەکان دەدا. بۆیە لەلایەن ویلسۆن و کلمەنسۆ ناڕەزایی لێکەوتەوە، ئۆرلەندۆ وەکو دەربڕینی ناڕەزایی هۆڵی کۆنگرەی جێهێشت (سۆنینۆ) ی لە شوێن خۆی دانا وەکو نوینەری وڵاتەکەی.



کلمەنسۆ

ب/ کلمەنسۆ

بەهێزترین و زیرەک ترین و توند ترین کەسی چوارمەزنەکە بوو، تەمەنی لە هەشتا نزیک کردبوو، بێ ئەوەی بەرهەڵستکارانی سیاسەتەکەی کاری تێبکەن و ماندوی کەن شێوازێکی بەهێزی هەبوو لە مامەڵە کردن، قسەزان بوو، لەگەڵ بەرهەڵستکارەکانی کەم نیان بوو، ورەی بەر نەدەدا تەنانەت ئەگەر ناحەزەکەی توند و رشت وبەهێزیش بووایە وەکو ویلسۆنی سەرۆکی ئەمریکی یا سیاسەت مەداری پێگەیشتوی ئەوروپا لوید جۆرج، ئەزمونی کەسایەتی وسیاسیی ناوخۆو ئەوروپی و جیهانیی زۆربوون لەم روەوە دەوڵەمەند و خاوەن ئەزمون بوو، لەهەموو دۆخەکانی وڵات وجیهان ئەزمونی هەبوون، لە 1870 _ 1871لە فرانسا رسوای بە چاوی خۆی بینی، لەدەست دانی دەرفەتەکانی گەلی فەرەنسی لە

حەفتاکان و هەوڵە نەزۆکەکانی حکومەتی فەرەنسی بۆ ڕوبەڕوو بوونەوەی ئەم قەیرانانەی هەست پێ کردبوو تا ئەو کاتەی هەڵسایەوە سەرپێ و ئەوسا بەرامبەر بە ئەڵمانیای زەبەلاح وەستا، دواتر وەستانە پاڵەوانیەکەی فرانسا بەرامبەر بە هێرشە کتو پڕیەکانی ئەڵمانیا لە سەرەتای جەنگ، دواتر ئەم گەلە قارەمانە بەرامبەر بە داگیر کردنی خاک وئازار و ئەشکەنجەو خەبات و خۆبەخت کردنەکان و خاپور بوونی کشتوکاڵ ولەناو بردنی رۆلە مەدەنی وسەربازیەکانی، جوامێرانە دانیان بە خۆداگرت و بەرگەیان گرت.

بە چاوێکی پڕ لە حەسرەت و پەژارەوە سەیری ئیمپراتۆریەتی بریتانیای دەکرد کە لە روی سامان وسەروەت چەند لە فرانسا بەتوانا و دەوڵەمەند ترە ئەوساش لە رووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بە قەدەر فرانسا لە روی ماڵی وگیانی زیانی پێنەگەیشت. لەگەڵ ئەمەش بەچاوی چارەنوس وداهاتووەوە سەیری ئاسۆی فرانسای دەکرد دوو مەترسیی مەزنی بەدی دەکردن هەردوکیشیان لە دۆستانیەوە بوون ئەوانیش: بریتانیا و ئەمەریکا بوون، ئەمە دەبێ مەترسیەکانی ئەڵمانیا ش بەدور نەزانێ ئەگەر مەرج نەخاتە سەر جموجۆلەکانی سەر سنوری، بەڵام کلمەنسۆ هەستی بەوە دەکرد کە ویلسۆن بایەخ بە مەترسیەکانی فرانسا نادات و لوید جۆرج یش مەبەستی بوو هەمان گەمە لاساییەکەی بریتانیا بکا کە بریتیە لەوەی فرانسا ترسی لە ئەڵمانیا هەبێ بۆ ئەوەی بریتانیا بە تاکرەوانە دەست بە سەر زۆرترین موستەعمەرەکانی ئەڵمانی و دەوڵەتۆکەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا بگرێ. تا بتوانێ گەمە بە هەموو لایەنەکان بکا بۆ ئەوەی دەسکەوتی زیاتر بۆ خۆیان وەدەست بێنن.

کلمەنسۆ دەستی لەگەڵ هەموو کێشە ئەوروپیە دیار وشاراوەکاندا هەبوو، لە هەموو گەمە سیاسیەکان کە سیاسەتمەدارانی بەریتانی پەیرەویان دەکرد شارەزا بوو، زانینی زمانی ئینگلیزیی کار ئاسانی بوو بۆ فێربوونی ئەم گەمانە، کلمەنسۆ تاکە کەس بوو لە نێو سێ سەرکردە مەزنەکە هەرسێ زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی بزانێ. بەهۆی واقیع بینی یەوە لە فانتازیی ویلسۆنی بردبووەوە لە سامی ئەمەریکای کەم کردبووەوە، ئەم بلیمەتیەی وای کرد خۆی و لوید جۆرج ببنە وێنە کێشی نەخشەی ئەوروپا ورۆژهەلاتی ناوەڕاست تا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی.

بۆیە کلمەنسۆ لە وتووێژ و مشتو مرە کانی لەگەڵ ویلسۆن ولوید جۆرج توند و وشک بوو، ئەمە بووە مایەی بێ ئومێدی لە رەفتاری مرۆڤانە و زاڵ بوونی بیری خۆپەرستی فەرەنسی بەسەریاندا.

لایەنێکی کەسی هەبوو کە کاری کردبووە سەر ئاڕاستەکردنی کۆنگرە بەرەو سیاسەتێکی دیار، (کلمەنسو) دەیەویست بە سەرکەوتنێکی نەتەوایەتیی مەزنەوە لەم کۆنگرەی ئاشتەوایە کۆتایی بە ژیانی بێنێ. وا بیری دەکردەوە کە رای گشتی بۆ دژایەتی کردنی ئەڵمانیا لەگەڵیەتی، دەرفەتیش لەبارە بۆ ئەوەی فرانسا ببێتە خاوەن سنورێکی ئارام و پارێزراو، هیچ دەوڵەتێکی ئەوروپیش شک نابا هەڕەشە لە فرانسا

بکا، دیسان فرانسا ماوەیەکی زۆری لە ترس و دلەراوکێ بەسەر برد ئێستاش نۆرەی ئەوەیە بە ئارامی و دور لە ترسی سنور بەزاندن بژی.

فرانسا داوای زۆری دەکرد بەڵام بەبێ زیادەرۆیی، سەرەکی ترینیان ئەمانە بوون:

1_ سار:

سنوری سار بگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 1814/1815، ئەم داخوازیەی فرانسا بووە مایەی مشتومڕ لە نێوان کلمەنسۆ و لوید جۆرج، لوید جۆرج فرانسای ئاگادار کردەوە کە کێشەیەکی تری وەک ئەلزاس ولۆرین دروست نەکات، لە لایەکی تریش ئەمەریکا ئەمەی بە زیادەرۆیی لە چوارچیوەی 14 بنەماکەی ویلسۆن دایە قەلەم[36] بووگوێرەی بڕواکان سنوری سار دەبێ بکەوێتە ناو خاکی ئەڵمانیا.

2_ سەرپەرشتی کردنی کەناری چەپی روباری راین:

مەبەستی فرانسا لەم داوایەی، دروست کردنی ناوچەیەکی دابڕاندنی سنورەکانی فرانسا بوو لەگەڵ ئەڵمانیا، ئەگەر نەیکاتە ناوچەیەکی چەک داماڵراو، بە سەرپەرشتی کردنی ئەم ناوچەیە ئەڵمانیای لێ دادەبرێ، بەم دابرانەش ئەڵمانیا زۆر لە چاوکە پیشەسازیەکان لەدەست دەدا کە بەهۆی جەنگەوە کەمیان تێ کەوتبوو.

3_ موستەعمەرەکان:

داوای پانتاییەکی زۆری لە موستەعمەرەکانی ئەڵمانی ودەوڵەتی عوسمانی دەکرد، لە رێککەوتننامەی سایکس بیکۆ دابەش کردنی موستەعمەرەکان دیار کرابوو عێراق وشام لە نێوان فرانسا وبریتانیا دابەش کرا، بەڵام بریتانیا سستیی دەنواند بە بیانوی ئەوەی سەربازەکانی بەتەنیایی دەستیان بەسەر ئەو ناوچانەدا گرتوە بەڵام دواتر لەگەڵ فرانسا سازشێکیان لەسەر کرد.

لەم کارانە بۆمان دەردەکەوێ کەدانو ستانەکان لە نێوان کلمەنسۆ وهاورێکەی لوید جۆرج چەند توند و ئالۆز بوون، هەروەها لەگەڵ ویلسۆن ی خەیالخواز دا.

ج/ لوید جۆرج

سیاسەت مەدارێکی دروەشاوە بوو، بەهۆی ئەزمونی لە کاری پارێزەری ببووە پادشای دەمەقار ومشتومڕانێ، لە گفتو گۆکانی سیاسیانەیدا سەرکەوتو بوو شارەزایی لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کاری وەزیری و سەرەدەریی لە کاروبارەکانی ناوەخۆ وایان لێ کردبوو بلیمەتانە لە هەموو کارەکانی سەرکەوتوبێ.



[36] بنەما کانی چارەسەری کێشە نەتەوایەتیەک

لویدجورج

لوید جۆرج وەکو کەسێکی سیاسی لە سەر یەک نەدەژیا، وەکو کلمەنسۆ کە بەدرێژایی ژیانی بەزمان دژی بەرهەڵست کارەکانی بوو.

بەڵام لوید جۆرج هەردو سەری لەیەک جیای بەکارهێنا بوو: هەم کاری لایەنگری و هەم کاری رکابەری.

حکومەتەکەشی پادشایی و سەقامگیر بوو،بەڵام فرانسا کۆماری و نا سەقامگیر بوو، بریتانیا ئارام ودەمار سارد بوو بە هۆی ئەوەی ئەمە یەکەم سەرکەوتنی نەبوو بەدەست بێنێ ئەوەتا لە ئوتریخت 1713وپەیماننامەی ئاشتەوایی پاریس 1763 وکۆنگرەی ڤیەننا 1815و ئاشتەوایی پاریس لە 1856هەموویان بۆ بریتانیا سەرکەوتن بوون بەڵام فرانسا ئەم سەرکەوتنەی وەکو شکاندنی کۆتەکان بوون کە لە سەدەکانی رابردوەوە نەک لە 1870/1871 تەنها بەڵکو لە کۆنەوە کۆت کرابوو.

بنەماکانی دەسەڵاتی لە هاندانی پادشاوە سەرچاوەیان گرتبوو، ئەم ئەوەی دەزانی کە گەل زیاتری مەبەستە بەڵام هەندێک پێویستیی سیاسی هەبوون نەدەکرا بەدوای داخوازیەکانی گەل بکەوێ، لەهەمان کاتدا دەبووایە ئەم گەلەش رازی بکا کە متمانەیان پێی داوە، ئەم کێشەیە بە تەواوەتی ئەوسا سەری هەڵداو بەدیار کەوت کاتێک ویستیان نینۆکەکانی ئەڵمانیا بتاشن، لوید جۆرج مەبەستی بوو ئەڵمانیا وەکو هێزێک بمێنێتەوە بۆ بەرپەرچ دانەوەی فرانسا، دواتر دەبێ تەخمیناتەکانی قەرەبوو بە زیادەوە دیار نەکرێت. لێرە لوید جۆرج ڕووبەڕووی فشاری سیاسەتمەدارانی بەریتانی ورەخنەی کلمەنسۆ بووەوە، بەتایبەت لەو خالەی کە لوید جۆرج داوای کرد تەنها ئەڵمانیا چەک نەکرێ، بەڵکو ئەم بڕیارە بەسەر هەموو لایەک جێبەجێ بکرێ ئەگەر ئاشتیان مەبەستە.

داواکاریەکانی بریتانیا جەختیان لە دەرەوەی ئەوروپا دەکردەوە.

بۆ نەخشەکانی ئەوروپا لە ڕاستیدا لوید جۆرج خۆی نەخشە ساز و بەرپرس بوو لەگەڵ کلمەنسۆ.

تا ڕادەیەکیش ویلسۆن لەسەر ئەم نەخشەیەی ساڵەکانی 1919 _ 1920 ڕێککەوتن کە دواتر هەر ئەم

جەنگی جیهانی دەوم.



د/ ويلسۆن

زۆربەی هەرە زۆری مێژووو نوسان لە کۆنگرەی ئاشتەوایی بە پیاوی فانتازیی ناودەبەن، چوارده بنەماکانی وایان لێکرد ئەم نازناوەی لێ بنرێ، بەڵام خەیالخوازیی ئاراستەی ئەوروپا بوو، سیاسەتەکان لە ئەمەریکای باکور وڵاتینی بەوە تاوانبار دەکرا کە (سیاسەتی دۆلارە)، ئەمەش سیاسەتێکی روالەتیە کە ئامانجی ئەوەیە حکومەت ی واشنتۆن لە وڵاتەکانی ئەمەریکای لاتینی ئابووری لە پێشینیەکانیەتی. لەنێوان ئەم خەیالخواز و روالەتیەیدا نیلسۆن بەرامبەر بە کلمەنسۆ ی توندڕەو لە بوواری روالەتی ولویدجۆرج ی نیان، پارسەنگی لەدەست دا.

ویلسۆن بە گوفتار خوێندنەوە بەناوبانگ بوو، بەڵام لە کاتی دانانی وشە لە دەقی پەیماننامەکان لە روی یاساییەوە ورد نەبوو، ئەمە نیشانەی ئەوەبوو جەختی لەسەر بنەماکان دەکردەوە نەک لەسەر کێشەکانی روالەتی. دوربینیی لە کاروباری جیهانی پایەیەکی سیاسیی جیهانی درەوشاوەی پێ بەخشی بوو، بەتایبەت کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم) ئەمە لە ئەنجامی پسپۆریی لە زانستە سیاسیەکانەوە هات هەروەها چونکە سیاسەتمەداری ئەمریکی بە شێوەیەکی گشتی چاو لە کێشە جیهانیەکان دەکەنەوە، بە شێوەیەکی تایبەتیش کێشە ئەوروپیەکان، لەو میانەوە باشتر دەتوانن کێشە خۆجێی و ناوخۆکان ببینن، لێرە چوارده بنەماکان لە بەرامبەر کێشە ئەڵۆزەکانی ئەرووپا، کەوتنە هەژان، چونکە ئەو بەرپرسیار بوو بەرامبەر بە مافە پێشێلکراوەکانی نەتەوەکان و بنەماکانی مافی چارەی خۆنوسین، هەر خۆشی بەرپرسیارە لەو خیانەتەی بەرامبەر بەو نەتەوانە کرا لە دەست هەڵگرتن و رادەست کردنیان بە دوو زەبەلاحە سەرکەوتوەکە.

ویلسۆن نوێنەری وڵاتێکی دیموکراتیی پەرلەمانی بوو، هەر کاتەی حزبەکەی لە هەڵبژاردن دەر نەچی ئەم پۆستەکەی لەدەست دەدا، هەر واش بوو هەڵبژاردنەکەی نۆڤەمبەری 1918پارتی کۆماری زۆرینەی لە کۆنگرێس وەدەست هێنا، بەم ئەنجامە، پۆستەکەی ویلسۆن ناسک بوو، هەریەک لە (لوید جۆرج

وکلمەنسۆ) زۆرینەی پەرلەمان پشتیوانیان لێ دەکردن سەرەڕای زۆرینەی رای گشتیش.
هەندێک مێژوونوس وا لێکدەدەنەوە کە ویلسۆن زیادەی بە گرنگیی بیرۆکەی تاییەت بە کۆمەڵەی نەتەوەکان(عصبە الامم) ناوە، لای دۆستەکانی هەوڵی زۆری بۆداوەو پڕ بایەخی کردوە بۆئەوەی قەرەبووی دۆڕاندنەکانی کۆنگرێس بکاتەوە کاتێکیش دەگەڕێتەوە ئەمەریکا خۆی وەکو فریشتەی ئاشتی وئارامی نیشان بدات هەوڵەکانی لە پێناو دابین کردنی ئاسایش بۆ ناوچەکان پڕ بەها نیشان بدات.
ئەو کێشانەی بڕیاربوون کۆنگرەی ئاشتەوایی بیان بینێ زۆر بوون، ئالۆز ترین کێشە،نەخشە نوێکەی ئەوروپا بوو کە مشتو مرێکی زۆر لەسەر ئەم پارچە زەوی وئەوی تر دروست دەکرد، بۆیە چەند لیژنەیەک بۆ لێکۆلینەوە لەسەر ئەم کێشانە پێک هێنران، ڕاستیەکەی ئەوەی لە میانەی بەرێچونی کۆنگرەکە رون بۆوە ئەوەبوو کە تەنها سێ سەرکردە مەزنەکە خاوەنی وشەی یەکەم ودوایی بوون لە داڕشتنەوەی نەخشەی ئەورپای نوێ، بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکانیان، ئەمەیان بۆ چوەسەر بە کۆمەڵێک پەیماننامەی سەپێندراو بەسەر وڵاتە دۆراوەکان، ئەم پەیماننامانەش بریتین لە:

1_ پەیماننامەی ڤێرسای لەگەڵ ئەڵمانیا (28حوزەیرانی 1919).
2_ پەیماننامەی سان گرمان لەگەڵ نەمسا.
3_ پەیماننامەی تریانۆن لەگەڵ هەنگاریا.
4_ پەیماننامەی نایی لەگەڵ بولگاریا.
5_ پەیماننامەی سیڤەر لەگەڵ تورکیا بەڵام دواتر بە پەیماننامەی لۆزان هەمووار کرا.

یەکلا کردنەوەی پرسەکانی پەیوەست بە ئەڵمانیا گرنگتر بوون، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە کێشەکان کاتێکی کەمیان دەویست وچارە دەبوون.
فرانسا ئەلزاس ولۆرینی وەرگرتەوە، مافی دەست گرتن بەسەر کانزاکانی خەلوز لە سار بۆ ماوەی 15 ساڵ وەدەست هێنا لەو ماوەیەدا کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبەالامم) ئەم ناوچەیە دەگێرێ بەمەرجێ چارەنوسی بە رافراندۆمێک لە 1935دیاری بکرێت.
بۆ حەزەکانی فرانسا سەبارەت بە دەسەڵات گرتنەدەست لە کەناری چەپی روباری راین،پاساوە ئەمنیەکان وایان نیشان دا کە کلمەنسۆ بۆ ئەم داوایە پێ دادەگرێ، بەڵام لوید جۆرج و ویلسۆن ئەم داوایەیان رەت کردەوە تەنها ئەوە نەبێ بە قولایی 50کم ئەم ناوچەیان لە چەک داماڵی، کلمەنسۆ ئەمەی قەبوول نەبوو تا ئەو کاتەی ویلسۆن و لوید جۆرج پەیمانی ئەوەیان پێدا لە حاڵەتی رودانی بەیەکدادان یارمەتیەکانی ئەنگلۆ _ ئەمریکیی هاوبەشی پێ دەگا، بەڵام گۆڕانەکان هەر زو ئەم پەیمانەیان لە ناوبرد، سەناتۆی ئەمریکی پەیماننامەی ئاشتەوایی ئیمزا نەکرد دواتر حکومەتی ئەمەریکا بەرامبەر بەم پەیمانە بەرپرسیار نەما، ئەوەبوو ئیتر بریتانیاش رایگەیاند کە بەهۆی ئەوەی ویلسۆن پابەندی پەیمانەکانی کە بە کلمەنسۆ دابوون

پابەند نیە بۆ یە ئێمەش چاو لە ئەمەریکا دەکەین ئەم پەیماننامەیە هەڵدەوەشێنینەوە، وا بەدی دەکرا کە کلاویان خستە سەری فرانسا بۆیە ئەمیش بیری لە گۆڕینی سیاسەتی دەرەوەی خۆی کردەوە.

سنورەکانی نێوان دانیمارک وئەڵمانیا لە شلزوینگ بڕیار درا ریفراندۆمێک بۆ دیاری کردنی چارەنوسی ئەم ناوچەیە ئەنجام بدرێت. لە ئەنجامی ریفراندۆمەکە تەنها بەشە باکوریەکە دەنگیان بۆ دانیمارک دا ئەوەکەی تر لە گەڵ ئەڵمانیا مایەوە.
ئەڵمانیا بۆ بەرژەوەندی بەلژیک ئەمانەی لەدەست دان:

1_ ئەوپین.
2_ ماڵمێدی.
پۆلەنداش پانتاییەکی زۆری لە خاکە بە پیتەکانی ئەڵمانیا وەدەست هێنا، بەم شێوەیەی خوارەوە:
1_ رێرەوەکانی پۆلەندی کەلە بەلتیک کۆتایی دێت لە شاری دانزیج ی ئەڵمانی و بوو بە بەندەرێکی ئازاد، کۆمەڵەی نەتەوەکان(عصبە الامم) بەڕێوەی دەبرد، بەم شێوەیە پۆلەندا بۆخۆی دەروازەیەکی لە بەلتیک وەدەست هێنا، بەڵام لە پێناو ئەمە زیانی زۆری بە ئەڵمانیا گەیاند، ئەم رێرەوە ئەڵمانیای کردە دوو بەش : بروسیای رۆژهەلات وئەڵمانیا.
دواتر شاری دانزیج لە روی مێژوو وئابووری وگەلەری شارێکی ئەڵمانی بوو، جیاکردنەوەی لە ئەڵمانیا لەگەڵ بنەماکانی مافی نەتەوەکان دژ وناویفاقە.هەروەها بڕیاردارریفراندۆم لە سیلیزیای باکور(باشوری سیلیزیا)لە پۆلۆنیا ئەنجام بدرێت، بە کانزاکانەوە، بەڵام ئەڵمانیا سێ یەکی سیلیزیای لەژێردەستی خۆی هێشتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی هەموو دەسکەوتەکانی پۆلۆنیا لەسەر حسابی ئەڵمانیا بوون و زیانی زۆریان پێگەیاندبوو، هەڵە ناکەین ئەگەر بڵێین رودانی جەنگی جیهانی دووەم هۆکارە ڕاستەوخۆکەی کێشەکانی نێوان ئەڵمانیا وپۆلۆنیا بوون.
چیکوسلۆڤاکیا_ وڵاتە نوێکە _ ناوچەیەکی بچوکی لە ئەڵمانیا لێ وەدەست کەوت لە نزیک (ترۆپاو).
بەندەری (مەمیل)_ دانیشتوانی ئەڵمانی بوون _ لتوانیا داوای دەکرد، ئەوەندە لەسەر داواکردنی رشت بوون تا لە 1923ئۆقرەیان نەما لە رێگەی چەکداریەوە داگیریان کرد، بۆ ئەوەی کێشەکە مەزن وبڵاو نەبێتەوە هاوپەیمانان بڕیاریان دا سیستەمیکی نێودەوڵەتی بۆ(مەمیل) پیادە کەن، یەکێک بوو لە سیستەمە هەرە ئاڵۆزەکانی دونیا لە هەندێک شاری دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئەم سیستەمە بەدەر کەوت. ئەوەی پەیوەندیی بە موستەعمەرەکانیشەوە بوو، ئەڵمانیایان لێ بێبەش کرد. فرانساو بریتانیا لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کرد هەر یەک لە بەلژیک ویەکیەتی باشوری ئەفریکا وئوسترالیا ونیوزلەنداو ژاپۆن لەم دابەشیە شتێکیان بەر کەوت بەم شێوەیەی خوارەوە:

1_ فرانسا وبریتانیا کامیرۆنیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد.
2_ بریتانیا مافی نوێنەرایەتی(انتداب)ی لە تنجانیقا وتوجلاند پێدرا.
3_ یەکیەتی باشوری ئەفریکا نوێنەرایەتیی(انتداب) باشوری رۆژئاوای ئەفریکا بکات.
4_ژاپۆن دورگەکانی زەریای ئارام کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانیان وەکو دورگەی مارشال وکارۆلیناو ماریان، وەدەست هێنا، ناوچەکانی ئەڵمانیش لە چین بۆ مایەوە (کیاو _ چاو لە نیمچە دورگەی شانتوۆنگ).
5_ هەندێک ناوچەی گرنگ بۆ ئوسترالیا مانەوە وەکو ناوچەی گینیای نوێ بە دورگەکانیەوە، نیوزیلەنداش بووە نوێنەری(انتداب) دورگەی ساموا.
6_ هەموو نایابەکان (امتیازات) لە ئەڵمانیا سەندرانەوە کە لە رۆژئاواو چین وسیام وئەفریکای ناوەڕاست پێی درابوو.

7_ کەندری (کەنال) ی کییل چەکی لێ هەلماڵرێ و بڕیاری بێلایەنیی بدرێت.
گەرەنتیی ڕاستەقینە بۆ وڵاتە هاوپەیمانەکان بۆ ئەوەی ئەم مەرجانە جێبەجێ بکرێن تا ئەڵمانیا نەگەڕێتەوە سەر شەنگ وهێزەکانی جارانی بۆ تۆلە وەرگرتنەوە دەبێ لەڕووی سەربازیەوە لاواز بێ وئەم خالانەشیان بەسەردا بسەپێندرێ:
1_ نابێ ژمارەی سوپاکانی ئەڵمانیا لە 100 هەزار سەرباز رەتکا سیستەمی سەربازیشی دەبێ بە بەخۆبەخشین بێ نەک بە زۆر.
2_ نابێ هێزەکانی ئەڵمانی تانک وفرۆکە بەکاربێنن.
3_ رادەست کردنی کەشتیگەلیی، لە داهاتوشدا نابێ کەشتیگەلی ئەڵمانیا لە بارهەلگری 10 هەزار تۆن رەتکا لەگەڵ ژمارەیەکی دیاری پارچەی بچوکی دەریاوانی.
4_ لەناوبردنی بنکەی دەریاوانی ئەڵمانی لە تلیگۆلاند[37] بەم شێوەیە بریتانیا لەوە دڵنیابوو کەلە داهاتو هێزی دەریاوانیی ئەڵمانی دروست نابێتەوە.
قەرەبووی ئەو زیانە کانی وڵاتانی هاوپەیمان لە کاول بوون و خەراپکاریەکان بەسەر ئەڵمانیادا سەپێندرا لەگەڵ لۆمەیی وتۆمەتەکانیشی لەسەر بوونە ماڵ. تا ئەو کاتەی ئەڵمانیا ئەم قەرزانە دەداتەوە خاکەکانی راین داگیر دەکرێن.
کێشەی قەرەبووەکان لە ئالۆزترین کێشەکانی نێوان هەرسێ وڵاتە مەزنەکە بوون، فرانسا داوای زێدەیی هەبوون، بەریتانیش _سەرەڕای مامن اوەندیی لوید جۆرج _ ئەویش داوای قەرەبووێکی زۆری دەکرد، ویلسۆن ئەم قەرەبووەی زیانیانەکانی مەدەنی وسەربازی پێ زۆر بوو، پێویست بەو زیادەییە ناکات. ئەو کاتە دەنگ و هەرا بەرز بوونەوە کاتێک پسپۆرە ئابووریەکان راپۆرتێکیان خستە بەردەم ئەڵمانیا تیایدا

37 لە هەشتاکانی سەدەی رابردو تلیگۆلاندی لە بریتانیا وەرگرتبوو لە بەرامبەر ناوچەی ویتتو لە رۆژهەلاتی ئەفریکا

زیانەکانیان بە 24هەزار ملیۆن جونەی ئسترلینی خەملاند، بەڵام پسپۆری ئابووریی بەریتانی (کینز) سەرمایە ئابووریەکەی ئەڵمانیای بە 2هەزار ملیۆن خەملاند.
لوید و ویلسۆن بە چاکیان زانی مەسەلەی قەرەبووەکان لە ناو کێشەو رای گشتیی توندڕەوی فرانسا وبریتانیا وەدەر نێن،ئەم کێشەیان ئاراستەی لیژنەیەکی تایبەتی کرد، رای گشتی واله مەبەستی لیژنە گەیشتبوون کە بۆ زیاد کردنی قەرەبووەکانە، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ مەبەستەکەی لوید جۆرج و ویلسۆن بوو کە پێیان زۆربوو مەبەستیان کەم کردنەوە بوو.   بەهەر حاڵ ئەڵمانیا بەشێکی زۆر لە تواناکانی سەربازی و مرۆیی وتوانا ئابووریەکانی لە کانزاکانی خەلوز وئاسن لەدەست دا سەرەڕای ئەمە دەیەکی دانیشتوانیشی لەدەست چو، پارەیەکی زۆریش بووە قەرزاری وڵاتە هاوپەیمانەکان کە خۆشی نەیدەزانی کەی لە بنی دەردەچێ ژمارەکانی فەرەنسی ژمارەی خەیالی بوون.
داخوازیەکانی سەربەخۆیی نەتەوەکان هەلوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی نەمساو هەنگاریای دەگەیاند، یەکەم دیاردە جیابوونەوەی هەنگاریا بوو لە نەمسا،دواتر شۆڕشی نەتەوەکان هەریەکەی بە جیا ئەوەبوو یۆگسلافیا هاتە بەرچاو کە جوگرافیاکەی پێک هاتبوو لە سرب و بۆسنە و هرسک و دلماش و مۆنت نیگرۆ (چیای رەش) و کرواتیا تا سەروی روباری ساف ودراف، وەکو رەگەزیش پێک هاتبوو لە سێ رەگەزی نەتەوایەتی : سرب و کروات وسلاڤی. یەکەمیان ئەرسەدۆکسو دوانەکەی تر کاسۆلیک بوون.
دواتر چیکوسلۆڤاکیا دەرکەوت کە دانیشتوانی 13ملیۆن کەسە لە رەگەزی بۆهیماو ئیمزاافیما و سیلیزیای نەمسایی و بەشێک لە نەمسای باشور، بەڵام دەوڵەتێکی هاو رەگەز ویەکگرتو نەبوو، لە چەند کەمە نەتەوایەتیەک پێکهاتبوو بەم شێوەیە:
3 ملیۆن کەسیان بە ئەڵمانی دەدوان بە تایبەت سودێتی ئەڵمانی 700،000 کەسیان هەنگاریای بوون. سەرەڕای سەدان هەزار لە پۆلۆنی و رۆتینی.
رۆمانیا لەسەر حسابی هەنگاریاو روسیا ونەمسای دراوسێی فراوان بوو، ترانسافیای لە هەنگاریا داگیر کرد وبسارابیای لە روسیا داگیر کردو بۆکۆ ڤیناشی لە نەمسا داگیر کرد. دواتر نەمسا دەستی لە تریستا وئیستریا وتیرۆل و رێرەوی برنۆی ستراتیجی هەڵگرت بۆ ئیتالیا، بە ئەڵمانەکانیشەوە کە لە ئەدیجی سەرو جێنیش بوون،ئیتالیاش داوای بەندەری(فەیومی)ی دەکرد کە(دانۆنزیو) شاعێری ئیتالی بەزۆر داگیری کرد دواتر لەگەڵ یوگسلاڤیا یەکلایی کرایەوە.
بەم شێوەیە نەمسا بوو بە دەوڵەتێکی بچوکی ئەوروپای رۆژهەلات، بکە روبەرێکی زۆری لەدەست دا بۆ ئەوەی ئەڵمانیا چاوی لەوە نەبێ لەگەڵ ئەڵمانیای یەک خا، ئەو پانتاییەی ئیمپراتوریەتی نەمسا لە ژێر دەستی دابوو لە پەیماننامەی (سان جرمان) بە رێژەیەکی زۆر بەرتەسک بووەوە.
زیانەکانی هەنگاریایش بە پێی پەیماننامەی تریانۆ کەمتر بوون لە هی نەمسا، ئەگەر لەگەڵ نەمساش هاوبەش بن ئەوا هیچ دەروازەیەکیان بۆ لەسەر دەریا نەمایەوە. تاقە دەوڵەتی بەزیو کە هیچ لە خاکەکانی

لەدەست نەدابن بولگاریا بوو، گەڕاندیانەوە بۆ سنورەکانی لە 1914، گوایە لە شەڕی بەلکانی دووەم لە 1913خاکی زۆری لەدەست دابوو، مەزنترین زیانی ئەوسای کە لێی کەوتن لەدەست دانی تراقیای رۆژئاوا بوو بۆ یۆنان، پەیماننامەی نایی ئەم یەکلاکردنەوەی لەگەڵ بولگاریا لە 27نۆڤەمبەر ی 1919پەسند کرد.

سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانی تەنها سنورەکانی تورکیای بۆ مایەوە دوای ئەوەی ئینگلیز عێراقیان داگیر کرد تا موسل و شام و حلب، هێزەکانی هاوپەیمانان دەستیان بەسەر بەنداوەکاندا گرت دوبارە بەروی کەشتیە جەنگیەکان یان داخستن ئەمە وەکو نەریتی جیبەجێکراو لە 1841ەوە پیادە دەکرا، پەیماننامەی سیڤەر: لە(ئابی 1920) بەسەر تورکیایان دا سەپاند کە بە پێی ئەم پەیماننامەیە تورکیا دەست لە هەموو مومتەلەکاتەکانی لە ئەوروپا هەلدەگرێ بۆ یۆنان جگە لە قوستەنتینیە و ناوچەیەکی بچوک لە بەنداوی دەریای مەرمەرە بە قولایی یەکی ئەوەندە کە بەسەر بەنداوەکانی یۆنان زاڵ نەبێ. ئەرمینیاش سەربەخۆ کرا، یۆنان _ چەند دورگەیەکی لە دەریای ئیجە لە تورکیاوە بۆ جێما _ ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ناوچەکانی ئەزمیر و دەوروبەری پێ بسپێردرێت، ناوچەی ئەزالْیاش بخرێتە ژێر چاودێری ئیتالیا، سوریا ولوبنان لە ژێر نوێنەرایەتی (انتداب) فرانسا بێ، عێراق و فەلەستین ورۆژهەلاتی ئوردن لەژێر نوێنەرایەتی (انتداب) بریتانیادا بێ.

گوایە ئەوەی پەیماننامەی سیڤەری ئیمزا کرد سولتانی عوسمانی بوو، بەڵام بزوتنەوەی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی کەماڵ ئەتاتورک ئەم پەیماننامەیە رەت دەکەنەوە، بە پاساوی ئەوەی ئامادە نین دەست لە خاکی تورکیا هەڵگرن، دوبارە هێزەکانی تورکیا دامەزرایەوە، شەڕیان لەگەڵ یۆنانیەکان کرد تا شکستیان پێهێنان، بەدوای فەرەنسی وئیتالیەکاندا رۆیشتن تا خاکەکانی تورکیایان لێ سەندنەوە. دواتر لە پەیماننامەی لۆزان لە 24ی تەموزی 1923کۆتاییان بە رەوشی جەنگ هێنا لەگەڵ تورکیا [38] داواکرا سنوری نێوان روکیا_ عێراق و تورکیا _ سوریا دارێژرایەوە، تورکیا دەستی لە دەسەڵاتەکانی خۆی هەڵگرت لە وڵاتانەی عەرەبی.هاوپەیمانەکان لە لایخۆیانەوە رەزامەندیان دا لەسەر پوچەڵ کردنەوەی (ئیمتیازاتەکانی) وڵاتانی بێگانە، لەهەمان رۆژ پەیماننامەی(بەنداوەکان) ئیمزا کرا، کە هاتو چۆ بۆ کەشتیە کان لە کاتی شەڕو ئاشتی ئازاد کرا، بۆ هاتو چۆی هێزە دەریاوانیەکانیش سیستەمێک دانرا، لێژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ سەرپەرشتی کردنی سەر کاری بەنداوەکان پێک هێنرا. بەپێی ئەم پەیماننامەیە هێزەکانی بەریتانی، فەرەنسی، ئیتالی،کەلەسەر ئەو خاکانەن کە تورکیا داگیری کردون دەکشێنەوە. تاچەند ئەم یەکلاکردنەوانە دادپەروەر بوون؟ مشتو مری زۆر لەسەر ئەم دۆز و پرسە کرا، رای جیا هەبوون، ئەوەی بەسەر ئەم مشتو مرانەدا زاڵ بوون، ئامانجە نەتەوایەتیەکان بوون، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بەم شێوەیە کورتیان کەینەوە:

---

[38] بە پشت بەستن بە بنەماکانی 14بنەماکەی ویلسۆن تایبەت بە مافی نەتەوەکان لە بڕگەی 61،6 ی پەیماننامەی سیڤەر تایبەت بوو بە کێشەی کورد لە کوردستانی باکور، تیایدا دان بە مافەکانی کورد دادەنرێ بەمەرجی ئەوەی مۆلەتی 6مانگ بە دەسەڵاتی کورد بدەن ئەگەر توانیان کاروباری خۆیان ببەن بەڕێوە ئەوا لە رێگەی ریفراندۆمێک چارەنوسیان دیاری بکرێ، سەربەخۆیی یا بەستنەوە بە وڵاتێکی تر، بەڵام دواتر لە پەیماننامەی لۆزان لە 1923 کاتێک کماڵ ئەتاتورک پابەندی سیڤەر نابێ لەشوێن ئەو لە لۆزان رێک دەکەون لەوێ ئیتر ئومێدەکانی کورد ژێرخاک دەکرێن بە هەڵوەشاندنەوەی بڕگەکان....وەرگێر

1_ ئەڵمانیا هەستی کرد هاوپەیمانان کلاویان لەسەری ناوە، هەرکە چەکیان دانا بینیان، هاوپەیمانان مامەڵەی سەرکەوتوو ژێرکەوتوی لەگەڵدا دەکەن، نەک هەر ئەمە بەڵکو خەراپتریشیان لەگەڵ بەکار هێنا، وەکو نەریتی پەیماننامە ئاشتەواییەکان دەبێ وتووێژ لە نێوان سەرکەوتوو ژێرکەوتو لەسەر بنەمای رێککەوتن بێتە ئیمزا کردن بەڵام ئەمە لە نێوان ئەڵمانیا وهاوپەیمانان نەکرا، هاوپەیمانەکان دیراسەی دۆخەکانیان لە نێوان خۆیاندا کرد ئەوەی بە پێویستیان دەزانی بەسەر ئەڵمانیایاندا سەپاند، لە پەیماننامەیەکدا بە ناوی پەیماننامەی ڤێرسای پێیان ئیمزا کرد، ئەڵمانیا ئەم کارەی بە کارێکی زۆرلێکردن وەسف کرد، ئەم هەڵوێستەی هاوپەیمانانی کردە پاساوێک، هەرجارەی بۆیان بلوابا خۆیان لە بڕیارەکان دەدزیەوە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم رەفتارەی هاوپەیمانان بەرپرسیارە لەوەی دواتر وەکو تۆلە رویاندا، پەیماننامەی ڤێرسای نینۆکەکانی ئەڵمانیایان تاشین، تۆی جەنگی جیهانی دووەمیان چاند هەروەکو پەیماننامەی فرانکفۆرت لە 1871تۆی جەنگی یەکەمی جیهانیی چاند، مافی چارەی خۆنوسین کە ئەڵمانیەکان ئومێدی زۆریان پێی بووبۆ ئەوەی خۆیان لە یەکیەتیەکدا ویفاقەنەوە، بۆ ئەوان پێشێل کرا، زۆرلە ئەڵمانیەکان لە ژێر دەسەڵاتی چیکوسلۆڤاک وپۆلەندا وفرانسا دەژیان ئەڵمانیا کرا بە دوو بەش بڕوسیای رۆژهەلات وئەڵمانیا، هەر هەوڵێک بۆ یەکگرتنەوەی ئەم دو بەشە مانای جەنگێکی تر دەگەیەنێ.

2_ وڵاتە سەرکەوتوەکان هیچ هەنگاوێکیان لە بواری چەک داماڵین نەنا، ئەم پرۆژەیە _ پرۆژەی چەک داماڵین _ فێل بوو مەبەست تەنها ئەڵمانیا بوو، وڵاتە مەزنەکانی نەگرتەوە.

3_ بەهۆی ئەوەی روسیا لەم پەیماننامەیە ئامادە نەبوو، رەچاوی هیچ بەرژەوەندیەکی روسیا نەکرا بەڵکو لە دژی بەرژەوەندیەکانی کار دەکرا.

یەکێک لە هۆکارەکانی، بڵاو بوونەوەی حوکمی سۆشیالیستی بوو لە روسیا، وڵاتە مەزنە سەرمایەدارەکان ترسیان لە بیرۆکەی کۆمۆنیستی هەبوو هاوکاریی سەربازیان نەدەکرد چونکە دژی حوکمی سۆشیالیستی لینینی بوون.

4_ ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا وەکو پاڵپشت و بەرگری کاری وڵاتە نوێنەرەکان (انتداب) خۆی نیشان دەدا، بۆ ئەم مەبەستە لێژنەی (کنج کرین)ی نارده رۆژهەلاتی عەرەبی، ئەم لیژنەیە لە گەڕانەوەی دا چەند راسپاردەیەکیان پوخت کردن، بەڵام فرانسا وبریتانیا گوێیان پێ نەدان، کاتێک ئەمەریکا پترۆلی موسلی دەست کەوت دەرگاکانی بەروی بزوتنەوە نیشتمانیەکاندا داخستن.

بەهەر حاڵ ئەم پەیماننامەیە بەناوی سەقامگیری دونیا دانرا، بە دیدی ویلسۆن دەبێ رێکخراوێکی جیهانی کاری پاراستن و بەڕێوە بردنی ئەم ئاشتی وسەقامگیریە بگرێتە ئەستۆ ئەویش کۆمەڵەی نەتەوەکانە (عصبە الامم).

(2) کۆمەڵەی نەتەوەکان

ئەو زیانە زۆرانەی لە میانەی جەنگی جیهانی بە ئەوروپا کەوتن تیایدا بە ملیۆنەها مرۆڤ بوونە قوربانی، هاندەرێکی بەهێز بوو بۆئەوەی بە هاوبەشی وڵاتەکان کارێکی وا بکەن رێگە لە دوبارە بوونەوەی ئەم جۆرە کارەساتانە بگرن کە ماوەی چوار ساڵی خایاند، یەکەم کەس کە بیری لەم کارە کردەوە ویلۆسن بوو بانگخوازی کۆمبونی کۆمەڵگای ئەوروپیی کرد بۆئەنجام دانی کارێک لە پێناو ئاشتیدا، بە درێژایی مێژوو گەڵێک لە سیاسەتمەدار و فەیلەسوف و زانا کان بانگەشەی دۆزینەوەی کۆم بوونێکیان دەکرد لەسەر ئاستی ئەوروپا و بۆ هەمان مەبەست، بەڵام کەس گوێی پێنەدەدان نە لایەنە حکومیەکان نە لایەنە جەماوەریەکان چونکە تائەوکات سیمای پێویستیەکی ئەوتۆ بەدی نەدەکرا، لە روێکی تر دەرکەوتنی بیرۆکەی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم) کە ویلسۆن بانگەوازیی بۆ دەکرد تەنیا کارو داخوازیی خۆی نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی پێویستیەکانی قۆناغەکەو پەرەسەندنی پەیوەندیەکان بە هەموو شێوەکانیەوە هاتە پێش.

ئەوروپا پتر لە جارێک ناچار دەبێ، کۆنگرەیەکی مەزن ببەستی تا هەموو کێشە هەڵواسراوو ئالۆزەکانی دەوڵەتان کە پێیان چارەناکرێ لەم جۆرە کۆنگرانە چارەی کەن، لەو جۆرە کۆنگرانە:

کۆنگرەی وستڤالیا 1648

کۆنگرەی ڤیەننا |........................... 1815

کۆنگرەی ئێکس لاشابیل،.............. 1818

کۆنگرەی ترۆپاو،................ 1820

کۆنگرەی ڤیرۆنا،......................... 1822

کۆنگرەی پاریس،......................... 1856

کۆنگرەی بەرلین،........................ 1878

= بەرلین،................................ 1884_ 1885

= لاهای،................................. 1899

= لاهای،................................. 1907

= لەندەن................................. 1912 _1913

لە میانەی سەدەی نۆزدەهەم زۆرێک لە یەکیەتی ودەزگا و سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەوانەی گرنگیان بەم جۆرە بابەتانە دەدان لە هەموو پارچەکانی دونیا دروست بوون لەوانە بۆ نمونە:

_ لیژنەی رێکخستنی دەریاوانیی نێودەوڵەتی لە روباری راین و روباری دانوب،بە پێی پەیماننامەی پاریس لە 1814 و کۆنگرەی ڤیەننا... 1815.

_ یەکیەتی تەلەگرافی نێودەوڵەتی ،.................... 1865

_ یەکیەتی پۆستی گشتی،.................................... 1874

_ بیرۆی نێودەوڵەتی بۆ بوودجەو ئەندازەکان............ 1875.

_ یەکیەتی پاراستنی مولکدارێتی پیشەسازی،.......... 1883.

_ یەکیەتی پاراستنی مولکدارێتی ئەدەبی و هونەری.... 1886.

_ بیرۆی گواستنەوەی نێودەوڵەتی،.........................1890.

_ یەکیەتی پیسەسازی شەکر................................ 1902.

_ بیرۆی نێودەوڵەتی بۆ تەندروستی......................... 1903.

_ یەکیەتیی ئەمریکی... 1912.

ئاساییە کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان رێ خۆشکەربن بۆ دەرکەوتنی دەزگاو دامەزراو و رێکخراوە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان. بۆیە ئەم کۆنگرەو یەکیەتیانە ڕێخۆشکەر بون بۆ ئەوەی ئەوروپا بیرۆکەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە 1918 قەبوول کا، دواتر تیۆری کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم) بۆ کۆمەڵگای ئەوروپی هەنگاوێک بوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ئیمزای هەمولایەکی پێوەیە کە کاردەکەنە سەر باری ئاسایشی دونیا بەگشتی.

پەرەسەندنی جەنگ لە ژاپۆنەوە بۆ ئەوروپا ودواتر بۆ ئەمەریکا، رەوشی ئەوروپای دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و تێروانینەکانی گەڵێک لە گەلانی ماف خوراو بۆ گەیشتن بە ئامانج بوونە یارمەتیدەر بۆئەوەی خەڵک بە پیر بانگەوازی دامەزراندنی کۆمەڵەیەی نەتەوەکان (عصبە الامم) بێت.

ئەگەر بمانەوێ ئامانجەکانی دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، بە ئاسانی بۆ دەردەکەوێ ؟ لەسەروی هەموویان پاراستنی ئاشتی ودواتر هاوکاری لە نێوان وڵاتەکاندا بوو.

هەریەکە لە لایەن خۆیەوە کار بۆ پاراستنی ئاشتی بکات، لەهەمان کات دا هاوکاری وڵاتێک بکات ئەگەر توشی بە کێشەیەک یا مەترسیەک هات، یا بەرون تر بڵێین بیرۆکەی بەرگریی هاوبەش و ئاسایشی هاوبەش یەکێکە لە ستونە سەرەکیەکانی ئەم رێکخراوە نێودەوڵەتیە نوێیە.

سەرکەوتن لە جێبەجێکردنی مانای سەرکەوتن لە ئەزمونەکە دەگەیەنێ، بە هەمان شێوە سەرنەکەوتن مانای هەرەس هێنانی بیۆرکەی کۆمەڵەی نەتەوەکانە.

بەدیدی ویلسۆن ئاشتیی جیهانی توشی هەرەس دەبی بەهۆی حوکمی ئۆتۆکراتی وستەمکاری و دوژمنکاریی وڵاتە مەزنەکان دژی وڵاتە بچوکەکان، بۆیە بە پێویستی دەزانی دونیا لەم هەڕەشە و مەترسیانە رزگار کا ئەمەشی لە وتەکەیدا لە کۆنگرەی ئاشتەوایی ی پاریس لە 25ی جەنیوەریی 1919بەرونی دەربڕی.

بیرۆکەو بۆچونەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان یەکەم جار سەرۆکی ئەمەریکا ویلسۆن دایرێشت و هەوڵی بۆدا لە کۆنگرەی ئاشتی، بە مەزندەی ویلسۆن بە خستنەبەر دەستی ئەم بیرۆکەیەو پشتیوانی لێکردنی دەتوانێ بە فانتازیەکەی خۆی بەسەر سیاسەتمەدار وکاربەدەستە ئەوروپیەکان دا زاڵ بێ کە خاوەنی چەندەها گەمەی

سیاسین ئەوانەی بەرژەوەندی میلەتەکەی خۆیان لاگرنگەو بەس، وادەزانن ئەگەر لەسەر حسابی خەڵکانی تریش شتێ بۆگەلی خۆیان وەدەست بێنن کارێکی قارەمانانەیان کردوە، دوای مشتومرو گفتو گۆیەکی دورو درێژلە نێوان ویلسۆن ولوید جۆرج وکلمەنسۆ هەردوکیان نەیان توانی کەمێک لە بەرزایی ویسلۆن دابەزێنن و بۆخۆشیان نەیانتوانی هیچ بۆ فەنتازیە یا ویلسۆنیەکە سەرکەون، بۆیە کۆنگرەکە بە ئەنجامی دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان تەواو بوو بەڵام کۆمەڵەیەکی لاواز.

ویلسۆن ئەم کۆمەڵەیەی وەکو بەردی بەر پێی کۆنگرەکانی ئاشتەوایی لی کردبوو، لە هەموو کۆڕ وکۆنگرەکان پرسی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە پێشەوەی هەموویاندا بوو بەڵام کلمەنسۆ ئەم پرسەی بە پرسێکی سانەوی دەبینی وەکو هەموو کارە ئاساییەکانی تر بەتاییەت ئەگەر بە نەخشەی ئەوروپای بەراورد پێ بکەین، خاڵی نا کۆک لەم کۆمەڵەیە _ بەدیدی ئینگلیز _ ئەم کۆمەڵە ناتوانێ نە ئەرکی پاراستنی ئاشتی بگرێتە ئەستۆ نە ئەرکی بەرگری کردن لە وڵاتان. چونکە پاراستنی ئاشتی دەبێ کۆمەڵەی نەتەوەکان پڕ چەک بکرێ بۆئەوەی ئەم ئەرکەی پێ بکرێ تا هەرکاتەی وڵاتێک لە وڵاتەکان لەم هێلەی لادا ئەم بە هێزەوە بیان هێنێتەوە راستیان کاتەوە، ئەمەش بۆ ئەوکات کارێکی نارەوا بوو. دواتر ئەمە ئەوە دەگەیەنێ بەرگری لەو وڵاتانە بکرێ کە پەیماننامەی ئاشتەواییان ئیمزا کردوە لەکۆتایی ئەمە جێگیر دەبێ تا هەتایی، ویلسۆن رای وابوو کە پەیماننامەکە کاتیەو کۆمەڵەی نەتەوەکان هەمیشەیی.

ئەم رایەی ویلسۆن فرانسای بێزار کرد چونکە فرانسا دەسکەوتی زۆری لە کۆنگرەکە وەدەست هێنا بوو مەبەستی بوو دەسکەوتەکان جێگیربن هەتاهەتایە.

بەهەر حاڵ لە 28نیسانی 1919بڕیار لەسەر(میساقی) کۆمەڵەی نەتەوەکان درا وەکو رێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئەرکی پاراستنی ئاشتیی جیهانی بێ بە پاڵپشتی هێزی رای گشتی نەک هێزی چەک، هەروەها بە هێزی هاوکاری وپشتیوانیی نێودەوڵەتی وپەیوەستیان بە میساقی کۆمەڵەی نەتەوەکان، کە پەنا بۆ چەک نەبەن بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان، لەسەر دەوڵەتەکان سەپێندرا پابەندی ئامانجەکانی بن کە بریتی بوون لە:

1_ هیچ پەیماننامە و رێککەوتننامەیەکی نهێنی نەبەسترێن، دەبێ هەموویان بە ئاشکرا بن.

2_ ئامانجی هەموو پەیماننامەکان دەبێ دادپەروەری و دەستپاکی و بەئابڕویی بن.

3_ کاتێک وڵاتێکی مەزن نوێنەری (انتداب) ناوچەیەکی دواکەوتو دەبێ.

پێویستە کار بۆ گەشە کردن و بەرەوپێش چونی ئەو ناوچەیەو وکۆمەڵگاکەی بکات، کۆمەڵەی نەتەوەکان خۆی بوو کاری بە جێبەجێ کردنی سیستەمی نوێنەرایەتی(انتداب) کرد، لە سەر ئەو خاکانەی لە ژێر حوکمی وڵاتە بەزیوەکاندابوون (ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمانی ودەوڵەتی عوسمانی)[39]

[39] سەبارەت بە دورگە دواکەوتوەکان بەهۆی ئەوەی خۆیان هیچ سیستەم و رژێمێکیان نەبوو بڕیار درا هەمان سیستەمی (انتداب) بەسەر ئەوانیشدا جێبەجێ بکرێ .

4_ له بوواری پەیوەندیەکانی ئابووریی نێودەوڵەتی میساقی کۆمەڵە داوای مسۆگەر کردنی هاتو چۆیە بازرگانیەکانی کرد.
5_ لە بووارەکانی کرێکاری وکۆمەڵایەتیدا کۆمەڵە داوای بەرزکردنەوەی ئاستی کرێکاری کرد، بەرز کردنەوەی رۆژانەی کرێکارانی بە زەرورەت زانی بۆئەوەی بتوانن ژیانێکی بەختەوەر بژین.
6_ پاراستنی ژن ومنداڵ لە چەوساندنەوە.
7_ دابین کردنی هۆکاری قەڵاچۆکردنی نەخۆشیەکان.
بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجانە دەزگایەکی بەڕێوەبردن و هونەری بۆ جێبەجێ کردنیان لە کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە دامەزراند بەم شێوەیەی خوارەوە:

1_ کۆمەڵەی گشتی (العصبە)

لە نوێنەری وڵاتەکانی ئەندام پێک دێت[40] هەر دەوڵەتەی دەنگێکی دەبێ، گرنگترین بەرپرسیارێتیی،پاراستنی ئاشتیە. بەڵام بێ ئەوەی تواناکانی جێبەجێکردنی لەبەردەست دا هەبن، خاوەنی هیچ هێزێکی سەربازی نابێ بۆ سەپاندنی ئاشتی، لەکاری چەک داماڵین سەرکەوتونابێ، لێرە بۆمان دەردەکەوێ کە دەسەڵاتەکانی سنوردار بن، واتە ئەرکی راوێژکاریە و بەس، بارەگاشی لە جنێف دەبێ.

2_ ئەنجومەن

لە نوێنەری وڵاتە مەزنەکان پێک دێت [41]،لەگەڵ نوێنەری چوار وڵاتی تر کە کۆمەڵەی گشتی هەلیان دەبژێرێت، لە ئەرکەکانی ئامادە کردنی نەخشەی پێویست بۆ پاراستنی ئاشتی و هەر ئەرکێکی تری کۆمەڵە هەبێ، بەتایبەت چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوان وڵاتان بە رێگایەکی ئاشتیانە، ئەنجومەن ئەرکی ئامادە کردنی لستی کارەکانی (دادگای دادی نێودەوڵەتی)ی گرتە ئەستۆ.

3_ ئەمینداریێتی گشتی

دەزگایەکی بەڕێوەبردنە، بە پێچەوانەی کۆمەڵە و ئەنجومەن دەزگایەکی هەمیشەییە، دواتر چەند دامەزراوو دەستەی تری نێودەوڵەتیی نوێ بە کۆمەڵەی نەتەوەکان گەیشتن گرنگترین یان:
ا/ دادگای دادی نێودەوڵەتی:

---

40 فرانسا نارازی بوو لەوەی وڵاتە دوژمنەکان بێنە ناوی، ئەوەندەی نەبرد هاتنە ناوی دواتر کشانەوە، بەم هۆیەوە ئەندامەکانی زیادیان کرد تا بوونە 62دەوڵەت .
41 ئەمەریکا وبریتانیا وفرانساو یئتالیاو ژاپۆن .

تایبەت بوو کێشەی نێوان دەوڵەتان، لە روی یاسابیەوە سەیری دەکردن و ناوبژیوانی بۆ دەکردن، لە پێناو چارەسەری ئەم جۆرە کێشانە ئەم دەزگایە دامەزرا، لاهای (دەنهاخ...وەرگێر) لە هۆڵەندا بووە بارەگای.
ب/ بیرۆی کاری نێودەوڵەتی:
ئامانجی ئەم دەزگایە چاودێری کردنی بەرژەوەندیەکانی کرێکاران و هەڵگرتنی زولم ستەم بوو، لەگەڵ دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە مافیان پێ دەپارێزرێ.
ئەم بارو دۆخانە بوونە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵەی نەتەوەکان و شێوەی دەرکەوتنیان وئامانجەکانی، بەڵام سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی گۆڕانەکانی نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی لە 1918 تا 1939 کاریان کردە سەر سەرنەکەوتنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە گرنگترین کێشەی جیهانی کە پێی هەڵسا کێشەی ئاشتیی جیهانی بوو، لە توانایدا نەبوو رای خۆی بەسەر وڵاتە مەزنەکان دا بسەپێنێ کە هەردەم یەکێکیان لایەنێکی کێشەکە بوون لە ئەنجام ئاشتیی جیهانی ڕوبەڕووی هەڕەشە دەبووەوە، کۆمەڵەی نەتەوەکان تەنها لەو کێشانە سەرکەوتو بوو کە دەکەوتنە نێوان وڵاتە بچوکەکان.
کۆمەڵەی نەتەوەکان لەم کێشە مەزنانەدا سەرکەوتو نەبوو:
1_ داگیرکردنی شاری (ڤلنا)ی لتوانی لە لایەن پۆلەندا وە_ فرانسا پشتگیریی لێ کرد _.
2_کۆمەڵەی نەتەوەکان نەیتوانی چین لە هێرشەکانی ژاپۆن رزگارکا کە ماوەیەکی زۆری درێژە کێشا لە ئەنجامی دەربڕینی ناڕەزایی چین لە ساڵی 1931لە کۆمەڵە
کشایەوە.
3_ کۆمەڵە نەیتوانی حەبەشە لە نەخشەسازیەکەی ئیمپریالزمی ئیتالیا رزگار کا تا داگیری کرد.
4_ دوای ئەوەی ئەڵمانیا چوە ناو کۆمەڵە، بینیی فرانساو بریتانیا بە پێی بەرژەوەندیەکانیان کار دەکەنە سەر ئاراستەکانی کۆمەڵە ، مانەوەی هیچ سود بە ئەڵمانیا ناگەیەنێ تا بتوانێ کەمە نەتەوایەتیە ئەڵمانیەکانی پەرتەوازە پێکراو لە پۆلەندا و چیکو سلۆڤاکیاو شوێنەکانی تری پێ کۆ کاتەوە، کشانەوەی پێ لە مانەوە باشتر بوو.
ئەو کێشانەی سەرکەوتنی لێ وەدەست هێنا بریتی بوون لە:
1_ کێشەی نێوان فنلەنداو سوێد لەسەر دورگەی ئاڵاند لە 1920.
2_ کێشەی نێوان پۆلەنداو ئەڵمانیا لەسەر سنوری سیلیزیا لە 1921.
3_ کێشەکانی سنور لە نێوان یۆنان و بولگاریا لە 1925 و نێوان پیرۆ و کۆلۆمبیا لە 1933.
هۆکارەکانی سەرکەوتن وسەرنەکەوتن هەرچیەک بن، بیرۆکەکانی کلمەنسۆ و لوید جۆرج بەسەر بەڕێوەچونی کارەکانی کۆمەڵە زاڵبوون و هەر بۆچونەکانی ئەوانیش بوون کاریان پێ دەکرا، ئەوەبوو ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا خۆی لە کۆمەڵە کێشایەوە، ئەمەش بووە هۆی گۆشەگیر بوونی کارەکانی لە

ئەوروپا، تەنها لە سیاسەتەکانی ئەوروپا بەشداریی هەبوو، کۆمەڵە ئەو هێزەی لەدەست دا کە وەکو ئامێر بەدەست فرانساو بریتانیا بوو.

(3) ئەنجامەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی

لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانی وڵاتەکان سیاسەتی ئاڕاستەکردنی توانا ئابووریەکان لە خزمەت پێویستیەکانی جەنگدا پیادە دەکرد، ئەم جەنگەش درێژەی کێشا، بەم هۆیەوە ئابووریەکانی ئەوروپا لەبار چون، لە ئەنجام هەندێک سیستەمی نوێ بۆدەست گرتن بەسەر بەرهەمەکان هاتە کا کە جیاواز بوون لەگەڵ سیستەمەکانی بەر لە 1914.

دوای ئەوەی جەنگەکان بە کۆتایی گەیشتن، خەڵک وای مەزەندە دەکرد کە گواستنەوە لە ئابووریەکانی جەنگەوە بۆ ئابووریەکانی ئاشتی کارێکی ئاسایی وئاسانە، بەڵام وانەبوو زۆر گران وئالۆز بوو تەنانەت بۆ وڵاتە سەرکەوتوە کانیش، بۆیە ئاسەواری هیلاکەتی ئەوروپا تا ماوەیەکی زۆر دوای جەنگ هەر مانەوە.

ئەوەی کارەکانی دوای جەنگی قورستر کردبوو، کەم بوونی ڕێژەی گەنج بوو لەئەنجامی ئەو ژمارە کوشتارەی پێیان گەیشتبوو کە بە ملیۆنان لە مەیدانەکانی جەنگ دەکوژران، کەمی لە کرێکار و هێزی کارکردن پەیدا بوو، چونکە ئەوکات ئەوروپا بەهۆی پەککەوتنی کارگەو کێڵگە کشتوکاڵیەکانی، پێویستی زۆری بە کرێکار هەبوو بەتایبەت فرانسا، ژمارەیەکی زۆری پاپۆڕەکانی بازرگانی لە کاتی جەنگدا ژێرئاو کرابوون، ڕێگەوبانەکانی شەڕیان لە دەوروبەر هەبوو تێک چوبوون، بۆ هێنان وبردنی کەلوپەلەکان ئەوروپا توشی گرفتی مەزن ببوو، بۆ هێنانی کەلوپەل پارەی زۆری گەرەک بوو کە ئەمەش لە بەهای کەلوپەلەکانی بەرز دەکردەوە، زۆربەی سەرمایەکانی زێریی وڵاتانی شەڕکەر بە هۆی درێژەکایشانی شەڕ لەدەست درابوون ناچاردەبوون کاغەزی کاش دەرکەن _ وەکو پارە بۆ تەداول پێکردن _ ئەمەش بووە هۆی دابەزینی بەهای پارە لە کاتێکا نرخی کالاکان بەهۆی جەنگ خۆی زیادیان کردبوو، ئەم بارو دۆخانە بوونە هۆی پیادە کردنی سیاسەتی خۆتێرکردن (الاكتفاء الذاتي) ئەم سیاسەتەش قەوارەی بازرگانی نێودەوڵەتی کەم دەکاتەوە، بەمەش لە 1929قەیرانەکانی ئابووری جیهانی قولتر بوون.

بەرز بوونەوەی نرخی کالا بووە هۆی تێک چونی باری ژیان و داهاتی ڕۆژانەی کرێکار. لە توانای حکومەت دا نەبوو پلەکان بۆ ئاستێک بەرزکاتەوە لەگەڵ نرخەکان بگونجێن. ئەوەندە نەبێ پێویستی بوون بە کرێکار، بۆ چاککردنەوەی تێک چوەکانی جەنگ لە کارگەو کێڵگەی کشتوکاڵی، بووە هۆکاری بەرز بوونەوەی ڕۆژانەی کرێکاران، گورزەکە ئەم جارە بەوانە کەوت کە خاوەنی داهاتی نەگۆرن وەکو فەرمانبەرو خاوەن مولک و سەنەدەکان، لە بەرامبەریشی کۆمەڵێک بەناوی (دەوڵەمەندانی شەڕ) پەیدابوون ئەوانەی سودیان لە بازرگانی پێکردنی کالا و چەک و تفاقی جەنگ دەکرد لەم میانە ئەوان سودمەند بوون.

جوتیارەکان کە خاوەن زەوی بوون هەرچەندە وڵات توشی کارەسات و هەژانی مەزن دەبوو بەڵام ئەوان ئەوەندە نەبێ کار دەکرایە سەر کەمی بەرهەمەکانیان دەنا جگەلەمە هەژانی مەزنیان پێ نەدەکەوتن،چونکە بە هۆی بەسەربازی کردنی گشتی بەرهەمەکان کەمیان دەکرد. دوای شۆڕشی بەلشەفی لە روسیا ترسێک کەوتە گیانی وڵاتە دراوسێکان، حکومەتی ئەم وڵاتانە بۆ دڵنەوایی جوتیاران و دورکردنەوەیان لە بیری بەلشەفی هەندێک هەنگاویان نان بۆئەوەی جوتیارەکان بەلای خۆیاندا بکێشن، بەڵام بانگخوازی دابەش کردنی زەوی دەرەبەگەکان بەسەر جوتیاران بووە مایەی ئەوەی جوتیارەکان بەلای بەلشیفیکەکاندا وەرچەرخێن،، ئەوەبوو ئیتر وڵاتەکان پەلەیان لە دابەش کردنی زەوی و زاری گەورە دەرەبەگەکان دەکرد و بەسەر جوتیاراندا دابەشیان دەکردن ئەمە لە پۆلۆنیا و وڵاتەکانی بەلتیک و رۆمانیاو هەنگاریا رویان دا تەنانەت لە ئەڵمانیاش.

ئەوەی شیاوی باسە سەرەڕای ئەوەی ئەڵمانیا بە بەزیوی لە جەنگ دەرچو و گەڵێک بنکەو سەنتەری پیشەسازیی لەدەست دابوون وێڕای کەشتیگەلی بازرگانیی لەگەڵ ئەمەش کێشەو گرفتی ئابووری ی توندی نەبوون وەکو ئەوەی لە وڵاتە مەزنەکان هەبوو. چەنکە جەنگ نەگوازرایەوە ناوجەرگەی ئەڵمانیا دواتر لە کاتی جەنگەکان بە هۆی گەمارۆی دوژمنانی کە بەسەریاندا سەپاندبوو پشتی بە داهات وتوناکانی ناوخۆی دەبەست لە توانایدا نەبوو لەدەرەوە خۆراک وکەرەستەی خاو بگوازێتەوە، بۆیە دەبینین کاتێک ئەڵمانیا لە جەنگەکان دەرچو قەرزاری کەس نەبوو، بە پێچەوانەی فرانسا وبریتانیا کە بەشێوەیەکی بێ سنور لە ئەمەریکایان قەرز کردبوو، ڕاستە پارەیەکی زۆر وەکو قەرەبووی جەنگ بەسەر ئەڵمانیا کرایە ماڵ بەڵام دواتر بەهۆی فشاری نێودەوڵەتی ئەم پارەیەش کرایە ساڵانەو کەمیش کرایەوە ئەوە نەبوو رێگە بدرێ ببێتە هۆی روخانی ئەڵمانیا دوای جەنگ.

دوای ئەوە ئەم گەمارۆ دەریاییەی بەسەری دا سەپێنرا ئەڵمانیا ناچار دەبێ لەشوێن ئەو کەرەستانەی کە دەبوایە لە دەرەوە بیان هێنێ لە ناوەوە لەجیاتی بۆ دۆزینەوە، وەکو بەکار هێنانی لاستیکی پیشەسازی و ماتریالی کیمیائی وپترۆل و ئارموشی پیشەسازی.

لە روی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێ بڵێین ئەم جەنگە بە گران لەسەر وڵاتە شەڕکەرەکان وەستا لە روی بەخشینی گیان وماڵی زۆر. روسیا لە هەموو وڵاتەکان پتر زیانی گیانیی لێ کەوت، ژمارەی زیانەکانی گەیشتنە پتر لە دوو ملیۆن کەس، ئەڵمانیاش کەمتر لە یەک ملیۆن، پادشانشینی دووقوڵیش ملیۆنێک وچواریەک ملیۆن، بریتانیاش بە ئیمپراتۆریەتەکەیەوە نزیکەی ملیۆنێک کەس، فرانساش بە نیو ملیۆن زیاتر لە بریتانیا خەڵکی لەدەست دا، ئەمەریکاش 115هەزار کەس زۆربەیان بەهۆی بڵاو بوونەوەی نەخۆشیی ئەنفلۆەنزا تیاچون کە دوای ئاگربەستەکە توشی هاتن، بەم شێوەیە زیانی جەنگی یەکەمی جیهانی 10ملیۆن کەسی لە تۆغیانی گەنجێتی دا لەناو چون لەگەڵ دوو ئەوەندەی تریش بڕیندار و کەم ئەندام مانەوە تا دوا رۆژی ژیانیان. لە ڕێژەی زیانە مرۆییەکانەوە بەبەراورد لەگەڵ رێژەی دانیشتوان دەر دەکەوێ کە روسیا _لەهەموو وڵاتەکان پتر زیانی گیانیی لێ کەوتوە_ بە رێژەیەکی کەمتر لە ئەڵمانیا و

فرانسا زیانی لێ کەوتوە، ئەمە بەهۆی زۆری دانیشتوانی روسیاوەیە لەگەڵ بەرزی ئاستی چۆنایەتی هاوڵاتی ئەڵمانی لەگەڵ هاوڵاتیی روسی.

ئەوەی فەرەنسیەکان فەرامۆشی خۆیان پێدەدەنەوە ئەوەیە کە زۆربەی قوربانیەکانیان لە دانیشتوانی موستەعمەرەکانن. دیسان ئەگەر بەراوردیەکی جەنگی یەکەمی جیهانی لەگەڵ جەنگەکانی تری مەزنی ئەوروپا بکەین، دەبینین ئەروپا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی توشی کارەسات وزیانی وا مەزن نەبۆتەوە، فەرەنسیەکان دەڵێن لە ماوەی ساڵەکانی ئابی 1914 تا شوباتی 1917هەر خولەکێک فەرەنسیەک دەکوژرا. لێکەوتنی ئەو زیانە مەزنانە لە ئەوروپا سامانێکی زۆری مرۆیی لەدەست ژمارەیەکی وا بەرز لە هاوڵاتیانی کە هەموویان لە تەمەنی نێوان 20 تا 40 ساڵیدا بوون تیاچون، ئەوروپا بە تێکرایی توشی گۆڕانی هاوکێشەو هاوسەنگی هات لەوانە ئامارەکانی ژن هێنان ویەکسانی نەبوونی رێژەی کچ لەگەڵ کور رێژەی لەدایک بوونو تەمەنی خوێندکارەکان لەناو خوێندنگاکاندا وتەمەنی کرێکارو،.. تا چەندین کێشەو گرفتی تربۆ ئەوروپا دروست بوون.

ئەمە بەم شێوەیە شی دەکرێتەوە کە زیانە مرۆیەکانی جەنگ زۆرینەی رەهای لە پیاوان بوون بە تایبەتیش گەنج، رێژەیەکی کەمی لە ریزی ژنان بوو، ئەمە بووە هۆی تێک چونی پارسەنگی کۆمەڵایەتی لە نێوان کور و کچ، ئەوەی شایانی ئاماژەیە زۆرینەی قوربانیان، لەدایک بووانی چارەکەی دوایی سەدەی نۆزدەهەم بوون. ئاسایی بوو دوای تەواوبوونی جەنگ رێژەی لەدایک بوون کەم ببێتەوە، دوای جەنگ ئەم رێژەیە زیادیان کرد ئەمە کاری کردە سەر بزوتنەوەی فێربوون وخوێندن و کرێکاری. سەبارەت بە خوێندنگاکان، لە ساڵی 1930 خوێندنگاکان رێژەی خوێنکاری تەمەن لە 11 تا 15 ساڵی زۆر کەم بوو. سەبارەت بە کرێکاری، حکومەتی فرانسا پلانێکی بۆ دروست کردنی هێڵی ئاسنینی ماجینۆ بۆ بەرگری دانا، لەسەر ئەو بنەمایە کە لە ساڵی 1935 ئەم پرۆژەیە تەواو ببێ گوایە سەربازەکان ساڵ بە ساڵ ژمارەیان کەم دەبێتەوە تا دەگاتە نیوەی ئەو ژمارەی کەهەیە لە ساڵی 1934-1939.

ئەم جەنگە کاری کردەسەر ئەوەی پەلە لە پێدانی مافی ژن کرا، بە ئاستێک گەیەندرا کە هەرگیز مەزندەی ئەوە نەدەکرا، لە کاتی جەنگ و بەر لە جەنگ ژن زۆر بە هێواشی مافی خۆی وەدەست دەهێنا، بەڵام دوای جەنگ زۆر لەو کۆتە کۆمەڵایەتی وسیاسیانەی سەر ژن هەڵگیران.

لە بریتانیا ئەم جەنگە کولفەی زۆری هەبوو کاتێک پیاو دەچو بۆ مەیدانی جەنگ ژن شوێنی دەگرتەوە لە نەخۆشخانەو کارگەو خوێندنگا تەنانەت گەڵێک جار شوێنەکانیان لە سوپاش پێ پڕ دەکردنەوە واتە ژن لەتەک پیاو وەستا بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان وخۆ بەخت کردن بۆ وەدەست هێنانی سەرکەوتنەکان جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان ژن و پیاو نەما، مافی بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکانی پێدرا کە لە تەمەنی 30ساڵیە بۆی هەبێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکا، بەم شێوەیە هەندێک بەربەستی کۆمەڵایەتی کە لە نێوان ژن و پیاو هەبوون لابران.

لەگەڵ ئەوەی ناوپرچەکەکانی نێوان ژن و پیاو نەمان ناوپرچەکەکانی نێوان بوورجوازی و هەژارەکانیش

ئەمان ئەمانە هەمووی گۆڕانەکانی جەنگ بوون بەهۆی ئەوەی هەموویان بۆ یەک مەبەست هەوڵیان دەدا ئەویش سەرکەوتن بوو بەسەر دوژمن و شەڕکردن لە یەک کەندری شێدار لە باکوری فرانسا.

(4) گەشە کردنی تیۆریی دەوڵەتی تۆتالیتاری

دەرکەوتنی کۆمۆنیزم لە ئەنجامی دروست بوونی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆشیالستی و هاتنی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بوو، دەرکەوتنی فاشیزم لە ئیتالیاو نازیزم لە ئەڵمانیا مکوم کردنی حوکمی دکتاتۆریەتی دوو سەرکردەی : بەنیتۆ مۆسۆلینی و ئەدۆلف هیتلەر وسەرکەوتنی دکتاتۆریەتی فرانکۆ لە ئیسپانیا ودکتاتۆریەتی سالازار لە پۆرتوگال بوو، بڵاو بوونەوەی لاسایی کردنەوەی ئەم جۆرە دکتاتۆریانە لە وڵاتانی نا ئەوروپی یا لا ناو پارتەکان، ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە رەوتێکی بەهێز ماڵی دیموکراتیی جێ هێشتوە، زۆرێک لە سیاسی و بەرپرس وجەماوەری بەرەو تیۆری دکتاتۆریەت بردوەبەڵام دەبێ جیاوازی لە نێوان دکتاتۆریەتی چین و پارت و دکتاتۆریەتی شۆڕشگێر وتاکەکەسی دیار کەین، لە لایەکی ترەوە دەبینین پارت لە سۆڤیەت دەتوانێ سیاسەتی خۆی بەسەر سەرکردەدا بسەپێنێ بە پێچەوانەی فاشت ونازیەکان. بەڵام ئەم جۆرە جیاوازیانە لە سەرەتا زۆر رون نەبوون.ئەم گۆڕانە لە دیموکراتەیتی رۆژئاوا بۆ دیکتاتۆریەت لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانی بەرونی هەستیان پێ دەکرا لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراتیش: فرانسا وبریتانیا. رژێمەکانی ئەم دو وڵاتە ناچاربوون هەندێک دەسەڵاتی ئاوەرتە بخەنە ژێر دەستی خۆیان بۆ دوبارە سوپا دامەزراندنەوەو تەرخان کردنی بوودجەی تایبەتی بۆ سوپا وپێداویستیەکانی، لەم بووارە ئەوەی بریتانیا پیادەی کرد کارێکی تاکانە بوو لە هیچ شوێنێکی تر ئەمە نەبوو کاتێک سیستەمێکی نوێی هێنایە ناو وەزارەت بەو پێیە وەزارەتێکی ئیئتلافی بەسەرۆکایەتی لوید جۆرج وچوار وەزیری تر پێکهێنا، بۆ بەڕێوە بردن وگرتنە دەست هەموو کاروبارەکانی وڵات و جەنگ. لە فرانساش چاودێریی پەرلەمانی دەسەڵاتی فراوانتری پێدرا بۆ سەرپەشتی کردنی تواناکانی جەنگ. دەبینین جەنگی یەکەمی

فرانکۆ هیتلەر

جیهانی تاکی لە ناو کۆمەڵ تواندەوە دەنگی تاک نزم وکز کرایەوە، ئەمە تەنها ئەوە دەگەیەنێ، متمانە بەو رژێمە سەرمایەداریە نامێنێ کە بەر لە جەنگ هەبوو، هەر ئەو رژێمە نەبوو کە پێشکەوتنی فکریی مەزنی بە ئەوروپا بەخشی؟ بەڵام هەمان رژێمیش بوو کە ئەوروپای توش ئەم جەنگە کاولکاریە کرد شارو گوندی بەشێوەیەک لێ خاپور کرد کە ئەمەی پێشتر بە چاو نەدیبوو ؟ دواتر هەر ئەو دەستبەسەر داگرتنەی پیشەسازی و بازرگانیانە نەبوو بووە مایەی ململانێ ودواتر جەنگو کاولکاری؟ لە نێوان کورە ئامۆزاکان لە ئەوروپا کە هەموویان بۆ یەک رەگەز دەگەرێنەوە ؟

کۆمپانیاکان بوون ململانێ وجەنگ وپیلانو تەڵەی سیاسیی بەدوای خۆیدا هێنا چونکە باکی بەهیچ نەبوو و هەوڵی هیچی نەدەدا تەنها قازانجی کۆمپانیاکەی نەبێ لە هیچ بەرنامەیەکی بووژانەوەش بەشداریان نەدەکرد تەنها زیاد کردنی سەرمایەکانیان نەبێ، هەر ئەم کۆمپانیایانە نەبوون ئەندام پەرلەمان وبەرپرسە حوکومی و سیاسەتمەداری گەندەل کرد ؟ رەوشتی سیاسی وکۆمەڵایەتیی خەڵکیان ژێر پێخست ؟ خەمی هیچ گۆران و پێشوەچونێکیان نەبوو لە هیچ بووارێک چ لە بوواری بنیاتنانی کۆمەڵایەتی یا بووژانەوەی جوتیار و کرێکار.

دواتر کێن قوربانیی ڕاستەقینەی جەنگ؟ هەر ئەو کرێکار و جوتیارانە نین کە کۆمپانیاکان دەیان چەوسێننەوە لە پێناو دەستگرتن بەسەر چاوکی بەرهەم وبەرفراوانکردنی مەیدانی بەرهەم و سەرمایەکانیان دواتریش گاڵتەیان پێ دەکەن وکلاویان دەخەنە سەر ؟

ئەوروپا لە جەنگی ناوەخۆی (جەنگی یەکەمی جیهانی)30 ملیۆن و نیو کەسی لە گەنجی بەتوانا لەدەست دا زۆرینەیان کرێکار وجوتیار بوون، ئەوا جەنگ تەواو بوو کاتی ئەوەیە حکومەتەکان ئاورێک لەو خەڵکە بدەنەوە کە بوونە سوتەمەنیی ئەو جەنگە، جیاوازیەکانی نێوانی چینەکان نەهێلن و لەیەکیان نزیک کاتەوە.

ئەم بەراوردە بووە هۆی بەرپابوونی شۆرشی بەلشەفیی مەزن لە روسیا کە بووە مایەی مەترسیی وڵاتە سەرکەوتو و ژێر کەوتوەکان، ئەوکات هێشتا بوورجوازی تواناکانیان لەو ئاستەدابوون کە ئاراستەی سیاسەتەکانی دەوڵەت وئەوروپا بکەن، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ بۆرجوازیی چەوساوەی ئەروپا مامەڵەی لەگەڵ گەلی هەژار وەکو ئەو مامەڵەیە نەبوو کە لەگەڵ هەژارانی روسیا دەکرا. دواتر ئەوەبووە هۆی ئەوەی شۆڕشی بەلشەفی هەلگیرسێ، و چارەنوسی رەش لە چاوەڕوانی خانەوادەی (رۆمانۆف) دایە لەگەڵ جەنەرالەکانی قەیسەری بێ نرخ و بەهای مرۆڤایەتی وکاربەدەستە گەندەل و دەوروبەرە بۆگەنەکەی کە ژمارەیان تا بلێی زۆر بوون. ئەم جۆرە شۆڕشە شایەنی روسیا بوو کە تولستۆی بەناو بانگ وشاعیر و خاوەن ناوداری بنەماڵە دەستی لە سامان و ناوبانگی خانەوادەکەی هەڵگرت بۆ هەژار ونەداران بۆ ئەوەی وەکو کەسێکی سادە خۆی وپێنوسەکەی لە ریزی خەڵکە هەژارەکە خەبات بکا، بەڵام ئەوروپا پێویستیی بەم جۆرە شۆڕشەی بەلشەفی نەبوو تا چاکسازیەکی سەرتاپایی ئەنجام بدات تەنها پێویستیی بە جۆرێک لە

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەبوو ئەمە بە دیدی زۆربەی فەیلەسوفە ئەوروپیەکان بوو.بڵاو بوونەوەی ئەم جۆرە چەمکانە لەگەڵ سەرکەوتنەکانی بەلشەفی وسەرەڕای هەوڵە بێ ئومێدەکانی ئەمریکی وژاپۆنی و فەرەنسی وبەریتانی بۆ کپ کردنی ئەم جۆرە دەنگانە هەرلە بێشکەوە، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی هەندێک لە حوکمەت وبۆرجوازەکان بۆرێگە گرتن لە دزەکردنی کۆمۆنیزم بۆ وڵاتەکانیان، شەپۆلێک چاکسازیان ئەنجام دان بەتایبەت لە وڵاتەکانی ئەوروپای رۆژهەلات لە(پۆلەندا /رۆمانیا/ئستونیا/لتوانیا/فنلەندا) ئەم رژێمانە، بایەخیان بە دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێزورەها دا حکومەتی یەک پارتی بە بەرنامەیەکی نەتەوایەتیی گشتگیرەوەدە دا.

زۆرێک لە پیاوانی خاوەن تیۆریی سیاسەت لە مێژووی نوێ ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە بوونەوە کە تایبەت بوو بە شێوازی دەسەڵات، ئەوان رایان وابوو نابێ سەروەریەکانی گەل لەدەست چەند کەسێک دا بن بە هەوەستی خۆیان گەمەی پێ بکەن چ لە دەسەڵات چ لە دابەشکردنی بەرهەمەکان و تواناو خزمەتگوزاریەکانی وڵات، لەم جۆرە کەسانە ناوی چەند کەسێک لە سیاسەتمەداران دەبەین:

1_ ئاماژەکانی (هۆبز) بۆ دەوڵەتی رەها.

2_ تیۆریی پەیمانی کۆمەڵایەتی هی جان جاک رۆسۆ، وبانگخوازیەکەی بۆ ئەوەی هەموو تاکێک ببێتە بەشێک لە جەستەی هەموو(دەوڵەت) کە خۆی لەو پێک دێت (ئیرادەیە گشتی) بە بەشداری کردنی تاک. لە کۆتایی دەسەڵات دەکەوێتە دەست گەل.

3_ سۆشیالیستی فابیزم[42] لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە بریتانیا دەرکەوت بانگخوازی گواستنەوەی هۆکارەکانی بەرهەم هێنانی بۆ دەست کۆمەڵ دەکرد، حکومەتیش دەست لە کارەکان وەربدا بۆ چاککردنی رۆژانەی کرێکاران و چاک کردنی باری ژیانیان و سەپاندنی باج بەسەر دەوڵەمەندان.

4_ مارکسیزم، مێژوو بە شەڕی چینەکانی ناوزەد دەکا، کۆتایەکەی بە جەنگی نێوان چینی زەحمەت کێش و بۆرجواز هات. بانگخوازی بۆ نەهێشتنی مولکدارێتیی تاک دەکرد تا کۆمەڵگا هیچ ململانێ وناتەباییەکی تیادا نەمێنێ.

تیۆریە ئابووریەکانی نوێ ئاستی چەمکی (دەوڵەتی رەها) یان بەرز کردەوە لەوانە:

1_ گوتەی ئابووری ناس (لۆدردال) (ئازادیی ئابووری بەرپرسە لە نارێکی دابەش کردنی سەرمایە نیشتمانیەکان).

2_ فردریک لیست رەخنەی لە تیۆریی ئازادیی بازرگانی نێودەوڵەتی، گرت گوایە گورزێکی کوشندەیە لە وڵاتە هەژارەکان دەدرێ هەژاریو نەهامەتیان بۆ زیاد دەکا لە هەمان کاتدا وڵاتە پیشەسازیە مەزنەکان لە سەر حسابی ئەوان دەوڵەمەند دەبن. هەروەها ئاراستە گشتیەکان رۆلیان لە بەهێز کردنی ئاراستەی بەرەو دەوڵەتی گشتی گێرا، لە بارەی ئەوەی دەوڵەت سەرپەرشتی سیستەمەکانی فێربوون و یەکخستنی

42 تیۆرێکی سۆشیالیستیە ریز لە مولکداری تاک و سەرمایەدار و تایبەتی دەگرێ.

بەرنامەکانیان بکا، لەڕووی ئەوەی حکومەت بایەخ بە خزمەت گوزاری لە ناوچە هەژارەکان بدات زیاتر لە ناوچە دەوڵەمەندەکان ئەمەش باری دەوڵەت قورستر دەکات.بەڵام ئەم جۆرە بیرۆکەو ئاڕاستانە ناگەنە قۆناغی جێبەجێ کردن تەنها ئەگەر گەل خۆی دەسەڵاتی دکتاتۆریەتی گرتە دەست یا کەسێکی بەتوانای دکتاتۆر بە پشتگیریی گەل کە قبوولی دکتاتۆریەکەی بکرێ دەنا ئەم جۆرە بۆچونانە پیادە کردنیان ئاسان نین، دواتر مەسەلەکە زیاتر لای حەزەکانی گەلە ئاخۆ تاچەند ئامادەیە ئەم کەش و هەوایە بخولقێنێ ؟ ئەم حەزو بۆچونانەی گەل شتێکی خۆرسک و بێ بنەما نین، ئەمانە لە ئەنجامی بێ ئومێدی لە سیستەمی دیموکراتیی وڵاتەکانیان هاتونەتە کا، یا لە ئەنجامی فشاری وڵاتە مەزن ودکتاتۆرەکان ئەم رەوشە دێتە کا، کە دەیخاتە ژێر قەیرانێکی ئابووری وسیاسی وسەربازی ناچاری دەکا بەدوای کەسێکدا بگەرێ بەناوی ئەوان مەساج پەخش کا بە ئومێدی رزگار بوون و بە ئامنج گەیاندنیان، لێرە دەبینین دەرکەوتنی رژێمە دکتاتۆرەکان لە بەرپرسیارێتیی دەوڵەتە مەزنەکانی ئیمپریالیە، چونکە ئەم دەوڵەتە ئیمپریالیانە دەزانن کە دکتاتۆریەت کاتیە بۆیە هانی دەوڵەتیان دا تا ببێتە دەوڵەتێکی دکتاۆر ئەوسا توشی قەیرانی مەزن دەبێ تا بیر لە دیموکراتی نەکەنەوە.

لەم رژێمە دکتاتۆریانە کەسی دکتاتۆر و دەوڵەت دەبنەیەک کەس.

خواستەکانی سەرکردە لە هەموو خواستەکان بەهێزتر دەبن، ئەم جۆرە رژێمانە لە هەموو وڵاتەکان لە ماوەیەک تا ماوەیەکی نادیار وەدەر دەکەوتن دەوڵەتە ئیمپریالیە رۆژئاوایەکان تەنها وەکو بەشێک لە گۆڕانەکانی مێژوو سەیری سەردەمی ئەم دکتاۆریانەیان دەکرد سەیری پاڵەوانێتی و سەرکەوتن و ژێرکەوتنەکانیان دەکرد، بەڵام دەوڵەتە دیموکراتیە رۆژئاواییەکان (فرانسا وبەریتانی) بە چاوێکی رسوا وسوکەوە سەیری ئەڵمانیا وئیتالیایان دەکرد لە سەردەمی هیتلەرو مۆسۆلینی، بەهۆی رەفتاری دکتاتۆریان، ئەمە تەنها بەشێکە لە نەخشەی سیاسیی گشتی بۆ خشتە بردنی هەردو دەوڵەتی بەرهەڵستکاری فرانساو بریتانیا وئەمەریکا.

بەشی چواردەهەم

شۆڕشی کۆمۆنیزم و دەرکەوتنی یەکیەتی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆشیالستی

_ شۆڕش

_ کێشە ناوەخۆییەکان

_ سیستەمی حوکم

رەچەلەکی شۆڕشی کۆمۆنیزم بۆ ئەو تیۆرە دەگەڕێتەوە کە هەریەک لە کارل مارکس[43] و هاورێکەی فریدریک ئینگلس بانگخوازیان بۆ کرد تا بە (شۆڕشی تۆتالیتاری لە پێناو کۆمەڵ و یەکسانیی رەها) ناسرا.

تیۆریی کۆمۆنیزمی جەخت لەسەر توێژینەوەی پەرەسەندنی مێژوویی ئادەمیزاد دەکا لەبەر رۆشناییەکانی ماتریالیزمی دیالکتیکی، کە دەڵێ مێژووی ئادەمیزاد دەبێ لە سوچی ئابووریەوە تێی بڕوانین هەروەها دەبێ لەسەر بنەمای تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی دیراسە بکرێت.



[43] کارل مارکس لە 1818_1883 ژیاوە لە رەگەزی جوی ئەڵما... ...نیزمی بوو، بە هۆیەوەحکومەتی بڕوسیا دەری کرد لە وڵات کۆچی کرد بۆ فرانسا لەوێ دەرفەتی پەیوەندی کردن بە هاورێکەیەوە فردریک ئینگلس بۆ رەخسا بەیەکەوە فەلسەفەی سۆرشی کۆمۆنیزمیان داڕشت ئەوەندەی نەبرد فرانساش دەری کردن ،روی لە لەندەن کرد،کاتێک کۆمەڵەی کۆمۆنیزمی لە برۆکسل بانگەشەیان کرد بۆ ئەوەی بنەماکانی کۆمۆنیزمیان بۆ دارێژێ ئەو بنەمایانەبوون ناونرا مەنەفێستی کۆمۆنیست لە 1848.

سەردەم هەبوون کە بۆرجواز ودەرەبەگی بەخۆوە گرتبوو سەردەمی دەسەڵاتی چینی زەحمەتکێش خرابووە ژێر گلەوە،مارکس یەکەم کەس بوو ئەم تیۆرەی بڵاو کردەوە ولە بەیاننامەی کۆمۆنیست لە 1848رای گەیاند هەروەها لە پەرتوکەکەی دا بەناوی (سەرمایەدار) ئەم تیۆرەی تیا شیکردۆتەوە تیایدا بانگخوازی سۆشیالستی زانستی دەکات، کە کۆمەڵگایەکی بێ مولکداری و بێ چین و یەکسانی رەها لە نێوان تاکە کەسەکاندا دەخوازێ. لێرە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم تیۆرە راگەیاندنی شەڕی چینەکانە : ئۆرستوکراتی و بۆرجوازی و گەورە مولکدارو دەرەبەگەکان و خاوەن کار و خاوەن کارگە و کۆمپانیا ودەزگا بەرهەم هێنەرەکان، بە حسابی ئەوەی ئەمانە هەموویان نوێنەرایەتی هێزی چەوساندنەوەی چینی زەحمەتکێش دەکەن.

ئەم تیۆرە وای دەبینی،سیستەمی سەرمایەداری کە دەستی بەسەر ئەوروپادا گرتوە خۆی خۆی لەناو دەبا، بەڵام دادپەروەری نیە چینی هەژار لە چاوەڕوانی ئەم خۆلەناو بردنە بن بەڵکو چەند سەدەیەک دەخایەنێ، دەبێ پەلەی لێ بکرێ ڕەوڕەوەی مێژوو خێرا بکرێ بۆ گەیشتن بە (کۆمەڵگایەکی تۆتالیتاری) لە ڕێگەی (شۆڕشی تۆتالیتاریەوە) کاتێک ئەم کۆمەڵگا گشتگیرە دێتە کا، ئەوسا کۆمەڵگایەک ئامادە دەبێ ئازادیەکان لە خۆیانەوە رون وسنور دیار دەبن و ئازادی کۆمەڵایەتی دەبێ نەک ئازادی سیاسی.

مارکس ئەوە رەخنەی لە دەوڵەتی سەرمایەدار نەدەگرت کە چینێک چینێکی تر دەچەوسێنێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوە رەخنەی لێ دەگرت کە رژێمێک دەبا بەڕێوە دەسەڵات وسەربەخۆیی دەدا بە هەندێک دەزگا و لە هەندێکی تریش دەگرێتەوە،ئەمەش لەگەڵ یەک بوونی کۆمەڵگاو تۆتالیتاری ناگونجێ، ئەو دژی جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان بوو[44] کە ئەم دەوڵەتە سەرمایەدارانە بە پیرۆزیان دەزانی، بانگخوازیی بۆ سەرپشککردنی دەسەڵاتەکانی دەکرد، بە شێوەیەکی قوچەکی لە بنکەی گەلەوە دەست پێ باک کە دەبێ ئەم حوکم بکات، بانگخوازی بۆ دابەش کردنی کارەکان کرد لەسەر ئەم بنەمایانە:

(هەریەک بە پێی پێویستیی پێی بدرێ، هەریەکیش بە پێی توانای پێی بدرێ)

کرێکار وچینی زەحمەتکێش دەبێ شۆڕش و جەنگ ی چینەکان بەڕێوە بەرن، دەبێ ئەم چینانە دەسەڵاتی دکتاتۆری بگرنەدەست بۆ ئەوەی بە ئامانجی کۆمەڵگای تۆتالیتاری بگەن.

مەزندەکانی کارل مارکس سەبارەت بە شۆڕش لە وڵاتە سەرمایەدارە پیشەسازیەکان ورد نەبوون چونکە دەسەڵات بەدەست بوورجوازی بوو ئەویش لەوپەڕی تۆغیانی هێز دا بوو، فراکسیۆنە کرێکاریە کانیش هەلوەشاوە بوون، بە پێچەوانەی پەیوەندیەکانی بوورجوازەکانی ئەوسا لە دونیا، چونکە دەوڵەتە بۆرجوازیە

---

[44] مەبەستی دەسەڵاتی یاسادانان وجێبەجێ کردن و دادوەری بوو.

رۆژهەلاتیەکان زو هەستیان بە بانگەوازە کۆمۆنیستیەکان دەکرد کە پرۆپاگەندەیان بۆ دەکردن بۆیە هەندێک هگۆڕانیان لە بوواری یاساکانی کرێکاری ئەنجام دان بۆ ئەوەی لە بیری جیهانبینی مارکسیان دور خەنەوەو بە بیری نەتەوایەتیان پەیوەست کەن، ئەم گۆڕان وچاکسازیانە کەمێک لە گلەیی و سکاڵاکانی کرێکارنیان کەم کردنەوە.

هەندێک لە پارتە سۆشیالستیەکانی ئەوروپای رۆژئاوا خاوەنی پانتایی جەماوەری بەرین بوون هێزیان لە هێزی پارتە شۆڕشگێرە کۆمۆنیستەکان زیاتر بوو،چونکە بیری سۆشیالیستی لە ئیتالیاو فرانساو ئەڵمانیا بە رۆلی بوورجوازی، وڵاتیان گەیاندبووە ئاستێکی پێشکەوتوو خاوەن ئابووریەکی مەتین، بەڵام لەناوبردنی هێزی بوورجوازی بە شێوازی بیرکردنەوەکانی مارکس ئەنجامەکەی روخانی ئابووری وڵات دەبێ لەم روخانەش چینی کرێکار لە چینی بوورجوازی زیانی پتر پێ دەگا

سەیر نیە ئەو وڵاتەی شۆڕشی کۆمۆنیستی لێ سەرکەوتوە روسیای قەیسەریی کشتوکاڵیی دەرەبەگی دواکەوتو لە روی خوێندەواری وپیشەسازی یە، کە قەیسەری ئوروستوکراتی گەندەڵی پشت بەستو بە فەرماندارێتیی سەربازیی نەزان، حوکمی دەکا.

روسیا وڵاتێکی بێ بوورجوازیی وشیاربوو، لە میانەی جەنگی جیهانی یەکەم _بەتایبەتی دوای شکستەکانی سوپای روسیا _ رەوشی ئەم وڵاتە بۆ شۆڕش لەبار بوو بەتایبەت ئەگەر ئەم شۆڕشە لایەنی زیان پێکەوتوی یەکەم ی بەر کەوێ کە سەرباز وکرێکارو جوتیارەکان بوون وشەڕ دژی گەندەلانی دەسەڵاتدار بکا، پڕۆپاگەندەی مارکسیەکان بەهێزو رێکخراو بوون لە روسیا، قەیسەر لە توانایدا نەبوو ریشەکێشیان کا هەرچەندە زۆر لە سەرکردەکانی دورخستنەوە وەکو (لینین) بەڵام رێکخراو و شانە چاڵاکوانی کۆمۆنیستی لە هەموو سوچەکانی وڵات روو لە بڵاو بوون و لە چاوەڕوانی دەرفەتێکدا بوون.

لێرە گۆڕانکاریەکانی جەنگ لەڕووی سەربازیەوە گرنگ بوون بۆئەوەی لە مرەوشە بگەین کە بووە هۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشی کۆمۆنیستی لە روسیا و سەرکەوتنی.

سەرەتا هێزەکانی روسیا لە بروسیای رۆژهەلات هەندێک سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوون، ئەویش بەهۆی ئەوەی هێزەکانی ئەڵمانیا خەریکی بەگژدا چونەوەی هێزەکانی فرانسا بوون بە نیازی ئەوەی لە مەیدانی جەنگیان وەدەر نێن، بەڵام فرانسا بەرگەی هێرشەکانی گرت دواتر ئەڵمانیا روی وەرگێرایە لای روسیا وچەند دەستێکی بەهێزی لێ وەشاندن، بەزینەکانی روسیا یەک لەدوای یەک هاتن بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ روسیا لە جەنگ وەدەر نەکەوت، ئەم هێرشانە بە زۆری لەسەر وەستان نزیکەی دوو ملیۆن کەسی تیا چو بێ ئەوەی جەنگێکی پیرۆزانە ئەنجام بدا یا خۆراگر بێ، لەمەش زیاتر قاتو قریەکی بێ ئەندازە لە روی خۆراک وتفاقی سەربازی کەوتە ناو سوپای روسی تەنانەت هەندێک هێرشی ئەڵمانی هەر کوشتارو سەرپەراندن بوون بێ هیچ بەرگریەک لە لایەن سوپاکانی روسیەوە، فەرماندە سەربازیەکان هیچ

شارەزاییەکیان لە هونەری شەڕدا نەبوو ئەفسەرەکان لە زۆربەی بەرەکان دەسەڵاتیان لەسەر سەربازەکان نەمابوو.

لە ناوەوەی وڵاتیش قەیرانەکان لە خەراپەوە روەو خەراپتر هەنگاویان دەنا: لە شارو کارگەکان نەخۆشیی مان گرتن و راپەڕین و یاخی بوون و خۆپیشاندان بە شێوەیەکی بەربڵاو هەموو شوێنێکی گرتبووەوە، بە تایبەت لە ناوچەی(سان بتروس بۆرگ) لە ئاداری 1917، قەیسەر دور لە پایتەخت خۆی سەرپەرشتی بەرەکانی جەنگە دۆڕاوەکانی دەکرد، کاتێک شۆڕشگێرەکان دەستیان بەسەر پایتەخت دا گرت ناویاننا (بترۆگراد) قەیسەر ویستی لەشکرێک بنێرێ بۆ دەستگرتن بەسەریدا بەڵام جەنەرالەکان ئەم فەرمانەیان رەت کردەوە رازی نەبوون شەڕی براکانیان بکەن لە کاتێکا خاکی روسی لە ژێر پای ئەڵمانیای داگیرکرردا دەناڵێنی. کارەکان لەدەست قەیسەر دەرچون ئەوکاتەی بینی دەزگاو دامەزراو لە پایتەخت داوای گرتنە ئەستۆی بەڕێوە بردنی کاروباری وڵات دەکەن لە رێگەی (دوما) { بەروسی مانای ئەنجومەن واتە ئەنجومەنی گەلەری دەگەیەنێ }ی کاتی بە سیمایەکی بوورجوازی (سۆڤیەتی) لە(بترۆگراد) کە (لیژنەیەکی جێبەجێکردنی سۆڤیەتیان) بۆ هەلبژارد، ئەوسا قەیسەر ناچار بوو دەست لە تەختی پادشایەتی هەلگرێ بۆ برازاکەی، بەڵام ئەویش ناچار کرا واز بێنێ، ئەمە کۆتاییەکەی خانەوادەی (رۆمانۆف)ی بەناوبانگ بوو.

ئەستەم بوو لەیەک کاتدا ئەنجومەنی(دوما)ی کاتی و لیژنەی جێبەجێکردن ی ئەنجومەنی سۆڤیەت لە بەڕێوەبردن بترۆگراد هەبێ، هەوڵەکان چرتر کران بۆ ویفاقردنەوەی هێزە شۆڕشگێرە نوێ کان، ڕووبەڕوو بوونەوە دەستی پێکردبوو لە نێوان لیژنەی دومای بۆرجوازی وئەنجومەنی سۆڤیەتی سۆشیالستی. لە مایانەی ئەم ململانێ یە توانددرا حکومەتێکی کاتی لە بۆجوازەکان پێک بهێندرێت بە پاڵپشتی ئەو پارتانەی کە بەر لە جەنگی جیهانی دەرکەوتبوون وەکو پارتی (ئەکتوبرین) بە سەرۆکایەتی (جۆتشکۆف) و پارتی (کادات) بەسەرۆکایەتی ملیکۆف.

وەزارەتی داد بە سۆشیالستی میانرە و ئەندامی ئەنجومەنی دوما (کرینسکی) سپێردرا.

راگەیەندرا کە ئەم حکومەتە ئامانجی دەوڵەتێکی دەستوریی دیموکراتیە، لەگەڵ درێژە دان بە جەنگ لەتەک هاوپەیمانانەوە، ئەمە بووە مایەی ئەوەی وڵاتانی (ویفاق) دڵیان لای چارەنوسی قەیسەر نەبێ، ئەمەو بەنگەوازەکان بۆ کۆنگرەکانی سۆڤیەت کە لە نیسانی 1917داوایان دەکرد:

1_ وەستاندنی جەنگ وبەستنی پەیمانی ئاشتەوایی.

2_ مافی چارەی خۆنوسین.

3_ وەستاندنی سیاسەتی قەیسەری ئیمپریالیزمی.

ئەمجارەش مەیدانەکانی جەنگ هۆکاری روخانی حکومەتی روسیا بوون، دوبارە لەشکرەکانی روسی لە مەیدانەکانی جەنگ شکستیان خوارد، برسێتی وئاژاوە لەگوند و ناو ریزی سوپا بڵاو بۆوە برسێتی لە گوندەکان و چاوبرسێتی لە ناو مولکدارەکان تەشەنەیان کرد، جوتیارەکان لە خۆیانەوە بە بێ هیچ پشتگیریەکی حکومەت دەستیان بەسەر زەویەکانی دەرەبگدا گرت ولە نێوان خۆیاندا دابەشیان دەکرد، ئەمە خۆی شۆڕشێکی گشتگیر بوو.

حکومەتە کاتیەکە لە درێژەدانی جەنگ سەرکەوتو نەبوو، بەم سەرنەکەوتنەی هۆکاری مانەوەی لەدەست دا، سیماکانی روخانی حکومەت لەسەر دەستی بەلشەفیک[45] کە باڵی زۆرینەبوون لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی وسەرۆکەکەی (لینین) بوو دەستیان بە لێدان ولەق کردنی جێ پێی حکومەت کرد، لینین کە حکومەتی ئەڵمانیا لە 1917کارئاسانیی بۆ گەڕانەوەی کرد بۆ بترۆگراد بۆئەوەی بەشداری لە بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی شۆڕش بکا بۆئەوەی کار لە وەدەرنانی روسیا بکا لە جەنگ، دیارە ئەمەش بەشێک بوون لەو هەوڵانەی ئەڵمانیا ونەمسا کاریان بۆ دەکرد.
ماوەیەکی کەمی برد لینین بە هاوکاری پیاوە بەلشەفیەکان کودەتایەکی لە 16ی تەموزی 1917تەنها لە بترۆگرادئەنجام دا، بەڵام حکومەتە کاتیەکە توانیی لێی داو سەرکوتی کا، ئەمە بۆ لینین ئەزمونێکی باش بوو، ئەم جارەیان بزوتنەوەیەکی گشتیی سازدا بە پشتگیری و پێ هەڵسانی هەموو سۆڤیەتەکان لە هەموو ناوچەکانی بترۆگراد و هەرێمەکان بۆ سەرنگون کردنی حکومەتە کاتیەکە[46] ئەم جارەیان لینین لە پلانەکەی سەرکەوتوبوو، حکومەتی کرینسکیی روخاند، لینین خۆی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی رێگە پێدراوی گەلی کرد دەستی بە جێ بەجێکردنی بەرنامە و پلانەکانی کرد.
1_ ئاشتی وئاسایش بۆ سوپا و راگرتنی جەنگ وئیمپریالیزمی.
2_ کارگەکان بۆ کرێکاران.
3_ زەوی بۆ جوتیاران.

[45] لە 1903 ناویفاقی لە سەر شێوازی کارک ... پێیان وترا بەلشەفیک واتە زۆرینە کەمینەش بە مەنشەفیک ناسرا، ئەوان بە لایەنگرانی چا ... ی توندڕەوەکان بوو.
[46] کرینسکی ببووە سەرۆکی حکومەت.

کرنسکی

4_ جێگیر کردنی ئەنجومەنی گەل لە شوێن ئەنجومەنی کۆمپانیاکان.

5_ دورخستنەوەی بۆرجوازەکان.

6_ کار کردن بۆ بڵاو بوونەوەو بەهێز کردنی پارتە کۆمۆنیستەکان لەو دیوسنوری روسیاوە.

هەروایکرد لینین دەرگای دانوستانەکانی لەگەڵ ئەڵمانیا خستە سەر پشت پەیماننامەی (برست لیتۆفسک)ی لە ئاداری 1918لەگەڵ ئیمزا کرد بۆئەوەی کاتەکانی بۆ دوژمنانی شۆڕش تەرخان کا کە بەم شێوەی خوارەوە پۆلین کرا بوون:

1_ ئۆروستوکراتیی فەرمانڕەوا لە سەردەمی قەیسەر بە ئەفسەرە کۆنەکانەوە.

2_ پیاوە مەزنەکانی سەرمایەدار و خاوەن کارگە و کۆمپانیاکان.

3_ دەرەبەگ و مولکدارە مەزنەکان.

4_ پیاوە ئاینیەکان.

5_ کۆماریخوازە میانڕەوەکان.

بەڵام دواتر حکومەتی دژی شۆڕش لە روسیای باشور بە سەرۆکایەتی (ئەلکسێف) سەری هەڵدا، لە ناوچەی (ڤۆلگا)ش بەسەرۆکایەتی لۆبیدیف، لە سیبیریاش بە سەرۆکایەتی کۆلتشکاک،لە دەوروبەری لینینگراد (بترۆگراد) بەسەرۆکایەتی یۆدینیچ، تا ئەوکاتەی روسیا خەریک بوو لەبەر یەک هەلوەشێتەوە بەرەو دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا هەنگاوی دەنا.

بەڕاستی هێزە خۆجێیەکان بە پشتیوانی سوپای روسی ئەم کارانەیان ئەنجام دەدا، بەڵام ورەیان نزم بوو، دواتر ئامانجەکانی شەڕیان لە پێناودادەکرد دیارو رون نەبوون، بە پێچەوانەی بەلشەفیەکان کە بە خێرا هێزیان دادەمەزراندەوە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش وبەرپەرچ دانەوەی ناحەز ودوژمنان، بە ئایدیۆلۆجیای نوێیان جۆش دەدان لە ریزی زەحمەتکێشانیان یەک دەخستن.

تەنها ئەو هێزە خۆجێیانە نەبوون کە دەبووایە لینین لە ناویان بەرێ بەڵکو هێزی بێگانەش لە زۆر شوێنی جیا جیا دابەزیبوون دەستیان بەسەر خاکی روسیاوە گرتبوو، لەوانە هێزەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی وژاپۆنی و پۆلەندی ورۆمانی.

فرانسا لەو دەرچونەی روسیا لە جەنگ زۆری پێ ناخۆش بوو چونکە ئەو دەسەڵاتە نوێیە دانی بە قەرزەکانی قەیسەر نەدەنا فرانساش قەرزێکی زۆری لەسەر روسیا بوو.

لە روێکی ترەوە ئەوروپای رۆژئاوا ترسێکی زۆریان لە شۆڕشی کۆمۆنیستی دەکرد لەو سەرکەوتنانەی لە روسیا بەدەستیان دە هێنان لەوەی ئەم سەرکەوتنانەیان کار بکاتە سەر بڵاو بوونەوەی شۆڕشی کرێکاری لە وڵاتە سەرمایەدارەکانی ئەوروپا، بۆیە فرانسا وبریتانیا هەر لە بێشکەوە دەستیان لەو شۆڕشە وەشاند، فرانسا دەستیگرت بەسەر ئۆدیسیا لە 1919 بریتانیاش دەستی گرت بەسەر _ ناوچەکانی ئێران_ چەند بەشێک لە قەوقاز تا باکۆ.

ژاپۆنیش مەبەستی بوو سود لەم پەشۆکیە وەرگرێ کە هێزەکانی روسیا لە دەرەوەو ناوەوە توشی هاتوە هێزێکی رەوانەی (ڤیلادیلفیا) کرد تا داگیری کا کە بەندەرێکی پڕ بایەخ بوو، بۆ ئەوەی لە وێشەوە بتوانێ دەست بەسەر خاکەکانی روسیادا بگرێ لە سیبیریا. پۆلەندا و رۆمانیاش کە هەردوکیان دراوسێی روسیا بوون ئەوان هەستیان بە مەزنی ئەو کارەساتە دەکرد ئەگەر کۆمۆنیستی بڵاوەی وڵاتەکانیان بێتەوە، بۆیە هەریەکە لە لای خۆیەوە هەوڵی دەست گرتن بەسەر بەشێک لە خاکەکانی روسیای دا، پۆلۆنییا سنورەکانی بەسەر روسیاوە بوو نەخشەکانی بە هاوکاری هاوپەیمانان داڕشتن، هێلی کیرزۆن وەکو هێلی جیاکەرەوەی سنوری نێوانیان بوو، بەڵام کاتێک پۆلەندا ئەمەی بەدەرفەت زانی کە روسیا بە قەیرانەکانەوە خەریکە، بڕیاری جەنگی لەگەڵ روسیا راگەیاند و دەستی بەسەر پانتاییەکی زۆردا گرت بە پاساوی ئەوەی جێنیشانی ئەوێ پۆلۆنین.

لینین

رۆمانیاش هەرێمی بسارابیا ی داگیر کرد، چونکە لە دێرزەمانەوە چاوی تێ بریبوو بەهۆی ئەوەی زۆرینەی جینیشەکانی رۆمانین، دیارە کە هاوپەیمانان لەم کارەیدا پشتیوانیان لێ کرد.

ئاسۆکان لەبەر چاوی حکومەتی لینین تاریک بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەش توانیان ڕوبەڕووی کیشەکان ببنەوە، (سوپای سور) توانیی بەرسنگی سوپای روسیای سپی بگرێ، ئەوەندەی نەبرد سوپای روسیای سپی هەلوەشایەوە، هەروەها سوپای سور توانیی هەموو حکومەتە خۆجێیەکانی لێرەو لەوێ راگەیاندرابوون هەلوەشێنێتەوە و لەناویان بەرێ. بەڵام حکومەتە کۆماریخوازەکانی تر یەکیەتی

کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆشیالیستیان تاوانبار کرد بەم کارەی کە لە دەستوری 1918 بڕیاری لەسەر درابوو.

هەرکە لە ئەرکە ناوەخۆییەکان تەواو بوو لینین روی لە ئەرکە دەرەکیەکان کرد، ناچار دەبێ لەو ناوچانە دەکشێتەوە کە داگیری کردبوون جگە لە پۆلۆنیا و رۆمانیا، سەبارەت بە پۆلۆنیا سوپای سور توانیی شکست بە پۆلۆنیەکان بێنێ، کێشەکان بە بەستنی پەیماننامەیەک هات لە 18ی ئداری 1921بەسترا لەم پەیماننامەیە پۆلەندا خاکێکی زۆری لێ وەدەست کەوت لە روسیای سپی. سەبارەت بە رۆمانیا حکومەتی یەکیەتی سۆڤیەت نارەزایی دەربڕی لەوەی هاوپەیمانان رەزامەندییان لەسەر داگیر کردن وخستنە سەر خاکی بیسارانیان داوە بۆ سەرخاکی رۆمانیا.

داوای ریفراندۆمێکیان بۆ ئەم کێشەیە کرد. بەڵام زۆری برد تا یەکیەتی سۆڤیەت توانیی ئەم هەرێمە بگێرێتەوە.

سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە، تیۆریی شۆڕشی تۆتالیتاری باڵی بەسەر حکومەتی یەکیەتی سۆڤیەت دا پۆشی بوو، بۆیە لینین بانگخوازی(نێودەوڵەتیی سێیەمی کرد)[47] لە ئاداری 1919 لە مۆسکۆ، بۆ مەبەستی یەکخستنی بزوتنەوە کرێکاریەکان و پەلە کردن لە ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەو شۆڕشی تۆتالیتاری. لەم کۆنگرەیە بڕیاری دامەزراندنی (کۆمنترن) درا کە رۆلی بەرچاوی هەبوو بۆ ئازراندنی (وروژاندن) [48] شۆڕشگێڕ و و شۆڕشی کۆمۆنیستی لە گەلێک وڵاتی ئەوروپی، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و هەنگاریا وئیتالیا لە 1919 _ 1920 بەڵام ئەم شۆڕشانە نەبوونە هۆی پتەو کردنی پەیوەندیەکانی نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و وڵاتە ئەوروپیەکان، بە پێچەوانەوە پەیوەندیەکانیان روەو خەراپی بردن، بەتایبەت لە بواری بازرگانی توند ووشک بوون.

مێژوو نوس تۆمسۆن ئەم دیاردەی بەم شێوەیە دەربڕی (هەموو پارتەکانی فرانسا بڕوای وایە دوو دوژمن هەڕەشە لە قەوارەی فرانسا دەکەن یەکیان لاسایی کەرەوەی نەتەوەییە ئەویش ئەڵمانیایە، ئەوی تریان نوێیە سۆشیالستی (کۆمۆنیست) یە کە یەکیەتی سۆڤیەتە سەردەمی حوکمڕانیی لینین بە دەسکەوتو ئەنجام دانی کاری مەزن دەناسرا لە پێناو پاککردنەوەی کێشەکانی ناوەخۆ ئەوانەی دژی شۆڕش ئاژاوەیان دەنایەوە. لەگەڵ گەڕان بەدوای سیاسەتێکی گونجاو بۆ سیاسەتەکانی دەرەوە ی یەکیەتی سۆڤیەت.

[47] نێودەوڵەتیی یەکەم بۆ یەک 1، بەهۆی ناویفاقی بۆج
چالاکیەکانیان وەستێنران، (نێ جەنگی یەکەمی جیهانی
[48] نێودەوڵەتیی سێیەم بە ناوی ی کۆمۆنیستی نێودەوڵە
یەکیەتی سۆڤیەت ئەرکەکانی وتنەوەیەکی کۆمۆنیستی

ترۆتسكی ستالین

بەم ردنی لینین لە 1924 و وەرگرتنی پۆستی سکرتێری پارتی کۆمۆنیست لە لایەن ستالینەوە خەڵکەکە سەرسام بوو چونکە چاوەڕوانی ئەوەدەکرا ترۆتسکی(هەڤاڵی لینین لە دامەزراندنی شۆڕش) ئەم پۆستە بگرێتە دەست.

لەت بوون لەسەر بنەمای کامەیان جێی لینین دەگرێتەوە دروست بوو، جێگرتنەوە لەسەر بنەمای کامە فەلسەفەو رێباز بۆ ئەم قۆناغە گونجاو ترە؟ نەک لەسەر بنەمای بەراورد پێکردنی کەسایەتیان.

1_ بەردەوام بوون لە بانگخوازی کۆمۆنیزمی جیهانی و جیهانی بونی شۆڕش.

2_ یەکەم جار کارکردن بۆ یەکیەتی سۆڤیەت، دواتر بۆ شۆڕشی جیهانی؟.

لەکۆتایی باڵی ستالین بەسەر کەوتن، دەستیان بە نەهێشتنی باڵی بەرهەڵستکار کرد، ترۆتسکی یان لە هەموو پلەو پایەیەک بێبەش کرد و بۆ دەرەوەی وڵاتیان دورخستەوە، دواتر ستالین دەستی بە پاکسازی لە ناو دام ودەزگا حکومی وحزبی دا کرد تا لە ساڵە کانی دواینی سیەکان خۆی بەتەنیا لە مەیدان مایەوە بێ رکابەر وبەرهەڵستکار تا مردنی. ستالین هەوڵەکانی لە پێناو توانا ئابووریەکانی یەکیەتی سۆڤیەت خستنەگەر وجەختی لەسەر کردنەوە، کێشەی کشتوکاڵی لە ئالۆزترین کێشەکان بوو، بەرهەم و داهاتی جوتیاران دابەزی بوو، لەکاتێکا بۆ هەندێک توێژ کارەکان بە ئەرێنی کاریان تێ کرابوو، تا ئەو کاتەی ستالینیش دەسەڵاتی گرتە دەست زەویەکان بەدەست جوتیارەکان بوون نەک هەرەوەزەکان.

هەندێک جوتیارکە بە (کۆلاک) ناسران توانیان بەرهەمە بە بەهاکانیان ویفاقەنەوەو یەکخەن، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ستالین لە 1929بریارێکی دەرکرد، هەموو زەویەکانی بۆ شێوازی (کێڵگە ی هەرەوەزی) لە ماوەی 3 ساڵ دا گۆرین، کۆلاکی تیابرد و کێڵگەی هەرەوەز هاتە مەیدان.

لە ڕاستیدا لە قۆناغی گۆڕان داهاتی جوتیاران خەراپ بوو، بەڵام جێبەجێ کردنی (پرۆژەی پێنج ساڵی)ی یەکەم، ئاستی داهاتی جوتیارو بەرهەم ی بەرەو باش برد دواتر بەرهەمەکان رۆژ بە دوای رۆژ روەو باشتر چون وباری جوتیاری روسی باشتربوو. دەستوری 1936لە گرنگترین دەسکەوتەکانی ستالین وباشترین دەستوری یەکیەتی سۆڤیەتیش دێتە ئەژمار، هەروەها بە درێژترین دەستوریش. هەرچەندە بە دریژە پێدەری دەستوری 1924 دێتە ئەژمار، بە پێی دەستوری 1936گرنگی بە سەربەخۆیی دووەمی

کۆمارەکانی ناو یەکیەتی سۆڤیەت درا بەتایبەتی ئەوانەی تایبەتمەندێتیی نەتەوایەتیان هەیە، هەروەها گرنگی دان بە یەکسانی لە نێوان کۆمارەکان، وگرنگیان بە سیستەمی قوچەکی دا لە نوێنەرایەتی، بەم شێوەیە ئەنجومەنەکان وەدەر کەوتن:

1_ یەکیەتی سۆڤیەتی:

لەسەر بنەمای قوچەکی دادەمەزرێت لە یەکە بچوکەکانەوە دەست پێدەکات کە یەکەی پارێزگاکان هەلدەبژێرن، ئەمانیش یەکەی هەرێمەکان هەلدەبژێرن، یەکەی هەرێمەکان یەکەی کۆمارەکان هەلدەبژێرن ئەوانیش ئەنجومەنی سۆڤیەتی یەکیەتی هەلدەبژێرن. ئیت ئەوان نوێنەرایەتی سەرجەم هاوولاتیانی یەکیەتی دەکەن.

2_ ئەنجومەنی نەتەوەکان:

لەم ئەنجومەنە کۆمارەکان و هەرێمەکانی ئۆتۆنۆمی نوێنەریان دەبێ بە رێژەی جیا لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوانیان، ئەمیش بە هاوشان لەگەڵ سۆڤیەتی یەکیەتی.

تاکە پەیوەستی بەستنەوەی هەموو دەزگا وئۆرگان و دەستە رێکخراوەیی و سیاسی ودەستوریەکان، پارتی کۆمۆنیستە، پارتی کۆمۆنیست هەروەکو لە دەستور ئاماژەی پێدراوە تاقە حزبی وڵات دەبێ، بیرۆی سیاسیی ئەم پارتە سیاسەتی دەرەوەو ناوەخۆ و جیهانی و گشتی و تایبەتیەکان دادەرێژێ هەر خۆشی بەرنامە بۆ حکومەت دەست نیشان دەکا، تێکەلی شە لەگەڵ دەسەڵاتی حکومەت.

دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی لە دوو دەستە پێک هاتوە:

1_ دەستەی باڵای سەرۆکایەتی سۆڤیەت:

ئەنجومەنی سۆڤیەتی یەکیەتی و ئەنجومەنی سۆڤیەتی نەتەوەکان بە یەکەوە ئەم دەستەیە هەلدەبژێرن. ئەم دەستەیە فەرماندەکانی سەربازی و نوێنەرە سیاسیەکانی وڵات دادەمەزرێنن هەروەها لە دەسەڵاتی ئەوانە باری نا ئاسایی وڵات رابگەیەنن، ئەنجومەنی پەرلەمان هەلوەشێننەوە، یا بڕیار لەسەر ئەنجام دانی هەڵبژاردن و ریفراندۆمەکانی گەلەری بدات.

2_ ئەنجومەنی کۆمیسێری گەل:

دەبێتە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنەکانی پەرلەمان دایان دەمەزرێنن ئەم ئەنجومەنە سەرۆکێک و هەشت بریکار و چەند وەزیرێکی دەبێ. دەقی دەستور لەسەر مافەکان دەلێ:

1_ مافی کارکردن.

2_ مافی فێر بوون.

3_ مافی بڕوا ئاینیەکان، هەر چەندە لە سەردەمی لینین و ستالین بەشێکی لێ پیادەنەکرا.

4_ مافی رادەربڕین، بەڵام رۆژنامەگەری مولک و ئاراستەی حکومەت بوو.

تەنها ئەوە نەبێ هەندێک رەخنە لە خۆگرتن هەبوون دەزگاو تاکە کەسیەکان پیادەیان دەکردن،بۆ چاوپێدا خشاندنەوەی ئەو کارانەی کە کراون نەک پێداچونەوەی پەیرەو.

5_ ئازادی تاکەکەسی، ئەویش بۆ هەمووان رەخسابوو، بەڵام هەندێک فشار هەبوون لەسەر بیرکردنەوە تایبەتیەکان کە هەندێک نوسەر و هونەرمەند بەدەستیانەوە دەیان ناڵاند.

6_ یەکسانی، ئەمە بە تەواوەتی پیادە دەکرا کەس مافی نایابی (ئیمتیازات) نەبوو تەنها لە بوواری بەرهەمهێنان نەبێ.

مافی مولکدارێتی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان هەلوەشێندرایەوە، لە شوێن ئەم مولکدارێتی سۆشیالستی دانرا، سەبارەت بە زەویە کشتوکاڵیەکان سیستەمێک دانرا بۆ دەسبەسەردا گرتنی:

1_ کۆلخۆز:

ئەم شێوازە بریتیە لە کۆمەڵێک جوتیار لە شێوەی دەستەیەکی هەرەوەزی کۆمەڵەیەک پێک دەهێنن یەک جۆرە بەرهەم دەچێنن کە حکومەت بۆیان دیاری دەکات، بەشێک لە بەرهەمەکە بۆ دەوڵەت دەنێردرێت ئەوی تر بەسەر کرێکارانی کۆلخۆز دابەش دەکرێت.

2_ سۆلخۆز:

دەوڵەت ئەم کۆمەڵە دەبات بەرێوە لە رێگەی کارپێکردنی بە کرێ، لێرە هەموو جۆرە بەرهەمێک دێتە چاندن لەگەڵ هەموو جۆرە کاری جوتیاری تا بەخێو کردنی مەرو ماڵاتیش. لە نەزەرسۆڤیەت، رودانی جەنگی یەکەمی جیهانی حاڵەتێکی سروشتی بوو، ئەم جەنگەلە ئەنجامی ململانێ و کێبەرکێی نێوان هێزە ئیمپریالیزمیەکان بوو. شۆرشی ئۆکتۆبەری روسیی توانیویەتی تەنها بەسەر ململانێی یەک لەسەرشەشی دونیا زاڵ بێ.

بەهۆی چاو برینەکانی ئیمپریالیزمی دەبووایە جەنگێکی جیهانیی مەزنتر روی دابا، چونکە هێزی ئیمپریالیزم خاوەنی چالاکی و توانای بەرچاوە بەبەردەوام لە ململان ێو کێبەرکێدایە لەگەڵ یەکتر لە پێناو دەست گرتن بەسەر وڵاتانی بێ دەسەڵات ولوشدانی خێرو بێریان، دیارە ئەم چاوبرسێتیە دەیان گەیەنێتە روبەروو بوونەوە لە پێناو خۆپەرستی و بەردەوام بوونیان لە دەست گرتن بەسەر تواناکانی گەلان، یا لە پێناو گەل زیاتر حەزیان لە چەوساندنەوەی گەلی ترە.

بۆیە وبە پشت بەستن بەم بنەمایانە سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت دوای سەرکەوتنی شۆرش لەسەر بنەمای رسواکردنی تێروانینی فراوانخوازیی نەتەوایەتی و ئیمپریالیزمی بنیاد نرا.

بۆ یەکیەتی سۆڤیەت دەرکەوت کە بۆ گەشە پێدان و بووژاندنەوەی بەرهەمە پیشەسازی و کشتوکاڵیەکانی پێویستی زۆری بە رۆژئاوا هەیە، لەم روانگەیەوە سیاسەتی دەرەوەی هەموار کردەوە کە دژایەتی هێلی سنوری دەکرد، هەوڵی بەستنی پەیمانێکی بازرگانیی لەگەڵ بریتانیا دا، لە 1921 ئەمە ئەنجام درا، بەڵام ئەم پەیماننامەیە نەیتوانی پەیوەندیە بازرگانیەکانی نێوان بریتانیاو یەکیەتی سۆڤیەت بەهێز کەن، ئەمە

سەرەڕای دروست بوونی حکومەتی کرێکاران لە بریتانیا بە سەرۆکایەتی (رەمزی ماکدۆنالد) و هەوڵی ئیمزاکردنی گرێبەستی بازرگانی لەگەڵ سۆڤیەت، بەهۆی ئەوەی ئەم گرێبەستانە هێشتا ئیمزا نەکرابوون، حکومەتی کرێکاران روخا.

پەیوەندیەکانی بریتانیا ویەکیەتی سۆڤیەت ئەنجامێکی بەرچاویان نەبوون بەڵام دەرگاکانی لە بەردەم سۆڤیەت و وڵاتە ئەوروپیەکان والا کردن بۆ دانوستان و گرێبەست ئەنجام دان، یەکیەتی سۆڤیەت بانگەوازیی ئەڵمانیای کرد بۆ ئامادە بوونی کۆنگرەی ئابووریی نێودەوڵەتیی مەزن لە جنوە 1922.

لە هەمان ساڵ یەکیەتی سۆڤیەت وئەڵمانیا پەیماننامەیەکیان ئیمزا کرد بە ناوی (رابللو) بەهای ئەم پەیماننامەیە ئەوەبوو:

1_ بۆیەکەم جار یەکیەتی سۆڤیەت لە لایەن وڵاتێکی ئەوروپیەوە دانی پێ دەنرێ، دواتر وڵاتەکانی تری مەزن وبچوک یەک لەدوای یەک دانیان پێنا.

2_ بەشێک لەو دیوارە ئابلوقەی دەوری سۆڤیەت درابوو، روخا.

3_ بەم پەیماننامەیە پەیوەندیەکانی نێوان (ئەڵمانیا و سۆڤیەت) توند وتۆلتر بوون، کە بووە مایەی نارەحەتی ومەترسیی وڵاتانی تری ئەوروپی لەم پەیوەندیانە، پرۆپاگەندە بڵاو بوونەوە،گوایە یەکیەتی سۆڤیەت بە چەک هاوکاری ئەڵمانیا دەکات ئەمە سەرەڕای ئەوەی دژی برگەکانی پەیماننامەی (ڤێرسای)ە.

4_ یەکیەتی سۆڤیەت لە قەرزەکانی سەر ئەڵمانیا خۆش بوو.

ئەگەر ئەم پەیماننامەیە بوواری پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتیی لە بەردەم یەکیەتی سۆڤیەت والاکردن، بەڵام پەیماننامەی لۆکارنۆ کە لە نێوان بەلژیک وفرانسا وئیتالیاو پۆلۆنیا وچیکو سلۆڤاکیا لە 1925 ئیمزا کرا ترسی لای یەکیەتی سۆڤیەت دروست کرد، لەوەی لە پشت ئەم هاوپەیمانە بەرنامەیەک هەبێ، کە ئەڵمانیا ئاراستەی رۆژهەلاتی یەکیەتی سۆڤیەت بکەن.

سۆڤیەت لە پەیماننامەی لۆکارنو وپرۆژەی(دۆس) بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەی قەرەبووەکانی ئەڵمانی، و سەپاندنی قەرزە بەخشندەیەکانی ئەمەریکا بەسەر ئەڵمانیا، لەم کارانە تەنها بەگژ دا چونەوەی یەکیەتی سۆڤیەتی دەبینی _ نەخشەیەکی سێقۆڵیی فەرەنسی بەریتانی و ئەمریکی، بۆ پاڵ پێوەنانی ئەڵمانیا و ژاپۆن دژی روسیا _ بەم شێوەیە ئەمەریکا سێ چۆلەکە بە یەک بەرد دەپێکێ:

1_ لێدانی سۆڤیەت و لەناو بردنی شۆڕش و دەستگرتن بەسەریدا.

2_ دروست بوونی ململانێ لە نێوان روسیا لە لایەک وهەریەک لە ژاپۆن و ئەڵمانیا لە لایەکی تر دەبێتە هۆی لاواز کردنی هەردو وڵات، بەم شێوەیە دەکەونە ژێر دلۆڤانیی سێ وڵاتەکەی بریتانیا وفرانساو ئەمەریکا.

سەرەڕای رۆلی گرنگی ئەڵمانیا وەکو وڵاتێکی مەزن، ڕوبەڕووی پیلان ونەخشەی زۆری بەریتانی وفرانسا بۆتەوە کە پێی بێزار بووە، ئەوکاتەی سۆڤیەت لە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەڵمانیا بە گومان ونارەحەت بوون ئەڵمانیا داوای بەستنی پەیماننامەیەکی لێ کرد لە 1926 ئەمە بۆ دڵنیا بوونی سۆڤیەت بوو، ئەمان جەختیان لە سەر پەیماننامەی رابلۆ کردەوە و هەردوکیان پەیمانیان بۆ یەکتر دا کە لە حاڵەتی رودانی جەنگ لەگەڵ لایەنی سێیەم، ئەویتر بێلایەن بووەستێ.

له ساڵه کانی داهاتو پەیوەندیەکانی سیڤیەت _ ئەلامنی وەکو ئەوەی بەرەو باشتر چوبن، تا ئەوکاتەی نازیزم سەری هەڵداو کاروباری نێودەوڵەتی روەو رەوتی تر ی خەتەرناک ئاڕاستە کران، یەکیەتی سۆڤیەت بڕوای وابوو کە رۆژئاوا ی ئیمپڕیالی _ بەتاییەت بریتانیا هانی نازیەکان دەدا بۆ هێرش بردنە .سەر نەمسا وچیکو سلۆڤاکیا وەکو رێخۆشک ردنێک بۆ لێدانی یەکیەتی سۆڤیەت لەلایەن ئەڵمانیاوە

بەشی پانزەهەم

بزوتنەوەی فاشیزم

رۆلی مۆسۆلینی

رژێمەکەی

فراوان بوونە دەرەکیەکانی

پەرە سەندنی بیری ئیتالی بەرەو فاشیزم

بە بڕوای میژونوسان، دوارۆژی ئیتالیا لە میانەی سەدەی نۆزدەهەم لە سێ ساڵی دوای پەیماننامەی ئاشتەوایی لە 1919 ئیتالیا نابێتە وڵاتێکی فاشیزم و دکتاتور و حوکمی دیموکراتی و پەرلەمانش بخاتە ئەولاوە.

بەهۆی کاریگەری شۆڕشی فرانسا بەسەر ئیتالیاوە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم لە ئیتالیا رەوتێکی بەهێزی بیری ئازادیی دیموکراتی لە جولە دابوو، بزوتنەوەی یەکبوون لەگەڵ بزوتنەوەی دەستوری بەیەکەوە نوسان، هەروەها شارل ئەلبێرت دەستورێکی بۆ بیدمۆنت دەرکرد، کاتێک ئیمپراتۆری نەمسا هەوڵی دا فیکتۆر عەمانۆئێل ی جێگیری ناچارکا دەست لە دەستور هەلگرێ، ئەم پێی لەسەر مانەوەی دەستورەکە داگرت، بە مانەوەی دەستور یەکیەتی ئیتالیای بە ژیانێکی پەرلەمانەوە بە ئەنجام گەیاند.

بەڵام گەلی ئیتالیا بە چاوێکی گومانەوە سەیری شێوازی هەنگاوەکانی حکومەتەکەیان دەکرد_ کە بەهۆیەوە یەکیەتی ئیتالیا بە ئەنجام گەیشت لەگەڵ شێوازی دەرچونی ئیتالیا لە هاوپەیمانی سێ قۆڵی و

وەرگرتنی هەڵوێستی لە تەک وڵاتانی (ویفاق) _ لێی بێ ئومێد بوون بە پیلانیان دەزانی، دەیان ووت دەبێ ئیتالیەکان ئەم پیلانانە قەبوول نەکەن. لە و ماوە درێژەی ژیانی پەرلەمانی وبەشداری ئیتالیا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی وێنەی سیاسەتمەدارانی ئتالیا لەلای گەلی ئیتالی ناپەسند بوو، بە چاوی پیلانگێری نێودەوڵەتی سەیریان دەکردن، وەکو ئەوەی ئەم دەوڵەت دژی ئەو دەوڵەت بەکار بێنن لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەتیان وخەرج کردن و بە فیرۆ دانی سامانی وڵات لە پێناو پۆست و پایەکانی پەرلەمانیی خۆیان و لە خزمەت پیلانە حزبیەکانیان خەرج دەکەن هەر وەها لە خزمەت کوتلەبازی کە تەنها خزمەت بە پارتەکەی دەکات نەک بە گەل.

یەکێک لە مێژوونوسان ئەوکات بەم شێوەیە ناساندنی: (خەڵک لە ئیتالیا رقیان لە پەرلەمانتار و فەرمانبەران دەبووەوە، ئەوەی ڕاست و دادپەروەربێ و ریز وخۆشەویستی خۆیان پاراست توێژی سوپا بوو ئەوان لە ژیانێکی دور لە رابواردن وخۆش گوزەراندا دەژیان ژیانی خۆیان بەخشی بووە خزمەت وڵات و تاجی پادشا بە دوای هیچ دەسکەوتێکی تایبەتی خۆیان دا نەدەچون).

ئەمە بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، بەڵام دوای ئەوەو لە کاتی شکستەکانی سوپای ئیتالی بەرامبەر بە سوپای نەمسا لە شەڕەکانی (کاپۆرێتۆ) کە ئیتالیەکانی زۆر ئازار دا، ودواتر سەرکەوتنەکانی ئیتالی بەسەر سوپاکانی نەمسایی لە شەڕەکانی (ڤیتۆریۆ ڤینیتۆ)، سەرباری سەرکەوتنیان ئەمە نەبووە هۆی فەرامۆش کردنی ئازاری بەزینەکانیان.

دواجار هاوپەیمانان بەتایبەت فرانسا، لەسەر کەمی خەرجیی ئیتالیا لە میانەی جەنگ گوفتاریان دا، دەسکەوتنی ئیتالیا بۆ تریستا و ئیستریا وترینتینۆ وئادیچ ی سەرو ئەمانە لەگەڵ بەخششەکانی ئیتالیا نایەنەوە کە هیچی لە پێناو جەنگ نەبەخشی ودەسکەوتی زۆریشی وەدەست هێنا.

لە کۆنگرەی ئاشتەوایی کاتێک ئیتالیا داوای موستەعمەری تری دەکرد بۆ ئەوەی بیان خاتە سەر موستەعمەرەکانی، فەرەنسیەکان گاڵتەیان پێی کرد بۆیە ئیتالیا وەکو ناڕەزایی لە کۆنگرەی ڤێرسای چوە دەر بێ ئەوەی هیچ لە ئامانجە فراوانخوازیەکانی بێتە دی، مۆسۆلینی بەم شێوەیە ئەمەی دەربڕی: (ئیتالیا لە خوانی ئیمپریالیزمی ونایاب ی بێ کەلک، دەرچو) ئەگەر بەراوردێک لە نێوان دەسکەوتەکانی ئیتالیا و فرانساو بریتانیا بکەین ئەوەی ئیتالیا لە سەر حسابی ئیمپراتوریەتی عوسمانی و ئیمپراتوریەتی ئەڵمانی وەدەست هێناوە زۆر لە هی ئەوانی تر پتر بوو. ئیتالیا چاوی بڕیبووە مولکەکانی ئەم دو ئیمپراتوریەتە.

ئیتالیەکان ئومێدیان بەوە خۆش بوو کە ئیتالیا لە جەنگ دەرکەوت نەک تەنها بەسەرکەوتویی بەڵکو بووە خاوەن شوێنێکی دیار لە ئەوروپا و زۆر لە پانتایی زەویی بەدەست هێنا هەروەها لە ئاستی داهاتی ئیتالیەکان بەرز بووەوە. بێ ئومێدیە کەیان لەوەبوو هاوپەیمانان چاویان بڕیبووە خاکی ئیتالیا، بەرامبەر بەو

قەیرانە ئابووریەی دوای جەنگ توشی ئیتالیا هاتبوو. ئیتالیا بەدەست کەمی خەلوز وئاسن و بەرزبوونەوەی نرخی کالاکانەوە دەیناڵاند، نمایش کردنی کەلو پەلەکان لە بازاڕ بەرێژەیەکی بەرچاو کەم بووەوە، زۆرترین زیان بە چینی کرێکار وخاوەن داهاتە کەمە کان کەوت سەرەڕای باری گرانی کە توشی هاتبوون ڕووبەڕووی ئاراستەکانی پڕۆپاگەندەی ریفۆرمی سۆشیالیستەکانیش دەبوونەوە.

سەلمێندرا کە حکومەتەکانی سیاسەتمەدارانی کۆن نەیان توانیوە بە پێی پێویست چارەسەری ئامانجە نیشتمانیەکان بکەن، بەڕاستی هەڵوێستی حکومەت لە کێشەو ڕوداوەکانی ناوەخۆی وڵات هەڵوێستێکی شەرمەزار و پڕ رسوا بوو، دەستی لە هەموو هەنگاوەکانی چارەسەری هەڵگرتبوو بواری بە فاشستەکان[49] دابوو تا گەشە بکەن و لەگەڵ سۆشیالیستەکان بکەونە مل یەکتر، بە دیدی حکومەت هەردوکیان یەکتر لەناو دەبەن بۆیە پێویست بەوە ناکات حکومەت بکەوێتە گیانیان ناوبژیوانیان لێ بکا، بەڵام بەڕاستی ئەمە هەڵوێستو بیرکردنەوەیەکی خەلفاوانە بوو. هێزە ناوەخۆییەکانی دژی حکومەت یاخی بوونیان گەڵێک زۆر بوون، ئاسایی بوو بەرامبەر بەلاوازبوونی حکومەت ئەم هێزانە هەم زیاد دەکەن هەم گەشە کەن، بەتایبەت لە نێو ریزی کریکاران کە هەواداری بیری سۆشیالیستی وئاڕاستە چەپڕەویەکان بوون، مان گرتنەکان پەرەیان سەند لە 1922،1920،1919، کارگەیشتە ئەوەی کریکارەکان کارگەکانیان داگیرکردن، کرێکارە کشتوکاڵی یەکانیش دەستیان بەسەر کێلگەو زەویەکاندا گرتن، پارتە سیاسیەکانیش لە توانایان دا نەبوو جۆرێک لە دەوڵەتێکی بەهێز دروستکەن یا هێزێکی بە توانا بتوانێ ئاستی سەرکردایەتیی نیشتمانی بکات. پارتە ڕاستڕەوە کلاسیکیەکان هەلوەشاوە بوون، هەروەها پارتە چەپڕەوەکانیش هەمان شێوە، تینی سەرۆکی ئەوسای ئیتالیا کە پارێزەرێکی دەست پاک بوو بەڵام ئەوە نەبوو ببێتە پیاوی دەوڵەت، هیچ نیشانەو تایبەتمەندێتیی سەرکردایەتی سیاسی وجەماوەریی تیا نەبوو.

بەڵام (جیۆلێتی) لە پیاوە کۆنە سیاسەتمەدارەکان بوو خاوەنی ئەزمونێکی باش بوو لەو پیاوانە بوو کە هەموو گەمە سیاسیەکان شارەزابوو ڕاهێنرابوو لەسەر هێنان و بردنە سیاسیەکانی نێوان هێزە بەرهەڵست کارەکانی ئەوسەردەم، بەچاوێکی چنۆک وقینەوە سەیری گەشە کردنی سۆشیالیستەکانی دەکرد هەروەها هەمان شێوە سەیری فاشستەکانی دەکرد، ئەوانەی لایەنگری مۆسۆلینی بوون.

مۆسۆلینی هەم سۆشیالیست و هەم نەتەوە پەرست بوو، بیری سۆشیالیستی هانی ئەوەی دەدا بەرگری دژی بانگخوازانی جەنگ بکا، بەڵام بینیی چۆن سۆشیالیستە ئەڵمانیەکان لەتەک حکومەتەکەیان وەستان لە کاتی جەنگ، وڵاتیان بە هەموو تواناکانیەوە بۆ جەنگ ئامادە کرد، سۆشیالیستە ئەڵمانیەکان دەستیان نەختە پێش حکومەتەکەی لە بەرامبەر بێلایەنی لە بەلژیک، دڵنیا بوو کە سۆشیالیستە ئەڵمانیەکان ئامانجە نەتەوایەتیەکانیان خستبوونە پێش ئامانجە سۆشیالیستیەکان، کە وابێ بۆچی ئەم وادەست بە ئامانجێکی

---

49 فاشی کۆمەڵێکن دژی سۆشیالیست وکۆمۆنیست، بەر لە جەنگ مۆسۆلینی پشتگیریی لێ کردن دواتر پەرەی پێ سەندن و کردنی بە پارتێکی بڵاو لە ئیتالیا.

جیهانیەوە بگرێ ودەست بەرداری نەتەوایەتیەکەی بێ، ئەی چارەنوسی سۆشیالیستی بەچی دەگا ئەگەر ئەم ئەو هەڵوێستەی وەرگرت ؟ دەستی بە فانتازیەوە گرت ؟ هاوکاریی حکومەتەکەی کرد ئەویش بە کاری فراوانخوازیەوە خەریک بوو ؟

بەرامبەر بەم هەڵوێستانە هەمووی مۆسۆلینی[50] ئاڕاستەو ڕێبازەکەی خۆی گۆری بە ئاراستەیەکی دابرد کە خزمەت بە بیری نەتەوایەتی بکات.

بانگخوازی بۆ بەشدار کردنی لە جەنگ کرد لەتەک هاوپەیمانان ئەم بەشداری کردنەی بە زەرور دایە قەلەم، بۆ ئەوەی دەسکەوتی زەمینی وەدەست بێنێ لەسەر حسابی نەمسا.

ئیتالیا بەشداریی لە جەنگ کرد هەندێک دەسکەوتیشی وەدەست هێنان کە ئیتالیەکان پێیان کەم بوون ئەوە نەبێ کە لە (فەیومی) بە رسوایی لێی دەرچوو.

کاتێک ئیتالیا داوای کەنارەکانی دەلماسیی کرد تەنها ئەوە داواکەی نەبوو بەڵکو داوای فەیومیشی کرد، بەڵام سەرۆکی ئەمریکی ئەم داوایەی رەت کردەوە بە ئەگەری ئەوەی ئەمە فراوانخوازیە ئیتالیا داوای دەکات، لەسەر ئەم خالە ڕێک نەکەوتن، یۆگۆسلافیا بە چاوێکی گومان و ناڕەزاییەوە سەیری داواکەی ئیتالیای دەکرد لە وەدەست هێنانی فەیومی چونکە فەیومی بۆ ئەوان بەهایەکی بازرگانی وستراتیجیی هەیە.

ئەمە سەرەڕای بوونی کەمە نەتەوایەتیەکی سلاڤی لە تەک زۆرینەی ئیتالی لە فەیومی و دەوروبەری، بەڵام هیچ لایەک نە ئیتالیا ونە یۆگسلافیا لە توانایان دا نیە چارەنوسی ئەم شارە دیاری بکەن چونکە لەژێر داگیرکاری فرانساو ئینگلیز دابوو تا ئەوکاتەی چارەنوسی دیار دەکرێ.

دانوستانەکان لە ئاستێکی نێودەوڵەتی دەستیان پێکرا بە چارەسەریەکی مام ناوەندیانە کۆتاییان هات، لە روالەتدا ئەم رێککەوتنە بۆ پێشکەوتنی ناوچەکەبوو، وڵاتەکان لەسەر ئەوە پێکهاتن کە فەیومی ببێتە شارێکی ئازاد وەکو (دانتزج) بەڵام رای گشتی ئیتالی دژی ئەم رایە وەستان، حکومەتی ئیتالیان بە شەرمەزار تاوانبار کرد. نوسەری ئیتالی (د.ئانۆنزیۆ) دەستی کرد بە ویفاقردنەوەی خۆبەخشکاران لە بووندوقیە بۆئەوەی بە ئەرکی ئەو کارە هەڵسێ کە حکومەت پێی نەکراوە بیکا ئەویش هێرش بردنەسەر فەیومی بوو تا بیخاتە ژێر حوکمی ئیتالیا، ئەم پیاوە بانگەوازەکەی بەهێز بوو بزوتنەوەکەی خەڵک چاویان لێ بوو لە بەرامبەر بە حکومەتە رسواکراوەکە خەڵک دڵیان بۆی کردەوەو جێی چاوان بوو، هەڵوێستی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندی ئەم دابوو، دبلۆماسیەتی فەرەنسی وبەریتانی دژی ویستەکانی ئیتالیا نەیانتوانی

---

[50] مۆسۆلینی لە 29 ی تەموزی 1883 لە بریابیۆ لە هەرێمی رۆماگنا لە دایک بووە ئەو هەرێمە بە شۆڕش ویاخی بوون بەناوبانگە، باوکی ئاسن گەر بوو،دایکی مامۆستا، خۆشی دەرسی دەوتەوە دواتر رقی لێبوو سەفەری سویسرای کرد لەوێ کاری کرد، بەهۆی ئەوە هامشۆی ئاژاوەچیەکانی دەکرد لەسەر کار لابراو زیاتر لە جارێک زیندانی کرا، دواتر سویسرای جێ هێشت وچوە پاریس لەوێش بە تۆمەتی بەرەلایی دەردەکرێ دواتر دەچێتە ریز سوپا، دواتر کاری رۆژنامەگەریی کردوە ودژی بەشداری کردنی ئیتالیا لەشەڕبووە کاتێک شەڕەکە دژی تورکیا دەبێ لە 1911، هانی کرێکارەکانی دەدا تا هێلی ئاسنین تێک دەن بۆ ئەوەی رێگە لە ناردنی سەربازەکان بگرێ تا نەگەنە بەرەکانی جەنگ، دواتر وەکو سەرنوسەر لە رۆژنامەیەکی سۆشیالستی کاری کردوە بەڵام دژی سۆشیالیستەکان وەستا کاتێک ناڕەزاییان دەربڕی لە بەشداری کردنی ئتالیا لە جەنگ ئەمداوای دەکرد ئیتالیا بەشدار بێ لە جەنگ، لە جەنگی یەکەمی جیهانیەوە ئەستێرەکانی دەدرەوشێنەوە.

بەرامبەر بە توانا کانی ئەم پاڵەوانە و هەڤالانی لە دۆستە چەکدارەکانی، هیچ بکەن بۆ ئەوەی فەیومی نەخرێتەوە سەر ئیتالیا. بۆیە بزوتنەوەی (دئانۆنزینۆ) توانیی دەست بە سەر فەیومی دابگرێ وفرانساو بریتانیاش رازی کا کە دەبێ فەیومی بخرێتەوە سەر ئیتالیا.

هێزی بەیاننامەکەی دئانۆنزینۆ سەلماندی کە هەڤالانی لە بزتنەوەکە دڵیان بۆ براکانیان لە فەیومی کراوەیە بەرامبەر بە هەڵوێستە شەرمەزاریانەکەی حکومەتیش ئەم بزوتنەوەیە، بەم شێوەیە حکومەت لە بەرامبەر بە گەل لاواز وبێ توانا هاتە بەرچاو بێتوانا لە ئاست بەرز کردنەوەی بەرپرسیارێتیی نەتەوایەتیی سەرشانی لە(1919). ئیتالیا درکی بەوە کرد کە ئیتر کاروباری فەیومی لەبەردەستی خۆیەتی سەرەڕای رازی نەبوونی ویلسنی سەرۆکی ئەمەریکا.

گابریل دئانۆنیزۆ

بۆیە ئیتالیا بڕیاری دا ڕاستەوخۆ دانوستان لەگەڵ ئەو وڵاتانە بکات کە پەیوەستن بەم پرسەوە، لەوانە یۆگسلافیا. ئەم دانوستانانە لە 1920بەرێ چون گەیشتنە ئەو رێککەوتنە کە فەیومی وەکو شارێکی ئازاد بمێنێتەوە.

سایسەتمەدارانی کۆن لە بەجێ گەیاندنی ئامانجەکان شکستیان هێنابوو، دواتر ئەمە بەرپرسیارێتی مۆسۆلینە ئامانجە ناوەخۆ ودەرەکیەکان بە جێبگەیەنێ، مۆسۆلینی دەستی بە دامەزراندنی پارتی (فاشستی) کرد دەستی کرد بە دروست کردنی دەستەی ئەندامانی دژی بیری سیاسیی کلاسیکیی کۆن، ئەوانەی ترسیان لە بیری کۆمۆنیستی وسۆشیالستی توندڕەو هەیە زیان بە ئیتالیا بگەیەنێ. لەم روانگەیەوە بزوتنەوەی فاشستی دژی بیری کۆمۆنیستی بوو زۆر بەتوندی، توندتر لە دژایەتیی بۆ رژێمی کلایسکیی

کۆن. کۆمۆنیزم ئامانجەکانی جیهانین، فاشیزم ئامانجەکانی ئیتالین خزمەتی نەتەوەی ئیتالیا دەکات دژی چینەکان نیە هاوکاری لە نێوان بوورجوازو کرێکارەکان ئامانجیەتی.
دوای وەستانی جەنگی یەکەمی جیهانی هەندێک لەو سەربازانەی لە سوپا وەدەر نرابوون و بێ ئیش بوون چونە ریز ئەم پارتە، پەرە سەندنی لستی لایەنگرانی ئەم پارتە لە زیاد بوون دابوو، تا وای لێهات لە هەموو شارەکان پەیوەستیەکی وا هەبوو لە توانایان دابوو ئاراستەی کارەکان وەرچەرخێنن دوای ئەوەی کە کەمینە بوون، بەهۆی لەیەک نزیک بوونی بۆچونەکانیان لە گەل بۆرجوازەکان ژمارەیەکی زۆری ئەم چینەی بۆخۆ راکێش کرد، بۆرجوازەکان لە گەشەکردنی کۆمۆنیزم دەترسان، لەهەمان کات پارتی فاشیست پێویستیی بەم بوورجوازانەو بەتایبەتیش گەنجەکانیان هەبوو، چونکە ئەوان بەدوای سەرکردایەتیی نیشتمانیدا دەگەڕان، دواتر ئەوان شێوازی پەرلەمانیی کۆنیان رەت کردبووەوە، ئەوان لە پارتی فاشستی بیری رێکخراوی لەسەر شێوازی ئیتالیایان دەبینی، ئەمەبوو هۆی چونەریزی زۆرێک لە مامۆستایانی زانکۆ و خوێندکارەکانی بۆ ریز پارتەکەی مۆسۆلینی.
مۆسۆلینی جەختی لە چنگ کەوتنی کرێکارەکانی دەکردەوە، چونکە بە چنگ کەوتنی چینی کرێکار بەرەی کۆمۆنیستی لاواز دەبێ ئەوان بە پشت بەستن بە چینی کرێکاران هەوڵی دەست گرتن بەسەر دەسەڵات دەدەن هەرکاتێک کرێکارەکان ریزی کۆمۆنیستەکان جێ بێلن ئەوان لاواز دەبن و فاشستیش بەهێز دەبێ.
لە سەرەتا زۆر لە کرێکارەکان نە چوبوونە ریز پارتی فاشست، بەڵام لە پایزی 1921 مۆسۆلینی هەوڵ و تەقەلای زۆری دا بۆ ئەوەی بەر لە سۆشیالیستەکان دەست بەسەر سەندیکاکانی کرێکاران دابگرێ.
مۆسۆلینی (سەندیکای فاشستی) دامەزراندن بۆ ئەوەی کرێکارەکان لە بازنەی سۆشیالیستەکان دەرچن، بەڵام لەم بووارە رەنجەکانی بەو رادەیە سود مەند نەبوون تا ئەوکاتەی دەسەڵاتی گرتە دەست.
لەتەک ئەم رێکخستنە حزبیە، مۆسۆلینی شێوازی پرۆپاگەندە و تۆقاندنی بەکار هێنا بۆ لەناو بردنی پارتە بەرهەڵستکارەکان.، پیاوە حزبیەکان چەکداربوون دەستیان لە کوشتنی بەرهەڵستکارەکان نەدە پاراست، بە تایبەتی سۆشیالیست وکۆمۆنیستەکان، هێرشیان دەبردە سەر نەیاران و مومتەلەکاتیان لێ خاپور دەکردن.
ئەم دەست درێژیانە یاسایی نەبوون لە پێناویدا چەندی کەسی خاوەن رای ئازاد وبیری نەتەوایەتی تیا چون، رۆژ لە داوی رۆژ ئەوە دەسەلمێنرا کە ئەم پیاوە هیچی پێ قەبوول نیە تەنها بە تاکرەوی دەسەڵات بگرێتە دەست، لەگەڵ ئەوەی ئەو حکومەتەی ئەوسا هەستی بە جولانە سەربازیەکان و پیلان و تالانکاری وپاتار کردنی سەرو ماڵی هاوڵاتیانی دەکرد کە دژی سۆشیالیستەکانی ئەنجام دەدا، لەگەڵ ئەمەش ئەم حکومەتە هیچ هەنگاوێکی وای نەدەنا تا سەرو ماڵی ئەم خەڵکە لە دەست ئەو پارتە بپارێزێ ئەمەش لەبەر ئەوە نەبوو کە ئەقلیەتی وەزیرەکان کۆن وکلاسیک بوون، نەخێر بەڵکو بۆ هۆکاری تر دەگەڕێتەوە کە ئەمانەن :

1_ حكومەتەکانی ئەوسای ئیتالیا دژی سۆشیالیستەکان بوون، کارە راوەدونانەکانی مۆسۆلینی وکوشتن و کاولکاریەکانی دژی سۆشیالیستەکان کارێک بوو لە جیات حکومەت ئەنجامی دەدا پێویست بەمەی نەدەکرد دەستیان بگرێ.

2_ رای گشتی ئیتالیا دژی بیری کۆمۆنیستی بوو.

3_ سۆشیالیستەکان خاوەنی فەرماندەیەکی وەکو مۆسۆلینی بەهێز نەبوون کە بە گوتارە ئاگرینە نەتەوایەتیەکانی سەرنجی جەماوەر ڕا بکێشێ.

دواتر دۆخەکان لە بەرژەوەندیی مۆسۆلینی دابوو تا دەست بگرێ بە دەسەڵات ئەوکاتەی کارەکان رون وئاشکرا دەبن، بەتایبەت دوای ئەوەی پارتی فاشستی دەبێتە بەهێزترن پارتی ئیتالیا ئەگەر خاوەنی زۆرینەش نەبێ.

مۆسۆلینی هەستی بەوە کرد بۆئەوەی ببێتە خاوەنی زۆرینەی رەها لە روی ژمارەوە پێویستیی بە کاتێکی زۆرە، ئەمە دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت پارتی فاشی بەسەرەوەی بزوتنەوەی سۆشیالیستە، بۆیە دەستی بە داڕشتن وجێبەجێ کردنی نەخشە پلانێک کرد بۆ گەیشتن بە فەرمانڕەوایی.

داوای کرد کە حکومەت دەبێ بە دابەش کردنی پۆستە و زاریەکاندا بچێتەوە لەسەر بنەمای هێز دابەشیان کا، بەم کارە پارتی فاشستی پێنج پۆستی وەزاریی بەردەکەوێ، بۆیە حکومەت ئەم داوایەی رەت کردەوە، لێرە هەنگاوی دووەم دەست پێ دەکا ئەویش تەنگەتاو کردنی حکومەتە، بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر رۆما.

هێرش بردنە سەر رۆما خاڵێکی وەرچەرخانی مەزنە لە مێژووی ئیتالیا ومێژووی مۆسۆلینی وپارتە فاشیستەکەی بەتایبەت، داوای لە ئەندامانی پارتەکەی کرد لە کاتژمێری دیاری کراو لە دەوروبەری رۆما کۆ ببنەوە، ئەم برایارە بڕیارێکی یەکلا کەرەوەی نێوان وەزارەتە کلاسیکیەکەی (فاکتا) و بزوتنەوە فاشیەکەی مۆسۆلینیە.

فاکتای لاواز، هەستی بەوە کرد کارەکانی لەدەست دەرچون بەرامبەر بە دەرچونی پارتێک لە بنەماکانی حکومەت و هێرش بردنە سەر پایتەخت بەنیازی روخانی حکومەت بە رێگەی هێز، وەکو بەرپرسیارێتیی نیشتمانی دەبێ کارێک و ئامادە باشیەک بکا.

مەبەستی بوو بە هێز رێگە لە فاشیەکان بگرێ بۆئەوەی لە دەوروبەری رۆما کۆنەبنەوە، داوای لە پادشا کرد (حوکمی عورفی) رابگەیەنێ، لەترسی ئەوەی وڵات نەکەوێتە جەنگێکی ناوخۆ ئەم داوایەی فاکتای جێبەجێ نەکرد، تا بە چارەسەریەکی مام ناوەندی کێشەکە چارەسەر بکات.

لە 28ی ئۆکتۆبەر وەزارەتەکەی دەستیان لە کار کێشایەوە، پادشا داوای لە (ساڵاندرا) کرد وەزارەت پێک بێنێ و لە حکومەتەکەی هەندێک وەزیری فاشی هەبن. بەڵام نیشاندانی ئەم هەڵوێستە لاوازەی حکومەتە کۆنەکەو پادشا، مۆسۆلینیی توشی لە خۆبایی بوون کرد، بۆیە هەنگاوی دواتری راگەیاند کە بریتی بوو لە.

خۆی بەتەنیا بووە سەرۆکی حکومەت، لەم داواکاریە نوێیەی پێی داگرت، پادشا ناچاردەبێ بە داخوازیەکانی مۆسۆلینی رازی دەبێ کە مۆسۆلینی ببێتە سەرۆک وەزیران لە نۆڤەمبەری 1922 پۆستی سەرۆک وەزیران بە مۆسۆلینی دەسپێردرێت. هەندێک تایبەتمەندی هەبوون، هۆکاری گرتنەدەستی پۆستەکانی وەزاری وپایە بەرزەکانی فاشست بەتەنیای مۆسۆلینی بگرێتە دەست. ئەوانیش بریتی بوون لە:

1_ جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دژی رژێمی پادشا نیە، کەوایە پادشا لە شوێن خۆی دەمێنێتەوە، هەرچەندە توانیی هەموو دەسەڵاتەکانی کە لە داهاتو دژی فاشستی بەکار دەهێنا لێی سەندبوونەوە، کەسانێکی زۆریش هەبوون کە لایەنگرانی پادشا بوون مۆسۆلینی خۆی لێ دەپاراستن لە دەست لێوەشاندن چونکە پێویستی پێ نەبوو.

2_ مۆسۆلینی پێویستی بە متمانەی سوپا هەبوو بۆیە وەزارەتی بەرگریی بە جەنەرال (دیاز) سپارد،پاڵەوانی(ڤیتۆریۆ فینیتۆ).

3_ ئەو کات هێشتا پارتی فاشستی لە توانایدا نەبوو بەناوی زۆرینە بدوێ، مۆسۆلینی پێویستیی بە کات هەبوو تا بتوانێ هەموو دەسەڵاتەکان بخاتە ژێر دەستی خۆی و لە توانایدابێ رێورەسمی فەرمی دەربکا تاخۆی وپارتەکەی بەسەر کارەکاندا بسەپێنێ. گرنگترین هەنگاو لەم پێناوە دەرکردنی یاسای ئەشیربۆ بوو لە 1923.

ئیتالیا وڵاتێکی فرە پارت بوو، هیچ لە پارتەکان لە توانایاندا نەبوو بەناوی زۆرینە بدوێن. بەڵام مۆسۆلینی توانیی لە رێگەی یاسای ئشیربۆ لە 1923 یاسایەک دەربکا ئەم شوێنە بۆخۆی مسۆگەر بکا یاساکە دەڵێ زۆرترین دەنگی پارتەکان لە هەڵبژاردن دوو لەسەر سێی کورسیەکانی پەرلەمان دەباتەوە، بەم شێوەیە دەبێتە زۆرینەو کار وبریارەکان هەموویان دەکەونە دەست ئەو پارتە، مۆسۆلینی دوای ئەوەی دڵنیابوو دەنگەکانی لە سەرەوەی سۆشیالیستەکانە ئەم یاسایەی دەرکرد بەم رێگەیە زۆرینەی پەرلەمانی بردەوە.

مۆسۆلینی بووە خاوەنی زۆرینەی پەرلەمان، وردە وردە دەسەڵاتی فراوانتر بوو، لە توانایدا بوو پرۆژەکانی ناوەوە ودەرەوەی جێبەجێ بکا، لە کۆتایی روی لە بنیاد نانی دەوڵەتی ئیتالیای نوێ کرد.

وێنەی ئەو دەوڵەتە چۆنە کە مۆسۆلینی مەبەستیەتی دروستی بکا ؟

دەوڵەت دەبێ لەژێر فەرمانێکی بەهێزی کارابێ، حوکمی پەرلەمانی، وڵات و حکومەت و گەلی گەندەل کردوە، ئەمە بەهۆی ئەو سیاسەت مەدارە شارەزایانە لە بوواری گەمەی سیاسی و پەرلەمی وبادانەوەکانیان لە پێناو بەرژەوەندیەکانی تایبەتی وپشتگوێ خستنی بەرژەوەندیەکانی نیشتمان رویان داوە.

ناپۆلیۆن ئەم حاڵەتەی بەم شێوەیە شیکردەوە، کاتێک دەڵێ:

((ئەو ئازادیەی سەرکردە پەرلەمانتارەکان بەشکۆداریەکەی دەنازن، هیچ نیە تەنها (لاشەی ئازادیەکی بۆگەنە)، ئازادیە تاکەکەسیەکان دەبێ بخرێنە ژێر چاودێری و لە خزمەت دەوڵەت بەگشتی دابن، دەبێ تاک

لە ناو دەوڵەت بتوێتەوە، بە هەموو تاواناکانیەوە لە پێناوی گیانی ببەخشێ، لەسەر ئەم بنەمایە مۆسۆلینی سیستەمی نوێ حوکمی دانا)).

خۆی سەرۆکە (دۆتچێ)[51] ..و. [52]خاوەنی دەسەڵاتی باڵایە لە وڵات وەکو سەرۆک حکومەت و هەموو دەسەڵاتەکانی بەدەستە، خۆی وەزیر دادەمەزرێنی و خۆشی لایان دەبا، فەرماندەی سوپایە، پادشا هیچ دەسەڵاتێکی نیە تەنها ئیمزا کردنی رێورەسمەکان وبڕیارەکان نەبێ.

لە ڕاستیدا ئیتالیا لە ژێر حوکمی پادشایەتی مابوو وەکو روالەتێکی تیوری لەسەر بنەمای ئەو دەستورەی لە ساڵی 1848 لە سەردەمی شارل ئەلبێرت دەرکرا، بەڵام وەکو روالەت وا نەبوو لە سەردەمی مۆسۆلینی کەس بۆی نەبوو دەست بخاتە پێش کارەکانی مۆسۆلینی هەر خۆی بوو کەسیتر نا. روکەشی پەرلەمانیی حوکم وەکو خۆی مایەوە، مۆسۆلینی هەندێک گۆڕانی خستنە ناو ئەنجومەنەکانی پیران ونوێنەران کە بەهۆیەوە هەموو کارەکان لە ژێر ئاڕاستەو فەرمانەکانی ئەو بن، ئەنجومەنەکان هیچ دەسەڵاتی ئەوەیان بۆ نەمایەوە تا سیاسەتی وڵات بەرەو ئاراستەیەک بەرن یا لێپێچانەوە لەگەڵ یەکێک بکەن گەر مۆسۆلینی رازی نەبێ.

ئەنجومەنی پیران بە دامەزراندن بوو نەک هەڵبژاردن، کەس بۆی نەبوو کورسیەک لەم ئەنجومەنە وەدەست بێنێ ئەگەر دۆتچێ(مۆسۆلینی) رازی نەبووایە.

ئەنجومەنی نوێنەرانیش لەرێگەی سەپاندنی لستێکی پارتی فاشستی بەسەر دەنگدەران هەموو ئەوانە دەردەچون کە پارتی فاشستی دەست نیشانی کردبوون.

بەم سیستەمە مۆسۆلینی ئەوەی مسۆگەر کرد کە هەموو ئەوانەی لەم دوو ئەنجومەنە ئەندامن بەرهەڵستکاری سیاسەتەکەی نین، مایەوە دەست بەسەر دەسەڵاتەکانی یاسا داناندا بگرێ، دەسەڵاتی بە حکومەت دا کە لە کاتی پێویست بۆی هەبێ یاسا وبڕیاری پێویست دەربکا. بۆیە حکومەت دەتوانێ بە دەرکردنی هەر بڕیارو یاسیەک پاساوی خۆی هەبن زۆر بەئاسانی، سەرباری ئەم و ئەو حکومەت لە پەرلەمان دابرابوو، پەرلەمان بۆی نەبوو حکومەت بروخێنێ یا متمانەی لێ بسەنێتەوە یا بەرپرسیاری کا، بەم شێوەیە پەرلەمانیش متمانەو دەسەڵاتەکانی خۆی لەدەست دابوون.

دوای ئەمانە مۆسۆلینی ویستی هەمووارێکی بنەڕەتی لە یاسای نوێنەرایەتی گەل بکا، هەڵبژاردنەکانی کردنە سەر بنەمای ئابووری، سەندیکاکان کۆدەبوونەوەو نوێنەریان دەست نیشان دەکردن ئەم سەندیکانە دەبوونە هێزی ڕاستەقینەی وڵات و نوێنەری گەلی لەناوی دەچوەدەر.

---

[51] یا مۆسۆلینی.

[52] ئەو دۆخانەی بوونە هۆکار هەموو کارەکان بکەونە دەست مۆسۆلینی، تاوانبار کردنی بە کوشتنی روداوی نوێنەری سۆشیالیست ماتینۆ یەکێک لە سەرکردە بەرهەڵستکارەکان لە رۆما زۆر لە رۆژنامە وسیاسەتمەداران داوایان کرد مۆسۆلینی دەست لەکار بکێشێتەوەو بێگوناهی خۆی لەم کارە بسەلمێنی، بەڵام مۆسۆلینی گوێی بەم داوایانە نەدان، رایگەیاند کە نەدەست لە اکر دەکێشێتەوەو نە داوای بووردنیش دەکات چارەسەریش بۆ ئەم کێشەیە تەنها هێزە، هەموو رکابەرەکانی خۆی لەناو بردن.

دواتر گەلی لە کێشە و بەگژیەکداچونەوەی چینەکانی دور دەکردەوە،
لە 1930دامەزراندنی (ئەنجومەنی نیشتمانی)ی راگەیاند کە لە نوێنەری سەندیکاکان هەلبژێردرابوو، لە هەمان کات نوێنەری بوورجوازیەکان و روناکبیرانی پشت گوێ نەخستبوو.
ئامرازی بە هێز لەبەر دەستی مۆسۆلینی دابوون کە لە توانای دابوو بەسەر هەموو دەزگا حکومی ونا حکومیەکاندا زاڵ بێ، ئەویش پارتی فاشستی بوو، ئەوەندەی نەبرد کە بووە تاکە پارتی وڵات کە دەبێ هەموو هێزە نیشتمانیەکانی وڵات بگرێتە خۆ لە پێناو یەک بوونی گەل لە کارە بەرهەم هێنانیەکانیان بێ ئەوەی پارتە بەرهەڵستکارەکان بتوانن توشی سەریەشەو نارەحەتیان کەن.
لە پێناو پتەو کردن و جێبەجێ کردنی سیاسەتەکەی دەبێ هەموو پارت و دەزگا رکەبەرەکان لە کارکردن قەدەغە بکا گوایە دەوڵەت خۆی کار بۆ بەرهەم هێنان دەکا، تەنها دەوڵەت بۆی هەیە پەرە بە بەرهەم بدا، ڕاستیەکەی خۆی جێی ئیمپراتۆری رۆمانیی گرتەوە. دەستی بەسەر رۆژنامە و رۆژنامەگەری دا گرت هەموو بڵاو کراوەکان دەبووایە لە خزمەت فاشستدا بوونایە تەنانەت جارێکیان رۆژنامەیەکی فاشستی نوسیبووی، ئەرکی رۆژنامە تەنها بۆ پڕۆپاگەندە کردنە لە بەرژەوەندی فاشست. دواتر هەوڵی رزگار کردنی ئیتالیای دا لەدەست سیستەمی فەرمانگەی هەڵبژاردنی کۆن. سیستەمەکە ئیتالیای دابەش چەند هەرێمێک دەکرد هەر هەرێمەو یەک نوێنەر هەلدەبژێرن لەوانەی کە لە رۆژانی سەخت خزمەتیان بە ئیتالیا گەیاندوە. دیدی مۆسۆلینی بۆ باشترین سیستەمی حوکم بەم شێوەیە بوو:
1_ تاکە سەرکردەیەکی دەست کراوەی حوکمی رەهای هەموو دەسەڵاتەکانی بەدەست بن. بۆیە ئەم خۆی خاوەنی هەشت وەزارەت بوو لە ئەنجومەنی وەزیرانی کە لە 18 وەزارەت پێکهاتبوو، سەرۆکی تاکە پارتی وڵات بوو (پارتی فاشستی) ئاراستەی ڕاستەقینەی (ئەنجومەنی باڵای پارتی فاسستی بوو) کە بەرزترین و بەهێزترین پارتی وڵات بوو دوای هەرەس هێنانی پەرلەمان، هەر خۆشی فەرماندەی گشتی سوپا بوو.
2_ رێکخستنی گەنجی کور وکچ لە کۆمەڵەی گەنجانی نیمچە سەربازگەیی تیایدا وانەی بڕوابوون بە رۆلی شارستانی ئیتالیا و دلسۆزیان بۆ سەرۆک مۆسۆلینی بخوێندرێ.
3_ ئاڕاستە کردنی کاری ئابووری لە خزمەت نیشتمانپەروەری و جەخت کردن لەسەر تواندنەوەی تاک لە ناو کۆمەڵ و چاڵاککردنی لە پێنا وبەرزکردنی ئاستی ئیتالیا لە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.
لە بوواری دەرەوە، مۆسۆلینی لەو کەسە چاڵاکانە بوو کە دەسەڵاتی ناوەخۆی مکوم وپتەو کردن، ئەمە بوونە مایەی ئومێدەکانی ئیتالیا لەم بووارانە بە دەرەوە پابەند بن:
1_ پەیوەدنیەکانی حوکمەتی فاشیزم بە لایەنگرانی پاپاوە.
2_ چاڵاکیە فراوانخوازی و ئیمپریالیزمیەکەی.

1_ پەیوەندیی فاشیزم بە لایەنگران پاپاوە

پاپاخوازەکان لە 1870لەوکاتەی فیکتۆر عەمانۆئیل هاتە رۆما لەگە ل حکومەتی ئیتالیا لە پەیوەندیەکی نا ئاسایی دابوون. ئەم پەیوەندیە خەراپە ی نێوان هەردوو لایەن خالێکی لاواز بوو لە بزوتنەوەی ژیانەوەی ئیتالی. لە ڕاستیدا ئیتالیا بە گرتنەخۆی خاکەکانی پاپاخوازەکان یەکیەتیی ئیتالیای بە ئامانج گەیاند، دواتر لە 1870 رۆمای خستەوە سەر ئیتالیا لۆرد (ئەکتۆن) ڕاستگۆبوو کاتێک ووتی(کافور پێکانی خستنەسەر شوێنێک کە، پیرۆزترە لە تیجانی پادشاکان). جێی ئاماژەیە ئەوەی کافور وڤیکتۆر عەمانۆئیل وسیاسەتمەداران وسەرکردەکانی بزوتنەوەی ژیانەوەی ئیتالیا و یەکیەتی ئیتالیا لە بەرامبەر بە پایەی پاپا پێی هەڵسان، خەراپتر نەبوو لەوەی ئینگلیز وفەرەنسیەکان بەرامبەری کردیان، ئەمە لە کاتێکا ئیتالیەکان ڕوبەڕووی هەوڵێستێکی ئالۆز ببوونەوە ئەویش بەگژ یەکدا چونی بیری یەکیەتی ئیتالیا بە بیری مافی دێرینی بۆ پاپا.

بە هەر حاڵ ڤیکتۆر عەمانۆئیل دەستی لە پایەی پاپا نەدا تەنها دەسەڵاتەکانی ئاینیی لێ نەسەندەوە بەڵکو دەسەڵاتە دونیایەکانیشی لێ سەندەوە، تانها پادشایەتی فاتیکانی بۆ هێشتەوە، چونکە ئاراستەکانی جیهانی بڕوایان وابوو کە کەسی پاپا پیاوێکی پیرۆزە، کورسیەکەشی مافی پاراستنی هەیە، پاپاش مافی بەستنی پەیوەندیی لەگەڵ دەرەوە هەیە لە ڕێگەی ناردنی نوێنەری سیاسی، ئەمەش لە چوار چیوەی یاساکانی ئیتالیا دەکرێن نەک یاساکانی نێودەوڵەتی، ئەم پایە بەرزە جیهانیەو ئەم پەیوەندیە سەپێندراوەی لەگەڵ ئیتالیا،پاپاخوازەکانی خستبووە هەڵوێستێکی لەروداماو بەرامبەر بە حکومەتی ئیتالیا. هەروەها حکومەتی ئیتالیاش لە بەرامبەر بە پاپا لەروداما، چونکە وەکو دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا بوو،، بەتایبەتی کە لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانی پایەی پاپا ئاستی بەرزبووەوە، ئەمە دوای ئەوەی فرانسا وبریتانیا نوێنەری دبلۆماسیان لەگەڵ پاپا ئالوگۆر پێکرد ئەم پایە نێودەوڵەتیە زیاتر گەشەی کرد، لێرە مۆسۆلینی پێویستی بە لەیەک تێگەیشتن هەبوو لەگەڵ پاپا بۆ رێککەوتن لەسەر چۆنیەتی پەیوەندیەکان، ئەمانە بوونە هۆکاری ڕوپۆشکردن بۆ بەستنی ڕێککەوتنێک کە ناوی نرا ڕێککەوتنی (لاتران لە 11ی شوباتیت 1929.

ئەم ڕێککەوتنە بریتی بوو لە پەیماننامەو گرێبەست، تیایدا ئیتالیا دان بە فاتیکان دەنێ وەکو دەوڵەت، کە خاوەنی دەروازەیەکە لەسەر دەریا و خاوەنی کۆشکی فاتیکانە بە هاوپێچەکانیەوە، هەروەها پاپا خاوەنی سەروەریە کەسایەتیەکی نێودەوڵەتیە وکەنیسەش مافی ئەوەی هەیە پێچانەوە لەسەر ئەو کێشانەی پەیوەندیان بە کەنیسەوە هەیە بکا بێ نارازی بوونی حکومەت، مادام مەترسی لەسەر حکومەتی ئیتالیا دروست ناکات. هەروەها حکومەت دوپاتی کردەوە کە دامەزراندنی قەشەکان بەدەست پاپا دەبێ بێ دەستێوەردان لەلایەن حکومەتەوە، تەنها ئەگەر هۆکاری سیاسیی بەهێز هەبوون کە زیان بە حکومەت بگەیەنن ئەوسا حکومەت دەتوانێ لاریی هەبێ، ئەمەو حکومەت بڕیاری دا ریز لە خوێندنی ئاینی بنێ و لە خوێندنگاکان بخوێندری.

مۆسۆلینی لە بەستنی پەیماننامەو گرێبەستەکان لەگەڵ پاپا سەرکەوتنی باشی وەدەست هێنا، تا مێژوونوسێکی ئینگلیزی ووتبووی :

(پاپا روناکیی بە حکومەتی فاشستی دا رەونەقێک، کەس تائێستا نەیتوانیوە ئەم درەوشانە ی پێ بدا، هەر ئەمەشە دەبێتە مایەی مانەوەی حکومەتی فاشستی لەسەر حوکم، گومان لەوەدانیە مانەوەی دکتاتۆر مۆسۆلینی ماوەی 21لەسەر حوکم لایەنی هەرە زۆری چاکەکە بۆ پشگیریەکانی پاپاڵە مۆسۆلینی دەگەرێنەوە) مۆسۆلینیش لەم بارەیەوە ووتبووی: (مرۆڤ دەتوانێ لە کاتێکا ئیتالیەکی چاک بیت(مەبەستی فاشستی)، لەهەمان کاتدا کاسۆلیکێکی چاکیش بیت).

2_ چاڵاکی فاشستیی فراوانخوازی و ئیمپریالیزمی

هەر لەسەرەتاوە چالکیەکانی مۆسۆلینی بۆ ئەوە بوون تا ئیتالیا ببێتە یەکەم وڵات لە گۆمی دەریای سپێی ناوەڕاست. ئەگەر سەیرکی ئەو هێزانە بکەین کە دەروانننە سەر دەریای سپیی ناوەڕاست دەتوانین شوێنی ئیتالیا و مەترسی و ئامانجەکانی مۆسۆلینی دیاری بکەین، ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ کە:

1_ کۆماری تورکیا دەیەوێ لە ئاسەواری شکستەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی رزگاری بێ. بەڵام تا ئێستا لەهەنگاوە سەرەتاییەکانە، ناتوانێ رۆلێکی ئەرێنی لە ئاڕاستەکردنی تواناکان روەو گۆمی دەریای سپیی ناوەڕاست ببینێ.

2_ نوێنەرایەتیی (انتداب) فرانسا لە سوریا ولوبنان وهی ئینگلیز لە فەلەستین رۆل و کاریگەریی وڵاتە عەرەبیەکانی لەسەر گۆمی دەریای سپیی ناوەڕاست پوچەڵ کردوە، ئەوەی رۆل دەبینێ فرانسایە کە دەستێکی لەناو جەزائیر وتونس ومەراکش ولوبنان وسوریایە لە توانای دایە رۆلێکی مەترسیناک بگێرێ لە رۆلی بەریتایا کەمتر نیە کە لە فەلەستین و میسر ومالْتا وچیای تاریق و قوبرس دەگێرێ.

3_ یۆنان لە 1922 بەرامبەر بە تورکیا بە دۆڕاوی لێی دەرچوو ئەوکاتەی هێزەکانی تورکی سوپاکانی یۆنانیان لە ئەنازۆل وەدەر نا دوای ئەوە یۆنان هیچ رۆلی نەما نە سیاسی نە سەربازی بەهۆی ئەوەی لە بەرامبەر لەشکرێک خۆی نەگرت کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی بە بەزیوی وەدەر نرابوو ئەویش تورکیابوو.

4_ ئیسپانیا بەسەر خۆیدا دابەش ببوو، ڕوبەڕووی قەیرانی ناوەخۆ ببووەوە لە توانایدا نەبوو هیچ رۆلێکی سەرەکی لە گۆمی دەریای ناوەڕاست بگێرێ.

5_ بەڵام ئیتالیا تێروانینی مەزنی هەبوون، هەروابوو لە دەریای ناوەڕاست دورگەی داگیر کردبوو (دورگەی دودەکانیز) و رۆدس، لیبیا بەوە بریتانیا تاوانبار دەکا و پێی دەلێ ئێوە (ئینگلیز) داگیر کەرن گۆمی دەریای ناوەڕاست دەبێ خەڵکی خۆی بیگێڕێ، لەڕاستی لە ئاست ئەم تیۆرە فرانسا لە ئاست ئیتالیادایە، بەڵام فەرەنسیەکان رازی نین ئەوان وئیتالیەکان لە یەک ئاست دا بن چونکە ئەوان ماوەی چوار

سەدە لە مێژووی ئەوروپا لە پێناو ئەم گۆمە جەنگ ودپلۆماسیەتیان کردوە، فرانسا رۆلی سەرەکی لە ئاراستەکردنی تواناکانی گۆمی دەریای ناوەڕاست دەگێرێ بەتایبەت لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم.

مۆسۆلینی بەلگەو پاساوی مێژوویی هەبوون کە ئەم بۆچونانەی فەرەنسیەکان پوچەڵکاتەوە و بەهەندیان وەرنەگرێ، ئیتالیا دڵە زیندوەکەی ئیمپراتوریەتی رۆمانیا بوو، هەموو گۆمی دەریای سپیی ناوەڕاست هەر لەوپەڕی رۆژهەلاتەوە تا ئەوپەری رۆژئاوا لە ژێر دەسەڵاتی دابوو. لە گوتارێکیدا مۆسۆلینی لە 14 ئۆکتۆبەری 1922 دەلێ:

(ئەگەر ئیتالیەکانمان وەکو تاکە هێز بەرەو ئەرکە جیهانیەکان بردو دەریای ناوەڕاست وەکو دەریاچەی خۆمان لێهات، پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەسەر ئەو دەریایە دەژین هەبووو ئەوەی وەکو مشەخۆر لەوێ دەژیێ دەرمانکرد. ئەگەر ئێمە ئەو کارە قورسە بکەین... بەڕاستی ئەوسا سەردەمێکی مەزن لە مێژووی ئیتالیا دەست پێدەکەین.) سیاسەتی کردنی دەریای ناوەڕاست بە دەریاچەی ئیتالیا (واتە دەریاچەی خۆیان) ئەوە سیاسەتی مۆسۆلینی یە کە ئاگری لە هەستی ئیتالیەکان بەردابوو. ئاسایی بوو هەریەک لە فرانساو بریتانیا هەر جولانەوەیەکی سیاسی وسەربازیی ئیتالیا بەهەند وەرگرن، بۆ هیچ نا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە نایاسیەکانیان لەو ناوچەیە. بەڵام ئیتالیا بە هێزەوە هەوڵی ئەوەی دەدا هەندێک لە وڵاتە ئەوروپیەکان لەم دەسکەوتانە بەشدار بن، لێرە دانو ستان لە نێوان ئیتالیاو وڵاتە پەیوەندی دارەکان سەبارەت بەم بابەتانە دەستیان پێکردن:

1_ ئیتالیاو گرتنەخۆی فەیومی.

2_ ئیتالیاو کێشەی ئەلبانیا.

3_ بەشداری کردنی ئیتالیا لە بەڕێوەبردن تەنجە.

4_ ڕاستکردنەوەی سنورلە نێوان لیبیا ومیسر (بەریتانی)

5_ ڕاستکردنەی سنور لە نێوان لیبیا وتونس (فرانسا).

6_ بەهێز کردنی پێگەی ئیتالیا لە تونس.

7_ داگیرکردنی حەبەشە.

1_ گرتنەخۆی فەیومی

کەمتەرخەمی حکومەتی جیۆلتی لە پشتگیری وپاڵپشتی کردنی هەولەکانی شاعیری ئیتالی (دانۆنزیۆ) لە فەیومی، بەڵکو دەرکردنی لە جیات پشتگیری لێ کردن،ماکێکی رەش بوو بە مێژووی حکومەتەکانی بەر لە مۆسۆلینی یەوە، دیسان خالی لاوازی مۆسۆلینی بوو لە بەکارهێنانی، هەرکە بەرپرسێتیی گرتە ئەستۆ دەبووایە ئەم حەزەی جەماوەر بە ئامانج بگا، مۆسۆلینی دڵنیابوو لەوەی هێزی دەریایی و زەمینی کافین بۆ

ئەوەی دیفاکتۆیەک بەسەر رەوشی دوژمنانی دا بسەپێنێ، دواتر ئەو کێشانەی لە بیستەکان ڕوبەڕووی ئەوروپا ببوونەوە بەس بوون بۆ ئەوەی ئەوروپا هەوڵی رازی کردنی ئیتالیا بدات تا کێشەکان مەزن نەبن. سەلماندی کە ئەوروپا دەستەوەستان دەوەستێ کاتێک لە 1922راپگەیاند دورگەی دۆدیکانز کە ئیتالیا لە 1911لە تورکیای داگیر کرد، ئەوسا کەس هیچ هەڵوێستێکی نەنواند، بۆیە ئەم جارەیان هەنگاوێکی خەتەرناکتری نا.

لە ساڵی دواتر بڕیاری خستنەوەسەرخۆی فەیومیی دا، لەو کاتەوە وڵاتانی بەلکان سەیری ئیتالیا دەکەن وەکو هێزێکی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتیی ناوچەکە، بەتایبەت ئەو سەرکەوتنەی فاشست بەدەستی هێنابوو راگەیاندنەکان مەزنتریان دەکرد ئەمە وایکرد ئیتالیەکان لە چاوەڕوانیی کاری مەزنتر بن، هەنگاوی ئەمجارەی روەوئەلبانیا بوو.

2_ ئیتالیا وئەلبانیا

ئەلبانیا لە ئەنجامی جەنگی بەلکانی – تورکی لە 1912/1913 لەدایک بوو،هەوڵەکانی حکومەتی نەمساو هەنگاریا و ئیتالیا بوونە هۆی دروست بوونی دەوڵەتی ئەلبانیا بۆ ئەوەی وڵاتی سربیا بە کەنار دەریای ئەدریاتی نەگات. لە 1914یۆنان وئیتالیەکان دابەشیان کرد، دواتر لە 1915 نەمسا وەری دەگرێتەوەو تا هێزەکانی سرب وئیتالی و فەرەنسی لە 1918رزگاری دەکەن، لە دیسەمبەری 1918ئەنجومەنێکی نیشتمانی وحکومەتێکی بۆ دادەمەزرێنن، سنورەکانی ئەلبانیا بۆ ساڵی 1913 گەڕایەوە و چوە ناو کۆمەڵەی نەتەوەکان، سەرەڕای داواکاریە زۆرەکانی ئیتالیا بۆ ئەوەی ببێتە (نوێنەر (انتداب) ی ئەلبانیا بەڵام سەرۆکی ئەمەریکا ویلسۆن بەمە رازی نەبوو چونکە لە چاوتێبڕینەکانی ئیتالیا بەرامبەر بە ئەلبانیا ی دەزانی.

لە سەرەتای بیستەکان (احمد زەگۆ) کە سەرکردەیەکی مسولمان بوو لە بە هێزترین کەسایەتیەکانی ئەلبانی بوو، بوو بە سەرۆکی وەزیران، بەڵام ڕوبەڕووی یاخی بوونێکی بەهێز بوو بە سەرۆکایەتی قەشە (نۆلی) لە 1924زۆگۆ ناچار دەبێ لەوڵات رادەکاتە دەرەوە. بەڵام حکومەتی نۆلی لە بەڕێوەبردن وڵات سەرکەوتونەبوو، دواتر احمد زۆگۆ توانیی بە هاوکاری یۆگۆسلافیا بگەڕێتەوە وڵات. لە 1924 کۆماری ئەلبانیای راگەیاند، خۆی بوو بە سەرۆکی کۆمار لە 1925.

دوای ئەوە زۆگۆ روی لە رزگار کردنی ئابووریەکانی وڵات کرد، بەڵام رێگەیەکی خەتەرناکی گرتە بەر ئەویش قەرز کردن لە وڵاتە چاوبرسیەکەی ئیتالیا بوو، بۆیە دەبینین مۆسۆلینی قەرز لە دوای قەرزی پێ دەدا تا وڵاتی خستە ژێر قەرزەکان و بەردەستی ئیتالیا، ئەوسا ئەم رەوشەی لە پەیمانێک کە ناونرا پەیمانی تیرانا لە نێوان ئەلبانیا وئیتالیا لە 1926 ئیمزا کرد.

یۆگسلافیا ئەم پەیمانەی دژی خۆی دەبینی بۆیە لە فرانسا نزیک بووەوە تا لەگەڵی بکەوێتە پەیمانێک، کارەکان وا پێویستیان دەکرد رۆژ بەدوای رۆژ ئەلبانیا لە ئیتالیا نزیک بێتەوە، پەیمانی تیرانا لە 1931 نوێکرایەوە دوو ساڵ پێشتر زۆگۆ بێ ئەوەی دیموکراتیەت لە وڵات پیادە بکات، خۆی وەکو پادشای وڵات راگەیاند.

هەستیشی بەوە دەکرد کە ئیتالیا دەستی خستۆتە ناوەوەی خەریکە لە باریەکی دەبا، هەندێک هەنگاوی نا دژی بەرژەوەندیە ئابووری و رۆشەنبیریەکانی ئیتالیا لە ئەلبانیا لە 1932، مۆسۆلینی هەرزو کەرتێکی کەشتیگەلیی بۆ بەندەری دورازۆ نارد، زۆگۆ ناچار دەبێ ئەم کارانە رادەگرێ، بەڵام فراوانکاریەکانی هیتلەر ئەوەندەیان پینەچو هانی مۆسۆلینیان دا تا ئەویش شتێ بۆخۆی وەدەست بێنێ، هێزەکانی بۆسەر ئەلبانیا ناردن ولە 1939 پایتەختەکەی لێ داگیر کرد.

3_ تنەجە

بەر لە جەنگی جیهانی یەکەمی دەستەکانی فرانسا لە مەراکش کراوە بوون، بەڵام بریتانیا رازی نەدەبوو فرانسا بە تەنیا دەست بەسەر تەنجەدا بگرێ بۆیە بە پێی پەیمانێک لە نێوان فرانسا وبریتانیا لە 11ی ئایاری 1924 ئیمزا کرا بەڕێوەبردنێکی نێودەوڵەتیان بۆ دەست نیشان کرد لەگەڵ بێلایەن بەنی، بەڵام هەموو لایەک دەزانێ کە فرانسا خۆی خاوەنی بڕیاری یەکەم ودواییە لەم ئیدارەیە بە هاوکاری بریتانیا. ئیمزا کردنی ئەم پەیماننامەیە بە دیدی مۆسۆلینی لەگەڵ ئەو رێککەوتنە ناگونجێ کە رێگە بە ئیتالیا دەدا خاوەنی رۆلی یەکەم بێ لە کێشەکانی گۆمی دەریای سپیی ناوەڕاست، لەم فشارانەی مۆسۆلینی کردنیە سەر فرانسا وبریتانیا ئەوەبوو، ئسپانیا ناڕەزایی خۆی دەربڕی کە دەبێ ئیتالیا بەشداری لە بەڕێوەبردن تەنجە بکات وەکو ئەوەی لە پەیمانی 1926هاتوە، فشارەکە بەرهەمی بوو، بە بڕیارەکانی خۆیان دا هاتنەوە، لەسەر ئەوە رازی بوون کە ئیتالیاش لە بەڕێوەبردن ئیدارەی تەنجە بەشدار بێ، ئیتالیا بە سێ ئەندام لە ئەنجومەنی یاسادانانی شار بەشدار بوو کە ئەندامەکانی فەرەنسی و بەریتانی و ئیسپانی بوون لەگەڵ کەمینەیەک لە هاوڵاتیە مەدەنیەکان.

رۆژنامەکانی ئیتالیا ئەم دەسکەوتەیان لە بەرژەوەندی مۆسۆلینی بە رادەیەک مەزن کرد. ئەوەی ڕاستی بێ هیچ دەسکەوتێکی مادی لەم بەشداری پێکردنەی ئیتالیا نەبوو تەنها وەکو روکەش و لە روی ئەدەبیاتەوە بەشداریەک کرا دەنا سودی ئابووری و سامانیی لێ وەدەست نەکەوتن، مۆسۆلینی لە هەر دەسکەوتێک سەرکەوتنێکی مەزنی بەدی دەکرد کە لە پێناویدا هەنگاویان دەنا،دەبووایە دام ودەزگا حکومیەکان بۆ ئەم دەسکەوتانە رێکلامەی زۆر بکەن.

4_ ڕاست کردنەوەی سنورەکانی نێوان لیبیا _ میسر

ئیتالیا بە پلانی هەریەک لە فرانساو بریتانیا جەنگێکی دژی دەوڵەتی عوسمانی بەرپاکرد بۆ دەست گرتن بەسەر لیبیا.. ئەمەی بۆ چوەسەر لە 1911/1912. بەڵام گەلی عەرەبی لیبیی بێ دەسەڵات، ئەوکات تەپ وتوزی جەنگی یەکەمی جیهانییان لێ نەرەوی بووەوە، هێشتا لە چنگ داگیرکاری ئیتالی نەهەسابوونەوە کاتێک دوبارە لە نێوان هەردو لا جەنگ بەرپا بوو.
بە دەستگرتنی فاشست بەسەر دەسەلاتی ئیتالیا مۆسلینی بە بنەمای (گۆڕینی دەریای ناوەڕاست بۆ دەریای ئیتالی) رەفتاری دەکرد، پیادەکردنی ئەم گوتەیەی بووە مایەی ئەوەی مۆسۆلینی جەنگێکی لەناوبردن دژی گەلی عەرەبیی لیبی بەرپا باک لە سەرەتاکانی 1924 ەوە. ئیتالیا دوای هەوڵو تەقەلایەکی زۆر توانیی دەست بگرێ بەسەر لیبیا، بەڵام بزوتنەوەی سنوسی چاوکی سەریەشەو شۆڕش بوو بۆ لیبیا کە مێرگی جغبووب _ کەوتبووە ناو سنورەکانی میسر _ یانکردبووە بارەگای خۆیان، بەڵام حکومەتی ئیتالیا ئەم مێرگەی خستە ژێر چاودێری بۆئەوەی سنوسیەکان دژی ئیمپریالیستی ئیتالیا لە لیبیا بەکار نەهێنن، ئەمەو زانا ئاینیە سنوسیەکان لە سەرکردە عەرەبەکان بەرامبەر بە ئیتالیای داگیرکار توندتر نەبوون.
ئەو کاتە میسر _ لە ساڵەکانی یەکەمی سەربەخۆیی دا بوو _ لە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانی دابوو ئەوسا میسر ڕوبەڕووی فشاری ئیتالیا دەبووەوە. هەروەها فشارەکانی بەریتانیش لەسەر میسر هەبوون بۆ چاک کردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئیتالیا و لەسەر حسابی میسر، میسر ناچار بوو دەست لە مێرگی جغبووب هەلگرێ.

5_ کێشەی سنوری لیبی_ تونسی

کێشەی سنور بە دوو کارەوە بەسترابوو. دەستەی ئیتالی کە مۆسۆلینی مەبەستی بوو بەسەر فرانسادا بسەپێنێ، بۆئەوەی ئیتالیا بتوانێ لە سەکۆیەکی بلندەوە گوفتار لە فرانسا بدات، بەڵکو لە داهاتو ئیتالیا دەتوانێ لە سەنتەری هێزەوە لەگەڵ فرانسا بدوێ، کێشەی سنوری نێوان لیبیا وتونس یەکێک بوو لەو کێشانەی ڕاستەوخۆ هەردو لایەنی ئیتالی وفەرەنسی ی بە گژیەکدا دەبردن، لەم کێشەیە ئیتالیا ڕوبەڕووی نەیارێکی یاخی بوو کە ئەوەندە ئاسان نیە وەکو کێشەکە جغبووب زو بێتە دەست، بۆیە ئیتالیا لەم کێشەیە شتێکی ئەوتۆی دەست نەکەوت جگە لە دەسکاریەکی زۆر کەم لە سنورەکان بۆ ئەوەی بتوانێ کاروانەکانی تێدا تێپەرکات کە لیبیا وئەفریکای ناوەڕاست بەیەکەوە بگەیەنێ.

6_ کێشەی ئیتالیەکان لە تونس

ئەوەی زانرابوو، ئیتالیا مەبەستی بوو دەست بگرێ بەسەر تونس بەڵام فرانسا پێشی گرتەوە، لە 1881 لەگەڵ بریتانیا لە سەر داگیر کردنی رێککەوت، بووە هۆی ئەوەی ئیتالیا لەگەڵ هەریەک لە نەمساو ئەڵمانیا بکەوێتە هاوپەیمانی و هەڵوێستی لە بەشداربوونی جەنگی یەکەمی جیهانی بگۆڕێ لە تەک هاوپەیمانان کەوتە جەنگ، لەو کاتەوەو تا بیستەکانی سەدەی نۆزدەهەم فرانسا هەوڵی بەهێز کردنی کەمینەی فەرەنسی لە تونس دەدا هانی فەرەنسیەکان دەدا بۆ کۆچ کردن تا شوێن پێی خۆی لێ قایم کا بەڵام لەم پلانەی ئیتالیەکانیش بێبەش نەبوون ئەمە لای فەرەنسیەکان ئەوەندە شوێن هەستیاری نەبوو چونکە هەرنەبێ ئیتالیەکانیش بەدیدی فەرەنسیەکان ئەوروپین بۆیە لەم کۆچکردنە بەشی ئیتالیەکانیشی تێ کەوت، چونکە بێکاری لە ئیتالیا زۆر بوو ناچار بوون ئیتالیەکان بۆ کار کۆچکەنە تونس تا وای لێهات کۆچبەری ئیتالی رێژەیان بە رادەیەک زیادیان کرد دە ئەوەندەی فەرەنسیەکان بوون ئەوانەی لە 1881 ەوە لە تونس جێنیش ببوون.

هەوڵەکانی فرانسا بۆ سەرکەوتنی رێژەی فەرەنسیەکان بەسەر ئیتالیەکان سەرکەوتو نەبوون، فشارەکانی بەردەوامی ئتالیا بۆ سەر حکومەتی فەرەنسی ئەنجامەکی ئەوە بوو کە فەرەنسیەکان رازی بوون لە یەکلا کردنی کێشەکە لە 1896 لەسەر بنەمای ئیتالیا دان بنێ بەوەی فرانسا تونس بپارێزی لە بەرامبەرئەوە ئیتالیا ئەم مافە نایابانەی(ئیمتیاز) لە تونس هەبن:

1_ کەسی ئیتالی لە تونس مافی ئەوەی هەبێ لەتەک رەگەز نامەی تونسی رەگەزنامەی ئیتالیشی هەبێ.

2_ ئیتالی وفەرەنسی لە مافی مەدەنی یەکسان دەبن.

3_ ئیتالیەکان مافی کۆچکردنیان بۆ تونس دەبێ.

ئەم مافانە بە ئیتالیەکان دران بۆئەوەی ئیتالیەکان لە تونس ببنە جالیەیەکی بەهێز لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم وەکو دەوڵەتێک لە ناو دەوڵەتێکی لێ هاتبوو. فرانسا مەبەستی بوو لەخۆبایی بوونی ئیتالیەکان لە تونس بە رێگەیەکی یاسایی بشکێنێ، بەڵام ئیتالیا بۆی لەژواندابوو هەموو رێگەکانی لێدەگرتن، بوواری ئەوەی نەدەدا لە هیچ هەوڵێکی سەرکەوتو بێ.

کاتێک حکومەتی فرانسا هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی 1896 ی دا حکومەتی ئیتالی بە توندی دژی وەستایەوە، رۆژنامەکانی ئیتالی شالاوێکی توندیان دژی فرانسا لە 1926/1927 راگەیاند، ئەم کێشەیە بە هەلواسراوی مایەوە تا ئەو کاتەی نزیک بوونەوەیەک لە فرانساو ئیتالیا رویدا لە 1935، ئەوسا هەردو لا لەسەر ئەوە رێککەوتن کێشەی ئیتالیەکان لە تونس چارە بکەن، لە بەرژەوەندی فرانسا تەواو بوو. واتە بە پوچەڵ کردنەوەی رێککەوتنی 1896وردە وردە، لە بەرامبەر ئەوە مۆسۆلینی پەیمانی لە (لافال)ی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسی وەرگرت کە دەست نەخاتە پێش سیاسەتەکانی ئیتالیا لە حەبەشە، بە دیدی ئیتالیا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە خۆیان لە هەوڵەکانی دەستگرتن بەسەر حەبەشە دا سەرکەوتو دەبن.

7_ ئیتالیای فاشستی هێرشێکی دوژمنکارانەی کردە سەر حەبەشە و لە 1936 داگیری کرد ئەمە سەرەڕای بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان.

یەکێک لە مێژوونوسانی ئیتالی لە سیەکان بەم شێوەیە باس دەکات:

(ئیتالیا لە ژێر پێکانی مۆسۆلینی دەناڵێنێ، بەمەش توانیی دەست بەسەر هەموو چالاکیەکانی ژیانی ئیتالیەکاندا بگرێ، گەندەڵی هەموو گیانی سیستەمی کۆمەڵایەتیی ئیتالیا گرتەوە، ئەمە لە ئەنجامی زاڵ بوونی فاشستی بەسەر ئیتالیەکان کە خەریک بوو وەکو ئەوەی ئیمزاانەی لێدابی ئاوا دەخورێ، لە 1940 هەموو بنەماکان خۆرکەیان لێ درابوو، هیچ شێوازێکی بەرەنگار بوونەوە لەدەست ئیتالیەکان نەمابوو تا لەم زولم و ستەمەی فاشستیەکان رزگاریان بێ، ئەندامەکانیان بە ئەدەبەوە ناوی حکومەتیان نەدەبرد، چونکە لە خزمەتچیەک زیاتر هیچی تر نەبوون، سەرەڕای ئەوەی سەرکردە فاشیستەکان بە نەزانی وبێباکی دۆتچێ ئاگادار بوون کە چۆن پێ لەسەر هەڵە دادەگرێ و گوێناداتە راو بۆچونەکانی دەوروبەری، سوکایەتی پێکردن لای ئەوان یاسا بوو، کەس بۆی نەبوو هەر لە پادشاوە تا وەزیر وفەرماندەو لوتکەی پیشەوەرەکان وهاوڵاتیان کەس زاتی ئەوەی نەبوو دژی بووەستێ.

بەشی شانزەهەم

ئەڵمانیالە حکومەتی فیمارەوە تا نازیەکان

حکومەتی فیمار

فریدریک ئیبێرت

حکومەتەکەی ئێیبێرت ی سۆشیالیست لە ئەنجامە شکستخواردەنەکە بەرپرسیارە، دەبوایە ڕووبەڕووی ئەنجامەکانی کۆنگرەی ئاشتەوایی و قەیرانەکانی ئابووری و ئەو قەیرانانەی کۆمۆنیستەکان و کۆنەپەرستە پادشا خوازەکان دەیان نایەوە ببێتەوە. لە یەککاتدا:

1_ ئاشکرایە کە پەیماننامەی ڤێرسای هیچی بۆ حکومەتەکەی ئێیبێرت نەهێشتبووەوە تا گفتو گۆیان لەسەر بکا، ئەوکات هێشتا هەندێک لە خاکی فەرەنسی لە ژێر دەستی ئەڵمانیا مابوەوە، حکومەت خۆی لە خانەی تاوانبار دەبینیەوە، گوایە سڤیلە(مەدەنیە) بەزیوەکان بوونە هۆکاری ئەوەی ئەڵمانیا لە بەرامبەر بەزینەکان بەرپرسیار بێ. بەهۆیەوە زنجیرەیەک گوناه خرانە پاڵ ئەڵمانیا کە دەبوایە قەرەبوویان بکاتەوە :

ا/ پارچەکردنی ئەڵمانیا لە نێوان پتر لە یەک وڵاتی دراوسی، ئەڵمانیەکان لەسەر یەکخستنی وڵاتەکەیان کۆک بوون.

ب/ دابڕینی پارچەی بەپیت لە خاکی ئەڵمانیا.

ج/ فرانسا داوای قەرەبووێکی زۆر لە ئەڵمانیا دەکات.

د/ لەگەڵ ئەوەی ئێیبێرت خۆی بۆرجوازی بوو حکومەتەکەی ڕووبەڕوو یهێرشی ڕاستڕەوو جەپڕەوەکان دەبێتەوە.

2_ سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان لە روسیا هانی کۆمۆنیستەکانی ئەوروپای دا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بەڵام حکومەتی ئێیبێرت توانیی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە ناو بەرێ، تا دواتر ڕووبەڕووی تێروانینەکانی کۆنەپەرستانی ڕاستڕەو دەبێتەوە، کە بە پەیماننامەیەک لە حوکمیان دور دەخاتەوە، حکومەتی فیمار بەسەر بزوتنەوەی کۆنەپەرستیدا زاڵ بوو بووە هۆی ئەوەی حکومەتی فیمار سوپا بەکار بێنێ بۆ لەناو بردنی

بزوتنەوە کۆنەپەرستیەکان و ئەفسەرە حزبیەکانیش لەم گۆڕانە لە شوێن خۆیان مانەوە بەڵام بووە مایەی بێزاری ودلگرانی خەڵک، کە ڕوبەڕووی رەخنەی توند بووەوە.

3_ کێشەی قەرەبووەکانیش، _ بە هاوشان لەگەڵ کێشەی ئابووری _ لە ئالۆزترین ئەو کێشانەبوو کە ڕوبەڕووی حکومەتی ڤیمار بووەوە. فرانسا داوای قەرەبوویکی یەکجار زۆری دەکرد، سەرۆکی کۆماری فەرەنسی بووانکاریە لەم روەوە زۆر توند وپێداگر بوو، هەوڵی زۆردران بۆ لەیەک نزیک کردنەوەی بۆچونەکانی هەردو لا ویەکلا کردنەوەی کێشەکە، بەڵام هەردو لایەنی نەیار فەرەنسی و ئەڵمانی لەیەک دور بوون، یەکیان بە زیادەوە داوای قەرەبووی دەکرد ئەویتریان بە زیادەوە مەبەستی نەدان بوو. فرانسا هیچی لەبەردەم نەما ئەوەندە نەبێ هەنگاوێکی خەتەرناک بنێ کە بریتی بوو لە داگیر کردنی راین ورۆهەر لە 1923 لە بەرامبەر قەرەبووەکانی.

ئەوەبوو ئەڵمانیا شالاوێکی دبلۆماسیی توندی دژی فرانسا لە دەرەوەو ناوەوە بەرپا کرد لەم شاڵاو و هەڵمەتانەی فەرمانگە سیاسیەکانی ئەمەریکا وبریتانیا پشتگیری داواکانی ئەڵمانیایان دەکرد بە دیدی ئەوان ئەم رەفتارەی فرانسا دژی پەیماننامەی ڤیرسایە. ئەوەبوو بریتانیا بە فەرمی ئەم هەنگاوەی فرانسای بە نایاسایی دایە قەلەم.

بریتانیا لەم هەنگاوەی مەبەستی ئەوەی نەبوو تا ئەڵمانیا بکاتە هێزێک بۆ بەرپەرچدانەوەی فرانسای بەکار بێنێ، بەڵکو ئامانجی تریشی هەبوون کە تایبەت بوون بە فراوان کردنی بازرگانی لەگەڵ ئەڵمانیا، دواتر بۆ بریتانیا لەڕووی بازرگانیەوە ئەڵمانیایەکی یەکگرتو باشترە لە ئەڵمانیایەکی لەبەریەک هەلوەشاوە. بەهەر حاڵ ئەڵمانیا بەدەست ئەم داگیرکردنەی فرانساوە دەیناڵاند کە بەم شێوەیە راینی داگیرکرد.

بەشێوەیەک نرخی مارک دابەزی کە هیچ بەهایەکی نەمابوو، ئاژاوە و پەشێوی بڵاو بووەوە، جێ پێی کۆمۆنیستەکان لە سکسۆنی قایم بوو، باڤاریا هەوڵی سەربەخۆیی دا، حکومەت لە چارەسەرکردنی کێشەکان شکستی دەهێنا چونکە شێوازی چارەسەریەکە بریتی بوو لە لادانی فەرمانبەران لەسەر کار و دەرکردنی پارەیەکی نوێ، لەکاتێکا کێشە سەرەکیەکەی ئەڵمانیا لەدەست دانی سەنتەرە مەزنەکانی پیشەسازی وداخستنی بازاڕەکان بەروی بازرگانیی ئەڵمانیاو پێویستیی بەسەرمایە بۆ بژاندنەوەی پیشەسازی بوو.

حکومەتی ڤیمار هیچ دەرچونێکی بۆ ئەم قەیرانە پێنەبوو تا ئەو کاتەی پایەی بووانکاریە لە بەرامبەر ناڕەزاییەکانی بریتانیا و ئەمەریکا گلۆر بووەوە، لە هەڵبژاردنەکانی 1924 روخا،ئەمە لە کاتێکدا هات کە ستریسمان بووبە راوێژکاری کۆماری ئەڵمانی. پیاوێکی میانڕەو بوو هەستی بە ئازاری بەردەوام بوونی گۆشەگیری ئەڵمانیا وقەیرانەکانی ئابووری دەکردن، بڕیاری دا کۆتایی بە ماوەی نەرم ونیانی لەگەڵ حکومەتی واشنتۆن وپاریس ولەندەن بێنێ،بەتایبەتی کاتێک (ئەدوارد هیریۆ)ی رادیکالی سۆشیالیستی سەرۆکایەتی وەزیرانی فرانسای گرتە دەست، ئەوکات پرۆژەی(دۆوز) هاتە بەر چاو بۆ یەکلا کردنەوەی قەرەبووەکانی 1924لەسەر بنەمای کشانەوەی فرانسا لە رۆهەر و پێدانی قەرزێکی زۆر بۆ ئەوەی مارکی

ئەڵمانی متمانە وەدەست بێنێ ، کردنەوەی بانکێک لە سەنتەری ئەڵمانیا. بە پراکتیکیش ئەمە کرا فرانسا لە رۆهەر کشایەوەو مارکی ئەڵمانی بوونی خۆی سەلماندەوە.

گوستاف سترێسمان

ئەڵمانیا بەشێکی لە قەرەبووەکان دانەوە ئەمەش بووە مایەی لەیەک نزیک بوونەوەی وڵاتانی هاوپەیمان لە ئەڵمانیا و چاوخشاندنەوە بە پەیوەندیەکانیان، ئەمە پێشەکیەک بوو بۆ دانوستانەکانی هاوینی 1929کە کۆتاییان بە داگیرکاریەکەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە راین هێنا لە ماوەیەکی دورترین کات بە حوزەیرانی 1930دیاری کرا، ئەم هەنگاوانە هانی ئەڵمانیایان دا تا بەردەوام بێ لە دانەوەی قەرەبووەکان بە پێی پرۆژەی نوێ بۆ یەکلایی کردنەوە کە (یۆنگ) دایاننابوو، هەروەها فرانساش دەستی لە چاودێری کردنی ئەڵمانیا هەڵگرت بۆ چەک داماڵین، ئەوەی لە پەیمانی ڤێرسای لەسەری رێککەوتبوون، هەر کە ئەڵمانیا ئەم دەسکەوتانەی لێ وەدەست کەوتن لەپەنایەوە بەدوای ئامانجی تردا دەگەرا، بۆ نمونە لە ئەڵمانیا داخوازی بەرز دەبوونەوە کە کاتی ئەوە هاتوە وڵاتە هاوپەیمانەکان هەرێمی (سار) بۆ وڵاتی دایک بگێرنەوە، لەگەڵ هەڵگرتنی قەدەغەکاری لەسەر خاکەکانی راین و دەبێ فرانسا ئەوە بسەلمێنێ کە وڵاتێکی ئاشتیخوازە ئەوەش بە کەم کردنەوەی سوپا دەکرێ.

لە بێ بەختی ئەڵمانیا ئەم داواکاریانەی لە کاتێکی زۆر ناسک و هەستیار هاتن ئەوکاتە قەیرانی ئابووری وڵاتە مەزنەکانی گرتبووەوە تەنگەی پێ هەلچنی بوون بەدوای پارە دادەگەڕان تا لەم قەیرانەیان دەرباز کا ئەمە لە 1929 بوو. بۆیە فرانسا داوای لە ئەڵمانیا کرد بەردەوام بێ لە دانەوەی قەرەبووەکان. لەمەش خەراپتر، ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاش _ کە قەرزێکی زۆری بە حوکمەتی ئەڵمانی و پیشەسازی ئەڵمانیا دابوو _ داوای لە دانەوەی سەرمایەکانی لە ئەڵمانیا کرد تا ڕووبەڕووی قەیرانە ئابووریەکان بێتەوە.

ئەمە ئاستەم بوو ئەڵمانیا لە کاتێکا ڕوبەڕووی ئەوم قەیرانە دە بێتەوەو قەرەبووەکانی فرانساشی پێبدرێتەوە، لە ژێر فشاری ئەمەریکا وبریتانیا بڕیاردرا کێشەی قەرزەکان یەکلا بکرێنەوە، بەڵام ئەڵمانیا لە ژێر دلۆڤانیی قەیرانە مەزنەکانی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتیە ناوەخۆیەکان مایەوە کە ڕێخۆشکەر بوون بۆ دەرکەوتنی هیتلەر و پارتە کەی بەناوی نازی لە سەر شانۆی سیاسیی ئەڵمانیا ونێودەوڵەتی، بە سودوەرگرتن لەو ئازارانەی لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی بە ئەڵمانیا گەیشتبوون. ئەمە لە هەژانی حکومەتەکەی فیماری ساڵ دوای ساڵ هات.

بارو دۆخی گەیشتنی هیتلەر بۆ سەر

ئەڵمانیا لەسەردەمی حکومەتی فیمار لە ون بوونێکی سیاسیی دا دەژیا، ئەو ڕاستیە سیاسیەی نەدەدۆزیەوە کە دەبووایە ئەڵمانیا لەسەری بڕوا بۆ ئەوەی بگا بە پایەی وڵاتە مەزنەکانی ئەوروپا، ئەمە دوای ئەوەی پەیماننامەی ڤێرسای بەم رسواییەی گەیاندبوو. قەیرانە ناوەخۆییەکان وپەشێویە ئابووریەکانیش هۆکاری ئەم رەوشە نالەبارەی ئەڵمانیا بوون، بەڵام ئەوەی گرنگ بوو لە حکومەتەکەی فیمار، کارەکانی لە ئاستێک جێگیر کردبوون کە تەنها پێویستی بە سەرکردەیەکی خاوەن سەنگ ودەسەڵات هەبوو کە جەماوەر لە دەوری کۆببێتەوە بە بەرنامەیەکی سەرکەوتو دەتوانێ بیان خاتەوە سەر هێڵ، دیارە هیتلەر ئەو کەسە بوو کە دوای تێپەر کردنی هەموو کێشەو قەیرانەکان توانیی بە دەسەڵاتی رەها بگات.

ئۆدۆلف هیتلەر هاوڵاتیەکی نەمسایی بوو، لە خوێندن زۆر کەمی خوێندوە، لەسەر پیشەی نەخش وفرۆشتنی وێنە دەژیا، لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانی بە خۆبەخش لە ئەڵمانیا ونەمسا خزمەتی سەربازیی کرد و لە میۆنیخ بزوتنەوەی سۆشیالیست دوای بەزینەکان زۆر چاڵاک بوو، ئەمیش وەکو هەر ئەڵمانیەک بەو چاوە سەیری دەکرد ئاخۆ کێ بتوانێ سەروەریە لەدەست دراوەکانی ئەڵمانیا بگێرێتەوە ؟، لە کۆت وبەندەکانی پەیماننامەی ڤێرسایان رزگار کا کە پەیمانێکی رسواکار بوو بۆ ئەڵمانیەکان هەروەها ئەوکەسەی بتوانێ لە جوەکانیان خاوێنکاتەوە ئەو جوانەی خیانەتیان بەرامبەر بە و نیشتمانە کرد کە لێی

دەژین، ئەمانەی سەرەوە بڕواکانی پارتی کرێکاری سۆشیالیست بوون لە میونیخ، لەوکاتەی هتلەر چوە ریزیان توانا و بلیمەتی خۆی سەلماند، ئەوەندەی نەبرد تا هیتلەر بووە خاوەنی (پارتی کرێکاری سۆشیالیستی نیشتمانی) دواتر لە 1920بە پارتی نازی ناسرا.
پارتی نازی وتیۆریی نازی کە هیتلەر خۆی داینا بە گرنگترین تیۆرەکانی دەسەڵاتی دکتاتوری کە لە سەدەی بیستەم دەرچو دەناسرێ، ئەم تیۆرە لە کاتێک دەرچو ئەڵمانیا پێویستییەم جۆرە تیۆرە هەبوو، ئەم تیۆرە خۆی دەبینێتەوە لە:
1_ پەرتوکی (خەباتم) کە ئەوکاتەی لە بەندیخانەبوو نوسیبوی، دوای سەرنەکەوتنی بووزوتنەوە شۆڕشگێڕەکەی دژی حکومەت لە 1923 و بەرگریەکانی کە لە میانەی دادگایی کردنی لە خۆی دەکردن تیابوو.
2_ بەرنامەی پارتەکەی، بڵاوکراوەکانی، ئەوانەی لە خۆیەوە دەرچون بەر لە دەسەڵات گرتنەدەست.
لە خوارەوەش گرنگترین بڕوا وئامانجەکانی هیتلەر و پارتەکەی دەخەینە روو:
1_ بە دیدی هیتلەر جێرمەنەکان رێزدارترین رەگەزی ئادەمیزادن، خاوەن بەرزترین پایەن، بۆیە دەبێ هەردەم ئەوان ئاڕاستەکان ببەن بەڕێوە، دەبینین هیتلەر لستێکی رەگەزەکانی ئادەمیزادی داناوە، تیایدا رەگەزی ئاری لە ئەڵمانیا لە لوتکەی هەموویانەو لە هەموویان بەهێزترە، لەدوای ئەوان نۆرد دێت (دانیمارکی و نەرویجی و سوێدی) دواتر نۆرماندۆییەکان وئەنگلۆ ساکسۆنیەکان، لە دوایین لیستەکە سلاڤ و عەرەب وجو و قولەکانن. زانا ئەڵمانیەکان رەنجی زۆریان دا بۆ ئەوەی بسەلمێنن رەگەزی ئاری باوکی هەموو رەگەزەکانی ئادەمیزادە، ئەو مەشخەلی شارستانێتیی لە کۆنەوە هەڵگرتوە، هەر خۆشی بوو ئەم مەشخەلەی بۆ ئەمەریکا برد کە لە وێ بڕوایان وابوو عیسا بڕواکەی جو بووە بەڵام خۆی لە رەچەلەکی ئاری بووە کە ئەمە لە بڕوا گرنگ تریشە.
باسی رەگەزی ئاریی دەکرد کە هەلگری هەندێ سیفەتی تایبەتیە بەهۆیەوە دەچێتە ژێر باری قورسی وڵات وئەو لە هەموو رەگەزەکانی تر بەتواناترە بۆ خۆ بەختکردن لە پێناو نیشتمان و دواتر لە پێناو دەوڵەتی ئاری.
ئەمەیە رەگەزی ئاری، ئەمەشە ئەرک وفەرمانەکانی کە خوا لە ناو میلەتەکانی هەلبژاردوە تا ئەرکەکان جێبەجێ بکا، بۆیە دەبێ هەموو هەوڵەکان بخرێنە گەر تا خاوێنی ئەم رەگەزە بپارێزرێت. رێگە بە گەلە لاوازەکانی تر نەدرێت تێکەلی بن،بۆ ئەوەی ئەوە بەسەر فرانسا هات لە ئێمە دوبارە نەبێتەوە، ئەوەی بەسەر فرانسا هات وبەسەر ئەمەریکا دێت _ بە دیدی هیتلەر _ بە تێروانینی هیتلەر لە ئەنجامی تێکەلاو بوونی رەگەزی جو لەگەڵ فەرەنسیەکان وتێکەلاو بوونی قولەرەشەکان لەگەڵ ئەمریکیەکان ئەو کارەسات و بەد رەوشتیەی لێ کەوتەوە.
بانگخوازە نازیەکان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە شارستێتیی دونیا لە سەدەی بیستەم شارستانێکی

شەرمەزار وروەو نەمانە، ئابڕوی نیە، ئەمەش تەنها بۆیە وای لێ بەسەر هاتوە چونكە جوەكان لە پێشەوەی زۆربەی بوواره زیندوەكانی جیهانی و دەسەڵاتی حكومەتە مەزنەكان دان،هۆكارە سەرەكیەكەی دۆڕاندنی ئەڵمانیا لە جەنگی یەكەمی جیهانی بەهۆی ئەوەبوو سەنتەرە هەستیارەكانی دەوڵەت ئەوسا بەدەست جوەكان بوو.

بۆ بەرپرسە ئەڵمانیەكان باشترین ڕێگە بۆ دابین كردنی دوارۆژی ئاری دەبێ خۆیان لە جوەكان رزگار كەن جا بەهەر شێوازێک بێ، كۆچ پێكردنیان یا هەر ڕێگەیەكی ئەم ئامانجە بپێكێ، ئەمە سەبارەت بە ناوەوەی ئەڵمانیا، بەڵام سەبارەت بەو ناوچە ئەڵمانیانەی لەدەست ئەڵمانیا دەرچون ولەژێر داگیركاری دان، دەبێ حكومەت هەوڵ ورەنجی زۆر بدا بۆ گێڕانەوەیان بۆ باوەشی دەوڵەتی ئاریی نیشتمانی دایک، ئەم ئەركە ئەركێكی قورس بوو لەسەر شانی پیاوان، بیری نازی جەختی لەسەر بەستنەوەی ژن بە ماڵەوە كرد بۆ ئەوەی ئەركی منداڵ بوون بگرێتە ئەستۆ كاری سنوردار كردنی منداڵ بوون و نەزۆكی وراگرتنی منداڵ بوون، بووە كارێكی قێزەوەن جەختەكان لەسەر زیاد كردنی منداڵ بوون بۆ ئەوەی رەگەزی ئاری ژمارەیان زیاد بكا، ئەمە بە جولاندنی هەستی رەگەزپەرستیی تاكی ئەڵمانی جۆش دەدرا. بەڵام لە توێژینەوە زانستیەكان كە بەرلە هاتنی هیتلەر ودوای ئەو كرا ئەوە سەلمێندرا كە ئەم بەرنامەیە ئەنجام وبەرهەمی نەبوو، واتە هیچ رەگەزێک لە دونیا ناتوانێ بێ گەردی خۆی بپارێزێ، بەڵكو هەموو رەگەزەكانی كۆن لە ڕێگەی ژن وژنكاری و هاوسەرگیری تێكەل بەیەک بوون و هەندێكیان لەناو چون.

2_ رەگەزی ئاری دەبێ خۆی سەرانگێری دونیا بكا _ بە دیدی هیتلەر _ هەر تیۆرییێكی تری جیهانی دەبێ لەناو ببردرێت، لێرەوە دوژمنكاریەكەی لەگەڵ كۆمۆنیستەكان زۆر توند بوو چونكە ئامانجیان دكتاتۆریەتی پرۆلیتاریای جیهانی بوو. دژی مەزهەبەكانی كاسۆلیک و پرۆتستانت بوو چونكە بڕوایان بە سەركەوتویی و زەرورەتی پێدانی دەسەڵات بەرەگەزی ئاری نەبوو. هەروەها بە وەی كە گیانی جێرمانی وجەستەیان سەرەتاو دوایی تەنها بۆ جێرمەنیەكانە و دەبێ مافی هاووڵاتی تەنها بە جێرمانە بێگەردەكان بدرێ وئامادەیان كەن بۆ پێ سپاردنی ئەركی دوارۆژ.

3_ بەڕێوە بردنی كاروباری گەیاندنی نەتەوەی جێرمانی تا دەگاتە لوتكەی دەسەڵات دەبێ بە سەركردەیەكی دیار و هەڵكەوتو بسپێردرێت. یارمەتیی بدات لە جێبەجێ كردنی ئامانجە ئاری یەكان (پوختەی نایاب) لەگەڵ هێزی رێكخراو. دەكرێ خاوەنی زۆرینەش نەبێ، بەڵام بە بڕوابوونی بە ئاریایەتی وهێزو تواناكانی پشت بەستو بە ئاریەكان و لە پێناو نەتەوەی جێرمەنی وسەرۆكایەتیەكی بەهێز دەتوانێ ئەو كۆتە بشكێنێ كە لە دەوری كێشراوە ئەم پوختەیە دەست بەسەر دەسەڵات دا بگرێ. (هیتلەر) خۆی لەو شوێنە دانا كە دەتوانێ كۆتەكان بشكێنێ وخۆی بگەیەنێتە بەرزترین ئاست هەموو هەوڵەكان لە پێناوی دروست كردنی دەوڵەتێكی جێرمەنیی بەهێز وەگەر نێ بەرپرسیارێتیە مەزنەكەی بەرەو سەركەوتنی رەگەزی ئاری بگرێتە ئەستۆ.

هیتلەر بۆچونی خۆی بۆ ئەم شێوە رژێمە کە بە باشترین سیستەمی فەرمانداریی دەستور دەزانی، بەم شێوەیە دەربڕی (باشترین دەستور و شێوەی دەوڵەت ئەوەیە بتوانێ رێگەی سروشتی بگرێتە بەرو بەتواناترین ئەقلی کۆمەڵگای نیشتمانپەروەر بگەیەنێتە بەرزترین بنکە و باشترین و گرنگترین جەماوەر.. کە هەر سەرۆکێک دەسەڵاتی بەسەر خوار خۆیدا هەبێ ولە بەرامبەر سەرەوەشی بەرپرسیار بێ.. دەبێ دەسەڵات بۆ بەهێزترین بێ، تا لەناو لاوازدا نەتوێتەوە، ئەوسا گەورەییەکەی لەدەستبدا.)

4_ بنیاد نانی دەوڵەتی جێرمەنی دەبێ لەسەر بنەمای تەواوکاریی بەرهەمی کشتوکاڵیی پیشەسازی بێ نەک ئاراستە کردن بەرەو پیشەسازی، کە تا ئێستا ئەم ئارستەیە لەسەر بیری کاربەدەستانی فەرمانڕەواکانی وڵاتانی ئەوروپی زاڵە.

بۆئەوەی ئەوکاتەی دەوڵەتی جێرمەنی توشی جەنگێک دێت لە ئەنجامی گەمارۆ توشی هەرەسهێنان نەیەت بەڵکو پشت بەخۆ ببەستێ وسیاسەتی (خۆتێرکردن) پەیرەو بکا کە یەکێکە لە ستونە کانی تیۆریی نازی.

5_ دوای ئەوەی یەکیەتی ئەڵمانیا بە ئەنجام دەگا و هێزی ئابووریی بەرەو پێش دەچێ، دەبێ کار بۆ بە جێرمەنی کردنی ئەوروپا بکەین، ئەمەش بە لە خۆگرتنی بەشەکانی تری ئەڵمانیا و ئەوانەی لە ئاریەکانەوە نزیکن دەکرێ دوای ئەوەی کار بۆ بەهێز کردنی سیفاتە کانی ئاریی دەکرێ بە هەموو شێوازێک، دواتر رێگە نەدەین دەوڵەتێکی سەربازیی بەهێز لە سەر سنوری ئەڵمانیا دروست بێ، تا ئەوەی هیتلەر بینیی (لەناو بردنی فرانسا، رێگە بە ئەڵمانیا دەدات دەست بەسەر خاکەکانی رۆژهەلات دا بگرێ).

6_ تاکی ئاری دەبێ ئەوپەری هەوڵو تەقەڵاکانی بخاتە گەر بۆبە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئامانجانەی خراونەتە سەرشان نەتەوەکەی، هەروەستانێک لە لایەن خۆی یا حکومەتەکەی روبدات بە کەمتەرخەم دێتە ئەژمار کە لێبووردن نایگرێتەوە، دەبێ بۆ خۆی کارو بۆ منداڵەکانیش داهات مسۆگەر بکرێت[53] تا لە خوێندن بەردەوام بن بە بیری نیشتمانپەروەری جۆش بدرێن و ئاراستە ئاریەکان لە ناخیان قولتر ببنەوە.

ئەمانە بڕواو ئامانجەکانی هیتلەرو پارتەکەی بوون، لە روی نەتەوایەتیەوە زۆر توندڕەو بوو، زاڵ بوونێکی نەویستی رەگەزپەرستانەی بەسەر خەڵکدا سەپاند، مافی زۆرگەلیشی پێشێل کرد ئەوانەی رێیان بۆ ئەڵمانیا خۆشکرد تا بەم هەڵسانەوەیە بگات، دواتر هەر چۆنێکی هەبێ سەلمێنرا کە تیۆریی ئەم نەتەوەیە لەم نەتەوەیە بەرزتر وسەروەرترە یا ئەمە هەلبژێردراوی نەتەوەکانی ترە ئەمانە هەمووی نیشانەی رەگزپەرستی وپاساوی داگیرکارین نیشانەی توندڕەوی نەتەوایەتین، لەگەڵ ئاراستەکانی ئیسلامیش نایەن کە مافی بە خاوەن کتابەکان داوە (اهل الکتاب) لەگەڵ مسولمانەکان یەکسان بن و لەگەڵ کریس کە داوای

---

[53] { ئەو رێنماو بڕیارانەی ئەوسا کە هیتلەر سەبارەت بە داهات بۆ منداڵان بڕیاری لەسەر دا دواتر لە هەموو وڵاتەکانی ئەوروپا ئەم سیستەمە پیادە کرا و تا ئەمرۆش بە باشترین بڕیار لە بواری مافی منداڵ دادەنرێ وپەیرەو دەکرێ کە پێی دەوترێ..کیندەر بایسلاخ.... واتە هاوکاریەکانی منداڵان، تا تەمەنی منداڵ لە رۆژی لەدایک بوونیەوە دەبێتە 18 ساڵ سود لەم یارمەتیە وەردەگرێ ئەگەر داهاتی باوک هەرچەندی کەم یا زیاد بن پەیوەندیی بەم هاوکاریەوە نابی...وەرگێر.

بەهەشت و خۆشەویستی دەکا، هەروەها لەگەڵ دیموکراتیی نویّ کە مافی هاوڵاتی بوون دەدا بیّ گویّدانە بیرو بڕوا.
بە بڕوای من ئەم بانگەوازە رەگەزپەرستیانە لە ئەڵمانیا رەواجی نابیّ ئەمە تەنها بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو شەڕمە مەزنەی لە ئەنجامی شکستەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی خواردیان دەکریّن کە ئەڵمانیا ئەوسا پیّویستیی بە کەسیّکی بەهیّز و بەورە هەبوو تا دەرگاکان لەبەردەم ئومیّدەکان بکاتەوە. بەتایبەت ئەم گەلە بەمیّژووی ژیانیّکی نیمچە ئەفسانەیی ژیاوە لە بڕوسیا کە لە سەردەمەکانی فریدریک ی مەزن و سەردەمی بسمارک، کەمینەی بڕوسیی ئاری توانای بەرپەرچ دانەوەی هیّزی دەیان جار ئەوەندەی هیّزەکانیان هەبوو بیّ هیچ گرفتیّک دیارە ئەم گەلە هیّشتا لە ژیّر کاریگەری ئەو ئەفسانانە دەژی.
هیتلەر توانیی خۆی وپارتەکەی بەسەر دەسەڵاتی ئەڵمانیا دا بسەپیّنیّ وحوکمەکە توند وتۆل کا، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ دەستوریش یەکیان نەگرتنەوە، بۆیە دوو جۆرە ریّکخراوی نیمچە سەربازیی پیّکهیّنا:
1_ خاوەنی کراسە خۆلەمیّشیەکان (ئیّس. ئەی)..(گەردەلول).
2_ تیپی پاسەوانی رەش.(ئیّس. ئیّس).
لە ڕاستیدا تەنها رژیّمی نازی ئەم شیّوازەی نەگرتبووە بەر بۆ تۆقاندن وسەپاندنی رای پارتەکەی بەسەر جەماوەری شەقام وحکومەت، بەڵکو ریّکخراوی تر هەبوون سەربەم ریّکخراوە بوون، بۆ نمونە و بەتایبەت.. ریّکخراوە کۆمۆنیستیەکان، بەهۆی ئەوەی ناویفاقی لە نیّوان پارتی کۆمۆنیست ونازیەکان هەبوو نەدە گونجا هەردوکیان بمیّننەوە، بەگژیەکدا چون بەبەردەوامی لە نیّوانیان رودەدرا.
پیاوەکانی نازی شیّوازی پڕۆپاگەندە بۆ خۆیان وپارتەکەیان وئابڕوبردنی نەیارەکانیان گرتبووەبەر ئەم شیّوازە پیّشتر نەبوو، رادیۆ و رۆژنامە و بڵاوکراوەو کۆبونەوە و نمایش و پیلانی نهیّنی و ئاشکرایان بەکار دەهیّنان، لە ڕاستیدا نازیەکان کاتیّک ئەم شیّوازانەیان بەکارهیّنا یەکەم کەس نەبوون کە بەکاریان هیّنابوو، بەڵام لەوە زیرەکیان نواند گەشەیان بە شیّوازەکەداو فراوانیان کرد، بەر لەوان ئەم بەر بڵاویەی بەخۆوە نەدیبوو، لە لایەکی ترەوە نەیارانیان ئەمانەیان زیاتر مەزن کرد.
گەیشتن بە دەسەڵات لە سەرەتای دامەزراندنی پارتەکەی مەبەستی هیتلەر بوو، لە نەخشەکەی سستی نەبوو، بە دیدی هیتلەر بارو دۆخی دوای ڤیرسای دەبیّ حکومەت سەرنگوم بکریّ ئەوساش پشتگیری ئاسانە، بەڵام لە هەوڵی یەکەمی سەرنەکەوتو دەستگیر کراولە 1923خرایە بەندیخانەوە. ئەم روداوانە سەرنجی خەڵکی بەلای خۆی و پارتەکەی و فەلسەفەکەیدا راکیّشا، ئەم سەرنەکەوتنە بووە هۆی ئەوەی بە و ریّگایەدا بیّتەوە کە پارتەکەی ریّکی خستبوو، سەلماندیان ئەم شیّوازە سەرکەوتونیە.
لیّرە لینین وهیتلەر لەیەک دەچن هەردوکیان لە هەوڵی یەکەمیان سەرناکەوتن، لە هەڵسەنگاندنەکانیان بۆ سەرنەکەوتن بۆیان دەردەکەویّ نرخی گشگیری لە شۆڕش چەندە گرنگە. بەم جۆرە هۆکارەکان یەک بوون بەڵام ئامانجەکان یەک نەبوون.

هیتلەر کاری بۆ سیستەمی بڵاوکردنەوەی شانەکان کرد، ئەم شانانە بانگخوازیان بۆ گیانی نازی و کۆکردنەوەی هێزی خۆجێیەتی و بۆ پەیدا کردنی دۆست و لایەنگران بۆ پارتەکەیان تا لە هەڵبژاردنەکان زیاتر کورسی لە (ریخستاد) وەدەست بێنن.

هەروەها کاریان بۆ بڵاو کردنەوەی گیانی شەڕ بەرنامەکانی دەکرد ئەمە لە ناو گەنجەکان باوی هەبوو پێشوازیی لێوە دەکرا بە تایبەت کاتێک رسواکاریەکەی حکومەتی فیمار یان بەبیردەهاتەوە. ئەو قەیرانە ئابووریەی حکومەتەکەی فیمار لە 1929توشی هات مەزنترین دەرفەتی بۆ هیتلەر رەخساند تا دەسەڵات بگرێتە دەست. لە 1929بێکاری زیادی کرد بە رادەیەکی مەترسیدار، باری ژیانی خێزانی ئەڵمانی نالەبار بوو، وڵات ڕوبەڕووی شەپۆڵێکی بێزاری و ناڕەزایی بوو، ئەنجومەنی کۆمپانیاکان کەوتنە جولە بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەک بەر لەوەی پارتی کۆمۆنیست ئەم هەڵە بقۆزێتەوەو گەل وەکو روسیا لە دەوڵەت هەستێتەسەرپێ، هیتلەر ئەم دەرفەتەی بەهەل زانی هێرشی توندی کردە سەر حکومەتی فیمار، کە زۆر لاوازیی و بێتوانایی پێوە دیار بوو تەنانەت کۆمپانیاکان لە هیتلەر و پارتەکەی نزیک دەبوونەوە، هاوکاریی پارەو ماڵ وسیاسیان دەکرد گوایە وڵات پێویستیی بە کەسێکی لەم جۆرە بە هێز وتوانا هەیە تا وڵات لەم قەیرانە رزگار کا، لە لایەکی ترەوە ئەم کۆمپانیا بازرگانیانە کەوتنە بەر رەوتی گەلەریی گشتی هەموویان بەیەکەوە لە دەوری هیتلەر کۆ دەبوونەوە، بەهۆی ئەوەی سەرکردەیەکی بەهێز بوو و لە ماوەیەکی کورت دەبێتە بەهێزترین سەرکردەی پارتەکان.

هەروابوو زۆر بەخێرا لایەنگرانی هیتلەر وپارتەکەی لە هەلکشاندا بوون، لە هەڵبژاردنەکانی 1932 بەرامبەر بە پارتەکانی تر زۆرینەی کورسیەکانیان بەدەست هێنان. لەگەڵ ئەوەی لە مارت ونیسانی 1932هیتلەر خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار پاڵاوت، بەرامبەر بە هندن بوورگ دەرنەچو بەڵام تای تەرازوی بەهێز و سەنگین بوو تەنانەت راوێژکاری کۆماری لە 1932ڤان پاپن پێی باش بوو هیتلەر ببێتە راوێژکار بۆ ئەوەی رکابەرەکەی ڤۆن شلیخەر دەرنەچێ هەروەها بۆئەوەی کۆمۆنیستەکان دەسەڵات نەگرنە دەست، لەبەردەم هندن بوورگ یەک رێگا مابوو بۆئەوەی کۆمۆنیستەکان پەک بخا بۆیە ئامۆژگاریەکانی ڤان پاپن ی لە گوێگرت کاتێک پێشنیاری بۆ کرد پۆستی راوێژکاری بە هیتلەر بسپێرێ لە 30 جەنیوەریی 1933، لەگەڵ ئەوەی پارتەکەی زۆرینە نەبوو، پشتی بە هێزەکانی دەوروبەر بەست بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی رەها.رەوشەکانی ئەڵمانیای 1929 _ 1933 یارمەتی دەر بوون بۆ گەیشتنی هیتلەر بە دەسەڵات، دەتوانین ئەو هێزانەی پارتی نازی ئاوا دەست نیشان کەین:

1_ سوپای نیزامیی ئەڵمانی:

پشتی حکومەتی گرتبوو بۆیە هیتلەر رێگەی بە کەسێکی تر نەدەدا فەرمان بەم سوپایە بدات، ئەمەش ئەوەمان بۆ رون دەکاتەوە کە هیتلەر(رۆهم)ی فەرماندەی هێزی (گەردەلول)ی گولەباران کرد لە کاتێکا ئەم رۆلی سەرەکیی هەبوو لە گەیاندنی هیتلەر بە دەسەڵات، رۆهم هەوڵی ئەوەی دا هێزەکانی گەردەلول

لەگەڵ سوپا یەکخا بۆئەوەی دەسەڵاتی فەرماندایەتیی بکەوێتە دەست، لەسەر ئەوە هیتلەر گوشبارانی کردچونکە نیازەکانی بە خەراپ لێکدانەوە.

2_ سەرۆکە نیشتمانپەروەرەکان وودامەزراوە ئابووریەکان:

هەرکە هیتلەر پۆستەکەی گرتەدەست دەستی بە پیادە کردنی بەرنامەکەی کرد، سەرەتا تایبەت بوو بە لەناو بردنی نەیاران ودەستکەوتنی دەسەڵاتی رەها، وا رێکەوت لە 26 _ 27ی شوباتی 1933 ئاگر لە بارەگای ریخستاد کەوت، هەرزو پەنجەی تاوان بۆ کۆمۆنیستەکان درێژ کرا، هیتلەر هێرشی کردە سەریان لەبار یەکی بردن کۆبونەوەو سەرکردەکانی تەفرو تونا کرد، لە هەمان کات نەیارە نا کۆمۆنیستەکانیشی تێبردن، ئەوەندەی نەبرد هەموو پارتەکانی هەلوەشاندەوە. تاکە پارت کە ئەڵمانیەکان بۆیان هەبێ کاری تایا بکەن پارتی نازی دەبێ، توانیی دەسەڵاتی فراوان (دکتاتۆری) وەدەست بێنێ لە ئەنجومەنی رایخستاد و دواتر هەلی وەشاندەوە، دوای مردنی هندن بۆرگ لە 2ی ئابی 1934 بە ئامانجەکانی گەیشت کە دەسەڵاتی رەها بوو لەوکاتەوە ئیتر خۆی بووە پیاوی یەکەمی دەوڵەت ئەوسا ئیتر (رایخی سێ یەم) دەست پێدەکا.

رایخی سێیەم کە سەرۆکەکەی هیتلەرە شێوەیەکە لە شێوەکانی حوکمی رەهای رەگەزپەرستیی توندڕەو _واتە هیتلەر _ خۆی تاقە سەرکردەبوو، پارتەکەشی تاقە پارت بوو، یا دەبێ نازی بیت یا خائینی، ئابووریەکانی ئەڵمانیا دەبێ بە وردی لە خزمەت بەرنامەکانی رەگەزپەرستیی فراوانکاری دابن یەکێک لە مێژوونوسانی ئینگلیز بەم شێوەیە پێناسەی ئەم رژێمە دەکات:

(مەترسیەکانی لە حوکمی رەها دەردەکەون ئەوەیە نوێنەری دەسەڵاتێکی رون وئاسانە، بەڵام دەسەڵاتێکی روتە بێ چاودێرە).

سیماکانی ئەم دەوڵەتە نوێیە لە ساڵەکانی دواتر وێنەیەکی دەوڵەتی تۆتالیتاریی دکتاتۆری نیشان دەدا، دەوڵەتێک هەموو تواناکانی لە خزمەت بەرنامەیەکی یەکگرتوی دارێژراو دابێ، ئەمەش ئەوەبوو کە هیتلەر مەبەستی بوو، بە دیدی هیتلەریش:

1_ پێدا هاتنەوە لە چۆنایەتیی سیاسی وئیداریی ئەڵمانیا وەکو دەوڵەتێکی یەکگرتوی نیمچە فیدرال کە هەر هەرێم و ویلایەتێک مافی تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە هیتلەر ئەم مافانەی هەڵوەشاندنەوە، بەڕێوەبردن وحوکمی سەنتەر بەدەستی هیتلەر بوون، بەم شێوەیە هەنگاوێکی نا کە بسمارک وولهمیش ئەم هەنگاوەیان نەنابوو، ئەڵمانیا بە کردار و بە بەڕێوەبردن لە 1934 بووە یەک دەوڵەتی یەکگرتو بە سیستەمێکی سۆشیالستیی نەتەوایەتیی رەگەزپەرستیی جێرمەنی.

2_ لە ناوبردنی هێزە بەرهەڵستکارو رکابەرەکانی دژی ئەم بەرنامە یەکگرتوەی دەوڵەت، بۆیە (پۆلیسی نهێنی)ی دامەزراند کە بە (جستابۆ) ناسرا دەسەڵاتی فراوان ورەها خێرای جێبەجێکردنی خستنە بەردەست دژی بەرهەڵستکارانی رژێمی نوێی وڵات، پیاوانی جستابۆ لە شار وگوند وهەموو شوێنیک لە

دەزگا حکومیەکان هەبوون. جستابۆ وەکو ئەوەی سەربەخۆ بن هیچ چاودێریەکی دادوەریان بەسەرەوە نەبوو دەیتوانی ئازادی لە خەڵک زەوتکەن، ژمارەیەکی زۆری خەڵک بئاخننە بەندیخانەکان.

3_ پاککردنەوەی ئەڵمانیا لە بەد رەوشتان بەتایبەت لە جوەکان یاسایەکی دەرکرد بەناوی یاساکانی نۆرنبێرگ کە دەڵێ:

ا/ دەرکردنی هەموو فەرمانبەرە جوەکان لەسەر کارەکانیان.

ب/ رێگەنەدان بە و جوانەی پارێزەر یا رۆژنامەنوس یا دکتۆر یا دەرمانساز یا بڵاوکەرەوەن کار بکەن.

ج/ بێ بەشکردنیان لە زەویی جێماوە (ویراسە).

لەم یاسایانە توندڕەوی لە رەگەزپەرستیی دژی جوەکان دەردەکەوێ، بەڵام جوە سایۆنیزمەکان لە وان رەگەز پەرستترن[54] ، جوە سایۆنیزمەکان بڕوایان وایە، ئەوان گەلی هەلبژاردەی خوان گرنگ نیە لە کوێ دەژین هەموو شوێنێک هی ئەوانە تەنها بۆ مەبەستی ئابووری جێگۆرکی دەکەن،هەندێکیشیان بڕوایان وایە کە سەرکردایەتی هەر دەبێ بۆ جو بێ، لە لایەکی ترەوە حکومەتی ئەمەریکا _تا ئێستاش_ کۆت دەخاتە سەر قولەرەشەکان بێ هیچ پاساوێک تەنها بەهۆی رەنگەوە، رەنگ نابێ کار بکاتە سەر خولقانی بوونی ئادەمیزاد.

4_ رێکخستنی گەنجان و فێرکردنیان لەسەر بنەماکانی نازیی نەتەوەیی رەگەز پەرستیی گێرمەنی.

5_ یەکخستنی سیاسەتی ئابووریی دەوڵەت بەشێوەیەک حکومەت دەست بە بەرهەمەوە بگرێ وسەرانگێری بکا، کرێکار وجوتیارەکانیش بەرپرسیارێتی ومافی خۆیان هەیە، لەم حاڵەتە پێویست بە بوونی سەندیکاکان ناکات _ بە دیدی هیتلەر _ بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی کرێکاروخاوەن پیشەکان بکات، بۆیە سەندیکاکانی کرێکاری هەلدەوەشێنرێنەوە، لە شوێنیان (بەرەی کار) دامەزرا. کە لە بنەرەتدا لە کرێکارەکان بەرپرسە بۆئەوەی رێنمای جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی پارتی نازی یان بکات. دەبینین هەندێک سیمای لەیەک چو لە نێوان رژێمی ئەڵمانیای نازی و رژێمی فاشستی هەن.

1_ سەرۆکایەتیی رەهای نەتەوایەتی.

2_ تاک لە نێو کۆمەڵی تۆتالیتاری دەتوێتەوە.

3_ پارتی (فاشستی یا نازی) تاقە پارتی دەوڵەتە.

4_ پشت بەستن بە رێکخراوێکی بەهێز لەڕووی جەماوەری و نیشتمانیەوە لە سەندیکاکان و رێکخراوە گەنجیەکان.

5_ رێگە نەدان بە هێچ هێزێکی بەرهەڵستکار دژی رژێمی فاشستی بووەستێ.

6_ بەکار هێنانی شێوازی پۆلیسی وتۆقاندن بۆ سەپاندنی یاسا و بیرو بۆچونەکان.

7_ نەخشەکێشانی دیار بۆ سیاسەتەکانی دەرەوە و ناوەوە.

---

54 ئەمە بە دیدی نوسەر.

8_ دوژمنداریتیی توند بۆ پارتی کۆمۆنیست.
9_ تێروانین بۆ هەموار کردنی بڕگەکانی پەیماننامەی ڤێرسای.
10_ تێروانین بۆ فراوان بوون لە ئەوروپا.
11_ بەهەند وەرگرتن لە وەدەست هێنانی مەوداکانی زیندو لە(بەلتیک وئەوروپای رۆژهەلات وئیتالیا و دەریای ناوەڕاست و ئەفریکا)[55] هەروەها کارکردن بۆ وەدەست هینانی مەوداکانی ئیمپڕیالی،بەلانی کەم بەقەدەر ئەو پانتاییەی بن کە لە ژێر دەستی فرانساو ئیتالیادایە.
12_ پشت بەستن بە سومبلێکی باڵای مێژوویی (لای نازیەکان ئاریایەتی و لای فاشستەکان ئیمپڕاتوریەتی رۆمانی).
سیاسەتە ناوەخۆییەکانی ئەڵمانیا کێشە لەگەڵ وڵاتەکان دروست دەکەن. وەکو بەرگری کردنی فرانسا وبریتانیا وئەمەریکا لە مافی جوەکان لە ئەڵمانیا، هەروەها یەکخستنەوەی هەموو ئەڵمانیەکان کێشە لەگەڵ چیکوسلۆڤاکیاو نەمساو ئیتالیاو پۆلەندادروست دەکات لەگەڵ دوبارە پەیوەندی کردنەوە لە نێوان روسیا وئەڵمانیا، ئەمانە هەمووی رەوشەکانیان بەرەو گرژی دەبردن.
لە ڕاستیدایەکخستنەوەی هەموو ئەڵمانیەکان لە یەک دەوڵەتی نازیدا ئامانجی یەکەمی هیتلەر بوو، بەڵام پێشتر چەند هەنگاوێک هەبوون دەبووایە بنرابان بەر لەم هەنگاوە ئەویش،زۆر لە خاکەکانی ئەڵمانیا تا ئەوکات لە ژێر چنگی داگیرکاری دەیان ناڵاند (فەرەنسی)، یا بە ڕونتر بڵێین دوبارە پڕچەککردنی ئەڵمانیا وگێڕانەوەی (سار) بۆ ئەڵمانیا. لەگەڵ گەڕانەوەی هێزەکانی ئەڵمانی بۆ راینی لەچەک راماڵراو بەپێی پەیماننامەی ڤێرسای.
پڕچەک کردنەوەی ئەڵمانیا جێی مشتو مری هاوپەیمانانی دوێنێ بوو (فرانساو بریتانیا وئەمەریکا)، هیتلەر ئەم کێشەیەی وەکو پێشێلکاری پەیماننامەی ڤێرسای نەدەخستە رو، بەڵام هاوپەیمانەکانی بەوە تاوانبار دەکرد کە بڕگەکانی پەیماننامەی ڤێرسای تایبەت بە چەکداماڵینیان پێشێل کردوە، بەڵام کاتێک وڵاتانی هاوپەیمان رازی نابن چەکەکانیان داماڵن، ماف بە ئەڵمانیا دەدەن کە خۆی پڕچەک کاتەوە، ئەمەریکا وبریتانیا رایان لەم بارەیە وابوو کە بەهۆی ئەوەی چەک داماڵین ئەستەمە جێبەجێ بکرێت، بۆیە بە یەکسانی چەکدار بکرێن.
فرانسا لەم رایە توند بوو گوایە ئەو ڕووبەڕووی ئەڵمانیا دەبێتەوە ئەگەر خۆی پڕچەک کرد، بەرگەی زیاتر ناگرێ لەوەی لە جەنگی حەفتاکان وجەنگی یەکەمی جیهانی بەسەریهات، بەڵام بارو دۆخەکان لە نارەزاییەکانی فرانسا بەهێزتر بوون، هیتلەر پێی لەسەر خۆچەکدار کردن داگرت، پابەند نەبوونی خۆشی

---

[55] لەم بابەتە هیتلەر دەلێ ئێمە دان بەوە دەنێین کە دەریای ناوەڕاست دەریاچەیەکی ئیتالیە هەروەکو دەریای بەلتیک دەریاچەیەکی ئەڵمانیە.

راگەیاند لە ئەندامێتیی کۆمەڵەی نەتەوەکان، بۆ ئەم مەبەستە ریفراندۆمێکی راگەیاند تا دەنگ لەسەر مانەوەی یا دەرچونی بدەن،ریفراندۆمەکە لە ئۆکتۆبەری 1933 دەنگاین بە دەرچون دا.
هیتلەر بۆ دونیای سەلماند کە بەدەرچونی لە کۆمەڵەی نەتەوەکان نیازی هێرش کردن نیە بۆ سەر هیچ وڵاتێک، بەڵکو لەگەڵ پۆڵەندا _ زۆرترین وڵاتی فراوانکراو لە جەنگی یەکەمی جیهانی _ کەوتە پەیمانێک بۆ ئەوەی کەسیان دەست درێژی نەکاتە سەر ئەوی تر. ئەم پەیماننامەیە لە جەنیوەریی 1934 ئیمزا کرا، لە دەقەکەیدا هاتبوو،هەموو کێشەکان بەرێگەی ئاشتی چارەسەر بکرێن، هیتلەر کاتێکی گونجاوی بۆ ئیمزا کردنی ئەم پەیماننامەیە هەلبژارد، حوکمی نیمچە دکتاتۆری پۆلۆنیا ئەوکات سەرسامبوون بە رژێمی نازی، بە مەزندەی ئەو پۆلۆنیا لە نێوان دو زەبەلاحی (ئەڵمانیای نازی و یەکیەتیی سۆڤیەت) دەتوانێ گەمەی سیاسی لەگەڵ هەردوکیان بکات دوای ئەوەی فرانسا وبریتانیا دڵنیایان کردبووەوە لە هەر دەست درێژیەک لەلایەن ئەڵمانیاوە دەگەنە هانای، دیسان بە مەزندەی پۆلۆنیا دەتوانێ لە رێگەی هاوپەیمانێتیەکەی لەگەڵ ئەڵمانیای نازیی بەهێزتر لە فرانسا دەسکەوت وەدەست بێنێ. پۆلۆنیالەگەڵ بریتانیا لەسەر وەدەست هێنانی دەسکەوت لە ئەنجامی کێشە ناوەخۆکانی ئیتالیا بەمل یەکدا دەچن و هەندێک چاوبرینەکانی (تەماحەکانی) لە چیکسلۆڤاکیا بە ئامانج دەگەیەنێ. هیتلەر لەم هاوپەیمانیتەی سودی وەرگرت، لە 1936 ئەوکاتەی هێزەکانی چونە ناو راین پۆلۆنیا بێلایەن وەستا، هەروەها کاتی فشاری خستە سەر چیکوسلۆڤاکیا لە سەبتەمبەری 1938لە میانەی قەیرانی میونخ.
کێشەی سار یەکێک بوو لە کێشە ورد و هەستیارەکان هەرچەندە لە پەیماننامەی ڤێرسای بەرونی ئاماژەی بۆ دراوە کە دەڵێ:
سار لەژێر دەسەڵاتی فرانسا دەبێ بۆ ماوەی 15ساڵ ئەوسا لە ریفراندۆمێک دا چارەنوسی دیاری دەکرێ.
هیتلەر داوای ساری دەکرد بێ ئەوەی هیچ ریفراندۆمێک ئەنجام بدرێ و بیخاتەوە سەر خاکی ئەڵمانیا.
بەڵام بینیی ئەنجام دانی ریفراندۆم لە بەرژەوەندی ئەڵمانیا دەبێ بۆیە بەریفراندۆم رازی بوو، ئەوەبوو ئەبجامەکەی کە لە سەرەتاکانی 1935 کرا لە بەرژەوەندی ئەڵمانیا دەرچو.
ئەمە بەتەواوەتی ئەنجام نەدرا تا هیتلەر بڕیاری راگەیاندنی سیاسەتەکەی سەبارەت بە چەکداری کردن دا، بە بۆچونی خۆی تاکە رێگەیە بۆ گەڕاندنەوەی هێزەکانی ئەڵمانی بۆ راینی چەک لێ داماڵراو.
بریتانیا بەرنامەیەکی نوێی بۆ چەکدارکردن راگەیاند، بەرنامەکەی زۆر مەزن بوو، لە وەڵامی ئەم بەرنامەیە هیتلەر لە 9ی ئاداری 1935 بە بەرنامەی بەرزکردنەوەی تواناکانی هێزی ئەڵمانی رەدی دایەوە، وڵاتە هەڕەشە لەسەرەکانی بەرزبوونەوەی تواناکانی سەربازیی ئەڵمانی_ لە فرانسا وبریتانیاو ئیتالیا _داوای بەستنی کۆنگرەی (ستریزا) یان کرد لە نیسانی 1935، ئەم وڵاتانە ناڕەزاییان لە پێشێل کردنی پەیماننامەی ڤێرسای دەربری کە لە لایەن ئەڵمانیا پێشێلکرا بە پابەند نەبوونی لە دیاری کردنی تواناکانی سەربازی ئەڵمانیا، بەڵام بێ ئەوەی هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی بنێن، ئیتالیا زو زو لە ئەڵمانیا

نزیک دەبووەوە و بریتانیاش بە دوژمنکاریەکەی ئیتالیا بۆسەر حەبەشە خەریک بوو، نەیدەویست پانتایی کێشەکانی لەگەڵ ئیتالیا بەرینتر بن بۆئەوەی نەکەوێتە باوەش ئەڵمانیا. مەبەستی بوو ئاراستەکانی ئەڵمانیا روەو رۆژهەلاتی ئەوروپا بەرێت، بۆیە پەیماننامەیەکی دەریاوانیی لەگەڵ ئەڵمانیا لە 1935 ئیمزا کرد، ئەم پەیماننامەیە بۆ سنوردار کردنی هێزی کەشتیگەلی ئەڵمانی بوو.

سەیری بلیمەتی هیتلەر کەن لە کاتێکا پۆلۆنیای بەلای خۆیدا کێشا، لە حوزەیرانی 1934هەوڵی کێشانی ئیتالیاشی دا بۆلای خۆی، هێزەکانی نازیە نەمسابیە کانیشی پشتەستور دەکرد ئەوانەی دژی حکومەتی (دلفۆس) کاریان دەکرد کە دواتر لە 24ی تەموزی 1934 تیرۆریان کرد، ئەوکات زۆر هێمن و لەسەرەخۆ بوو کاتێک دۆتچێ هێزی ناردە رێرەوی برنۆ لە کاردانەوەی کوشتنی دلفۆس بەدەستی نازیەکان، هیتلەر نە وروژا و هیچ قەیرانێکی لەگەڵ دروست نەکرد، لە پەیماننامەیەکدا کە لە 1936بەسترا دڵنیای کردەوە کە ریز لە سەربەخۆیی نەمسا دەگرێ، تا ئەوکاتەی لە 7 ی جەنیوەریی 1935پەیمانێک لە نێوان ئیتالیا وفرانسا بەسترا تیایدا دان بە سەربەخۆیی نەمسا نرا و کۆبونەوەکانی ئیتالیا و بریتانیا و فرانسا لە سترێزا لە نیسانی 1935بۆ نارەزایی دەربرین لە خۆچەکدار کردنەوەکەی هیتلەر. تا دواجار هیتلەر لە وەدەست هێنانی دۆستایەتی ئیتالیا سەرکەوت کە تەوەری (ئاکسیس)ی ئیتالی_ ئەڵمانی یان پێکهێنا، ئەم دو لایەنە زۆر لەیەک دەچون لە روی ئامانج ودروست بوون، کاتێک گۆرانەکان ئەم لەیەک چونانەیان بەهێزتر کردن بەتایبەتی لە روی:

1_ دوژمنداریێتیان بۆ ئیمپراتوریەتی دیموکراتیی ئیمپریالیزمی لە روی ئایدیۆلۆجیا و ئابووری و دوژمنداریێتیان بۆ کۆمۆنیستی.

2_ پێویستیی هەریەک لە ئەڵمانیا وئیتالیا بە موستەعمەری تر بەهۆی بەرز بوونەوەی رێژەی دانیشتوانیان و بۆ مەبەستی کردنەوەی بازاری نوێ.

3_ رێککەوتنی ئامانجەکان لە جەنگی ناوەخۆی ئیسپانی.

4_ رێککەوتن لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی تۆتالیتاریی سۆشیالیستی بۆرجوازیی نەتەوایەتیی دەسەڵاتدار.

5_ هەر یەک لە ئەڵمانیا وئیتالیا رقیان لە کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو، ئیتالیا لە 1937 لێی دەرچوو دوای چوار ساڵ لەدەرچونی ئەڵمانیا و یەک ساڵ لەخۆ کێشانەوەی ژاپۆن. بۆیە کارێکی ئاسان بوو بۆ هیتلەر داوا لە دۆتچێ باکا بێتە ناو (میساق)ی ئەڵمانیی ژاپۆنی ی دژی کۆمۆنیستیی نێودەوڵەتی، کە پێشتر لە 25ی نۆڤەمبەری 1936بەسترا، هەرواش بوو ئتالیاش لە نۆڤەمبەری 1937چوە ریزی. بەڵام فرانسا لەم بەهێز بوونەی ئەڵمانیا بێزار ببوو، پەنای بۆ پیادە کردنی سیاسەتە رادیکالیەکەی برد ئەویش بریتی بوو لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت بۆئەوەی ئەڵمانیا نەتوانێ بە تەنیای دەست لە فرانسا بووەشێنی لەو حاڵەتە لە دو لاوە هەرەشەی لێ دەکرێ (1935_1936، کاتێک هیتلەر بەمەی زانی بریاری دا کە ئەم

پەیماننامەیە پرۆسەی ئاشتی وکیانی ئەڵمانی دەخاتە مەترسیەوە بۆیە لە پێناو ڕاست کردنەوەی پارسەنگی نێودەوڵەتی، هێزێکی نارده سەر راینی لە چەک داماڵراو.

لێرە حکومەتی فەرەنسی ڕوبەڕووی رەخنەو تیرو توانجی زۆر بووەوە کە هیچ هەڵوێستێکی بەرامبەر بەم سنور بەزاندنەی ئەڵمانیا نەبوو لەکاتێکا هێزەکانی ئەڵمانیا زۆر لە هێزەکانی فرانسا لاواز ترو بێ توانا ترن، کەشتیگەلی ئەڵمانی هێشتا لە بێشکەدابوو هەروەها چەکی ئاسمانیی، بەڵام دەبێ لەبەر چاو بگرین کە ئەم تەخمینانە دوای قەیرانەکە بوون نەک لە میانەی. فرانسا بەتایبەت لە بەیەکدادانە تەنیاییەکانی لەگەڵ ئەڵمانیا، دەترسا.

بە شێوەیەکی گشتی گەلی فەرەنسی رقیان لە گەڕانەوەی جەنگ بوو.

حکومەتی فەرەنسی تەنیا لەم کێشەیە بەرپرس نەبوو بەڵکو لە زیاتر لە یەک کێشە لێی بەرپرسیار بوو، وەزارەتی لافال لەژێر فشارەکانی دوژمنکاریی ئیتالیا بۆسەر حەبەشە ی دەناڵاند، دواتر هەڵبژاردنەکان هاتن کە تیایدا (بەرەی گەلی)ی چەپڕەوی فەرەنسی سەرکەوتن، بەهۆی ئەم قەیرانە حکومەتی فرانسا لە توانایدا نەبوو هیچ سیاسەتێک دیاری باکا بۆ کێشە خەتەرناکەکە، ئەم لێدانە زۆر سەرکەوتوبوو بە رادەیەک هتلەر خۆشی بڕوای وانەبوو بەم شێوەیە دەبێ، بووە هۆی هەژاندنی پێگەی نێودەوڵەتیی فرانسا، کە هاوپەیمانەکانی فرانسا (پۆلەندا وبەلژیک وئینگلتەرا) سیاسەتێکی نا دوژمنکارانەیان لەگەڵ ئەڵمانیا گرتبووە بەر، ببووە هۆی کەم بوونەوەی گرژی لە نێوانیان.

بەشی حەڤدەهەم

فرانساو بریتانیا لە نێوان هەردووجەنگی جیهانی دا

حکومەت و گەلی فرانسا دڵیان بۆ تواناکانی ئەڵمانیا لێدەدا ئاخۆ لە روی ئابووری وسەربازی وجێنیشی تاچەند گەشەی کردوە، ئەم مەترسیانە مایەی باس وخواس بوون، لە هەمان کات مایەی مشتومڕ و ناویفاقیش بوون، بەهۆی بێ توانایی حکومەتی فرانسا لە درک کردن بە سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەهۆی سەرنەکەوتنی حکومەت لە وەدەست هێنانی زۆرینەی پەرلەمان.

چونکە فرانسا وڵاتێکی فرە پارت بوو یەک پارت بە تەنیایی ناتوانێ زۆرینە وەدەست بێنێ، دواتر حکومەتە (ئیئتیلافیەکان) بە هۆی تێکەوتنی پارتی خاوەن سیاسەتی جیا،لە توانایان دا نەبوو بەرنامەیەکی رون ودیار بۆ سیاسەتی دەرەوەو ناوەوە دیاری کەن.

هەندێک وەزیر شێوازی دەرکردنی رێورەسمیان گرتبووە بەر، لەجیات ئەوەی پڕۆژە پێشکەش پەرلەمان کەن لەخۆیانە بڕیاریان دەردەکرد ئەمەش پێشێلی یاساکانی دیموکراتیی پەرلەمانە. ئەمە تەنها بۆئەوەبوو تا پەرلەمان گرفت نەخەنە بەر پڕۆژەکانیان، ڕاستەوخۆ بڕیاریان لەسەر کارەکانی خۆیان دەدا، ئەم شێوازە سەرەتا لافال گرتیە بەر هەرچەندە لە لایەن بانگخوازانی بە هێز کردنی دەزگا جێبەجێکاریەکانی دەوڵەت ڕووبەڕووی رەخنەی زۆر لەسەر ئەم شێوازە بووەوە.

ئەمانە لە کاتێکا رودران کە ئاراستەی دونیا روەو ئەوە دەچو دەسەڵات بخرێتە دەست سەرکردەیەک بۆ ئەوەی بە توانایی و بە هێزەوە وڵات بەرێت بەڕێوەو ڕەوڕەوەی بەرهەم هێنان و سیاسەت بەرەو لوتکە

بەرێ، فەرەنسیەکان ئەم شێوازەیان یەکەم جارلە دوژمنەکەیانەوە بینی بۆیە دەنگی نارەزایی و داخوازی چاکسازی ریفۆرم لە دام ودەزگا حکومیەکان بەرز بوونەوە.

فرانسا مافی خۆی بوو ساڵ بە ساڵ ترسی لە ئەڵمانیا زیاد بکا، هاوپەیمانەکانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی بە دروستی هاوکاریان نەکرد، بۆیە دەبێ پشت بە خۆی ببەستێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەڵمانیا، هەرچەندە فرانسا چەند پەیمانوکەیەکی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەلات بەستن لەوانە (یۆگسلافیا، رۆمانیا، چیکوسلۆڤاکیا، پۆلۆنیا) بەڵام ئەم وڵاتانە ناتوانن سنگ لە ئەڵمانیا بگرن، بۆیە ترسەکانی هەر وەکو خۆیان مانەوە لەوەی جارێکی تر ئەم دو وڵاتە ڕوبەڕووی یەکتر ببنەوە هەروەکو ئەو ڕوبەڕووبوونەوەی لە سەردەمی بسمارک و ناپۆلیۆنی سێیەم رویدا، بەتایبەت ئەم ترسانە ئەوکاتە زیادیان کرد کە ئابووریی ئەڵمانیا لە سی یەکان گەشەیان کرد دەبوونە مایەی بووژانەوەی سەربازیی خێرا.

ترسەکانی فرانسا لە ژیانەوەی ئابووریی ئەڵمانیا لە شوێن خۆیان بوون بەتایبەت لە ساڵەکانی سیەکان و دواتریش، رۆژنامەیەکی بەریتانی لەم بارەیەوە لە سەرەتاکانی جەنیوەریی 1933بەم شێوەیە لەسەر ئەڵمانیا دەنوسێ:

(ئەڵمانیا بووە بەهێزترین وڵاتی ئەروپا لەڕووی ئابووریەوە، خاوەنی پیشەسازیەکی تەواوە.. لە توانایدایە هەموو دونیا بە کاالا هەرزانەکانی داپۆشێ، رکابەر وکێبەرکێ کارێکی خەتەرناک و دژوارە نەک هی ئەوروپای ناوەڕاست بە تەنها بەڵکو هی هەموو ئەوروپا).

حکومەتی فرانسا پێویستیی بە دەوڵەتێکی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی ببێتە هاوپەیمانی بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی لەگەڵ حکومەتی نازیی هیتلەری ومۆسۆلینیی فاشستی. بەڵام حکومەتی فرانسا ناتوانێ چۆنایەتیی وەکو ئەم دوو حکومەتە بێ، بەهۆی سروشتی گەلی فرانسا و جیاوازیی لەگەڵیان، ئەو گەلەی تامی تالی و ستەمی حوکمی رەهای (لویسی چواردەم) وشۆڕشی ستەم کاری(سەرکردە شۆڕشگێرە فەرەنسیەکان)و کۆمەڵی پەشێوی (حکومەتی بەڕێوەبردن)و پادشاخوازی دەستوریی لاوازی(لویسی هەژدەهەم وشارل ی دەیەم)و ئیمپڕاتۆریەتی تاک رەوی(ناپۆلیۆن ی یەکەم)و ئیمپڕاتۆری دەستوریی (ناپۆلیۆنی سێیەم)وکۆماریی دیموکراتیی پارتی هەڵبژاردنی ئیمپڕیالیی(کۆماری سێیەم)ی کردبێ، رەوشەکان بە سەقامگیری دەستوری کۆماری کۆتاییان هات حەزەکانی فەرەنسیەکان بۆ دیموکراتی لە تێربوون دابوون دەرفەتی مەزن بوونیان بۆ رەخسا کە لە کاتی واتەرلۆوە لە 1815بەدوایدا دەگەڕان.

کەوابێ حوکمەتی فرانسا بەدوای حکومەتێکی بەهێزدا دەگەرا نەک فاشستی ونەک نازی بەڵکو دیموکراتیی حزبی، سەرەڕای ئەوەی دیموکراتیی رۆژئاوا ڕوبەڕووی هێرشی رەخنەی توند دەبوو، لەگەڵ هەوڵەکانی ڕاستڕەوەکان و چەپڕەوەکان بۆ دەست گرتن بەسەر دەسەڵات، بەڵام سەردەم بووە سەردەمی چینی زەحمەتکێش، بەهای حکومەت لە بەرنامەی سۆشیالیستیەکەی دابوو، بەهای پارتەکانیش لە مەودای خۆبەستنەوەیان بە چینی کرێکارو جوتیاران دابوو، زۆرێک لە پارتی چەپڕەو لە فرانسا وەدەر کەوتن، ئەم جۆرە پارتانە پاڵێوراو بوون بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست.

بەڵام ناویفاقیەکانی نێوان پارتەکان دروست بوونی بەرەی بە دواخست، تا ئەوکاتەی ئەم پارتانە هەستیان بە مەترسیی هابەش کردن لە سەرکەوتنی پارتێکی فاشست بەسەریان ئەوسا (بەرەی گەلەری) لە پارتە چەپڕەوەکان دامەزرا بۆئەوەی بگەن بە دەسەڵات و بەرنامەی چاکسازیی گشتگیر جێبەجێ کەن.

ئەم بەرەیە لە دە پارت پێکهات، بۆچونی جیایان لەسەر مەسەلەی پرۆلیتاریا و بوورجوازی هەبوون:

1_ پارتی رادیکالی.

2_ پارتی کۆمۆنیست.

3_ پارتی سۆشیالیست.

4_ کۆمەڵەی مافی مرۆڤ.

5_ بزوتنەوەی خەبات.

6_ یەکیەتی گشتیی کۆنفیدرالی بۆ کاری یەکگرتو.

7_ یەکیەتی گشتی کۆنفیدرالی بۆ کار.

8_ کۆمیتەی روناکبیرانی دژی فاشیست.

9_ کۆمیتەی جیهانی دژی فاشیزم وجەنگ.

10_ یەکیەتی سۆشیالیستی کۆماری.

چەند هۆکارێکی ناوەکی ودەرەکی هەبوون بۆ دروست بوونی (بەرەی گەلەری) لە 1935 لە فرانسا گرنگترینیان ئەمانەن:

1_ بەهۆی ئەوەی پارتێکی بەهێز لە وڵات حوکمی نەگرتبووە دەست کە بتوانێ ڕوبەڕووی مەترسیەکان بێتەوە، متمانە بە حکومەت نەمابوو،دیسان بەهۆی ململانێی نێوان سیاسەتمەدارو فەرمانڕەواکانی پارتیی فرانسا نەتوانرا سیاسەتێکی رون و ئاشکرای ناوەوە ودەرەوە بۆ فرانسا دیار بکرێ، تەنها ئەوە نەبێ دژی ئەڵمانیا سیاسەتی توند پەیرەو دەکرا.

2_ فرەپارتی لە وڵات و زاڵ نەبوونی یەکیان بەسەر ئەویتر بووە مایەی لاوازی حکومەت و بێتوانایی لە ئەنجام دانی بەرنامەی چاکسازی وبەهێز کردنی دەزگا جێبەجێ کاریەکان تەنها جەخت کردنەوە لە سەر دەسەڵاتەکانیان لە ئیتالیا ی فاشیست و ئەڵمانیای نازی پەیرەو دەکرد.

3_ ئابڕوچونەکانی دارایی کە ئەندام پەرلەمان و پیاوە دەسەڵاتدارەکان و فەرمانبەران دەستیان تێدا هەبوو و تێیەوە گلابوون، بانگخوازیەکانی رسواکردنیان و پاکتاو کردنی دامو دەزگای حکومەتی فەرەنسیی دیموکراتی لە گەندەڵی، ببوونە مایەی گاڵتەجاری مۆسۆلینی و هیتلەر.

4_ پەیماننامەی فەرەنسیی سۆڤیەتی لە 1936 هاندەرێک بوو بۆئەوەی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی لەگەڵ حکومەت بکەوێتە ئاشت بوونەوەیەک، دواتر لەگەڵ پارتە چەپڕەوەکان کەوتنە دروست کردنی فراکسیۆنێک بۆ بەرگری کردن دژی فاشیزم ونازیزم.

لە بەرامبەر ئەم کۆمبوونەی چەپەکان کۆمبوونێکی ڕاسترەوەکانیش پێکهێنرا، ئەمیان ئامادە بوو گەمە بە فرانک بکا بۆ ئەوەی چەپەکانی پی تەنگەتاو کا ئەم هەڵوێستەیان رق و کینی لە نێوان چەپەکان و ئۆلیگارکیە داراییەکان کە دەستیان بە تواناکانی وڵاتەوە گرتبوو دروست کرد، بانکی فرانسا لە ڕێگەی پشکدارە مەزنەکانەوە (سەهم) ئاڕاستە دەکرا، ئەوان لە توانایان دابوو گەمە بە ئابووریی وڵات بکەن.

ئەم کۆمبوونە چەپە بۆ هەڵبژاردنەکان ئامادە کرابوو، لە هەڵبژاردنەکان بەرەی گەلەری بە سەرۆکایەتی لیۆن بلۆم سەرکەوت، حوکمەتی لە گەورە چەپڕەوانی فەرەنسی پێک هێنا بێ ئەوەی پارتی کۆمۆنیتس بەشدار بێ بەڵام نوێنەرانی پشتگیریان لێ کرد.

بەرنامەکانی بەرەی گەلەری روەو رودانی گۆڕانێکی بنەڕەتی ی رادیکالی لە ڕێکخستنی بەڕێوەبردن و یاسادانان و کرێکاری وئابووری وبەرهەمهێنان ودارایی هەنگاوی دەنا، بە شێوەیەک گەرەنتی بن بۆ بەهێز کردنی تواناکانی فرانسا بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەڵمانیای نازیی پەرەسەندو.

لەم سۆنگەیەوە بەرەی گەلەری کاری بۆ بەهێز کردنی دەسەڵاتەکان کردن تا هەموو دەسەڵاتەکانی خستنە بەردەست حکومەت بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی بەتوانا ی کاریگەر بە دەزگاکانیەوە. لەهەمان کات کاری بۆ پاکتاو کردنی دەزگاکان کرد لە فاشستەکان کە لە فرانسا بڵاو ببوونەوە.

لە روی چاکسازی بەڕێوەبردن، بەرەی گەلەری بەرنامەو ئامانجی رون و زۆری هەبوون، کاری زۆری ئەنجام دان بەڵام گەندەڵی لە دام ودەزگا حکومیەکان لەم ئاستە نەبوون تاقە حکومەت بتوانێ هەموویان ریشەکێش کا، لەڕووی چاککردنی باری ژیانی کرێکار و زیاد کردنی رۆژانەی کرێکاران سەرکەوتو بوو، بەرەی گەلەری کاتژمێری کارکردنی کەم کردەوە، کردنی بە چل کاتژمێر لە حەفتەیەک دا، کرێی رۆژانەشی زیاد کرد،هەندێک پیشەسازیی سەربازیی خۆماڵی کردن (تامیم)، لەگەڵ ئەمەش بەرهەم زۆر نەبوو، رەخنە زیاتر بوون، ناویفاقیەکانی نێوان سەرکردەکانی بەرەی گەلەری رون بوون، بۆیە ئەم بەرەیە درێژەی بە حوکمڕانی نەدا، وەزارەتی (لیۆن بلۆم) بەهۆی بێتوانایی لە ڕوبەڕووبونەوەی قەیرانە ئابووریەکان روخا، ئەو قەیرانانەی لە ماوەی جەنیوەری 1936تا جەنیوەری 1937فرانسا توشی هات.

گومان لەوەدانیە کە تواناکانی بەرە لە ئەنجام دانی گۆڕانی بنەڕەتی سنوردار بوون، گومان لەوەشدانیە ئەو سەردەمەی ئەم حکومەتە دەسەڵات دار بوو کێشە نێودەوڵەتیەکان بایەخیان زیاتر دەویست لە کێشە ناوخۆییەکان، بەر لەوەی بەرە دەسەڵات بگرێتە دەست ئەڵمانیا راینی داگیر کردبوو، ئۆپەراسیۆنە دوژمنکاریەکانی ئیتالیاش لە حەبەشە یەک لەدوای یەک بوون، هەروەها دەستێوەردانەکانی فاشستی ئیتالی و نازیەکان وسۆڤیەتەکان لە جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا باڵیان بەسەر رەوشەکاندا کێشابوو ئەمانە بوونە هۆکاری ئەوەی (لیۆن بلوم) لە گۆڕانە ناوخۆییەکان کەم بایەخ بێ.

لەم ماوەیە بریتانیا لەسەر رەوشێکی سەقامگیری سیاسی مایەوە، ململانێ لەنێوان سێ پارتی مەزن بوو:

1_ پارتی پارێزگاران.

2_ پارتی ئازادی خوازان.

3_ پارتی کرێکاران.

مشتو مرەکان لەسەر سیستەمی وەزاری بوون بێ ئەوەی کەس دەست بخاتە ناوی.

قەیرانە مەزنەکانی توشی بریتانیا هاتن دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بریتی بوون لە:

1_ مان گرتنی 1926 وقەیرانی ململانێ لە نێوان کرێکاران و پارێزگاران.

2_ قەیرانی ئابووریی نێودەوڵەتیی مەزن لە 1929.

3_ کێشە درێژخایەنەکەی ئیرلەندا.

4_ دەست هەڵگرتنی پادشا ئەدواردی هەشتەم لە تەختی پادشایەتی لە 1936.

هێزی رەوتی سۆشیالیست لە بریتانیا _وەکو هەموو وڵاتانی تری ئەوروپا _ دوای جەنگی یەکەمی جیهانی سەریان هەڵدا، لە دوای 1920خۆپیشاندان ومان گرتن لە ریزی کرێکارەکان ئەنجام دەدران بەتاییەت لەناو کرێکارانی کانزاکان، بۆ توێژینەوە لەم مەسەلەیە لیژنەیەک بەسەرۆکایەتی (سیرجۆن سانکی) پێک هات. لە راپۆرتی ئامادە کراو لە لایەن ئەم لیژنەیە، بە ئاشکرا پەنجەی تاوان بۆ ئەو سیستەمەی حکومەت درێژ دەکات کە تائەو کات بۆ بەڕێوەبردن کانزاکان پیادە دەکرا، راپۆرتەکە داوا دەکات چاو بەو رێنما وسیستەمە دابرێژرێتەوە بە شێوەیەک کە پانتایی زیاتری جەماوەر لە خاوەنداریێتی ئەم کانزانە بکەن و رەچاوی بەرژەوەندەیکانی کرێکاران بکرێ. بەڵام حکومەتی پارێزگاران _ کە لە هەڵبژاردنەکانی 1921بەسەر پارتی کرێکاران وئازادیخوازان سەرکەوتبوو _ئەم داوایانەیان بە ئەنقەست پشتگوێ خستن.

کرێکارەکان هەڕەشەی مان گرتنی گشتیان کرد لە 1921بەڵام حکومەت گوێی پێنەدان. ئەوەبوو لە ئایاری 1926دوای ئەوەی دانوستانەکانیان لەگەڵ حکومەتی سەرمایەدار کە مەبەستی بوو رۆژانەکان کەم کاتەوە، هەرەس دێنن دوبارە کرێکارانی کانزاکان بڕیاری مان گرتنێکی گشتیان دا.

مان گرتنەکەی 1926 لەگەڵ ئەوانی پێشتر جیابوو، بەوەی بەرفراوانتربوو و زۆرێک لە کۆمەڵە جیهانیەکان پشتگیریان بۆ دەربڕین کە ئەمانە بوون:

1_ کرێکارانی هێلی ئاسنین و گواستنەوە.

2_کرێکارانی چاپەمەنی.

3_ کرێکارانی بیناسازی.

4_ کرێکارانی کانزای ئاسن و پۆلا.

لەتەک ئەمان هەندێک کارگەڕانی بوواری بازرگانیش هەبوون، ئەم مان گرتنە بووە سەنگی مەحەک بۆ دەرکەوتنی توانا وخۆراگڕی کرێکاران بەرامبەر بە
خاوەن سەر مایە نێودەوڵەتیەکان.

حکومەتی پارێزگاران رشت بوو لەسەر ئەوەی ئەم مان گرتنە سەرنەگرێ، لەرێگەی بەڕێوە بردنی وێستگە وبنکە پیشەسازیەکان ودەست گرتن بەسەر بنکە ی بارکردن وداگرتن و هاتوچۆی ناوەخۆ.

حکومەتی پارێزگاران بەرامبەر بەم فراکسیۆن سازیە کرێکاریانە خۆراگر بوو، لەگەڵ ئەوەش لە

1927هەوڵی بڵاوە پێکردنی مان گرتوانی دا بە دەرکردنی بڕیار و ناساندنی مان گرتنەکان بە نایاسایی بە پاساوی ئەوەی هەڕەشە لەسەر حکومەت و نەتەوە دەکەن.
کاتێکیش قەیرانی ئابووریی نێودەوڵەتی لە 1929رویدا و نرخی جونەیهی ئستەرلینی دابەزی ئەوسا کرێکارەکان _ بە سەرۆکایەتی رەمزی ماکدۆنالد _ دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، بەڵام کێشەی ئابووری زۆر ئالۆز بوو، ماکدۆنالد ناچار دەبێ لە هاوینی 1931حکومەتی یەکیەتی نیشتمانی دادەمەزرێنێ، کاری بۆ کەم کردنەوەی خەرجی و موچەکان کرد لەگەڵ زیاد کردنی باج و گومرگ لەسەر هاتو بۆئەوەی لە کۆمبوونی کاش دورکەوێتەوە. هەروەها کاری بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکانی ئابووری لەگەڵ موستەعمەرەکانی بریتانیا کرد، ئەمانە بریتانیایان لە سیاسەتی لاسایی کەرەوە دور دەکردەوە کە بریتی بوو لە (بازرگانیی ئازاد).
بە شێوەیەکی گشتی تواناکانی ئابووری بریتانیا لە پەرەسەندن دابوو ئەمە بووە مایەی فراوان بوونی دەسەڵاتەکانی ئیمپراتوریەتەکەی.
ئەگەر سیاسەتی ناوەخۆو ئابووریی بریتانیا سەقامگیربێ و ببێتە هۆی بووژاندنەوە وزیاتردەست گرتنی ئیمپراتۆریەت بەسەر موستەعمەرەکانی، ئەمە نیشانەی ئەوەیە سیاسەتی دەرەوەی بەدیدی زۆر لە مێژوونوسان سیاسەتێکی سەرکەوتووبووە هەر ئەمانەش بوونە هاندەری هیتلەر تا دژی ئەوروپای رۆژهەلات و پەیماننامەی ڤێرسای ئەم کارە جەربەزەییانە بکات، ئەم مێژوو نوسانە دوای جەنگ حکومەتی بریتانیایان بەمانەی خوارەوە تاوانبار دەکرد:
1_ هاندانی ئەڵمانیا بۆ فراوان بوون بە ئاراستەی ئەوروپای رۆژهەلات و یەکیەتی سۆڤیەت.
2_ بەهێزکردنی بوورجوازیی نەتەوایەتیی توندڕەوی نازی لەڕووی سەربازیەوە بە هاوکاری کردنیان بە چەک و بسپۆری و هونەری سەربازی،ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاش بە هەمان ئاراستەی خەتەرناکدا دەرۆیشت.
3_ حکومەتی بریتانیا بە راشکاوانە بە تەواوەتی لە تەک نازیزمی ئەڵمانی وەستا، ئەوکاتەی پەیمانی حوزەیران ی لە 1935لەگەڵ ئیمزا کرد کە بە پێی ئەم پەیمانامەیە هاوکاریی مادیی و هونەریی ئەڵمانیا دەکات بۆ بنیاد نانەوەی ژێردەریاوانیەکانی، بەم شێوەیە بریتانیا و ئەمەریکا جێبەجێ کردنی تیۆریی (ئاسایشی بەکۆمەڵ) یان بن چاڵ کرد کە یەکیەتی روسیاش پابەندی بوو، لەئەنجام کارەساتی (میونخ)ی بەناوبانگ لە 1938رویدا.
بەدیدی چمبرل _ سەرۆکی پارێزگاران_ لەیەک تێگەیشتن لەگەڵ ئەڵمانیا باشترە لە راکردن بەدوای بیرۆکەی (ئاسایشی بە کۆمەڵ) تەنانەت بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەشی وەلانا کە رۆزفلت _ سەرۆکی ئەمەریکا _ پێشنیاری کرد بوو بۆ مەبەستی هێور کردنەوەی پەشێویەکانی دونیا. لە دانو ستان و سازشیەکان لەگەڵ ئەڵمانیا بەردەوام بوو تا گەیشتە ئەو ئاستەی داوای لە هتلەر کرد هەموو کێشەکانی نێودەوڵەتی یەکلا کەنەوە و هەندێک موستەعمەرەکانیش بۆ ئەڵمانیا بگێرێتەوە، بەڵام حکومەتی بریتانیا لەم

هەوڵانەی ڕاستگۆیە ؟ یا مەبەستی کرینی ئاشتیەکی کاتی بوو بە هەر نرخێک بێت تائەو کاتەی لەگەڵ فرانسا یا یەکیەتی سۆڤیەت خۆی دەخاتە کەندرێکی مان ونەمان ؟ هەموو بڕواکان دەڵێن کە چمبلن گەمەی بە یاریەکی زۆر مەزن دەکرد تا ئەوەبوو لە داگیرکردنەکەی نەمسا و دانوستانەکانی میونخی 1938 یش بێ دەنگ بوو.

بەشی هەژدەهەم

قەیرانە نێودەوڵەتیەکانی بەر لە جەنگی دووەمیجیهانی

1_ دوژمنکاریی ئیمپریالیزمی ژاپۆنی بۆ سەر چین

2_ ئیمپریالیزمی ئیتالی بۆ حەبەشە

3_ شەڕی ناوەخۆی ئیسپانی ودکتاتۆریەتی فرانکۆ

4_ هیتلەرو گەڕاندنەوەی یەکیەتی ئەڵمانیا

(1) دوژمنکاریی ئیمپریالیزمی ژاپۆنی بۆ سەر چین

کێشەی چینی _ ژاپۆنی یەکێک بوو لەو کێشانەی بەر لە جەنگی دووەمی جیهانی هەموو دونیای پێ نیگەران ببوون، دیرۆکی ئەم کێشەیە ئەوەبوو کە ژاپۆن ببووە وڵاتێکی مەزن لەسەر ئەوروپا، ژمارەی جێنیشی زیادیان کردبوو بەرهەمە زۆرەکانی لەگەڵ ژمارە کەمەکانی موستەعمەرەکانی تێکیان نەدەکردنەوە ئەو موستەعمەرانەی لە ئەڵمانیاوە بۆی جێ مابوو لە ناوچەکانی رۆژهەلاتی دور و فەرمۆزا و کوبا، داگیرکردنی بەندەری بۆرت هانی ئەوەی دەدا لە فراوانکاری بەردەوام بێ لە مەنشوریا، بەڵام مەنشوریا چینی بوو ئەوکات چین (چانگ کای چیک) سەرۆکایەتیی دەکرد ئەوەندە لە مێژ نەبوو لە شەڕی ناوەخۆ رزگار ببوو، ئیتر سیاسەتەکانی ژاپۆن بەرامبەری گۆڕان هێرشێکی ئابووریی کردنە سەر وەکو رێخۆشکەر بۆ داگیر کردنی مەنشوریا.

ناردن و هێنانی ژاپۆنی بۆ مەنشوریا بە رێژەیەک زیادیان کرد.

ژاپۆنیەکان پرۆژەی ئابووریی لێ جێ بەجێ کردن وەکو هێلی ئاسنین، بە دەیان هەزار ژاپۆنی کۆچیان کردە مەنشوریا. ئەم سیاسەتەی ژاپۆن بووە فاکتەری مانەوەو روخانی وەزارەتەکان، کامیان بایەخی بە مەنشوریا دەدا وکامیان پشتگوێی دەخا. سەرکردە سەربازیەکانی ژاپۆنیش لە بیستەکان وسیەکانی سەدەی بیستەم زۆر بە پەرۆش بوون مەنشوریا بگرن.

حکومەتی چین _ ئەندام بوو لە کۆمەڵەی نەتەوەکان _ مەبەستی بوو سەرنجی وڵاتان بۆ ئەم جولانەوە دوژمنکاریەی ژاپۆن راکێشێ بێ ئەوەی خۆی هیچ هەنگاوێک لەم بووارە بنێ، چونکە رەوشەکانی ئەوسا لەبار نەبوون بە هۆی:
قەیرانە ئابووریە نێودەوڵەتیەکەی 1929کە هەموو دونیا پێیەوە خەریک بوو. دیسان بەهۆی گەشە کردنی فاشیست لە ئیتالیاو نازی لە ئەڵمانیا و خەریک بوونی یەکیەتی سۆڤیەت بە کێشە ناوەکیەکانیەوە و ئەندام نەبوونی لە کۆمەڵەی نەتەوەکان و لەق بوونی جێ پای کۆمەڵەی نەتەوەکان، بەتایبەت دوای دەرچونی ئەڵمانیا لە کۆمەڵە لە ساڵی 1933و خۆکێشانەوەی ئیتالیا لە 1936.
دواتر حکومەتی چینی نیشتمانی ناچاردەبێ پشت بە هێزە پەرشو بڵاوەکەی خۆی ببەستێ بۆ بەرپەرچ دانەوەی هێرشە دوژمنکاریە سەربازی وئابوورییەکەی ژاپۆن، ئەلبەت ئاسایی بوو کە کاردانەوەی ژاپۆنیەکان بۆ پڕۆژە ئابووریەکانی چین کە هێلی ئاسنین بوو توند دەبێ، هەروەها دژی کۆچی کرێکارە چینیەکان بوو بۆ مەنشوریا، ئەمە کۆچێکی نەخشە دارێژراو بوو نەک هەرەمی.
بە زیاد بوونی کێبەرکێکانی ئابووریی چین و ژاپۆن لە مەنشوریا روداو لە نێوان گەلی ژاپۆنی وگەلی چینی لە مەنشواریا لە زیادبوون دابوو، کە زۆرجار دەبووە هۆی کوشتن لە هەردو لایەن. ئەم کارانە بوونە هۆی جولاندنی هەستی نەتەوایەتی لە هەردو لا، بانگخوازی لە نێو فراوان خوازانی ژاپۆنی بەرزبوونەوە بۆ هێرش بردنە سەر چین، ئەم داخوازیانە زیاتر بوون بە زیاد بوونی رێژەی بێکاری بەهۆی قەیرانە ئابووریەکەی نێودەوڵەتی. بەم شێوەیە شەڕکردن لەگەڵ چین چارەسەری کێشەی ئابووری و هەستی نەتەوایەتیی ژاپۆنیەکان دەکات وێرای پێویستی ژاپۆن بە مەودای فراوانتر بۆ دۆزینەوەی چارەی زیادبوونی سەرنشینەکانی.
ژاپۆن روداوی تێکدانی هێلی ئاسنینیەکەی لە مەنشوریای بە هەل زانی، بێ ئاگاداری وگەفل یکردن لەشکرەکانی (کوانتۆنج) هێرشیان کردە سەر پێگەکانی سەرەکیی و ستراتیجی لە خواروی مەنشوریا لە سەبتەمبەری 1931و داگیری کرد.
چین پەنای بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان برد بە پشت بەستن بە بڕگەی 11 کە دەلێ هەنگاوی پێویست بگرێتە بەر بۆئەوەی وڵاتێک هێرش نەکاتە سەر وڵاتێکی تر.
هەروەها پەنای بۆ ئەمەریکا برد بە پشت بەستن بەو پەیماننامەیەی لە نێوان ئیتالیا و واشنتۆن و ئەڵمانیاو یەکیەتی سۆڤیەت لە ئابی 1928 ئیمزاکرا لە بۆ رێگە نەدان بە هەڵگیرسانی جەنگ و کارکردن بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکان لە نێوان وڵاتان بە رێگەی ئاشتیانە، ئەمەش بە ناوی (میساق)ی بریاند _ کلۆج ناسرا.
کۆمەڵەی نەتەوەکان لە تواناى دا نەبوو هیچ بڕیارێکی یەکلا کەرەوە بدات دواتر ژاپۆن ئامادە نەبوو گوێڕایەلی بڕیارەکانی بێ وڵاتە مەزنەکانیش لە بەرامبەر ئەم کێشەیە کەمتەرخەم بوون هیچ بڕیار وهەنگاوێکیان دژی نەنا. کەمتەرخەمی ئەمەریکا پێویستی بە توێژینەوە هەیە چونکە بەهێز بوونی ژاپۆن

مانای وایە تێروانینەکانی ئەمەریکای ئیمپریالی بۆ رۆژهەلاتی دور تیادەچن، ئەمەریکا لەم هێرشە دوژمنکاریە تەنها بە بەیاننامەیەکی نارەزایی وەستا لەمە زیاتر هەڵوێستی نەبوو، بەڵام ئەم بێ هەڵوێستەی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، بە بڕوای ئەمەریکا فراوان بوونی ژاپۆن لەسەر حسابی چین هەڕەشەیە بۆ یەکیەتی سۆڤیەت کە بنکەی دەرچون و هاوکاریکردنی چاڵاکیەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیی چین بوو، دواتر ژاپۆن بە دیدی بەرپرسە ئەمریکیەکان بەرسنگ گری یەکیەتی سۆڤیەتە، دەبێ لەم کارانە دەست کراوە بێ، ئەگەر چی هەندێکیش لەگەڵ تیروانینەکانی ئەمەریکاش نەیەنەوە..... هێزەکانی ژاپۆن لە داگیر کردنی مەنشوریا بەردەوام بوون، دوای ئەوەی ئەمەی بۆ چوە سەر حکومەتێکی خۆجێیی بۆ دامەزراندن وسەربەخۆیی راگەیاند بەناوێکی نوێ (مۆنشۆکۆ) لە 1932 ژاپۆنیەکان ئیمپراتوری کۆنی چین (پو- یی) یان کردە ئیمپراتۆری ئەم دەوڵەتە لەرزۆکە.

پو.یی

حکومەتی ژاپۆن بەردەوام بوو تا هەرێمی (جیهۆ) ی داگیر کرد کە دەکەوتە نزیک پەکین، لاوازی چین لە روی سەربازی و پشت تێکردنی وڵاتە مەزنەکان و تێک چونی رەوشی کۆمەڵەی نەتەوەکان هۆکاری

گەشە کردنی ژاپۆن و چاوبرسێتیەکەی بوون، ژاپۆن لە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە 27ی ئاداری 1933 خۆی کێشابووەوە.

دەستی کرد بە دارِشتنی سیاسەتی گێرانی رۆڵێکی سەرەکی لە رۆژهەلاتی ئاسیا وەکو ئەو رۆڵەی ئەمەریکا لە دونیای نوێ دەبینێ بە گوێرەی بڕواکانی مۆنرۆ.

ئەمە کاتێک دەرکەوت کە بانگخوازی ئەوەی دا کە هیچ وڵاتیک مافی نیە دەست لە رۆژهەلاتی دور وەربدا جگە لە وڵاتانی ئاسیایی، لەم پێناوە کاری بۆ گەشە پێدانی کەشتیگەلیی کرد بۆ ئەوەی بەرامبەر بە کەشتیگەلی ئەمریکی وبەریتانی بووەستێ، بەم کارەی کێبەرکێیەکی دەریاوانی و سیاسیی خولْقاند.

ئەم گەشە کردنەی ئیمپریالیزمی ژاپۆنی بووە هۆی ئەوەی ئەمەریکا لە ئاست یەکیەتی سۆڤیەت بە سیاسەتەکانی خۆیدا بێتەوە، ئەوەبوو وەکو رێخۆشکەریەک دانی پێنا بۆگرتنەبەری سیاسەتێکی هاوبەش دژی مەترسیەکانی ژاپۆن، بەڵام لەهەمان کات داوای لە ژاپۆن دەکرد لەگەڵ چین لە دەرگایەکی کراوەدا بێ [56]بەروی هەموو لایەک بۆئەوەی وەکو کاری داگیرکاری سودی لێ وەرگرن بۆیە هێلە رکابەرەکانی ژاپۆن لەدەوری مانەوە ژاپۆن ناچاردەبێ هەنگاوێکی خەتەرناکتر بنێ، بریتی بوو لە دەست خستنەسەر چین بەگشتی گشتی کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئابووریی ژاپۆن بە هێز بێ یا بە رەزامەند، چین رازی نەبوو بە خۆشی خۆی ببێتە موستەعمەری ژاپۆن، لە ئەنجام جەنگ لە نێوان ژاپۆن و چین لە 1937رویدا، بەبیانوی ئەوەی ژیانی هاوڵاتیانی ژاپۆنی لە ئەنجامی سیاسەتەکانی چین لە مەترسیدایە، بەر لەوەی چین بکەوێتە خۆ و ئامادە باشیەکانی سەربازیی بەسەرۆکایەتی (شیان کای چیک)ی دوژمنی سەرسەختی ژاپۆن.

لە کاتی روداوی سنور کە لە نێوان هێزەکانی چین و ژاپۆن لە شاری (وان- بنج) روی دا لە سەرەتای تەموزی 1937، حوکمەتی ژاپۆن داوای لە چین کرد هێزەکانی لە باکوری چین بکێشێتەوە، واتا چارەنوسی باکوری چین وەکو چارەنوسی مەنشوریای لێهات، حکومەتی چانگ کای شیک ئەمەی رەت کردەوە.

ئەوەبوو هێزەکانی ژاپۆنی لە ناوەڕاستی مانگی تەموز هێرشیان کردە پەکین ولە 18ی تەموز داگیریان کرد، دواتر بۆ شانگهای ونانکی لە ساڵی پاشتر. دواتر بۆ چینی باکورو ناوەڕاست و کەنارەکانی چینی باشور، ئەوکات چانگ کای چیک پەنای بۆ(چۆنگ کینج) برد کەچی ئەو سوربوو لەسەر شەڕکردن.

سەرەڕای شکست و کارەساتەکانی یەک لە دوای یەکی سوپاکانی چینی و لەدەست دانی ملیۆنەها سەرباز لە مەیدانەکانی جەنگ و دەست گرتن بەسەر یەک لەسەر پێنجی باشترین خاکەکانی چین لەگەڵ ئەمەش بە تێروانینەکانی چینیەکان سەرکەوتن بۆ ئەوان بوو، ئەم تێروانینانەش بنەمایان لەم خالانەوە گرت بوو:

---

[56] سیاسەتی دەرگای کراوە.

1_ ژاپۆن نەخشەی بۆ شەڕێکی خێرا و کتو پڕ دانابوو تا هێزی خەباتی چینی لە بار بەرێ بۆئەوەی حوکمەتی نیشتمانیش ناچارکا بە مەرجەکانی ژاپۆن رازی بێ، ئەوسا ژاپۆن خۆی بینیەوە توشی بە شەڕێکی درێژخایەن و پان و بەرین بووە.

2_ هێزەکانی ژاپۆن دەستی گرتبوو بەسەر شارو پێگە ستراتیجیەکان بەڵام گوندەکانی چینی لە ژێر دەسەڵاتی چینی نیشتمانی بوون ئەمەش بۆ ژاپۆنیەکان هەڕەشەبوو کە ڕووبەڕووی شەڕێکی پارتیزانی دژوار ببنەوە.

3_ ژاپۆنیەکان بڕوایان وابوو دوای لێدانەکان، حکومەتی چانگ کای چیک دەروخێ، بەڵام بەرگریی کرد و بەردەوام بوو لە خۆراگری سەرەڕای نابەرامبەری هێزەکانی لەگەڵ هێزە زەبەلاحەکەی ژاپۆن.

4_ سیاسەتی ژاپۆنی ئابووری هەڕەشەی لە بەرژەوەندیەکانی ئەوروپی لە ناو خاکی چین دەکرد، ئەمە بووە زەرور کە لە بچوکترین دەرفەت ئەوروپیەکان جولەیەک بکەن. ئەم شەڕانە بەردەوام بوون تا جەنگی جیهانی دووەم بەرپابوو ئەوسا ئەمانەش بوونە بەشێک لە جەنگی جیهانی دوم، بەشێکی زۆر گرنگیش دوای ئەوەی ژاپۆن لە لیبرال هاربەر ی دا لە 1941.

(2) ئیمپریالیزمی ئیتالی بۆسەر حەبەشە

ئەفریکای رەش لە نیوەی دوایی سەدەی نۆزدەهەم ئامانجی ئەوروپای داگیرکار بوو، ئەوکات هیچ وڵاتێکی سەربەخۆ لە ئەفریکا نەبوو، جگە لە حەبەشەی کریستی کە حاکمێکی نیشتمانپەروەری هەبوو ئەویش هیلاسی لاسی بوو. بەڵام ئەو کاتەی موستەعمەرەکانی ئیتالی لە ئەریتێریاو سۆماڵی ئیتالی بڵاو ببوونەوە ئەم دەوڵەتە ببووە دەوڵەتێکی ناوەخۆ، هەروەها موستەعمەرەکانی بەریتانی و فەرەنسی لە سودان وسۆماڵی ئینگلیزی و سۆماڵی فەرەنسی (جیبۆتی) هەبوون، ئیتالیای دل پڕ لە کین لە هەموو جێماوەکانی(وراسە) فەرەنسی وبەریتانی وئەڵمانی لە ئەفریکا، تەنها حەبەشەی بە مەودای گونجاوی خۆی دەبینی، بەتایبەتی ئەگەر ئیتالیا ئەم شوێنە داگیر کا دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ هەموو موستەعمەرەکانی لە رۆژهەلاتی ئەفریکا هەبێ.

داگیرکردنی حەبەشە بۆ ئیتالیا و ئەوروپا ئامانجی تری دە پێکا:

1_ گەلی ئیتالی تا ئەوکات بەزینەکانی پێگەی (عدوە) لە 1896یان لە بیرمابوو

که پادشا (منلیک) هێنابوویە ڕێی سوپاکانی ئیتالی. مۆسۆلینی یەکێک بوو لەو سەرکردانەی مەبەستی وەدەست هێنانی ئەوجۆرە سەرکەوتنانە بوون کە پێشتر نەیان توانیوە وەدەستی بێنن تا بلیمەتی خۆی بسەلمێ بە سەلماندنی زاڵ بوونی ئیتالیای دۆتچێ و فاشست.

2_ ئەوروپا بۆ تیۆریی زاڵبوونی ڕەگەزی ئەوروپی و پەیامی مرۆیی پیاوی سپی، زۆردەمارگیربوو، تەنانەت ئەگەرئەم پەیامە لەسەرلاشەی ئەفریکیە کانیش تەواوبێ، دواتردا گیرکاریەکەی ئیتالیا بۆحەبەشە لە ئەوروپا پێشوازیی لێ کرا تەنها لە لایەن هەندێک سەرکردەی ئەوروپی نەبێ ئەویش لەبەر هۆکاری سیاسی بوو.

3_ فاتیکان لە ئامادەکاریەکانی ئیتالیا بۆ داگیر کردنی حەبەشە بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند،لەهەمان کاتیشدا ناڕەزایی لەم هەنگاوە دەرنەبری، مەزندەکان بۆ ئەوە دەچن کە لەم داگیرکردنەی فراوان بوونی مەوداکانی بڵاو کردنەوەی کاسۆلیکیی دەبینی لەگەڵ دەستەڕۆ بوونی کەنیسەی قبتی لە حەبەشە و دواترڕادەست کردنی بۆ کاسۆلیکی.

بەڵام بە جێ گەیاندنی ئەم ئامانجە تەگەرەی زۆری لە پێشە وابە ئاسانی ئەم مەرامانە بە ئەنجام ناگەن، ئەم کارە هەموو دونیا دەخاتە بەردەم قەیرانێکی ئالۆز هەندێک دەوڵەت دەکاتە دژی ئیتالیا، گرنگترین کۆسپەکان بریتین لە:

بریتانیاو فرانسا لە 1906ەوە دەسەڵاتیان لە حەبەشە لە نێوان خۆیاندا دابەش کردبوو، هەر سنور بەزاندنێک مانای ڕوبەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە،بەڵام ئەم هاوکاریە لە روبووروبوونەوە بەهۆی ناویفاقیەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە نێوان ئینگلیز وفرانسا لاوازە. فرانسا ترسی لە بەرپەرچ دانەوەی پڕۆژەکەی ئیتالیا هەبوو نەبادا لە ئەنجامی ئەم بەرپەرچ دانەوەیە نزیک بوونەوە لەگەڵ ئەڵمانیا روبدا یا ببێتە مایەی جەخت کردنەوەی چالاکیەکانی ئیتالیا لە دەریای ناوەڕاست کە ئەمەش بۆ فرانسا سەریەشەیە.

2_ حەبەشە لە 1923 ببووە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەم هەنگاوەی ئیتالیا رواداوێکی خەتەرناکە بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان بەر لە ئێستا روی نەداوە کۆمەڵە دەخاتە هەژان، ئەمە لەسەر بنەمای (ئاسایشی بەکۆمەڵ) بنیاد نراوە بۆ پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتانی ئەندام. نەدەبووایە وڵاتەکان ئەمە قەبوول کەن چونکە ئەمە چارەنوسی هەموویانە بەڵام هەڵوێستی وڵاتە مەزنەکان هێز بە مەساجی کۆمەڵە دەدات هەر ئەو هەڵوێستەشە یاچەمکەکان بە هێز دەکا یا شەرمەزار. مۆسۆلینی دەیزانی کە هەمووشتێک دەکرێ گفتوگۆو سازشیان لەسەر بکرێ چ لەگەڵ بریتانیای ئیمپریالیزم چ لەگەڵ فرانسای ئیمپریالیزم کە شەوو ڕۆژ ترسی لە بەستنی هاوپەیمانیەتێکە لە نێوان ئیتالیا وئەڵمانیا. لێرەوە ئامادە باشیەکانی ئیتالیا بۆ سەربازی ودانوستان لەگەڵ پاریس ولەندەن وەرگیران.

دیارە کە فاکتەری ئابووری لە دوژمن کاریەکەی ئیتالیا بۆ سەر حەبەشە بەدی دەکران، ئەم فاکتەرەش دوسەرە بوو:

1_ نێردراوە زانستیەکانی ئیتالیی هەڵسابوون بە ئەنجام دانی توێژینەوە لە سەر توانا ئابووریەکانی حەبەشە، راپۆرتەکانی ئەم نێردراوانە باسیان لە دەوڵەمەندی حەبەشە کردبوو لە روی سامان و بەرهەمی کشتوکاڵیی سەر زەمین و یەدەکی ژێر زەمین تەنانەت هەندێکیان ئاماژەیان بە بوونی (پلاتینیۆم) یش دابوو.

2_ چارەسەر کردنی فاشست بۆ قەیرانی ئابووریی ئیتالیا کە لە ساڵی 1929وە ڕوبەڕووی ببووەوە، بەشێکە لە چارەسەری قەیرانی ئابووریی جیهانیی مەزن کە چارەسەریەکی ریشەییان بۆی پێنەکرا تا ئیتالیاش توشی هات و دواتر ڕوبەڕووی شەپۆڵی بێ کاریش هات، فاشست ئەم بێکاریەی لە رێگەی بەسەربازی کردن پەردە پۆش کرد کەئەمەش توانایەکی سەربازیی بەرفراوان دەخاتە بەردەست حکومەتی ئیتالیا، دەتوانێ چاوتێبڕینەکانی لە فراوانکاری پێ بە ئەنجام بگەیەنێ.

دواتر ئیتالیا خۆی ئەریتێریای داگیر کردوە ئەگەر بریتانیا ئاوی حەبەشەی لە روباری نیلەوە لێبگرێتەوە ئەم دەتوانێ کار بکاتە سەر بریتانیا و ئەم پرۆژەیەی نەزۆک کا، ئەوکاتەی بریتانیا ویستی لەمپەرێک لە سەر دەریاچەی (تانا) دروست کا، ئیتالیا لەگەڵی کەوتە سازشیەک، لە 1925بەم شێوەیە پێک هاتن:

1_ بریتانیا مافی ئەوەی هەیە لەمپەرێک (بەنداو) ێک لە شوێن دەرچونی دەریاچەی تانا دروست کا.

2_ بەشی رۆژئاوای حەبەشە ناوچەی دەسەڵاتی ئیتالیا دەبێ.

پەیوەندیەکانی ئابووریی ئیتالیاو حەبەشە بە پێی بەرنامەیەکی دارێژراو لە گەشە کردن دابوو، لەگەڵ ئەوەی (میساق) ی دۆستایەتی و خۆشەویستی لە نێوان ئیتالیا وحەبەشە دا هەبوو لە 1928وە بەڵام ئابووریی ئیتالیا بە شێوەیەکی مەترسی دار خزابووە ناو دەزگاکانی حەبەشە کە هەڕەشەیان لە سەربەخۆیی دەکرد بۆیە هیلاسی لاسی ناچار دەبی داوا لە سەرمایە دارانی ئەمەریکا بکا بۆئەوەی لە مەترسیەکانی ئیتالیایان رزگار کا ولەدەست فشارەکانی ئابووری ئیتالیاش نەجاتی بێ، بەڵام بوونی ئیتالیا وەکو دراوسێ و نەبوونی شوێن پێی ئەمەریکا لە ناوچەکەو دورەدەستی و هەڵوێستە نەرێنیەکەی بریتانیا وفرانسا لە دەست تێوەردانەکانی ئیتالیا، ئەمانە بوونە هۆکاری ئەوەی مۆسۆلینی فشارەکانی توند تر بکا و لە ژوانی دەرفەتێکدا بێ تا داگیری کا. ئەم دەرفەتە لە کاتێکدا هات کە پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی لەوپەڕی ئاڵۆزی دا بوون لە ساڵەکانی 1934/1935، لە دێسەمبەری 1933کێشەیەکی چەکداری لە نێوان هێزەکانی ئیتالی و حەبەشە لەسەر خاوەندارێتی گوندی (وال وال) دروست بوو تیایدا 30 سەربازی ئیتالی کوژران، لەگەڵ ئەوەی هێزەکانی ئیتالی دەستیان گرتبوو بەسەر (وال وال) بەڵام مۆسۆلینی داوای قەرەبووی دەکرد، رازی نەبوو هیچ گفتو گۆیەک لەسەر هۆکارەکانی دروست بوونی ئەم کێشەیە بکەن. حەبەشە ش پەنای بۆ (میساق)ی کۆمەڵەی نەتەوەکان برد، داوای ناوبژیوانیی کرد بە پێی (میساق) ی دۆستایەتی وخۆشەویستیی نێوان ئیتالیاو حەبەشە، بەڵام ئیتالیا لە فشارو ویفاقردنەوەی هێزە سەربازیەکان بەردەوام بوو، سەرەڕای

داوا کردنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە بە پێی (میساق)ی ناوبراو، ئیتالیا هەموو هەوڵە ئاشتیخوازەکانی رەت کردنەوەو هێزەکانی بەرەو ناوجەرگەی حەبەشە بردن.

ئەم جەربەزەییەی ئیتالیەکان بۆ ئەمانە دەگەرێنەوە:

1_ کەسایەتیی بەهێزی مۆسۆلینی و رشت بوونی لە داگیر کردنی حەبەشە لە پێناو چەسپاندنی سیاسەتە فاشستیە ئیمپریالیزمیەکەی.

2_ سەرکەوتنی لە دانوستانەکانی لەگەڵ (بییر لاڤال) ی وەزیری فەرەنسی کە تیایدا لەسەر ئەوە پێکهاتن، چاوپۆشی لە هەنگاوەکانی ئیتالیا بکرێ.

3_ لاوازی کۆمەڵەی نەتەوەکان بە رونی ئاشکرا بوو کە ناتوانێ (ئاسایشی بە کۆمەڵ) بۆ وڵاتان و بەتایبەت بۆ حەبەشە دابین بکا.

4_ بریتانیا بەرەو ئەو ئاراستەیە چو تا ئیتالیا بە بەشێک لە حەبەشە رازی کا _ نەک هەمووی _ و لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ فرانسا کەوتە گفتوگۆ. لەهەمان کات سمۆیل هۆر بڕوای وابوو کە لەگەڵ فرانسا بکەونە گفتوگۆ و کەشتیگەلی بەریتانیش بۆ ئەم مەبەستە بەکار بێنن وەکو هێزێکی فشار. لەگەڵ دەرکردنی بڕیارێک لە کۆمەڵەی نەتەوەکان ئیتالیا وەکو دەست درێژ لەم کردەوە ناو ببا بەڵکو خۆبابییەکانی ئیتالیا سنوردار دەبن. سەرەڕای جولەکردنی کەشتیگەلی بەریتانی لە دەریای ناوەڕاست، ورەی مۆسۆلینی دانەبەزی، هەروەها لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان رەزامەندیی لەسەر سەپاندنی سزا بەسەر ئیتالیا دا، بریتانیا مەبەستی نەبوو لەسەر کێشەی حەبەشە لەگەڵ ئیتالیا بکەونە جەنگ بۆیە خۆی دەهێنا ودەبرد، سزا سەپێندراوەکانیش ئابووری بوون کارێکی ئەوتۆیان بەسەر ئیتالیاوە نەبوو. دوایین هەوڵەکانی حەبەشە ئەو رێککەوتنە بوو کە لە نێوان هۆر و لافال ئەنجام درا لە پێناو دەستکەوتنی دەروازەیەکی دەریایی لە بەندەری (عەسەب) حەبەشە رازی بوو لە دەست گرتنی ئیتالیا بەسەر پانتاییەکی زۆری خاکەکانی حەبەشە. بەڵام بریتانیا بەم خیانەتە رازی نەبوو کە ئەندامێکی کۆمەڵە بەم شێوەیە سەرفراز بکرێ بۆیە (هۆر) دەستی لەکار کێشایەوە، هەروەها وەزارەتی لافال یش روخا، بەڵام ئیتالیەکان دەستیان بەسەر هەموو خاکی حەبەشە دا گرت و فیکتۆر عەمانۆئیل ی سێیەمیان کرد بە ئیمپراتۆری حەبەشە ئەوە بوو لە ساڵی 1936 رۆژهەلاتێکی ئەفریکیی ئیتالی دروست بوو ئەو ساڵ هەمان ساڵ بوو کە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا بەرپا بوو.

(3)جەنگی ناوەخۆی ئیسپانی و دکتاتۆریا

فرانکۆ

دوای جەنگی پێنجەمی لەگەڵ ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە 1898و لەئەنجامی لەدەست دانی موستەعمەرەکانی لە ئەمەریکای باشور لە چوار یەکی یەکەم و دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، ئیسپانیا لە هەرەسێکی گشتی دابوو، پادشای فەرمانڕەوا لە ئیسپانیا لە حوکم رانییدا پشتی بە کەنیسەی کاسۆلیکی و دەسەڵاتی دکتاتۆری بەستبوو، دەستوریشی پەک خستبوو، بەڵام هێزە ریفۆرمەکان لە دەسەڵاتی کۆنەپەرستان بەهێزتر بوون، بیری سۆشیالیست و لیبرالی لە نێو کرێکاران و دانیشگاکان بڵاو بوونەوە، ئەم پەرەسەندنەی لیبرالیەکان رەگی گەندەڵی و ئۆروستوکراتیەتی کۆشکی پادشایەتیی قولتر کرد.

بەهۆی ئەوەی هێزی رکابەری ئۆتۆکراتیی دەسەڵاتدار ئەوەندە بەهێز نەبوو هەروەها بووژانەوەی دەسەڵاتی سەربازیە لایەنگرەکانی پادشا، هەموو شۆڕشەکانی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی کە لە ئیسپانیا بەرپا ببوون کاری گەر نەبوون وەکو شۆڕشی بەرشەلۆنە لە 1909بەڵام هەژاندنی مەزن کە هەموو کۆمەڵگای ئیسپانیی هەژاند لە رۆژئاواوە هاتبوو. لە 1921سەرکردەی موجاهیدی عەرەبی لە گوندەکانی ئیسپانیا توانیی هێزە نەیارەکان و هێزە نیشتمانپەروەرەکان دژی ئیمپریالیزمی ئیسپانی ویفاقاتەوە، هەروەها عبدالکیرم الخطابی توانیی لە 1921کارەساتێک بەسەر لەشکری ئیسپانی بێنێ کە تیایدا پتر لە دەهەزار کوشتیار هەبوون.

گورزەکانی بە حکومەتی ئیسپانی دەکەوتن کوشندە بوون، بەڵام کوشندە تر ئەو گەندەڵیە بوو کە پادشا فۆنسۆ ی سیانزەهەم تێی کەوتبوو.

ئەگەر کەسانی نیشتمانپەروەر دەست بگرن بەسەر وەزارەتەکان ئەوسا کەس لەتوانایدا نیە بەرگری لە ئابڕو چونەکانی پادشا بکاو لەدەست گەلی رزگار کا، ئەمە دوای ئەوەی رۆژنامەکان و پەرلەمان داوای ئاشکرا کردنی گەندەڵی و کارەساتەکانیان دەکرد داوایان دەکرد هۆکاری ئەو کارەساتە سەربازیانە رون بکرێنەوە، ئەوەبوو کاریان بۆ روخانی حکومەت کرد.... حکومەتێک بە سەرۆکایەتی دکتاتۆر جەنەرال بریمۆ دی ریڤێرا لە سەپتەمبەری 1923 پێکهات.

ئەوەندەی نەبرد پەرلەمان هەڵوەشایەوە، ئازادیەکان سنوردار کران ورکابەرە کانیش دور خرانەوە، بەدەستێکی پۆلایین دەست گیرا بەسەر حوکم، بەڵام ئەم جۆرە حوکمڕانیە توندو تیژە ناتوانێ درێژە بە دەسەڵات بدا بەڵکو رۆژ لە دوای رۆژ لایەنگرانی کەم دەبنەوە و چارەسەری دلەراوکێی گەل ناکا تا

کاتێک خۆی بە گۆشەگیر دەبینێتەوە تەنها لە ڕێگەی سوپا حوکم ڕانی دەکا. ئەگەر متمانەی خەڵکیش لەدەست بدا ئەوا چارەنوسی ڕوخانە.

ئەمە لە 1929بەسەر بریمۆ دی ریڤێرا هات لە ئەنجامی فشاری گەل بۆ حکومەتێکی هەلبژێردراو ی نوێنەرایەتیی دەستوری، ناچار دەبێ لە 1930دەست لە کار بکێشێتەوە. پادشا هەستی بەوە کرد کە ڕەوتی پێشکەوتن خواز ئەوەندە بەهێزە ئەستەمە بەرۆکی لێ بگیرێ. بۆیە رێورەسمێکی دەرکرد بە رەها کردنی ئازادیەکان وئەنجام دانی هەڵبژاردن، ئەمە دەرفەتێکی باش بوو بۆ سەرکردە سۆشیالیستەکان بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجومەنی نوێنەران و کورسیی وەزارەت.... پارتە کۆماریخوازەکان سەرکەوتنی باشیان وەدەست هێنا، کاری کردە سەر پادشا تا وڵات جێ بێڵێ...... لە 1931کۆماری ڕاگەیەندرا (زائیمزاا) بە شێوەیەکی کاتی بوو بە سەرۆک کۆمار، حکومەتێکی سۆشیالستی چەپڕەوی بەرهەڵستکاری کەنیسە و پادشایەتی و دکتاتۆریی سەربازیش پێک هێنرا.حکومەتی زائیمزاای (ئیئتلافی) بەرنامەی چاکسازی خۆی لەسەر ئەم بنەمایانە داڕشت:

1_ دەسەڵاتێکی کۆماریی پەرلەمانیی دیموکراتیی هەلبژێردراو.

2_ئازادی ئاینی، لە پێناو پاراستنی یەک ریزی ڕۆشنبیرانەی گەل، خوێندنگا ئەکلیرکیەکان هەلدەوەشێندرێنەوە.

3_ جێبەجێ کردنی چاککردنی کشتوکاڵی و خۆماڵی (تامین) کردنی مولکەکانی کەلیسا.

4_ توانا ئابووریەکانی وڵات لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتی دابن. حکومەتی (ئازانا) _ لەدوای حوکمەتی زائیمزا هات _ هەنگاوی مەزنی لە مەیدانی جێبەجێ کردنی بەرنامەکان نابوو، بەڵام ئەوەندەی نەبرد لە ئەنجامی هێرشی چەپڕەوەکان توشی پەشێوی هات، زیاتر شۆڕشگێر یان لێ داوا دەکردن، بەهۆی ئەوەی لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی بەرنامەی چاکسازی زیانی زۆر بە بەرژەوەندیەکانی پادشاخواز و سەربازیەکان و دەرەبەگ و کاسۆلیکەکان کەوتبوو، ئەوانیش بۆ قۆستنەوەی ئەم هەڵە پێکهاتەی ڕاستڕەو لەمان وچەپڕەویش لە لایەنی چەپڕەوەکان پێک هێنران بۆ ڕوخانی حوکمەتەکەی (ئازانا). دوای ئەوە ئیتر حوکمەت کەوتە ناو قەیرانێکی تایبەتی بەهۆی نەمانی متمانە و سپاردنی پۆستی وزاری بە کەسانی بێ بنکە جەماوەری و بێ توانا بۆ بەرەنگار بوونەوەی ڕوداوە کتوپریەکان.

وڵات ڕووبەڕووی شۆڕشێکی کۆمۆنیستی بوو لە 1934بەڵام هەر زو کپ کرایەوە و ڕەنگدانەوەیەکی خەراپی لە ناو جەماوەر جێ هێشت، هێزی چەپڕەوە هەستی بەوە دەکرد کە خەریکە کارەکانی لەدەست دەردەچن و ڕاست ڕەوەکان گورزی خۆیان دەوەشێنن. بۆیە شێوازی کلاسیکیان گرتە بەر بۆ وەدەست هێنانی زۆرینەی پەرلەمان کە لە 1936ئەنجام دەدرێ. مەزندەکانیان وادەرچون لە 1937 هەڵبژاردن ئەنجام دراو و (بەرەی گەلەری) زۆرینەی کورسیەکانی وەدەست هێنا کە بریتی بوو لە 267 کورسی، بەڵام ئەم سەرکەوتنەی لەسەر حسابی پارتی میانڕەو وەدەست هێنا کە 60کورسیی وەدەست هێنابوو، پارتە

ڕاستڕەوەکانیش 132کورسی، ئەمە بووە مایەی مسۆگەر بوونی ڕووبەڕوو بوونەوە لە نێوان هەردو نەیار، بەڵام ڕاستڕەوەکان شێوازی تۆقاندنی چەکدارانەیان گرتبووە بەر بۆ لەناو بردنی نەیارانیان.
(بەرەی گەلەری) کاری بۆ دورخستنەوەی (زائیمزاا) کرد لە سەرۆکایەتی کۆمار، لە شوێن ئەم (ئازانا) یان دانا بەڵکو ئەم بتوانێ دەست بگرێ بەسەر دۆخەکە بەڵام بەهۆی تێک چونی رەوشەکەو زۆر بوونی هێزی تێک هەلچو ئەمەی بۆ نەکرا، ئەم هێزە تێک هەلچوانەش بریتی بوون لە:
1_ کۆمۆنیستەکان، بنکەکانیان لە (ئستۆریاس) و(سەڤیلس).
2_ هاوپەیمانێتیی نێوان هەندێک لە سەرکردە سۆشیالیستەکان و سەرکردە کانی هەندێک لە سەندیکاکان.
3_ (فلانگ) ئەمەش دکتاتوری پێشو خۆسێ کوری ئەنتۆنیۆ دی ریڤیرا لە کۆمەڵێک ئەفسەر دروستی کردبوو.
وڵات کەوتە رەوشێکی ئاژاوە و هێزەکان کەوتنە گیان یەکتر لە شەقامەکان کوشتار دەکرا تۆقاندن هەڕەشەی لە خێزان دەکرد، ئەو دادوەرەی فەرمانی بەسەر یەکێل لە (فلانگ) بسەپاندبا لاشەکەیان بە کوژراوی دە دۆزیەوە، رۆژنامەوانەکان ئەگەر هێرشیان بکردبایە سەر لایەنێک تیرۆر دەکران، کۆمۆنیستەکان و ئاژاوەگێران مان و خۆپیشاندانی مەزنیان ئەنجام دەدان لە مەدرید، کارەکان پەرەیان سەند بێ کاری زیاد بوو بەرهەم نەما وڵات کەوتە دۆخێکی شەڕی ناوەخۆ و شۆڕش دژی حکومەت بەرپا بوو. سەرەتای شۆڕش بەدەستی چەند ئەفسەرێک بە سەرۆکایەتی کالفو ستیلۆ دەستی پێکرد، کە وەزیری دارایی بوو لە وەزارەتی دکتاتۆر ریڤێرا. بەڵام لە 13ی تەموزی 1936کوژرا بەهۆیەوە جەنەرال سان جۆرجۆ لە مەراکیشەوە دژی ئیسپانیا هەڵسایەوەو دەستی گرت بەسەر سپتە وملیلیە، کاتێک بە روداوی فرۆکە دەمرێ جەنەرال فرانسکۆ فرانکۆ جێی دەگرێتەوە. هەر زو ئەو خەڵکانەی بەدەست حکومەت چەوسابوونەوە چونە ریزی ئەم شۆڕشە بۆیە روخانی حکومەتی پێ کارێکی ئاسان بوو، بەڵام حکومەت پشتی بە هێزێکی زۆری سوپا بەستبوو، دەبووایە جەماوەریش ئەوەی رقی لە دکتاتۆریەتی سەربازی و سوپای فرانکۆیە کە هێزی رۆژئاواشی لەگەڵدا بوو، دەبێ ئەوروپا لە تەک روسیاو فرانسا وئیتالیا وئەڵمانیا بەرپرس کەن لە درێژە کێشانی ئەو خوێن رشتنە ناوەخۆییەی کە ساڵەکانی 1936 تا 1939رویان دا. ئیتالیا 10هەزار سەربازی وەکو هاوکاری بە فرانکۆ دا، ئەمەو چونکە حکومەتە نوێکەی بە سەرۆکایەتی (کالبیرۆ)ی سۆشیالیست کاری بۆئەوە دەکرد تا بەرپەرچی فرانکۆ بداتەوە لە مەدرید ئەو حکومەتەی پێکیاتبوو لە سۆشیالیستەکان وکۆمۆنیستەکان، یەکیەتی سۆڤیەت بە سەربازی و هەموو شێوەکان پشتگیریی لێ دەکردن. بەم شێوەیە ململانێکە لە ئیسپانیا لە نێوان سۆشیالیستی بوورجوازیی نەتەوەخواز لە لایەک کۆمۆنیستی جیهانی لە لایەکی تربوو، بەڵام ئایا ئەم ئایدیۆلۆژیانە تاکە هۆکار بوون بۆ ئەوەی هەریەک لە یەکیەتی سۆڤیەت و ئیتالیا وئەڵمانیا دەست بخەنە ناو کێشە ناوەخۆییەکانی ئیسپانیاو کە ئەم هەموو قوربانی و

زیانانەی لێ بکەێتەوە ؟...ئامانجی قول لای وڵاتەکان هەبوون کە بوونە هۆی دەستێوەردانیان کە ئەمانەن:

ئیتالیا

لە مەزنترین وڵاتی دەست تێوەردەری ئیسپانیا بوو ژمارەی سەربازەکانی گەیشتبوونە 40 هەزار سەرباز، مەزندەی ئەوە دەکرا لە بەرامبەریدا دورگەی (بلبیار) لە فرانکۆ وەردەگرێ کە دەکەوێتە بەرامبەر چیای تاریق ی ئینگلیزی یا بەشداریی پێ لە داگیرکاری مەراکشدا دەکات.

ئەڵمانیا

مەزندەی ئەوەی دەکرد هەندێک (ئیمتیاز)ی لە دەستگرتن بەسەر کانزاکانی پێ بدا لەهەمان کات مانەوەی فرانکۆ لەسەر دەسەڵات فرانسا ناچار دەکا هێزێکی زۆر لە برانس بهێلێتەوە ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی هێزەکانی فەرەنسی پارچە پارچە بن، بەتایبەت ئەو کاتەی دۆستایەتیەکەی ئەڵمانیی ئیتالی رون و ئاشکرابوو کە لە زیاتر لە پێگەیەک.هەڕەشەی لە فرانسا دەکرد

یەکیەتی سۆڤیەت

مەبەستی بوو کۆمۆنیست بەروی ستەمی فاشست لە ئەوروپای رۆژئاوا (ئەڵمانیا_ ئیتالیا _ ئیسپانیا _بورتوگال) بەهێز کا، هاوکاریەکانی بۆ هەردوو لایەن دەنارد، هەموو هەوڵەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ راگرتنی دەست تێوەردانە کان ونێردە مرۆیی وتەقەمەنیەکان بێ سود بوون. کورتی مەوداکە لە ئیتالیا و بێ سۆزی فرانسا بۆ کۆماریخوازەکان وبریتانیا ش بە وەرگرتنی هەڵوێستی بێلایەن، بوونە هۆکار و یارمەتی دەری مانەوەی فرانکۆ و بە هێزبوونی کە توانیی لە ئاداری 1939مەدرید بخاتەوە ژێر دەستی خۆی، بەم شێوەیە کۆتایی بە شەڕی ناوەخۆی خوێناوی هات. ئەنجامەکانی دوای جەنگ کە فرانکۆ لێی دەرچو مایەی سەرسورمانی وڵاتانی دراوسێ بوو بەتایبەت (ئەڵمانیا وئیتالیا)، سەرەڕای ئەوەی مۆسۆلینی وەکو دیار بوو بە سەرکەوتویی لە جەنگ دەرچو. بەرای ئێمە ئەوەی لەم شەڕە بە سەرکەوتویی دەرچو تارادەیەک ئیتالیاو بریتانیاو فرانسا وئەڵمانیا بوون. ئەمەش باج وئەنجامەکانی ئەم جەنگە ناوەخۆییەی ئیسپانیایە فرانکۆ حوکمێکی دکتاتۆریی ئیسپانیای دەکرد ئەم جۆرە حوکمانە ناکرێ بۆ دکتاتۆرێکی تر سەردابنوێنێ، هەر کە لە قەیران و تەنگەتاوەکانی ناوەخۆ تەواو بوو ئیتر نۆرەی ئەوەیە کەسایەتیی بەهێزی خۆی بۆ دەرو دراوسێکان بسەلمێنێ تەنانەت ئەوانەی لە رۆژە رەشەکەش بە هانای هاتن بۆئەوەی چاوی ئەوەیان نەبێ لە تۆلەی ئەم چاکەیە سودێکیان پێبگەیەنێ یا تۆلەیان بۆ دەکاتەوە، ئەمە لە نێوان فرانکۆ ومۆسۆلینی وهیتلەر رویدا، بەتایبەتیش لە نێوان فرانکۆ و مۆسۆلینی، ئەو کاتەی ئیتالیا ئەم خۆبەخشینەی پێشکەش دەکرد وەکو ئەوەی لەسەرخاکی ئیتالیا خۆیان دەبەخشن، کاتێک ئیتالیاو ئیسپانیا گفتوگۆیان لەسەر بەستنی پەیمانێک دەکرد کە هەردو لا گەیشتبوونە ئیمزاکردنی تیایدا هیچ تایبەتمەندیەکی جیا بە ئیتالیا نادات،

هەروەها فرانکۆ رازی نەبوو بچێتە ناو هاوپەیمانێتیی دژایەتی کۆمۆنیستی، ئەم سوربوو لەسەر ئەوەی بێلایەن دەبێ.

2_ هەردوو حکومەتی فرانساو بریتانیا دانیان بە حکومەتی فرانکۆ نا، لەگەڵ ئەوەی فرانسا گرنگیەکی جیای بە سنورەکانی برانس دابوو بەڵام فەرەنسیەکان هەمووی لە میانەی جەنگی ناوخۆ نەیاری فرانکۆ نەبوون، لیۆن بلۆم _ یاریدەدەری فرانکۆ _ ناچار دەبێ لە پێناو سەلامەتی (بەرەی گەلەری) هیچ هەنگاوێک نانێ.

3_ سەرکەوتنی فرانکۆ لە خۆیدا سەرکەوتنی فاشیزم بوو و بەزینی دیموکراتی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئیتالیا لە رۆژهەلاتی ئەوروپا لە بەرامبەر هەلپەرستی هیتلەر بنکەی لەدەست دان _خەریک بوونی ئیتالیا بە شەڕەکانی ئیسپانیای بە هەڵ زانیبوو_ ، لە سەرحسابی ئیتالیا دەسەڵاتی لە بەلکان فراوان کرد، یەکێک لە مێژوو نوسان لەسەر ئەم هەڵوێستەی ئەڵمانیا دەلێ:

ئەمە نە یەکەم جارەو نە دواجاریش دەبێ ئەڵمانیا ئیتالیا وەکو نینۆکی پشیلە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی بەکاری دەهێنێ.

ئەم شەڕەش بریتانیا وفرانسای لە بەرنامەکانی ئەڵمانیا لە ئەوروپای رۆژهەلات بێخەبەر کرد لەو هەموو ماوەیە.

4_ جەنگی ناوەخۆی ئیسپانیا دەرفەتێکی بە ئەڵمانیا وئیتالیا بەخشی کارەکانیان لەگەڵ یەک بگونجێنن بۆ ئامادەباشی بەئەنجام گەیاندنی پەیمانی (میساق)ی سیقۆلیی (ئیتالیاو ژاپۆن و ئەڵمانیا) لە نۆڤەمبەری 1936دژی کۆمۆنیست.

5_ سەروەری کۆمەڵەی نەتەوەکان لە دەست درا، لەوکاتەوە شتێک نەما ناوی (ئاسایشی بە کۆمەڵ) بێت یا (چارەسەر کردنی کێشەکان بە رێگەی ئاشتی) ئەمە بووە مایەی کردنەوەی دەرگا بۆ بەکار هێنانی توندو تیژی بۆ بە ئامانج گەیاندنی داخوازیە نەتەوایەتیەکان. بۆ شکاندنی ئەم رەوتە، چمبلن هەوڵی کێشانی ئیتالیای دا بۆ لای بریتانیا، کێشەی حەبەشە ئەوکات لە بەرژەوەندی ئیتالیا تەواو ببوو.

فرانکۆ لە ئیسپانیا سەرکەوتنی وەدەست هێنابوو و هیتلەریش نەمساو چیکوسلۆڤاکیای داگیر کردبوو، بۆ بریتانیا لەم حاڵەتە باشترین هەنگاو ئەوەیە لەگەڵ ئیتالیا هەوڵێک بدا بەڵکو لە باوەشەکانی هیتلەر دوردەکەوێتەوە، مۆسۆلینی هەستی بەو سودانە دەکرد ئەگەر لەگەڵ بریتانیا رێک بکەوێ هەرنەبێ دەسکەوتەکانی پێشتری دەچەسپێن، رێککەوتنی جەنتلمان لە نێوان هەردوکیان لە جەنیوەری 1937 ئەنجام درا، لەم رێککەوتنە هەردوکیان دانیان بە مافە زیندوەکانی یەکترنا لە دەریای ناوەڕاست، ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتنی فراوانتر سەبارەت پەیوەندیە کانیان لە دەریای ناوەڕاست، لە نیسانی 1938گەیشتنە رێککەوتنێک:

1_ ئیتالیا داوای هیچ فراوان بوونێک لە ئیسپانیا نەکات، لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی بێگانە.

2_ راگرتنی جەنگی پرۆپاگەندە لە نێوان هەردولا.

3_ پاراستنی ڕەوشی نالەباری کەنالی سوێس.
4_ بریتانیا دان بە مافەکانی ئیتالیا دەنێ لە حەبەشە.
بەڵام پەیوەندیەکانی ئیتالیی_ ئەڵمانی لەوە بەهێز تر بوون تا ئەم پەیماننامەیە لەیەکیان جیا کاتەوە.

(4) هیتلەرودوبارە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا

ا/ ئەنشیلۆس {نەمساو ئەڵمانیا بە یەکەوە پێی دەوترێ ئەنشیلۆس}

دوای ئەوەی ئەڵمانیا لەڕووی سەربازی و نێودەوڵەتی بە هێز دەبێ دەستی گرت بەسەر سارورایین، بەلژیک وپۆلەندا بوونە وڵاتی بێلایەن، بریتانیاش هیتلەر ئەو ئەرکەی بۆ بەجێ گەیاند کە ساڵەهای ساڵ بوو بە ئومێد بوو،کە یەکخستنی نەمسا لەگەڵ ئەڵمانیا بوو، ئەمە بێ گوایێ دانە پەیماننامەی ڤێرسای کە لەگەڵ فرانسا لەسەری پێکهاتبوون سەربەخۆیی نەمسا بپارێزن ئەوکاتەی لە 11ی تەموز ئیمزایان کردبوو، بەڵام ئەوەی پاساوەکانی هیتلەری بەهێزکردبوو گەشە کردنی پارتی نازیزم لە ناوەوەی نەمساوپشتگیری کردنیان بووبۆ تێروانینەکانی هیتلەر.
بۆیە دەبینین کاتێک نازیەکانی نەمسا لە 1934دلفۆس ی سەرۆک وەزیرانی نەمسا دەکوژن هیتلەر لە شوباتی 1938گەفێک بۆ (شۆشنگ)ی سەرۆک وەزیرانی نوێی نەمسا دەنێرێ بۆئەوەی پۆستی وەزاریی زیاتر بە نازیەکانی نەمسا بدات، هەر دوای ئەو گەف گەفێکی تری بۆ دەنێرێ کە دەبێ حوکم بداتە (سایس ئەنکورات) سەرۆکی نازیی نەمسایی.
سەرۆک کۆماری نەمسا (کۆلاس) لەم داوایە رازی نەبوو، بەڵام (ئەنکوارت) توانیی بگات بە پۆستی سەرۆک وەزیران، ئەوسا هیتلەر رایگەیاند نەمسای لەگەڵ ئەڵمانیا یەکخست.
بۆئەوەی ڕێگە لەو وڵاتانە بگرێ کە نیازیانە بە بیانوی پەیماننامەی ڤێرسای دەست لە کارەکان وەردەن و بێنە ناو کێشەکە، ریفراندۆمێکی راگەیاند کە ئەنجامەکەی 97% لەبەرژەوەندی یەکخستن دا بوو.
ئەنجامەکانی ئەم هەنگاوە جەربەزەییە:
1_ هیتلەر سەلماندی کە رای گشتیی جیهانیی هەلوەشاوە هیچ بەهایەکی نیە.
2_ پەیماننامەی ڤێرسای روی پێشەوەی وڵاتە سەرکەوتوەکان بوو لە جەنگی یەکەمی جیهانی، بەم هەنگاوە کەوتە بەر پێی وڵاتە بەزیو وسەرکەوتوەکان بەیەکەوە.
3_ کۆمەڵەی نەتەوەکان دوای ئەوەی دوو لە ئەندامانی سەربەخۆیی خۆیان لەدەست دا هیچ بەهایەکی نەما.
4_ ئیتالیا ئەم یەکخستنە نوێیەی ئەڵمانیاو نەمسای پێ خۆش نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەش قەبوولی کرد، هیتلەر هەستی بەوەدەکردئەم یەکخستنە لەسەر دڵی دۆتچێ چەند گرانە بەڵام گفتی دا کە دەبێ لە ئەنجامە

خۆشەکەی ئەم ئەنشیلۆسە تۆلە بۆ ئارامی وخۆراگری مۆسۆلینی بکاتەوە، دەبێ ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانی بکا لە داهاتو، بەڵام ئاشکرا بوو کە دوای یەکخستنەوەی ئەم دوو دەوڵەتە تەوەری هێزەکان کەوتنە دەست ئەم دوو دەوڵەتە، ئیتالیا لە ساڵی 1938لە _ هەرنەبێ _ ئاست ئەڵمانیا دابوو، بەڵام دوای یەک خستنەکە مۆسۆلینی دەبووایە بە ئاراستەی سیاسەتەکانی هیتلەر بڕوا.

5_جیاکەرەوەکانی ستراتیجی کە ئەڵمانیا لە ئەنجامی ئەم یەکخستنە وەدەستی کەوت گەڵێک مەزن بوون، بۆ نمونە بەیەکجار ڕێژەی جێنیشی شەش ملیۆن ونیو ئەڵمانیی سۆزداری بۆ زیاد بوو، ئەڵمانیا ڕاستەوخۆ بە دو لە مەزنترین وڵاتانی بەلکان بەسترایەوە (یۆگسلافیا، هەنگاریا) ئەمە وێرای ئاسان بوونی پەیوەندی لەگەڵ هاو پەیمانەکەی (ئیتالیا).

6_ یەکخستنی ئەڵمانیا و نەمسا ترسەکانی یەکیەتی سۆڤیەتیان وروژاندن، پێشنیاری کرد تا(ئاشتی بە کۆمەڵ ڕزگار کەین) بەڵام بریتانیا ڕەتی کردەوە بەهای بە تیۆریی مسۆگەر کردنی بە کۆمەڵ دانەنا، لە ژێرەوە وای نیشاندا کە لاریی لە یەکخستنی ئەڵمانیا ونەمسا نیە، یەکیەتی سۆڤیەت بریتانیا و وڵاتە سەرمایەدارەکانی بەوە تاوان بار کردن کە چاوپۆشی لە دەستگرتن بەسەر نەمسا دەکەن بۆ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەڵمانیا بەهێز کەوێ، هێزێکی ئەڵمانیای نازی ڕووەو سۆڤیەت هێرش بەرێ، مێژوو نوسە سۆڤیەتیەکان داویفاقی لەسەر ئەوە دەکەن کە لە ژێرەوە ڕێککەوتن لە نێوان بەرلین و واشنتۆن ئەنجام دراوە لەسەر دابەشکردنی بازاڕەکانی جیهان لە بەرامبەر ئەوەی هیتلەر کۆمۆنیستەکانی روسیا لەناو بەرێ.

7_ چیکوسلۆڤاکیا _ ئامانجی داهاتوی یەکیەتی ئەڵمانیا بوو _ دەورەی بە لەشکری ئەڵمانی گیرابوو، بۆ ئەمە جەنەرال یۆدل ی نازی دەڵێ:((خاکەکانی چیکوسلۆڤاکیا تا ئەم دواییەی مێژوو پاڵپێوەنەری هاتنەناوەوەی خاکەکانی ئەڵمانیا بوو، پشدێنێکی تەسکیش بوو ڕووەو فرانسا دەکرا تا هەردەم ببێتە بنکەیەکی ئاسمانی بۆ هێزە هاوپەیمانەکان بەتایبەت روسیا، ئێستاش چیکوسلۆڤاکیا بە دولا دەوری دراوە، ڕەوشی ستراتیجیی خەراپە، بە شێوەیەک کە لە هەر هێرشێکی ئێمە بکرێتە سەری دەرباز بوونی مەحاڵە هاوکاریە ئاسمانیەکانی ڕۆژئاواش بە هانای نایەن.))

ئەم کێشە نێودەوڵەتیانە بوونە هۆی نەمانی بڕواو متمانە لە ناو وڵاتە مەزنەکان لێرە تیۆریی (دبلۆماسیەتی پیلاندار) بەسەر تیۆریی (مسۆگەرکردنی بە کۆمەڵ) دا زاڵ بوو.

ئەڵمانیا و بریتانیا وئەمەریکاو ویەکیەتی سۆڤیەت زیاتر لەو دەوڵەتانە بوون کە بەسەر ئەم دبلۆماسیەتە ئالۆزەدا دابەش ببوون کە ساڵەکانی بەر لە جەنگی جیهانی دووەمیان گۆری بوو، وەکو ئەوەی بڵێین ببووە (ئاژاوەی نێودەوڵەتی). (میساقەکان) ریزیان لێ نەدەگیرا، پەیماننامەکان تەنها برین و پارچەکردنی کاغەز بوون، سەربەخۆیی وڵاتە بچوکەکان دەکرا لەسەر مێزی چاو برسیە ئیمپریالیزمیە نەتەوایەتیەکان لە ئانو ساتێکدا تیا بچێ. ئەوکاتە ئەم ئاژاوە نێودەوڵەتیە زیاد دەکا کە هیتلەر هەنگاوە خەتەرناکەکەی تر دەنێ ئەویش یەکخستنەوەی ئەڵمانیەکانی سودێت و پۆلەند لەگەڵ ئەڵمانیایە.

ب/ لەخۆگرتنی چیکوسلۆڤاکیا

چیکوسلۆڤاکیا لە مەزنترین دەوڵەتی ئەوروپای رۆژهەلات بوو کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەرکەوت،..... سەرکردەکانی دونیا پەرۆشی چارەنوسی ئیمپراتۆریەتی نەمساو هەنگاریا نەبوون کە بەهۆی فرە نەتەوەیی ورەگەزی [57]هەڵوەشایەوەو ئەم هەموو دەوڵەتۆکانەی هەمە جۆری رەگەز ی گەمارۆدراوی بێ دەروازە لەسەر دەریا لێ وەپاش کەوتن، بەڵام توانیی ببێتە خاوەنی پیشەسازیەکی پێشکەوتوی بە پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ وڵاتە ئەوروپیەکان و یەکیەتی سۆڤیەت بەتایبەتی لە روی ئامێری ئۆتۆمبیلی.

ستالین خاوەنی دبلۆماسیەتێک بوو گرنگی چیکسلۆڤاکیای دەزانی نەک تەنها لە روی پەیوەندیەکانی ئابووری بەڵکو بەهۆی هەڵکەوتنی لە هێلی پێشەوەی بەرگری کردن لە یەکیەتی سۆڤیەت، پۆلەنداش بۆ ئەم هێلە دووەم و کۆتاییە.

بەهۆی سروشتی چیکوسلۆڤاکیا. لە فرەرەگەز و پێک هاتە، تایبەتمەندیەکی بە شێوازی بەڕێوەبردن پێ دا، کە هەر پێکهاتەو خۆی ببات بەڕێوە. ئەڵمانیەکانی سودێت وەکو کوتلەیەک(فراکسیۆن)ی نەتەوایەتی خۆشیان دەهات لە یەکخستنەوەی نەمسا بە ئەڵمانیا، ئەڵمانیا دەستی یارمەتیی بۆ ئەڵمانیەکانی سودێت درێژ کرد.

هیتلەر ئاشکرای کرد کە یەکخستنی سودێت بە ئەڵمانیاوە بەزەروری دەزانێ. بۆ ئەم کارەی تەنها پشتی بە ئامانجە نەتەوایەتیەکانی ئەڵمانی نەدەبەست، بەڵکو دەیوت بە دەستگرتن بەسەر سودێت گورزێکی بە هێزلە کۆمۆنیست دەوەشێنێ، چونکە دۆستایەتی سەرۆکی چیک و(بینیش) وستالین خۆش بوو، گەشە کردنی بزوتنەوەی ئەڵمانیی نازی لە ناوەوەی چیکوسلۆڤاکیا بە سەرۆکایەتی کۆنراد هنلن سەرۆکی پارتی سودێتی ئەڵمانی دەرفەتێک بوو بۆ هیتلەر تا بەرگری لە ئەڵمانیەکانی سودێت بکا بۆئەوەی وا لێک نەدرێتەوە کە لەم هەنگاوە دوژمنکاریەی دا مەبەستی چیکوسلۆڤاکیا یە، هیتلەر کاری بۆ هەردوک ئەرک دەکرد:

بەشێوەیەک ئەڵمانیەکانی سودێت لەگەڵ ئەڵمانیا یەکخا کە هەمووچیکوسلۆڤاکیا یەکخا(داگیری کا)، وڵاتە ئەوروپیەکان وا تێگەیشتبوون کە تەنها سودێتی ئامانجە.

چیکوسلۆڤاکیا لەگەڵ فرانسا و یەکیەتی سۆڤیەت لە 1924ەوە هاوپەیمان بوو.

یەکێک لەوانەی حکومەتی براگ گرەوی لەسەر کردبوو ئەوەبوو کە هتلەر ناتوانێ ئەم سەرەرۆیە بکا لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت و فرانسا بکەوێتە شەڕێکی مەزن لە پێناو سودێت. بەڵام لێرە پرسیارێکی تر دێتە

---

[57] چیکوسلۆڤاکیا لەم نەتەوانە پێک هاتبوو چیک، سلۆڤاک، رۆتینیەکان، هەنگاریایەکان، لەتەک ئەڵمانیە سودێتەکان وئەڵمانیەکانی بەسەر ناوەوەی چیکوسلۆڤاکیادا دابەش بوو، هتلەر خۆی وتبووی کە دەوڵەتێکی دروست کراوە.

پێش خەتەرناکیی لەوانی تر کەمتر نیە : فرانساو یەکیەتی سۆڤیەت ئامادە بوون لە پێناو سودێت لەگەڵ ئەڵمانیا بکەونە جەنگەوە ؟ لە ڕاستیدا وڵاتە مەزنەکان زۆرجار لە پێناو گەیشتن بە چارەسەر چاویان لە کەم پۆشیوە. دواتر هەڵکەوتنی جوگرافیای چیکوسلۆڤاکیا کە ناکرێ هاوکاری سوپایی بۆ بنێردرێ تەنها لە رێگەی وڵاتێکی تردا نەبێ یا پۆلۆنیا یا هەنگاریا یا یۆگسلافیا، ئەم وڵاتانەش چاویان بریبووە چیکوسلۆڤاکیا، ئەمە بە ئاسانی قەبوول نەدەکرا رێگە بەم وڵاتانە بدرێ بەناو خاکیاندا رەت بین و بەهۆیەوە ئەوانیش لەگەڵ ئەڵمانیا بکەونە کێشە هاوپەیمانێتیی فرانساو سۆڤیەت و چیکوسلۆڤاکیا بەهێزبوو بەڵام لەسەر کاغەز و بۆ جێبەجێ کردن لاواز بوو، مەبەستیان ئەوەبوو سەربەخۆیی چیکوسلۆڤاکیا لە روی ئەڵمانیا بچەسپێنن، بەڵام گۆڕینی ئەم هاوپەیمانێتیە بۆ بەرنامەی کارپێکردن ئەمە فەرمانێکی ئاڵۆزە، بریتانیالە یەکلا کردنەوەی کێشەی چیکوسلۆڤاکیا رۆلی بینی نەک یەکیەتی سۆڤیەت یا فرانسا، ئەمیش لەبەر ئەم هۆیانە:

1_ هەر دەست تێوەردانێکی یەکیەتی سۆڤیەتی یا فەرنسی ئەوە دەگەیەنێ بچنە پاڵ هاوپەیمانەکەیان، بەڵام بریتانیا بەم هاوپەیمانە پەیوەست نەبوو.

2_ دەستێوەردانی بریتانیا لە کێشەکە _ بە بۆچونی بریتانیا _ لەسەر بنەمای راگرتنی پارسەنگی نێودەوڵەتی بوو ئەم پارسەنگە نێودەوڵەتیەش لاستیکە دەکرێ تا دابەش کردنی دەوڵەتێک لە دەوڵەتەکان لەیەک بکێشرێ.

3_ بۆچونە سیاسیەکانی لە فەرمانگە بەریتانیەکان دەردەچون، دەیان ووت کاتێک بریتانیا ناوبژیوانی کێشەیەک دەکا رەچاوی بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی ئەڵمانیا دەکا.

4_ حکومەتی پارێزگاران بە سەرۆکایەتی نیفیل چمبرلن دوژمندارێتیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەڵمانیەکان نەبوو، ئەمان کۆمۆنیستەکانیان لە نازیەکان بە خەتەرناکتر دەبینی. رێککەوتنە دەریایەکەی ئەڵمانیا وبریتانیا لە 1935بریتانیای دڵنیا دەکردەوە.

نیڤیل چمبرلن

نیفیل چمبرلن خۆی و هتلەر ڕێککەوتن، بڕوای وابوو گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر کێشەی نێوان چیکوسلۆڤاکیاو ئەڵمانیا پێویست بەوەناکات لەگەڵ لایەنی پەیوەنددار(ئەڵمانیا، چیکوسلۆڤاکیا) دابنیشن. ئەم بۆچونە یەکیک بوو لەوەی سیاسەت مەداران رەخنەیان لێگرت، بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەمە یەکێکە لە دبلۆماسیەتی پیلاندار کە سیاسەت مەدارانی بریتانیا لە مێژە پیادەی دەکەن، لە روێکی ترەوە بەریتانیەکان بە چاوێکی نزمەوە سەیری گەلی ئەوروپای رۆژهەلاتیان دەکرد، هیتلەر زانای ئەم بووارە بوو، کە بە تیۆریی زاڵ بوونی رەگەزی ئاریی کار دەکرد، ئەوەبوو بریتانیا زۆر زیرەکانە هەمان تیۆریی لەگەڵ خۆیان بەکار هێنایەوە. چیکوسلۆڤاکیا یەکێک بوو لە قوربانیانی خوانی ئاشتەوایی بەریتانیی ئەڵمانی بەهۆی رق و کینی ئەڵمانیە نازیەکان و بەریتانیەکان لە گەلانی سلاڤی، هەریەک بە رێگەی تایبەتی خۆیە. ئەمە وێنەی نێودەوڵەتی بوو لەتەک ئەمەش هەوڵە نەزۆکەکانی فرانساو بریتانیا بۆ رێگە گرتن لە نانەوەی ئاژاوەو پەشێوی لە لایەن کرێگرتانی نازیی ئەڵمانی و فاشست بۆئەوەی ئیمپراتۆریەتەکەیان لەدەست نەچێ، بە پێدانی دەرفەتی زاڵ بوونی ئابووریی ئەڵمانیی ژاپۆنی بە هەست کردن بە دابەزینی ئیمپڕیالیستی بەریتانیی فەرەنسی. هیتلەر ئەمەی دەزانی کە فرانساو بریتانیا نابێ لەسەر موستەعمەرەکانیان بە ئارامی خەویان لێ بکەوێ، دەبێ باجی ئەم ئارامیە بدەن، باجەکەشی ئەڵمانیای رۆژهەلاتە دەبێ بە هیتلەر بدرێ بەتایبەت لە چارەسەری کێشەی چیکوسلۆڤاکیا رۆلی تێوەگلانی بریتانیا لەم پیلانە ئاشکرا بوو چۆن بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی و ئەڵمانیا یەکیەتی سۆڤیەتی پەراوێز کرد، بە بڕوای هیتلەر ریزی هاوپەیمانانی لەت کرد، کە لەمەو دوا بەناوی هاوپەیمان ناتوانن کۆببنەوە، هەروەها بە دیدی خۆی دەتوانێ گەمە بە بریتانیا و فرانسا بکا و یەکیەتی سۆڤیەت دور بووەستێ وەکو ئەوەی ئەم لە کێشەکانی ئەوروپا بەرپرسیار نیە، بەڵام مێژوو نوسە کانی یەکیەتی سۆڤیەت بڕوایان وابوو، پیلانێکی مەزن دژی سۆڤیەت هەلدەچنرێ بۆ ئەوەی رێگەی لێ بگرن لە هەر جولانەوەیەک کە هاوکار بێ بۆ کێشەی چیک.

لەو کاتانەدا بوو ژاپۆن هێرشی کردە سەر خاکەکانی یەکیەتی سۆڤیەت لە نزیک دەریاچەی هاسان لە هاوینی 1938، بەم شێوەیە یەکیەتی سۆڤیەت لە توانا کەوت تا چیکوسلۆڤاکیا لەم کێشەیە رزگار کا.

کاتێک نیفل چمبرلن لە 15ی سەپتەمبەری 1938لەگەڵ هتلەر کۆبووەوە لە (برخستجاد) وێنەیەکی نیمچە رونی لابوو لەو داوایانەی دوایی، ئامادەبوو داواکاریەکانی ئەڵمانیا جێبەجێ باکات لە وەدەست هێنانی ئەڵمانیەکانی سودێت و هەموو ئەو ناوچانەی ئەڵمانیەکانی لێ جێنیشنە بەمەرجی ئەوەی گرەنتیەکی نێودەوڵەتی بە چیکوسلۆڤاکیا بدات کە سنورە نوێکانی پارێزراو دەبن.

واهات هەردوکیان هیتلەر وچمبرلن کەوتنە ئەو رێککەوتنە و لەسەر ئەو بنەمایانە، دواتر ئاشتی هەڕەشەی لەسەر بوو نەک لە لایەن ئەڵمانیا بەڵکو لە لایەن چیکوسلۆڤاکیاوە ئەوکاتەی ئەم رێککەوتنەی کە لەلایەن وڵاتانی دیموکراتیەوە بۆ ئامادە دەکرێ رەتی دەکاتەوە. لەم فشارەی فرانسا (هاوپەیمانەکەی) بەشداریی کرد وەکو بەرگریکارێک لەو وڵاتانەی تازە بە پێی پەیماننامەی ڤێرسای دروست بوونە.

بەڵام دواتر بریتانیا وفرانسا ئەو ڕێککەتنەی باسی لێوەکرا بەسەر چیکوسلۆڤاکیا یاندا سەپاند. لە ڕاستیش قەبوول کردنی ئەم ڕێککەوتنە مانای ئەوەیە هەموو ئەو دەوڵەتانەی پێکهاتەیان لە فرەنەتەوەیە داوا دەکەن بخرێنەوە سەر دەوڵەتی دایک. بەڵام فشارەکانی بەریتانی وفەرەنسی توند بوو، بینش سەرۆکی کۆماری چیکوسلۆڤاکیا دەبینێ کە باری دۆستەکان لە هی دوژمنەکان بەسەریەوە قورس ترە، ناچار دەبێ قەبوولی کا، چمبرلن شانازیی بەو ڕێککەوتنە دەکرد گوایە (ئاشتیی رزگار کردوە) چوە جۆدس بێرگ لەسەر راین بۆ دیدەنی هیتلەر. بەڵام بەسەر سورمانەوە بینیی گۆڕان لە هەڵوێستی هیتلەر رویداوە، هیتلەر داواکاریەکی پێدا داوای گرتنەوەی خێرای سودیت ی کرد لەگەڵ ئەنجام دانی ریفراندۆم لە بەشەکانی تری کە جێی کێشەن لەسەر ناسنامەی یان، ئەڵمانین یا چیکی، کاغەزەکان لەدەست چمبرلن کەوتن، هەستی بەو سوکایەتیە کرد کە هیتلەر بە مەزنی بریتانیا وفرانسای دەکا، کارەکان چونە دۆخێکی ترەوە بیری لە گێرانەوەی سەروەریەکانی بەریتانی کرد ئەمەش بە کاری ئامادە باشی سەربازی نەبێ ناکرێ. دەستی بە ئەنجام دانی مانۆری سەربازی کرد دژی ئەڵمانیا و کەشتیگەلی بەریتانیی لە ئامادە باشی دانا، لێرە چمبرلن بیری لە یەکیەتی سۆڤیەت کردەوە وەکو هێزێکی زەبەلاح لە توانایدایە هەڕەشە لە ئەڵمانیا بکا لەو پەری رۆژهەلاتەوە، پێشنیاری کرد گفتوگۆیەک لەگەڵ یەک بکەن، ئینگلیز و فەرەنسیەکان راکانیان ئالو گۆر کردن، چیوکسلۆڤاکیا هەندێک لە هێزەکانی ویفاقردنەوە لەگەڵ ئامادەباشیی سەربازی، بەڵام لەمیانەی ئەمانە بێ بڕوایی بەسەر وتووێژەکاندا زاڵ بوو، لەولاشەوە هیتلەر هەولی ئەوەی دەدا تا گەمە بە هەموویان بکا، وێنەکان بەگشتی وابەدیار دەکران کە دونیا لەسەر لێواری جەنگە. خەڵک رقیان لەم وشەیە دەبووەوە حەزیان لە دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک دەکرد بەتایبەت کاتێک هیتلەر بە بلیمەتی رۆلی لەناو دۆخەکان دەگێرا و ئەوکاتەی چمبرلن وتی دوایین داخوازیەکانی هیتلەر ئەوانەن کە دواین داواکاریی ئەوروپان. ئەگەر ئەم جارە داواکاریەکانی ئەڵمانیا جێبەجێ کران ئاشتیەکی درێژخایەن دەبێ، دەرگاکانی ناوبژیوانان و هەوڵدەرانی ڕێگە چارە کراوە بوون. بانگخوازیەکەی رۆزفلت _ لە ڕێگەی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی ئاشتی رزگارکەن _ ئومێدێک بوون وڵاتانی رۆژئاوا پێیەوە پەیوەست بوون، چمبرلن وهالیفاکس لە لایەن بریتانیا و دولادبیە و بۆنیە لەلایەن فرانسا و هیتلەر و رۆبنترب لەلایەن ئەڵمانیا و مۆسۆلینی و چیانۆ لەلایەن ئیتالیا لە میونخ لە 29_30ی سەپتەمبەری 1938کۆبونەوە، یەکیەتی سۆڤیەت بۆ ئەم کۆنگرەیە داوەت نەکرا، بۆیە بەستنی ئەم کۆنگرەیە بە زولم لێکردن ی دەزانی و لەهەمان کات وەکو پیلانێک وابوو بۆ ئەو، بەتایبەت باسکردن لەسەر ئەڵمانیا تێروانینی لەخۆگرتنی کرواتیای هەبوو ئەمەش مەترسیەکانی یەکیەتی سۆڤیەت دەوروژێنێ و زیاتر لە بەڵگەیەکی بەدەستەوەیە کە دیموکراتیەکانی ئیمپریالیزم ئەم دلنەوایە نابەخشێ کە مەترسیەکانی ئەڵمانیا برەوێنتەوە. لەم کۆنگرەیە بڕیار درا چیکسلۆڤاکیا وردە وردە لەناوبەرن وئەم یەکلا کردنەوەیەش بەسەر وڵاتەکان بسەپێنن. کاتێک ئەم تاوانە مەزنە خرایە بەردەم پەرلەمانی بریتانیا بە زۆرینەی دەنگ رەزامەندیان لەسەر دا، رۆژنامەکان رێکلامەیان بۆ ئاشتیەکەی بریتانیا دەکردو پێیاندا هەڵدەگوت، هەروەها ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسیش

رەزامەندیی لەسەر ئەم ڕێککەوتنە دا،هیتلەر دەستی بەسەر چیکوسلۆڤاکیا داگرت، یەکیەتی سۆڤیەت لە توانای دا نەبوو هیچی بۆ بکا بەتایبەت کە سنوریان بەسەر یەکەوە نەبوو و دەبووایە بەناو خاکی وڵاتاندا ڕەت کا ئەم وڵاتانەی ئەوروپای ڕۆژهەلاتیش متمانەیان بە یەکیەتی سۆڤیەت نەبوو دیسان بەهۆی ترسی ئەم وڵاتانە لە هیتلەر. هۆکارێکی تریش لاوازی سوپای سۆڤیەتی وبێتوانایی لە سوپایەکی زۆری لەوپەڕی ڕۆژهەلات گیرساند بووەوە بەهۆی دوژمنکاریەکەی ژاپۆن بۆسەر چین و هێرشەکانی ژاپۆن بۆسەر خاکەکانی یەکیەتی سۆڤیەت لە ناوچەکانی مەنگۆلیاوە.ئەنجامەکانی ئەم فراوانکاریە نوێیە چی بوون ؟

1_ ترسەکانی ئەوروپای ڕۆژهەلات لە جولانەکانی دژیان، ئاشکرا بوون کە وڵاتە دیموکراتیە ئەوروپیەکان لاریان نیە ئەگەر سەودا بە وڵاتێک بکەن لە پێناو پاراستنی دەسکەوتی ئیمپریالیزمیان، ڕۆمانیا پەیمانێکی لەگەڵ ئەڵمانی بەست لە ئاداری 1939 یۆگسلافیاش دانی بە یەکخستنی ئەلبانیا بە ئیتالیا نا لە 1937_1939 بریتانیا هەوڵی دا ئیتالیا لە تەوەرەکە بێنێتەدەر، لە نیسانی 1938 پەیمانێکی لەگەڵ بەست.

2_ سامی بریتانیا لە پێش ئەڵمانیا شکا، تواناکانی زیادیان کردن بۆ ئەنجام دانی بلیمەتی سەربازی، داوای (بدنزج)ی ئەڵمانی و(پیل)ی کردنەوە، ئەم جارەیان چمبرلن روی لە وەڵامی بەکارهێنانی توندو تیژی کرد بۆ داخوازیە نوێکانی ئەڵمانی. ئەنجومەنی گشتیی بەریتانی بڕیاری بانگهێشتی سەربازیی بەزۆری ڕاگەیاند لە کاتی ئاشتی _ئەمە بۆیەکەم جارە لە مێژووی بەریتانی _ ، هیتلەر دکتاتۆرێکی پێداگر بوو زۆر بە توند تر وەڵامی دایەوە:

پوچەڵ کردنی پەیمانی دەست درێژی نەکردنە سەر یەکتر کە لە نێوان ئەڵمانیا وپۆلەندا ئیمزاکراوە لە 1934، ئەمە بووە هۆی ئەوەی جەخت لەسەر ئامانجە داهاتوەکەی بکا ئەویش پۆلۆنیا بوو. ئەمە ئەوکاتە دەکرێ، یا پەیمانێک لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت ببەستێ یا لەگەڵی بکەوێتە جەنگ، هیتلەر لەوە دەترسا لە دولاوە جەنگ بکا بۆیە هەوڵی لەیەک تیگەیشتنی دا، ئەمە چۆن هیتلەر دەتوانێ بەسەر کین و بووغزیدا زاڵ بێ و پەیمانێکی لەگەڵ ئیمزا بکا؟... لە 13ی ئابی 1939(میساق) ێک لە نێوان ئەڵمانیا و یەکیەتی سۆڤیەت ئیمزا کرا.

ج/ قەیرانی ئەڵمانیی پۆلۆنی

کێشەی پۆلۆنی _ وەکو کێشەی چیک _ پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی زیاتر کاریگەریان بەسەرەوە بوو لەوەیی کێشەیەک بێت لە نێوان دوو وڵاتی دراوسێ. جێبەجێ کردنی داواکاریە نەتەوایەتیە کەی هیتلەر لە (دانتزج ی ئەڵمانی و لە دۆزینەوەی ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ بە ڕێرەوەکانی پۆلۆنی دا کە بروسیای ڕۆژهەلات و ئەڵمانیا بەیەک ببەستێتەوە، تەنها ڕەزامەندی پۆلۆنیای گەرەک نەبوو بەڵکو ڕەزامەندی وڵاتە مەزنەکانیشی دەبا لەسەر بووایە. ئەم جارەیان بە تایبەت لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت چونکە سنوری هاوبەشی لەگەڵ پۆلۆنیا و بروسیای ڕۆژهەلات هەیە، گوفتارەکان لەسەر ئەوە دوبارە دەبوونەوە کە هیتلەر (دانزیج)

داوا دەکات دەبێ بە ئەنجام بگات تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی قەرەبوو کردنەوەی پۆلۆنیا بێت لە ئۆکرانیای بەپیت. لەم هەموو کێشمە کێشمە بۆ یەکیەتی سۆڤیەت دەردەکەوێ کە:

1_ ئەو تیۆرەی کە دەڵێ ئەڵمانیا روەو رۆژهەلات هان دەدرێ، ڕاستە و لەرێگایە، ڕوبەڕووبوونەوەی داهاتوش لە نێوان ئەڵمانیا و یەکیەتی سۆڤیەت و پۆلۆنیا دەبێ.

2_ سەرەڕای ئەوەی هیتلەر گەیشتۆتە ئەو بڕوایە کە دەتوانێ یەکیەتی سۆڤیەت لە ناوبەرێ، بەڵام ئەمەی بۆ ناچێتە سەر تا نەبێتە هێزێکی مەزنی بەتوانا، بە سەرکەوتویی لە جەنگ دەرچێ دژی یەکیەتی سۆڤیەت و بەسەر ئیمپڕیالیەتی رۆژئاواش زاڵ بێ.

3_ نازیەکان وئیمپڕیالیستی فەرەنسی و بەریتانی گەمە لەگەڵ یەک دەکەن، ئەگەر هیتلەر بتوانێ یەکیەتی سۆڤیەت بخاتە ناو ئەو گەمە خەتەرە، دەتوانێ دەستێک لە پۆلۆنیا بووەشێنێ بێ ئەوەی هیچ یەک لەم وڵاتانە بەدەنگ بێن، ئەگەر یەکیەتی سۆڤیەت بەشداری کردنی لەم گەمەی رەت کردەوە ئەوا دەستی یەکەم ئەڵمانیا لە یەکیەتی سۆڤیەت دەوەشێنێ لە کاتێکا ئیمپڕیالیزمی ژاپۆنی هەڕەشە لە خاکەکانی یەکیەتی سۆڤیەت دەکا لە روی مەنگۆلیا و دەریاچەی بیکال. دیارە یەکیەتی سۆڤیەت ناتوانێ لە دو بەرە جەنگ بکا بۆیە دەبێ لەسەر یەک لەم هێلانە بڕوا:

ا/ بەستنی پەیمانێک لەگەڵ بریتانیا وفرانسا دژی هەر دوژمنکاریەکی ئەڵمانی بۆ سەر پۆلۆنیا یا یەکیەتی سۆڤیەت.

ب/ یا لەگەڵ هیتلەر بگەنە لەیەک تێگەیشتنێک.

دوای ئەوەی هیتلەر داوای (بدانزج)ی کرد ستالین پێشنیاری بەستنی هاوپەیمانێتی یەکی بەرگریی لە فرانساو بریتانیا کرد دژی ئەڵمانیا، بەڵام بریتانیا و دەوڵەتە ئەوروپیەکان زیاتر لە تەگەرەیەکیان خستە بەردەم ئەم پەیمانە لەگەڵ ئەوەی بۆچونی سیاسەتمەداری بەریتانی چرچل ئەم هاوپەیمانیەی بە کلیلی ئاشتی دەزانی بۆ بریتانیا...... تەگەرەکانیش بریتی بوون لە:

1_ دلادی بیە _ سەرۆک وەزیارنی فرانسا _ زۆر رقی لە کۆمۆنیستە فەرەنسیەکان و کۆمۆنیستە جیهانیەکان دەبووەوە، دوای کارەساتی چیکوسلۆڤاکیا مەبەستی بوو لەگەڵ ئەڵمانیا بگەنە لەیەک تێگەیشتنێک.

2_ کۆلۆنێل (بیک) _ وەزیری دەرەوەی پۆلۆنیا _ مەبەستی نەبوو لەگەڵ ستالین هاوکاری بکا _بە دیدی ئەم _ چونکە کۆمۆنیزم لە نازیزم خەتەرناک ترە.

3_ بریتانیا _ لەسەردەستی چمبرلن _ لە نێوان ئۆردوگای ئەڵمانی ویەکیەتی سۆڤیەتی ئەم بەرو ئەو بەری دەکرد هانی ئەمی دەدا لەگەڵی ڕێککەوێ دژی ئەوی تر، ئەمە بووە مایەی ئەوەی یەکیەتی سۆڤیەت بڕوای پێ نەما، ستالین بڕیاریدا هاوکاری ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو لایەنە بەهێزە بکا کە دەتوانێ ئەم مەترسیانە بجولێنێ یا بیان وەستێنێ، ئەوەبوو ئیمپڕیالیستی رۆژئاوا لەسەر شێوازی خۆی لە میونخ دانیشتن.

دەبا یەکیەتی سۆڤیەت بەختی خۆی تاقی کاتەوە دور لە پیلانەکانی چمبرلن و هاندانەکانی فرانسا.... بە ڕێککەوتنی ستالین لەگەڵ هیتلەر دەتوانێ هێرشەکانی ژاپۆنی لە خاکەکانی یەکیەتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەلاتی دور بووەستێنێ.

لەمە بۆمان دەردەکەوێ کە دوای ئەوەی یەکیەتی سۆڤیەت بێ ئومێد دەبێ لە دروست کردنی هاو پەیمانێتیەکی ئەوروپی دژی ئەڵمانیا لە شێوەی هاوپەیمانێتیەکەی جەنگی یەکەمی جیهانی، هەوڵی دا خۆی بپارێزێ لەدەست لێدانە قورسەکەی ئەڵمانی _ ژاپۆنی، کە دواتر فەرمانگە سەرمایەدارە ئیمپریالیستەکان و واشنتۆن و لەندەن وپاریس و برۆکسل بەر لە بەرلین و ڕۆما وتۆکیۆ، چەپلەی بۆ لێ دەدەن.

دانوستانەکانی یەکیەتی سۆڤیەت و ئەڵمانی لە تەموزی 1939بەردەوام بوون، (میساق)ی دەست درێژی نەکردنە سەر یەک لە نێوان هەردو لا لە 13ی ئابی 1939 ئیمزا کرا، کە ئەمەش دەقە کەیەتی:

1_ ڕێگە نەدان لە بەکار هێنانی هێز.

2_ ئەگەر هەر لایەک ڕووبەڕووی جەنگ بووەوە لایەنی دووەم لەم جەنگە بێ لایەن دەوەستێ.

مێژوو نوسانی ڕۆژئاوا وادەبینن ئەم (میساقە)ی ئەڵمانی _ سۆڤیەتی لەیەک تێگەیشتنێکە لەسەر دابەش کردنی ئەوروپای ڕۆژهەلات لە نێوان خۆیاندا، بەڵام مێژوو نوسانی سۆڤیەت ئەم (میساق)ەیان وا لێک دەدایەوە کە بۆ ڕزگار کردنی یەکیەتی سۆڤیەتە لە کارەساتی هێرشەکانی ژاپۆنی لە ڕۆژهەلاتی دور و ئەڵمانی لە بڕوسیاو پۆلۆنیا و ئینگلیزیی فەرەنسی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بەم شێوەیە ئەم (میساقە) ڕێگەی لە ڕودانی ئەم کارەساتە گرت، هەروەها ئەو بەرەی دژی یەکیەتی سۆڤیەت لە میونخ پێکهات ئەویشی پوچەڵ کردەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئاشتی دایە. لە بنەڕەت دا مۆسکۆ هەردەم دوپاتی دەکردەوە کە هیتلەر لەسەر ئەم (میساق)ە بەردەوام نابێ، لەچاوەڕوانی ڕووبەڕوو بووندا بوو.

هەروەها مێژوو نوسانی سۆڤیەت جەخت لەسەر ئەنجامێکی گرنگ دەکەنەوە کە مێژوو نوسە ڕۆژئاواییەکان پشتگوێ یان خستوە، ئەویش ئەو قەیرانەی دوای ئیمزا کردنی (میساق)ەکە لە نێوان بەرلین وتۆکیۆ دروست بوو، حکومەتی ژاپۆن ناڕەزایی دەربڕی لە ئیمزاکردنی ئەو (میساقە) و بەم شێوەیەی رای خۆی لەسەر دەربڕی دەلێ ((دەق وناوەڕۆکی، ناویفاقن لەگەڵ میساقی قەڵاچۆکردنی کۆمنترن)) ئەمە بووە هۆی دەست لە کار کێشانەوەی وەزارەتی (هیرا نۆما) و ڕێککەوتن لە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و مەنگۆلیا و ژاپۆن لەسەر کێشە سنوریەکان لە 15 سەپتەمبەری 1939، هەرچیەک بێت ئەم پەیماننامەیە ئەنجام درا. هەردو لایەنی یەکیەتی سۆڤیەت وئەڵمانی لەسەر هەمان ڕەوشی دوژمنکاری مانەوە هەریەکەیان چاودێری ئەوی تریانی دەکرد.

گومان لەوە دانیە ئەم ڕێککەوتنە دەرفەتێکی بە هیتلەر دا دژی پۆلۆنیا جولە بکا، داوای یەکخستنەوەی ئەڵمانیای دەکرد مەبەستی بوو دەستی بەسەردا بگرێ ئەم دیمەنانە بەر لە ڕوداوەکانی چیکوسلۆڤاکیا ونەمسا بینرا بوون، بەڵام ئەمە دوا وێنەکانی بەر لە جەنگی جیهانی دووەم بوون.

بزوتنەوەی نازیزم لە دانتزیج هانی ئەڵمانیایان دەدا بەناوی ئەڵمانی نەک بەناوی فراوانکاری دەست بخاتە ناویان، هەروەها بەناوی رزگار کردنی ئەڵمانیەکان لە چنگ چەوسانەوەی رەگەزپەرستی پۆلۆنی، بۆ ئەم هەرەشانە بریتانیا وفرانسا گەرەنتی بەهێزیان بە پۆلۆنیا دا. لە ئاداری 1939پەیمانێکیان لەگەڵ ئیمزا کرد، داوی (میساق)ی ئەڵمانیی سۆڤیەتی فشارەکانی ئەڵمانیا لەسەر پۆلۆنیا زیادیان کردن، وەکو هەموو جارێک بریتانیا لەسەر دەستی چمبرلن هەوڵی ئاسایی کردنەوەی دۆخەکانی دا بەڵام ئەم جارەیان دلسۆزی چارەسەریی مامناوەندی نەبوو، لە لایەکی ترەوە حکومەتی پۆلۆنیا سور بوو لە سەر ئەوەی ئەم جارە دەست لە هیچ هەلناگرێ بۆ ئەڵمانیا. هیتلەر یەکی دێسەمبەری دیار کرد بۆ لەناو بردنی پۆلۆنیا. هێرشەکانی ئەڵمانی لە رۆژی دیاری کراو بۆسەر پۆلۆنیا دەستیان پێکرد کە دواتر وردە وردە سەرتاپای دونیای گرتەوە کۆتاییەکەشی لە ئیتالیا لە 1944و لە ئەڵمانیا لە نیسانی 1945ولە ژاپۆن لە ئاب ئەویش بە خۆوەدەست دانی تەواوەتیی بێ مەرج کۆتاییان پێهات.

وەرگێر لەچەند دێرێکدا

www.serben.com

khalidherki@chello.nl

خالید عومەر میکائیل ناسراو بە (خالید هەرکی)

- لە پایزی 1954 لە هاوینە هەواری سەلاحەدین (سەربەن ، پیرمام) لە دایک بوە .
- خوێندنی سەرەتایی وناوەندیی لە وێ تەواو کردوە بۆ خوێندنی ئامادەیی چۆتە هەولێر وکشتوکالی هەولێری لە خەبات لە 974 – 975 تەواو کردوە .
- لە مایسی 1977 ئەوکاتەی فەرمانبەری بانکی کشتوکالی شەقلاوە بوە بەهۆی ئاشکرا بونی رێکخستنە کانیان دەگیرێ وبە 10 سال زیندانی دەکرێ ماوەی کەمتر لە 3 سال لە زیندانی ئەبو غرێب دەمێنێتەوە دواتر بەر لێبوردنە گشتیەکەی 979 دەکەوێ .
- دوای ئازاد بونی بۆ چەند ساڵێک رو لە شاخ دەکا ودەبێتە پ.م .
- لە 996 ەوە لە دەرەوەی ولات لە هۆلەندا دەژیێ ، ماوەی 5 ساڵێکە گەراوەتەوە کوردستان .
- باری کۆمەڵایەتیی ، خێزاندارەو خاوەنی 2 کچ و 3 کوڕە .

- يەكەم نوسينی لە 973 بوە لە رۆژنامەی برايەتی و تائێستا دەنوسێ بە چەندين نوسين و وتاری رەخنەو شيكردنەوە بەشداريی لە رۆژنامەگەريی كوردی كردوە لە مالپەرو رۆژنامەكاندا .

- لەبواری چاپكردن دا خاوەنی 4 پەرتوكی وەرگێڕانە 1/ مێژوی هاوچەرخ ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسيەوە تا جەنگی دووەمی جيهانی 2/ بيرەوەريەكانی ديگۆل . 3/ ترۆتسكی . 4/ كوردو ئەرمەن ، پەيوەنديەكانی مێژويی .... لە ژێرچاپيش پەرتوكی (كوردستان و كورد) ی هەيە .

زنجيرەی ضاثكراوەكانی سالَی 2009ی
بەرِيَوەبەرايەتی طشتيي رؤذنامەنووسي و ضاث و بلآوكردنەوە
بەرِيَوەبەرايەتی بلآوكردنەوەی هەوليَر

ذ	ناوی كتيَب	ناوی نووسەر	بابەت	نرخ	لاثەرِة
362	"البعد السياسي للمشكلات القومية"الكرد نموذجاَ	د.خليل اسماعيل محمد	دراسة	1000	104

104	1000	لیَكؤلینةوة	زانیار سةردار	خؤرى ئارابخا كةركوكء ذیانى عةبدولرةحمانى نفووس	363
120	1500	دراسة	صابر محمود عبدالله	الاعلام.. والصحافة	364
552	-	وتارو دیمانة	مستةفا سلیم	هةلَويَستةكان.. دةسكةوتةكان و وتارو دیمانةكانى سةرؤك مسعود بارزانى	365
256	1500	وتار	بةهزاد حةویَزى	لة درزى هزرةوة	366
204	2000	رؤمان	غةفوور سالَح عةبدوللاَ	توانةوة	367
784	6000	الجزء الاول	ملا عبدالرحمان ملا طه	مصباح القلوب و مفرج الكروب	368
896	7000	الجزء الثاني	ملا عبدالرحمان ملا طه	مصباح القلوب و مفرج الكروب	369
312	3000	لیَكؤلینةوة	د. شیَركؤ بابان	ریَزمانى ئامرازى ثةیوةندى	370
96	3000	لیَكؤلینةوةى میَذوو	د. فةرهاد ثیربالَ	میَذووى هونةرى فؤتؤ	371
80	2000	فؤلكلؤر	سةید مةولود بیَخالى	ثةلكة زیَرینة	372
104	1500	ضیرؤك	و.ناهیدا درى	كىَ ثةنیرىَ من ظةطوهاست؟	373
224	2000	رؤمان	رةزا سةید طولَ بةرزنجي	كانةبییان	374
224	1000	شعر	د.بشير الطوري	مناخس الالم	375
48	1000	مسرحية	عادل دنو	مسرحيتان كوميديتان	376
448	2000	شیعر	د. لةتیف محةمةد حةسةن	ضنینةوة	377
152	1500	لیَكؤلینةوة	د.عوسمان عةلى میرانبةط	كورد و سیستمى نیَو دةولَةتى	378
120	1000	شعر	نةرمین جةعفةر	ئاسمانى طةلاَ بابردووةكان	379
104	1000	شعر	موسى زاخؤرانى	طؤظةندیَك لة هةلَبةست	380
288	3000	فؤلكلؤر	عةباس ضنارانى	كةلةثووورى كوردةوارى	381
208	2000	راثؤرتى سیاسي	وریا رةحمانى	ترانذیدیا كوردان	382
208	2000	رؤمان	ئاشتى فةلةكةدین	بانطهیَشتیَك بؤ سةرهةلَدان	383
544	25000	طشتى	نةجات حةمید ئةحمةد	لة ثیَناوى تازةطةریي فیكریدا	384
144	3000	زانستي	ئةمیرة ئیسماعیل	ئاطرثذیَن و بوومةلورزةكان	385
112	1000	لیَكؤلینةوة	مصطفى خؤشناو حمو	ملحمة سیامند وخجة	386
400	5000	طشتي	قادر باوةجان	طةشت و طوزار	387
80	1000	كورتة ضیرؤك	ئازاد كةریمي	نامةیةك لة قوبرسةوة	388
96	1000	لیَكؤلینةوة	و. جمال عةبدولاَ	ضةند لایةنیَك ذدیرؤكا ئیسلاما سیاسي	389
160	---	ضالاكى	ئا/ روقیة عةبدولفةتاح	ضالاَكیةكاني وةزارةتي رؤشنبیري	390
368	4000	لیَكؤلینةوة	رؤوف محمود	جةذنیَك بؤ ثیر	391
136	1500	رؤمان	سةرهةنط جةمال	دوایین هةستي ترسناك	392
640	4000	رامیارى	جةمیل محةمةد ئةرطوشى	ثةرةسةندنى كوردستانى نوآ	393
176	1000	شیعر	ماریة ئةحمةد	فرمیَسك و تةمةن و خةون	394
160	1000	شیعر	دانیال شابؤ	بركان التنهدات	395
40	500	ثرؤذة	ماجید نوورى	دیبلؤماتیك	396
664	4000	میَذووى	خالد هةركي	میَذووى هاوضةرخ	397